
قوتووی عەتار

ستیڤان شەمزینی

# قوتووی عەتار

ئەرشیفی نووسینە رۆژنامەوانییەکانم
٢٠٠٤–٢٠٢١

بەرگی سێیەم
٢٠٢١




«بەرگی سێیەم»

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢١
نرخ: ١٠,٠٠٠

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٤٨٧) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

# پێشەکی

هەروەک لە پێشەکی هەر دوو بەرگەکەی پێشوودا بە خێرایی ئاماژەم بۆ کردووە، ئەم کتێبە کە سەرەتا وا بڕیار بوو تەنیا دوو بەرگ بێت، ئاوێنەیەکە بۆ ناسینەوەی قۆناغێک لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەوەی لە پێشەکی ئەم بەرگەدا دەمەوێت روونی بکەمەوە، پێناساندنی بەشەکانی ئەم کتێبە نییە، بە قەدەر ئەوەی دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ چەند پرسێکی گرنگ و جیاواز رابکێشم:

یەکەم: ئەوەی لێرەدا خوێنەر دەیخوێنێتەوە، هەموو ئەو وتار و شرۆڤەکارییە رۆژنامەوانییانە نین، لە کاروانی بیست و دوو ساڵەی کاری رۆژنامەنووسیدا نوسیوومن. مێژووی ئەم وتارانە دەگەڕێنەوە بۆ دوای روخانی رژێمی سەدام، بە دروستی هەموو ئەو وتارانە لە خۆ دەگرێت لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ئەمڕۆ نوسراون. هەرچەند پێش ٢٠٠٤ دەیان بابەت و وتارمان لە سایت و رۆژنامەکاندا بڵاوبووەتەوە، لە دوای ٢٠٠٤یش دەیان وتاری ترمان هەیە کە یان لێمان ونبوون یاخۆ هێشتا لەم سێ بەرگەی ئەم کتێبەدا چاپ نەکراون. لەبەرئەوە پێدەچێت بەرگی چوارەم لە چەند ساڵی داهاتوودا بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران. دەتوانم بڵێم بە چاپبوونی بەرگی چوارەم کۆی بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانم لە وتار و بیر و بۆچوون لە بۆتەی کتێبدا چاپ بوون، بەڵام ئەمە هەموو کارەکانی ئێمە نین لە بواری رۆژنامەوانیدا بەو پێیەی لە پەنا وتار نووسیندا، سەدان دیمانە و

راپۆرت و ستۆری و ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیمان بە ئەنجام گەیاندووە لە ماوەی ١٧ ساڵی پێشوودا، هەمووشیان لە رۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە.

دووەم: بەداخەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤وە نەخۆشی شێرپەنجە، ئێمەی لە کاری مەیدانی رۆژنامەوانی تەواو دوور خستەوە، لە بواری وتار نووسینی رۆژنامەوانیش کۆی وتارەکانی ٢٠١٤-٢٠١٩ هێندە کەمن بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، خۆم ئەم قۆناغە پێنج ساڵییەم ناوناوە «سەردەمی خامۆشی». دواتر زانیم نەخۆشییەکەم هاوڕێیەکی ئێسک تاڵی تەمەنمە، لەبەرئەمە لە ٢٠١٩ بە دواوە دەستم بە وتار نووسین کردەوە، کەچی نایشارمەوە بەهۆی سەرەتانەوە وزە و چالاکیی پێشووم لە دەستداوە، ئەوەش یەکێکە لە زیانەکانی ئەو نەخۆشییە کە تەنها خۆم هەستی پێدەکەم. وا بڕیاریشە کۆتایی ئەم مانگە جارێکی تر نەشتەرگەریی کردنەوە و هەڵدڕینی کاسەسەرم بۆ ئەنجام بدرێت، بەپێی ئەزموونی نەشتەرگەریی پێشوو شەش مانگم پێویست دەبێت تەنها بۆ ئەوەی بتوانم دەست بکەمەوە بە خوێندنەوە، کەی دەتوانم بنووسمەوە؟، جارێ هیچم لێ دیار نییە.

سێیەم: زۆر وتار لەم بەرگە و دوو بەرگەکەی پێشوودا هەن پەشیمانم لە نووسینیان، بەڵام بەرپرسیارێتیان هەڵدەگرم. پەشیمانییەکە وابەستەی دوو فاکتۆرە، یەکەمیان: لە رووی تەکنیک و داڕشتن و فۆرمەوە جێی رەزامەندیی خۆم نین، هەندێک لەو نووسینانە ئەگەر بە ئەزموون و عەقڵی ئێستاوە بمنوسییبان هەرگیز بەو جۆرە سادە نەدەبوون. دووەمیان: لە ناوەڕۆکی فیکریی و سیاسیی هەندێکی تر لە وتارەکان پەشیمان بوومەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکن لە سەرمایەی رەمزیی و مێژووی من. بەرپرسیارێتی مێژوویی و یاسایی و سیاسییان هەڵدەگرم. (ئەم پرانسیپی پەشیمانبوونەوەیە کۆی کتێبەکانی پێشووشم دەگرێتەوە).

چوارەم: ئەوەی لێرە و لە دوو بەرگەکەی پێشوودا دەیخوێننەوە، ئەگەرچی بە زمانێکی روون و سادەش نوسرابن. مانای ئەوە نییە شیاوی چاپکردن نین. دەبێت ئەو کۆنتێکستە لەبەرچاو بگرین وتارەکانی تێدا نوسراون، نەک بە گەزی ئەمڕۆ بیانپێوین. هەموو ئەم وتارانە بەشدارییان کردووە لە فراوانکردنی

هەواڵنامەی گێتر

پەراوێزەکانی ئازادیی و بەرزکردنەوەی راددەی هۆشیاریی کۆمەڵگە و چاوی مرۆڤی ئێمەیان بۆ ژیانێکی باشتر کردووەتەوە. لەو سیاقەدا دیسکۆرسی رۆژنامەوانی شانبەشانی پێشکەوتنی زەینیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەبەرەو پێشچووندا بووە، لەوە دەچێت زمان لەو قۆناغەدا برێک سادە بووبێت، بەڵام رۆژنامەوانی کورد بەپێی پاشخانی رۆشنبیریی کۆمەڵگە موخاتەبەی وەرگری کردووە، لە سۆنگەی ئەوەی ژورنالیزم لە کۆنتاکتی بەردەوامدایە لەگەڵ هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

**ستیڤان شەمزینی**
**ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**
**گوتەرسلۆ**

هەواڵنامەی کتێب




# بەشی یەکەم
# شیکار و ئەنالیز

# دووبارە پێناسەکردنەوەی کوردبوون

# ئاوڕدانەوە لە دوێنێ.. هەنگاوێک بۆ سبەی

**دەست لە شەرحی دەردی کورد هەڵبگرە حەمدی چاترە**
**نەک بکا نەقلت هەتا ڕۆژی حەشر جەڕی مەقال**

حەمدی ساحێبقڕان

یەکێک لە کێشە هەرە ریشەییەکانی کورد تاکو بە ئەمڕۆش دەگات ئەوەیە، نەیتوانیوە پێناسەیەک بۆ ئایدێنتیتی خۆی بکات، لە ئیتنۆلۆژیای خۆی بکۆڵێتەوە بە شێوەیەکی فرە رەهەند. ئەگەرچی لە دوای ڕووخانی ئیمارەتە ناوچەییەکانی کوردەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا «ئەم ساتەوەختەش زەمینەی رسکانی و گەشەکردنی دەوڵەت نەتەوەیە لە خۆرئاوا» سەردەمێکی تازە لە «شۆڕش»ی کورد دەستپێدەکات کە بە باڵای مێژووی نزیکی کورددا هەڵگەڕاوە، گەر ئێمە «شۆڕش»ەکەی شێخی نەهری بە خاڵی وەرچەرخان دەستنیشان بکەین لە ساڵی ١٨٨٠، هەر لەم راچەنینەوە تاکو بە ئەم چرکەساتە دەگات، ئەوەی لەناو بزووتنەوەی کوردییدا ونە، پێناسەیە. زۆرێک لە شۆڕشەکانی ئێمە بە پێی کۆنتێکستەکانیان، شەقڵی خێڵەکیانە و تەریقەتگەریی و سوونیگەرایی و ناوچەگەرییان هەبووە، ئەمەش ڕێگەی لە سەردەرهێنانی شوناسێک گرتووە، بە ناوی شوناسی کوردبوونەوە، بە واتایەکی تر بە درێژایی ١٤٠ ساڵی رابردوو کۆی شۆڕش و راپەڕین و راچەنینەکانی کورد، نەیانتوانیوە کوردبوون بکەنە سەنتەری سیاسیی و فیکریی خۆیان، یان بەشێوەیەکی زۆر پریمتیڤ و

کلاسیکیانە بەم ئەرکە هەڵساون، ئەمە بۆچی وابووە؟ ڕەنگە زۆر فاکتۆری جۆراوجۆری هەبێت، بەڵام ئەوەی لای من لە هەموویان گرنگترە، نەبوونی فیکرێکی پوخت بووە.

مەبەستی ئێمە لە «بیری پوخت» هزرێکە لە ناو مێژوو و کولتوور و زەمینەی سیاسیی و فەرهەنگیی کورد خۆیەوە ڕسکا بێت و گەشەی کردبێت. هەمیشە کوردبوون بارگاویی بووە بە بیری مەزهەبگەرایی و ئاینیی و ئایدۆلۆژیا هاوردەکراوەکانی دنیای خۆرئاوا، بۆیەکا ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردیی کردووە یان خاوەن ئۆتۆریتەیەکی ئاینیی و تەریقەتی بووە، یاخۆ لە باشترین حاڵدا چەپێکی لۆکاڵی بووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوردبوون بە میتۆدێکی زانستی لەلایەن نوخبەوە فۆرمۆڵەبەندیی نەکراوە. کوردبوون پێش ئەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی بێت، پێدراوێکی ئۆنتۆلۆژییانەیە، وەها پێویستی دەکرد و دەکات، لە پێشنۆرەدا ئەم پێدراوە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە پێناسە و ئەنالیز بکرێت. هەروەک ئەوەی زۆرێک لە نەتەوەکانی تر، بەم جۆرە بیری نیشتمانی خۆیان پێشخستووە. هەڵبەتە لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە، کوردبوون دەبێت پێش سیاسەت و پراکتیک، فیکر و تیۆر بێت. لەسەر مەبنای ئەو تیۆرە بزووتنەوەی سیاسیی بە هەنگاوی کرداریی پێ بخاتە ناو گۆڕەپانەوە. ئەگەرچی هاشا لەوە ناکرێت لە پێشتردا ئەم تیۆرسازییە بەشێوەیەکی سەرەتایی کاری بۆ کراوە، بەڵام لە درێژەدا ئەوە دەخەینە بەر باس ئەم هەنگاوانە لە کوێدا کورتیان هێناوە و بۆچی نەیانتوانیوە، کوردبوون وەک ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت گەڵاڵە بکەن.

### دنیای نوێ .. دنیای بۆشایی

دنیای نوێ بە تایبەت پاش کۆڤید نۆزدە، دنیایەکە هیچ ڕووخسارێکی هاوبەشی لەگەڵ دنیای پێشوودا نەماوە، وەک فاکتێکیشی لێهاتووە کە هەمیشە دوای پەتا گەورەکان، دنیا خۆی نوێ دەکاتەوە و کۆمەڵێک نۆرم و سیستم و فەرهەنگ جێدەهێڵێت لە پێشووتردا بە پیرۆز دادەنران. ئەمە لە دیمەنی پەتا گەورەکەی سەدەی چواردەدا بە ڕوونی دەبینرێت، لە دوای ئەم پەتایە دەسەڵاتی کەنیسە لاواز دەبێت، چەرخێکی تازە دەستپێدەکات لە بری ئاین

ڕۆڵ دەداتە زانست، ئەم ڕەوتە مرۆڤایەتی دەگەیەنێتە مودێرنێتە، ناوەڕۆکی مودێرنێتە وەرچەرخانی کۆمەڵگە بوو بەرەو زانستگەرایی، پەڕینەوەی مرۆڤ بوو لە رابردووخوازییەوە بەرەو ئایندەخوازیی، هەموو بەها کۆنەکانی وەک ئاین و ترادیسیۆن و بیرکردنەوەی خورافی تێکشکاند و کۆمەڵێک بەهای نوێی هێنایە ئارا، کە ئازادیی یەکێک لە بەها سەرەکییەکانی بوو. لە مودێرنەدا هەموو شتەکان بە خێرایی سیستماتیک کران، تەنانەت زمان و زانست و ئەدەبیش سیستمی تایبەتی خۆیان بۆ دانرا، هەر لێرەدا ناسیۆنالیزم وەک سیستمێکی سیاسیی لەسەر بنەما میتۆلۆژییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتان لە دایکبوو، بەڵام پۆست مودێرنێتە «لیوتار لە کۆتایی هەفتاکاندا، دەورانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی ناونا پۆست مودێرنێتە» بە پێچەوانەوە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەگەرایی، بە مانایەکی تر پۆست مودێرنێتە هەموو ئەو حکایاتە پانوپۆڕانە پووچەڵ دەکاتەوە و هەڵیاندەوەشێنێتەوە لە هەناوی مودێرنەوە هاتوونەتە دەر، لەم نێوەندەدا فەیلەسووفێکی وەک «ژاک دریدا» زیاتر لە هەر فەیلەسووفێکی تر جەخت لەسەر میتۆدی هەڵوەشاندنەوە دەکات و تەنانەت بە فەیلەسووفی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ناوزەد دەکرێت.

ئەمێستا دنیا گەیشتۆتە میتا پۆست مودێرنەش، لەنێو ئەم جیهانە تازەیەدا ئەوەی روونە بۆشاییە. بە واتای بۆشایی ئایدۆلۆژیی و پوکانەوەی سیستمەکان. هەموو ئایدۆلۆژیا یونیڤرساڵەکان پووکانەوە و بوونە بەشێک لە دیرۆک. نیو لیبرالیزم و دیموکراسی و پلورالیزم و سۆسیالیزم، بەجۆرێک لە جۆرەکان رۆژگاری خۆیان گوزەراند، هەنووکە جیهان لە بۆشاییەکی سەرسوڕهێنەردا دەخولێتەوە، بەشێکی ئەو تێزەی قۆناغی ئەمڕۆ بە سەردەمی بێ بەهایی دادەنێت، نهێنییەکەی لەم بۆشاییە فیکریی و ئایدۆلۆژییەدا خۆی دەدۆزێتەوە. زۆرێک لە بیریار و فەیلەسوفانی دنیا مەترسی نیشان دەدەن لە بەهێزبوونەوەی ئەنگێزەی راسیستی و درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی ڕەوتە پۆپۆلیستییەکان، ئەمە تابلۆیەکە رۆژانە روونتر لە پێش چاوی هەمووان خۆی دەنوێنێت. ئەمە جگە لەو هەوڵە چڕ و جەهەنمییانەی لە ئارادایە بۆ گۆڕینی مرۆڤ بۆ ئامێرێکی بێ هەست و گیان لە رێگەی هۆشمەندیی دەستکرد و شۆڕشی ئای تییەوە، ئێمە سەرنجی خوێنەر رادەکێشین بۆ خوێندنەوەی تێزەکانی «یوڤاڵ نوح هەراری» لەم ڕەهەندەوە.

ڕەوشی ئێستای جیهان، بەرەو ئاقارێک مل دەنێت وەک ئەوەی بیریاری سۆفت پاوەری ئەمەریکی «جۆزیف نای» لە کتێبی «ئایندەی هێز»دا پێش دەیەیەک پێشبینی کردبوو، کە هیچ دەوڵەتێکی سوپەر پاوەر لە جیهاندا نامێنێت!!. ئەو ڕوونی دەکاتەوە تەکنۆلۆژیا ئاڕاستەی هێز لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچەرخێنێت، بەو پێیەی سوودمەندی یەکەم لە بەرکاربردنی تەکنۆلۆژیا ڕێکخراوە ڕادیکاڵ و توندئاژۆکانن، بەڵام بەڕێز نای، ئەوە لە بیر دەکات، فاکتۆری سەرەکی لەم نێوەندەدا گەنبوون و کرمێبوونی ئەو سیستەمە سیاسییانەیە دنیایان پێوە بەڕێوە دەبرێت و زلهێزەکان وەک ئایدلۆژیای فەرمی قبوڵیان کردوون. لە ڕوانگەی منەوە هەرچی ئایدۆلۆژیا هەن هەرەسیان هێناوە، ناتوانن وەڵامدەرەوەی دنیای نوێ بن، دیموکراسی وەک ئەو مۆدیلەی فۆکۆیامای شاگەشکە کردبوو تا ئەو ئەندازەیەی جاڕی کۆتایی مێژوو بدات، نەک هەر پیر بووە، بەڵکو لاشەیەکی مردووە و توانای یەک تاکە هەناسەشی نەماوە، بەدەربڕینی محەمەد بەرادعی هەنووکە «دیموکراسی بووەتە نێچیری پۆپۆلیزم». تەنانەت دۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی باسی پۆست پارتی «دوای حزب» بووەتە ناوەڕۆکێکی گرنگی دەزگاکانی توێژینەوە، بەوەی قۆناغی ژێر سایەی زیرەکی دەستکرد و هەرەسی چینی ناوەند و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ لەلایەن سیستەمی کۆمپیوتەرییەوە، چیدی لەم چاخەدا حزبایەتی مۆدیلی نامێنێت! ئەمەش بەهەموو شێوەیەک واتای کۆتایی سیاسەت دەگەیەنێت.

بە کورتییەکەی جیهان بەرەو دابڕان لە یەکتر دەڕوات، هیچ سیستمێکی سیاسیی ناتوانێت ببێتە سیستمێک بۆ تەواوی جیهان. جیهانگیریش لەم قۆناغەدا توێ توێ بووە و هیچ کات مومکین نییە بچێتەوە سەروەختی پێش کۆرۆنا، لە باری واقیعیشەوە تا ئەمڕۆ هیچ سیستمێک دروست نەبووە فەرمانڕەوایی هەموو جیهانی پێ بکرێت، تەنانەت ئەو دیموکراسییە لیبراڵییەی بانگەشەیەکی چەواشەکارانەی زۆری بۆ دەکرا، توانای فەرمانڕەوایکردنی هەبوو بەسەر کەمتر لە سێیەکی ڕووبەر و دانیشتوانی جیهانەوە، بەدەر لەوەی لەژێر سەرکردایەتی ئەمەریکادا زۆرێک لە دەوڵەتە ئۆتۆکراسی و تیۆکراسییەکان بە هاوپەیمانی سەرەکی ئەو سیستمە گەوار کرابوون. کەواتە چار چییە؟ پێش وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، دەمەوێت سەرنجتان ڕابکێشم بۆ دوو تێزی ئایدیالیستانەی چوونیەک،

یەکەمیان ئەو دیدگایەی پێیوایە شکستەکانی دیموکراسی لیبرالی و جیهانگیریی، حەوجێیی چەپ و کۆمۆنیزم دەهێنێتە پێشەوە، ئەمە لە زمانی «سلاڤۆی ژیژەک» بەم دەربڕینە گوزارشتی لێکراوە «یان کۆمۆنیزم یان بەربەریزم» بەهەمان شێوە لای میشێل ئۆنفرێ بە دامەزراندنی گۆڤاری «بەرەی خەڵک» و جەختکردنەوە لە تێکشکاندنی دیدی کلاسیکی و فراوانکردنی بەرەی چەپ، هەمان روانگە لایەنگریی لێ دەکرێت. دووەمیان ئەو دیسکۆرسە سەید قوتبییە باس لە دارمانی شارستانی سکۆلار و نائاینیی دەکات و ئیسلام بەو فۆرمە رادیکاڵ و توندئاژۆیەی خۆیان گەڵاڵەیان کردووە بە دوا ئەڵتەرناتیڤ بۆ مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات. هەردوو روانگەکە لەمەدا بە هەڵەداچوون، تەنانەت سەردەمەکە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تۆتال و گەورە هەڵناگرێت لەگەڵ خۆیدا.

دنیای ئەمڕۆ، زیاتر مرۆڤی تاک و تەنهاتر کردووە، نەتەوەکانی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی هەر کەس دەبێت، بیر لە حاڵی خۆی بکاتەوە. ئەو هەراوزەنایەی باسی لە هاوبەندیی جیهانی و هاوولاتی یونیڤرساڵ دەکرد، کۆڤید نۆزدە بەدرۆی خستەوە و عەبا رەشەکەی لەسەر ئەو زامە قووڵانە لابرد مرۆڤایەتی بەدەستییانەوە دەناڵێنێت. قۆناغەکە ئەوە دەڵێت هەر کەس پێویستە بیر لە ماڵی خۆی بکاتەوە. لەم نێوەندەدا دەبێت کوردیش کە لە هیچ ئاڵوگۆڕێکی گەورەدا ئامادە نەبووە، خۆی ئامادە بکات، وەک کورد بڕواتە ناو ئایندەوە، ئایندەیەک روون نییە، لە سایەی شۆڕشی زیرەکی دەستکرد و ئالگۆریتمەکانیدا چۆن دیزاین دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی روونە و کۆرۆنا وەک وانەیەک پێی وتین دەبێت خۆمان پێناسە بکەینەوە، هەمان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە هانتینگتۆن لە کتێبی «ئێمە کێین؟»دا سەبارەت بە ئایدینتێتی ئەمەریکاییەکان وروژاندوویەتی.

## رۆشنبیرانی جێماو و تیۆریزەی گەمژەیی

رۆشنبیری هاوچەرخی کورد، زۆرترین مەودا لە فەرهەنگ و کەلەپووری رۆشنبیریی رەسەنی کوردەواریی دوور کەوتووەتەوە. مانای نوێگەریی لای ئەم تیپە لە رووناکبیر دژ وەستانەوەیە بە فەرهەنگی نیشتمانی و خۆماڵی، لە بەرامبەریشدا هانابردن و خۆ رادەستکردنە بە کولتوور و رۆشنبیریی بێگانە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە، مەبەست لە کارلێک و ئینتگراسۆن و ئاوێتەبوونی رۆشنبیریی نێوان گەلان نییە، بەڵکو رووی رەخنەم لەو دەستەبژێرەیە وازیان لە رۆشنبیریی کوردیی هێناوە و کەوتوونەتە ژێر هەژموونی رۆشنبیریی فارسی و عەرەبی، کە رۆشنبیرییەکی خواستراو و خراپ کۆپیکراوی رۆشنبیریی رۆژئاواییە. نوخبەی نوێی کورد لە دەستی دووەم و سێهەمە بەر رووناکبیریی خۆرئاوایی دەکەوێت و دەیخوێنێتەوە. وەک خۆم لایەنگری تێگەیشتن و خوێندنەوەی رووناکبیریی هەر کۆمەڵگە و ژیارێکم، بەڵام تۆ دەبێت هەمیشە وەک کوردێک بچیتە ناو ئەو پرۆسێسەوە، بە پێچەوانەوە دەبیتە لاسایکەرەوەیەکی بەکاربەری ماندووکاری دەست و پێ سپی، وەک حاڵی حازر دەبینین رۆشنبیریی کوردیی تەنیا ژاوەژاوێکی چەمکسازییە، لەوە بەولاوە هیچی تری بەرهەم نەهێناوە هارمۆنی بێت لەگەڵ رۆحی کوردەوارییدا. ئەمە بەدەر لەو فەزا دەقپەرستی و مشەخۆرییەی بەسەر رۆشنبیریی ئێمەدا سەپێنراوە، کە دواجار ماکینەیەکی دڵڕەقە بۆ لە کوردخستنی کورد. ئەم ئافاتەش سەرئەنجام داوەشان و داتەپینی کۆمەڵگەی ئێمەی لێ کەوتووەتەوە لە هەموو رەهەندە جۆر بەجۆرەکانەوە.

رۆشنبیر کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت. ئەوەی پێویستە بۆ بیناکردنی ژیان گەڵاڵەی دەکات. دەستی هەیە لە بەرینکردنی مەودای ئازادیی و فراوانکردنی دیدی مرۆڤ بۆ دنیا، خەیاڵی خورافی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ ئەندێشە و دیدی ریالێتیی و زانستیی. بە هەموو شێوەیەک کار لە ژێرخانی کۆمەڵگەدا دەکات، پاشتر سیاسەتمەدار و تەکنۆکرات و توێژاڵەکانی تر و چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەم ژێرخانە چالاکی بۆ دروستکردنی ژیان و وڵات و دەوڵەت ئەنجام دەدەن. لە ئەزموونی هەموو جیهانەوە ئەوە سەلماوە، رۆڵی رۆشنبیر لەسەر کۆمەڵگە لە رۆڵی سیاسییەکان کاریگەتر و زۆرتر و فراوانترە. تەنانەت هەندێک هەوڵی رووناکبیریی تخوبی سەدەکان دەبڕن و نەمریی بەدەست دەهێنن، لە کاتێکدا سیاسەتمەدار کوڕی ساتەوەختێکی دیاریکراوە و زۆر دەگمەنن ئەو سیاسییانەی دەتوانن مێژوو بگۆڕن، وەلێ ئەوانیش بە پاڵپشتی تیژە رووناکبیرییەکان ئەم کارەیان راپەڕاندووە.

بەهەمەحاڵ رۆشنبیری کورد، هەم شکۆ و شانازیی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لەناو کایەی رووناکبیرییەک بیر بکاتەوە و بوروژێت پەیوەندیی بە کۆمەڵگەی خۆیەوە نییە، هەم توشی سەندرۆمی خۆ بەبچووک زانین بووە.

ئەگەر لای «ئادلەر» گرێی خۆ بەبچووک زانین هەوێنی داهێنان بێت، ئەوا لە دۆخی رۆشنبیری کورددا ئەم گرێیە بە خۆهەڵواسین بە رۆشنبیریی گەلانی تر کۆتایی هاتووە. بە پێچەوانەی رۆشنبیرانی سەرەتای سەدەی بیست و بگرە پێشتریش، ئەم نوخبەیە نەک هەر بەشدار نییە لە نیشتمانسازیی و گرێدانەوەی مرۆڤی کورد بە مێژوو و شارستانی دێرینی خۆی و ئامادەکردنی لە جەرگی واقیعی تازەدا، بەڵکو هەر لە بنەماوە رقی لە نیشتمانە و ئەو تێزە تۆختر دەکاتەوە کە لە پەراسووی رۆشنبیریی بێگانەوە خواستراوە «تەنیا پێڵاوەکانم بە نیشتمانەکەمەوە دەمبەستێتەوە». لە کاتێکدا وەک «پیتەر سلۆتەردایک» روونی دەکاتەوە «زمانی ئەڵمانی تایبەتمەندییەکی سیمپاتیانە، بگرە سەختی هەیە لەوەدا کاتێک قسە لەسەر شوێنی لێوە هاتن دەکات Ort der Herkunf وشەیەکی پڕ دەنگمان بەناوی نیشتمان «Heimat»ەوە پێشکەش دەکات، لەبەرئەوەش پڕ دەنگە چونکە ئەو وشەیە وای کردووە، لێوەهاتن و حەزی گەڕانەوە بۆی و خەون بینین بە رابردووەوە هەموو پێکەوە بخاتە نێو یەک دەستەواژەوە: نیشتمان». هەر بۆیە کاتێک بە کەناری رووباری رایندا پیاسە دەکەم، بەخۆم دەڵێم ئەم بیرکردنەوەیە ئەو ئەڵمانیا گەشەکردوو و ئاوەدان و دەوڵەمەندەی نووکەی دروستکردووە، ئاخر بەپێی دیدە «دی سوسێر»ییەکە مرۆڤ لە رێگەی زمانییەوە بیر دەکاتەوە.

کاتێک بیر لە رۆشنبیری کورد دەکەمەوە، نەک هەر خوو و رەوشتی نەوەی تازەی تێکداوە، بەڵکو جۆرێک لە بیرکردنەوەی زاڵ کردووە، نەفرەتکردن لە نیشتمان و شوناسی خۆت، هاوواتای مودێرنبوون و شارستانیبوون و پێشکەوتنخوازیی بگەیەنێت «لای من وشەی پێشکەوتنخوازیی شتێکی پووچە». لەوە پتریش ئەم رۆشنبیرە تا دوا سنووری خۆی بووەتە کارگەی بەرهەمهێنانی رق و کینە لە دژی نیشتمان و کوردبوون. بۆ نموونە گرووپی رەهەند لەبری هەر کارێکی تر پانتاییەکی فیکرییان کردەوە بۆ تەشەنەپێکردنی دیدی فەیلەسوفە

چەپەکانی ئەوروپا لە فوکۆ و لیوتاردەوە بیگرە تاکو بادیۆ و ژیژەک، کاتێک رۆشنبیرێکی تر لە گۆشەیەکی بچووکەوە باسی ئایدێنتیتی کوردیی و نیشتمان بکات، یەک لێشاو ئینشانووس و دەقپەرست شاڵاوی بۆ دەهێنن و گێچەڵی پێ دەکەن، دواجاریش لە رووی فیکرییەوە تیرۆری دەکەن.

ئەم ئاوێنەیە شتی زۆرمان نیشان دەدات، بەو پێیەی ئەم رۆشنبیرییە زاڵە، نیشتماندۆستی و کوردبوون بە شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستی ناوزەد دەکات، توانجی «قەومەچی» و «فاشیزمی کوردایەتی!!!» دوو توانجن لە عەقڵییەتی نەتەوە سەردەستەکانەوە، هاتووەتە ناو کایەی رۆشنبیریی ئێمەوە، رۆشنبیرگەلێکیش کاوێژی دەکەنەوە و سەر دەکەن بەسەر ماڵی هەر رۆشنبیرییەکی تردا تا ئارگۆمێنتی دژە نیشتمانی تێدا بدۆزنەوە، یان تێزەکانی «هانا ئارێنت» دێنن بۆ خوێندنەوەی بیری نیشتماندۆستی کوردیی کە لەوەتی هەیە جینۆساید دەکرێت، یان بە فەلسەفە فۆکۆییەکە دەسەڵاتی کوردیی دەخوێننەوە، لە بری هێرش بکەنە سەر دەسەڵات، نیشتمان سووک و ریسوا دەکەن، لەوە دوورتر تیرەکان دەهاوێژن، جوڵانەوەی کوردیی بە ناسیۆنالیزم تاوانبار دەکەن، ئەوەی سەیرە ناسیۆنالیزمی کورد بێ ئەوەی وجودی هەبێت لە قەفەزی تاواندا دانراوە، ئەمانەی ئەم گەمژەییە تیۆریزە دەکەن رۆشنبیرانی خیانەتکارن، ئەمانە کە هەنووکە ئایکۆن و نموونەی سوپەرن لە کایەی رووناکبیریی ئێمەدا بەرهەمهێنی فیگۆری جاش و خیانەتکاری فیکریین لە دژی شوناسی خۆیان و دۆزی گەلێکی بەشمەینەت لە پێناوی ئازادییدا.

ئارگۆمێنتێکی سواوی ئەم تایپە رۆشنبیرەی نهۆ، سەلماندنی ئەوەیە کورد لە مێژوودا هیچ نەبووە و بەشێوەی فیدراسیۆنێکی خێڵەکیی لە مێژوویەکی نزیکدا جێگەی گرتووە و تەنانەت ناوی «کوردستان» دەبەستنەوە بەوەی ئوستانێک بووە لە سەردەمی قاجاریدا. لەوە زۆرتریش دەڕۆن و نکۆڵی لە هەبوونی شارستانی و ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیی دەکەن لە دیرۆکدا، تەنانەت تازە بە تازە ئەو قەوانە سواوە لێدەدەنەوە زمانی کوردیی رەسەنایەتی نییە و لە پەراسووە گێڕەکەی زمانی فارسییەوە دەرهاتووە. ئەمە ئەگەرچی چەواشەکردنی مێژووە، بەڵام ئەگەر گریمان کورد چەند هۆزێکی کێوییش بێت،

ئایا داگیرکەرانی خاکی کورد ئەو مافەیان هەیە ئەم هۆزانە بچەوسێننەوە؟!. ئەم رۆشنبیرە بە حیساب پۆست مودێرن و ستراکچەراڵیستانە تەنانەت ئاگایان لە دیدی مرۆڤناسی گەورە «کلۆد لیڤی شتراوس» نییە پاش مانەوەی چەند ساڵی لەناو خێڵەکانی ئەمازۆندا و لە رێگەی تێزە ئەنترۆپۆلۆژییەکانەوە نەک ئۆرۆ سێنترالیزم و پاساوە پووچەکانی ئیمپریالیزمی هەڵوەشاندنەوە و کردنی بە سەفسەتەیەکی رووت، لە هەمان کاتدا بە لێکدانەوەی زانستی ئەوەشی بۆ سەلماندین شارستانێتی تەنیا لە یەک جێگەدا چڕ نەبووەتەوە و کولتووری هیچ گەلێک لەویتر نەویتر نییە، بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەک فۆرمێکی کولتووریی خۆی هەیە، کە بنەما شارستانییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک پێکدەهێنێت.

دەمەوێت قسەکانم لە بارەی رۆشنبیری کوردەوە، لەمەدا چڕ بکەمەوە: بوونەوەرێکە بە ئاگا و بێ ئاگا رادەستی ئەجێندای نەتەوە سەردەستەکان بووە و بە شێوەیەک کەوتووەتە بن هەژموونی فەرهەنگییان وەک ئەوەی رۆڵی ریکۆردەر بگێڕێت. لە دیتنی مندا ئەم دەستەیە لە رۆشنبیری کورد تیۆریزەی گەمژەیی دەکەن و جاشێتی فیکریی رەواج پێدەدەن. هاوزەمان بوونەتە کۆیلەی ئەو دەستەواژە سەفسەتەئامێزەی ناوی «مرۆڤایەتی»یە وەک ئەوەی کوردبوون لە دەرەوەی مرۆڤایەتی بێت. دەپرسم ئایا مرۆڤایەتی لە کوردبوون باشترە؟ مەگەر کورد بەشێک نییە لە مرۆڤایەتی؟. مەگەر مرۆڤایەتی شتێکی ئیستاتیکیترە لە کوردبوون؟ ئەگەر مێژووی ئێمە تەژی لە ناشرینی بێت ئەوە بەشێکە لە مێژووی مرۆڤایەتی؟ ئەی مێژووی مرۆڤایەتی پڕ نییە لە داستانی هۆڤانە؟ (کوردبوون رێگر نییە لە چەپبوونی من، بە پێچەوانەوە وەک مارکس بیر دەکەمەوە کە وتی ئەو ئەرکەی بیسمارک پێی هەستا «یەکخستنی ئەڵمانیا» دەبوو ئێمە بمانکردبا). هەروەک هەمیشەش شانی خۆیان لە بەرپرسیارێتی خاڵی دەکەنەوە و دەستی چەوری خۆیان بە سیاسییەکاندا دەسڕن، ئەم روانگەیە سەفسەتەیەک بوو، چیتر بڕ ناکات، تەنانەت لە دروست نەبوونی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو و دەوڵەت و ئیدارەیەکی سەرکەوتوو، رۆشنبیری کورد هێندەی سیاسییەکان تاوانبارە.

## شۆڕشەکانی کورد یان یاخیبوونی بێ فیکر؟

لە پێشدەستیدا دەبێت جیاوازیی نێوان شۆڕش و یاخیبوون بخەینە بەرچاوی خوێنەر. لە سۆنگەی ئەوەی شۆڕشRevolution پرۆسەی گۆڕانێکی ریشەیی و قووڵە، سەرلەبەری دنیای کۆن دەگۆڕێت و لە جێگەیدا دنیایەکی نوێ چێ دەکات، شۆڕشیش یەک رەهەند و رووخساری نییە و تەنیا ئەو ئەکشنە چەکدارییە و پڕ هەرا و هورییایەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە، بەڵکو فیکر و کردەیەکە کار لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵگە دەکات بۆ دۆخێکی تازەتر کە هیچ سیمایەکی لە بارودۆخی پێش خۆی ناچێت، بە مانایەکی تر شۆڕش دیاردەیەکی هەمەلایەن و فرە رەهەندە و دەستکاریی دنیای کۆن دەکات. بە پێی لێکدانەوەی کارل مارکس شۆڕش شتێکی جیاترە لە ئاڵوگۆڕی سیاسیی، کارێک نییە رۆژانە پیادە بکرێت، چونکە لە بناغەوە جیهان و سیستم دەگۆڕێت، ئەمەش پێچەوانەی راپەڕین و ئاڵوگۆڕی سیاسییە، بەو پێیەی ئەو دووەی کۆتایی هەموو ساتەوەختێک ئیمکانی ئەنجامدانیان هەیە.

شۆڕش بە پێچەوانەی راپەڕین و یاخیبوونەوە، کردەیەکە لەسەر بنەمای تیۆر و فیکرێکی نوێ راوەستاوە، کار لەسەر سڕینەوەی تەواوی ئەو تەرادیسیۆنانە دەکات پێشتر لە ئارادا بوون، بۆیە کۆمەڵێک نۆرم و رێورەسمی نوێ دەهێنێتە ئارا کە توانای گۆڕینی خەیاڵدانی تاک و گشتیان هەیە لە روانینیان بۆ دیاردە و شتەکان، فۆرمێک لە جیاوازیی بەرپا دەکات لە نێوان هەردوو ساتەوەختی پێش و پاش شۆڕش. خولاسەی قسە ئەوەیە: شۆڕش مێژوو شەق دەکات و بەپێی نەخشەی گۆڕانێکی رادیکاڵانە دنیای کۆن لە بەین دەبات و جیهانێکی تازە لەسەر داروپەردووی جیهانی داڕووخاوی دێرین بینا دەکات. سەرلەبەر بیرکردنەوە و تێگەیشتن و روانینی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆیدا بەرەو وێستگەیەکی تر دەگوازێتەوە. لە هەموو شتێکیش گرنگتر ئەوەیە شۆڕش رۆدەچێتە ناو پنت بە پنتی ژیانەوە، بەو هۆکارەی بیری لە کۆی شتەکان کردووەتەوە و پلاتفۆرم و ئەڵتەرناتیڤی پێیە بۆ تێکڕای بابەتە ژیانی و ژیارییەکان.

هەرچی راپەڕین و یاخیبوونە، ئامانجیان بچووکترە لە شۆڕش. دەست نابەن بۆ ئاڵوگۆڕی تەواوەتی لە سیستمدا بەڵکو بەشێک لە سیستم یان روونتر

بڵێم بارودۆخێک دەگۆڕن بەبێ ئەوەی پایەکانی سیستم بڕوخێنن. زۆجاریش ئارەزووی راپەڕین و یاخیبوون لە رووخاندن و لەناوبردنی قوچەکی سیاسیی و فەرمانڕەوایەتیدا دەگاتە حاڵی ئۆرگازم. لە روانگەی ئەم بەراووردەوە دەڕوانینە ئەو یاخیبوون و راپەڕینانەی کورد لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمەدا، وەک «شۆڕش» ناویان لێنراوە. گەرچی بەشێک لەو یاخیبوونانە ناوچەیی و مەزهەبی بوون، یان جۆرێک داکۆکیکردن بووە لە بەرژەوەندیی خاوەن زەوی و زار و خاوەن ئۆتۆریتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینییەکان، بەڵام هەندێکی تریان ئامانجی رزگارکردنی کورد بووە لە پەستان و فشاری داگیرکەرانی کوردستان. ئەگەر لە مێژووی ئیمارەتەکانی کوردستان لە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانلی و سەفەوییدا بڕوانین، تێکڕا بنەمای خێڵەکیانە و ناوچەگەرییان هەبووە و گووتاری نیشتمانی تیایاندا غایب بووە، بەهەمان شێوە راپەڕین و یاخیبوونەکانی کورد کە لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکردووە، بەو ئەندازە بەرینە فیکرێکی نیشتمانی پوخت تیایاندا کاری نەکردووە، تاکو سروشتی یاخیبوون و راپەڕین بگۆڕێت بۆ شۆڕشی هەمەلایەنەی چەکداریی و کولتووریی.

راپەڕین و یاخیبوونەکانی کورد، هەمیشە بەرپەرچدانەوە و خۆ رزگارکردن بوون لە پاڵەپەستۆی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردبوو. وەک دەبینین لە قۆناغی یەکەمدا عوسمانلی و سەفەوی بوون، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سایکس- بیکۆ، کوردستانی لە دوو پارچەی ژێر قەڵەمڕەوی فارس و تورکەوە کردە چوار. چارەگی یەکەمی دوای سایکس بیکۆش بە سەردەمی خامۆشی دادەنرێت، ئەگەر جار جاریش لێرە و لەوێ وردە راپەڕین و یاخیبوون روویدا بێت نەیتوانیوە بگاتە ئاستی شۆڕش. تەنانەت «شۆڕشی ئەیلول» و «شۆڕشی نوێ» تەنیا و تەنیا لە رووی ناولێنانەوە شۆڕش بوون، ئەگەرنا لە راپەڕین و یاخیبوونێکی فراوان و بەردەوام شتێکی پتر نەبوون. ئەمە مانای بێ بایەخکردنی مێژووی جوڵانەوەی کوردیی نییە، بەڵکو دەرخستنی ئەو فاکتەیە، کورد هەمیشە یاخی بووە و راپەڕیوە لەدژی ئەو رژێمە دیسپۆتیسمیانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. «تۆماس

پین» وتەنی «ئەوەی پێشتر بە شۆڕش ناومان دەبرد هیچی تر نەبوو جگە لە ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی نێوخۆیی». لە راپەڕین و یاخیبوونیشدا فیکر بەو ئەندازەیە پێویست نییە، چونکە بەرەنگاریی دیاردەیەکی خۆڕسکە، تەنانەت ئاژەڵانیش ئەم رۆحییەتەی بەرەنگاربوونەوەیان هەیە کاتێک لەلایەن ئاژەڵێکی درندەترەوە پەلامار دەدرێن.

کاتێک ئێمە دەتوانین بزاڤی کوردیی ناوبنێین شۆڕش، ئامانجە باڵاکانی پشت ئەستوور بێت بە بیرێکی پوخت لە دەرەوەی بازنە و کاریگەریی ئاینی و تەریقەتی و چەپڕەویی، ئەو بیرەش جەخت لەسەر دامەزراندنی شارستانی و دەوڵەت و هێنانە ئارای مۆدیلێکی حوکمڕانی تایبەت بە کورد بکاتەوە. بەو مانایەی کوردبوون وەک تیۆرێک و کڵێشەیەکی فیکریی بنەما ئیدۆلۆژییەکانی جوڵانەوەکە پێکبهێنێت. ئەگەرچی لە نەبوونی ئەمەدا پاشکەوتوویی کۆمەڵگە و وابەستەبوونی کورد بە ئاین و ئەنگێزەی خێڵ تاوانبارە، بەڵام نەبوونی ئایدۆلۆگ یان چەند منەوەر و تیۆریسیۆنێک فاکتۆرێکی هەمیشەیی بووە تاکو کورد نەتوانێت شۆڕشێکی هەمەلایەنە بەرپابکات، کە کوردبوون ئامانجی هەرە باڵای بێت. دووبارەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە شۆڕش تەنیا کردەوەی زەبروزەنگ ئاسای گۆڕینی رژێم نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی سەرتاپاگیرە بۆ هێنانەدی دنیایەکی جیاواز و شایستەتر. پوختەی مەبەستم لەوەدا مانیفێست دەکەم، شۆڕش چەمک و پرۆسەیەکی گەورەتر و فراوانترە لەو یاخیبوون و راپەڕینانەی کورد لە پێناوی سەربەستی خۆیدا پێیان هەڵستاوە. ئەمەش وەک نەنگیی نالێم بەڵکو خوێندنەوەی میتۆدیی ئەوەمان پێدەڵێت. تاکە نەنگییەک لە ئارادا هەبێت لەو شوێنەدا دەیبینم گەلێک لە دوو هەزار ساڵ پێش زایینەوە تا ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی خاوەنی شۆڕشێکی سەرتاپاگیر و «بە دەربڕینی مارکس» کۆمەڵایەتی نەبێت.

### کوردبوون لە دیسکۆرسی پارتەکاندا

نامەوێت مێژوو و پەیڕەو و پرۆگرام و پلاتفۆرمی پارتییە سیاسییەکانی کورد یەک بە یەک بەسەر بکەمەوە و خوێنەر راپێچی ئەو رێگا پێچاوپێچانەی

ناو دیرۆک بکەم، دەخوازم ناوکۆیی نێوان گووتاری حزبە کوردییەکان ئاشکرا بکەم. ئەگەر چاوێک بخشێنین بە مێژووی کورددا لە پاش غەزەواتی ئیسلامیی، کورد هەمیشە لە دۆخی یاخیبوون و راپەڕیندا بووە لە دژی دەسەڵاتی خەلافەت، لە هەر رووبەرێکدا بۆی لوا بێت هەوڵیداوە قەوارەی خۆبەڕێوەبەریی دروست بکات، لێ دەزانین ئەم قەوارە بنەچەیەکی خێڵەکیانە و هۆزگەرایانە هەبووە، شوناسی ئاینیی زاڵتر بووە وەک لە شوناسی نیشتمانیی و نەتەوەیی، بەڵام ئەم ئاریشەیە تایبەت نەبووە بە کورد، کۆنتێکستە زەمەنییەکە ئەوەی کردبووە دیفاکتۆ بەسەر هەموو گەلانی ناوچەکەدا. لە باری دیرۆکیشەوە ئەم قۆناغە کەوتووەتە بەر لە لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم لە دنیادا. لەگەڵ ئەمەشدا بە ئاوڕدانەوە و لاکردنەوەیەکی خێرا نەشونمای چەندین نیمچە دەوڵەت و هەرێمی کۆنفیدراڵی کوردیی لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا دەبینین.

ئەگەرچی سروشتی نیمچە دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکانی ئەوێ رۆژێ ناوچەیی بوون نەک سەرتاسەری، بەڵام ئەوە فاکتێکە نیشانی دەدات کورد مکوڕ بووە لەسەر پاراستنی شوناسی کولتووریی و زمانەوانیی و ئاکاریی و ترادیسیۆناڵی خۆی، ئەگەر چەند نموونەیەک وەربگرین هەر یەک لە دەوڵەتی «حەسنەوی» لە ساڵی ٩٥٩ی زاینی دامەزراوە و ماوەی ٥٦ ساڵ بەردەوام بووە، دەوڵەتی «هەزبانی» لە ساڵی ٩٠٧ی زاینیی دامەزراوە، دەوڵەتی «دۆستەکی» لە ساڵی ٩٨٢ی زاینی دامەزراوە و ١٠٤ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، دەوڵەتی «شەدادی» لە ساڵی ٩٥١ی زاینی دامەزراوە و ٢١٣ ساڵ بەردەوام بووە، لەگەڵ چەندین نیمچە دەوڵەت و کانتۆنی تر کە لەلایەن کورد خۆیانەوە دروستکراون و بەڕێوەبران، هەموو ئەمانە لە ساتەوەختی خەلافەتی عەبباسییەکاندا نەشونمایان کردووە و دواتر بەهۆی گێچەڵ و پەلاماردانی دەوڵەتی خەلافەت و ناکۆکیی ناوخۆییەوە لەنێو چوون. لێ ئەم دەوڵەتە بچووک و ناوچەییانە لەلایەن کوردەوە دروستکراون و بەڕێوەبران، بەڵام ناکرێت بە تەرازووی ئەم ساتەوەختە بیانکێشین و لەسەر بیرێکی نیشتمانی دادگاییان بکەین کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا بوونی نەبووە، چوون ئەم بیرە نیشتمانییە بەم ناواخنەی ئێستاوە چەندین سەدە لە دوای دیارنەمانی ئەو دەوڵەتانە لە مێژوودا سەری دەرهێناوە.

لە پاش ئەم مێژووە لە سەدەی سیانزەوە، سەردەمێکی تازە لە مێژووی سیاسیی و حوکمڕانێتی کورد دەست پێدەکات، بە دامەزراندنی میرنشینە کوردییەکان، لە چەشنی ئیمارەتی «ئـەردەڵان» کە لە ناوەڕاستی سەدەی دوانـزەوە لەلایەن «بابا ئـەردەڵان»ەوە دامـەزراوە و ماوەی حەوت سەدە و تا ساڵی ١٨٦٧ لە بەشێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا تا نزیک قەڵەمڕەوی بابانەکان فەرمانڕەوایێتی کردووە. میرنشینی بادینان لە ساڵی ١٢٦٢ لەلایەن شێخ بەهادین شێخ شەهابەدین شەمزینییەوە دامەزرێنراوە، میرنشینی سۆران لە لایەن «کەڵۆس بەگ»ەوە دامەزرێنرا، میرنشینی «بابان» لەلایەن فەقێ ئەحمەدی دارەشـمانەوە لە سـەدەی حەڤدەدا دامـەزرێنـرا، میرنشینی «بۆتان» لەلایەن میر «عەبدولعەزیز»ەوە لە ساڵی ١٢٨٦ دامەزرێنرا و شەش سەدە بەردەوام بوو، میرنشینی «هەکاری» لە سەدەی سیانزەهەمە لە هەرێمی جولەمێرگ دەرکەوتووە و سنووری قەڵەمڕەوەکەی گەیشتووەتە دەریاچەی وان. وەک ژێدەرە مێژووییەکان ڕووناکی دەخەنە سەر سەرباز و لەشکری ئەم ئیمارەتە خۆی لە چل هەزار سەرباز داوە. جگە لەوەی ئەم میرنشینانە هەمیشە دژ و ناکۆک بوون لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ ئەوەشدا قەڵەمڕەوەکەیان کەمتر لە پارچەیەک لە دوو پارچەکەی ئەوسای کوردستانی گرتبووە، هەمیشەش لە ژێر کاریگەریی و هەژموونی ئیمپراتۆریای عوسمانلی و سەفەوییەکاندا بوون، هیچشیان توانایان نەبوو بگەنە سـەدەی بیستەم. هەموو لە نـاوەڕاسـت و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دارزان و لێک هەڵوەشانەوە. وەنەبێ مێژووی ئەم ئیماراتانە لایەنی پرشنگداری تیا نەبێت، هیچ نەبێت نالی و سالم و کوردی و مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و فەقی تەیران و عەلی بەردەشانی و زۆرێک لە شاعیر و منەوەرەکانی ئەو سەردەمە لەژێر سێبەری ئەو میرنیشینانەدا توانای ئەدەبی و ڕووناکبیریی خۆیان خستووەتە گەڕ.

لـەگـەڵ کۆتایی هاتنی دەسـەڵاتـی میرنشینە کوردییـەکان و سەپاندنی حوکمی زۆردارانـەی عوسمانلی و سەفەوی، کە هێدی هێدی بیری نەتەوەیی و شۆڤێنستی لە کن ئەو دوو دەوڵەتە تەشەنەی دەکرد، سەردەمێکی جیاواز لە مێژووی کورددا دێتە پێشەوە، ئەویش بەرپاکردنی ڕاپەڕین و یاخیبوونە

لە دژی دەسەڵاتی عوسمانلی و قاجاری. ڕەنگە پێش ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی «نەهری» لێرە و لەوێ چەند یاخیبوونێکی بچووک و لۆکاڵی ڕوویاندا بێت، بەڵام «شۆڕشی» شێخ عوبەیدوڵا خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی سیاسیی کورددا، لە سۆنگەی ئەوەی ئەمە یەکەمین ڕاپەڕین و هەستانەوەی کوردە بە شێوەی ڕاپەڕینێکی کوردستانی سەرتاسەریی لە یەک کاتدا دژی هەردوو داگیرکەری قاجاری و عوسمانلی، هەروەک دەبینین پێش ڕاپەڕینەکە، کۆنگرەیەکی پریمتیڤی نەتەوەیی لە گوندی نێری «نەهری» بە سەرپەرشتی شێخ عوبەیدوڵا بۆ پیاوانی خاوەن ئۆتۆریتە لە شێخ و سەرۆک عێڵەکان هاتبووە گرێدان. ئەم شۆڕشە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕاستای هۆشیاریی نیشتمانی و بەشدارییەکی سەرەکی هەبوو لە دارشتنی زیهنییەتی کوردبوون و ئازادیی لای تاکی ئەو سەردەمەی کورد. تا ئەو جێگەیەی بەشێکی زۆر لە کوردناسە بیانییەکان هاوڕان لەسەر ناوزەدەکردنی شێخ عوبەیدوڵا بە «باوکی ڕۆحی ناسیۆنالیزمی کورد».

لەپاش تێکشکاندن و پووکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە و خانەبەدەرکردنی شێخ عوبەیدوڵا بۆ حیجاز، ڕاپەڕینەکان فۆرمێکی تر وەردەگرن و بەشێکی فراوان لە منەوەر و ڕووناکبیران بە خۆیان و پڕۆژە نەتەوەییەکانیانەوە «ئەگەرچی لە سادەترین شێوەشدا بووبێت» دەبنە کۆڵەکەیەکی بایەخداری هەموو بزاڤ و جوڵانەوەکانی کورد. لەو دەمانەدا بارودۆخی شارێکی وەک «ئەستەمبۆڵ» کە مەڵبەندی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی تورک بوو، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردیش. ئەو نوخبە ڕۆشنبیر و سیاسییەی ئەو دەمانە لە ئەستەمبۆڵ دەژیان، وەک نزیکترین شار لە ئەورووپاوە، ئەگەرچی هەستێکی ئادۆمیدیانەیان سەبارەت بە خۆیان هەبوو، بەڵام بیریان لەوە کردەوە دەبێت کورد ئیدی ببێتە خاوەن ماڵ، هەوڵیاندا نەریتێکی کوردیی بهێننە ئارا، دابڕان بێت لەو مێژووەی نەتەوە سەردەستەکان وەک دوا حکایەت سکێچیان کردبوو، هەوڵیاندا ئەو وێنە گەورانە تێکبشکێنن، داگیرکەران لە زەینی کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی وەک کۆمەڵی کورددا کە سترۆکتۆرە سەرەکییەکەی لە وەرزێران پێکهاتبوو، دروستیان کردبوو لە ناو پرۆسێسێکی مێژووییدا. لێ عوسمانلییەکان نەتەوەپەرست نەبوون، بەڵام هاشا لە بندەستی گەلانی تر ناکرێت لە ژێر حوکمی ئالی عوسماندا.

کورد یەکەم نەتەوەیە لە عوسمانییەکان یاخی دەبێت، لە کاتێکدا عوسمانییەکان حوکمی دەیەها گەلی تریشیان دەکرد. زوو بە زوو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە گەشەکردندا بوون، هەروەک چۆن گەنجە تورکەکان «جۆن تورک» بەخێرایی بە بیروڕایەکی تورکچێتییەوە لە گەشەکردندا بوون. لە ساڵی ١٩٠٨ کۆمەڵەی «تەعاون و تەرەقی کورد» بە سەرۆکایەتی «شێخ عەبدولقادری شەمزینی» لە ئەستەمبۆڵ پێکهات، ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی سیاسیی و کاری ڕۆشنگەرانەوە بە پێشەنگ دادەنرێت، لەگەڵ دامەزراندیدا ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی «کرد تعاون ترقی غزتسی» بە سەرنووسەریێتی حاجی تۆفیق «پیرەمێرد» دەردەکات. لە ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵەی «تەلەبەیێ کورد» و کۆمەڵەی «هێڤی» لە ساڵی ١٩١١دا، وەک دوو ڕێکخراوی خوێندکاریی و سیاسیی و نیمچە حزب لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا هاتنە مەیدان، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی «جەمعییەتی موحیبانی کوردستان» لەلایەن مەلا حەیدەرەوە لە ساڵی ١٩١٢ و کۆمەڵەی «ئیرشاد و تەرەقی کورد» لە هەمان ساڵدا بە سەرۆکایەتی خەیری بەرازی. ئامانجی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانەش بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و خوێندەواریی و پێشخستنی کولتوور و زمانی کوردیی بوو، لە پەنا داکۆکیکردن لە یاخیبوونە کوردییەکان و داوای مافە ئیتنیکی و سەرەتاییەکانی کورددا.

لە کوردستانی بندەستی ئێراندا، میر «عەبدولڕەزاق بەدرخان» لە کۆتاییەکانی ١٩١٢دا کۆمەڵەی گیهاندن یان جیهاندانی دامەزراند. سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەگەڕێننەوە بۆ یەکەمین جار قوتابخانە لە دەرەوەی حوجرە ئاینییەکان بە دەستپێشخەریی ئەم ڕێکخراوە لە شاری ورمێ کراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵەکە زمانحاڵێکیشی هەبووە لە شێوەی گۆڤارێکدا بە ناوی «کوردستان». ئەم گۆڤارەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە هاندان و وریاکردنەوەی گەنجانی کورد. پاشتریش لە ساڵی ١٩١٤دا سەید تەهای شەمزینی و عەبدوڵا شەمزینی «سەید عەبدوڵا ئەفەندی» بە هاوکاریی سمکۆی شکاک کۆمەڵەی «ئیستخلاسی کوردستان» لە شاری ورمێ دادەمەزرێنن، هەروەک مێژوونووسان هێمای بۆ دەکەن ئامانجی ئەم ڕێکخراوە جیا لە خوێندەوارکردنی کۆمەڵگە بە پلەی

یەکەم سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەم کۆمەڵەیە پەلی هاویشتبوو بۆ تەواوی کوردستان، تەنانەت شێخ عەبدولسەلام بارزانی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە هەبووە. هەر لەم ئانوساتانەدا هەردوو ڕاپەڕینی «مەلا سەلیم بتلیسی» لە بەشی باکوور و «شێخ عەبدولسەلام بارزانی» لە بەشی خوارووی کوردستانی بندەستی عوسمانلی چەخماخە دەدەن، سەرئەنجامی هەردوو ڕاپەڕینەکە دامرکاندمەوە و خامۆشکردن بوو بە زەبری ئاگر و ئاسن، چارەنووسی هەردوو سەرکردەی ڕاپەڕیوانیش سزای لە سێدارەدان بوو.

بەم شێوەیە بارودۆخەکە درێژەی کێشا، تاکو بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی. لە پاش جەنگ نەخشەی ناوچەکەش گۆڕا. گەرچی «سیڤەر» مافی دا بە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، بەڵام زۆر زوو پەیمانی «لۆزان» ئەم هیوا بچووکەی زیندەبەچاڵ کرد، ئەو نەخشەیە چەسپێنرا «مارک سایکس» و «جۆرج بیکۆ» وەک کابووسێک بەسەر قەدەری ئەم ناوچەیەدا سەپاندیان. کوردستانی بندەستی عوسمانلی لە یەک پارچەوە کرایە سێ بەش، کوردستانی بندەستی ئێران وەک خۆی لە ژێر حوکمی ئێرانی بە فارسکراودا مایەوە. کورد بەرەنگاریی ئەم سیاسەتە داسەپاوەی زلهێزەکانی لە خۆی نیشاندا، لە باشوور ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود و چەندین ڕاپەڕینی تر تەقینەوە، لە باکووریش شۆڕشە بەردەوامەکان دەستیان پێکرد هەر لە بەرخۆدانی شێخ سەعیدی پیرانەوە تاکو دەگاتە ڕاپەڕینی دێرسیم بەسەرکردایەتی سەید ڕەزا، ڕاپەڕینی ئارارات و ئاگری داخ.

هەموو ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانە «شۆڕش بە مانا باوەکەی» بە خێراییەکی ئەفسوونگەرانە سەرکوتکران. ئیدی بارودۆخەکە جۆرێک لە بێ هیوایی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەلومەرجی تازەی کوردستان کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرابوو، پێویستی ئەوەی هێنایە ئارا، فۆرمێک لە بەرەنگاریی نیشان بدات، هارمۆنی بێت لەگەڵ ڕۆحی قۆناغەکە، هاوکات هەموو تەقەلاکان بۆ ئەوە کەوتنە گەڕ لە سایەی ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەدا شوناسی کوردیی نەسڕدرێتەوە، گووتاری کوردیی لێرەوە گۆڕا بۆ گووتارێک داکۆکی لە مانەوە و نەتوانەوەی خۆی بکات. لە منداڵدانی ئەم کەشە ناهەموارەدا، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان



هەمواڵنامەی کتێب

بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لە جاران، چرۆیان کرد و رسکان. ئەگەر لە بەشی باشوورەوە سەیر بکەین، کۆمەڵێک رێکخراو سەرهەڵدەدەن، لە چەشنی حزبی برایەتی، ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن «شێخ لەتیفی حەفید» کوڕی «شێخ مەحمودی حەفید»ەوە دروستکرا، ئەویش پاش هاتنە ئارای جوڵانەوەی یەکەمی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٦ و دامرکانەوەی بزاڤی سەربەخۆیخوازیی شێخ مەحمود، دواتر لە ساڵی ١٩٤١دا، حزبێکی گرنگ و بایەخداری وەک «حزبی هیوا» بە سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی پێدەنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە. ئەگەرچی دوو ئاڕاستەی دژ بەیەک لەم حزبەدا کۆببوونەوە، یەکێکیان لایەنگریی ئەوەی دەکرد کورد پشت بە ئینگلیز ببەستێت!, لەم ئاڕاستەیەدا لەسەری سەرەوە رەفیق حیلمی سەرۆکی حزبەکە وەستابوو، بەڵام ئاڕاستەکەی تر دڵی بە ستالینیزم و شورەوی خۆش کردبوو، بەڵام هاشا لە رۆڵی گرنگی ئەم حزبە ناکرێت.

لە سوێندخواردنی ئەندامانی حزبی هیوادا بە «قورئان و ئاڵای کوردستان و خەنجەر و گوڵە گەنم» راستییەک خۆی نیشان دەدات، ئەم حزبە لە هەوڵی ئەوەدایە کورد لە دەوری یەک گووتاری کوردستانی کۆبکاتەوە لە رێی بەکارهێنانی ئەو سیمبولە کوردییانەوە. سیمایەکی تری ئەم حزبە لەوەدا بوو بەشداریی ژن تێیدا کارا بوو، چەندان ژنی وەک «زەکیە بابان، ناهیدە شێخ سەلام، حەلاوە شێخ محەمەد، لوتفییە سدیق» لە سیما هەرە دیار و بەرجەستەکانی هیوا بوون. تەمەنی ئەم حزبە کورتتر بوو لەوەی ئامانجەکانی وەدیبهێنێت، بە تایبەت بەهۆی جیابوونەوەی باڵی چەپی حزبەکە و راگەیاندنی حزبێکی نوێ بە ناوی «پارتی رزگاریی کورد» لە شوباتی ١٩٤٥دا، گەرچی ئەم حزبە بەخێرایی گەشەی کرد و لە چەند مانگێکدا ژمارەی ئەندامانی گەیشتە سەرو پێنج هەزار، بەڵام لە ئابی ١٩٤٦ خۆی هەڵوەشاندەوە و لەناو پارتیدا توانەوە، بە هەمان چەشن پارتی شۆڕش «حزبی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق» کە پابەند نەبوونی خۆی بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە راگەیاندبوو، هەمان چارەنووسی رزگاری هەڵبژارد و خۆی لە پارتیدا حەل کرد. لەگەڵ دروستبوونی پارتیدا، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ مەودایەکی بەرینتر کرایەوە بۆ پێشکەوتنی جوڵانەوەی کوردیی، هەر لە سەرەتا و لە رۆژی ٢ی سێپتامبەری ١٩٤٦ پارتی دەستیکرد

بە وەشاندنی رۆژنامەی «رزگاری» بە زمانی عەرەبی. «لە دەرفەتێکی تردا دێمەوە سەر بایەخی ئەو رۆژنامەیە».

ئەگەرچی پارتی لە سەرەتاوە پڕ بوو لە ناکۆکی، بەڵام ناکۆکییەکان بنەمای فیکریی و ئایدۆلۆژییان نەبوو، زیاتر ناکۆکی کەسیی بوون و پاساوی فیکرییان بۆ دادەتاشرا. بۆ نموونە لە سەرەتای پەنجاکاندا ناکۆکی پارتی پەرە دەسەنێت و وەک جەلال تاڵەبانی جارێک باسی کرد جگە لە خەتی فەرمی، دوو باڵی تر هەبوون بە هەمزەیی و ساڵحی دەناسران «لایەنگرانی خەتی هەمزە عەبدوڵا و خەتی ساڵح روشدی»، ئەمەش وایکرد هەمزە عەبدوڵا لە ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٦ بە ناوی «پارتی دیموکراتی کورد - عێراق \ بەرەی پێشکەوتوو» باڵەکەی درێژە پێبدات. هەروەک دەبینین لە ساڵی ١٩٦٤ هەمان سیناریۆ بە جیابوونەوەی جەلالییەکان «باڵی مەکتەبی سیاسیی» لە باڵی مەلایی دووبارە بووەوە. هەروەک جارێک مامۆستا «مەسعود محەمەد» وتبووی «رەوایی حزبی لای باڵی جەلالی بوو، بەڵام رەوایی شۆڕش لای بارزانی بوو». «هەڵبەتە لێرە نامانەوێت بچینە کرۆکی ئەو ناکۆکیانەوە». پاشتر چەندین حزبی تر لە هەناو و دەرەوەی پارتی لەم بەشەی کوردستان لە دایک دەبن کە گرنگترینیان یەکێتییە.

لە بەشی باکوور هەر لە «خۆیبوون»ەوە تاکو پەکەکە چەندان حزب و رێکخراوی کوردیی سەریانهەڵداوە، کە زۆرینەیان لە ژێر هەژموونی چەپڕەویی و گیڤاریستیدا بوون، لە رۆژئاواش لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم پارتی بە ناوی «پارتی دیموکراتی کورد» دادەمەزرێت، پاشان ژیانی حزبایەتی لەو بەشەش گەشە دەکات تا بە ئەمڕۆ دەگات، وەک دەبینین ژمارەگەلێک حزب لەو بەشە چالاکی دەکەن کە دابەشبوون بەسەر دوو بەرەدا بەرەی ئەنەکەسە و بەرەی ئاپۆچێتیدا. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «ژێکاف» لە ساڵی ١٩٤٢دا، حزبایەتی لەو بەشەی کوردستاندا پێدەنێتە قۆناغێکی سەرتر، پاشتر دەبێتە هەوێنی پێکهێنان و بزواندنی «حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران». هەروەک شاد رەوان دکتۆر کوردۆ عەلی ئاماژەی پێدەدات گۆڕینی ژێکاف بۆ حزبی دیموکرات تەنیا گۆڕینی ناو نەبوو، بەڵکو وەک ئەو بۆی چووە «وەرچەخانێک بوو بەرەو پاشەوە و سەرەتای

کۆتایی و نابووتبوونی سەرمایەی فیکری و پووتکردنەوەی ناوەڕۆکی مەسەلەکە بوو». ئاخر ئەمە یەکەمین دانپیانان بوو بەو جوگرافیا دەستکردەی داگیرکەران دیزاینیان کردبوو. پێش ئەوە هیچ کۆمەڵە و حزب و ڕێکخراوێک بە پاشگری ئێران و عێراقەوە نەهاتبووە ئارا.

لێرەدا و لەو پەرەگرافانەی پێشوودا پانۆرامایەکی مێژووی زۆر بەپەلەمان خستە بەر چاو لەبارەی گەشەکردن و پەرەسەندنی حزبی سیاسیی لەکوردستاندا، هەوڵدەدەین لێرە بەدواوە ئەشکالییەتی گووتاری حزبە کوردییەکان دەربخەین، بۆچی نەیانتوانی ببنە حزبگەلێک نیشتمان بنیات بنێن؟ کوردبوون لە گووتاری سیاسیی ئەم حزبانە چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟. ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارانە لەم چەند خاڵەدا پوخت دەکەینەوە:

یەکەم: ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕاپەڕین و جوڵانەوە و ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵەکان ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان و بنیاتنانی دەوڵەت بووبێ، لەدروستبوونی حزبی دیموکراتی کوردستان- ڕۆژهەڵاتەوە ئەم ئامانجە بچووکتر کرایەوە بۆ ئۆتۆنۆمی «خودموختاری»! ئەمەش پاشەکشەیەکی فیکریی و پراکتیکی بوو لە ڕاستای تموحی نەتەوەیەکی بندەست.

دووەم: کوردبوون تەنیا ڕووکارێکی سیاسیی پێدرا لە دیتن و تێڕوانینی حزبە کوردییەکاندا. بە وتنێکی دیکە حزبی کوردیی تەنها ناسنامەی جوگرافی مرۆڤی کوردی بینیوە، بۆیە هەمیشە چاوی لە ڕزگارکردنی خاک بووە، لەوە بەولاوە ئیشی لە زەینیدا نەکردووە، نە قوتابخانەیەکی پێداگۆگیی بووە بۆ گۆشکردنی تەنانەت ئەندامانی خۆی بە هزری نیشتمانی، نە میکانیزمێک بووە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی، بەو پێیەی حزبی کوردیی بەرئەنجامی پاڵەپەستۆ و ستەمکێشی نەتەوە سەردەستەکان بووە، یاخیبوونێکی عەفەویی بووە، نەک لە پێداویستییە ژیاری و ژیانییەکانی کۆمەڵگەوە داکەوتبێت، چونکە ئەمەیان دەکەوێتە دوای بوونی دەوڵەت. پێموایە کورد نەدەبوو حزب دروست بکات، بەڵکو دەبوو بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی جەماوەریی شۆڕشگێڕی هەبوایە تاکو ئەو کاتەی دەبووە دەوڵەت.

سێهەم: ئاریشەی سەرەکی ڕێکخراو و حزبە کوردییەکان نەبوونی ئایدۆلۆگ بووە، ئایدۆلۆگێک ئەگەر لە چەشنی عەفلەقیش بووبێت. تەنیا «ئاپۆ»مان هەیە وەک ئایدۆلۆگێک کار دەکات، ئەمیش لە زیندان و پاش ئاشنابوونی بە تێزەکانی بیرمەندی ئیکۆلۆژ ئەنارشیستی ئەمەریکی «مۆری بۆکچین» لە زینداندا و لەسەروو تەمەنی پەنجا ساڵیشدا. بۆیە هەمیشە کورد خۆی بە ئایدۆلۆژیاکانی دیکەوە هەڵواسیوە بەتایبەت زۆر زووتر لە گەلانی تر دێوانەی ماویزم و لێنینیزم بوو.

چوارەم: حزبە کوردییەکان هەمیشە لەسەر بنەمای تەریقەت و خێڵ دامەزراون. نەیانتوانیوە ئەو چوارچێوە و تەڵزگە خێڵەکی و تەریقەتییانە ببەزێنن و ببنە حزبێکی نیشتمانی و کوردستانی. لە ئەزموونی پەکەکەدا وا دەردەکەوێت ئەم ئەنگێزەیەی تێپەڕاندبێت، ئەگەریش تاراددەیەک و بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەوە وابێت، پەکەکە لە دە لای ترەوە کێشەی گەوهەریی و فیکریی هەیە، بەوەی سەرەتا مارکسی لینینی بووە، ئێستاش تیۆرییەکی ئاپۆ کوردبوون ورد و خاش دەکات «دواتر دێینە سەری». لەبەرئەمە حزبی کوردیی، هەمیشە کوردبوونی لەناو بۆتە و بازنە بچووکەکانی خێڵ و تەریقەتدا بەند کردووە و لەو ئاوێنە تەڵخەوە سەیری کوردبوون دەکات.

پێنجەم: حزبە کوردییەکان بە ئاسانی کەوتوونەتە ژێر هەژموونی حزبە چەپەکانی نەتەوە سەردەستەکان، بۆ نموونە پارتی دیموکرات تاوەکو دەرەنگانکێش دەستی نەبرد بۆ لابردنی ئەو خاڵەی پەیڕەو و پرۆگرامەکەی کە جەختی لەسەر چەپبوونی حزبەکە دەکردەوە. لە بەری ڕۆژهەڵات و باشوور حزبە کوردییەکان بە قووڵی کەوتنە ژێر هەژموونی پارتی گەلی ئێران «تودە»، هەر وەک دەزانین ئەم حزبە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤١ لە تاران دامەزرا، ئەگەرچی حزبەکە پاش ساڵانێکی کەم بەرەو چەپێکی ڕادیکاڵ وەرچەرخا، بەڵام بۆ هەمیشە ئەو ماکە لیبرال ڕیفۆرمیستییە پان ئێرانیستییەی لە دەست نەدا، وەک لەهەموو کۆنگرەکانیدا جەختی لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی ئێران دەکردەوە، کەچی هۆشمەندیی نەوەیەکی کوردی چ لە ڕۆژهەڵات چ لە باشووری خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لە ڕۆژئاوا و باکووریش گەشەکردن و سەرهەڵدانی

حزبەکان مومکین نەبوو ئەگەر بە بەرنامە و پلاتفۆرمێکی چەپڕەوییەوە نەبوایە. لەم نێوەندەدا کوردبوون لە لیستەکەدا کەوتە دوای بەها ئایدۆلۆژییەکانی تر.

ئەم فاکتۆرە رۆڵێکی چڕی گێڕا لە زەقکردنەوەی حزبی چەپڕەوی کوردیی، ئەگەرچی جارێک دکتۆر کوردۆ عەلی نوسیبووی «لە هیچ جێگەیەکی ئەم جیهانە جگە لە فەلەستین پارتێکی کۆمۆنیستی میللەتێکی بێ دەوڵەت نابینین». رایەکی جیاواز لەسەر ئەم دەربڕینە دەخەمە روو، وەک لە پێشەوە گووتم بوونی حزبی سیاسیی بۆ نەتەوەیەکی بندەست بە پێویستیی نابینم، لە حاڵەتی ئەزعەفولئیماندا تێڕوانینی کورد خۆی بۆ دنیا و پێدراوە سیاسییەکان ئاریشەی تێدایە، ئەگەر نا چ کۆمۆنیزم یان ئیسلام و تەریقەت لە رابردوودا، دەتوانرا خزمەتی کۆمەڵگەی کوردیی پێبکرێت، ئەوان وەک ئایدۆلۆژیا تاوانبار نین، ئەو رۆحە کۆیلەیەی کورد گوناهبارە هەمیشە دەبێتە قەڵغانی ئەو ئایدۆلۆژیانە نەک بە پێچەوانەوە. دیقەت بدەن حزبی بەعس لەسەر بناغەی عروبە لەلایەن «سەلاح بەیتار» و «میشێل عەفلەق»ەوە لەساڵی ١٩٤٧دا دامەزرێنرا، بەڵام کاتێک لە ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ حزبەکەی ئەکرەم حۆرانی «پارتی سۆسیالیستی عەرەب» یەکیگرت و ناوی حزبەکە گۆڕدرا بۆ «پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی»، عروبە وەک بنەما ئایدۆلۆژییەکەی بەعس مایەوە، ئەو سۆسیالیزمەی یەکێک لە سێ دروشمەکەی بەعس بوو «یەکێتی. ئازادیی، سۆسیالیزم» تەنیا وەک چەند هەنگاوێکی ئابووری بچووک مایەوە، ئەگینا حزبەکە ئامانجە راستەقینەکەی یەکێتی و سەرداریێتی عەرەب بوو لە «کەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس». ئەی سۆسیالیزم بۆ رێگر نەبوو لە ئامانجە شۆڤێنییەکانی بەعس، بەڵام رێگر بوو لە خەونی ئازادیی ئێمە؟؟!!.

شەشەم: گووتاری حزبە سیاسییەکانی کورد بریتی بووە لە کرۆزانەوە و نوزە نوز و خۆ بە قوربانی نیشاندان و چارە رەشی ناو مێژوو و لاواندنەوەی غەمە نەتەوەییەکان، ئەم گووتارە سواوە کە هەمیشە پەنای بردووە بۆ تاوانبارکردن و تەخوینکردنی ئەویدی، هەمیشە کاری لەسەر داتاشینی وێنای مەغدورییەتی خۆی کردووە لەلایەن جیهان و زلهێزەکانەوە. ئەم کارە دۆنکیشۆتیانەی حزبی کوردیی و تێکرای کورد هەمیشە فلوتێک بووە تا کار بکاتە سەر هەست و

سۆزی جیهانێک لەوەتی هەیە بێ هەست و سۆز بەڕێوە دەبرێت، ئەمەش وەک بڕینی شەپۆلاویترین دەریا وایە بە بەلەمێکی کاغەزییەوە. ئەم گووتاری کڕوزانەوەیە بووەتە ئایدۆلۆژیایەکی کوشندە و کوردبوونی تێدا ورد و خاش بووە، هەمیشە مرۆڤی تێکشکاوی بەرهەمهێناوە، بەردەوام لە دەستاڕی ئەم فۆرمە جیهانبینییەدا کوردبوون هاڕدراوە.

حەوتەم: کورد بە گشتیی و حزبی کوردیی بە تایبەت، لەسەر سیاسەتی رەوشتدارانە و ئایدیالیستیانە موعتاد بووە، خووەیەکە بۆی تەرک ناکرێت، کوردبوون هەمیشە مانای جەنگاوەری ئازا و بە رەوشتی گەیاندووە کە لە پێناوی تەواوی دنیادا شەڕ دەکات، ئەمەش بە پێچەوانەی روانگە نیتچەییەکە، وەک هەمووکات جەخت لەسەر بەهێزبوون دەکاتەوە نەک بە رەوشتبوون. سیاسەتی بە رەوشتانە و کۆڵەواری حزبی کوردیی کە دواجار دەسەڵات و ئیدارەی کورد بەڕێوە دەبات، ئەو ئەنجامەی لێکەوتووەتەوە لە هەموو گەمەکاندا بەدەست بەتاڵی دەربچێت و مرۆڤی کورد تا دوا سنووری خۆی شەکەت و ماندوو بکات.

جیاواز لەوەی لەم بەشەی باشوور، گەندەڵی و دابەشبوونی ئەجیندا و گووتاری کورد بەهۆی ململانێی مۆنارکی و تەسکی حزبییەوە، کوردبوون وەک جەستەیەکی هەلا هەلابووی لێ هاتووە، هیچ ئومێدێک بۆ گەڕانەوەی گیان بۆ ئەو لەشە کوت کوت بووە نەماوە، وەنەبێت حزبەکانی سێ پارچەکەی تر نموونەیەکی گەشتریان نیشان دابێت لەسەر بنەمای کوردبوون، مرۆڤ پەتی هیوای خۆی پێوە ببەستێتەوە. تەنانەت ئەوەی پێی دەوترێت بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، تەنیا ناونیشانێکی گەورەی بێ کاکڵە بووە، هیچ کات نەبووەتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سەکۆی تێکۆشانێکی زنجیرەیی و هاوبەشی مرۆڤی کوردستانی، بە پێچەوانەوە پایەدرلێدان بووە لە بۆشاییدا. ژبەر ئەمە کەوتوومەتە حاڵێک ئەگەر لە ترسی شاڵاوی سێکتە حزبییەکان بوێرم، دەمەوێت ئەوەش بڵێم، حزبی کوردیی هێندەی زیانی لە کوردبوون و مانا بەرزەکەی مرۆڤبوونی تاکی کورد داوە، چارەگێکی ئەوە خزمەتی نەکردووە. هەنووکە دوای سەد ساڵ زیاتر لە تەمەنی ئەو حزبانە، بۆچی دۆخی کورد

گەڕاوەتەوە چوارگۆشەی یەکەم؟. گەر بەشێکی پەیوەست بێت بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە وەک دەبینین کورد کەمتر لە دەوڵەتانی دراوسێی هەیە بیدات پێیان، ئەی تاکەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە خۆمانە نابینین؟.

**لە کاژیکەوە بۆ پاسۆک.. لە تیۆرەوە بۆ پراکتیک**

بۆچی لەناو ئەو هەموو حزبە کوردییەدا دوو ڕێکخراوی سیاسییم جیاکردۆتەوە؟!، ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بەو ڕاستییەوە بێت کاژیک تیۆری سەرەتایی کوردبوونی لە ژێر ناوی «کوردایەتی»دا فۆرمۆڵە کرد و پاسۆک ئەگەر خۆیشی دانی پێدا نەنابێ درێژکراوە و پەرەپێدانی ئەو تیۆرانە بوو کاژیک گەڵاڵەی کردبوون، لەوە زیاتریش هەوڵگەلێک بوون بۆ تاقیکردنەوەیان لە زەمینەی واقیعدا. دەتوانین هەردوو ڕەوتەکەش لە باری فیکرییەوە بە درێژکراوەی ژێکاف لە قەڵەم بدەین، چونکە گۆڤاری «نیشتمان»ی ئەو حزبە و ئەدەبیاتەکەی بەشێوەیەکی سەرەتایی تیۆریزەی بیری نەتەوایەتی کوردیی دەکەن بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەت و سڕینەوەی سنوورە دەستکردەکان لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بەتایبەت ئەوکات کوردستانی سوور «سۆڤێت» بەو شێوەیەی نەۆ دیموگرافیی نەشێوێنرابوو و کوردەکانیش بەسەر نۆ کۆماری یەکێتی شورەوی پێشوودا دابەش نەکرابوون. ژێکاف ئەگەرچی جوانەمەرگ بوو لەناو حزبێکی نوێتردا کە ئامانج و ڕوئیاکانی بچووکتر بوون لە خۆی، بەڵام ئەدەبیاتی ئەم ڕێکخراوە سەردەق شکاندنێکی هزریی گەورە بوو کە لە دوماهیدا چاوی بەشێک لە مرۆڤی کوردی بۆ سەربەستی کردەوە.

کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتی کورد «کاژیک» لە پاش کودەتای قاسم و گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە پادشاییەوە بۆ کۆمارییی لە عێراقدا، لەو پەڕاوێزە تەسکەی ئازادیی لە کوردستانی بندەستی عێراقدا و لە نیسانی ساڵی ١٩٥٩ ڕاگەیەندرا. ئەگەرچی کاژیک لە ڕووی جەماوەرییەوە هێزێکی وەهای نەبوو، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە بۆ دوای خۆی کاریگەرییەکی زۆرتری دانا. ئەم کۆمەڵەیە بیری نەتەوەیی کوردیی لە ڕووی تیۆرییەوە تەکان پێدا بۆپێشەوە، بە جۆرێک ئەگەر لە ڕووی سانکرۆنییەوە لێی بڕوانین قەبزەیەکی

فیکریی کەموێنە بوو لە تیۆریزەکردنی فۆرمێکی پریمتیڤ لە ناسیۆنالیزم. ئەدەبیاتی کاژیک بایەخێکی تایبەتی هەیە لەناو هەموو ئەدەبیاتی بزووتنەوەی کوردیدا تاکو ئەو دەمەی خۆی، هەر بۆ نموونە «کاژیکنامە» کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦١دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، گۆڕانێکی فیکریی رادیکاڵە و بژارکردنی بیری نەتەوەییە لە بیری چەپڕەویی، وەک دەبینین مۆدیلی سیاسیی ئەو کات بوو بەهۆی نزیکی ناوچەکە لە یەکێتی سۆڤێتی پێشووەوە.

کاژیکنامە، بڵاڤۆکێکی گرنگە و تا ئێستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە بۆ راڤەکاریی و تێگەیشتن. چونکە بەدەر لە خستنەڕووی پانۆرامایەکی مێژوویی و چەردەیەک لە دیرۆکی دێرین و هاوچەرخی کورد، چەندین تێزی تێدا فۆرمۆڵە کراوە وەک سەرەتایەک بۆ لە دایکبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی، هاوکات رەخنەی توند لە بیری چەپڕەویی و کۆمۆنیستی دەگرێت بەتایبەت لەو رووەی سۆسیالیستەکان بزاوتی نەتەوەیی بە بەرهەمی بۆرژوازی دەزانن. لێ لە باری واقیعییەوە بیری نەتەوەیی بەو فۆرمە پێشکەوتووەی لە بۆتەی ناسیۆنالیزمدا دەردەکەوێت بەرهەمی مودێرنێتە و گەشەکردنی فەرهەنگیی بۆرژوازی خۆرئاواییە، بەڵام نکۆڵیکردنی کاژیکنامە لەم فاکتە تەنیا بۆ خۆ لادانە لەو تیرۆرە نابەرجەستەیەی لەلایەن چەپەکانەوە بەرامبەر بە نەتەوەییەکان بەکار دەبرا، چونکە بەپێی پێوەرەکانی ئەوێ رۆژێ هەر شتێک سەر بە فەرهەنگی بۆرژوازی بوایە، دواکەوتووانە و جێگەی نەفرەت بوو، هەر بۆیە کاژیکنامە دەیەوێت ئەو بیرە نەتەوەییەی لە ماڵی بۆرژوازییەوە هاتبووە دەرەوە، بۆ دوورتر بگەڕێنێتەوە.

کاژیکنامە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی «کوردایەتی» دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشتر «هەرچەند دەوترێت گوزارەی کوردایەتی بۆ یەکەمین جار لە ناوی دیوانێکی شیعریی کامیل ژیرەوە لە پەنجاکاندا تەشەنەی کردووە و بووە بە چەمک». بە پێی کاژیکنامە ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی رێکخراو و ئۆرگانیزەکراو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی شێخ عەبدولقادر «لە سەرەوە باسی کراوە». بەڵام هاوکات دیدێکی رەخنەگرانەشی هەیە لە خوێندنەوەی کۆمەڵە و حزبەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەروەک دەبینین حزبی هیوا

بەوە تۆمەتبار دەکات بەرنامەیەکی تۆکمە و بیرێکی پوختی کوردایەتی نەبووە، بۆیە بە ئاسانی لەلایەن سیخوڕانی بەریتانییەوە خەرق کراوە و ئامانجەکانی بەلاڕێدا براوە، لەم رووەوە نموونەی کەسێکی وەک «ماجید مستەفا» دەخاتە بەرچاو. دواتر بە توندیی رەخنە لە کۆمۆنیستەکان دەگرێت، هەوڵدەدات ئەو تێڕوانینە هەڵەیە راست بکاتەوە گوایە کۆمۆنیزم و دیموکراسی تەواوکاری یەکترن، بەشێوەیەکی سادە جیاوازیی دیموکراسی و کۆمۆنیزمی مانیفێست کردووە، پاشان رووخسارە هاوبەشەکانی پارتی و شیوعییەکان دەستنیشان دەکات.

دواتر دێتە سەر پێناسەی کوردایەتی بە پێی «فەلسەفە»ی کاژیک و دەنووسێت «بەپێی بیروباوەڕی ئێمە، بزووتنەوەی کوردایەتی، لەو رۆژەوە دەست پێئەکا کە نەتەوەی کورد خۆی لەم جیهانەدا بە کورد ناسیوە... لەبەرئەوە پێمانوایە ئەوەتەی کورد هەیە بزووتنەوەی کوردایەتیش هەر هەبووە». هەر بۆیە بەپێی کاژیکنامە کوردایەتی بزووتنەوەیەکی داهێنراوی سیاسیی نییە، کوڕی هیچ ساتەوەختێکی مێژوویی نییە، بەرئەنجامی گەشەکردنی هیچ فیکرێک نییە، لە هیچ شوێنێکەوە بۆ کورد نەهاتووە، بەڵکو شتێکی خۆڕسکە لەگەڵ هەستی خۆ بەکوردزانیندا لە دایک دەبێت، هۆشیارییەکی دەستەجەمعی گەلی کوردە «لەپێناوی مانەوە و ژیاندا». لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەر بیروباوەڕێکی هاوردەکراو لە دەرەوەی جوگرافیا و کولتووری کوردەواری رەت دەکاتەوە، ئەمە شتێکی ئێجگار گرنگە، ئەگەر بۆ ئەوێ رۆژێ تا ئەندازەیەک بایەخی هەبووبێت، بۆ رۆژگاری ئەمڕۆمان پێویستییەکی هەرە لەپێش و پلە یەکە. ئەمەش مانای ئاوێزان نەبوون و سوود وەرنەگرتن لە شارستانێتی جیهانیی ناگەیەنێت کە بەرئەنجامی فیکری هەموو مرۆڤایەتییە، کوردیش بە نۆرەی خۆی بەشداربووە لە رەنگکردنی ئەو شارستانییەی جیهانییەی هەنووکە لە ئارادایە، بگرە کوردستان سەرزەمینی شارستانییەتە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، بەڵام بە تاقیکردنەوە لە ماوەی یەک سەدەدا ئەوە سەلمێنرا هیچ بیرێک بەدەردی کورد ناخوات جگە لەوەی بە ئاوەزی کوردانەی خۆی بەرهەمی دەهێنێت.

ئامانجی کاژیک وەستانەوەیەکی فیکریی هەمەلایەنە بوو بە رووی ئەو تەوژمە

سۆسیالیستییەی بیری نەتەوەیی کوردی لاواز کردبوو. لە هەمان کاتدا باوەڕی بە دامەزراندنی دەوڵەت هەبوو بۆ کوردستان. بەڵام ئەشکالییەتی سەرەکیی لە فیکری ئەم رەوتەدا، ئەو جۆرە سۆسیالیزمە کوردەوارییە بوو بانگەشەی بۆ دەکرد، جەمال نەبەز لە کتێبی «هێندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم» کە بۆ یەکەم جار لە سوێد لە ساڵی ١٩٨٤دا چاپ کراوە، بە چڕیی لایەنەکانی ئەم جۆرە سۆسیالیزمە دەستنیشان دەکات. هەوڵ دەدات ئارگۆمێنتی ئەوە بکات، سۆسیالیزم تەنیا بەرهەمی بیری مارکس نییە. لێ ئەمە راستە سۆسیالیزم پێش مارکس لای سان سیمۆن و فۆرییەی رێبەرانی سۆسیالیزمی یۆتۆپی لە ئارادا هەبوو، بەڵکو سۆسیالیزم وەک خەونی مرۆڤ زۆر دێرینە، بەڵام ئەوەی کلێشەیەکی زانستی بە سۆسیالیزم بەخشیوە مارکس و ئەنگلزن. عەتا قەرەداغی لە بەرگی دووەمی کتێبی «گووتاری ناسیۆنالیزمی کورد» لەلاپەڕە «٢٥٥»دا دەنووسێت «ئەگەر سەرنجی روانینەکانی دکتۆر جەمال نەبەز بدەین کە گەوهەری روانین و جیهانبینی کاژیک لەوێوە فۆرمۆڵە دەبێت، هەمان روانینی مارکسیانەیە، بەڵام بە جیاوازی ئەوەی کە یەکسانی رەها لای کاژیک دەوڵەتی گەل دروستی دەکات، بەڵام لای مارکسیزم دیکتاتۆرێتی پڕۆلیتاریا رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات».

بە تێگەیشتنی من، ئەو جۆرە سۆسیالیزمەی جەمال نەبەز گەڵاڵەی کردبوو و ببووە بەشێکیش لە تێڕوانینی ئایدۆلۆژی کاژیک، کارێکی زڕ و کلۆر بوو، ئەویش بە چەند هۆیەک، یەکەم: سۆسیالیزم بەهەر جۆرێک بانگەشەی بۆ بکرێت موڵکی چەپە. دووەم: یەکسانی ئیدیۆمێکی سادە نییە بەڵکو کۆنسێپتێکی فیکریی قووڵە و سەر بەماڵی چەپگەرایی و کۆمۆنیزمە، قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمیش بانگەشەی بۆ یەکسانی دەکرد، لە کاتێکدا دادپەوەریی سەر بە ماڵی بەرەی بەرامبەرە. سێیەم: ئەو سۆسیالیزمەی کاژیک و دکتۆر نەبەز لە ژێر کاریگەریی هەژموونی سۆڤێتیدا نووسرابوو، ئەگەرنا پێویستی بەو هەڵکۆڵینەی مێژووی کورد نەدەکرد لە راستای گەڕان بە دوای مۆدیلێکی وێکچوو لەگەڵ سۆسیالیزمی باو و سۆڤێتی. بەهەمەحاڵ کاژیک سەرباری هەموو کەموکوڕییەک و پووکانەوەی لە هەڕەتی لاویدا، بەڵام سەرمایەیەکی فیکریی و سیاسیی

دەوڵەمەندی بەجێهێشت، کە رەنگە هەندێک پاسۆک ئەمەیان پێناخۆش بێت، بەبێ ئەدەبیاتی کاژێک مومکین نەبوو لە پرۆسەیەکی پۆیسیسانەدا «شتێک لە نەبوونەوە بیهێنیتە بوون» لە دایک ببێت. راستتر وایە بڵێین کاژێک دەرگای مێژووی بەسەر پاسۆکدا کردەوە.

پاسۆک «پارتی سۆسیالیستی کورد» لە رۆژی ١١ی سێپتامبەری ١٩٧٥دا لە شاری کەرکوک لەلایەن «ئازاد مستەفا، فەرهاد عەبدولقادر، مامۆستا شێرزاد»ەوە لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول دامەزرا. سەرەتا بە ناوی «پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کورد» دەستی بە کارکردن کرد، بەڵام لەسەر پێشنیاری دکتۆر جەمال نەبەز وشەی «نەتەوەیی» لە ناوی حزبەکە کرایەوە، بە هۆکاری ئەوەی ناوی پێشتری لێکچوونێکی زۆری دروست دەکرد لەگەڵ ناوی نازییەکان «پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی»، بەم شێوەیە ناوی پارتەکە هەر بە ناوی پارتی سۆسیالیستی کورد مایەوە. پاسۆک درێژەپێدەری کاژێک نەبوو لە رووی رێکخستنەوە بەڵام لە رووی فیکرییەوە بە درێژکراوەی کاژێک دادەنرێت. بەتایبەت دروشمی پاسۆک «کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان» بە کەمێک گۆڕانکاریی سینتاکسیی هەمان دروشمی پێشووی کاژێک بوو. یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان پاسۆک و کاژێک رەنگە لەوەدا بێت، کاژێک لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناو پارتییەوە خەباتی شاخی دەکرد، بەڵام پاسۆک هەر دوای ساڵێک لە دامەزراندنی، بەشێوەی سەربەخۆ خەباتی چەکداریی لە شاخ دەستپێدەکات.

ئەگەر لە پەیڕەو و پرۆگرامی پاسۆک ورد بینەوە، بە شێوازێکی رادیکاڵتر لە کاژێک و ژێکاف و پارتی، تیۆریزەی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی کوردی تێدا کراوە، هەوڵدراوە بەرنامەکە وەک رێبازێکی فەلسەفی بۆ بیری نەتەوەیی کوردیی پێناسە و گەڵاڵە بکرێت. لە بەرنامەی سیاسیی و فیکریی پاسۆکدا کوردبوون لە پێش هەر شتێک و لە سەرو هەموو شتێکەوە دانرابوو، ئەو روانگەیەی لە شیعری «ئەی رەقیب»ی دڵداردا هەیە لە تێکستێکی ئەدەبییەوە وەرچەرخێنرا بوو بۆ ئایدیایەکی سەرەکی کە پاسۆک وەک هێڵێکی گشتیی کاری لەسەر دەکرد. لە نامیلکەی «پاسۆک لە چەند دێڕێکدا» کە لە ساڵی ١٩٨٠ لقی ئەوروپای پاسۆک

بێ ناوی هیچ نووسەرێک چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، ناوەڕۆکی سیاسیی و فیکریی ئەو حزبەی تێدا روون کراوەتەوە. لەو نامیلکەیەدا پاش نمایشێکی مێژوویی لەسەر رەچەڵەکی کورد و کێشەی کورد، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پاسۆک بۆ «یەکگرتنەوە و رزگاری و ئازادی کورد و کوردستان» تێدەکۆشێت. ئەمەش لە رووی مێژووییەوە کەوتۆتە پێش دروشمە دیماگۆگییەکانی پەکەکە «یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان».

هەر لەو نامیلکەیەدا «پێموایە ئازاد مستەفا نووسیوویەتی» لە توێی ١٦ لاپەڕەدا زۆر بابەتی گرنگی تێدا وروژێنراوە بەتایبەت لەو سیاقە مێژووییەدا. تەنانەت بەرنامەی دوای ئازادبوونی کوردستانی تێدا مانیفێست کراوە، لەوێ بانگەوازی گەلی کورد دەکات بەرەو بنیاتنانی کوردستانێکی ئازاد کە لە سایەی ئەو ئازادییەدا «کار بۆ کرێکار بێت. زەوی بۆ جوتیار بێت. هەر کەس بەری رەنجی خۆی بۆ خۆی بێت. ئازاد و سەربەخۆ بێت. رێز لە هەستی ئاینی و خواناسی بگیرێ. رێز لە بیروباوەڕی سیاسی بگیرێ». ئەگەر لەم مافانە ورد بینەوە، تێکەڵەیەکە لە سۆسیالیزم و مافە دیموکراتییەکان، بۆیە ئەگەر لە رووی فیکرییەوە پاسۆک داینەمۆی بیری نەتەوەیی بووبێت، ئەوا لە رووی نیەتی ئیدارییەوە نزیکایەتی لەگەڵ ئەزموونی سۆسیال دیموکرات هەیە. لە نامیلکەی «پاسۆک لە کلاوڕۆژنەی دروشمەکانییەوە»، لە ساڵی ١٩٨٤دا، «ئازاد مستەفا» پێنج پرنسیپە سەرەکییەکەی پاسۆک خاڵ بە خاڵ شی دەکاتەوە کە بریتین لە ١- کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان ٢-پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین ٣-کوردستان تەنیا موڵکی کوردە ٤-مرۆڤایەتی کورد و کوردایەتی ٥-جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە. لەم نامیلکەیەدا ئازاد مستەفا «ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاری کوردستان و کوردستان و کورد» بە پێشمەرجی دۆستایەتی و ئاشتەوایی گەلانی دراوسێ و «دوور و نزیک» دادەنێت.

ئەگەرچی پاسۆک پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ سۆسیالیست و پارتی گەل و پاشان توانەوەی لەناو پارتیدا، لە گۆڕەپانی سیاسییدا ون بوو.. بەڵام بیرۆکە و تێزە فیکریی و نیشتمانییەکانی کە لە

سەرەتاوە جۆرێک لە ئایدیالیزمیان پێوە دیار بوو، لەناو کۆمەڵگەدا گەشەی کرد، بە جۆرێک ئاڵای کوردستان و ویستی سەربەخۆیخوازیی و دەوڵەتسازیی و پێکەوە بەسترانی خواستی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە، لە ئاستێکی بەرزدا خەونی مرۆڤی کوردە. وەلێ پاسۆک و کاژیک وەک دوو رووداوی مێژوویی ماونەتەوە و بوونەتە بەشێک لە حکایەتەکانی دوێنێ، بەڵام ئایدیای ئەو دوو رەوتە «سەرباری هەندێک ناکۆکیان» لە دنیای تازەدا بەهای خۆی وەرگرتووەتەوە، هەرچەند پێموایە دەبێت ئەو بیرۆکەیە بەشێوەیەکی فەلسەفی و هاوچەرخانە پەرەی پێ بدرێت، نەک لەبەرئەوەی لایەنگرێتی لە نۆرمێک لە ناسیۆنالیزم دەکەم، بە پێچەوانەوە لای من ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا لە دایک نەبووە تا خەڵکی لەسەر دادگایی بکەین، بەو پێیەی ناسیۆنالیزم پەرگیریی نەتەوەییە و ئایدۆلۆژیایەکی سەردەمی مودێرنێتەیە، هاوار و بانگەوازی کورد بۆ ئازادیی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران بە ناسیۆنالیزم پێناسە ناکرێت، بەڵکو هەستێکی نیشتمانیی بێ ئایدۆلۆژییە، بۆیە لە هیچ ماوەیەکی مێژوویدا بۆ دەرمانیش کوردێکی شۆڤێنی نەبینراوە. لە کۆتایی ئەم نووسینەدا بە دیقەتتر روونی دەکەمەوە بۆچی دنیای نوێ گەڕاوەتەوە بۆ بەها نیشتمانییەکان کە بەهۆی گلوبالیزمەوە وا تێگەیشتبووین ئەو بەهایانە ئەرزشێکیان نەماوە.

لە فیکری کاژیک و پاسۆکدا، کوردبوون بەشێوەیەکی سەرەتایی کرابووە رێباز و ئایدۆلۆژیایەک بۆ خەبات و رزگارکردنی کوردستان. بەرنامەی فیکریی و سیاسیی ئەو دوو رەوتە تەکاندان بوو بەو پێناسە کلاسیکییانەی کوردبوون لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە لەلایەن منەوەرانەوە فۆرمۆڵە کرابوو و لە میانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕیشەوە بەرجەستەتر ببوو، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەم بیرە بە جوانەمەرگی سەری نایەوە، ئاخر دەکرا جومگە سەرەکییەکان و پوختەی ئەو بیرە دەستی پێوە بگیرابایە، کەسانێک نەبوون پەرەی پێ بدەن و بژاری بکەن و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیی سەردەمییانەی پێ ببەخشن. لێ نامەوێت خۆم لە رەخنەگرتن لە فیکری ئەو دوو تەوژمە لابدەم، کەچی هێشتاش پێگە و بایەخی فیکریی بەرنامەکانیان لەسەرو رەخنەکانمەوە دەبینم. هەر لەبەر ئەم فاکتۆرەش بوو ویستم بەرنامەی فیکریی

ئەو دوو حزبە لەوانی تر بە جیا بخەمە بەر باس، نەک مەیلی رازاندنەوەی مێژوویانم هەبێت.

## ئایدۆلۆگی کوردبوون.. ئۆجەلان یان مەسعود محەمەد؟

رەنگە بەراووردی نێوان مەسعود محەمەد و عەبدوڵا ئۆجەلان، بۆ زۆر کەس سەیر بێت و ئەو دوو کەسە قابیلی بەراووردکردن بە یەکتر نەبن. بە هۆکاری ئەوەی ئۆجەلان زیاتر لە چوار دەیەیە سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی سیاسیی و حزبیی دەکات، هەرچی مەسعود محەمەدیشە بەهیچ شێوەیەک بەشدارییەکی ئەوتۆی لە کاری سیاسیی و حزبیدا نەکردووە، بەڵکو هەموو تەمەنی تەرخان کردبوو بۆ گەلاڵە فیکریی و نووسینە زمانەوانی و لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی، بەڵام ئێمە روویەکی هاوبەشی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە دەخەینە روو، ئەویش بریتییە لە تەقەلا و هەوڵەکانیان لە راستای خستنە سەرپێی فیکر و ئایدۆلۆژیایەک، کەم و زۆر پەیوەندیی بە کورد و پێناسەکانی کوردبوونەوە هەیە. ئەگەرچی ئەو دوو مرۆڤە سەر بە یەک نەتەوەی دیاریکراون، بەڵام هەوڵەکانیان ئاڕاستەیەکی چوونیەکیان نییە. ئەگەرچی مەسعود محەمەد بە هۆکاری سیاسیی و حزبی خراوەتە پەڕاوێزەوە و کەمترین باری سەرنجی فیکریی و ئەکادیمی دەخرێتە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا گەلاڵەنامەکانی دەکرێت جارێکی تر ببنە مایەی ئاخاوتن، چونکە تا بە ئێستا دەگات پەیڤین لە بارەی ئەم بیرمەندەوە سنووری رق و خۆشەویستی تێنەپەڕاندووە بۆ لێتوێژینەوەی ئەکادیمی.

هەوڵەکانی مەسعود محەمەد پارێزگارییکردن بوو لە شوناسی کورد لەبەردەم باهۆزی شەپۆلی چەپگەرایی و سۆسیالیزمی نەتەوە سەردەستەکان، بەشێکی هەرە زۆری بەرهەمە فیکریی و تیۆرییەکانی ناوبراو تەرخانە بۆ بەرپەرچدانەوەی دیدی سۆسیالیستی و نیشاندانی زڕیی بیری چەپڕەویی لە زەمینە و کەتواری ئەوێ رۆژێی کۆمەڵگەی کوردستاندا، وەک هەمیشەش جەختی دەکردەوە چینی کرێکار بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە، بەڵام شۆڕشێکی وەها لە کوردستان روووینەداوە، تاکو چینی پرۆلیتاریا بەرهەم بهێنێت

و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا ببێتە ڕووداوێکی ڕاستەقینە،! پێداگریی دەکرد ئەو پارەدارانەی بە سەرمایەدارانی ئەم کۆمەڵگەیە ناسراون «لەو زەمەنەدا» هەموو سەرمایەکەیان هێندە نییە بەشی کڕینی دوو کارگە یان سێ هوتێلی پێنج ئەستێرە بکات بۆ نموونە لە شارێکی وەک لاس ڤیگاس یان تۆرانتۆ یان هەر شارێکی تری گەشەکردووی نێو سیستمی سەرمایەداریی. لەم ڕەهەندەوە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، شوناسی کورد تاکە مقەوەماتە بۆ مرۆڤی کورد، بۆ چوونە ناو مێژوو و جیهانی شارستانییەوە. دەکرێت ناوکۆیی زۆرینەی بەرهەمەکانی لەمەدا چڕ بکەینەوە، مەسعود محەمەد پارێزەری ئایندێنتیتی کورد بوو تاکو نەکەوێتە ژێر شەپۆلی بیرە خواستراو و دەرەکییەکانەوە، وەک ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک لە ساتەوەختی نەشونماکردنی فیکریی ئەودا، زاڵترین تەوژم مارکسیزم و ماویزم بوو.

ئەم بیرمەندە لە کتێبی «مرۆڤ و دەوروبەردا» کە سەرەتا بە سێ بەرگ بڵاوکراوەتەوە و دوا بەرگیان لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ بووە «ئەو چاپەی لەبەردەستی مندایە هەر سێ بەرگەکەیە بە یەکەوە لە توێی ٤٩١ لاپەڕەدا». هەوڵ دەدات ڕەخنە لە ئەنالیزی ماددیی «ماتریالیزم» بۆ دنیا و مێژوو بگرێت، ئارگۆمێنتسازیی زۆر دەکات تاوەکو لەنگییەکانی خوێندنەوەی ماددیی بخاتە ڕوو. هەرچەند زۆرجار بیروڕا ئایدیالیستی و کۆنسەرڤاتیڤەکانی دەیخەنە هەڵەی میتۆدلۆژییەوە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، ئەم کتێبە تا کۆتایی بایەخێکی لە ڕاددە بەدەری هەیە لە کایەی ڕووناکبیریی تەنانەت ئەکادیمی کوردیدا. ئەم تەحەدایەی مەسعود محەمەد بەرامبەر بە تەوژمی باوی مارکسیزم و بیری سۆسیالیستی بۆ خۆی حاڵەتێکی دەگمەن بوو، ئەوی کردە ڕۆشنبیرێک لە دەرەوەی دەنگی باو و ئاپۆرایی و مێگەلئاسا کە بە لاسایی‌کردنەوە و سۆزدارانە خۆیان لە سۆسیالیزمەوە ئاڵاندبوو، هیچ کام لەو سۆسیالیستە کوردانە هێندەی مەسعود محەمەد ڕامانیان نەکردبوو، لە بیرەکەیان نەکۆڵیبووەوە، کە ئەو بۆ کردەی ڕەخنەسازیی تێیدا قاڵ ببووە. لێرە لایەنگرێتی نیشان نادەم، دەمەوێت پەردە لەسەر دەموچاوی ئەو هەقیقەتە لا بدەم هێشتا کەسێک جەسارەتی ئەوەی نەبووە لاییبدات.

وەنەبێ کاری مەسعود محەمەد، هەر ئەوە بووبێت وەک ئەنتی مارکسیست و چەپ بەرگریی لە کوردەواری بکات، بەشێکی تری هەوڵەکانی دەچنە خانەی زمانسازیی و زمانەوانییەوە. لەبەرئەوەی زمان توخمێکی سەرەکیی هەبوونی هەر نەتەوەیەکە، رەگەزێکی جیاکاریی وەهایە توانای پاراستنی شوناسی هەر نەتەوەیەکی هەیە. تەنانەت بە پێی تێزی «دی سوسێر» مرۆڤ کائینێکە لە رێی سیستمی زمانەوە بیر دەکاتەوە «ئەم تیۆرییە زمانی و دەمارییە بۆ ستراکچرالیزم بەهایەکی بێ پایانی هەبوو». نازانم ئایا مەسعود محەمەد چەند ئاگاداری ئەو تێزە دی سوسێرییە بووە، بەڵام لەوە دڵنیام لە دیدی ئەودا زمان هێندەی خاک بایەخی هەبووە، هەر لەم سۆنگەوە بایەخێکی زۆر و بەشێکی زۆری ژیانی بۆ زمانی کوردیی تەرخان کرد. تا دوا هەناسەی بەرگریی لە زمانی دایک کرد، هەروەک ئەو بەرگرییە سەرسەختەی بیریارێکی وەک رۆلان پارت لە زمانی فەرەنسی دەکرد، پارت کە خاوەنی تێزی «مەرگی نووسەر»ە و یەکێک لەو بیریارە گرنگانەیە کاریگەرییەکی جیهانیی بەسەر ئەدەب و نووسین و کایەی زمانەوانییەوە هەیە، ئەو جگە لە زمانی دایکی خۆی «فەرەنسی» هیچ زمانێکی تری نەدەزانی، لە کاتێکدا ئەورووپییەکان زۆرتر لە زمانێک دەزانن، ئەم خۆشەویستی بۆ زمانی فەرەنسی وای لێکردبوو بیر لە فێربوونی هیچ زمانێکی تر نەکاتەوە. زمان بە هەردوو فۆرمەکەوە «زمانی ئەدەبی، زمانی قسەکردنی ئاسایی» بەشدارییەکی فرە بەرچاویان هەیە لە خستنە سەرپێی نەتەوەکاندا، ئەوەتا هاشم ساڵح لە بارەی «موسا ئیبن مەیمون»ی بە بنەڕەت جولەکە دانەری کتێبی «دلائل الحائرين» کە بە زمانی عەرەبی نووسیوویەتی دەڵێت «هەر کەس بە زمانی عەرەبی بنووسێت و داهێنانی تێدا بکات، پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، عەرەبە».

ئەگەرچی مەسعود محەمەد بوارێکی فراوانترە بۆ قسە لەسەرکردن، بەڵام سەرنجی خوێنەر رادەکێشم بۆ دوو خاڵی گرنگ، یەکەم: مەسعود محەمەد پڕۆژەی «کوردبوون»ەکەی لە پێشگرتن بە مەدی چەپڕەویی گەڵاڵە کردووە، ئەم پڕۆژەیەش تەواو نییە و دەبێت بەردەوامی پێبدرێت و ئیزافەکاریی پتری بۆ بکرێت، چون ئەوەی ئێستا هەڕەشەیە لە شوناسی ئێمە کۆمۆنیزم نییە بەڵکو

گلوبالیزمە. دووەم: پڕۆژەکەی مەسعود محەمەد و خودی خۆی محافیزکار بوون، لە بەرامبەر ئەو کرانەوەیەی لەگەڵ چەپ رووی کردبووە کۆمەڵگە، ئەو هەمیشە لە پەنا روانگە کۆنسەرڤاتیڤەکانەوە داکۆکی لە ناسنامەی کوردیی دەکرد. ئەمە بۆ ئەوێ رۆژێ کەموکوڕیی نەبوو، بەڵام بە حاڵی ئێستا ناخوات. بۆیە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە پێویستمان بە درێژەپێدان و تێپەڕاندنی تێزەکانی مەسعود محەمەد هەیە، گەرچی بنەماش بن. رەنگبێ ئەم هزرینەم لەمەڕ مەسعود محەمەد هەم لایەنگرانی و هەم دژبەرەکانی بخاتە دۆخی هستریا و باری بزرکاندنەوە، بەڵام بێباکم، چونکە ئامانجی من دامەزراندنی وتووێژ و ئاخاوتنێکی زانستییە لەبارەی ئەو بیریارە و رزگارکردنێتی لە بەندیخانەی کتێبە تۆز لێ نیشتووەکان.

هەرچی عەبدوڵا ئۆجەلانە، لە رووی فیکرییەوە بەردەوام لە گۆڕان و پرۆسەی دۆنادۆندا بووە. ئەگەر لە قۆناغی پێش زانکۆیدا، بە خوانناسی و سەرسامبوون بە «سەعیدی نەورەسی» دەستپێبکات، لە دەورانی خوێندن لە زانکۆدا پشت دەکاتە ئەو رابردووە و سەوداسەری بیرۆکەی مارکسیزم - لینینیزم دەبێت، کە مۆدیلی ئەوسای زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆکان بووە نەک هەر لە تورکیا بەڵکو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیاش. لەگەڵ ئەوەشدا ناسنامە کوردییەکەی خۆی هەرگیز فەرامۆش ناکات. ئەم پاڵنەرە دەبێتە فاکتۆری جۆشدانی گیانی شۆڕشگێڕیتی و یاخیبوون تێیدا لە دژی دەسەڵاتی تورک، ئەو لەگەڵ دوو فۆرمی دیسپۆتیزم بەرەو روو بووە، یەکێکیان چەوساندنەوەی وەک ئەندامێک لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە لەلایەن ئەو سیستمە سەرمایەدارییەی لە تورکیادا کەوتبووە سەرپێ، ئەویتریان وەک کوردێک کە بە پێی دنیابینی زاڵی دەوڵەت و نەتەوەپەرستانی تورک «تورکی چیایی» بوو. ئەمە رێگە خۆشکەر بوو لە رێکخراوێکی بچووکەوە دەست پێبکات تا کار گەیشتە سەر دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٨دا.

پارتی کرێکارانی کوردستان، ساڵانێکی زۆر بە پەرچەمێکی سوور و بە ئایدۆلۆژیایەکی چەپی رادیکاڵەوە لە نێو گۆڕەپانی سیاسیی و سەربازییدا درێژەی بە خۆی دا. لێ لەم قۆناغەدا دروشمی یەکێتی هەر چوار پارچەی

کوردستان ببووە کەرەستەیەک بۆ راکێشانی نەوەیەکی تووڕە و یاخی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەڵام بۆ پارتێکی چەپی ئینتەرناسیۆنالی وەک پەکەکە ئەمە تاکتیک بوو نەک ستراتیژێکی چەسپیو. ئاخر ناکرێت لە خەونی دەوڵەتی کوردستانی گەورەوە بێیتە سەر بەڕێوەبردنی کەنتۆن و تێزی برایەتی گەلان. بەهەرحاڵ لە قۆناغی پێش دەستگیرکردنی ئاپۆدا لەساڵی ١٩٩٩، پەکەکە لە یەک کاتدا هەم حزبێکی چەپی رادیکاڵ بوو، هەمیش دروشمی یەکێتی هەر چوار پارچەی کوردستانی بەرز کردبووەوە. لەم قۆناغەدا «دەکاتە پەنجا ساڵی تەمەنی ئاپۆ»، کوردبوون لە دیدی ئەو حزبەدا وابەستەی شەڕکردن بوو لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی. هەر لەنێو ئەم پێڤاژۆیەدا ئۆجەلان هیچ تیۆرییەکی تایبەتی نەبوو، جگە لەو رامانە مارکسییەی ببووە بنەمای پەروەردەی گەریلاکانی. لەم رووەوە کتێبی داستانی ژیانەوە «لە بنەماوە دیدارێکی رۆژنامەوانی درێژە» گەواهیدەری ئەم قسانەی سەرەوەی ئێمەن.

لە قۆناغی زیندانیکردنی ئۆجەلانەوە «بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠١ بەملاوە» گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەر بیر و دیسکۆرسی سیاسیی پەکەکەدا دێت. لەم چوارچێوەیەدا حزبەکە دەستبەرداری چەپگەرایی دەبێت و ماوەیەک ژیانی لە تەنگژەی بێ ناسنامەییدا دەگوزەرێنێت. ئەم گۆڕانە تەنیا چەپڕەویی پەکەکەی رانەماڵی، بەڵکو باسێک لە یەکێتی پارچەکانی کوردستانیش نەما، ئەگەرچی پێش دەستگیرکردنی ئاپۆ وەک «مارتین ڤان پرۆینسن» لە کتێبەکەیدا «کورد و بنیاتنانی ئوممەت» ئاماژەی پێداوە ئۆجەلان پێش گرتنیشی «داواکانی کەمڕەنگتر کردەوە بەو هیوای تەنها بگاتە رێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی تورکیادا» درێژەی پێدەدا و دەڵێت «..رۆشنتر بووەوە ئەو رێگاچارەیەکی دەوێت لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا». بەم شێوەیە داهێزرانێکی سیاسیی گووتاری پەکەکە و لق و باڵەکانی گرتەوە تەنانەت لە پارچەکانی تریشدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤ رووداوێکی زۆر گرنگ لە ژیانی ئۆجەلاندا روو دەدات کە دەبێتە سەردەق شکاندنی قۆناغێکیش لە مێژووی رامیاریی پەکەکەدا.

ئەو رووداوەش ئاشنابوونی ئۆجەلانە لە زیندانەکەیدا لە دوورگەی ئیمراڵی، بە بیریای ژینگەدۆستی ئەمەریکی «مۆری بۆکچین»، ئەویش لە رێگەی خوێندنەوەی

کتێبە هەرە بەنرخ و ناودارەکەی «بوکچین»ەوە بە ناوی «ئیکۆلۆژیای ئازادیی» کە ئاپۆ بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کتێبە و شۆڕشێکی فیکریی لە مێشکیدا هەڵدەگیرسێنێت. دواتر ئەم نزیکایەتییە فیکرییە دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی پێشکەووتووتر لەگەڵ یەکتردا بە هۆی ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوانیاندا. ئۆجەلان دوای ئاشنابوون بە مۆری، پشت دەکاتە مێژووی خۆی «چەپایەتی» هەروەک «مۆری»ش بە هەمان ئەزموونی تێپەڕی بوو. ئەم کردەیەش لای ئاپۆ تەنیا لە دۆخی سەرسامبووندا نەمایەوە، بەڵکو ئۆجەلان چەندین کتێبی بەنامێی لە بن کارتێکردنی دیدی بۆکچیندا نووسی، گرنگترینیان کتێبە چەند بەرگییەکەیەتی بە ناوی «لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە...». ئەگەرچی ئاپۆ گەشتێکی مێژوویی بەناو شارستانێتییە دێرینەکانی میزۆپۆتامیادا دەکات، تا بەها و تێزێکی نوێ بۆ رۆژگارەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام بێ رۆشنایی بیری مۆری بوکچین لە ناو رێگە حەلەزوونییەکانی ئەو مێژووەدا ون دەبوو. لەسەر مەبنای ئەم فاکتە رێ بە خۆم دەدەم بڵێم ئاپۆ دارێژەرەوەی ئایدیاکانی مۆری بۆکچینە بە بارگاویکردنی دید و بۆچوونەکانی لەگەڵ مێژووی فرە چەشنی میزۆپۆتامیادا.

ئۆجەلان نە تەنیا لە بواری سیاسیی و مودێلی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کەوتە ژێر بۆچوونی بۆکچینەوە بەڵکو لە بواری ئیکۆلۆژیی و فێمینیزمیشەوە هەمان کاریگەریی بەدیار کەوت. مۆری بۆکچین بەڕێوەبردنی دەسەڵات بە شێوەی ستوونی رەت دەکاتەوە، باوەڕی وایە دەبێت بڕیارەکان لەبەشەکانی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگەوە دروست بکرێن و سەر بخرێن بۆ سەرەوە، ئەمەش دووپاتکردنەوەی روانگەی ئەنارشیستییەکانی «باکۆنین»ە، ئاپۆ بە خۆشحاڵییەوە ئەم روانگەیەی گەوار کرد، لە هەمان کاتدا بوو بە بناغەیەکی ئایدۆلۆژیی بۆ پەکەکە و تەواوی باڵەکانی لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، ئەگەر سەیری سترۆکتۆری کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان بکەین لەوە دڵنیا دەبینەوە هەر کام لەو کانتۆنانە لەسەر ئەم فەلسەفەی بەڕێوەبردنە کە لە مۆری بۆکچینەوە داکەوتووە دروستکراوە، چون نموونەی دەوڵەت شاری ئەسینا و کۆبوونەوە دیموکراسییەکانیان بۆ دروستکردنی بڕیار، دڵخوازی ئەو بیریارە ئەمەریکییەیە. هەروەک چۆن لە بواری ژینگەپەروەریی و بایەخدان بە ژنان، ئاپۆ بە قووڵی کەوتووەتە بن کاریگەریی بۆکچین. هەرچەند

فێمینیزمی پەکەکەیی زۆر جیاوازترە لە فێمینیزمە بۆکچینییەکە بەوەی لە مۆدیلی پەکەکەدا یەک ماف هەیە بۆ ژن ئەویش مافی میلیتاریزەبوون و بە رۆبۆتبوونی سیاسییە.

ئەگەرچی تیۆرەکەی ئۆجەلان یان ئاپۆچێتی لە مۆدیلی کوردایەتی کلاسیکی پێشکەووتووترە، بەو پێیەی بزافی کوردایەتی لە خۆخوێندنەوە دواکەوتووە و لەنێو حکایەتە بچووکەکاندا دەژی و رۆشنبیرییەکی پلە نزمترە بە بەراروورد بەو کولتوورە باڵایەی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بوونی هەیە، بەڵام ئاریشەی ئاپۆچێتی نە لە بواری بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدایە «بۆ خۆم لایەنگری ئەو مۆدیلەی بڕیار دروستکردنم» نە لەو رووخسارە نوێباوەی بایەخ بە یەکسانی جێندەریی و ژینگەپەروەریی دەدات کە ئەمەش روویەکی پۆزەتیڤی بیری ئاپۆیە ئەگەرچی ئیقتباسیشە لە دیدە بۆکچینییەکەوە. ئەوەی کێشەی سەرەکییە ئەو تێزەی برایەتیی گەلانە، کرۆکی تیۆرەکە پێکدەهێنێت، ئەگەر بۆ بیست ساڵ بەر لە ئەمڕۆ تیۆری برایی گەلان گرنگ بووبێت، ئەوا لە حاڵی حازردا دەور و دوکانی پێچراوەتەوە. چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە، سەردەمەکە بەرەو پۆپۆلیزم و راستڕەویی نەتەوەیی لە باری وەرچەرخاندایە. بە کورتی و کرمانجی ئاپۆ ویستی نموونەی یەکێتی ئەوروپا «هەرچەند ئەویش لەسەر بنەمای راسیزم و ئۆرۆ سێنترالیزم پێکهاتووە و خەریکە کۆتایی دێت»، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە بکاتەوە، لێ تورک هیچ قووڵاییەکی مێژوویی نییە لە دیرۆکی دێرینی میزۆپۆتامیادا، با لەوەش بگەڕێین ئەم برایەتیی گەلانە هەڵچنینی دیوارێکە لە نێو خەیاڵدا. لەبری ئەمە ئاپۆ کوردبوونی پێناسە بکردایەتەوە و بیکردایە بە ئایدیایەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە سوودی زیاتر دەبوو، جا لە بری مۆری بۆکچین ئاسایی بوو، بۆ ئەم کارە پشتی بە ئەهریمەنیش ببەستبا.

### سەندرۆمی خۆ بە کەمزانینی مرۆی کورد

دەمەوێت لە چیرۆکێکی ریالیزمی خۆمەوە دەستپێبکەم «وا بزانم ئەمە دووەم جار بیڵێمەوە»، جارێک هاوڕێیەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆی نووسیبووم شیعرەکانت بۆنی ئەوەیان لێ نایەت،

کەوتبیتە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەی لێی دەژیت. هەست بەوە ناکرێت تۆ ساڵانێکە لە دڵی ئەورووپادا دەژیی چونکە بەرامەی هیچ قوتابخانەیەکی خۆرئاوایی بە شیعرەکانتەوە دیار نییە. ئەمە بە بەشێوەی پلار و تانە و تەشەر و تەوسئامێز ئاڕاستەی من کرا. هەر لەبەرئەوەش بە پێی دیدگای ئەو شیعرەکانم پێشوازییان لێ ناکرێت، چونکە کەمترین کاریگەریی ئەدەبی بێگانە بە تایبەت فارسی لەسەرە. وێڕای ئەو نامەیە منی شاگەشکە کرد و ئەوپەڕی شادمانی پێبەخشیوم، بەهۆی ئەوەی دڵنیاییم دەستکەوت جیاوازتر لە خەڵکانی تر دەنووسم و بە پرۆسێسی بیرکردنەوەدا تێدەپەڕم، سوورتری کردم لە بەردەوامیدان لەسەر شیعر نووسین. ئەز لە بەرسڤدا گووتم من ئەگەر باسی خەمە وجودییەکانیش بکەم یاخۆ باسی ژن و خۆشەویستی بکەم، بە کوردییانە باسیان دەکەم، کانی و رووبار و کولتوور و زێد و نوستالژیاکانم تێکڕا کوردین، هەرچەند وەک تەنێکی بیۆلۆژیی لە پایتەختی رەفاهترین وڵاتی ئەورووپاییدا بژیم. بۆ من ئەورووپایەکی پیر و بێ هەست تا ئەو رادەیە جێی سەرسامیی نییە لە ناسنامەی خۆم دابمڕنێت، پێموایە دەبێت کوردانە بیر لە خۆرئاوا بکەینەوە، نەک خۆرئاواییانە لە کوردبوونی خۆمان بڕوانین.

لە هەمان کاتدا ئەو نامەیە، گەلێک مانای نادیاری بۆ بە دیار خستم، لە هەرە گرنگترینیان ئەو گرێی خۆ بە کەمزانینەی تاکی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. باشتر لە جاران کەسێتی تێکشکاو و گیرخواردووی ناو حکایەتە وردیلەکانی کوردم ناسی. ئاخر ئێمە شایەتین لەسەر فۆرمێکی لە مرۆڤی کورد، تێکشکاو و بێزار، دەست و پێ سپی، هەمیشە لۆمەی خۆی و مێژوو و سیاسەت دەکات، نەفرەتێکی ئەبەدیی لە ناسنامە و بوون و ئەو چارەنووسەش دەکات وەک کورد هێناویەتیە سەر شانۆی ژیان. هەست بە زەبوونی و داوەشانی کەسێتی هەنووکەیی و دیرۆکیی خۆی دەکات، وەک بەکتریایەکی زیانبەخش بۆ جیهان خۆی دەبینێت، پێیوانییە لە هیچ ماوەیەکی مێژوویدا خاوەن شارستانێتییەک بووبێت هیچی بە دنیا بەخشی بێت، گوومان لە رابردووی دێرین و ئەمڕۆی دەکات، زمانی خۆی بە لەکە و شورەیی دەزانێت و هەوڵدەدات لە ئاخاوتنە ئاساییەکانیشدا وشەگەلی نامۆ و بیانی تێکەڵ بە رستەکانی بکات

تاوەکو بوونی خۆی بسەلمێنێت. تاکو ئەو ئەندازەی پێشکەوتن و مودێرنبوون لای بەو بارۆمەترە دەپێورێت تاکێک تا چەند دوورکەوتووەتەوە لە شوناس و پەیوەندیی بە نیشتمان و کولتووری خۆیەوە، هەمیشە مرۆڤە لە قاڵبدراوەکانی ناو جلوبەرگی ئەفەندی و سفور و ئەوانەی زمانی دایکی خۆیان بە باشی نازانن جێگەی تێڕامان و پێزانینی ئەوە.

ئەم سەندرۆمە کوشندەیە و ئەم مرۆڤە بیمارە خۆ بەبچووکزانە دیاردەیەک نییە لە ئەمڕۆدا خۆی زەق کردبێتەوە یان رووداوێک نییە لە ئەمڕۆدا خوڵقابێت، بەڵکو لە نێو پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژدا نەشونمای کردووە و بە ئەمڕۆ گەشتووە، گەر لێی بگەڕێین بە باڵای ئایندەشماندا هەڵدەگەڕێت. گەر قووڵ بینەوە ئەنفال و قڕکردن و جەور و ستەمی دەسەڵاتی بێگانە نەیتوانیوە مرۆڤی کورد بخاتە دۆخی دۆشدامان و نووچدانەوە، بۆیە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە کۆتاییدا فامیان کرد، سیاسەتی سڕینەوە لە رێی هارد پاوەرەوە هەمیشە مرۆڤی کورد زیاتر پەیوەست دەکاتەوە بە شوناسی خۆیەوە، بیریان لە بەکارهێنانی نەرمە هێز «سۆفت پاوەر» کردەوە، ئەم رێگەیە سەرکەوتنی زۆرتری بۆ چنینەوە، چونکە لە ماوەیەکی پێوانەییدا توانی مێشک و هزرینی بەشێکی بەرفرە لە مرۆڤی کورد ژینۆساید بکات، لە ماکی خۆی دابیڕنێت و رۆشنبیرییەکی ساختە و ناهارمۆنی لەگەڵ ویژدانی کوردیی بکاتە رۆشنبیرییە ئیدیاڵەکەی.

ئەم مرۆڤە لە رێگەی غەزووی کولتووریی نەتەوە سەردەستەکان و توانەوە لە ئاست گلوبالیزەیشندا، هەرچی سەروەرییە لە مێژووی خۆی سەندوویەتییەوە، هەموو شانازییەکانیشی وەک کاڵایەکی هاوردەکراو لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ترەوە دەبینێت. بۆ وێنە ئاین و فەلسەفەی زەردەشتییەت وەک یەکێک لە سیما پێشکەوتووەکانی ناو لاپەڕەکانی دیرۆک لە خۆی دادەڕنێت و دەیکاتە موڵکی نەتەوەیەکی تر. ئاخر داڕنینی زەردەشتییەت لە کورد هەوڵێکی زۆر ناکام و مایەپووچانەیە، هەموو دنیا زەردەشتییەت وەک میراتێکی کوردیی دەبینێت کەچی کورد خۆی ناچێتە عەقڵی ئەم گەنجینە پڕ حیکمەتە رۆژێک لە رۆژان لەلایەن ئەوەوە هێنرابێتە بوون، ئێوە لەگەڵ من دیقەت بدەن، تا ناوەڕاستی

سەدەی بیستەم و پێش هاتنی هەژموونی ئیسلامگەرایی و ئیخوانیزم کورد لە رووی کولتووریی و ترادیسۆناڵییەوە زەردەشتی بوو، تەنانەت ئەگەر لە رووی بیروباوەڕەوە موسڵمان بووبێت، بەڵام وەک کولتوور زەردەشتی بووە، هەر لەو سەرپۆشە سپییە ورد ببنەوە داپیرانمان داویانە بەسەری خۆیاندا، کە هیچ رووخسارێکی هاوبەشی نییە لەگەڵ ئەو باڵاپۆشی و لەچکە قەتران و رەشانەی بەسەر ژنانی نیوە دوورگەی عەرەبەوە بوون، پێویستیش ناکات خۆمان بخەینە ناو ئاپۆریای مێژووەوە و وێڵی سەلماندنی خاوەندارێتی کورد بین لە زەردەشتییەت، وەک جارێک مەسعود محەمەد وتبووی: ئێمە دەستمان لە هەمەدان هەڵگرت بۆ عەجەم بەڵام واز لە مافی خاوەندارێتی زەردەشتییەت بۆ عەجەم ناهێنین، چونکە خاک دەتوانیت لە حاڵی بەهێزبووندا بیسەنیتەوە بەڵام بۆ کولتوور ئەمە مەحاڵە.

ئەم گرێیە وەهای لە مرۆڤی هاوچەرخی کورد کردووە، خۆی بە دەست بەتاڵ و هیچ نەکردە و نەدی و بەدی بێتە پێش چاو. هیچ ئارگۆمێنتێک ناتوانێت بیخاتە سەر ئەو باوەڕەی ئەوی کوردیش ئەگەر لە ئێستادا بەهۆی دابەشبوونی جوگرافی و ستەمکێشی نەتەوە سەردەستەکانەوە، دەرفەتی پێ نەدرابێت بەشداریی کارا بکات لە پێشخستنی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتیدا، ئەوە لە کەوناراوە هێندەی بەم جیهانە بەخشیوە تا کۆتایی دنیا بە شانازیی بۆی بنووسرێتەوە. کاتێک لەم مرۆڤە ورد دەبیتەوە بەشێوەی ریزپەڕ نەبێت، هیچکامی باوەڕی بە بەهێزیی زمان و ئەدەبیات و موزیک و سەما و تێکڕای کولتووری خۆی نییە، زۆر ئەستەمە بڕوا بە کوردێکی ئەم سەردەمە بهێنیت سەمای «رۆک ئاند رۆڵ» لە شایی «فەتاح پاشایی» ناوچەی سنە و مەریوانەوە پەرەی پێدراوە و گەشەی کردووە لەسەر دەستی گۆرانیبێژ و سەماکاری ئەمەریکی «ئێلڤس پریسلی». ئاخر کورد هەردەم بێ پڕۆژە بووە و نەیتوانیوە لە ماتریاڵە کولتوورییەکانی خۆی سوودمەند بێت و گەشەی پێبدات، بە بەردەوامیی کەوتووەتە بن هەژموونی پڕۆژەی پان ناسیۆنالیزمی کولتووریی نەتەوەکانی ترەوە. لەوێ کوردبوون ئەو پێناسە بچووکەی پێدراوە فەرهەنگی نەتەوە سەردارەکان دەستنیشانیان کردووە.

بەبڕوای من تا کوردبوون پێناسەیەکی هاوچەرخانەی بۆ نەکرێتەوە، ئەم سەندرۆمە تادێت لەگەڵ مرۆڤی کورددا زیاتر گەشە بە خۆیەوە دەبینێت و بەردەوام بەرگی جوانتر لە بەردەکات. کورد پێویستی بە رێکۆنایسانسێکی تایبەت بە خۆیەتی، لەوێدا بە دووی ئەم درمە ئەنترۆپۆلۆژییەدا بگەڕێین و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین. ئێمە کەمترین جار خۆمان و مێژووی خۆمان خوێندووەتەوە، بۆ ئەوەنا لە ناو داستانە ئەفسوونگەراکانی دیرۆکی خۆماندا ون بین، بەڵکو بۆ ئەوەی پێشوازیی لە ئایندە بکەین. ئێمەی کورد لە هەر نەتەوەیەکی تر زۆرتر پێویستمان بە خۆناساندنەوە هەیە لەم جیهانە پڕ بەزم و رەزم و هەرا و هوریایەدا کە دیار نییە چی بەسەر دێت، بۆ ئەم کارە ئایدۆلۆژیایەکمان پێویستە لەسەر بناغەی کوردبوون نەشونما بکات و لە رۆحی کوردەوە هەڵقوڵێت، ئاخر ئەو چەمکەی پێی دەوترێت «کوردایەتی» بە خۆی و حکایەتەکانییەوە ئاوا بووە و قاڵبێکی کلاسیکییە کە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەم دۆخە بێت و پێ بنێتە ئەو جیهانە بێسەوبەرەی ئەمڕۆوە وەک لە فیلمی «جۆکەر»دا سیما ناماقووڵ و بێهودەکانی خراوەتە روو.

## دووبارە پێناسەکردنەوەی کوردبوون

ویڵ دیورانت لە کتێبە هەرە بەنامێکەیدا «چیرۆکی شارستانێتی»دا بۆمان روون دەکاتەوە، شارستانێتییەکان بە تەواوەتی نامرن، بەڵکو بەشێوەی دۆنادۆن شوێن و جوگرافی و زەمەن دەگۆڕن، ئەگەرنا وەک مێنتەلێنتی درێژ دەبنەوە بۆ ئایندەیەکی زۆر دوورتریش. ئێمەی کوردیش یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەمان بە جیا لە بەرگریی چەکدارانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە میراتگری شارستانێتییەکی گەورە و گران بووین. کوردستان سەرزەمین و لانکەی چەندین شارستانێتی مەزن بووە لە مێژوودا، کە دەکرێت لە هەنووکەشدا لەو رێگەیەوە بچێتەوە ناو مێژوو. ئەم مەڵبەندە جوگرافییەی لە رابردوویەکی ئێجگار دوورەوە کوردی لەسەر ژیاوە و درەنگتر ناونراوە کوردستان، یەکێک لە گرنگترین لانکەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی و دۆزینەوەی نووسین و داهێنانی حیکمەت و خوڵقاندنی شێوە سەرەتاییەکانی یاساگەلێکی زۆر و زەوەند بووە. ئەم بنەمایانە لای زۆرێک

لە نەتەوەکانی تر نین، مێژووی تورک وەک چەند هۆزێکی دڕندەی ئەودیوی قەفقاس و مەنگۆلستان دەست پێدەکات، مافیان بەسەر دیرۆکی میزوپۆتامیاوە نییە، کە لە رابـردوودا تەنیا لە وڵاتـی نێوان دوو زێ و کەناراوەکانی نیل «میسری کۆن» سەرەتاکانی شارستانێتی دەستی پێکردووە، هەرچی عەرەبیشە وەک چەند هۆزێکی ناکۆکی غەزاوەتچی لە کەشوهەوایەکی گەرم لە نەجد و حیجازدا سەرقاڵی غەزاوەت بوون و هیچ رۆڵ و نەخشێکیان لەنێو جیهان و شارستانییە دێرینەکاندا نەبووە، بگرە هەمیشە لە دەرەوەی مێژوو بوون تا هاتن و دەرکەوتنی ئیسلام.

دەبێت کورد لەسەر ئەو کەلەپوورە شارستانییە و بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، زمان، ترادیسیۆن، کەلچەری رەسەن و هەڵقوولاوی ناو ویژدانی کوردەواری خۆی، ئایدیایەکی نوێ بە فۆرمێکی هاوچەرخانە دروست بکات، هەم وەک تێرمی سەرەکی بیرکردنەوە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، هەم وەک مۆدیلێکی نوێ کە دەکرێت فراوانتر بکرێت تا ئاستی ئەوەی ببێتە مۆدیلێکی گلۆبال!. بۆ نا، مەگەر ئەو دیموکراسییەت لە دەوڵەت شاری ئەسیناوە دانەکەوت لە شێوە پریمتیڤەکەیدا؟ هەر ئەم مۆدیلە نەبوو پەرەی پێدرا و کرایە سیستمێکی ئایدیال و جیهانی؟. مێژووی کورد تەنیا ئەو دیوە ناشرینە نییە و بریتی نییە لە ناکۆکی و شەڕی یەکتر، بەڵکو کورد خاوەنی پاشخانێکی زۆر دەوڵەمەندی کولتووری تۆلێرانس و پێکەوە ژیانە، ئەو پلورالیزمە ئاینی و نەتەوەییەی لە دێرینەوە تا نووکە لە کوردستان هەبووە، بایی ئەوەیە مۆدیلێکی لە دیموکراسی پێشکەوتووتری لەسەر بینا بکرێت. زۆر رووی تر لەم رەهەندەوە دەکرێت ورد بکرێنەوە بۆ کلێشەسازیی ئایدیایەکی نوێ.

من کاتێک دەڵێم دەبێت کوردبوون خۆی بکرێتە ئایدۆلۆژیا، کتومت مەبەستم تێپەڕاندنی ئەو چەمکەیە ناوی «کوردایەتی»یە، لە هەمان کاتدا پرۆژەیەکی گەورەترە لە ناسیۆنالیزمی باو، بەڵکو جیا لە بەرگریکردن و پاراستنی شوناسێک کە مرۆڤبوونی ئەو گروپە دەستنیشان دەکات لە هەزاران ساڵەوە ناوی کوردە، هاوکات وەک کەوای شانۆ ژاپۆنییەکە کە زیاتر لە رەنگێکی لە خۆ گرتووە، ئەم ئایدۆلۆژیا کوردییە هەوڵێکە بۆ پاراستنی ئەم رەنگاڵەییەی دنیا، دواجاریش

پرۆژەیەکی کراوەیە بۆ ئەو جیهانەی ئێستاکە لەوپەڕی پووچگەراییدایە لە رووی ئایدۆلۆژیی و سیاسییەوە. من دووبارە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەم پێناسەکردنەوەی کوردبوون بەرەو پێشبردن و گەشەپێدانی ئەو روانگەیەیە «جەمال نەبەز» بە فۆرمێکی سادەتر لە کتێبەکەیدا بە ناوی «بیری نەتەوەیی کوردیی، نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییە» فۆرمۆڵەی کردووە. ئەم ناوەڕۆکە بەهای خۆی هەیە، کاتی ئەوە هاتووە کورد لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیا هاوردەکراوەکان، بیرێک لە حاڵی خۆی بکاتەوە، نموونەیەک گەڵاڵە بکات لە رۆحی مێژوویی خۆیەوە هەڵقوڵابێت، دەکرێت ئایندەمان لەنێو بەهاکانی رابردوودا بینا بکەین. لە مێژووی سوێددا، بیریاری بەنامی «هانس لارشۆن» بە گەڕانەوە بۆ ژیاری گریکی و سوودوەرگرتن لە بیری نەتەوەیی سەدەی هەژدە و نۆزدە، لەو چرکەساتەی گێتی لە کورەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا هەڵدەقرچا، توانی ناسنامەی نەتەوەیی سوێدییەکان بە فۆرمێکی باڵا کە گوزارشت بێت لە کولتوور و رۆحی سوێدیی دابڕێژێتەوە.

کاتێکیش باس لە گەڕانەوە بۆ رابردوو دەکەین، بە مانای ئەوە نییە مشکی و جەمەدانی بخەینە سەری ئێستا، بەڵکو مەبەست لە پەرەپێدانی ئەو بەهایانە لە مێژووی ئێمەوە هەڵقوڵاون، گەڕانەوەشە بۆ هەندێک بەهای رەسەن بەهۆی داگیرکاریی و غەزوی کولتوورییەوە لە دەستمان دابوون. وا بیر دەکەمەوە کەرەستەکانی دروستکردنی بیرێکی کوردیی هێندە زۆر و بوارێکی فراوانن تەنیا لە تیۆریسیۆنێکی کەمە تیۆریزەیان بکات بەشێوەیەک لەگەڵ رۆحی سەردەمەکە بگونجێت، بەتایبەت لەم پێڤاژۆیەدا ژینگە و فێمینیزم دوو تەوەری سەرەکین، هیچ بیرێک کە چاوی لە ئایندە بڕیبێت، ناتوانێت بازیان بەسەردا بدات. کولتووری ژینگەپەروەریی لە نێوان کوردەواریدا تا دوو سێ دەیە پێش ئێستا کولتوورێکی زۆر بەهێزی کۆمەڵایەتی ئێمە بووە، لە هەندێک ناوچە تێکەڵ بە بیروڕای ئاینی و تەریقەتیش بووە، هەرچی بەرگریکردنە لە مێینەیە، دیسانەوە کێشەیەکی وامان نییە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کولتووری رەسەنی خۆمان!. رەنگە ئەم قسەیەم بێمانا بێتە بەرچاو لە کاتێکدا رۆژانە ژنی کورد بە پاساوی ناموسپەرستی دەکوژرێت! منیش نکۆڵی لەوە ناکەم و هەمیشە پرۆتستۆی ئەو

دیاردە ناڕەسەنەم کردووە، بەڵام لە مێژووی ڕەسەنی کوردەواریدا ژن نەک هەر نە کوژراوە، بەڵکو مافی یەکسانی هەبوو لە بەرامبەر پیاودا. ئەگەر چاوێک بە مێژوویەکی نزیکیشدا بخشێنینەوە، بە خوێندنەوەی گەشتنامەی گەشتیاران و یاداشتی ئەو مسیۆنێرانەی ڕێیان کەوتووەتە کوردستان، تۆمارەکانیان تەژیەتی لە شکۆمەندیی ژنی کورد چ لە رووی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان چ لە رووی بەشداریی لە بەرهەمهێنان و ژیانی ئابوورییەوە.

لە رووی سیاسیشەوە چیتر کورد ناتوانێت پێشکەوتن و هەنگاوە وردەکانی لە بواری دیموکراسییدا وەک نموونەی حوکمڕانێتییەکی سەرکەوتوو نیشانی دنیا بدات یان رەنگدانەوەی کولتووری نیو لیبرالیستی لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بکاتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی دنیا و شانازییکردن پێوەی. چونکە حکایەتی دیموکراسی و نیو لیبرالیزم بۆ خودی خۆرئاواییەکانیش کۆتایی پێ هاتووە و ئەوان لە حاڵی حازردا بیر لە پارادایمێکی نوێی دەوڵەتداریی و مۆدێلێکی سەرکەوتووتری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەکەنەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ کەلەپووری نەتەوەیی هەر کام لە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان، تەنانەت ئەمەریکییەکان وەک وڵاتی هەموو کەس و پەنابەران بیر لەوە دەکاتەوە لەسەر بناغەی رەگەزی ئەنگلۆ سەکسۆنی خۆی وەک نەتەوە پێناسە بکات، تەنانەت ئەم رەوتە لە پێش شاڵاوی کۆرۆنا ڤیرۆسیشەوە کەوتبووە سەر پێ، بگرە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ی ئەمەریکادا دەستی پێکردووە، بە تایبەت کاتێک ترامپ بە دروشمی «یەکەم ئەمەریکا»ی بەرز کردەوە، بە کردەوەش لە چوار ساڵی رابردوودا نیشانیدا هەموو سیستمی گلۆبال تەنیا میکانیزمێکە بۆ خزمەتی گەلی ئەمەریکا.

لەوە زیاتر لە ئاستی جیهانیدا و لە دڵی ئەو ژیارە خۆرئاواییەی رۆشنبیرانی کوردیان بە کۆسمۆپۆلۆتیزم مەست کردووە، شەپۆلێکی تیژتێپەڕی گەڕانەوە بۆ راستڕەویی نەتەوەیی و راسیزم دەستی پێکردووە و رۆژ بە رۆژ کێرڤی ئەم بزاوت و هێزە توندە راستڕەوانە لە بەرزبوونەوەدایە. هەر لە پرۆسەی ناونانی کۆڤید نۆزدەوە بە «ڤیرۆسە چینییەکە» کە زۆرترین جار لە زاری دۆناڵد ترامپەوە جەختی لێوە دەکرێتەوە، ئەم زەقبوونەوەی راسیزم و نەتەوەپەرستییە

هەست پێدەکەین، ئەمەش زیندووکردنەوەی رقێکی راسیستانەی گەلێک دێرینە وەک «لیا شنایدەر»ی نووسەری ئەڵمانی روونی دەکاتەوە، تەنانەت «هیگل»یش چینی بە دەوڵەتێک دەزانی لە دەرەوەی مێژووی جیهان. رەنگە خەڵکانێک هەبن راسیزم و نەژادپەرستی بە دەرکەوتەیەکی تازەی سەردەمی مودێرنە بزانن، بەڵام وەک «جۆرج تەرابیشی» لە یەکێک لە وتارەکانیدا روونی دەکاتەوە «ئەوە مودێرنێتەیە ناو لە راسیزم دەنێت، ئەگەرنا راسیزم وەک دیاردە بەرهەمی مودێرنێتە نییە». ئەو نموونەی گریکییە دێرینەکان دەخاتە بەرچاو، کە تێکڕای گەلان و شارستانێتییەکانی تریان بە بەربەری لە قەڵەم دەدا.

ئەم شەپۆلە نوێیەی راسیزم وەک ئەوەی لە ئەوروپای خۆرئاوا بەڕێوەیە، نەک گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتی نەتەوەیی لە هەگبەی خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵکو لەسەر سڕینەوەی ئەویتر شوناسی خۆی دادەڕێژێتەوە. شتێکی سەیر نییە ئەو راسیستەی پەنابەران خەڵتانی خوێن دەکات، نرخی سەگەکەی لەسەرو ژیانی هەزاران بیانییەوە ببینێت، یان رەنگە سۆزێکی بێ سنووری هەبێت بۆ پشیلەکەی، مەگەر ئەو هیتلەرەی سەگ و پشیلەی خۆشدەویست چی بەسەر مرۆڤایەتیدا نەهێنا؟ ئەمە پاکانەکردن نییە بۆ تاکی راسیست بەقەدەر ئەوەی دەرخستنی ئەو رۆشنبیرییە مەترسیدارەیە لەمۆتیڤی کارەکتەری راسیستدا وەستاوە. ترامپ رمەکە لەوە دوورتریش دەهاوێژێت و لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە تا نهۆ بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە سیستمی لیبرالیستی ساڵی ١٩٤٥ هیچ کات بە کەڵکی ئێستا ئەمەریکا نایەت. ئەم فاکتەرەش وەهای لە بیریاری بەنامێی ئەمەریکیی «یۆرام هازۆن» کرد کتێبە بەهادارەکەی بە ناوی «بەها باڵاکانی ناشنالیزم» بنووسێت، وەک خۆیشی وتوویەتی «ئەگەر ترامپ نەگەڕایەتەوە بۆ ناشنالیزم ئەم کتێبەم نەدەنووسی».

پوختەی مەبەست ئەوەیە تێکڕای دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و خۆرئاوا، لەسەرو هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە هەوڵی گەڕانەوەدان بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، بۆ رۆحی نەتەوەگەرایی، کەچی ئەوەی سەیرە رۆشنبیری ئێمەیە هێشتاش کاوێژی ئەو موفرەدات و تێگەیشتنانە دەکات، دنیاماڵئاوایی لێکردووە. نامەوێت دوور بکەومەوە لە کرۆکی مەخسەد، دەخوازم ئەوەش

زیاد بکەم بۆ سەر قسەکانم، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی بۆ هەر نەتەوەیەک، ئەو بەها نەتەوەییانەن لە رۆحی ئەو نەتەوەیەوە هاتوون، بەها لیبرالییەکان چیتر نرخێکیان نەماوە، لەم سۆنگەوە دەبێت هەر گەلێک بە گەڕانەوە بۆ بەها باڵا نەتەوەییەکان، هەوڵبدات ئیدارەی خۆی بکات و مۆدیلێکی تایبەت بە حوکمداری دروست بکات. ئەمەش گرەنتی پێشبڕکێی نەتەوەکان دەکات لەسەر دۆزینەوەی باشترین شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن، تەنانەت ئەمە پێشمەرجێکی هەرە گرنگە کە هەر کەس بە جیا و هەر نەتەوەیەک بە گەڕانەوە بۆ خۆی مۆدیلێک لە ئایدۆلۆژیا بۆ پەروەردەی کۆمەڵگەکەی و بەڕێوەبردن و سیستمی حوکمڕانی بەرهەم بهێنێت، رەنگدانەوەی بیری نیشتمانیی خۆی بێت، نەک فۆتۆکۆپی ئایدۆلۆژیا باوەکان بکات کە داستانیان لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بەسەرچووە. وەک «جۆن شامێر»ی بیرمەندی ئەمەریکی لە کتێبی «گەورەترین وەهم، خەونی لیبرالی و واقیعی نێودەوڵەتیدا» تیشکی دەخاتە سەر «نەتەوە لە هۆز پێکدێت و ئەوە نەتەوەیە تێکڕای هۆزەکان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، ئیرادەی نەتەوە شێوازی حوکمڕانی هەر نەتەوەیەک دیاری دەکات».

خولاسە دەبێت بیری نەتەوەیی کوردیی تیۆریزە بکرێت، بەرەوپێشەوە ببرێت، کوردبوون سەرەتا دەبێت بیر و پارادایمێک بۆ جیهانبینی و ژیان، ئینجا فۆرمێک بێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. سروشتی فیکریش خۆی وایە نامرێت بەڵکو شێوەی دەگۆڕێت و پەرە دەسەنێت. ئەم بیرە دەتوانێت وەڵامدەرەوەی قۆناغەکە بێت چ لە رووی سیاسیی چ لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری. هەر هەنگاوێک بەدەر لە پێناسەکردنەوەی کوردبوون لە فۆرمی مۆدێلێکی ئایدۆلۆژییدا، هەموو بنیاتنانێک لە هەر بوارێکدا رۆنانێکە لەسەر وەهم و خەیاڵپڵاویی. دەبێت کورد دەست لەو نەریتە بەربدات هەمیشە ئارایشتی خۆی کردووە تاکو لەلایەن ئەویدی ناکوردەوە پەسەند بکرێت، هەوڵیداوە لە خۆی دوور بکەوێتەوە لە پێناوی ئەوەی دانی پێدا بنرێ لەلایەن ئەویترەوە، تاکو نیشانی دنیای بدات کاروانەکەی بەرەو دیموکراسی کەوتووەتە رێ، لە کاتێکدا بەهەمان ئەو دیموکراسییەتە دەچەوسێنرێتەوە. لە خەیاڵگەی ئێمەی کورددا فیکر کارێکی بێ بەهایە، تەنیا مۆدیلێک لە ئایدۆلۆژیا دەناسین، لە دەرەوەڕا

بۆمان هاتووە، هیچ کات بیرمان لە ئایدۆلۆژیایەک نەکردووەتەوە لەسەر بنەمای کوردبوون بینای بکەین، نەک هەر بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردیی بگرە مۆدیلەکە فراوانتر بکرێت بۆ ئاستی جیهانی. رەنگە ئەمە وەک خەونێکی ئەرخەوانی ببینرێت، بەڵام کێ گووتوویەتی ئەمە کاری نەکردەیە؟.

### پەیڤی بەر لە کۆتایی

مەناحیم بێگن، یەکێک لە رابەرانی ئازادیی و دەوڵەتسازیی گەلی جوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە کتێبێکدا بە ناوی «راپەڕین» دەنووسێت «ئەم کتێبەم بۆ خەڵکی ناجولەکەش نوسیوە، بەڵکو بە نابەدڵیش دەرکیان بەوە کردبێت، یاخۆ تا ماوە چاوپۆشی لەو راستییە بکەن، کەوا لە خوێن و ئاگر و فرمێسک و خۆڵەمێشدا نموونەیەکی نوێی مرۆڤایەتی لە دایک بووە، نموونەیەک بە تەواوەتی نائاشنایە بە جیهانی هەشت سەد ساڵ لەمەوبەر، ئەویش جولەکەی جەنگاوەرە. ئەو جولەکەیەی جیهان پێیوابوو مردووە و جارێکی دیکە هەڵناسێتەوە بەڵام هەڵسایەوە، چونکە لەو راستییە سادەیەی ژیان و مەرگ تێگەیشت، هەرگیزیش جارێکی دیکە نابێ دابەزێتەوە نێو چاڵ و لەسەر گۆی زەوی بسڕدرێتەوە». لە باری واقیعیشەوە هۆلۆکۆست و جینۆسایدی بێ ویژدانانە و بزووتنەوەی رق ئەستووری ئەنتی سامیستی، نەک جیهان بەڵکو بەشی زۆرینەی جووەکانیشی گەیاندە ئەو خەیاڵەی جارێکی دیکە جوو ناتوانێت هەڵستێتەوە، لەوە زیاتریش بە بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسرائیل دنیا بخاتە باری شۆک و حەپەسانەوە. ئەوەی جووەکان کردیان لەسەر بنەمای فیکر بوو، ئەو فیکرەی لە هەموو ئاستەکاندا رەنگدانەوەی هەبوو، دواجار جووەکانی لە وێستگەی دەوڵەتێکی بەهێز گیرساندەوە.

کورد بە هۆی ئەوەی خەونی بچووکە، بەردەوام خوازیاری ئەوەیە لە سایەی مەکرەمەی داگیرکەراندا بڕە مافێکی هەبێت، خەیاڵی دەسەڵاتدارێتی و سەرداریێتی نییە، گەورەترین نەتەوەی سەر زەوییە خاوەنی دەوڵەتێکیش نییە. هەرچەند بیر دەکەمەوە، کوردم وەک دەیناسۆر دێتە بەرچاو، لە رووی قەبارە فیزیکییەوە خاوەنی لەشێکی گەورە و زەبەلاح، بەڵام لە رووی عەقڵییەتی

خۆ بەڕێوەبردنەوە بچووک. ئاخر زۆرێک لە پسپۆران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هۆ راستەقینەکەی قڕبوونی دەیناسۆرەکان لەسەر رووی هەسارەی زەوی، بۆ فاکتەری کەشوهەوا و دەرەکی ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە هۆکاری پێکهاتەی بیۆلۆژییەوە، چونکە دەیناسۆرەکان بەو جەستە زەبەلاحەوە مێشکیان لە مێشکی مریشکەکان بچووکتر بووە. هەرچەند نامەوێت ئەم چواندنە وەک سوکایەتییەک بە کورد لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی رێگری سەرەکییە لەوەی کورد بۆ ئەبەد لەم دۆخە ناهەموارەدا بمێنێتەوە، هۆکارەکەی ناوکییە و بۆ بچووکی خەون و مێشکی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەو مێشکەی هیچ کات بۆ بەرژەوەندیی و سەردارێتی خۆی بەکارنەهێنراوە. تاکو ئەم مێشکە بیر لە دووبارە خۆ پێناسەکردنەوە و تیۆریزەکردنی ئایدیایەک نەکاتەوە ببێتە هۆکارێک بۆ سەردارێتی و بەهێزبوونەوەی خۆی لە جیهاندا، هەردەم مەحکومە بە خراپتر لەم رەوشەی هەنووکە تێیدا دەژیێ.

سەرەتای مایۆ - کۆتایی ئۆگەستی ٢٠٢٠

خۆرئاوای زەمین - کەنار رووباری راین

تێبینی: ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی ناملکە لەلایەن «ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی» چاپ و بڵاوکراوەتەوە لە سەرەتای مانگی سێپتامبەری ٢٠٢٠دا، دواتریش لە رۆژی ١٥-٩-٢٠٢٠دا لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان»دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕەهەندەکانی نیشتمانسازیی
# لای شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم

بە وتەیەکی فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتین هایدگەر دەست پێدەکەم لە بارەی بەهای شیعرەوە: «ئەوەی من لە ڕێی فەلسەفەوە وتوومە، دەمێکە مالارمێ بە شیعر گوتوویەتی». بە پێچەوانەی ئەفلاتۆنیشەوە، کە شاعیرانی لە «کۆمار»ەکەی خانەبەدەر کرد، ئەرستۆ بایەخی بە شیعر و شاعیریی دا و کتێبێکی لە بارەی شیعرەوە نووسی «پۆیەتیکا». لەم چرکەساتەوە شیعر پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ فەلسەفە و فەیلەسووفان پەیدا دەکات، هەروەک جارێک ژنە فێمینستی سوێدیی «نینا بیۆرک» لە دیمانەیەکدا وتی «فەیلەسووفە مەزنەکان شاعیریشن»، ئەم تێزە زیاد لە هەر کەس هەردوو فەیلەسووفی مەزن کارڵ مارکس و فریدریک نیتچە دەگرێتەوە.

من لێرەدا گەرەکم نییە باسی پەیوەندیی شیعر و فەلسەفە بکەم، تەنیا ویستم سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگیی شیعر رابکێشم، چوون بۆچوونێکی زاڵ باڵی کێشاوە بەسەر بیرکردنەوەی زۆرینەدا، شیعر وەزیفەیەکی ئەوتۆی نەماوە، یان هەر لە بنەوانەوە بڕوایان بە ڕۆڵی گرنگی شیعر نەبووە و نییە. ئێمە لێرەدا نموونەی سێ شاعیری بە نامێی کورد دەخەینە بەرچاو کە بە شیعر بەرهەمهێنانی تریان کردووە و شیعریان کردۆتە ئامڕازی نیشتمانسازیی. لێ ئەو سێ شاعیرەی ئێمە لەم دەرفەتەدا بەسەرمان کردوونەتەوە، ناوبانگیان زۆرە، بەڵام هێشتاش بە پێی پێویست زۆر شت لەسەر ژیانیان نازانرێت، جگە لە دڵدار لە ڕێگەی «موزاکەرەت»ەکەیەوە کارئاسانی زۆری بۆ کردووین، لەو

بڕوایەشدام بایەخی ئەو موزەکراتە گەر لە شیعرەکانی زیاتر نەبێت هیچی کەمتر نییە. هەر لەم دەرفەتەدا وتوویژ دانامەزرێنین لە بارەی زمان و فۆرمی شیعریی ئەم سێ شاعیرەوە، ئێمە بە دوای پرسێکی ترەوەین، ئەویش چۆنێتی مامەڵەیانە لەگەڵ نیشتمان و رۆڵیان لە پرۆسەی نیشتمانسازیدا.

## پیرەمێرد پیرێکی نامراد

لە راستیدا پیرەمێرد «حاجی تۆفیق ١٨٦٧- ١٩٥٠» لەسەر کەلەپووری ئەحمەدی خانی و بە درێژەپێدانی رێچکەی حاجی قادری کۆیی، ئیلهام وەگرتن لە گەوهەری سۆفیزمی نەقشبەندی مەولانا خالید و کولتووری شۆڕشگێڕیی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی، یەکێک لە تاقانەترین رۆشنبیری سەدەی بیستەمی کورد بوو لە باشوور، کۆی پرۆژە رووناکبیریی و رۆژنامەوانییەکەی خۆی لە بواری نەتەوەسازییدا خستە گەڕ. لە شیعر و کارە ئەدەبیی و ژورنالیستییەکانی ئەودا بە روونی دیسکۆرسێک بەرچاو دەکەوێت کە بیناکردنی نەتەوەیەکە بە گرێدانی مێژوو و میتۆلۆژیا و هەلومەرجی بابەتی و سیاسیی سەرەتای سەدەی بیستەم. لەم رەهەندەوە زیندووکردنەوەی نەورۆز لە قاڵبێکی تەواو کوردانەدا و بە تێکەڵاوییە ئەفسانەییەکەیەوە تەقەلایەکی پڕ دیقەتە لە راستای دروستکردنی نەتەوەیەکدا لەسەر پاشەڕۆکی خێڵ، بەو پێیەی هەبوونی هەر نەتەوەیەک بنیادێکی ئەفسانەیی هەیە، لەم رووەوە ئەفسانە کۆنەکانی ژێرمانەییەکان فاکتێکی روونە.

پیرەمێرد بە هۆشمەندییەوە کاری لەسەر سیمبول و هێماکان دەکرد، لە سۆنگەی ئەوەی هێما جۆر بەجۆرەکان توخمێکی بنەڕەتیی پێکهاتن و فۆرمگرتنی نەتەوەن. هەر لە سیمبولە کەسییەکانەوە بیگرە تا هێماکانی دڵداریی و ئازایەتی و قارەمانیی. لە داستانی وەلی دێوانە و مامەیارەدا، پیرەمێرد بە چڕیی سەرقاڵی کلێشەسازیی سیمبولەکانە. لە شیعری «عەشرەت هاوارە»دا کە بۆ مستەفا بارزانی هۆنیوەتەوە لە کاتی پەڕینەوە بە رووباری ئاراسدا، هەوڵی داوە قارەمانە کلاسیکییەکان و قارەمانە هاوچەرخەکان پێکەوە گرێ بداتەوە. بەڵام پاش پیرەمێرد بەتایبەت دوای ئەوەی رۆژنامەی ژین کەوتە دەست

کۆمۆنیستەکان تا بە ئەمڕۆ دەگات جگە لە مەسعود محەمەد کۆی رۆشنبیرانی ئێمە توشی نەخۆشی کۆسمۆپۆلۆتیزم بوون، جیا لەوەی ئەو روئیایە هارمۆنی نەبوو لەگەڵ رۆحی بەرەنگاریی نەتەوەیەکی بندەستدا، لە هەمان کاتدا ئەو دیدە چەپڕەوە کوێرانە ماشێنی پرۆژەی نەتەوەسازیی لە وێستگەیەکی سەرەتادا راگرت. لە جێی ئەوەدا رۆشنبیرییەکی ساختە بەسەر بیرکردنەوەی گشتییدا سەپێنرا و لە دواجـاردا کرا بە شەقڵی بزووتنـەوەی رزگـاریخـوازی گەلی کوردستان. لە کۆتایشدا بە سەرداریێتی جاویدانیی نەتەوە سەردەستەکان و ژێردەست مانەوەی کورد تەواو بوو. شکستی پڕۆژەکەی پیرەمێرد دەتوانم بە شکستی نەتەوەیەک هەژماری بکەم کە چاوی لە ئازادیی خۆی بڕی بوو.

لە نیگای یەکەمدا پیرەمێرد وەک شاعیرێکی تاراددەیەک کلاسیک دەبینرێت، دواتر رۆژنامەنووسێک، بەڵام لە دیدی مندا ئەو لە شاعیر و رۆژنامەنووسێک زیاترە، رووناکبیرێک و تیۆریسیۆنێکی سەرەتایی نەتەوەییە بە پێی کۆنتکێستەکەی خۆی. هەرچەند هەڵەیەکی کوشندەیە وەک زۆرێک بە فەیلەسووف ناودێری دەکـەن، چون هیچ سەروکارییەکی وەهـای لەگەڵ فەلسەفەدا نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا کەم رووناکبیری کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەڵکەوتووە، هێندەی پیرەمێرد بەسەر رشتە ئەدەبی و رووناکبیرییەکاندا کرابێتەوە. وا دەهزرێم لە دوا وێستگەدا دەتوانین پیرەمێرد وەک شاعیرێک ببینین، راستتر وایە بڵێم شیعر میکانیزمێک بووە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە نەتەوەییەی بیری لێ دەکـردەوە، لەبەرئەوەی شیعر تاکە زمانی رۆشنبیریی ئەو سەردەمە و سەردەمێکی درێژتری دوای ئەویش بووە. وەک چۆن ئەرستۆ لە پێناساندنی ئیمپادۆکلیسدا دەڵێت «ئەو شیعری لەسەر سروشت نوسیوە». بە زانایەکی سروشتناسی لە قەڵەم دەدات نەک شاعیر.

پیرەمێرد وەک نیمچە مەلا و شاعیرێکی سەرەتایی و گەنج «لە تەمەنی ٣١ساڵیدا» روو دەکاتە ئەستەمبۆڵ. لەو دەمەدا ئەستەمبۆڵ جیاواز لەوەی پایتەختی عوسمانلی بوو، هاوکات مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی تورکی و کوردیش بوو، ئەمە یەکەمین وەرچەخانی هزریی لە ژیانیدا دروستکرد، بەوەی دەرفەتی دەبێت یاسا بخوێنێت و ببێتە پارێزەر، لەگەڵیدا بە باشی فێری زمانی

تورکی بێت، بەرەو سیاسەت و رۆژنامەوانی بکشێت، لە بواری ئیداریشەوە پلە بە پلە سەربکەوێتە سەرەوە، دوا وەزیفەی بەڕێوەبردنیشی پارێزگاری ئەماسیە بووە. هەر لە ماوەی ژیانی ئەستەمبۆڵیدا و لە ساڵی ١٩٠٧ دەبێتە ئەندامی دامەزرێنەری «کۆمەڵەی کورد» بە سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی. ئەمانە ئەزموونێکیان بۆ دروستکرد، زۆرتر لە شاعیرێک بێت، لە دوای ٢٧ ساڵ لە ژیانی تاراوگە، لە ساڵی ١٩٢٥ کە بۆ سلێمانی دەگەڕێتەوە، بە پاشخانێکی زۆری سیاسیی و رۆشنبیریی و رۆژنامەوانییەوە دێتەوە، ئیدی لەو رۆژەوە تا مردنی «٢٥ ساڵ» خۆی تەرخان دەکات بۆ پرۆسەی نیشتمانسازیی. ئەگەر وردبینەوە ٢٥ ساڵ کارکردن لە هەردوو رۆژنامەی «ژین» و «ژیان» و ئەو بەرهەمانەی لەو ماوەیەدا چاپی کردوون، شیعر رووبەرێکی بچووکتری لە ژیانی رووناکبیریی پیرەمێرددا داگیر کردووە، ئەو سەرقاڵە بە شتێکی گەورەترەوە بێ ئەوەی گەورەیی شیعر لە بیر بکات. لە داستانە چیرۆکەکانی «دوانزە سوارەی مەیوان – ١٩٣٥» و «مەحمودی ئاغای شێوەکەڵ – ١٩٤٢»دا، سەرقاڵی دروستکردنی وێنایەکی تری قارەمانە، قارەمانەکان لە قارەمانی خێڵ و ئەمارەتەکانەوە دەگۆڕێت بۆ پاڵەوانە نیشتمانییەکان، هەروەک هەمان مامەڵەشی لەگەڵ مامەیارە کردووە.

لە کتێبەکانی تریدا «گاڵتەوگەپ –١٩٤٧» و «پەندەکانی پیرەمێرد» کە ٦٤٤٨ پەندە و پیرەمێرد لە قاڵبی شیعردا دایڕشتوونەتەوە. کارێکی نەکراو لە ژێرخانی رۆشنبیرییدا دەکات، بەوەی هەموو حیکمەتەکانی پێشینانی کورد تەنانەت گاڵتەوگەپەکانیشیان ئەرشیف دەکات. دواتر عەلادین سەجادی لە «رشتەی مرواری»دا کارێکی نایابتری پێشکەش کردین. لە داستانی «مەم و زین»دا سەقاڵی دووبارە زیندووکردنەوەی ئەحمەدی خانی و شاکارەکەیەتی، کە بە بۆنەی گێڕانەوەی حکایەتی عەشقێکی ناکامەوە، «شەرحی دڵ»ی خۆی دەکات و غەمە قووڵەکەشی بریتییە لە ئازاری گەلێک. لە بواری وەرگێڕانیشدا بۆ سەر زمانی کوردیی «کەمانچەژەن»ی لە تورکییەوە وەرگێڕاوە. لە بواری ساغکردنەوەی ئەدەبیشدا دیوانی «مەولەوی تاوەگۆزی» لە دوو بەرگدا چاپ کردووە، یەکەمیان کۆپی رەسەنی شیعرەکانە بە شێوەزاری هۆرامی، بەرگی

دووەمیان وەرگێڕانی شیعرەکان بوون بۆ سۆرانی. هەروەک بە زنجیرە دیوانی «مەولانا خالیدی نەقشبەندی» لە رۆژنامەی «ژین»دا بڵاوکردەوە، ئەم جگە لە ساغکردنەوەی دیوانی «بێسارانی» و «وەلی دێوانە». کە من بڕوایەکی تایبەتیم هەیە لە بارەی وەلی دێوانە، ئەگەر شیعرەکانی وەلی ئافرێندراوی خەیاڵی پیرەمێرد خۆیشی نەبن، گوومان هەڵناگرێت پیرەمێرد دەستکارییەکی ئیستاتیکییانەی زۆری تێدا کردوون، چونکە پیرەمێرد تاکە رۆشنبیری سەردەمەکەی خۆیەتی دەسەڵاتێکی فراوانی شکاوە بەسەر هەموو شێوەزار و بنەزارەکانی زمانی کوردییدا.

لە هەمووی گرنگتر بۆ من، ئەوناملیکەیەیە لە ساڵی ١٩٤٠، لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانییدا و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خێرای دیدی چەپڕەویی لە کوردستاندا نووسیوویەتی، بە تایبەت لەو دەمەدا شەش ساڵ بوو پارتی کۆمۆنیستی عێراق دامەزرابوو، هیچ حزبێکی کوردیی و عێراقیش نەبوو، هێندەی حزبی شیوعی بەو خێراییە لەسەر ئاستی جەماوەریی روو لە گەشەکردن بێت. هەر ئەو دەمەشە «فەهد»ی سکرتێری پارتی کۆمۆنیست، ئامۆژگاریی کورد دەکات لە رێی وتارێکەوە کە «پێویستی بە حیزبی عەمەلە نەک ئەمەل». ناملیکەکەی پیرەمێرد ناوی «ئاوەڕەشەی روسی سوور»ە. ناونیشانێکی قورسە لەو سیاقە مێژووییەدا، لەگەڵ ئەوەی ناملیکەکە هەشت لاپەڕەیە، بەڵام پیرەمێرد بەم ناملیکەیە دەبێتە سەرقافڵەی ئەو رۆشنبیرە کوردانەی بیرۆکەی چەپ رەت دەکەنەوە و لایەنگریی خۆیان بۆ سەرمایەداریی نیشان دەدەن. بە هەموو شێوەیەک دژی روسیای سووری ستالینی دەنگی هەڵبریوە!!. ئەگەرچی بۆ من ئەو ناملیکەیە قسەی جیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەمە بە سەرەتای راچەنین و هۆشیاریی نوخبەی ناسیۆنالیستی کورد دادەنرێت لە راستای رەتکردنەوەی بیری ئوممەیەتی کۆمۆنیزم.

پیرەمێرد بوارێکی زۆر فراوانە بۆ قسە لەسەرکردن و ئەنالیز، هەر بە ئەنقەست خۆم لە شیعرەکانی بوارد، چون ئەوەی تا ئێستا باوە قسەکردن بووە لەسەر پێگەی شیعریی ئەو، ئەمە پێشکەشکردنی سەرەتایەکە بۆ کەشفی دیوی هەرە سەرەکی بیری ئەو شاعیرەی دەمێک بوو وازی لە شیعری هێنابوو، تەنیا کردبوویە بەهانایەک بۆ دەربڕینی بۆچوونە نەتەوەیی و سیاسییەکانی. ئەم چەند دێڕەی ئێمە لێرەدا یادداشتمان کردووە پێشەکییەکی کورتە بۆ توێژینەوەیەکی درێژ کە وا

بڕیارە لە داهاتوو دەست بە نووسینی بکەم.

### فایەق بێکەس و سۆفت پاوەر

شاعیرانی کوردی سەرەتای سەدەمی بیستەم، بە تەنیا شیعریان وەک گەمەیەکی زمانەوانی رووت چاو لێ نەکردووە، بەڵکو مینا ئامرازێکی کاریگەری سیاسیش تەماشایان کردووە لە راستای پرۆسەی نەتەوەسازیی و پوختکردنەوەی دیسکۆرسێکی نیشتمانیدا. لێرەدا ناچینە ناو گیروگازی پەیوەندیی نێوان شیعر و سیاسەت و ئەو گفتوگۆ بێزەنتینییەی لەم بارەوە هەیە. بەڵکو دەمانەوێت بە خێرایی بچینە سەر ئەو خەمەی شاعیرانی ئێمە لە سەرەتای چەرخی بیستدا لە کۆڵیان نابوو، کە بەپێی زۆرترین لێکدانەوە بە سەدەی ناسیۆنالیزم لە تەواوی جیهاندا دەناسرێت. شاعیرانی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ دەستەیەک منەوەری نوێگەر جیا لە بژارکردن و دەوڵەمەندترکردنی زمانی کوردیی و خەباتکردنیان بۆ بینای کۆمەڵگەیەکی شارستانی و رووبەڕووبوونەوەی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتدا شانیان نابووە بەر پرۆسەی دروستکردنی نەسلێکی نوێ کە خودانی هۆشیارییەکی تۆکمەی نەتەوەیی و نیشتمانیی بێت، نەوەیەک لە توانایدا هەبێت بە میکانیزمی جۆراوجۆر ئەرکی چێکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ و ئاوەدان لە ئەستۆ بگرێت.

ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٨-١٩٣٥ ئەگەرچی خاوەنی کۆمەڵێک غەزەل و شیعری ئەویندارانەیە، وەک ئەوەی جادووی لێکرابێت، هەڵگەڕانەوەیەک بەسەر خۆی و شیعرەکانیدا دەهێنێت. ئەو لە رێی شیعرێکەوە رووی دەمی کردۆتە شاعیرانی هاوزەمانی خۆی، بەدەنگی بڵند هاواریان لێ دەکات چیتر باسی زوڵف و چاو و پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو نەکەن. لە بری ئەمە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە دەخاتە روو، «ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن». وەزیفەی شیعر لە غەزەل و عیشقی خودایی و مرۆییەوە، دەگۆڕێت بۆ عیشقی نیشتمان و «تەدبیر»ی «قەومی دڵسووتاو». ئەمە راچەنینێکی نوێی شیعرییە و سەرەتای کۆتایی پێهێنانە بەو ستایلە شیعرییەی ئێمە لە شیعری کوردیدا ناومان لێناوە کلاسیکی عیرفانی. دواتر ئەم «تەدبیر»ە هەر تەنیا بە شۆڕش و یاخیبوونەوە گرێ نادات، بەڵکو

پێشنیازی خوێندن «خوێندەواریی» دەکات، چون وەک قەڵغانێک لە دوژمن پارێزگارییمان لێ دەکات، هەربۆیە لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوشمنتان**

**هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە**

لەکن ئەحمەد موختار، خوێندەواریی قەڵغانی هەموو سەردەمەکانە، ئەو وا بیری کردۆتەوە میللەتی خوێندەوار ئاسان فریو نادرێت و ناشێ زەفەری پێ ببردرێت، هەروەک ئەو رووداوەی بەسەرماڵباتی خۆیاندا هات، چۆن نۆکەرەکەیان «غوڵام حسێنی شیرازی» دەناسنەوە، بەوەی جاسوسێکی ئینگلیزە و هەر ئەم سیخوڕەش «مێجەر سۆن» لە ساڵانی داهاتووتردا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و دەبێتە فەرمانڕەوایەکی دڵڕەقی ئینگلیز بەسەر «قەومی دڵسووتاو»ەوە. من لێرە نامەوێت زۆرتر لەسەر ئەحمەد مختار بدوێم، ئەوە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی گونجاوتر و بە وردیی لەسەر «مەسەلەی ویژدان»ەکەی دەوەستم، چون ئەمە لە دوای «لەخەوما»ی جەمیل سائیب سەرەتاکانی چیرۆکی هونەریی کوردییە، باوەڕم وایە «مەسەلەی ویژدان» فۆرمی نۆڤلێتی هەیە، ئەوەش پێمان دەڵێت ئەحمەد موختار نەک هەر شاعیرێکی پێشڕەوە، بەڵکو چیرۆکنووسێکی پێشەنگیشە.

دەتوانین جگە لە ئەحمەد موختار جاف لە شاعیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو، دروست ئەو سەردەمەی نەوشیروان مستەفا بە «سەردەمی قەڵەم و مراجەعات» ناودێری دەکات، لەسەر هەمان هێڵی «حاجی قادری کۆیی» نموونەی «فایەق بێکەس ١٩٠٥-١٩٤٨» وەربگرین. ئەگەر بێکەس لە شیعری «بیست و حەوت ساڵە» و «ئەی وەتەن»دا بەگیانێکی شۆڕشگێڕیی هاتبێتە دوان و بووبێتە سیمبۆلێکی نەمری ئەدەبی بەرگریی، ئەوا لە هەندێک شیعری تردا بە تەنها ئەو کەفوکوڵە شۆڕشگێڕییە بە کافی نازانێت بۆ هاتنە ئارای ئەو کوردستانەی دڵخوازی ئەوە، بەڵکو ئەو خوازیارە لە تەک گیانی بەرخودان و هێزی رەقەوە، نەوەکانی داهاتوو لە لیتاوی خورافە دەربهێنێت و هانیان بدات بە نەرمە هێز وڵات پێش بخەن و بەهێزی بکەن. فایەق بێکەس، وەک پیشە مامۆستایە، وەک ژیان زۆرترین کاتەکانی لەناو زیندان بەسەربردووە، لای خۆیەوە دوو وەزیفەی بۆ شیعر دەستنیشانکردبوو، یەکەمیان بەوەی شیعر گەرووی زوڵاڵی نەتەوەیە و

دەربڕی ئێش و ئازارەکانی گەلە. دووەمیان ئەرکی شیعرە پەیامی کۆمەڵایەتی خۆی بگەیەنێت و ببێتە مەکۆ و رووبەرێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ترادیسیۆنە باوەکان. هەروەک جارێک «جەبار جەمال غەریب» نووسیبووی «من بێکەسم زیاتر وەک رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بەلاوە گرنگە. ئەو لایەنەی بەلای منەوە پرشنگدارترین لایەنی فکر و ژیانی بێکەسە. رەخنەی توندی لە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان هەبووە، بەوپەڕی بوێریی و راشکاوییەوە دەنگی بەرز کردووەتەوە، بە جۆرێک کە تا ئەمڕۆ نموونەی کەمە». ئەگەر لایەنە پرشنگدارەکەی فیکری بێکەس بریتی بووبێت لە رەخنەگرتن ئەوە لەوە پرشنگدارتر ئەمەیە کەسێکی پووچگەرا و بێهودە نەبووە، ئەو هەمیشە ئەڵتەرناتیڤی پێشکەش کردووە بەرامبەر ئەو داڕزانە کولتوورییەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەبووە، ئەو قاڵبوویەکی بواری رەخنەسازیی بوو، بەهەمان ئەندازە و بگرە زیاتریش بە پەروەردەکردنی کۆمەڵگەوە خەریکبووە.

گرنگی بێکەس هەر لەوەدا نییە، شاعیرێکی زمان پاراو و نیشتماندۆستە. بەڵکو لە روانینی ئەوەوە خەبات بۆ نیشتمان لە رەگەزایەتی دەرباز دەبێت. رەنگبێ لە یەکەمین ئەو شاعیرانە بێت باسی بەشداریی سیاسیی ژن دەکەن و بە پێشمەرجی سەرکەوتنی دەناسێنن، هەروەک چۆن ئەمە لەلای «قانع»یش بە ئەندازەیەکی زۆر بوونی هەیە. بیهێننە بەرچاوتان بۆ سی و چلەکان ئەم تەرح و تێرمی بیرکردنەوەیە چەند سەخت بووبێت. ئاخر خۆ هەر لە سی و چلەکانی سەدەی پێشوودا بوو، شاعیرێکی وەک «ئەسیری» جگە لە تیر و تانەلێدان وەک شێتێکی کوردیی «نەک شێتێکی فۆکۆیی» بەردەبارانیان دەکرد، تەنانەت لە ئەنجامی یەکێک لەو بەردبارانکردنەدا سەری لە چەند لایەکەوە شکێنرا و هێندەی نەمابوو هۆشی لە دەست بدات. ئاخۆ لەبەرچی؟ تاکە تاوانی ئەسیری ئەوە بوو بە زمانی کوردیی شیعری دەنووسی!. بیهێننە پێش چاوتان لەم ساتەوەختانەدا بێکەس نەک بە کوردییەکی رەوان دەنووسێت، بەڵکو ترادیسیۆن و باوەڕە خورافییەکانی کۆمەڵگە دەداتە بەر نەشتەری رەقترین رەخنە، لەوە زیاتریش ئەڵتەرناتیڤی خۆی پێشکەش دەکات.

شتێک کە من هەستم پێیکردووە، مافم هەیە بڵێم ناوکۆیی تێکڕای شاعیر و

منەوەرانی سەرەتای سەدەی بیستەمە، ئەویش هاندانە بۆ خوێندن و خوێندەواریی. ئایا خوێندەواریی مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی شارستانی یان بەهێزی دەکات؟. ئەمە تاراددەیەک دەمانباتەوە لای «نیتچە» چوون ئەو بڕوای بەوە هەیە پێویستە مرۆڤ بەهێز بێت نەک خاوەن ڕەوشت. «هەڵبەتە ڕەوشت بەمانا باوەکەی نایەت». ڕوونە لە شیعری شاعیرانی کورددا خوێندن نەتەوە بەهێز دەکات، هێزیش پێدراوێکی دوالیزمییە و تەنیا هارد پاوەر نییە، بەڵکو لای زۆرینە بیر لە سۆفت پاوەر کراوەتەوە بێ ئەوەی ناو لێ بنێن. بێکەس لە پێشەنگی ئەو شاعیرانەیە، تەنانەت لەو شیعرانەشی بۆ منداڵان نوسیوونی، جەخت لەسەر ئەم پێویستییە دەکاتەوە. «ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕۆشنبیرییە بەرزەکەی بێکەس دەردەخات، لەو دەمەی شیعر هی مەلا و پیاوە مەزنەکان بوو، ئەم منداڵان بەسەر دەکاتەوە». لێرەدا دەتوانین شیعری «ئەی تۆپەکە» وەک شیعرێکی ساکار بۆ منداڵان بکەینە سەمپڵ، ئەوەی لە شیعرەکەدا بەکەڵکی مەبەستی ئێمە دێت کۆتا بڕگەیەتی، وەختێک دەنووسێت:

**خۆش بێ وەتەن، خۆش بێ وەتەن**

**بەرز بێت وەتەن، بە عیلم و فەن**

ئەگەر بە چاویلکەی بیریاری ئەمەریکی «جۆزیف نای» وەک تیۆریسیۆنی «سۆفت پاوەر» سەیری دوا بڕگەی ئەم شیعرە بکەین، ئەوا ئەم تێکستە داوایەکە بۆ بەهێزکردنی و پێشخستنی وڵات لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە. زانست و هونەر «عیلم و فەن» دوو شتن، بێکەس بەرزیی وەتەنی پێوە گرێداون، ئەمە کاری ڕێکەوت و شتێکی هەروا سادە نییە، مۆتیڤی بیرکردنەوەی منەوەرانی ئەو سەردەمەش دەخاتەڕوو، تەنانەت لەو زەمەنەشدا کە دوا قسە لای تفەنگەکان بوو، ئەم شاعیرە کوردە ڕێگەیەکی تریش شک دەبات بەوەی دەشێ زانست و هونەر ببنە بەهێز و بەرزتربوونی نیشتمانەکەی، کە ئەو دوو بوارە نەرمە هێزی هەر کۆمەڵگەیەکن. هەر ئەمەشە فایەق بێکەس بەرز دەکاتەوە وەک شاعیرێکی پێشەنگ و یەکێک لەوانەی دەستیان گەیشتە گیای نەمریی. ئەم بابەتە سەرەتایەکی کورتە و دەکرێت زۆرتر ورد بکرێتەوە. ئاوڕ لەو ڕەهەندە نادیار و بیر لێ نەکراوانەش بدرێتەوە تا ئێستا بە پەنهانیی لە کرۆکی شیعرەکانی «بێکەس»دا ماونەتەوە.

## دڵدار ترۆپکی ئەدەبی بەرگریی

ئەزموونی دڵدار ١٩١٨-١٩٤٨ئەزموونێکی زۆر گرینگ و هەستەوەرە. ئەزموونەکەش بە تەنیا تێپەڕاندنی پاشخانی تولانی شیعری عیرفان نییە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو بە ئاگاهاتنەوەی مرۆڤی کوردە وەک «کورد» نەک موسڵمان یان هەر شوناسێکی تر. ئەمە پێشتر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە حاجی قادری کۆیی نوێنەرایەتی دەکرد، لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەک شاعیری هاوزەمانی یونس دڵدار، بەڵام دڵدار ئەم بەئاگاهاتنەوەیە لە شیعری «ئەی رەقیب»دا دەگەیەنێتە دوا ترۆپک. دڵدار لە ئەی رەقیبدا کە خۆڕسکانە بووە بە سروودی نیشتمانیی کورد، مێژوو و زمان و ئێستا و داهاتووی کورد پێکەوە گرێدەدا و دەیکاتە هێمای مانەوە و بەرەو رووی «رەقیب»ی دەکاتەوە. ئەی رەقیب پەیامێکی ئۆنتۆلۆژیی قووڵی کوردانەی لە پشتەوەیە، ئەگەر دیقەت بدەین ئەو شیعرە هەڵقوڵاوی دۆخێکە شۆڕشەکانی کوردی تێدا سەرکوتکراون، تا ئەو ئەندازەیەی لە ئەیلولی ١٩٣٠دا رۆژنامەی «میللیەت»ی تورکی وێنەی گۆڕێکی بە کاریکاتۆریی لەسەر چیای ئاگری بڵاودەکاتەوە و لەسەری دەنووسن «ئا لێرەدا خەونی دەوڵەتی کوردستان نێژراوە». دواتریش کۆمەڵکوژییەکی دەرسیم هەست و مێشکی دڵدار داگیر دەکەن، لەم کۆنتکێستەدا کە بوونی کورد چۆتە ژێر هەڕەشەی دارزان و توانەوە و لەنێوچوون، دڵداری بیست ساڵان بە «ئەی رەقیب» وەڵامی هەموو ئەوانیتری چەوسێنەر دەداتەوە و باس لە زیندوویێتی نەتەوە و نەوی نەبوونی ئاڵای گەلەکەی دەکات.

بە دیتنی من شیعری ئەی رەقیب شیاوی زیاتر لە خوێندنەوەیەکە، نەک تەنیا لەو رەهەندەی ئەو شیعرە بەشێکە لە ئەدەبی بەرگریی و «گووتاری مانەوە» بەڵکو بە وردبوونەوەیەکی هیرمنیۆتیکی دەقەکە، زۆر رەهەندی تری دیکەش خۆیان مانیفێست دەکەن، بەوەی سەردەمێکی تازە لە شیعری کوردیی دێتە سەرهەڵدان، راستەوخۆ بەگژ ستەمی نەتەوەیی نەتەوە سەردەستەکاندا دەچێتەوە، ئەمەش لە مێژووی شیعری کوردیدا نەبووە تا حاجی قادری کۆیی دێت، رێکەوتێکی سەیرە هەر کوڕە کۆییەکی تر «دڵدار» دێت، ئەم ئەدەبە شۆڕشگێڕییە بە لوتکە دەگەیەنێت، تا ئەو ئاستەی کۆی شاعیرە گەورەکانی پاشین بەخودی «شێرکۆ

بێکەس»یشەوە لە گیرفانی پاڵتۆکەی دڵدارەوە هاتوون، وا دەهزریم شێرکۆ ئەو رەوتەی درێژە پێدا دڵدار پێش تەمەنی سی ساڵی لە شیعری کوردیدا گەڵاڵەی کردبوو، رەنگە زێدەرۆیی نەبێت بڵێم بێکەسی کوڕ هێندەی بەردەوامی بە ریتمی دڵدار داوە چارەگی ئەوە بەردەوامی بە ستایلی بێکەسی باوک نەداوە.

جێگەی داخە، بەراوورد بە شاعیرانی تر، ئاوڕی پێویست لە شیعری دڵدار نەدراوەتەوە، ئەمەش دوو فاکتۆری هەیە، یەکەمیان لە سەردەمی رژێمەکانی پێشوو بەتایبەت لە عێراق، ئاسان نەبوو ئاوڕ لە پرۆژە ناسیۆنالیستیەکەی ئەم شاعیرە بدرێتەوە، دووەمیان بۆ زاڵبوونی مۆدیلێکی شیعریی دەگەڕێتەوە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە کەمتر رووبەر مایەوە بۆ ئاوڕدانەوە لە نەوەی یەکەمی شاعیرانی سەدەی بیست. من ئەرکمە ئەنالیزی رەهەندی نادیار و بەهەند وەرنەگیراوی پەیامی شیعریی دڵدار بکەم، بۆیە ناخوازم خوێندنەوە بۆ زمان و فۆرم و ئیستاتیکیای شیعرەکانی بکەم، ئەمەیان جێدەهێڵم بۆ رەخنەگرانی ئەدەبی.

حاجی قادر و دڵدار، کودێتایان بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردیدا کرد، شیعریان کوردیان لە زیکری خوداوە گۆڕی بۆ فیکر. بۆ بیرکردنەوە لە نیشتمان. هەروەک چۆن ماناکانی خۆشەویستیشیان هەڵگێڕایەوە، بە سەراوژێرکردنی عەشقی خودایی بۆ خۆشەویستی نیشتمان. ئەمەش سەردەمێکی تازەی هێنایە ئارا بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەم. حاجی و دڵدار و گروپێک لەو شاعیرانە نیشتمانیان کردە چەقی شیعریی، توانیان لە ریشەوە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری کوردیی بگۆڕن و عەرشی ئەو کلاسیزمە عیرفانییە بهەژێنن کاری لەسەر بابەتە خودییەکان و پاکژیی دەروون و زوهد دەکرد. ئیدی لەگەڵ ئەمەدا نەک هەر وەزیفەی شیعر دەگۆڕن بگرە شیعر بە کۆمەڵایەتی دەکەنەوە و لە حوجرە تەسکەکانی عیرفانەوە دەیهێننە ناو شەقام و مەیدانی شەڕی دەستەویەخەی گەلێک. ئەی رەقیب سەرەتایەکی تر بوو کە تێیدا شیعر دەبێتە بەشێک لە گووتاری نەتەوەیی و راسانی نیشتمانی و بەرگریکردن لە میللەتێک لەبەردەم گەردەلوولی سڕینەوەدا. دڵدار شیعری کردە میکانیزمی خەبات و حەماسەتدان بە شۆڕشگێڕان، ئەم چاپە شۆڕشگێڕییەی شیعری کورد تاکو سەدەیەک زیاتر تەمەنی کرد، لێ دەنگی سروشتپەروەری وەک گۆران و سۆسیالیستی وەک قانع لەم قۆناغەدا

هەن، بەڵام ئەمانیش بەشێوەیەکی تر دەچنەوە ژێر رکێفی هەمان رەوت و سەبک.

گرنگی دڵدار لەوەدایە، توانی بەشێوەیەکی چڕ ئەو ریتمە درێژە پێبدا لە حاجی قـادرەوە شکۆفەی کردبوو، ئەویش هەمان ئەو رەوتـە فەرامۆشکراوە بوو لە ئەحمەدی خانییەوە چەکەرەی کردبوو. ئەگەرچی زەمەنی خانی و چەند سەدە پاشتریش تەنانەت نووسین بە زمانی کوردیی جۆرێک لە شورەیی بوو، کلاس ئەوەبوو بە عەرەبی شیعر بنووسرێت. لەم دەمەدا شاعیرانی فارس و تورکیش هەر بە عەرەبی دەیاننوسی. ئەگەرچی نالی بە شیعری خۆی دەڵێت «خۆکردیە خۆ کوردیە»، بەڵام پێیوابوو هەرچی شاعیرانی دوای ئەون دەنگدانەوەی سەدای ئەون، وەک لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

**نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە**
**بەیتی رەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکا**

ئەم غرورەشی لە شاعیری عەرەب «موتەنەبی»یەوە ئیقتباس کردبوو، بەڵام حاجی قادر هات شۆڕشی یەکەمی بەسەر ئەو شێوازەدا کرد کە نالی پێیوابوو کەس توانای تێپەڕاندنی نییە، ئەو مەشخەڵی یەکەمی داگیرسان، دواتر دڵدار ئەم مەشخەڵە لە دەستی حاجی وەردەگرێت. ئەگەر حاجی نیشتمانی کردبێتە سەنتەر، ئەوا لەسەر دەستی دڵدار ئەو نیشتمان سەنتەرییە دەگاتە دوا پلەی خۆی، ئەوەش تەواو پێچەوانەی شیعری باوی کوردیی بوو، چون تا ئەو چرکەساتەش شیعری کوردیی عەشقی کردبووە سەنتەر، عەشقیش بە تایپە سۆفیگەرییەکەی و بە واتای توانەوە و حلول لە خودی خودادا، تەنانەت ئەزموونکردنی عەشقی مرۆیی لە عەشقی خوداییدا, لە رووی چەمک و زاراوەسازییشەوە سەردەمی عیرفان لە شیعری کوردیدا سەردەمی سووتان و فیغان و ئەو مازۆخیەتە روونەیە لە رۆحی سۆفیزمەوە هەڵهێنجرابوو. دڵدار قەبزەیەک بوو، دابڕانەکەی حاجی کردە، دابڕانێکی ریشەیی و ئیتر نیشتمان و عەشقی وڵات جێی هەر جۆرە عەشقێکی تر دەگرێتەوە. لێ دەزانین ریتمی عیرفانی وەک دەنگی پەرش و بڵاو بە باڵای سەدەی بیستەمیشدا هەڵگەڕاوە، تەنانەت دیوانەکانی نالی و مەولەوی و مەحوی وەک سیمبۆلەکانی ئەو تەریقەتە شیعرییە لە نیوەی دووەمی سەدەکەدا بە چاپی رێکوپێک کەوتوونەتە بەر دیدی خوێنەران، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین نکۆڵی لە

تێپەڕینی قۆناغەکەیان بکەین.

دڵدار نیشتمان دەهێنێتە ئاستی ئاین، یان ئاینی خۆی «لێرە دڵدار بەشێوەی کۆ قسە دەکات» بە نیشتمانەکەی ناوزەد دەکات. لەمەشدا شیعری «ئەی رەقیب» لانیکەم دە ساڵێک پێش هەردوو شیعری «داری ئازادی» و «بیست و حەوت ساڵە»ی بێکەسی باوک کەوتووە. کەچی رەنگە سەیر بێتە بەرچاو ئەم دوو دەنگە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییەی شیعری کوردیی لە یەک ساڵدا دەمرن و هەردووکیان بە گەنجی سەردەنێنەوە. دڵدار بۆ ماوەیەکی درێژ وەک سەرمەشقی گووتارێکی شیعریی دەمێنێتەوە کە چاوی ئێمە بۆ ئازادیی دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ستایلێکی شیعریی دادەمەزرێنێت، تێپەڕاندنی هەروا ئاسان نەبێت. تا ئەو کاتەی محەمەد عومەر عوسمان «ژەنەراڵی پایز» دێت و فۆرمێکی نوێتر بە شیعری کوردیی دەبەخشێت. شیعر لە سیاسەت و بەرگریی پاک دەکاتەوە و دەیبەستێتەوە بە ئەکتە کەسییەکان و وروژاندنی پرسیارە وجودییەکانەوە. دواتریش لە ژێر پاڵتۆکەی ژەنەراڵەوە ژمارەیەک شاعیر دێن لە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی بونیادگەرایی شیعر وەک پێدراوێکی زمانەوانی دەبینن و دەنووسن، یان بە مانایەکی دیکە شیعر بە ئیشکردن لە بواری زماندا پێناسە دەکەن، شانبەشانی ئەمانیش بێکەسی کوڕ و پەشێو وەک سیمبولەکانی ئەدەبی بەرگریی دەنگی زاڵی شیعری کوردین.

دەگەڕێمەوە سەر دڵدار، ئەوەی دەمەوێت لە کۆتاییدا بیڵێم ئەمەیە، دڵدار خۆی لە «موزەکەرات»ەکەیدا نووسیوویەتی «شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر لە مێشکمدا لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەڕیان بوو..». کۆتایی ئەو شەڕەش سەرکەوتنی حاجی بوو بەسەر نالی دا. لەو ماوە کورتەی ژیانیدا دڵدار توانی وەک شاعیرێک کە پلەیەکی باشی خوێندنی بەدەستهێنابوو، لەپەناشیدا توانی گووتارێکی شیعریی بخاتە سەر پێ، نیشتمانی کردە سەنتەر و شیعری «ئەی رەقیب»یش لەم رەهەندەوە لوتکەی داهێنانێتی. بڕیارم داوە جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر دڵدار و دووبارە ئۆتۆبیۆگرافیاکەی بخوێنمەوە و بە ورد و چڕتر لە بارەیەوە بنووسم، چون کاتی ئەوە هاتووە بگرە درەنگیشە دڵدار لە بەندیخانەی مێژووی ئەدەبیمان دەربهێنێن و بیخەینە بەر هەتاوی خوێندنەوەی هەمەلایەن و هیرمنیۆتیکیی.

ماوەتەوە بڵێم تێکست هەمیشە لە نووسەر زیاتر دەژی، بە دیوێکی تردا قسەکە ئەمەیە تێکستەکان توانای تێپەڕبوونیان هەیە بە زەمەنەکاندا، بەڵام نووسەر خۆی وەک فیزیک کوڕی ساتەوەختێکە لە ساتەوەختەکانی ژیان. ئەوەی پێی دەوترێت نووسەری نەمر یان شاعیری جاویدانی، داهێنەری فۆرمێک و ئافرێنەری دەقێکە مێژووبڕ و زۆرجار کیشوەربڕیشە. ئەگەرچی تێکستی ئەی ڕەقیبی دڵدار ناکرێت ببێتە دەقێکی یونیڤرساڵ چون حکایەتی نەتەوەیەکی دیاریکراوە لە ماوەیەکی مێژووییدا، بەڵام بەو ئاستەش لۆکاڵی نییە سنوورەکان نەبڕێت و دەنگدانەوەی نەبێت لە هەست و یادەوەریی هەر کوردێکدا. ڕاستترین تێزیش ئەو تێزەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر دەقێکی بە جیهانیبوو بە ڕاددەی پێویست لۆکاڵی بووە. تۆ کاتێک کۆ چیرۆکی «دبلنییەکان»ی جیمس جویس دەخوێنیتەوە ڕووداوەکانی ئەو شارە هەر بۆ دبلنییەکان خۆیان نییە، بەڵکو هەر خوێنەرێک پەلکێش دەکات بۆ ڕۆچوون بەناوی ژیانی ڕۆژانەی دبلنییەکان و ئەوەی لەو پایتەختە دەگوزەرێت. بە هەمان شێوە دڵدار بە شیعرێک مێژووی کورد بە کورتی نیشانی هەموومان دەدا. بۆ نا، گەر ئەم شیعرە بکرێتە جیهانی؟.

ڕۆژی ١-٤-٢٠٢٠
خۆرئاوای زەمین

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢٣-٤-٢٠٢٠ لە هەردوو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت « و «دەنگەکان»دا بڵاوکراوەتەوە و لە ڕۆژی ٢٥-٤-٢٠٢٠ لە ماڵپەڕی دەزگای «چاوی کورد» دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

# نیشتمان لە دەرەوەی ئەنگێزەی ناسیۆنالیستی

هەرچەندە هەوڵ دەدەم، ناتوانم وەکو
چۆن خۆم دەمەوێ، ئاوا، باسی وڵاتەکەم بکەم
رەسوڵ هەمزاتۆڤ

فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەڵمانی «پیتەر سلۆتەردایک» لە ئینتەرڤیۆیەکی گۆڤاری «فۆکەس»دا لە بارەی بوونی ئاینەکانەوە کە ئەو نکۆڵی لە بوونیان دەکات، رستەیەکی سەرەتانی دەدرکێنێت بەوەی دەڵێت «چەمکی ئاین هەڵەیە و زیانبەخشە، هەروەها بەشێک لەکولتووری ئیمپریالیستی رۆژئاوایشی تێدایە». سلۆتەرداریک نموونەی هیندییەکان دەخاتە بەرچاو، پێش ئەوەی لەلایەن ئایینناسە ئەوروپییەکانەوە بۆیان روون بکرێتەوە، دەرکیان بە هیندۆسیبوونی خۆیان نەکردووە، بەهەمان شێوە چینییەکان تاکو بە ئەمڕۆش دەگات هەستێکی وایان نییە. بە هەمان فۆرم، ئەوەی بۆ من گرنگە، پێش مودێرنێتە و هاتنە ئارای دەوڵەت نەتەوە «ناسیۆنالیزم» شوناسی نەتەوەیی نەناسرابوو، ئەوە ناسیۆنالیزم بوو خەڵکی پۆلێن کرد بەسەر نەتەوەی جیاجیادا، بەر لە ناسیۆنالیزم ئەو شوناسە لە جێگەیەکی نادیاردا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هاشا لە دابەشبوونی مرۆڤ بکەین بەسەر ناسنامە جوداکاندا، هەر لە ناسنامەی نیشتمانی و رەگەزیی و ئاینییەوە بیگرە تا کۆی شوناسەکانی تر. ئەگەر لە پێشوودا ناسنامەی نیشتمانی تا ئەندازەیەکی زۆر جێگیر بووبێت، لە دنیای گلۆبالدا ئەم جێگیرییە لەبەردەم هەڕەشەدایە، تۆ چۆن دەتوانیت ناسنامەی کەسێک دیاری بکەیت دوو رەگی

هەبێت «واتە باوک و دایکی سەر بە دوو نیشتمانی جودابن»؟. زۆرجاریش بیر لە منداڵەکانی خۆم دەکەمەوە، خاوەنی دوو نیشتمانن، وەک ئەوەی «ئەمین مەعلوف» لە کتێبی «ناسنامە بکوژەکان»دا دەیخاتە روو: «لە کەنارەکەی تری رووباری راین بیر لە حاڵی تورکێک دەکەمەوە، سی ساڵ بەر لە ئێستا لە نزیک فرانکفۆرت لە دایکبووە و هەمیشە لە ئەڵمانیا ژیاوە، لە باب و باپیرانیشی باشتر بە زمانەکەی قسە دەکات و دەنووسێت، کەچی لە چاوی ئەو کۆمەڵگەی پەنای داوە ئەڵمانی نییە، وەک چۆن لە دیدی کۆمەڵگەکای خۆیشیەوە تورکێکی راستەقینە نییە»؟!. ئەمە کێشەیەکە فیکری منیشی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

## دۆزینەوەی نیشتمان لە مەنفا

ئەگەر لە ئەزموونی خۆمەوە دەست پێبکەم، هاوینی ساڵی ٢٠٠٠م وەک ئێستا لە یادە، لەناو ئەو کامیۆنەی پێی دەڕۆیشتین بە خاکی تورکیادا بە ئامانجی گەیشتن بە وڵاتی گریک، زۆر ئارەزووم دەکرد کاسێتێکی «مەزهەری خالیقی»م لەگەڵ خۆم هەڵگرتبا، تەنیا بە خاتری ئەو گۆرانییە ناودارەی «ئەگەڕێمەوە من بۆ وڵاتەکەم». چەند کۆپلەیەکم لەو گۆرانییە لەبەربوو هەتا چووینە سەر دەریا هەر لەبەر خۆمەوە دەمووتەوە. بۆ کۆمۆنیستێکی رادیکاڵ و کۆسمۆپۆلیستی وەک من، ئەمە یەکەمین لەحزەی هەستکردنم بوو بە پەیوەندیی قووڵم لەگەڵ شوێندا، لەوێ شوێنێکی تری نوێم دۆزییەوە، جێگەیەک ناوی نیشتمانە. هەر لەوێدا رمەکەم دوورتر هەڵدا، لەو فاکتە دڵنیابوومەوە، ئەو مرۆڤە کوردەی هەمیشە لە نیشتمانەکەی را دەکات، لە هەمان ئەو ساتانەی هەنگاو بە هەنگاو لە وڵاتەکەی دوور دەکەوێتەوە، نایەوێت پەیوەندیی خۆی بە نیشتمانەکەیەوە ببچڕێنێت، لەوە زیاتریش داڵغەی گەڕانەوە، بۆ ئەو نیشتمانەی بە نەفرەتی کردووە زۆرتر لە هەر شتێکی تر مێشکی داگیر دەکات.

ئاخر مرۆڤی ئێمە چەندێک بیەوێت لە شوناسی خۆی، لە نیشتمانی خۆی هەڵبێت، دواجار ئەوە نیشتمانە دەستبەرداری ئەو نابێت، بەردەوام خەون و ترادیسیۆن و زمان وەک رایەڵێکی بەهێز دەمێننەوە لەنێوان کۆچبەر و نیشتماندا، گوریسێکی کولتووریی هەمیشە لە ئارادایە مرۆڤی پەناهەندە بە وڵاتەکەیەوە

دەبەستێتەوە، تەنانەت کۆچبەر بەشێک لە کێشەکانی نیشتمان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە وڵاتی خانەخوێ. وەک چۆن یەکەمین پرسیاریش لە تاراوگەکەیدا رووبەڕووی دەبێتە، پرسیاری شوناس و نیشتمانە،! ئەمە دەبێتە یەکەمین پێناسی مرۆڤی ئاوارە، ئەو پێی خۆش بێت یان نا، بۆ ساڵانێکی درێژتر تەنانەت دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی وڵاتی خانەخوێ، شوناسە نیشتمانییەکە تاکە شتێکە ئەوی پێ دەناسرێتەوە. هەروەک ئەوەی نووسەری ئەڵمانی «تۆماس مان» دەیووت «تاراوگە دەردە، ژیانی بۆگەنیوی ئەڵمانیاش مەرگەسات، بەڵام هیچم نەدۆڕاندووە، لە هەر کوێیەک بم ئەڵمانیا لەوێیە، دەنگ و رەنگ و فەرهەنگی ئەڵمانی لە ناخمدایە». ئەمە دروست قسەی دڵی زۆرینەی دیاسپۆرای کوردە کە وەک لە رۆمانی «جەمشید خانی مامم»دا وێنا کراوە، هەمیشە «با»کان دەیبەن و دەیهێنن، هەر جارەی لەسەر زەمینێک و ناشوێنێک دەگیرسێتەوە. کەچی کەشتی کۆچەکەی لە هەر جێگەیەک لەنگەر بگرێت، بە ناسنامەی کوردییەوە دادەبەزێت.

ئەگەر دیقەت لە لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان بدەین، بە روونی ئەو پەیوەندییە بە تینەی مرۆڤمان بە شوێنەوە بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەمەش پەیوەندییەکی خۆڕسک و غەریزییە نەک دروستکراو، چون شوێن یان بە مانایەکی تر نیشتمان موڵکی هەمووانە، ئەمەش رێک پێچەوانەی ناسیۆنالیزمە کە ئایدۆلۆژیایەکی دەستکردە، مرۆڤ ئەگەر «ئەرنست رینان» بخوێنێتەوە تێدەگات ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکی چەند درەنگ داهێنراوی دەستی مرۆڤە. وەک وتم و جەختیشی لەسەر دەکەمەوە گرێدرانی هەستی مرۆیی بە شوێنەوە غەریزییە، سەرنج بدەن خەڵکانی ئەسکیمۆ لەو نیشتمانە بەفرینە ناتوانن دەستبەرداری ئەو شوێنە سەهۆڵییە ببن، لەهەر کوێ بن خۆیان بەغەریب دەزانن، بە هەمان شێوە دانیشتوانی هێڵی ئیستوا ئەو نیشتمانە سووتێنەرەیان زۆر لە کوێستانەکانی ئالب لەلا دڵگیرترە! مرۆڤ کاتێک کتێبی «داغستانی من»ی هەمزاتۆڤ دەخوێنێتەوە ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێت باسی بەهەشتێکی پانوپۆڕ دەکات نەک نیشتمانێک بەقەدپاڵی چیا و کەژە سەختەکانەوە. هەر ئەم سیحرەیە وا لە مرۆڤی تاراوگەنشین دەکات، هەندەران بە تابووتی خەون و نوستالیژیاکانی لە

قەڵەم بدات، یان بەو بەهەشتە وێرانە تێبگات دوولەتی کردووە، هەمیشە چاوی لەسەر ئەو لەتەی خۆی بێت لە شوێنی یەکەم جێیهێشتووە.

وەک خۆم لام ئاساییە، مرۆڤ نیشتمان جێبهێڵێت، ئەو جێهێشتنە پرۆسەی خۆ تەواوکردنی کەسێتییە. ئەگەرچی شۆڕشی دووەمی تەکنۆلۆژیا دنیای یەک رەنگتر و بچووکتر کردۆتەوە، چیدیکەش ناکرێت غوربەت هەمان غوربەتەکەی نالی یان پیرەمێرد بێت، بەڵام مرۆڤ کە وەک کۆچبەر رووی کردە نیشتمانێک هیچ نوستالیژیایەکی ئەوی تێدا نییە، ون دەبێت، پرۆسەی خۆدۆزینەوەش دەبێتە کردەی زەحمەت، گەڕانەوەی «شێرزاد حەسەن» پەیوەندیی بەم نوستالیژیا و ونبوونەوە هەیە تاوەکو جارێکی تر خۆی لەو نیشتمانەدا بدۆزێتەوە کە زۆرترین رەخنەی لە کولتوورەکەی گرتووە و هەیە، بەڵام دواجار نیشتمانی غرور و یادگارەکانێتی. هەروەاش ژەنەراڵی پایز «حەمەعومەر عوسمان» هەرچەند ناوی تاکە دیوانەکەشی «لەغوربەتا» بێت، کەچی وەک ئەوەی قەڵەمی قەدەر نوسیبێتی رەفاهترین دەوڵەتی باکووری زەوی جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیشتمانەی خۆی تێدا هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.! ئەوان گەڕانەوە تاکو خۆیان لە نیشتماندا دووبارە بدۆزنەوە، لەملاوە ژمارەیەکی کۆچبەری تر هەن، نیشتمان لە مەنفا دەدۆزنەوە، ئەم گروپە نوستالیژیا کەسییەکانیان بۆ رووداو و یادگارییەکانیان دەگۆڕن بۆ پڕۆژەیەکی فیکریی و مەعریفی، لە تاراوگە نیشتمانێک دەدۆزنەوە، هیچ کات نەیانتوانیوە ئەو جۆرە لە نیشتمان لەو کاتانەشی لەناو خودی نیشتماندا ژیاون کەشف بکەن. ئەمەش لە ئەزموونی حاجی قادری کۆییەوە دەستپێدەکات تا بە رۆژی ئەمڕۆمان دەگات. ئەگەر زێدەگۆیی نەبێت دەتوانم بڵێم باشترین فۆرمی دۆزینەوەی نیشتمان ئەو فۆرمەیە کۆچبەر لە دەرەوەی جوگرافیای نیشتمان دەیدۆزێتەوە.

**کۆچ بەرەو هەندەران**

**ناشوێن و راسیزم***

لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ئەوەیان سەلماندووە مرۆڤ بە سروشتی خۆی کائینێکی کۆچەرە. لەوەتی مرۆڤ هەیە کۆچ لە ئارادایە ئەگەر لە جوگرافیایەکی

بەرتەسکیشدا بووبێت. خەسڵەتی مرۆڤ ئەوەیە هەمیشە لە هەموو جێگەیەک بەدوای ژیانێکی شایستەدا دەگەڕێت، کۆچ لە ئەشکەوتەکانەوە بەرەو دەشت و نشێوییەکان، لە گوندەوە بەرەو شارەکان، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە بازنە هەرە بچووکەکەیدا لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر، هەموو یەک واتا بەدەستەوە دەدەن: مرۆڤ شوێنی خۆی بە دوای ژیانێکی شکۆمەندانەدا جێهێشتووە. ئەگەر مێژووی کورد بەسەر بکەینەوە، دەبینین پێکهاتەی میللیی کورد جۆرێک لە یەکێتی نێوان خێڵەکانە، ئەمانیش هەمیشە وەک جەنگاوەری پارتیزان و هۆزی رەوەند خۆیان نواندووە، وەک لە گەشتنامەکانەوە بەو مێژووە ئاشنا دەبین، هەر لە خاتیراتی گەزنەفۆن و مارکۆ پۆلۆوە بیگرە تاکو سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی و کلۆد ریچ، لەو فاکتە دڵنیا دەبینەوە کورد وەک کۆنفیدراسیۆنێکی تێکچڕژاوی نێوان هۆزەکان، هەمیشە لە دۆخێکی ناجێگیر و کۆچڕەویدا بووە، دواتریش ئەم کۆچە چوارچێوەی سیاسیی و ئابووری و نەتەوەیی وەرگرتووە.

رەنگە راگواستن بەشێکی دانەبڕاو بێت لە کۆچی کورد هەر لەناو نیشتمانەکەی خۆیدا، ئەویش هەر لە زەمانی عوسمانییەکانەوە تاوی ستاندووە بەوەی هۆزێکی وەک باجەلان لە «ئامەد»ەوە بۆ خانەقین راگوێزراون، کە تاکو ئەم چرکەساتە شاڵاوی «تەرحیل» بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافی لە رۆژئاوای کوردستان و شاری کەرکوکی باشوور و بەشێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوامە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانەroویەکی تری کۆچە، ئەویش کۆچکردنە بەرەو دەرەوەی نیشتمان. لەم رووەوە دەبێت ئاوڕ لە دوو جۆر کۆچ بدەینەوە، یەکەمیان ئارەزوومەندانە و ئەویتریان بەتۆپزیی. لەوانەیە لە کارەکتەری «مەولانا خالیدی نەقشبەندی»دا هەردوو جۆرە کۆچەکە چاو بکەین، بەوەی سەفەرە زانستییەکەی تاکو هیندستان کۆچێکی ئارەزوومەندانە بووە، هەرچی جێ پێلێژکردن و دەرپەڕاندنێتی لە شاری «سلێمانی»ەوە بەرەو شام فۆرمە تۆپزییەکەی کۆچە، بۆی هەیە مەولانا یەکەمین پەنابەری سلێمانی بێت لەسەر کەیسی بیرکردنەوە و ئازادیی بیروڕا، رێی هاتونەهاتی تاراوگەی

هەڵبژاردبێت و لە مەنفاکەیدا سەری نابێتەوە. وەک ئەمە لە ئەزموونی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینیشدا بەرجەستە بووە، تاکە جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێخە نەقشبەندییە تەنێ ئەوەیە یەکەمیان بە دەستی کورد و ئەویتریان بە دەستی بێگانە ناچار بە ژیان و مردن کراون لە مەهجەردا.

لە دنیای تازەدا چەمکەکانی تاراوگە و غوربەت، وەک خۆیان نەماونەتەوە، گلوبالیزم هەمووومانی پەلکێش کردووە بۆ سەر یەک خوان، تا هەموو مەکدۆناڵس بخۆین، بە زمانی ئیدیاڵی ئینگلیزیی بدوێین، لەم دنیا نوێیەدا غوربەت و تاراوگە لە لێواری نەماندان رەنگە تەنیا راسیزم بە بیرمان بێنێتەوە هێشتا دنیا یەک رەنگ نییە، ئەمەش بۆ خۆی مایەی گریانە. وەک وتم سەرمایەداریی تەنیا بەوە ناوەستێ جیهان بکاتە یەک بازاڕی هاوبەش، بەڵکو هەڕەشەی سڕینەوەی ناسنامە و کولتوور و زمانە جیاوازەکان دەکات، هەموویان لە یەک بۆتەی دڵخوازی خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆ منێک کە لایەنگریی جیاوازیی و هەمەڕەنگی کولتوور و ئایدێنتیتیم، ئەوە مایەی قبوڵ نییە، خەریکە هەموو وەک «دیوگینس»ی سیمای دیاری فەلسەفەی سەگییەکان دەدوێین کە لە دوا دواییەکانی دەوڵەت شاری گریکی و سەرەتای هاتنە ئارای ئیمپراتۆرییەتە جیهانداگرەکاندا، وتی «من خەڵکی جیهانم». بەوەی چیتر مرۆڤ لە ئاستێکی لۆکاڵیدا بەند ناکرێت، بەڵکو دەبێتە کائینێکی گەردوونی. هەرچەند پێشتر رەخنە لە کۆمۆنیزم دەگیرا بەوەی سنوورەکان دەسڕێتەوە و فرەڕەنگی لەناو دەبات، ئێستا سەرمایەداریی خۆی ئەم کارە دەکات، ئاخر کۆمۆنیزم جیهان دەکاتە یەکەیەک بۆ تاقیکردنەوەی ئابووری سۆسیالیستی نەک دەست ببات بۆ سڕینەوەی شوناسە جیاوازەکان.

هەرچەند «رێبوار سیوەیلی» لە کتێبی «دیاردەگەرایی تاراوگە»دا کە بەرهەمی ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانە دەنووسێت «تاراوگە چیدی وەک سەردەمەکانی رابردوو بارودۆخی تاکە کەسێک نییە دوور لە نیشتمان و زێد و کولتووری خۆی دەژیا و بەهۆی چەمکی (شاعیری ئاوارە) و (سیاسیی دوورخراوە) و (دیپلۆماتی هەڵاتوو) دەناسرایەوە، لە ژیانی هاوچەرخدا تاراوگە

دیاردەیەکە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی قوڵی خۆیەتی.. دیاردەیەکە نەک هەر سنووورە جوگرافییەکانی ژیانی پەنابەر هەڵدەگێڕێتەوە، بەڵکو گۆڕانێکی بنەمایش لە کەسێتییەکەیدا دەکات». لەمە زیاتر «چەمکی غوربەت»یش هەمان دەلالەتی پێشووتری خۆی نییە، وەک ئەوەی «نالی» لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێ «لەم شەرحی دەردی غوربەتە.. لەم سۆزی هیجرەتە.. دڵ رەنگە ببێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبور». بەڵکو خودی تاراوگەش نەک هەمان ئەو تاراوگەیەی ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو نییە، لە بنەوانەوە گۆڕانێکی سیحریی بەسەردا هاتووە. سەردەمی کۆچی ئێستا و ژیانکردن لە تاراوگە سەردەمێکی تازەیە کە رێورەسمی خۆی هەیە و نەزعەی راسیستانە هاووڵاتیانی خانەخوێ هەڕەشەیەکن بەسەر سەریەوە، هەر ئەوەی بەم دواییانە «ژیـژەک» وتی «ئەوروپا لەبەردەم رەشەبادایە» بەوەی لێشاوێکی تری پەنابەر بەرەو ئەم کیشوەرە بەڕێوەن، هەموو زەنگەکانی مەترسی لێدراون، چوون هیچ کات هێندەی نهۆ میدیا و راسیزم بەم بەربڵاوییە وێنای کۆچبەریان ناشرین و دزێو نەکردووە، ئەمەش رەگێکی دەچێتەوە سەر ئەو نەزعەیەی بە ئۆرۆ سێنترالیزم دەناسرێتەوە.

چیتر راسیزم بە پەنهانی نەماوەتەوە، لەودیو زەردەخەنە درۆینەکاندا دانەپۆشراوە، بەڵکو لەو فۆرمە شاراوەیە دەرچووە کار لەسەر هەراسانکردنی تاکی پەنابەر بکات، بگرە لە ئێستادا لەسەر هەموو ئاستەکان وەڕسی و بێزاریی ئاشکرا دروست دەکات، تا ئەو ئەندازەیەی لەم دوو سێ ساڵەی رابردوودا هەوڵی لەناوبردنی فیزیکیشمان لە چەند شوێن و شارێکی وڵاتانی ئەوروپایی بینیی، بە تایبەت ئەو ژمارەگەلە دەستدرێژیی و کوشتوبڕەی لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا بەرامبەر بە بیانییەکان «ئاوسلەندەر» روویانداوە. ئالێرەدا خەونەکانی کۆچبەر پووچ دەبنەوە، رێگەیەکی تری لەبەردەمدا نامێنێت جگە لە خۆگرێدانەوە بە نیشتمان. جگە لە پڕبوونی هەگبەی خەونەکان بە گەڕانەوە بۆ زێد، بۆ ماڵی یەکەم و دواهەمینی ژمارەیەکی بێشوومار لەوانەی هەست بە دڵنیایی ناکەن،

ئاخر نیشتمان و ماڵ هەریەک واتایان هەیە لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا، وشەی ماڵ لە رەگە گریکییەکەی خۆیدا Komi جیاواز لە مانای دڵنیایی، بە واتای زادگە و نیشتمانیش بەکارهاتووە.

ئەم شەپۆلە نوێیەی راسیزم، رەنگە نەتوانێت ببێتە لەمپەر لەبەردەم لێشاوی کۆچبەردا، چوون لە ئەندێشەی کۆچبەردا، ئەم رەوە پەڕینەوەیە بۆ پارادیس، گەیشتنە بەو ناشوێنەی لە مێشکیدا سکێچی کردووە. ناشوێن «یۆتۆپیا»ی رۆژئاوا وێنایەکی ساختەی داهێنراوی هەموو ئەو مرۆڤانەیە دەیانەوێت بگەنە ژیانێکی شایستە. لەم کاتەدا هەمان تێزەکەی «ئیدوارد سەعید»م بیرکەوتەوە لە کتێبی «رۆژهەڵاتناسی»دا گەڵاڵە کردووە، کە ئەو پێیوایە خۆرهەڵاتناسی تێرمی بیرکردنەوە و روانینی لێڵی مرۆڤی رۆژئاواییە سەبارەت بە خۆرهەڵات، بەوەی سەرزەمینی سوڵتان و کەنیزەک و سێکس و ئیباحیەتە، لەکاتێکدا ئەمە وێنایەکی تەواو ئایرۆنییە و بارگاوییە بە رۆحی ئیمپریالیستی خۆرئاواییەکان. ئەمە هەمان وێنای خۆرهەڵاتییەکانیشە بۆ خۆرئاوا، لە زیهنی هەر کۆچبەرێکدا ئەوروپا پوفێکی گەورە و سەرزەمینی رەفاهیەت و ئازادییە، هەر بۆیە قەدەری خۆیان دەدەنە دەست ریسکەکانی رێگە و هەموو خەونە گەنجەکانیان بە کۆڵیانەوە دەهێننە کیشوەری شێداری پیرەکان. دەگەڕێمەوە سەر ئەزموونی خۆم لە ساڵی ٢٠٠٠ هەر یەکێک لە ئێمە وڵاتێکمان دەستنیشانکردبوو بۆی بچین، بێئەوەی بچووکترین زانیارییمان هەبێت لەسەر ئەو وڵاتە، ئەم کۆچە نائاگایی مرۆڤی ئێمە دەردەخات بێ هیچ بەرچاو روونییەک زێد بەرەو ناشوێن مل دەنێت، لەگەڵ بەتاڵبوونەوەی یۆتۆپیاکە و بەرکەوتن بە گیروگرفتەکانی ژیان لە مەنفا و لەمسی راسیزم و بێ ویژدانی بازاڕی کار، هەست بە بوونی نیشتمان دەکات. لەم نێوەندەدا لە دنیای بچوککراوەی دەستی گلوبالیزمدا هەست بە لەخۆبێگانە بوون تێیدا سەرهەڵدەدات و نوستالیژیاکانی وەک بورکان دەتەقنەوە. بەختیار عەلی، لە کتێبی «ناشوێن»دا دەنووسێت «غەریبی ئێمە هێندەی بیری نیشتمان دەکات، بیر لە نیشتمان ناکاتەوە». بەڵام وایدەبینم هەموو ئەوانەشی بیر لە نیشتمان

دەکەنەوە، بە هەستی غوبن و غەریبیدا تێپەڕیوون، لە چرکەساتی یەکەمەوە بیری نیشتمانیان کردووە، دواتر ئەو وابەستەبوونە ڕۆحییە وەرچەرخاوە بۆ پڕۆژەی بیرکردنەوە لە نیشتمان. لەڕاستیدا ئەگەر مرۆڤی تاراوگەنشین تاسەر لەناو گێژاوی هەستکردن بە غەریبیدا بمێنێتەوە و دەسخەڕۆکراو سەیری خۆی بکات، ناتوانێت بە هیچ کوێ بگات جگە لە نەخۆشخانەی دەروونی.

***ناشوێن «یۆتۆپیا»: لە ڕووی زاراوەسازییەوە ریشەی لە هەر دوو وشەی لێکدراوی Ou واتە هیچ و Topia واتە شوێن هەڵهێنجراوە. دەکرێت ناشوێن بەو سەرزەمینە خەیاڵکردە میسالییە پێناسە بکەین هەموو شتێک تێیدا پێرفێکتە.**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢٤-٣-٢٠٢٠ لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان» بڵاو کراوەتەوە. لە ئێستادا هەموو ڕۆژنامە کاغەزییەکان لە دەرچوون وەستاون بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە. ئەگەرنا پێویست بوو لە ڕۆژنامەیەکی کاغەزیی بڵاوبکرێتەوە. بۆیە لە ئەمڕۆ بەدواوە نووسینەکانم لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بڵاودەکەمەوە.**

# زەلکاوی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیرانی نەریتپارێز

ڕۆشنبیری کوردیی لە گێژاوی سۆفیزم و نەریتدا گیری خواردووە و هەناسەی سوار بووە، ناتوانێت لە دەرەوەی کۆنسێپتە ئاینیی و چەقبەستووەکان میتۆدێکی تری بیرکردنەوە دابهێنێت. زمانێکی جیاواز لەو موفرەداتە سەلەفییە بدۆزێتەوە بۆ دەربڕین و هەرواش بۆ ئەوەی ببێتە رایەڵێک بۆ گەیاندنی هزرینی نوێ. ئێوە دیقەت بدەن ئەوەی لە وتار و شیعر و ڕۆمان هەڕمێنی هەیە هەموو ئەو تایپەن لە نالی و مەحوییەوە درێژبوونەتەوە تاکو بەختیار عەلی و مەریوان قانیع. ئەم ڕۆشنبیرییەش بارگاوییە بە ڕۆحی عیرفان و پاسیڤیزمی ئاینیی و هاوئاوازە لەگەڵ دەنگی زیقنی مێگەل، دڵداریی کردنە لەگەڵ سۆزی ئاپۆرا نەک برینێک بکاتە خودئەڤینی تاک و کۆمەڵگەوە، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئیندیڤیدوالیزمی کوردیی بێت، ئێمە پێویستیمان بە ڕۆشنبیرێکە شەبەقێکی گەورە بخاتە نارسیزمی باوەڕە باوەکانەوە نەک بەرهەمێهنەری کۆن بێت لە پاکەتی تازە و مودێرندا.

تەرزێک لە ڕۆشنبیری کورد، یان نووسەر، گۆڕەپانی ڕۆشنبیرییان پاوان کردووە، زیاد لە هەر شتێک لە بواری وشە ریزکردن، یان بابڵێین لە یاری وشەسازییدا «مۆرفۆلۆجیا» وەستا و کارامەن، ئەگەرنا هەگبەیان خاڵییە لە پەیام و ئاسۆیان هێندە تاریکە ڕووناکی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی لێوە نابینرێت. ئەگەر ڕۆشنبیر تەنێ دەسەڵاتی وشە ریزکردنی هەبێت بێ ئەوەی ئەو وشانە شتێک لە دنیا و دەوروبەرمان بگۆڕن، تەنیا دەمەوەرییەکەیان بۆ دەمێنێتەوە. ڕۆشنبیر یان نووسەری ڕاستەقینە بەوپەڕی ژیربێژییەوە کۆنسێپتەکانی دەگەیەنێت، نەک

زۆرتر لە هەر کارێک سەرقاڵی گەمەی چەمکسازیی بێت، هەموو خولیای ببێتە وتنی وشەی گەورە و نووسینی رستەی جوان، دەشێ وشە جوانەکان هەڵگری دنیایەک ناشرینی بن، بەپێچەوانەشەوە هەروا، ئەوەی گرنگە وشەکان وەک فیشەکی موختارکوژیان لێ نەیەت تەنێ دەنگێکی گەورە بن بێ پێکانی ئامانج، مەسرەفگەرایی لە بواری زماندا، دواجار لە چەنەبازیی بەولاوە شتێکی تر نییە و نابێت.

## رۆشنبیری کورد وەک ختوکەدەر

بە سەردەمێکدا تێدەپەڕین ئارگۆمێنت و میتۆدی زانستیی لە گووتاری رۆشنبیریی کوردییدا، کەوتۆتە دوای ختوکەدانی هەستی مێگەلی خەڵک، رۆشنبیرانی ئێمە لە باشترین حاڵەتدا شاسواری TALK SHOWن، کار لەسەر وروژاندنی سۆزی جەماوەر دەکەن، نەک لەسەر عەقڵی تاکەکەس، ئەمە هەمان ئەو شتەیە رۆشنبیرانی عەرەبیشی گرتۆتەوە، لە سۆنگەی ئەوەی هیچ ئارگۆمێنتێکیان پێ نییە بۆ رەواییدان بە هزرینیان، ناچارماون لە رێگەی جوڵاندنی ناوچەکانی سۆزی زۆرینەوە ئەوەی دەیانەوێت بیگەیەنن، هەر لەبەرئەمەش لە دنیای عەرەبیدا رۆشنبیرانی عەوامگەر دەستیان گرتووە بەسەر کایەی رۆشنبیرییدا، لە دۆخی کوردییدا قوڕەکە خەستترە، بەو پێیەی چوارچێوەی بیرکردنەوەمان لە بن کاریگەریی و بەرزەفتی رۆشنبیریی ئاینیی و کولتووری عەرەبیدایە.

ئەوەشی پێی دەوترێت نوێخوازیی لە کایەی رۆشنبیریی کوردییدا، هیچی تر نییە جگە لە چەمکسازیی و گەرمکردنی بازاڕی وشەسازیی بێ ناوەڕۆک، لە راستیدا فۆرم رەت ناکەمەوە، بەڵام نابێت ناوەڕۆک بکرێتە قوربانی فۆرم، نابێت ئێمە لە بۆشاییدا بیر بکەینەوە، ئەمە ئەو دیمەنە تۆقێنەرەیە بووەتە کابووسێکی بەردەوامی من. ئەوەی «گۆران» کردی لە بواری نوێکردنەوەی شیعری کوردییدا، لە تێکشکاندنی «عەروز»ی عەرەبییەوە بەرەو کێشی «پەنجە»، دوای نزیکەی سەدەیەک چەقی بەستووە، بەو پێیەی نەوەی دوای گۆران توانای نوێکردنەوە و تێکشکاندنی ریتمی باوی شیعری نییە، ئەوەی هەیە تەنیا

گەمەیەکی فۆرمالیستانەی رووتە و هیچی تر. لە بواری فیکردا، دوای مەسعود محەمەد، گروپی رەهەندییەکان هاتوون کە درێژکراوەی «روانگە»ییەکانن، ئەمان رۆشنبیریی کوردییان کردە کەلاوە و بازاڕی ساغکردنەوەی تێز و چەمکە سواوەکانی فیکری رۆژئاوایی. ئەم گروپە هێندە غەوارەن بە کۆمەڵگەی خۆیان، هەروەک ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی «عەلی حەرب» بە رۆشنبیرانی تاراوگەنشین ناویان دەبات ئەگەرچی لەناو کوچە و کۆڵانی شارەکانی خۆیشیاندا بژین.

تابلۆکە زۆر لەوە کارەساتبارترە، ئێمە بە چاو دەیبینین، هەموو کاری رۆشنبیری کورد، بووەتە ختوکەدانی دەروونی زۆرینە، ئەو دەتوانێت دەروونی جەماوەر بهەژێنێت، بەڵام دەست و پێ سپییە لە وروژاندنی عەقڵییان، ئەمە شتێک نییە رۆشنبیرانی ئێمە نەیخوازن، بەڵکو لە سترۆکتۆرەوە خۆیان لە لیتاوی ترادیسیۆن و دۆگماتیزمی ئیدۆلۆژییدا چەقیون، لەبەرئەوە ناتوانن کار لەسەر عەقڵ بکەن، وەک هەر مەلایەک یان پیاوێکی تری ئاینیی کاریان وروژاندنی هەستی دەستەجەمعییە، ئەمە ئەو ئایدزەیە دووبارە و دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە. رۆشنبیری کورد پرسیاری نییە، یان هەموو ئەو پرسیارانە دەوروژێنێتەوە، تێکڕا دەیزانن و زۆر کۆنتر وەڵام دراونەتەوە. تا رۆشنبیری ئێمە نەتوانێت پرسیاری تازە بکات، هیچ ئاسۆیەکی تازە لە مێشکی نەوەکانی داهاتوودا دەرناکەوێت. تاکو رۆشنبیری ئێمە عەقڵ رەت بکاتەوە و ببێتە باهۆزی عاتیفەگەرایی، کۆمەڵگەی ئێمە مێشکی هەر رۆژەی لە ژێر پێی جەلادێکدا دەپلیشێتەوە و بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دووچاری نەخۆشی «سەندرۆمی ستۆکهۆڵم»* دەبێت، وەک لە مێژە ئەم نەخۆشییە بڕستی لە کۆمەڵگەی ئێمە بڕیوە.

## رۆشنبیر وەک رووخێنەری ئارامی

فاکتێک هەیە فەیلەسووفە پۆستمودێرنەکانیش جەختی لەسەر دەکەنەوە، رۆشنبیر هیچ شتێک لە دەرەوەی گەنجینەی رۆشنبیریی ئیزافە ناکات جگە لە دۆزینەوەی تازە لەو گەنجینەیەدا، بە دەربڕینێکی تر رۆشنبیر کار لەسەر دۆزینەوەی فۆرمی نوێ دەکات بۆ هەمان ئەو ناوەڕۆکە کۆنەی لە ئارادایە.

روونتر وایە بڵێم نووسەر ناوەڕۆکی تازە داناهێنێت بەڵکو فۆرمی نوێ دەدۆزێتەوە، کارەکەی وەک ئەو سەرکێشییە کۆلۆمبۆسییە وایە کیشوەرێکی تری جوگرافیای تێڕامان و بیرکردنەوە دەدۆزێتەوە. زۆربەی جار ئەم نەریت شکاندن و دۆزینەوەیە دژ بە سایکۆلۆژیای مێگەلییە، بەڵکو وەک تاڤگەی ئاگر دەڕژێتە سەر خەیاڵدانی ئەو جەماوەرە پان و بەرینەی بیرکردنەوە و مێشکیان لەژێر بەفری ئایدۆلۆجیا و ئایندا بەستوویەتی.

رۆشنبیر بوونەوەرێکە هەمیشە بیر دەکاتەوە، پرۆسەی بیرکردنەوە یەکێکە لە ترسناکترین پرۆسەکان، لە سۆنگەی ئەوەی بیرکردنەوە هەمیشە شلۆقی و نادڵنیایی دوای خۆی جێدەهێڵێت، ساتەوەختی تیۆریزەکردنی بیرکردنەوە و ئاڕاستەکردنی بە ڕووی جەماوەردا، یەکێکە لە چرکەساتە هەرە تۆقێنەرەکان، بەو پێیەی مرۆڤ بەردەوام بە دوای سەقامگیرییدا وێڵە، رۆشنبیر لەم ساتانەدا وەک جەلادێک دەردەکەوێت لە تێڕوانینی زۆرینەدا، بەو پێیەی ماڵی ئارامیی و چەقبەستوویی ئیدۆلۆژیی «الجمود العقائدی»یان لێ تێکدەدات، هەروەک چۆن ماڵ شوێنێکە بۆ سەقامگیریی و ئارامی مرۆڤ، بەهەمان شێوە دۆگماتیزمی فیکریی رووبەرێکی ئارامە بۆ مێشکی مرۆڤ، ئەمە هەموو لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆگییەکان هاوڕان لەسەری. ئەوکاتەی رۆشنبیر بە چەکی بیر و رەخنەی نوێ دژ بەو دڵنیاییەوە دەوەستێتەوە و هەوڵی رووخاندنی ئەو ماڵە ئارامە دەدات، دەبێت کائینێکی گڵاو و نەفرەتلێکراو لە تێڕوانینی زۆرینە مێگەلەکەدا. وەک «پیتەر سلۆتەداریک» جەختی لەسەر دەکاتەوە تاکو ئەمڕۆ رۆشنبیران نازی کۆمەڵگەیان کێشاوە، کاتی هاتووە کۆمەڵگە توورە بکەن. رۆشنبیر دەبێت کۆمەڵگە وەک گای ئیسپانی شێت بکات. لە پێناوی جێخستنی ناباودا، دژی هەموو بەها باوەکان بوەستێتەوە، ئاخر ئەرکێتی دنیا کاول بکات لە پێناو دارشتنەوەیەکی جوانتریدا.

بیرم نییە، کام لە بیرمەندەکان بوو جارێک نوسیبووی: نووسین ژەهر و تریاکە. باوەڕم وایە ئەو بەپێزترین پێناسەی پرۆسەی نووسینە، لەبەرئەوەی نووسین ژەهرێکە دژی ئارامیی دەروونی و عەقڵیی، کرمێکردنی داری بیرکۆڵی و کاسبوونە لەهەمبەر هەقیقەت، هەمیشە مرۆڤ لە باری جێگرییەوە

دەباتە دۆخی رارایی و بەدگومانی. وەک ئەوەی «سلۆتەداریک»یش هەمیشە جەختی لێ دەکاتەوە «هیچ شتێک هێندەی ژەهر دژە ژەهر نییە». لە کۆتایشدا داهێنان و پێشکەوتن بەرهەمی عەقڵە نادڵنیا و ڕاڕاکانە، نەک مێشکە چۆڵ و مەییووەکان. رۆشنبیریی دەبێت وەک شمشێری «دیموکلیس» مرۆڤ لەسەر نادڵنیایی رابهێنێت، راهاتن لەسەر دڵنیایی داخستن و قفڵدانی عەقڵە، رۆشنبیریش بوونەوەرێکی هەستەکی نییە، بەڵکو لە بەرزترین راددەدا بزۆز و عەقڵانییە، یەکێک لە خاسیێتەکانی رۆشنبیر ئەوەیە هەمیشە لە خەباتدایە بۆ ئەوەی مێشکی قەوزە نەیگرێت و بەردێکی مەعریفیی هەڵبداتە گۆمی مەندی دڵنیاییەوە، نەیزەکێک بێت لە ئاسمانی زەنگینی بیرەوە بکەوێتە خوارەوە، شاری ئارام و چەقبەستوویی خاپوور بکات، لەم کاتەدا رۆشنبیر رووخێنەرە لە پێناوی بیناکردنەوەدا، ئەمە هەمان تیۆری فەوزای خەلاقە کە لە ئەفلاتۆنەوە پەلیهاویشتووە و ئێستاش لە بواری سیاسییدا ئەمەریکا پەیڕەوی لێ دەکات.

## رۆشنبیر وەک نەفرەتلێکراو

ئەدۆنیس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «وتنی راستی لە زەمەنی سوکراتەوە ترسناک بووە»، بەو پێیەی باجەکەی مردنە، مەرجیش نییە هەموو کات ئەو مەرگە رەهەندی فیزیکی هەبێت، بەڵکو بە دەربڕینی ئەدۆنیس «لانیکەم مردن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە». ئەو کاتەی رۆشنبیر داکۆکی لەو راستییانە دەکات، پێچەوانەی مەیلی زۆرینە یان باوەڕە دۆگمە باوەکانە، بەر نەفرەت دەکەوێت. کاری رۆشنبیریی ئیشێکی ئیبلیسیانەیە، چوون لە بری یەقین گوومان لەسەر هەموو شتێک دروست دەکات، لە بری وەڵامی کۆنکرێتی سەدان پرسیاری تر بە ئاوەڵایی جێدەهێڵێت. لە راستیدا کاتێک ئێمە باسی چەمکی رۆشنبیر دەکەین، تەنیا ئەوانەمان مەبەست نییە سەریان بەسەر کتێبدا شۆڕ کردۆتەوە و پەیوەندییان بە واقیعەوە نییە و موریدی چەمکە مەتەڵئامێزەکانیانن، ئەمانە زیاتر عارفن وەک لەوەی رۆشنبیر بن، مەبەست لە هەر کەسێکە بۆچوونێکی تازە یان بیرۆکەیەکی ناباوی هەبێت کار لە ئەندێشەی مرۆڤ بکات.

رۆشنبیرێک زۆرینە بەدڵیان بێت، یان خۆشەویستی هەموو لایەک بێت،

جێی گوومانە، لەو سۆنگەیەی ئەو خۆشەویستییەی لەسەر حیسابی راستیی و شاردنەوەی برێک لە هەقیقەت پەیدا کردووە. رۆشنبیر لە هەر کایەیەکدا کار بکات، مرۆڤێکی بە نەفرەتکراوە، کۆمەڵگە هەمیشە لە رۆشنبیرە جیددییەکان دڕدۆنگە، چونکە کاری ئەو هەروەک هاواری منداڵە لاسارەکەی شانۆگەرییەکی «ئەپسن» وایە کاتێک هاواری کرد پاشا رووتە، ئەو تەنیا دەنگێک بوو لاساریی کرد و بە پێچەوانەی سەدای حەشاماتێکەوە راستییەکی ساکاری درکاند، لێرەدا ئەم منداڵە وەزیفەی رۆشنبیریی بەجێدەهێنێت. بە مانایەکی تر رۆشنبیر ئەو کەسەیە بە گوتنی راستیی درز دەخاتە خودئەڤینی زۆرینەوە، خوێ دەخاتە سەر برینەکان، گوومان لە پیرۆزییەکان دەکات و سنوورەکانیان دەبەزێنێ، هەوڵ بۆ دروستکردنی دنیایەکی نوێ دەدات لەسەر جەستەی ئەو دنیا باوەی زۆرینە تێیدا چەقیون، لێرەوەیە رۆشنبیر بە تەنیا بەر نەفرەتی دەسەڵاتداران ناکەوێت، بەڵکو پێشوەخت بەر نەفرەتی زۆرینەی کۆمەڵگە دەکەوێت. لە نموونەی ژەهرخواردکردنی سوکراتدا ئەم فاکتە بە روونی خۆی دەردەخات.

نیتچە لە «وەهای گوت زەردەشتدا» بە روونی دەڵێت «من ناگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە، تاکو هەمووتان نکۆڵیم لێ نەکەن». ئەوەش لەبەرئەوەی «هەقتان پێ دەڵێم»!!. دروست ئەمە وێنای رۆشنبیرە لە هەموو ساتەوەختە مێژووییەکاندا، کە بەر نەفرەت دەکەوێت، وێنایەکی قێزەون و تا ئەندازەیەک گاڵتەجاڕانەی بۆ دادەتاشرێت لە مێشکی خەڵکدا، رەنگە خەڵک هەر خۆیان دروستکەری ئەو وێنەیەش بن. لە نەفرەتکردن لە رۆشنبیراندا هەموو هێزەکان کۆکن و بەشێوەیەک لە شێوەکان پێک دەگەنەوە، بەو پێیەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئایینیی هەموو تەبان لە نەفرەتکردن لە رۆشنبیراندا. دیقەت بدەن چۆن «کۆپەرنیکۆس» کاتێک برینێکی قووڵ دەکاتە نارسیسزمی مرۆڤەوە، بەوەی زەوی چەقی گەردوون نییە، چۆن بەر نەفرەت دەکەوێت، لە کاتێکدا ئەوەی ئەو وتی راستییەکی زانستی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام لەو چەرخەی ئەوی تێدا دەژیا ئەم راستییە نەک باوەڕی پێ نەدەکرا، بەڵکو بەر نەفرەتیش کەوت. ئەوەی تازە بێت، سەرەتا قورسە، وەک پەندە ئەڵمانییەکە دەڵێت «هەموو دەستپێکردنێک قورسە». رۆشنبیر فیکری تازە دادەهێنێت و دەسپێکێکی نوێ

دروست دەکات. ئاخر زۆرجار ئەوەی رۆشنبیر دەیکات بۆ خۆیشی لە بەهاکەی تێناگات، هەروەک چۆن کۆلۆمبۆس بەوەی نەزانی ئەمەریکای سەرزەمینی هێز و ئەفسانەکانی دۆزیوەتەوە

لەم سۆنگەوە باوەڕم وایە ئەو رۆشنبیرەی لەئێستادا زۆر ستایش بکرێت بەرگەی مێژوو ناگرێت، بە پێچەوانەوە ئەو رۆشنبیرەی لە هەنووکەدا دژایەتی بکرێت شاسواری مێژووە و ئایندە دەبێتە موڵکی ئەو. نیتچە پێداگریی لەوە دەکرد هەموو شتە جوانەکان رۆژێک لە رۆژان ناشرین بوون. ئەو رۆشنبیرەی لە هەنووکەدا بەر نەفرەت بکەوێت، داهاتوو باوەشی میهرەبانانەی بۆ دەکاتەوە، پێچەوانەکەشی هەر راستە.

## وەڵامێکی نوێ بۆ پرسیارێکی کۆن

هەمیشە ئەو پرسیارە بۆتە پرسیارێکی جیدی کە بۆچی رۆشنبیریی کوردیی زۆر لۆکاڵییە و تەنانەت ناتوانێت سنووری گشت کوردستان بگرێتەوە و ببێتە رۆشنبیرییەکی کوردستانی؟ بۆچی ئەو پرنسیپە هێشتا بەسەر بوارە ئەدەبییەکەشماندا پراکتیک نەبووە کە جەخت لەوە دەکاتەوە هەر دەقێکی یونیڤرسال پێش هەر شتێک تەواو لۆکاڵییە؟. هۆکارەکەی جیا لە نەبوونی زمانێکی ستاندار و لە ئارادا نەبوونی دەوڵەتی کوردستان و تالانکردنی ژێرخانی رۆشنبیرییمان لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە، دەمەوێت هێما بۆ دوو هۆکاری ناوەکی تریش بکەمە کەم تا زۆر بۆ بەرسڤی ئەو پرسیارەی لای سەرەوە دەست دەدەن. یەکەمیان، هەمیشە نەتەوە سەردەستەکان هەوڵیاندا کەسێتی مەعنەویی تاکی کورد تێکبشکێنن و کەرت و پەرتی بکەن تا سنووری ئەوەی هەست بە زەبوونی خۆی بکات، بەردەوامیش بە چاوێکی نزمتر لە خۆی بڕوانێت کە تەریب بێت لەگەڵ کولتووری سەردار و رەعیەتدا. ئادلەر پێیوایە زۆرینەی جار داهێنان ریاکسۆنی گرێی خۆ بەبچووک زانینە، بەڵام ئەم گرێی خۆ بەکەم زانینەی کورد تاکە شتێکی بەرهەمهێناوە ئەویش مرۆڤێکی پاسیڤی ئیستهلاکییە، تاک و تەراش نەبێت ئەو کائینەی لە دنیای ئێمەدا بە رۆشنبیر دەناسرێتەوە لەنێو هەمان زەلکاوەوە لە دنیا دەڕوانێت.

دووەمیان، کێشەکە زۆر ناوەکییە و پەیوەندیی بە بچووکی خەیاڵدان و بەرتەسکی ئەو تاکەوە هەیە ناوی رۆشنبیری کوردە. ئاخر رۆشنبیرانی ئێمە هێشتا بازنەی بیرکردنەوەیان هێندە تەسکە بە ئاستەم دەتوانێت بچێتە دەرەوەی شار یان ئەو ناوچانانەی تێیاندا دەژین لە رووی جوگرافییەوە. رۆشنبیریی جیهانی کەسێکە لە ناو گوند یان شارەکەی خۆیەوە لە جیهان تێدەگات، بەڵام باسی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات. هەر دیاردەیەکی رۆشنبیریی لۆکاڵی نەبێت قابیلی ئەوە نییە ببێتە جیهانی، ئەگەر وەک ئارگۆمێنتێک پەنا ببەینە بەر نموونەی هۆلیۆد رەنگە کۆمەکمان بکات بۆ روونکردنەوەی زۆرتری قسەکانمان. ئەدەبی کوردیی نموونەی دەقی وەهای تێدایە بکرێتە دەقێک سنووری کوردستان ببڕێت، بەڵام گرێی خۆ بەکەمزانین و بێ نرخ سەرنجدانی بەرهەمی خۆماڵی هێشتا نەیهێشتووە ئەو کارە بکەوێتە سەر پێ. ئەم نموونە دەکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت بەسەر کایەی سیاسیی و ئابووریشدا.

***سەندرۆمی ستۆکهۆڵم: نەخۆشییەکی دەروونییە ئەو کەسانە دەگرێتەوە عاشقی جەلادەکەی خۆیان دەبن.**

**١٧-١-٢٠١٨**

**ستۆکهۆڵم - سۆلنا**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣١٧»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ٥-٢-٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

# شاری شووشەیی و کولتووری خۆڵەمێشی بۆتۆکسکردنی شاری هەولێر

لە دەروازەی پرسیارێکەوە دەچمە ناو باسەکەمەوە، ئایا ئێمە وەک کورد هیچ شارێکمان دروست کردووە؟!. ئایا شاری ئێمە بەرهەمی پێشکەوتنی پیشەسازیی و کەڵەکەی سەرمایە و مودێرنە بووە؟. ئەوەی روونە لە هەر پێنج پارێزگاکەی باشووردا تەنیا سلێمانیمان هەیە وەک شار و پایتەختێک بۆ میرایەتی بابان چێ کرابێت لەلایەن خودی کورد خۆیەوە. گەرچی سلێمانی لەو جوگرافیایەدا دروستبوو، پێی دەوترێت شارەزوور، ئەمیش بە پێی ژێدەرە مێژووییەکان شارێکی دێرین و مەڵبەندێکی سیاسیی و رووناکبیریی گەورە بووە لە هەزارەکانی پێش زایندا، بەڵام لە ساڵی ١٧٨٤دا سلێمانی لە دۆڵێکدا دروستکرا، تەنیا یەک ئاوەدانی بچووکی لێ بووە «گوندی مەڵکەندی». لێ ئەم شارە بە خێرایی رووی لە گەشەکردن کرد، ئەمەش لە یاداشتی گەڕیدە و میسوێنرەکاندا بە روونی خۆی دەنوێنێت، بە تایبەت لەو گەشتنامەیەی «کلۆد ریچ» لە بارەی ئەو شارەوە یادداشتی کردووە, لەگەڵ ئەمەشدا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، سلێمانی تەنیا گوندێکی پەرەسەندوو بووە بە پێی پێناسە کۆمەڵناسییەکان «هەنووکە گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی بەر لە پەنجاکان». هەرچی دهۆک و هەڵەبجەیە بە بڕیاری ئیداریی بوونەتە پارێزگا، کەچی هێشتاش لە زەوییەکی بە پیت دەچن بۆ لە ئامێزگرتنی کولتووری خێڵەکیی و دێهاتی. هەرچی کەرکوک و هەولێریشە، هەزاران ساڵ تەمەنیان هەیە، بەڵام هیچ

سەرچاوەیەکی مێژوویی نییە بیسەلمێنێت، کورد خۆی ئەو دوو شارەی دروست کردووە، ئەگەرچی هەزاران ساڵە کورد لەسەر ئەو زەوییانە نیشتەجێیە.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە قسەکردنە لەسەر هەولێری ئێستا، کە زۆرجار باس لەو گۆڕانە «ئەفسووناوی»یە دەکرێت لەو شارەدا هاتۆتە ئاراوە. ئەمەش ئەگەر وەک فۆرم سەیری بکەین جۆرێک لە پێشکەوتنی رواڵەتی لە ئارادایە، بەدەر لەوەی هەمیشە پێشکەوتن و نوێکاریی مەرج نین بۆ فەزیلەت، کۆنیش هەموو کات نیشانەی خراپبوون ناگەیەنێت. ئەوەی لە هەولێردا کراوە زۆرتر بۆ دروستکردن و خزمەتی چینێکی کۆمەڵایەتی بەرخۆر بووە، چینێک لە سیاسەتمەدار و بازرگان و خاوەن کۆمپانیا حزبییەکان پێکهاتووە، ئەمانەش لە ریزبەندە چینایەتییەکەدا لە سەرەوەن، یان چینی باڵادەستن، چونکە ئەو دەستی خزمەت و بوژاندنەوە بیناسازییەی لەو شارەدا هەیە نەک دەرفەتی بەهرەمەندبوونی یەکسانی نەڕەخساندووە بۆ گشت توێژ و چینەکان، لە بناغەوە شاری کۆنی هەڵتەکاندووە و لە جێگەیدا دوو شار یان راستتر بڵێم دوو هەولێری لەسەر پاشماوەی هەولێری کۆن قووت کردۆتەوە. لێرەدا ئیدیۆمی «هەولێری کۆن» وەک چەمکێکی کۆمەڵناسی بەکاردەهێنم نەک مێژوویی، بەو پێیەی مەبەستمان لە دەستەواژەی «هەولێری کۆن» رەهەندە مێژووییەکە نییە- بە قەد ئەوەی ناوەڕۆکە کۆمەڵناسییەکەیمان بەلاوە گرنگە.

حاڵی حازر لە پەنا هەولێری کۆنەوە، هەولێرێکی تازە و لوکس دروستکراوە، زمان و فەرهەنگی دانیشتوانی ئەم هەولێرە پڕۆ کەنداوییە «مەبەست لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبە» بە تەواوەتی جیاوازە لە زمانی هەولێری کۆن. ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی لەم گەڕەکە تازانە نیشتەجێن، نەک هیچ پەیوەندییەکی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییان بە دانیشتوانی هەولێری کۆنەوە نییە، بەڵکو هەر لە رووی ناونانی ئەو گەڕەکانەوە دابڕان و جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی خۆی دەردەخات، دیقەت بدەن لەناوەکانی «شاری خەونەکان» و «دەشتی بەهەشت» و «ناز سیتی» و «گوندی ئیتالی و ئینگلیزیی» و «ئێمپایەر» و هەموو ئەو ناوە عەنتیکانەی تری ماکینەی ریکلامسازیی کوردیی رۆژانە بەرهەمیان دەهێنێت، هەموو یەک فاکت دەخەنە بەرچاو، لەسەر سینگی دەشت

و کەلاوەکانی هەولێر، شارێکی ئیدیاڵ دروستکراوە لەسەر نەریتی وڵاتانی کەنداو، یان بە لاسایکردنەوەی دۆحە و شاریقە و دوبەی. ئەم سەرسامییە بۆ خۆی بابەتێکی گرنگی سایکۆ سیۆسیۆلۆژیی تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژیشە. لەناو ئەم پارادیسە وەهمی و خەیاڵاوییەدا هیچ شتێکی نوێ جگە لە نوێکارییە رواڵەتییەکان هەبوونی نییە، تەنانەت مەترسی هەیە ئەو لاساییە تەنیا وەک لاساییکردنەوەیەکی تەلارسازیی نەمێنێتەوە، بەڵکو خەریکە هەمان رەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەوێش بگوازرێتەوە بۆ هەولێر. وەک زۆرمان دەزانین نیگاری پشتی ئەو تەلار و باخچە قەشەنگ و ئاپارتمانە هەوربڕانەی وڵاتانی کەنداو، دۆزەخێکی زەمینییە، کە دەشێ بڵێین دوو شار یان دوو جۆر شارنشینی لەوێدا هەن، شارێک لە ژێر ئەو خۆشگوزەرانییە زەق کراوەوە بوونی هەیە، شارێک دانیشتوانەکەی لە چینەکانی خوارەوە پێکهاتووە و بە مەمرە و مەژی لە خزمەتی ئەو پێشکەوتنە رواڵەتییەدا راگیراون.

دروستکردن و پەرەپێدانی شار تەنیا دیاردەیەکی بیناسازیی رووت نییە، ئەوە تەنیا ئەندازیارە کارزانەکان نین بینای شار دەکەن، بەڵکو رۆڵی راستەقینە نوخبە دەیگێڕێت. ئیلێتی رووناکبیریی دەستیان هەیە لە رەنگرێژ و بیناکردنی شارەکاندا، ئەوان ژێرخانی فەرهەنگی دادەڕێژن، دیزاینەری کولتووریی و رۆشنبیریی شارەکانن. بە بێ ئەمە ئەو قەیرانە شارسازییە دێتە ئارا، ئەمڕۆکە بەرۆکی هەولێری پایتەختی هەرێمی گرتووە. ئەمەش لەلای فەیلەسووفی ئەڵمانی هاوچەرخ، یۆرگن هابرماس بە «بڵندبوونەوەی باڵای تاوەرەکان و نزمبوونەوەی لیڤڵی رەوشت» پێناسە کراوە. ئاخر هەولێر بە رووخسارە تەلارسازییەکەی، بەباڵای بەرزی ئاپارتمانەکان، ئەندەرپاس و شەقامە نوێیەکان، پێماندەڵێت کوردستان لەسەر رێی گەشەکردنێکی هەمەلایەندایە! هەموو شت لە پایتەختدا بە پێرفێکتی دەڕواتە پێش. لە کاتێکدا ئەمە تەنیا فریودانێکە، ماسکێکە، جۆرێک لە بۆتۆکسکردنی دەموچاوە چرچ و لۆچەکەی ئەو شارەیە. ئەمە قسەیەکی «پاوڵ ئاستێر»ی نووسەری ئەمەریکیم وەبیر دێنێتەوە کە لە دیمانەیەکیدا وتبووی «ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نیۆیۆرک باشییەکانی ئەمەریکامان نیشان دەدات!.». مەبەستی ئاستێر ئەوەیە، جوانی رواڵەتی و رووکەشی دیاری نیویۆرک ناهێڵێت

زۆر نادیاری دزێوی چەشنی ژیانی کولە مەرگی نەداران و رەگەزپەرستی و رێژەی تاوان و دزی، رۆشناییان بکەوێتە سەر. بۆ هەولێریش هەمان شت راستە بەدەر لە رەگەزپەرستی. چونکە لە هەولێردا رەگەزپەرستی بوونی نییە، یان شیاوی باسکردن نییە، بەڵام هەژاریی و نەداریی و تاوانی رێکخراو و جیاکاریی چینایەتی و شتێک سەرووتر لە گەندەڵی کە تاڵان و بڕۆی حزبەکانە، بوونێکی زەق و لەسەرو وەسفکردنەوەی هەیە.

بەدەر لەمە، ئایا هێشتا لە هەولێر و کۆی شارەکانی تری کوردستان ژیانی شارنشینی لە ئارادایە؟. پرسیارێکە تا ئێستا نەمانکردووە یان کەمتر ئەم پرسیارە وروژێنراوە، تەنانەت بواری کۆمەڵناسی گشتیی و کۆمەڵناسی شار، لە رۆشنبیریی کوردییدا هێندە هەژارە، دوو مانگ ئەم وتارەی منی دواخست، ئێستاشی لەسەر بێت نەمتوانی یەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بدۆزمەوە. تازە پرسیارەکەم وروژاندووە، خوێنەر راناگرم لە بێ وەڵامیدا. پێش ئەوەی بەرسڤ بدەمەوە، دەبێت ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم هەر یەک لە چەمکەکانی «کولتوور» و «مەدەنیەت» و «شارستانی» لە زمانی کوردییدا بەشێوەیەک تێکچڕژاون، لێک جیاکردنەوەیان بووەتە کارێکی دژوار، ئێمە نامانەوێت بچینە ئەو کێشمەکێشە ئیتمۆلۆژییەوە و لە بری هەموویان «شارنشینی» پەسەند دەکەین. کرۆکی وەڵامەکەشم لەوەدا کورت دەکەمەوە، لە هەولێردا وەک کۆی شارەکانی تر، هێشتا فەرهەنگێکی شارنشینی لە ئارادا نییە. ئەوەی هەیە تەنیا سایەی کولتوورێکی گوندییە بەسەر شارەکانمانەوە، ئەمە لە ئەمڕۆی هەولێردا بە زەقی دیارە شتێکی تا ئەندازەیەک نامۆیە، شارێک لەو ئاستە جوانە رواڵەتییەدا، کە بە دیمەن وەک شارێکی پێشکەوتوو دێتە بەر چاوان، هێشتا کولتووری دانیشتوانەکەی گوندیی بێت!!.

بە هۆشیارییەوە ناڵێم کولتووری خێڵ. کە ئەمە کرۆکی تێزەکەی کۆمەڵناسی بەنامێی عێراقی «عەلی وەردی»یە، چونکە وەردی کێشمەکێشی راستەقینە لە کۆمەڵگەی عێراقدا بە ململانێی نێوان هەردوو کولتووری خێڵەکی و شارنشینی دەبینێت، لە دیدی ئەودا کولتووری شارنشینی دیاردەیەکی تەواو خۆرئاوایی بوو. دێتەوە بیرم لە چاوپێکەوتنێکی سایتی «نیقاش»دا، کۆمەڵناسی

شارەزا «د.فالح عەبدولجەبار» رەخنەی لەم روانگەیەی وەردی گرت بەوەی جووتەوانەی خێڵەکیبوون و شارنشینی بە دەرئەنجامی کولتووریی نێوان هۆز و شار نەدەزانی بەو فۆرمەی لای «ئیبن خەلدون» هەیە، بۆیە بە روونی وتی «دژایەتییەک لە سیستمی بەهاکان، تەرزەکانی ژیان، رێکخستنی کۆمەڵایەتی، شێوازەکانی ژیانی شارنشینی و ناشارنشینیدا هەیە، بەڵام ئەوەی دواییان ئیدی خێڵەکی نییە، بەڵکو بۆتە لادێی، ناوچەی گوندیی گەورە لە شارەکاندا هەن، ئەمەش بە ئاشکرا لە بەغدا، بەسرە، موسڵ و هەولێردا دەبینین». (لە دەرفەتێکی گونجاودا و بە گوێرەی توانا لەم بابەتەش دەدوێین).

عەبدولجەبار، دیاردەیەکی نوێ، یان راستییەکی جیاواز دەخاتە ڕوو، بەوەی کولتووری گوندیی سایەی سەری شارە عێراقییەکانە بە شارە کوردییەکانیشەوە نەک کولتووریی خێڵ. ئەوە روونە هاتنی گوندییەکان چ وەک تاک یان گروپ بۆ ناو شارەکان، لە پرۆسەی راگواستن و کاولکردنی گوندەکاندا بووبێت لە سەردەمی رژێمی بەعس، یان لە کردەی بە فەرمانبەرکردنی گوندنشینان بووبێت لەلایەن حکومەتە حزبی هەرێمەوە «لێرەدا هەڵەی تایپ لە ئارادا نییە، زاراوەی حکومەتە حزب داهێنراوی خۆمە». هاتنێک بوو بە کولتووریی گوندییانەی خۆیانەوە. ئەوان شارەکانیان قەرەباڵغتر کرد، بەڵام فەرهەنگی شارنشینیان لە ریشەوە دەرهێنا کە چینی بۆرژوازیی شاریی نوێنەرایەتی دەکرد، ئەم دیاردەیەش تایبەت نییە هەر بە شاری هەولێر، بەڵام ئێمە لەم وتارەدا فۆکۆسمان لەسەر هەولێرە. مەسەلەکەی ئێمە دوورە لەو پۆلینە دەمارگیرە شارییەی فەرهەنگی گوندیی بە پریمیتڤ و کێویی سەیر دەکات، نا، نیازێکی وامان نییە بیڵێین، بەڵکو قسەمان لەسەر نیشاندانی دوو کولتوورە کە هەر یەکێکیان خەسڵەت و شەقڵی خۆی هەیە. هەرچۆنێک بێت سەرئەنجام هاتنی گوندییەکان تەنیا هاتنێکی فیزیکی ئەبستراکت نەبوو، هاتن و زاڵبوون و باڵادەستی کولتوورەکەشیان بوو، بە تایبەت لەو لێشاوەی ساڵی ١٩٨٨دا و لە میانەی پرۆسەی راگواستنی گوندەکاندا لەسەر دەستی بەعس، ئەم دیاردەیە بە زەقی رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر شارەکان ئەویش بە پاشەکشە و کرمێبوونی ئەو کولتوورە شارنشینییەی چەند دەیەیەک بوو لە رسکان و گەشەکردندا بوو

لەسەر دەستی چینی ناوەند. گوندییەکان بە دەستی بەتاڵ لە سامان و موڵک هاتن، بەڵام بە ئاسانی دەستیان گرت بەسەر نۆرمی شارنشینی و خودی شارەکاندا. ئەم پرۆسەیە لەناو هەولێردا گەورەترین رەنگدانەوەی هەبوو، کە شاری دابەش کرد بەسەر دوو تاقمی کولتوورییدا «هەولێریی و دەشتەکی»، لە سلێمانیشدا لە ژێر ناوی «خەڵکی شارەکە و لادێی»دا خۆی دەرخست.

هەڵبەتە مەبەستمان نییە، فەزڵی هیچکام لە کولتووری لادێ و شار بدەین بەسەر یەکتردا، نیازمان ئەوەیە لە دیاردەیەک بدوێین لە واقیعدا بوونی هەیە. تەنانەت بۆ «کارل مارکس» هەمیشە شار گرنگتر بوو. بەو پێیەی چینی بۆرژوازی بەرهەمی شار بوو، شارەکان چەقی گەشەکردنی سەرمایەداریی بوون، بە هەمان شێوە مارکس بێ ئەوەی باسی بکات پێی دەوتین کۆمۆنیزمەکەی ئەویش هەر سەر بە کولتووری شارە. مارکس و ئەنگلس بە جووت پێیان دادەگرت لەسەر ئەوەی مرۆڤی عەقڵانی بەرهەمی شارە، لەم راستایەدا لە هەوڵدا بوون بۆ خستنە رووی ئەوەی پرۆلیتاریا دەبێت خۆی لە بیرکردنەوەی گوندیی رزگار بکات، چونکە ئەو بیرکردنەوەیە خۆی داوەتە دەست گۆڕانکارییە سروشتییەکان. بە پێچەوانەی شارەوە کە مەکۆی ململانێیە و تێیدا چەندین دەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەن هانی تاکەکان دەدەن بۆ بە دەستهێنانی ئازادیی!. ئاخۆ دەکرێت بەو هەموو مەیلی مرۆڤدۆستییەوە بە مارکس بڵێین گوندییەکانی بە نزمتر سەیر کردووە؟ نا مەسەلەکە شتێکی ترە. دەکرێت بڵێین ئیدی شار بەو کولتوورە جیاوازە خۆیەوە کە کەمتر کشتوکاڵییە و زۆرتر پیشەسازییە دەبێتە ناوەند و چەقی گۆڕانکاریی و مەیدانی کێشمەکێشی چینەکان.

هەر لە باری واقیعییەوە، ئێمە قسە لەسەر شارگەلێک دەکەین بەرهەمی خۆرئاوایە، یان راستتر بڵێم بەرهەمی مودێرنێتەیە. گەر بەخێرایی ئاوڕ لە ژیاری خۆرئاوا بدەینەوە. ئەوەی بە «خۆرئاوا» دەناسرێتەوە وەک چەمک، ساتەوەختی گەڕانەوەیە بۆ شارستانی گریک و رۆمای دێرین و لەسەر ئاینی کریستیانیزم دامەزراوە، دروست لە ساڵی ١٤٩٢ لەگەڵ دۆزینەوەی ئەمەریکا و دەرکردنی عەرەبە موسڵمانەکان لە ئەندەلوس فۆرمۆڵە بووە. هەر لەم دەمەدا فەلسەفە و فیکری خۆرئاوایی لەسەر پاساوهێنانەوە بۆ کۆمەڵکوژکردنی هیندە سوور

و دانیشتوانە ڕەسەنەکانی قارە تازەکە و گەڕاندنەوەی چەرخی کۆیلەداریی شکڵی گرت. ئیدی شارەکان هێدی هێدی دروست دەبن و دۆمە گەورەکان سەرتاپای ئەوروپا دەگرنەوە، لەناو ئەم قۆناغە تازەیەدا ماشێنی ئیمپریالیزم خێراتر دەڕواتە پێش و شۆڕشی پیشەسازیی لە دایک دەبێت، شارەکانیش دەبنە ناوەندی گەشەی سەرمایە و رووبەرێک بۆ لە دایکبوونی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی «بۆرژوازی». لەم چرکەساتەوە شار دەبێتە مەڵبەندێک بۆ ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی رەوتە فیکرییە جیاوازەکان. لەم کاتانەدایە یەکەمین کتێب لەسەر بایەخی شار بڵاو دەبێتەوە لە ساڵی ١٥٩٨دا، کە کتێبەکە لەلایەن «بۆتیرۆ»ەوە لە ژێر ناونیشانی «گەورەیی شار»دا نووسراوە.

ئاگام لەسەر باسەکەی خۆمە و ئەو چەند پەرەگرافەی پێشتر دەبەستمەوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکەمەوە. بەوەی گومان نییە لەوەی شار بەرهەمی مودێرنێتەیە و هەڵگری توخمێکی کولتووریی تایبەت بە خۆیەتی. ئایا لە شارەکانی ئێمەدا بە تایبەت هەولێری پایتەخت ئەو رەگەزە فەرهەنگییانە هەن؟. وەڵامەکە گرێ و گۆڵی تێدا نییە و بۆ هەر کەسێک لام لە جیم جیا بکاتەوە نەخێرە. ئاخر هەولێر لەسەر ئاستی رووکەش وەک شارێک دەردەکەوێت، ئەگینا نەهۆ گوندێکی پەرەسەندووش نییە. «ئەمە بۆ سلێمانیش زۆر راستە». شار تەنیا یەک ستانداری نییە و بە زۆر و بۆری ژمارەی دانیشتوان ناپێورێت، لەبەرزترین پلەدا شار فەرهەنگە و شارنشینیش مومارەسەی ئەو فەرهەنگە. گەر نموونەیەکی ساکار بهێنینەوە ئێمە جیاواز لەوەی سینەمایەکی کزۆڵەمان هەیە، لە کاتێکدا زەخیرە و ماتریاڵی سینەمایەکی تایبەتمەند و یونڤرساڵمان هەیە، دوو سێ هۆڵی سینەمایی شیاومان نییە لەو پایتەختە گەورە و گرانەدا!. چۆن شانۆیەکمان نییە تەواو خۆماڵی بێت، لە هەمان کاتدا دوو هۆڵی نمایشی شیاویشمان نییە. تەلارسازیی رووت هیچ نابەخشێت. ئەگەرچی ستایلێکی میعماریی کوردیشمان نییە، کارەساتەکە ئەوەیە لە دیمەنی تەلارسازیی هەولێر و کۆی شارەکانی تریشدا بەر خوار و خێچی زۆر دەکەوین، لێ شارەکان بەپێی مێژوو، دابونەریتی خۆیان تەلارسازییان بۆ دەستنیشان دەکرێت، لەمەشدا جگە لەو بەشە کەمەی نزیک قەڵا، رەشەبایەکی ڤەندالیستی توند چاو دەکەین، هەموو سیما رەسەنەکانی

شاری بەرەو سڕینەوە بردووە و کردوویەتی بە چەند دوورگەیەکی دابڕاو لە یەکتر لە رووی کولتوورییەوە، نووکە ئەو دوورگە جیاوازە چینایەتییانە، بە هەولێرێکی پێشکەوتوو، پێمان دەفرۆشدرێتەوە. خولاسەی کەلام ئەمەیە تەلارسازییەکەش شپرزەیە چەشنی دەروونی ئەو مرۆڤە کوردەی لە دەروازەی جیهانی تازەدا راوەستاوە، نازانێت چۆن بچێتە ژوورە و لەکام دەرگاوە لێی دەربچێت.

بابەتێکی گرنگی تریش، کە ناشێ لەم پانتاییەدا قسەی لەسەر نەکەین، پێشکەوتنی روالەتی و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی بۆ هەولێر، بە بێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هزریی مانایەکی نییە. ئەو دوو پرۆسەیە شانبەشانی یەکتر و بەشێوەی ئاسۆیی دەڕۆن. ناشێ سیمای شار لە شارە مودێرنەکان نزیک بێتەوە، هێشتاش پـەروەردە و تێرمی خوێندنی حوجرە زاڵتر بێت لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆدا. راستە ئایندارێی مافی هەر کەسە، بەڵام ناکرێت موفرەداتی پزیشک لە بری کۆنسێپتی پزیشکیی هەمان ئەو زاراوانە بێت بانگخوازە فێندەمینالیستەکان لە گەوجاندنی کۆمەڵگەدا بەکاری دەهێنن، ناشێ سنوورێک نەمێنێت لە نێوان پزیشک و بانگخوازدا. ناشێ و شیاوی شار نییە، عەقڵی کۆمەڵگە و دانیشتوانەکەی بدرێتە دەست مەلای رادیکاڵ و دوا قسە هەمیشە بۆ ئەوان بەجێ بهێڵدرێت. ناشێ شار بریقەی بێت، لەناو خەیاڵدانی دانیشتوانەکەشیدا ژنکوژیی ئامادەیی هەبێت، ناشێ شارێکی جوان بە عەقڵێکی ناشرینی بەسەرچووەوە بەڕێوە ببرێت. تا ئەو ئەندازەیەی لە ناکرێت لە بەرامبەر ئوسوڵیەتی ئیسلامی، لە باشترین حاڵەتدا کولتووری عیرفان زاڵ بکرێت، ئێمە پێویستمان بە بیرکردنەوەی فەلسەفییە، ئاخر لە دوا ئەنجامدا فەلسەفە رووی لە دنیایە، تەوژمێکە بەرەو دەرەوە، هەرچی عیرفانە رووی لەناوەوەی مرۆڤە. عیرفان مرۆڤ پاسیڤ دەکات، بەڵام فەلسەفە مرۆڤ ئەکتیڤ دەکات، وای لێ دەکات بیر لە بنیاتنانی دنیا بکاتەوە، مرۆڤی فەلسەفی هەمیشە خەیاڵی هەیە، خەیاڵی خورافی نا، بەڵکو خەیاڵێک زانستی لەسەر رۆ دەنرێت و لەسەر زانست بینا بووە.

قسەیەک پێویست بێت لە کۆتاییدا بیکەم ئەمەیە: ئەوەی لە هەولێر کراوە و لە بەرنامەدایە بۆ ئەنجامدانی، تەنیا ماکیاژ و بۆتۆکسکردنی ئەو شارەیە. ئاخر بە بێ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، بە بێ پڕکردنەوەی ئەو سپەیسە چینایەتییەی لە زەقبوونەوەدایە، بە بێ دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ دانیشتوانەکەی، بە بێ رەخساندنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ گوزارشت، بەبێ کاڵکردنەوەی دەسەڵاتی حزب و فەرهەنگی دێهاتیی، بە بێ دارِشتنەوە و رێکخستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، بە بێ ئیدارەیەکی ناگەندەڵ، بەبێ کورتکردنەوەی زمانی مەلا و خێڵ، بە بێ کەمکردنەوەی بێکاریی و بەرزکردنەوەی ستانداری ژیان و بژێویی، بە بێ و بەبێ... هەر هەنگاوێک لە بواری تەلارسازیی و شەقامسازییدا کە وەک دوا مەکرەمەی حزبیی نیشانمان دەدرێت، هیچ لەو شارە ناگۆڕێت، ئەم بۆتۆکسە دەتوانێت رووخساری پیرە هەولێر گەنجتر بکاتەوە، لێ داخەکەم ئەو فەرهەنگە پیرە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە و ئەو گۆڕانکارییە رواڵەتییانەش کە وەک گرێی دەروونی مرۆڤی رۆژهەڵاتی رووکەش پەرست خۆی دەنوێنێت، دواجار دەبنە بڵقی تەقیو. ئەم تێزەش بەکەمێک جیاوازییەوە بەسەر هەر شارێکی تری کوردیدا لە باشووری کوردستاندا دەچەسپێت.

ناوەڕاستی ئاپریلی ٢٠٢٠
خۆرئاوای زەمین

تێبینی: ئەم وتارە لە رۆژی ٢٠-٤-٢٠٢٠ لە ماڵپەڕی «کوردستان نێت» بڵاوکراوەتەوە و پاش دوو رۆژیش لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان» دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

# کارل مارکس نەگەڕاوەتەوە

وەک هەمیشە لە سەروەختی قەیرانە قووڵ و گرێچنەکانی سەرمایەدارییدا «سەرمایەداریی بۆ خۆی سیستمێکی قەیراناوییە» دەنگوباسی گەڕانەوەی مارکس دەبێتە مانشێتی رۆژنامە و گۆڤارەکان، وەک ئەوەی مارکس لە رێی کەشتییەکی فەزاییەوە بۆ دەرەوەی ئەتمۆسفێری زەوی و کەتوار رۆیشتبێت و ئێستاکە مەیلی گەڕانەوەی هەبێت بۆ ئەو دۆخە قەیراناوییەی لە ئارادایە، چەشنێک وێنای ئەو فەیلەسووفە دەکرێت حەزێکی سادیستانەی بۆ قەیران هەبێت، خێوێک بێت تەنیا لە چرکەساتی تەنگژەکاندا دەربکەوێت، ئەم تێڕوانینە ئەگەر نەبێتە جنێو ئەوپەڕی کاڵفامییە و خراپ تێگەیشتنە لە مارکس و ئایدیاکانی. دەمەوێت دیقەت بدەن لە مانشێتێکی گۆڤاری «ئابووری هەفتە»ی ئەڵمانی لەسەر وێنەی کارل مارکس بە ماسکێکی سەردەمی کۆرۆناوە کە باس لە گەڕانەوەی مارکس دەکات، چۆن چەپ و سۆسیالیستەکان دەخاتە حاڵەتی پەرکەم و بورانەوە، دەیانەوێت رەوایی مارکس لە زاری ئیکۆنۆمیستەکانی سەرمایەدارییەوە پشتڕاست بکەنەوە. ئەمەیان نەریتێکی کوردیی و ئیسلامییانەم بیر دەخاتەوە، ئەمیش سەرمایەگوزاریی دانپیانانی ئەوانیترە، هەر سەرکردەیەکی کورد لەلایەن ئەویتری ناکوردەوە زۆرترین دانی پیدا بنرێت هێندە پێگەی سیاسیی و رەوایی بەرزترە، یان ئەگەر زانایەک یاخۆ رۆژنامەنووسێکی پلە حەوتی ناموسڵمان دانێکی خێر بە ئیسلام و محەمەددا بنێت وەک شاییەکەی بناویلە براوەوەی نابێت لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، ئەوان پێویستیان بە دانپیانانی ئەوانیترە، بەهۆی ئەوەی بەردەوام گومان لە راستی ئاینەکەیان دەکەن. ئەم نەریتەش لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە دیاردەیەکی زەق لە ناو چەپەکاندا.

گرنگی مارکس لەوێدا خۆی دەرناخات، گۆڤارێکی ئیکۆنۆمی سەر بە ماڵی بۆرژوازی، باس لە گەڕانەوەی مارکس بکات, هەر بۆ خۆی گوزارەی «گەڕانەوە» شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە، وەک ئەوەی مارکس لە دەرەوەی کەتوار بێت و تازە بە تازە بۆی بگەڕێتەوە. ئەگەر ئەم جۆرە دانپیانانە بەشێک لە فاکتی ئابووری تێدا بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت بڕێکی زۆر لە ریکلامسازیشی تێدایە. هەر کاتێک قەیرانێک دێتە پێشەوە بە خێرایی کتێبەکانی کارل مارکس بە تایبەت «کاپیتاڵ» رووناکیان دەخرێتەوە سەر و بازاڕی فرۆشیان گەرمتر دەبێت. لەم نێوەندەدا مارکس بۆخۆی دەبێتە بوار و کاڵایەکی بەنرخ بۆ سەرمایەگوزاریی و جەمکردنەوەی قازانج! چونکە کۆمپانیاکانی چاپەمەنی و ناوەندەکانی وەشاندن ملیۆنەها دۆلار لەم رێگەیەوە دەچننەوە، ئەمەش بە فۆرمێکی تر لەلایەن «سلاڤۆی ژیژەک»ەوە گوزارشتی لێکراوە چۆن کۆمپانیا و مارکێتە گەورەکان بە ناوی خۆدەربازکردنی مرۆڤ لە هەستی گوناە بەرامبەر بە سروشت و ژینگە فۆرمێکی تری مەسرەفگەرایی و قازانجپەرستی هەرمێن پێدەدەن، ئەویش لە رێی فرۆشتنی کەلوپەل و کاڵا و خواردەمەنی بە حیساب سروشتی و فرێش «بیۆ» کە هیچ پێکهاتەیەکی کیمیایی تێدا نییە. هەر بەو جۆرەش کۆمپانیاکان مارکس و کتێبەکانی دەکەنە کەرەستەیەک بۆ چنینەوەی بڕێکی زۆری قازانج.

ئەوەی گرنگە هەموو بیزانین، مارکس نەگەڕاوەتەوە! ئاخر ئەو بۆ هیچ کوێ نەڕۆیشتووە و لە هەموو هەلومەرج و ئاڵنگارییەکاندا بە خۆی و میتۆدە رەخنەگرانەکەیەوە لێرە بووە. ئەمە ئەو فریوەیە بەرەی بەرامبەر دەیکەن گوایە مارکس هێندە پێویستە بزانین چی دەڵێت بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان. ئەم خووەش لە سەروەختی هەموو قەیرانەکانی سەرمایەدارییدا خۆی دووپات دەکاتەوە، لەئانی داڕوخانی وۆڵ ستریت و مایەپووچبوونی ئابووری هەزاران کۆمپانیا و بانکی زەبەلاح، باس لە تارمایی مارکس دەکرا وەک ئامادەبوویەکی جیددی، هەر لەم رووەوە چەندان ناوەندی وەشاندن لایان لە کتێبەکانی مارکس کردەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان مارکسیان کردە ماتریاڵی کاسبییەکی نوێ و مێشکیان پڕ کردین لە هاواری گەڕانەوەی مارکس بە شەمەندەفەری قەیران!. ئاخر مارکس نە مەهدی چاوەڕوانکراوە و لە وەهمدا ون بووبێت، نە عیسای لە خاچدراوە

گفتی هاتنەوەی پێدا بین تا دنیامان بۆ رزگار بکات، مارکس میتۆدێکی رەخنەیی پێشکەش کردووین بۆ خوێندنەوەی سیستمی سەرمایە. ئێمە پێویستە بنەما فیکرییەکە وەربگرین، نەک دەقاودەقی نووسینەکانی بە خاڵ و فاریزەوە.

سەمیر ئەمین، مارکسیستی فەڕەنسی- میسری لە بارەی چییەتی مارکسەوە دەنووسێت «مارکس فەیلەسووف نییە، مێژوونووسیش نییە، زانایەکی دنیای سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، مامۆستایەکی پلە یەکی هیچ یەکێک لەم بوارانە نییە، هەروەها مامۆستایەکی بەهرەداریش نییە کە کۆکتێلێکی هەموو ئەو ئەو بوارانەی بە یەکەوە کوڵاندبێ و دەفرێکی پانی لێ ئامادە کردبێت، جێ و شوێنی مارکس لە مێژوودا لە دەرەوەی هەموو ئەوانەدایە!». کەواتە دەپرسین مارکس چییە؟ «مارکس سەرەتا و دەستپێکردنی رەخنەیە لە سەردەمی مودێرنە ئەم رەخنەش بە رەخنەگرتن لە جیهانی راستەقینە دەستی پێکرد».* ئەوە پێناسە راستەقینەکەی مارکسە کە من باوەڕم پێیەتی. لەبەرزترین پلەدا مارکس دۆزەرەوەی کلێشەیەکی مادییە لە روانینی رەخنەسازییدا، ئەو باسی دارشتنەوەی جۆرێکی تر لە ژیان دەکات، کە تەنیا و تەنیا بە رەخنە لە سەرمایەدارییە دەستپێدەکات و بە رەخنەش کۆتایی دێت. ئاخر رەخنە پێناسەیەکی بچووک و سنووورداری نییە، بەڵکو زەمەنەکان دەبڕێت و تخووبی جوگرافیاکان دەبەزێنێت. کۆمۆنیزمیش وەک ئەو ئایدیایەی مارکس دوا فۆرمۆڵەی کرد ئاوێنەیەکی رەخنەگرانەیە لە روانین بۆ دنیا و ژیان. رەخنە لە کۆمۆنیزمدا تەنێ تەقەلایەک نییە بۆ تێکشکاندنی دنیای کۆن و بەسەرچوو، بەڵکو گەڕانیشە بە دوای ژیانێکی شایستە و نوێدا.

نامەوێت بکەومە باری تاوتوێژییەوە و بەشێوەی شەتەحاتی سۆفیگەریی بدوێم یان ئایرۆنیانە مەبەستەکانم بگەیەنم، روونتر لە روونی قسە دەکەم، چوون دەمەوێت دیدێکی لێڵ بوو روون بکەمەوە، بۆیە پێموایە مارکس داهێنەری رەوشتی رەخنەییە و هەمیشە وەک ئەو تارماییەی ژاک درێدا باسی دەکات وەک سێبەرێک بە تەنیشت سەرمایەدارییەوە رێ دەکات. مارکس لەباڵاترین شێوەی خۆیدا میتۆدێکی رەخنەسازیی زانستییە، پارادایمێکی رەخنەیی تۆقێنەرە. مارکس رەوایی خۆی لە گۆڤارە ئیکۆنۆمییەکانەوە وەرناگرێت، پێویستی بە

لە بێژنگدانی بۆچوونەکانی نییە لەلایەن ئابووریناسە بۆرژوازییەکانەوە، ئەو هەمیشە لێرەیە، مارکسی فەلسەفی لەهەموو شوێنێکی دنیای سەرمایەدایە!. من تێناگەم ئەو چاپە سۆسیالیستەی دڵیان بە دانپیانانی گۆڤارێکی ئابووری خۆشە، چۆن بیر لە مارکس دەکەنەوە؟ لای ئەم چەپە شوێنی راستەقینەی مارکس لە کوێیە؟ ئەرکی مارکس چییە؟ ئایا لەو جێگە و رۆڵەدایە گۆڤارێکی ئیکۆنۆمی بۆیان پێناسە دەکات؟.

دووپاتی دەکەمەوە مارکس هەمیشە لێرەیە، پێویستە خاڵ بخەمە سەر پیتەکان، مارکس بە تاکی تەنیا وەک فەیلەسووفێک، وەک رەخنەگرێکی رادیکاڵ لێرەیە. هاوەڵێکی نییە، تەنانەت ئەنگلس هاوبەشە سەرەتاییەکەی ئەوە و هاوڕێی فکری مارکسی لاوە! مارکسی پیر دوور لەخودی «ئەنگلس»یش سەرقاڵە بە نووسینەوەی کتێبی کاپیتاڵەوە، «لێرەدا نەفیکردنەوەی هاوڕێتی نییە، نەفیکردنەوەی گەڵاڵە فیکریی و فەلسەفییە هاوبەشەکانیانە» مارکس بە لەشکرێکی سوورەوە لێرە نییە، بە چینی کرێکارەوە لێرە نییە، بەڵکو بە خۆی و رەخنە قووڵەکانی لە سەرمایەداریی لێرەیە، مارکس هەمیشە لێرەیە، ئەوەی پێی دەوترێت غیابی مارکس، تەڵەکەیەکە، ئەوەی لێرە نییە لینینە، ئەوەی لەنێو گۆڕێکی مێژووییدایە بەڵشەفیزمە کە هیچ خودایەک توانای زیندووکردنەوەی نەماوە، ئاخر مارکس هەر لە بنەماوە هاوڕێی لینین و ماو و کێ و کێ نەبووە.. تا ئەو راددەی بە بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم شتێک لە ئارادانییە بە ناوی مارکسیزم- لینینیزم. تەنانەت ئەشکالییەتم لەگەڵ کۆنسێپتی «مارکسیزم» هەیە!، بەڵام تەواوکردنی دەستەواژەکە بەو فۆرمە باوەی چەپە نەریتییەکانی دنیا ئولفەتیان پێوە گرتووە «مارکسیزم- لینینیزم» تاکو ئەندازەیەکی بەرز چۆتە چێوەی گەمژەییەوە. چونکە ئەو دووانە «مارکس- لینین» نەک یەکتر تەواو ناکەن، بەڵکو یەکێکیان بکوژی ئەویترە لە رەهەندە فەلسەفییەکەوە.

دواجار لینین ئەو کەسە نییە تیۆری کۆمۆنیزمی مارکس تەواو بکات، وەک چۆن ئەنگلس ئەوەی کرد بەنووسینی بەرگی کۆتایی پەرتووکی «سەرمایە». تەنانەت ئەو کەسەش نییە بیرۆکەکانی مارکس بخاتە بواری پراکتیکەوە بە تایبەت چەمکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی مارکس و خەونی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا. بەڵکو

ئەو تەنیا رابەرێکی دیکتاتۆری رووسە کە بناغەی دیسپۆتیزمی کۆمۆنیستی دارشتووە. راستتر وایە بڵێین کلێشەی ستەمکاریی سۆڤێتی و ستالینیزم بەرهەمی تێروانینەکانی خودی لینینە. هەروەک «د.حەمید عەزیز» جارێک نوسیبووی دەستەواژە راستەکە لینینیزم –ستالینیزمە نەک مارکسیزم –لینینیزم. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم لینین بە رواڵەتی لە مارکس تێگەیشتبوو، یان تەنیا بایەخی بە ماتریالیزمی مێژوویی مارکس داوە کە دیوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ئەندێشە و فەلسەفەی مارکسە. ئەوەش ئەو ستەمکارییە سیستماتیکەی لێکەوتەوە بە درێژایی حەفتا و چەند ساڵێک لە شورەوی پێشوو پەیرەو کرا. وا بروا دەکەم ئەگەر مارکس هاوچەرخی لینین بووبا هەمان هەڵوێستی رۆزا لۆکسمبۆرگی دەبوو لە هەمبەر بەڵشەفیکەکان و خودی لینین. بۆ ئەوەی بە دروستی و وەک خۆی مارکس بناسین دەبێت ناوی لینین لە تەنیشتییەوە بسرینەوە، ئاخر ناکرێت هیومانیزمی مارکس و خوێنرێژیی و دیکتاتۆرییەتی لینین لە تای تەرازوویەکدا دابنێین، ئەمە نەک شتێکی راست نییە بەڵکو مایەی گاڵتەجارێشە.

ئەگەر زۆر دوور نەکەومەوە لە ناوەرۆکی باسەکەم، پرسیارێکی پێویستیش هەیە دەبێت بیوروژێنین، ئایا لێرە بوونی مارکس هاوواتای لێرەبوونی پرۆلیتاریایە؟ ئایا ئەم قەیرانە قووڵەی بە تایبەت دوای کۆرۆنا ڤیرۆس بەرۆکی سیستمی سەرمایە و نیو لیبرالیزمی گرتووە بە جۆرێک لە جۆرەکان رۆڵ دەداتەوە بە چینی کرێکار وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە شانۆکەدا رۆڵ بگێرێت؟. بە بروای من نەخێر!. چیدی پرۆلیتاریا ناتوانێت بەو رۆڵە مێژووییە هەڵبستێت! راستە چیرۆکی گلوبالیزم تەواو بوو، نیولیبرالیزمیش لە غەرغەرەدایە و خەریکە کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەوە دژەبەرەکانیان نەبوون پەردەیان لەسەر شانۆکەیان دادایەوە، ئەوەی سەرمایەداریی لەناو دەبات چیتر پرۆلیتاریا نییە، ئاخر تاڵییەکە ئەوەیە چینی کرێکاران بەرگریی لە کۆیلەیی خۆیان دەکەن و مازۆخیانە چێژیشی لێ وەردەگرن، چون لە ریشەوە بووەتە چینێکی لۆمپن و بەشێک لە سیستم، ئەمە دیاردەیەکی تازە نییە، هەر بۆیە فەیلەسووفی ئەڵمانی «هێربرت مارکۆزە» وای تێبینی کرد توێژاڵی گەنج دەتوانن بە رۆڵی پرۆلیتاریا هەستن، ئەمەش شۆرشی ئایاری ١٩٦٨ی قوتابیانی فەرەنسای لێکەوتەوە، دواتر

دەرکەوت تێڕوانینەکەی ماکۆزەش لە جێگەی خۆیدا نەبووە. لە حاڵی حازریشدا «ئالان بادیۆ» بە ڕۆمانسییەتە زۆرەکەیەوە بۆ موسڵمانە عەرەبەکان پێیوایە پەنابەرە نەدارەکانی ئەوروپا دوا فۆرمی پرۆلیتاریان و گریمانەی شۆڕشی دژە سەرمایەداریی لەسەر دەستی ئەوان دەخاتەڕوو. ئەمەش چاڵێکی وەهمییە فەیلەسووفێکی ئاوەها جیددی تێکەوتووە.

ئەوەی قەیرانی ئەمڕۆی خوڵقاندووە و سەرمایەداریی خستۆتە قەیرانێکی خنکێنەرەوە و تەنگی پێ هەڵچنیوە، فاکتۆری دەرەکیی نییە لە چەشنی چینی کرێکار، هێندەی پەیوەستە بە هۆکارە ناوەکییەکانی خودی سیستمەکەوە. ئەفلاتۆن نزیکەی بیست و پێنج سەدە بەر لە نهۆ تیۆریزەی ئەمەی دەکرد «هەموو شتێک بە زیادەڕەویی خۆی لەناو دەبات». مەسرەفگەرایی و بەرهەمهێنانی چەند قات زیاتر لە پێویستی و وێرانکردنی ژینگە بەهۆی کەرتی پیشەسازیی و کشتوکاڵیی مودێرنەوە، بەرپرسیارن لە نابووتبوونی گلوبالیزم و خودی کاپیتالیزم، هەرچەند داستانی نیو لیبرالیزم لە کۆتایی خۆیدایە و «هابرماس»یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەبێت بە هەموو شێوەیەک نیو لیبرالیزم ڕەت بکەینەوە، بەڵام ئایا ئەمە جێگە بۆ هاتنەوەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار چۆڵ دەکات؟. من پێموایە هێشتا سەرمایەداریی وزەی پێ ماوە بەرگەی داهاتووش بگرێت، بێ ئەوەی نکۆڵی لە لێرەبوونی هەمیشەیی کارڵ مارکس بکرێت. کەواتە کێ ئەو بۆشاییەی ئێستا پڕ دەکاتەوە؟. دنیا بەرەو کوێ مل دەنێت؟. ئەگەرچی پێم خۆش نییە ڕەشبینی ببەشمەوە، کەچی ناتوانم بڵێم ئاپۆکالیپۆس بەڕێوە نییە، بە تایبەت لەسەر دەستی ژیریی دەستکرد وا خەریکە مرۆڤ دەگاتە پایانی خۆی.

ئالگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد هەڕەشە لە ڕۆڵی مرۆڤی نوێ دەکات، ئەو مرۆڤەی لە سەرەتاکانی مودێرنەوە بوو بە چەقی هەموو شت، لە بری خوداش ڕۆڵی دەگێڕا، چەمکی «خوا مرد»ی فریدریک نیچە دەلالەتە لەو سەردەمەی ئیدی مرۆڤ خودا کەنارگیر دەکات و هەموو دەسەڵاتەکانی بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ دەکات. مرۆڤی نوێ بە دەربڕینە فۆکۆییەکە چەندێک تازەیە، هێندەش نزیکە لە مەرگ. ئەمە جاڕدان نییە بۆ کۆتایی مرۆڤ وەک پێکهاتە بیولۆژییەکە

«هەرچەند ئەوەیش لەژێر هەڕەشەدایە» بەڵکو بەو مانایە دێت ئالگۆریتمەکانی هۆشمەندیی دەستکرد نەک هەر مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن و دەست بەسەر بیرکردنەوەیدا دەگرن، بەڵکو مەترسییە هەرە جیددیەکە ئەوەیە ئاڕاستەشی دەکەن، چونکە زۆر زیاتر لە خۆی دەیناسن و ئینفۆرماسیۆنیان لەبارەیەوە هەیە!. لەم کەتوارەدا گریمانەی شۆڕشی پڕۆلیتاریا یان هاتنی لەشکرێکی رادیکاڵ بە پەرچەمێکی سوورەوە تا کۆتایی بە چیرۆکی ئێستا بهێنێت و لەسەر داروپەردووی وێرانبووی ئەم جیهانە، دنیایەکی تری میسالی چێ بکات نەک هەر خەیاڵپڵاوییە بەڵکو جۆرێکیشە لە گەوجێتی.

ژیریی دەستکرد نەک هەر دەستی بەسەر هەست و سۆزی مرۆڤدا گرتووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک دەیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و وزەی هەیە بە ویستی خۆی ئاڕاستەی بکات. دواجاریش مرۆڤایەتی دەکاتە لەشکرێکی چەک کراوی ناو فەزای مەجازیی کە هەموو چالاکییە مرۆییەکانی خۆی هەر لەناو ئەو فەزایەدا ئەنجام دەدات. تەنانەت فەزای مەجازیی و دنیای ناو شاشە زیرەکەکان دەبێتە رووبەرێک بۆ پەیوەندیی سۆسیال و هەست گۆڕینەوە و خۆشەویستی و بگرە پراکتیزەی سێکسیش. ئالگۆریتمەکانی ئەم ژیرییە توانای چالاکییەکانی مرۆڤی باشتر لە خودی مرۆڤ هەیە، دەتوانێت سەمفۆنیای موزیک لەوانەی باخ و چایکوفسکی بەرزتر دروست بکات، شیعری بەهێزتر لەوانەی بۆدلێر و شێرکۆ بێکەس بنووسێت، دەتوانێت رۆڵی دەیان پزیشک بگێڕێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا زۆرترین زانیاریی نوشداریی ئاڵوگۆڕ پێبکات.

ئا لێرەدا رۆڵی مرۆڤ کۆتایی پێ دێت و ملیارەها مرۆڤ لە ئایندەدا دەبنە کارەکتەری ناو دنیای مەجازی، کە وەک نوح هەراری بە تەوسێکەوە وتی، ئەوە مرۆڤ نییە جڵەوی سمارت فۆنەکەی خۆی لە دەستدایە، بەڵکو ئەوە موبایلە زیرەکان جڵەوی مرۆڤ دەکەن. هەر لەم دۆخەدا حکومەتەکان دەبنە وەهم و گەمەی ئەلیکترۆنی دەستی ئالگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە «جۆزیف نای» لە کتێبی «ئایندەی هێز» لە ساڵی ٢٠١١دا پێشبینی کردبوو، بە وەرچەرخانی ئاڕاستەی هێز لە ئەکتەرە حکومییەکانەوە بۆ دەستی ئەندازیاری تەکنۆلۆژیی سەردەمی شەپۆلی چوارەم. لە باری کردارییشەوە لە

کۆمەڵگەی ئۆنلاینی هەنووکەدا، خەریکە دنیا دەگاتە قۆناغی پۆست حزب یان کۆتایی حزب کە ئەمەش بۆ خۆی کۆتایی سیاسەت دەگەیەنێت. ئایا دەکرێت لەم هەلومەرجەدا بە شۆڕشی کرێکاریی ئومێدەوار بین؟؟ بەدەر لەوەی ئیشکالیەتیشم لەگەڵ ئەو چەمکەدا هەیە، بەڵام زەمینەکان بۆ کۆتایی مرۆڤ زیاتر رەخساوە وەک لە کۆتایی سەرمایەداریی. ئایا سەرمایەداریی پێش خۆی مرۆڤایەتی لەناو نابات؟

ئەوە پرسیارە تۆقێنەرەکەیە. هەموو ئاماژەکان یەک نیگار دەردەخەن، رۆڵی مرۆڤ لە کۆتاییدایە. هەروەک لە پێشتردا هێمامان بۆ تێزەکەی فۆکۆ کرد لەمەڕ مەرگی مرۆڤی نوێ یان مودێرن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مارکس وەک فەیلەسووفێک بێ ئاڵای سوور و چینی کرێکار بە خۆی و میتۆدە رەخنەییەکەیەوە هەر لێرە دەمێنێتەوە تا کۆتایی. هەروەک نزار قەبانی لە شیعرێکی ئایرۆنیدا بە ناوی «یومیات مدینه کانت اسمها بیروت» لە بارەی مارکسەوە دەڵێت:

ئەو مارکسە نەفرەتییە ماڵی کاول کردین
ژنەکانمانی بێوەژن و مناڵەکانمانی هەتیو کرد
پەیوەندییە مێژووییەکانی لوبنانی ژێرا و ژوور کرد
ئەوم خۆش ناوێت، نا من هیچ ئەوم خۆش ناوێت
لەو رۆژەوەی لە چێشتخانەیەکی میللی
گۆڕەپانی بورجدا بینیویان پاقلە دەخوات
لەگەڵ خەڵکی رەشۆک دەدەوێت
کتێب و نووسراوەی بیروباوەڕیان بەسەردا دەبەشێتەوە
لەو رۆژەوە دڵنیابوومەوە
ئەو لە گەشتیارەکانی دیکە ناچێت
بەڵام هاتووە پلانێکی تێکدەرانە جێبەجێ بکات
ئەو هاتووە چاو لە برۆ و
پێ لە دەست هان بدات
بازرگانەکانی پەستاتیش لە بازرگانەکانی شەقامی حەمرا و
خانووە تەنەکەکان لە ماڵە ئەلەمنیۆمییەکان هان بدات

مارکس هەروەک قەبانی وەسفی دەکات بۆ ئەوە هات مێژووی دنیا لە ڕێی ڕەخنە بێ بەزەییەکانییەوە ژێـراوژوور بکات. بۆ ئەوەش هات هەمیشە ئەو دێڕەی یەکەمی مانیفێست «تارماییەک ئاسمانی ئەورووپای گرتووە» خودی خۆی بێت. خۆرێکی ڕەخنەگرانە بێت لە شەوەزەنگی دنیایەکی پڕ لە نادادی و چەوساندنەوە. ئەو هەمیشە وەک پادشای کوژراوی شانۆگەریی هاملێت بۆ ئیدانەی دنیای خواروخێچ لە شێوەی تارماییەکی تۆقێنەردا ئامادەگی بەردەوامی دەبێت.

یەکی ئایاری ٢٠٢٠

خۆرئاوای زەمین

**پەراوێز:**

***سەمیر ئەمین «مارکسی بێ کەنار» وەرگێڕانی: رزگار عومەر. سایتی دەنگەکان. نۆی ئاپریلی ٢٠٢٠.**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژی ١-٥-٢٠٢٠ لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان» بڵاو کراوەتەوە، ڕۆژی دواتریش لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» دووبارە بڵاو کراوەتەوە.**

# کۆتایی حکایەتە گەورەکە

نیازم نەبوو هیچ بەشدارییەک بکەم لە خوێندنەوەی ئەم دۆخە تازەیەی کۆرۆنا ڤیرۆس هێناویەتییە ئارا، ئەویش لەبەر فاکتۆرێکی زۆر ساکار، لەبەرئەوەی نەخۆشییەکەم بە قۆناغێکی مەترسیدارتردا دەڕوات لە جاران، لەگەڵیدا بوونی ئەو تومۆرە شێرپەنجەییەی لای چەپی مێشکم بیرکردنەوەی پەرش و بڵاو کردووەمەتەوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانم باری سەرنج و تێڕوانینەکانم لەسەر یەک خاڵی دیاریکراو کۆبکەمەوە، بەڵام نەمتوانی بێدەنگی هەڵبژێرم لە راستای پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی کوردیی چەپڕەو بۆ ئەو دۆخە تازەیەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێدا تێدەپەڕێت، کە بینیمان «تۆماس فریدمان» یەکەم کەس بوو، دنیای دابەشکرد بەسەر هەردوو دنیای پێش و پاش کۆرۆنا، کەچی یەکەم کەس نەبوو باس لەوە بکات جیهان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی خێرادایە و رەنگە پەردەی شانۆی نیو لیبرالیزم بۆ هەتاهەتایە دابداتەوە، ژبەرئەوەی فریدمان بە رەنگێکی تۆختر لە «یوڤال هەراری» پشتیوانی خۆی بۆ ئەمەریکا و خودی ترەمپ دەربڕیوە.

بیرمە کۆتایی مانگی دیسامبەری ٢٠١٩، لەو کاتەی هاوڕێکانم خۆیان بۆ کەرنەڤاڵی ساڵی نوێ ئامادە دەکرد، کورتە نامەیەکم بۆ ئازیزێکم نارد و نووسیم «ساڵی ٢٠٠٠ کۆتایی رەمزیی دنیا بوو، بەوەی دنیای کۆن رۆیشت و دنیایەکی تازەتر جێی گرتەوە هیچی لە دنیای پێشوو نەدەچوو، هەرچی ساڵی ٢٠٢٠یشە کۆتایی فیزیکی ئەو دنیایە دەبێت». ئەگەر ئەمە روون و وردتر بکەمەوە، لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەک و هەزارەی سێهەمدا کۆمەڵگەی جیهانی لەناو

دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی زۆر جیاوازتردا خۆی بینییەوە، بۆ منێک کە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدە و هەزارەی پێشوودا ژیابووم هەرگیز جێی بڕوا نەبوو، فریای هەنگاونان نەدەکەوتم لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایانەی جیهانگیریی بازاڕ و نیو لیبرالیزم ئافراندبوونی. هاتنی ٢٠٢٠ ساڵێک بوو تێیدا پێشبینی زۆر ئەگەر و گۆڕانی رادیکاڵیم دەکرد، نەک ئەوەی هێزێک بە ئالایەکی سوورەوە رێبەرایەتی ئەو گۆڕانە بکات، هیچ کات ئەوەندە خۆشخەیاڵ نەبووم، کەچی چاوەڕوانی گۆڕانکاریی بووم، چون دەمزانی سیستمی سەرمایەداریی و دیموکراسی پیربوو و دڵڕەقیی نیو لیبرالیزم چیرۆکەکەیان لە تەواوبووندایە، ئەمەش هەروا خەونێکی ئەرخەوانی نەبوو، بەڵکو بەرمەبنای سەرنجدان بوو لەو قەیرانە ئابوورییەی لە ٢٠٠٨ەوە لە وۆڵ ستریتەوە درێژ بووەتەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات.

نازانم چەندە زانست پشتگیریی لەو خەیاڵەم دەکات، زۆر جار وا بە مێشکمدا دێت و دەچێت، بەوەی لەوانەیە لە دێریندا شارستانێتی زۆر لەمە گەشەکردووتری وەک لەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەم زەوییە هەبووبێت، بەڵام لە ئاکامی دڕندەیی و چاوچنۆکی مرۆڤەوە هەمووی لە نێو برابێت.! ئەم خەیاڵەشم لە منداڵدانی دیقەتدانەوە لە شوێنەوارە مێژووییەکاندا هاتۆتە دەر، سەرم لەو هێزە سوڕما بوو بینای هەڕەمەکانی میسری کردبوو، یان زۆر شوێنەوار و پاشماوەی فرە کۆنی مرۆڤ دەمخەنە حاڵی حەپەسان و بیرکردنەوەوە. لە ساڵی ٢٠١٤دا لە بەشە سەرەتاییەکانی مۆزەی «لۆڤەر» ئەو هەستەم زۆر لەلا قووڵتر بووەوە: هەر دەبێت رۆژێک بووبێت مرۆڤایەتی گەیشتبێتە لوتکە و چەشنی یارییە سیزیفییەکە دیسان هاتبێتەوە سەرەتای رێگاکە. لەبەر خۆمەوە دەمووت رەنگە ئەو شارستانییە کۆنانە سروشت و زەوییان ماندوو کردبێت، ژینگە تۆڵەی لێکردبنەوە، وەک ئەو تۆفانە مەزنەی لە ئەفسانەی سۆمەرەوە درێژە بۆتەوە ناو ئاینە ئیبراهیمییەکان، کە تەواوی زەوی داپۆشیوە و دوای ئەوە مرۆڤ لە نۆماڵییەوە دەستی پێکردۆتەوە. یان لە ئەنجامی جەنگێکی وەها وێرانکاردا مرۆڤ گەڕابێتەوە سەردەمی ئەشکەوت. وەک ئەوەی جارێک ئەنیشتاین وتبووی نازانم سروشتی جەنگی جیهانی سێهەم چۆنە، بەڵام جەنگی

جیهانی چوارەم لە ڕێی تێلا و دارەوە دەکرێ. چون لەدیتنی ئەودا جەنگی سێهەمی جیهان مرۆڤایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ چاخی بەردینی کەونار. خۆ ئەگەر شتی وا لە رابردووشدا رووینەدا بێت، لە ئێستای ئێمەوە نزیکترین ئەگەرە!. بەڵێ ئەگەرێک لەبەردەم دەرگای هەر رۆژێکماندایە.

کێ دەتوانێت لەوە دڵنیا بێت سەدەیەکی تر ئەمەی مرۆڤ لە ڕێی بەگەڕخستنی عەقڵەوە بەدەستی هێناوە وەک خۆی دەمێنێتەوە؟. ئەم قسەیەم راکێشانی هزری خوێنەر نییە بۆ کۆتایی دنیا وەک خورافەیەکی نوێ یان دووپاتکردنەوەی هەمان سیناریۆی ئاینەکان نییە بۆ ئەو کۆتاییەی لە بارەی دنیاوە دایانڕشتووە. بەڵام هەر ئەو مرۆڤەی تاکو کۆتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم «١٨٩٢» ڤایرۆسی نەدەناسی یان نەیدەتوانی لە ڕێی چاوییەوە بیبینێت، نەخۆشی بە دیاردەیەکی ناوەکیی دەبینی نەک دوژمنێکی نەبینراویش لە دەرەوە هەبێت نەخۆشی بخات، هەنووکە هێندە ڤیرۆسی نازدار و گاز و ژەهری بەرهەم هێناوە، بەشی دەیان جار خاپورکردنی زەوی و لەباربردنی هەلومەرجە ژینگەییەکانی ژیان دەکات!. کێ هەیە بتوانێت گرەنتی ئەوە بکات رۆژێک ئەم ڤیرۆسانە لە مرۆڤ یاخی نابن و بەندیخانەی تاقیگەکان جێناهێڵن و مرۆڤایەتی کۆمەڵکوژ ناکەن؟ خۆ لە خۆڕا ئەم پرسە نەبووەتە بابەتێکی سەرەکی بیرکردنەوە و فەلسەفە و سینەما. هەروەک چۆن «سلاڤۆی ژیژەک» نموونەی فیلمەکەی «فرێد جیمسن»مان بەبیر دەهێنێتەوە کە «ڤایرۆسێک جیهان لە بن دەردەهێنێت»!. ئەو لەناوچوونە ئایدیالیستییەی ئاینەکان بە فۆرمێکی تر باسیان لێ دەکرد، خەریکە ئەمڕۆ پێی دەگەین، بەڵام تاکە جیاوازییەکە ئەوەیە ئەم کارە لەلایەن هێزێکی باڵادەستی میتافیزیکییەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە ئەنجامی گەمژەیی ئەو مرۆڤە بەخوابووەی دڵخوازی نیتچەوە وا روودەدات.

تا دەمێکی نزیکیش وامانـدەزانی عەقڵ هەمیشە ئامرازی بەدیهێنانی خۆشبەختییە. لێ داخەکەم ئەو عەقڵەی جێی بە ئاین و خورافە و خوداکانیش لێژ کرد، مرۆڤی خستە سەر شاڕێیەکی تازە، نەک بەرهەمهێنی وێرانکاریی و کارەساتێکی هێندە گەورەیە هیچ کات لە دەسەڵاتی هیچ باوەڕێکی خورافیدا نەبووە و نابێت. رەنگبێ بپرسن، داخۆ پەیوەندیی کۆرۆنا ڤیرۆس و عەقڵ چییە؟.

پرسیارێکی بەجێیە و کاری ئێمەیە وەڵامی پێ بدەینەوە، ئێمە لە ساتەوەختێکی مێژووییداین ناتوانین دەستبەرداری زانست وەک بەرئەنجامی بەگەڕخستنی عەقڵ بین. تازە ناتوانین چی ڤیرۆس و چەکی ئەتۆمیی و کۆکوژە لەناو ببەین؟، مەگەر هەسارەیەکی تر هەیە بیکەینە کەلاوە بۆ فڕێدانی ئەو پاشەڕۆکانە؟. دەبێت دووبارە ڕێگاچارەیەکی عەقڵانی بگرینەوە بەر، ئەمەش لە توانای ئەو سیستمەدا نییە خۆی بەرهەمهێنی ئەو ئەنجامە کارەساتبارانەیە. هەروەک لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییانەدا فەیلەسووفی فەڕەنسی «میشێل ئۆنفرێ» وتی «دنیای ئێمە تازە ئەو هۆشیارییەی ئەزموون کردووە کە ئێمە لە کۆتایی ئەم شارستانێتییەدا دەژین». دواتریش ئەورووپا وەک «پڵینگێکی کاغەزیی» وەسف دەکات.

ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازییدا تێکدەرە ژینگەییەکان لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس بووبن و بەو ئاستە بەربڵاوە کاریگەرییان نەکردبێتە سەر تێکدانی ڕەوشی سروشت و بایی ئەوە بووبن لە ماوەیەکی خێرادا هەڵبوەشێنەوە و خاوێن ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشووی خۆیان. ئەوا ئێستا تەکنۆلۆژیا زەوی کردۆتە حاویەیەکی گەورە و بە جۆرێک ژینگە وێران بووە و ڕەوشی کەشوهەوا تێکچووە ملیۆنەها ساڵ پێویستە تاکو زەوی بگەڕێتەوە بۆ باری چەند سەدەیەک بەر لە ئەمڕۆ، کەواتە هیچ ڕێگەیەک شک نابەین بۆ گەڕانەوە. ئەمەش خەفەتە سەرەکییەکەی ئێمەیە. لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەشدا هێشتا ژمارەیەکی بێشوماری مرۆڤ لە ژینگە پیسەکان و لە دۆزەخی جەنگ و هەژاریی و برسێتیدا دەژین. ئەمەش وای لە «یوڤاڵ نوح هەراری» کرد پێداگریی بکات لەوەی، بەڵا هەرە گەورەکەی مرۆڤایەتی بە تەنێ بوونی ڤیرۆسێک نییە، بەڵکو کارەساتی لەوە مەرگبارتر ئەوەیە بیر لە ریشەکێش و لەناوبردنی هەژاریی و سەرپێخستنی سیستمێکی تەندروستی بێ جیاوازیی بۆ هەمووان نەکرێتەوە. هەرچەند لە دیدی هەراریدا مومکینە سیستمی باڵادەستی ئێستا ئەو کارە بکات بە تایبەت ئەو چاوی بڕیوەتە هەنگاوەکانی

ئەمەریکا لەم راستایەدا. بەڵام ئایا ئەو ئەمەریکای ترەمپ سەرکردایەتی دەکات ئەو کارە بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام دەدات.؟ وەڵامەکە روونە: نەخێر.

کاتێک ترەمپ بە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا هەڵبژێردرا، بۆ هەندێک سیاسیی و خوێندەواری دنیای ئێمە، ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام بە لای ئێمەومانانەوە ئەگەرێکی نزیک بوو، هەر دەبوو ئەکتەرێکی شێت و قۆشمەی وەک ترەمپ جڵەوگیری ئەمەریکا بکات «ئەمە بە دەربڕینی نوام چۆمسکی». هەموو دەمانبینی چلۆن ئەمەریکا لە رۆڵی پۆلیسی جیهان پاشەکشە دەکات. ئەمەریکا و نیو لیبرالیزم پێویستیان بە پۆپۆلیستێکی وەک دۆناڵد ترەمپ هەبوو سەرکردایەتی ئەو بارە خوارەی هەنووکە بکات. هەر ئەودەم وتارێکم بۆ رۆژنامەیەک ئامادە کرد لەژێر ناوی «هەڵبژاردنی ترەمپ یان کۆتایی سەردەمی رۆمانسیزم لە سیاسەتی ئەمەریکادا». ئەم وتارە لە رۆژی ١٠-١١-٢٠١٦ نوسرا و بڵاوکرایەوە. لەوێدا زۆر ئەگەر بۆ داهاتووی نزیک ورد کرابوونەوە، ناوکۆیی هەموو ئەگەرەکانیش لەوەدا چڕ کرابوونەوە بەهاتنی ترەمپ وەک دەمڕاستێکی پۆپۆلیستی سپی پێست، جیهان پێ دەنێتە قۆناغێکی خراپی وەهاوە لە ئێستادا لە توانادا نییە ئاکامە زیانبارەکانی بژمێرین.

هەر لەو وتارەدا نووسیبووم «هەڵبژاردنی ترەمپ وەک سەرۆک کۆماری ئەمەریکا رووداێکی سادە و ساکار نییە تاکو ئێمە فۆرمالیستانە شرۆڤەی بکەین. بە پێچەوانەوە ئەمە گەڕانەوەیەکی دەستەجەمعی خودی ئەمەریکییەکانە بۆ ئاوێنەی تەڵخی نیو کۆلۆنیالیزم و خۆ رادەستکردنی تەواو بە ویستی نیو لیبرالیزم، گەڕانەوەی پلاندانەران و نەخشەداڕێژەرانی سیاسەتی ستراتیژیی ئەمەریکییە بۆ دیدگاکانی کۆنسەرڤاتیزم. ئەم سەردەمە تازەیە گەڕانەوەی رەوتی مێژووە بەرەو دواوە، بەرەو ئەو مێژووەی لە سەرەتای سەدەی بیست بەهۆی قەیرانە داراییەکانی کاپیتالیزمەوە دوو گیان بوو بە دوو روانگەی تۆتالیتێر و مەترسیداری وەک فاشیزم و نازیزم. ئەگەر فرانکۆ و مۆسۆلینی و هیتلەر دیوە تراژیدیکییەکەی ئەو مێژووە بن، ئەوا ترەمپ دیوە گاڵتەجاڕەکەیتی «ئەمە

بەدەربڕینی کارل مارکس». جیا لەمەش ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆ هەیە لە وڵاتانی تری رۆژئاوایی و ئەورووپیی، بە تایبەت ئەم ئەگەرە بۆ ئەڵمانیا زۆر بەهێزە، ئەویش بە بەرزبوونەوەی کێرڤی رەوت و پارتە راسیست و راستڕەوەکانی لایەنگری نیو لیبرالیزم».

دەمەوێت لە قسەکردن لەسەر ترەمپەوە بگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمان، ئەویش بە تەرحکردنی ئەو پرسیارەی ئاخۆ کۆرۆنا دەبێتە سەرەتای گۆڕانێکی ریشەیی لە دنیادا؟! یان چی دنیایەک لە دوای کۆرۆنا چاوەڕێمانە؟. دیارە تاکو سەر مرۆڤایەتی لە کابووسی ئەو ڤیرۆسەدا نامێنێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا دەبینین بە پێی دوا ئامارەکان ئەوە دەردەخەن لە ئاستی جیهانیدا رۆمانی «تاعون»ی کامۆ پڕ خوێنەرترین کتێبی دۆخی کەرەنتینە و ئەم رەوشە ئاوارتەیە بووە، لەوە دەچێت مرۆڤی سەردەمی کۆرۆنا بیەوێ لە رێی ناسینی تاعونەوە نهێنییەکانی کۆرۆنا ڤیرۆس ئاشکرا بکات، یان بیەوێت رووخسارە لێکچوو و دژەکانیان بدۆزێتەوە. بەڵام ئایا ئەم دۆخە ئاوارتەیە «بەپێی ناولێنانی جۆرجیۆ ئاگامبێن» تاکو سەر دەمێنێتەوە؟. ئەگەرچی من نامەوێت، وەک ئاگامبێن کۆرۆنا بە سووکە هەڵامەت پێناسە بکەم، چوون قەبارەی زیانەکانی کۆرۆنا هەروا بە ئاسانی بۆ سیستمی سەرمایەداریی تێناپەڕێت. ماف بە خۆم دەدەم بڵێم ئەو دۆخە نائاساییەی لە وڵاتان گیراوەتە بەر لە خەمخۆریی نییە بۆ گیانی هاووڵاتیان، هێندەی خەمخواردنە لە وشکبوونی جوڵەی بازرگانی و ئابووری بازاڕ، چون بە روونی بینیمان سەرمایەداریی، ئابووری لەسەروو ژیانی خەڵکەوە دانا. لە کۆتایی داستانەکەدا دیارە سیستمی پزیشکی زاڵ دەبێت بەسەر ڤیرۆسەکەدا، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو دنیا تازەیە دەبێت لە دوای دیار نەمانی کۆرۆنا دێتە ئارا. هەموو دڵنیاین لەوەی رەنگی دنیا دەگۆڕێت کە رەنگە باڵانسی هێزیش لەگەڵیدا بگۆڕێت، ئەوەی لێمان دیار نییە، شێوازی ئەو گۆڕانەیە.

کۆرۆنا تەنێ رووداوێکی ساکاری ناو مێژووی ڤیرۆس نییە، بەو جۆرەی فەلسەفەکاری کورد «ئازاد حەمە» بیری لێ کردۆتەوە. کۆرۆنا هەر ئەو

دۆخە ئاوارتەیە نییە حکومەتەکان بۆ کۆنترۆڵی زۆرتر کەڵکی لێوەربگرن، بەو شێوەیەی «ئاگامبێن» لە روانگەی بایۆ سیاسییەوە گەڵاڵەی کردووە. ئەمیش درێژەپێدانی بیری «فۆکۆ»یە کە هەمیشە دەسەڵات لەسەر ترس و قەمع راوەستاوە. لە دیتنی مندا کۆرۆنا عەبا رەشەکەی سەر قەیران و برینە قووڵەکانی سیستمی سەرمایەداریی هەڵدایەوە، بە تایبەت لەو ساتەوەختەی پایتەختی وڵاتە رۆژئاواییەکان بە چڕی دەکەونە ژێر شاڵاوی ئەو دوژمنە پەنهانەوە. تەنانەت نوکتەیەکیشم لەسەر ئەمە دروستکردووە «کۆرۆنا پرۆلیتاریایەکی نوێیە» و وەک تارمایی گورز لەو سیستمە دەوەشێنێت بانگەشە بۆ جیهانگیریی ئابووری و بازاڕ و تەندروستی و بچووکبوونەوەی دنیا دەکات بۆ ئاستی گوندێک، تەنانەت یەکێتی ئەوروپا و هاریکاریی گەلانی کردە سەفسەتەیەکی پووچ بە تایبەت لەو نیگارەدا ئەمە بە روونی دەرکەوت وڵاتان سنوورەکانیان بە رووی یەکتردا داخست. کەرەنتینە هەر ئەوە نەبوو هەر مرۆڤێک لە ماڵی خۆی بێت، بەڵکو بازنەکە فراوانتر بووە بۆ هەر وڵاتێک لە ماڵی خۆی و بە سیستمی تەندروستی خۆیەوە رووبەڕووی ئەم بەڵایە ببێتەوە. لانیکەم لە حاڵی حازردا ئەو وەهمەی پووچەڵ کردەوە، نیو لیبرالیزم وەک ئەفسون و فۆرمی ئیدیاڵ لەبارەی خۆیەوە لە رووی زیهنییەوە بەرهەمی هێنابوو.

شتێک زۆر لێی دڵنیا بم، لە قۆناغی پۆست کۆرۆنادا، دنیا هەمان دنیاکەی پێشوو نابێت. چون هەمیشە جەنگ و پەتا یونیڤرساڵەکان، دەموچاوی جیهانیان گۆڕیوە. رەنگبێ باشترین فاکت لەم بارەوە پەتا گەورەکەی سەدەی چواردەهەم بێت لە ئەوروپا، گەرچی ئەو پەتایە نزیک بە نیوەی دانیشتوانی ئەودەمەی ئەوروپای قڕ کرد، بەڵام رەنگی ئەوروپا و ژیارەکەشی لە ریشەوە گۆڕی. هەروەک «ژاک ناتالی» باسی دەکات ئەم پەتایە بوو بە فاکتۆری گۆڕانێکی رادیکاڵی لە سیستمی ئاینیدا، ئیدی قەشەکان رۆڵی خۆیان لە دەست دا و جێگەیان بۆ پۆلیس چۆڵ کرد تا بە رۆڵی ئەوان هەڵستێت، ئەمەش بە بەرایی قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵات لەسەر مەبنای باوەڕ دادەنێت بۆ بینای دەسەڵاتێک

لەسەر بنەمای هێز. ژاک ناتالی لە بارەی ئەو رەوشەی هەنووکەوە بەهۆی کۆرۆنا ڤیرۆسەوە دەڵێت «ئەو سیستەمی دەسەڵاتەی لەسەر پاراستنی مافی تاک بەندە، رەنگە هەرەس بهێنێت، لەگەڵ خۆیشیدا ئەو دوو میکانیزمە بەرەو ئاوابوون دەبات کە پشتیان پێ دەبەستێت: مەبەست لە بازاڕ و دیموکراسییە».

کەواتە گۆڕان حەتمییە!. پرسیارە تۆقێنەرەکە ئەوەیە، لەم بۆشاییەدا چی چاوەڕێی مرۆڤایەتییە؟. بەدەر لە هەڕەشە ئیکۆلۆژییەکان، کە چەندان ساڵ بوو هۆشداریی دەدرا بە سیاسیی و هەڵسوڕێنەرانی ئابووری جیهانی مرۆڤ لەبەردەم هەڕەشەی ئەو ژینگەیەدایە تاکە هەلومەرجە بۆ ژیان. ئیدی ئەو هۆشدارییانە سوودێکی ئەوتۆیان نەماوە!. هەرچی پەیوەندیی بە سیستەمەوە هەیە، ژاک ناتالی لە گریمانەی هەرەسی سیستەمە رۆژئاواییەکاندا، ئاسۆ تەڵخ دەبینێت، بەوەی سەردەمێکی تازە دێتە ئارا، رژێمە خۆسەپێنەکان لە رێی هۆشی دەستکردەوە بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریی وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤ دێنە سەر شانۆ. هەرچی فەیلەسووفی فەڕەنسی «ئالان تۆرین»یشە لە دوا ئینتەرڤیۆی خۆیدا ئاماژە بەوە دەدات «وا دەزانم چووینەتە ناو فۆرمێکی نوێی کۆمەڵگەوە، بە گوێرەی دەربڕینی ئابووریزانەکان، دەشێت بە کۆمەڵگەی خزمەتگوزاریی ناوی بنێین، بەڵام کۆمەڵگەی خزمەتگوزارییە لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئەم قەیرانە ئەو توێژە بەرز دەکاتەوە کە چاودێریی و خزمەتگوزاریی دابین دەکەن». ئەوەی دیارە ئایندە هیچ لە خۆش ناچێت، لەوانەشە تۆرین لەو ئایندەیە ترسابێت بۆیە پێداگریی لە باسی هەنووکە دەکات. گەرچی ئێمە نیو لیبرالیزم رەت دەکەینەوە، بەڵام ترسمان هەیە بە ئاوابوونی حکایەتەکەی، چیرۆکی رژێمگەلێک دەست پێبکات دنیا بۆ زەلکاوی فاشیزم رابکێشنە دواوە.

نامەوێت رەشبینی ببەشمەوە، هەمیشە ویستوومە چرایەکی ئومێدەوار بم، ئازارەکەم ئەوەیە ناشێ چاوپۆشی لە روونکردنەوەی ئەوە بکەم لەناو شانۆی ژیانی مرۆڤدا دەگوزەرێت کە تا دێت ئاسۆکە تاریک دەکەن. ئەم رەوشە نائاساییە هەر دەبوو رووبدات، نەک لەبەرئەوەی مەحکوم بووین پێی، لەبەرئەوەی خۆمان

مەحکوم کردبوو بە وێرانکردنی ژینگە، چاوچنۆکی ئابووری، بە بازاڕکردنی ژیان، بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست، مەسرەفگەرایی بێمانا، شەڕ و برسیکردنی یەکتر، بڵاوکردنەوەی هەژاریی، بەردەوامیدان بە رامیاریی پەرتکە و زاڵ بە، هەموو ئەمانە یەک ئەنجامی خراپیان دا بەدەستەوە: قەیرانی ئابووری و هێرشی ڤیرۆسەکان. لێ دڵنیام مرۆڤ ئەمڕۆ بێت یان سبەی سەردەکەوێت بەسەر کۆرۆنادا، بەڵام هیچ کات ناتوانێت بەم عەقڵی ئێستایەوە بەر بەو بەڵا گەورانەی داهاتووی نزیک بگرێت، کە رەنگە ئەوکات بیر لە کۆرۆنا بکەینەوە وەک بە بەزەیترین و بەزیوترین دوژمن. ئەوسا کۆمەڵکوژ دەبین و کەسێکیش نەماوە دڵۆپێک ئەسرینمان بۆ برژێت. پێش ئەوەی زەوی ببێتە گۆڕستانی تەواوی مرۆڤایەتی، پێویستە فریا بکەوین و بەخۆ بکەوین، بەڵام چۆن؟ من هیچ نازانم.

٢٠٢٠-٤-٩

خۆرئاوای زەمین

تێبینی: ئەم وتارە لە رۆژی ١٠-٤-٢٠٢٠ لە ماڵپەڕی «کوردستان نێت» بڵاوکراوەتەوە، رۆژی دواتریش لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان» بڵاو بۆتەوە.

# پارادایمەکانی جەنگ
# لە جەنگی تەقلیدییەوە بۆ جەنگی بایۆ تەکنیکی

ڕەنگبێ کۆنترین کتێب لە بارەی جەنگەوە دانراوەکەی «سۆن- تزۆ»ی دانای چینی بێت بە ناوی «هونەری جەنگ». ئەم کتێبە پێشکەشکردنی چەند تیۆرییەکە لە بارەی کردەی جەنگ، هەڵبەت بەپێی ئەو کۆنتێکستەی کتێبەکەی تێدا نوسراوە کە بۆ بیست و پێنج سەدە بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. کاکڵەی تیۆرییەکانی سۆن-تزۆ لەوەدا خۆی دەنوێنێت پێویستە جەنگ لە پێناوی ئامانجێکی ڕەوادا بێت، تەنانەت بیریشی لەوە کردۆتەوە لەو کاتەی جەنگ سەرتاپای کۆمەڵگە یان جیهان دەتەنێتەوە دەبێت ڕەچاوی بەها مرۆییەکان بکرێت، نابێت بە هیچ پاساوێک ئەو بەهایانە ژێرپێ بخرێن!. پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ ئامانجە ڕەواکانی جەنگ چین؟. ئەگەر تاوانبار نەکرێین بە ناواقیعبینی، دەمەوێت بڵێم جەنگەکان هیچ بەهانە و ئامانجێکی ڕەوایان نییە!. ئەگەر لەو کتێبە دوورتریش بڕۆین، ئەوەی ئارکۆلۆژیستەکان لەسەر گاشە بەرد و چەرم دەیدۆزنەوە وەک پاشماوەی شارستانییە دێرینەکان، بەشی شێریان باسی جەنگی نێوان مەملەکەتەکان و پادشاکان دەکەن، تەنانەت ڕووداوی هێندە هۆڤانەی تێدایە، لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست بە جۆرێک لە شۆک و تۆقین دەکەین.

جەدەلی ئەوەی مرۆڤ لە ریشەوە بوونەوەرێکی شەڕخوازە یان نا؟ هەم بابەتێکی فەلسەفی و دەروونشیکارییە هەم بەم دواییانە بۆتە جێگەی سەرنجی زانستە نوشدارییەکان. هێشتاش مشتومڕ لەو بارەوە بە پایان نەگەیشتووە،

بەڵام ئێمە لێرەدا دەبێت جیاوازیی نیشان بدەین لەنێوان دەستەواژەی «شەڕ» و چەمکی «جەنگ»!، بە واتای ئەوەی شەڕ کردەیەکە لەنێوان تاکەکاندا، بەڵام جەنگ بازنەیەکی فراوانترە و لەنێوان وڵاتان و شارستانی و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکاندا دەقەومێت. بەدیوێکی تردا مافمان هەیە بڵێین جەنگ لە دایکبووی ساتەوەختێکە مرۆڤ بەسەر گرووپی نەتەوەیی و ئابووری و رەگەزیی جودا جودا دابەش بوو. لەم نێوەندەشدا دووبارە پرسیاری ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی شەڕخوازە یان ئاشتیدۆست؟ تا ئەمڕۆ بەرسڤێکی کۆنکرێتی پێنەدراوەتەوە. ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کاتی خۆی زانایەکی مەزنی وەک «ئەنشتاین» لە «فرۆید»ی دەکات. لە وەڵامەکەی «فرۆید»دا روونە: جەنگەکان بەشێکن لە غەریزەی مەرگدۆستی و دەروونی شەڕئەنگێزی خودی مرۆڤ، هەروەک ئەو ویستەش بە پێویستییەک دەزانێت بۆ بەردەوامبوونی ژیان!!. ئەمە بەرسڤێک بوو «ئەنیشتاین» چاوەڕوانی نەبوو.

ئەگەرچی بەرسڤەکەی «فرۆید» دەتوانێت تا ئەندازەیەک رازیمان بکات، بەڵام پرسیارێکی خودی خۆم دەخەمە روو: ئایا ناتوانین ئەو نەزعە شەڕئەنگێزەی مرۆڤ بگۆڕین بۆ وزەیەکی پۆزەتیڤ؟. وەڵامەکەیم لا نییە، چوونکێ ئەم پرسیارە هێشتا بە دوای وەڵامێکی قایلکەردا دەگەڕێت. لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرچاو نەگرتنی فاکتۆرە ئابووری و سیاسییەکانی جەنگ تەڵخکردنی وێنایەکە پێویستە هەموو بە شەفافی بیبینین، هەوڵێک هەیە لە پشتی ئەو پاساوە دەروونیانەوە بۆ شاردنەوەی چەند راستییەک لە بارەی فاکتۆرەکانی بەرپابوونی جەنگ. ئەمە ئەو قسەیە ئیۆلۆجیستەکانی جەنگ پێیان خۆش نییە، چونکە جەنگ درێژەپێدانە بە سیاسەت بە فۆرمێکی توندوتیژ و مەرگبار. خولاسە مەبەستمە بڵێم: هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگەکان بەدەر لەو نەزعە شەڕانییەی بەشێکە لە سایکۆلۆژیای خودی مرۆڤ، کەچی لەملاوە فاکتۆرە ئابووری و سیاسییەکان رۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لە راستای قەومانی جەنگەکان بە بەرینی مێژوو.

نکۆڵی لەوەش ناکەین جەنگەکان هەمیشە دیوێکی تری سیاسەتن، سیاسەتن بە فۆرمی کاولکاریی و دڵڕەقی، هاوزەمان مامانی گۆڕانکاریی ریشەیشن. هەروەک لە دێر زەمانەوە تاوەکو هەنووکە تێبینی کراوە، زۆرینەی گۆڕانکارییە

سیاسیی و جوگرافییەکان بگرە تێکەڵاوبوونی شارستانێتییەکان بە هۆی جەنگەکانەوە روویانداوە. بۆ وێنە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەخشەی سیاسیی و جوگرافی تەنانەت کولتووری جیهان بەشێوەیەک گۆڕا، نۆستراداموس زیندوو بووبایەتەوە نەیدەتوانی بیناسێتەوە. لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیش نەخشەی دنیا بە تایبەت کیشوەری ئەوروپا سەرلەبەر گۆڕا، لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووش جەنگ لە ناوچەی باڵکان بە دیاریکراویی لە یوگسلاڤیای پێشوو بووە هەوێنی گۆڕانکاریی گەورە، بەو ئەندازەی جوگرافیای ناوچەکەی بە جۆرێکی تر دیزاین کردەوە، ئەمیش بە لە دایکبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ لەسەر پاشماوەی یوگسلاڤیا، ئەمەش کردەیەک بوو لە توانای پێشبینی نەک سیاسەتمەدار بگرە هیچ جادووگەرێکیشدا نەبوو، تەنانەت جۆرج ئۆروێل لە رۆمانی «باخچەی ئاژەڵان»دا توانی پێشگۆیی رووخانی شورەوی بکات، بەڵام بە هیچ کلۆجێک نەیتوانی مەزندەی ئەو گۆڕانە بکات لە باڵکاندا هاتەئارا.

بەڵگە نەویستە لە بەرەبەیانی مێژووەوە، جەنگ بەشێک بووە لە سروشت و ژیانی مرۆڤ، ئەگەر دیقەت بدەین لەگەڵ گەشەی شارستانێتیدا رووخسارەکانی جەنگیش گۆڕاون. بە پێچەوانەی دیتنی «مارکس»ەوە زانست و پێشکەوتن نەک نەبووە هۆی خۆشنودی بەڵکو لە هەموو لایەکەوە بەڵای گەورەتری هێنا و قوڕەکەی خەست و خۆڵتر کردووەوە. ئەگەر بمانەوێت لە روانگەی «ئالڤین تۆفلەر»ەوە سەیری پرۆسەی پێشڤەچوونی شارستانی مرۆڤایەتی بکەین. جەنگ و ئامڕازە جەنگییەکان شانبەشان لەگەڵیدا لەبەرەوپێش چووندا بوون. تۆفلەر سێ قۆناغ دەستنیشان دەکات لە پێشکەوتنی ژیاردا، ئەوانیش قۆناغی «کشتوکاڵی، پیشەسازیی، تەکنۆلۆژیی»ن. ئەمە دروست پێچەوانەی دابەشکارییەکەی «کارل مارکس»ە کە پێنج قۆناغ دەستنیشان دەکات. ئەم سەردەمە تۆفلەرییانەش تەنیا یەک شێوە و رووخساریان نییە، ئەگەر لە رووی ئابوورییەوە هەردوو سیستمی فیودالیزم و سەرمایەداریی بن، ئەوا لە رووی جەنگ و ئامڕازە سەربازییەکانییەوە شەقڵی جیاوازتریان وەرگرتووە.

قۆناغی کشتوکاڵی، لە رووی ئابوورییەوە خاوەندارێتی زەوییە لەلایەن مرۆڤەوە، سەردەمی کۆیلەداریی و فیوداڵیشی لە خۆیدا جەم کردۆتەوە، لەم

پێڤاژۆیەدا جەنگەکان پێویستیان بە پاڵەوانە، بەو پێیەی ئامرازە جەنگییەکان پێویستیان بەهێزی عەزەڵی زۆر هەبووە، بەڵام لە قۆناغی پیشەسازییدا پارادیمی جەنگ دەگۆڕێ و بڕێکی کەمتر لە هێزی بازوو دەخوازێت، لە سۆنگەی ئەمەی ئامێرەکان لە تیروکەوان و شمشێر و مەنجەنیقەوە دەگۆڕێن بۆ تفەنگی سادە و تۆپی دوورهاوێژ، ئەمەش سەردەمی قارەمان و سوارچاکەکانی بەکۆتا گەیاند، هەر لەم نێوەندەدا «دۆنکیشۆت» سەربردەی ئەو گوزارانەوەیە لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەسازیی، کارەکتەری دۆنکیشۆت بۆیەکا بوو بە قۆشمە، چونکە هێشتا لەناو ئەو ئەندێشە کۆنەدا دەژیا، قۆناغەکە ماڵئاوایی لێ کردبوو. لە شەپۆلی سێهەمدا «باڵادەستی تەکنۆلۆژیا» ئامێرە جەنگییەکان بە رادەیەک پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی، هیچ پێویستییەک بە هێزی میکانیکی ئینسان نەما، لە جێگەی تفەنگە تەقلیدییەکان و تۆپە دوورهاوێژەکان، فڕۆکەی شەبەح و ئاپاچی و چەکی پێشکەوتووتر رۆڵیان پەیدا کرد. لەم روانگەوەیە زۆر جار دەوترێت جەنگی کەنداو «گەردەلولی بیابان» تەنیا رووبەڕووبوونەوەی رژێمی عێراق و هاوپەیمانان نەبوو، بەڵکو جۆرێکیش بوو لە بەرەو رووبوونەوەی هەردوو شەپۆلەکە، بەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی نوێنەرایەتی شەپۆلی سێهەم بوون، دەوڵەتی عێراقیش میراتگری شەپۆلی دووەم و پیشەسازیی چەک و چۆڵ. هەنووکە مرۆڤایەتی لە سەردەمی شەپۆلی چوارەمدایە، جەنگ جگە لە سیما تەقلیدییەکەی، فۆرمی جەنگی زانیاریی و بایۆتەکنیکی وەرگرتووە.

وەلێ بە رواڵەت وەها دەردەکەوێت ژمارەی جەنگەکان کەمیان کردبێت، کەچی راستییەکە لە پێش چاومان شاردراوەتەوە، جەنگەکان لە جاران زۆرتر و قورستر لە ئارادان. لەوانەیە جەنگە تەقلیدییەکان ژمارەیان وەک رابردوو هێندە بەرچاو نەبێت و بەهۆی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و خێرایی چارەسەر و گواستنەوە ژمارەی قوربانییەکان کەمتر بووبنەوە، هێشتاش ئەمە مانای کەمبوونەوەی جەنگ ناگەیەنێت، هەرچەند سەمپڵی جەنگی دە بۆ پانزە ساڵی رابردووی عێراق و سوریا ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوایە بە جەنگێکی جیهانی نێوزەد دەکرا، لە رادەی ئەم دڵنیایەمان کەم دەکاتەوە. بەڵام لە نموونەی ئۆپەراسیۆنی کوشتنی «قاسم سولەیمانی»دا، راستەوخۆ هارد

پاوەری شەپۆلی چوارەم خۆی نمایش دەکات کە بە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان گەورەترین ئامانج پێکرا، ئەمە ئەگەر سی ساڵێک لەمەوپێش بوایە پێویستی بە شەڕی دەستویەخەی سوپایی دەبوو، تا ئەو پاشەکشەیە بە ئێران بکەن، چونکە کوشتنی قاسم سولەیمانی لەناوبردنێکی سیمبولیکییە و واتای سەرەتای بڕینەوەی دەستی ئێران دەگەیەنێت لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا.

جەنگ لەم شەپۆلە تازەیەدا وەک حەربا وایە و توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە گەمەی شێوە گۆڕیندا، جەنگەکان رۆژانە روودەدەن، لێ تفەنگەکان کەمتر لە جاران دەنگیان دێت، کەچی رۆژانە دەیان جەنگی ئابووری و دەروونی و بایۆلۆژیی بە بێدەنگی روودەدەن، بە جۆرێکیش فریودراوین تەرمەکان دەژمێرین وەک رووداوێکی ئاسایی نەک قوربانیانی جەنگ. سامناکترین جەنگ لە سایەی شەپۆلی چوارەمدا بەڕێوە دەچێت، ئەویش جەنگی بایۆلۆژییە. ئەگەرچی مێژووی جەنگی بایۆلۆژیی زۆر کۆنە، شێوە هەرە تەقلیدیی و ساکارەکەی خۆی لەوەدا دەبینییەوە سوپا شەڕکەرەکان تەرمی کوژراوی یەکتریان دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەوە، تاکو خنکان و نەخۆشی لە لەشکری بەرامبەردا دروست بێت. یان ئەوروپاییەکان لە رێگەی سیل و تاعون و کولێراوە هەشتا دەر سەدی ئەمەریکاییە رەسەنەکان «هیندە سوورەکان»یان قڕکرد و لەو رێگەیەوە دەستیان بەسەر ئەو قارەیەدا گرت، هەنووکەش نوێباوترین جەنگی بایۆلۆژیی لە ئارادایە، ئەمیش لە رێی هێرش و پەلاماری ڤایرۆسییەوە.

ئەمڕۆ جیهان لە تراومایەکی گەورەدایە بەهۆی ڤایرۆسی «کۆڤید نۆزدە» ناسراو بە «کۆرۆنا»وە، کە بە بڕوای من جەنگێکی بایۆلۆژییە لە دژی بەرژەوەندیی هەندێک دەوڵەت. رووسەکان کۆرۆنا بە چەکێکی بایۆلۆژیی ئەمەریکایی لە قەڵەم دەدەن، ئەوەش لەسەر زاری سکرتێری حزبی لیبرال دیموکراتی راستڕەوی رووسی لە ئینتەرڤیۆیەکی رادیۆییدا جەختی لەسەر کرایەوە بەوەی گوایە ئەم ڤایرۆسە دەستکردی ئەمەریکایە، ئەمەش کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و سەنتەری دیراساتی راندی ئەمەریکی ئەم هەوڵە چڕەی رووسەکان لە رێی ماسمیدیاوە بە لولەی تۆپێک پێناسە دەکات، تۆپی خەیاڵی و چەواشەکارانە دەنێت بە شکۆی ئەمەریکاوە. بە وردبوونەوە لە جۆری

ڤایرۆسەکە و جوگرافیای بڵاوبوونەوەی، گوومانەکان زیاتر دەبن بەوەی ڕێی تێناچێت ئەم ڤایرۆسە لە ڕێی شەمشەمەکوێرەوە بڵاوبووبێتەوە. هەرچەند زانست سەلماندوویەتی شەمشەمەکوێرە تاکە شیردەرە بتوانێت بفڕێت و زۆرترین ڤایرۆس لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت و بگوازێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هەزاران ساڵە چینییەکان مار و دووپشک و زۆر مێروو و گیانداری تر وەک خواردن بەکاردەهێنن، بۆچی تازە ئەم ڤایرۆسە پەیدا بوو؟. ئایا هەزاران ساڵە شەمشەمەکوێرە هەمان دی ئێن ئەی ئێستای نەبووە؟. هەرچەند ئەوەش فەرامۆش ناکەین بە دووریی بیست و حەوت کیلۆمەتر لە شاری «وۆهان» کە مەڵبەندی تەشەنەکردنی کۆرۆنایە، لە ساڵی ٢٠١٧ەوە «پەیمانگای وۆهان بۆ لێکۆڵینەوەی ڤایرۆسەکان» دامەزراوە، وەکو پێشتر لە ڕۆمانی «چاوی تاریکییەکان»ی «دین کۆنتز» لە ساڵی ١٩٨١دا، بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لەو شارەوە پێشبینی کرابوو.

هەر لەم دەرفەتەدا دەمەوێت هێما بۆ ئەوە بکەم، تاکو تەکنۆلۆژیا پێشبکەوێت جەنگ زیاتر توانای دۆنادۆنی دەبێت، لەم ڕاستایەدا جەنگی بایۆلۆژیی هەڕەشەیەکە لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی، ڕەنگە دڵڕەقترین و بێ باروووتترین جەنگیش بێت، وەلێ هەتاکو کۆمپانیاکانی بواری چەک دروستکردن مابن، جەنگی تەقلیدیش هەر برەوی دەمێنێت بە تایبەت لەم ناوچەیەی ئێمەی لێ دەژین. کۆمپانیاکانی چەک هەر خۆیان ئایدۆلۆژیای توندئاژۆ و حزبی پەڕگیر و دەوڵەتی دیسپۆتیستی و فەرمانڕەوای دیکتاتۆر دەهێننە سەر شانۆ، هەر خۆیشیان دژەکانیان دروست دەکەن و بازاڕی چەک فرۆشتنیان گەرم و پڕ هەڕمێنتر دەکەن. ئەمە ئەو داستانەیە چەند سەدەیەکە ئێمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی زەمین پاڵەوانە کاریکاتۆرییەکین.

٢-٣-٢٠٢٠

باکووری زەوی

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٢٢»ی ڕۆژنامەی «وشە» لە ڕۆژی ١١-٣-٢٠٢٠ بڵاو کراوەتەوە.**

# ژیان لە سەردەمی کۆرۆنادا
# گەڕان بەدوای دیوە ئیستاتیکییەکەی ژیاندا

من لێرە باس لە پێکهاتەی جینەتیکی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی ناکەم، ئەمە کاری پزیشکەکان و دامودەزگا پەیوەندییدارەکانە. دەمەوێت لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ خودی ژیان و بوون رابکێشم، لێ ژیانی ئێمە لە رووی تەندروستییەوە هیچ گرەنتییەکی نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە لە پرۆسەی ژیانکردن بەردەوام نەبین، هەموو بە تازیەباریی و پەژموورردانە چاوەڕێی هاتنی ئەو ڤایرۆسە بکەین، دەشێ ئێمە لە ماڵەکانی خۆمانەوە بە دوای دیوی ئیستاتیکیی ژیاندا بگەڕێین، هونەری ژیانکردن ئەوەیە لە دۆخی کەرانتینەدا رووبەڕێکی تر بۆ بەردەوامیدان بە بوون و ممارەسەی ژیان بدۆزینەوە. ترس لە مردن، یارمەتی ژیان نادات، بەڵکو ڕێگەی مەرگ نزیکتر دەکاتەوە، هەرچەندە ترس غەریزەیەکی ئینسانییە، بگرە پێویستیشە، بەڵام ناشێ ترس هەموو شتێکمان لە بیر بباتەوە، ناکرێت بە رەنگی پەڕیوەوە چاوەڕێی چارەنووسی خۆمان بکەین. دەبێت گەمە بکەین و بەردەوام بین لەسەر ژیان، ئەمە کارە راستەقینەکەیە دژی مەرگ، ئاخر هەرچەند مردن ئازاربەخش بێت، لەبەرئەوە نییە شتێک لە بارەی ئەو عەدەمییەتەوە دەزانین، نا، لەبەرئەوەیە مرۆڤ لەوە حاڵی بووە لە مەرگدا ئەوەی لە دەستی دەچێت ژیانە. یان ئەو سەرمایە رەمزیی و مادییانەیە لە تەمەنی خۆیدا بەدەستی هێناون لە دەست دەدات.

مەرج نییە هەموو دەمێک دیوە ئیستاتیکییەکەی ژیان بریتی بێت لە خاوەنداریێتیکردن لە شتی گەورە و هاتنەدی ئاواتە مەزنەکان، مرۆڤی ئێمە رانەهاتووە لە بچووکترین رووبەڕدا زۆرترین چێژ وەربگرێت. وەک دەوترێت

گەشتی مرۆڤ سەفەری بەردەوامە بە دوای ژیاندا تاکوو بڕێکی زۆر لە شادومانی چنگیر بکات، «شادومانی ڕێژەییە و ناکرێت تەنیا ڕووخسارێکی هەبێت». زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە مەرج نییە بۆ ئەوەی بەختەوەر بین دەبێت شتی زۆر گەورە و گرانبەهامان هەبێت!، جاری وایە بەختەوەریی ئێمە پابەندی شتی زۆر بچووکە. ئەمە چیرۆکێکی «ئۆسکار وایلد»ی بیر خستمەوە کە بیست و دوو ساڵ زیاترە خوێندومەتەوە. کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە خوێندکارێکە و لە یەکێک لە دێڕەکانی سەرەتاوە وا دەپەیڤێت «ئاخ بەختەوەریی چەند بەندە بە شتی زۆر بچووکەوە». ئەو کارەکتەرێکە چی بەرهەمی فەلسەفی و زانستیی هەیە هەموویانی خوێندۆتەوە، بەڵام چون لە باخەکەیدا گوڵێکی سووری نییە تاکو مەرجی سەماکردنی لەگەڵ نازداریٚ پیٚ بەدیبهێنێت، هەست بە خاپووربوونی ڕۆحیی دەکات. زۆرێکمان لە هەمان دۆخداین. ڕەنگە من زۆر شتی گەورەم لە ژیاندا هەبێت یان هەبووبێت، بەڵام بەختەوەرییم لە شتێکی زۆر وردیلەدایە، لەوانەیە لەوەدا بێت زمانی گۆی بکردبا و چاوم ببڕیبا ناو چاوانی یار و پێی بڵێم خۆشم دەوێی. هیچ کات نەمتوانیوە بیٚ چاوداخستن ئەم وشەیە بڵێم. ئەم شتە بچووک دێتە بەرچاو، بەڵام لای من گەورەترین دڵەڕاوکێیە.

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە مرۆڤ سرووشتکردانە سترێسە، هەڵبەتە مەبەستم سترێسە بچووکەکانی ناو ژیان نییە، بەڵکو مرۆڤ بەشێوەیەکی وجوودیانە سترێسە، بەو پێیەی بوونی مرۆڤ بوونێکە بۆ مردن، ئەوەش سترێس دەکاتە پرۆسەیەکی ناچاریی، ئەمە ڕوانینی قووڵی فەیلەسووفێکی وەک هایدگەرە لەبارەی بوونەوە، ئەو پێیوایە لە بری نائومێدبوون، پێویستە ژیان بە جیددی وەربگرین!. کۆی ئەم تێڕوانینەی لە کتێبە بەنامیکەیدا «بوون و کات Sein und Zeit» و کتێبەکانی تریدا چڕکردۆتەوە و پێداگریی لەوە دەکات ڕارایی مرۆڤ کۆتایی نایەت چون دەرکی ئەوە دەکات ئەو هاتۆتە بوون و بەرەو مردن ڕێکەوتووە، لیٚ تێگەیشتن لە هایدگەر و کتێبی «بوون و کات» کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت کوڕەکەیشی تاکوو مرد لە کتێبە دەگمەنەکەی باوکی تێنەگەیشت، بەڵام ئەوەی من تێیگەیشتووم هایدگەر هیچ ڕێگەیەکی تر لە بەردەم مرۆڤدا ناهێڵێتەوە و مەحکومی دەکاتەوە بە ژیان.. ژیانیش هەروەک لەلای فەیلەسووفی

دێرینی گریک «ئەبیکۆر» برتییە لە زنجیرەیەک چێژوەرگرتنی بەردەوام و چڕکردنەوەی هەبوونمان لە پێناوی گەیشتن بە زۆرترین ئەندازەی لەززەت.

نکۆڵی ناکرێت چێژ لە دیتنی کوردییدا، کورت دەکرێتەوە بۆ سێکس، لە کاتێکدا سێکس تەنیا ڕوویەکی چێژە، هەرچەند من وەک «ئیڤا ئایزمان» ناڵێم «شتێکی داڕزیو و گەنیو لە سێکسکردندا هەیە» بەڵام ناتوانم خۆم لەو گۆشەنیگایەی «سلاڤۆی ژیژەک» ببووێرم، کاتێک دەڵێت «سێکسوالیتەی مرۆیی لە خودی خۆیدا لادەرانەیە، ئاوەڵاشە لەبەردەم هەڵگەڕانەوە سادۆمازۆخییەکاندا». ژیژەک لە قسەکردن بەردەوام دەبێت تا ئەو شوێنەی دەڵێ «من گۆشت و جەستەی هاوبەشەکەم وەک پاڵشتێک بۆ رایکردن و بەدیهێنانی فەنتازییەکانم بەرکاردەهێنم». ئەمە دەمانباتە بەردەم ئەو پرسیارە ئاڵۆزەی ئایا سێکس پرۆسەیەکە لە چوارچێوەی فەنتازیای پێشوەختەدا؟ ئایا هاوبەشیکردنی سێکسیی تەنیا بۆ رایکردنی ئەو فانتازیایە؟. هەرچۆنێک بێت، سێکس دیوێکی شادییهێنی چێژە، ئەگەرچی ژیان شتێکی جیددیترە لە سێکس، چێژەکانیش بەربڵاوترن لە سێکس، بەڵام خەونی هەموو مرۆڤێکی سەرکوتکراو لە رووی سێکسییەوە دەچێتەوە سەر سێکس.

دەرکی ئەوەش دەکەم دنیا تەواو تاریک داهاتووە، ئەو دۆخەش تەنێ بەهۆی کۆرۆناوە نەخولقاوە، دەشێ مرۆڤ لە کاتێکی نزیکدا زاڵ بێت بەسەر ئەو ڤایرۆسەدا و سەرئەنجام گرەوەکە بباتەوە، بەڵام نائومێدییەکانی تری نێو ژیان، بەرهەمی سیستمێکی ئابووری و سیاسیین سایەی کردووە بەسەر جیهاندا. کاپیتالیزم ئەو ڤایرۆسە دیارەیە تەنانەت وەک هیپنۆسی خواوەندی خەون لە ئەفسانەی گریکییدا کە کچی دایکە شەو و باوکە تاریکییە دەستی گرتووە بەسەر رۆئیاکانیشماندا، بەم هۆکارە هەنووکە شانۆی دنیا بەو دۆخە نیهێلستییەدا تێدەپەڕێت لە فیلمی «جۆکەر»دا تەوزیف کراوە. مرۆڤ چیتر ناتوانێت خاوەنی هیچ خۆی بێت بە خودی تراژیدیاکانیشەوە، ناچار بووە ژیانی خۆی وەک کۆمیدیایەکی خوێن سارد رێک بخات، مەحکومە بووە بەوەی کاردانەوەی کوێرانەی هەبێت و بەرچەکرداری بیر لێنەکراوە و خەفەتبارانە بنووێنێت. شانۆی ژیان لە سایەی سەرمایەداریی و نەبوونی هێزێکی کۆمەڵایەتی لە

بەرامبەریدا، لەو شێتخانەیە دەچێت ئارسەر «جۆکەر» سەمای تێدا دەکات. لەم نێوەندەدا سیمپتۆمی ئەدەبی و هونەریی وێنەدانەوەی ئەم دۆخە ناهەموارەن کە ژیانیان کردۆتە جۆرێکی نوێی کابووس. تەنانەت زۆرێک لەو ئومێدانەی مرۆڤ خۆی پێ دەبەستێتەوە، خەنجەرن لە رۆحیدا، سمارتەی دەکەن، تەنانەت هەر هەنگاوێکی بچووک لە راستای دژایەتی سیستمی زاڵ، مشارێکی ئابووری لەبەردەمیدا قووت دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بەردەوام بین لەسەر ژیان، دەبێت هەریەکەمان لە ماڵەکەی خۆیەوە، رەنگی ژیان تۆختر بکاتەوە، ئەم کەرانتینەکردنە دەرفەتێکە بۆ رامان و بیرکردنەوە. بۆ بەهێزبوونی مرۆڤ، بۆ بینینی جوانناسانەی ژیان.

لێ دەزانم لە سیستمی مەسرەفگەرایی و رووکەشگەرایی ئێستادا هەموو شتێک بە تازەیی کۆن بووە. بەڵای گەورەی مرۆڤی سەردەمی مودێلات ئەوەیە لەززەت لە هیچ کاڵا و شتێکی تازە وەرناگرێت، بە هۆکاری ئەوەی خێرایی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی بەپەلەی هەموو شتێک ناهێڵن هەست بە تازەیی هیچ کاڵا و تەنانەت بیرۆکەیەک بکات. مرۆڤی هەنووکە هەڵپەیەتی بگاتە دوا داهێنراوی نوێ، بێئاگا لەوەی هەر کاڵا و پێویستییەک کەوتە بەردەستی کۆن بووە، تازەترین مودێل هێشتا لە چێوەی خەیاڵدایە، بۆ ئەوەی بگاتە کاڵایەکی کۆن نەبوو، پێویستە جڵەو بۆ خەیاڵەکانی شل بکات تەنانەت هیچ خەیاڵێکیش بە نامومکینی نەماوەتەوە. هەر لەبەرئەمە زانست جۆرێک لە مرۆڤی شترێس و ڕارای هێناوەتە سەر شانۆی ژیان، تەنیا دەستی بەسەر مەرگی خۆیدا نەگرتووە. ئەوەش دەزانم ئێمە بە جۆرێک بووین بە کۆیلە شاشە زیرەکەکان، هەموو رووداوێکی ناو ژیانمان لەو شاشانەوە دەقەومێن. ئێمە تەنیا دەتوانین بە زمانی کۆد و ئیمۆج و هێما ئەلیکترۆنییەکان لە یەکتر حاڵی بین، مرۆڤ لە کەرەنتییەکەی ئەلیکترۆنیدا قەتیس کراوە، پەیوەندیی سۆسیالی نێوانمان بووە بە نەریتێکی دێرین، لە نزیک یەکترەوە ناتوانین قسە بکەین، لە دانیشتنە رووبەڕوو و زیندووەکاندا، بەزوویی لە یەکتر تێر دەبین، وەک ئەوەی بوونی ریالێتی خۆمان هیچ مانایەکی نەبێت، وەک ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک ئەنیمەیشن بین لە یارییەکی ئەلیکترۆنیدا. تەنانەت لە ژوانەکانیشماندا خێرا جاڕس دەبین

لەو نزیکییە، بە پەلە هانا بۆ ناردنی پەیام و گوڵ و ئیمۆج دەبین بۆ ئەوانەی بە هەزاران کیلۆمەتر لێمانەوە دوورن، وەک ئەوەی مرۆڤی ئێستا خۆی مەحکوم کردبێت بە دووریی!!، ئێمە تەنیا لە ناو شاشەکانەوە لە یەکتر نزیکین، ئەگەر نا نێوان هەر خوشک و برایەک هـەزاران کیلۆمەترە، سامناکییەکە ئەوەیە کۆرۆنا ڤیرۆس هەمان ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات، چەشنی نۆکەری سیستمی کۆمپیوتەریی و تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینتەرنێت. هەمان ئەو زەمەنەیە ژیژەک لە رۆژی ڤالانتاین باسی دەکرد، ئیدی ئامێری زاوزێ دەستکردەکان بە یەکتر دەگەن و ئێمەش لەولاوە بە خۆشحاڵییەوە گەنمەشامی دەخۆین.

ئەوەی لەم دەمەدا بیرم بێتەوە، چیرۆکێکی ئەڵمانییە بە ناوی «ماراسۆنی بۆقەکان». چیرۆکەکە بەسەرهاتی چەند بۆقێک دەگێڕێتەوە ماراسۆن دەکەن لە گۆڕەپانێکدا لە پێش چاوی هەزاران ئامادەبوو. ڕێگەکەیان زۆر دوور و درێژە، هەموو بۆقەکان بە گڕوتینەوە دێنە مەیدان، بەڵام لە ژێر کاریگەریی قسەی هاندەران یەک یەک سارد دەبنەوە و دەست لە ماراسۆنەکەیان هەڵدەگرن، بەو پێیەی دەکەونە بن هەراوزەنای تەماشاچییان کە هاوار دەکەن زۆر زەحمەتە ئەو ڕێگا تولانییە بە بۆقێک ببڕدرێت، بەڵام یەک تاکە بۆق بەهیچ شێوەیەک ناکەوێتە ژێر رکێفی ئەو هاتوهاوارەوە! بۆیە دەگاتە کۆتا خاڵی گەمەکە و سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، هەموو سەریان لـەوە دەسوڕمێت چۆن تەنیا ئەو بۆقە لەبەردەم ئەو هەموو هاتوهاوارەدا خۆی گرت و نەڕووخا!؟ کاتێک دەیانەوێت نهێنی ئەمەی لێ بپرسن، بۆیان دەردەکەوێت بۆقە سەرکەوتووەکە نابیست «کەڕ» بووە و بەهیچ کلۆجێک گوێی لە قسەی هاندەران نەبووە. ئەوەی لەم داستانەوە فێری دەبین سووربوونە لەسەر ئامانجەکانمان، گەورەترین ئامانجیش خودی ژیانە.

وەک ئەوەی تازە لە کۆما بێداربووبمەوە، شتەکانم دێنەوە یاد. هەربۆیە لەم دەمەدا شانۆگەریی «ئەحەی کڕنو»م بیر کەوتەوە. ئەحەی کڕنو ئەو کارەکتەرە ریالییە ئایدیالییە بوو، من لە رێی شانۆگەرییەکی تەلەفزیۆنییەوە پێی ئاشنا بووم. هونەرمەندی کۆچکردوو «عوسمان چێوار» ئەو شانۆگەرییە چەند پەردەییەی بۆ تیڤی ئامادە کردبوو، نازانم چ ساڵێک بوو بە دەقیقی، بەڵام من

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا لەسەر شاشەی (گەلی کوردستان تیڤی) بینیوومە. لەم شانۆگەرییەدا ئەحەی کرنو کەسایەتییەکی نیمچە زۆربایی هەیە، کوردێکی پاکژدڵ و دڵسۆزە و پەیوەندییەکی بەتینی بە ئایدینتێتی خۆیەوە هەیە، لێ کەسایەتییەکی ترسنۆکە، بەڵام خەونە هەرە گەورەکەی ئەوە بوو وەک شەهیدێک و خۆبەختکردوویەکی نیشتمانی ناوی بچێتە دیرۆکەوە، کەچی ئەم خەونە لەناو ترس و بیمی ئەو لە مەرگ بوو بە هەڵم، بەڵام چێوار خەونەکەی بۆ تەواو دەکات و لە ڕێی شانۆگەرییەکەوە بەو ئارەزووە مەزنەی دەگەیەنێت، بەوەی لە کۆتاییە تراژیدییەکەیدا پەتی سێدارە دەکاتە گەردنی. ئەمەش یەکەمین جار بوو هونەرمەندێکی دەرهێنەری کورد سەرنجم بۆ لای ئەوە پەلکێش بکات کارەکتەرێک بگەیەنێتە خەونەکەی و لە دنیای مەجاز و سیمبولیکدا وەک شەهیدێک ناوی تۆمار بکات.

ئێستاکە وێناکە بە تەواویی هەڵگەڕاوەتەوە و کۆمەڵگە پڕ بووە لەو جەلادە ڕۆشنبیرییانەی بە پێچەوانەی چێوارەوە ئاوێنەی ئارەزووەکانی تاک و گشت دەشکێنن. خەونە ئاڵەکانمان تەژی دەکەن لە دێو و درنج، سەری خەیاڵەکانمان بە پووچییەکانی خۆیان دەپەڕێنن. من وەک مرۆڤێک چەندان خەونم هەبوو، ناچاربووم هەمان ئەو کارەی چێوار بۆ ئەحەی کرنوی کردبوو بۆ خۆمی ئەنجام بدەم، کەچی دەستەیەکی ڕۆشنبیری زار قەرەباڵغ کە مێشکیان لە ناو دەمیاندایە، دێنە نێو خەونەکانمەوە و نەعرەتی نەفرەتیان ڕۆژە ڕێیەک بڕ دەکات و بەدەنگێکی نازولاڵ دەقیژێنن درۆ دەکەیت. درۆ دەکەیت. یان چەند پیاوێکی گرگنی ماسکدار تیغ لە لەشی ناسکی خەونەکانم دەکەن و سەمای عاشقانەم بە وازیکردن بە کلکی شەیتان دەبینن، ئەمەش دەکەنە کەرەستەیەکی ژەهراویی و وەک هاوڕازێکی ئەهریمەن بەو گوڵە و گوڵزارەم دەناسێنن من تامەزۆییم هەیە بۆ بۆنکردنیان. کارەساتە گەورەکەی ئێمە ئەوە نییە تەکنۆلۆژیا سەرقاڵی داهێنانی ریکۆردەرێکە بۆ تۆمارکردنی ئەو خەونانەی دەیبینین، بەڵکو چیرۆکە تاڵەکە ئەوەیە ژمارەیەک قەڵەموەشێنی کلاسیکی سەرقاڵی ئەو خەونانەشن بەخۆمانەوە دەیانبینین، یان بەو دنیایەوە دەیبینین بەشێوەیەکی مەجازیی تێیدا هەناسە دەدەین. بۆچی باسی ئەمەم کرد؟ دەمەوێت بڵێم، ناکرێت

زوڕنای نائومێدیی وەڕسمان بکات، نابێت بەهۆی ئەو دەستە چەپەڵانەی دێنە خەونەکانمەوە ئیدی توانای خەونبینین لە دەستبدەین، ناشێ تەسلیمی ئەو رەشبینییە پووچە ببینن ژیان وەک تاڵاو نیشان دەدات. ئەرکی ئێمە داهێنانی خەونی نوێیە بۆ ژیانێکی جوانتر.

هەنووکە دەستم لەژێر چەناگەم دانـاوە، بیر لە داهێنانی چێژی نوێتر دەکەمەوە لەم زیندانەی ناو کارانتینەیە. پێموایە خۆشبەختی خورافەیەکی دێرینە، بەڵام لەم کپییەدا خەیاڵ بەوەوە دەکەم، چۆن دەکرێت ژیان زەنگین و جوانتر بکەین، ئەمە لە خودی ژیان خۆیدا نییە، ئەمە ئەرکی خۆمانە بیئافرێنین، من باسی سۆسیالیزم ناکەم وەک سیستمێکی جیهانی، بەڵکو باسی ئەرکێکی تاکەکەسی دەکەم، هیچ نەبێت بیر لە هەندێ لە ئەندێشەکانمان بکەینەوە چۆن و بە چ میکانیزمێک لە بەندیخانەی مێشک ئازادیان بکەین و بیانهێنینە سەر ئەرزی واقیع. هەر لەم چرکەساتەدا هەناسەیەکی دەستکرد هەڵدەمژم و بەدەم ئازاری لەشمەوە، زەردەخەنەیەک دێتە سەر لێوم! چونکە ئەو شیعرەی پێش دە ساڵ بڵاونەکردەوە کە بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد:

**بە لای کەلاوەی ژیاندا تێپەڕیم**

**بۆنی نائومێدیی کاسی کردم**

**لە ناکاو کەوتمە زێرابی مەرگەوە**

ئـەگـەر ئـەمڕۆکـە ئـەو شیعرە بنووسـمـەوە، پـڕی دەکـەم لـە هـاندان بۆ بەردەوامییدان بە ژیان. تەنیا ئەو دێڕە وەک خۆی دەهێڵمەوە مردنم بە زێراب وەسف کردووە. چون «هایدگەر» وتەنی «مردن شتێکە ئەوانەی قسەی لەسەر دەکەن ئەزموونیان نەکردووە، ئەوانەی ئەزموونیان کردووە ناتوانن قسەی لەسەر بکەن».

٢٠٢٠-٣-٢٣

نەخۆشخانەی گلیاد

**تێبینی: ئەم وتارە لەهەر دوو رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» و «دەنگەکان» لە رۆژی ٢٥-٣-٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

## ڕۆشنبیری سوپەر ئایدۆلۆژیست بەختیار عەلی وەک نموونە

**بەختیار عەلی لە کتێبی «ئایدۆلۆژیست» لە لاپەڕە «١٢٧»دا نووسیوویەتی «ئەو تیرۆریستانەی خۆیان دەتەقێننەوە درێژکراوەی هەمان هێڵی ستایشی مەرگن کە شاعیرانی وەک شێخ نوری، بێکەس و قانع و هتد بە ستایشی مردن بۆ نیشتمان شیعریان دەهۆنییەوە».**

ئەو پەرەگرافە کورتەی سـەرەوە، شتی زۆرمـان بۆ روون دەکاتـەوە و تێرمی بیرکردنەوەی ئەو نووسەرەمان پێ دەناسێنێت. کێشەی ئەم لەوەدا چڕ بۆتەوە زیاتر لە هەر شتێک بێز لە ئایدۆلۆژیا دەکاتەوە و بە شێوەیەکی رواڵەتیانە خۆی وەک ئەنتی فاشیست دەخاتە بەرچاو، تراژیدیاکە لەمەدایە خۆی نموونەیەکی باڵا و دۆگمی ئایدۆلۆژییە، ئایدۆلۆژییەکی لێڵ و تاریک کە هیچ ئاسۆیەکی ژیانی لێوە هەڵنایەت، بەدیویێکی تریشدا یەکێکە لە فاشیستەکانی نێو کایەی رۆشنبیریی ئێمە، هەر ئەو هەوڵانەی بۆ سڕینەوەی زەینی و رەمزیی ئەو شاعیرانەی دەستەی یەکەمی منەوەرانی سەدەی بیستن و هەموو هەوڵیان بە ئاڕاستەی نیشتمانسازیی و پاککردنەوەی عەقڵی خورافی و بژارکردنی کولتووری کۆمەڵایەتی ئێمە بووە، فاکتێک نیشان دەدەن ئەو نووسەرە روانینی بارگاوییە بە رۆحی فاشیزم، ئەو دەیەوێت ئەم رەمزانە بسڕێتەوە نەک بۆ ئەوەی نەبنە تەوتەمی رۆشنبیریی و بتی ئەدەبی، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی لە جێگەیان دابنێت، راستتر وایە بڵێم هەموو هەوڵێکی لەوەدا خەستر کردووەتەوە هەموو ئەوانەی پێش خۆی بسڕێتەوە لە یادەوەریی نەوەی ئێستادا، ئەمەش بێ پشت بەستن بە میتۆدێکی زانستی و ئەکادیمیی، بەڵکو بۆ ئەم کارە گەڕاوەتەوە

بۆ خەیاڵی خۆی، وەک زۆرجار لە زەینی ئێمەدا ئەو وەک بە بوونەوەرێکی خەیاڵیی ئەبستراکت قووت بۆتەوە.

کێشەی سەرەکی بەختیار ئەوەیە، بڕیارێکی ئایدۆلۆژیی پێشوەخت و ئەنگێزەیەکی فاشییانەی هەیە لە خوێندنەوەی دنیا و دیاردە و کەسایەتییەکانی ناو مێژووی کورد چ ئەدەبی بن، چ سیاسیی. نایەوێت بەپێی میتۆد هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، چونکە ئەو پەیڕەوی هیچ میتۆدێک ناکات، بەڵکو ڕەچاوی شیعرییەتی تێکست یان گووتارەکەی دەکات، جا ئەمەیان زۆر گرنگ نییە بەلایەوە چەند بەهای زانستیی هەیە یان نییەتی، ئەوەی بە دیدی خۆی پێشنۆرەیە تێکنەدانی ئەو هارمۆنییەتە شیعریی و ڕەوانبێژییە دەینووسێت یان دەیڵێت، هەر لەبەرئەمەشە نوسراوەکانی کەمترین پەیوەندییان بە واقیعەوە هەیە، هەڵبەتە ئێمە داوای کۆپیکردنی واقیعی لێ ناکەین، وەک ئەو ڕیالیزمە سۆشیالیستییەی لە سەدەی پێشوودا باڵی بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا کێشابوو، کە بەبڕوای من ئەو ڕیالیزمە جۆرێک بوو لە ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی و دیکۆمێنتکردنی واقیعی رووت، نا بەڵکو قسەمان لەسەر ئەو جیهانە یۆتۆپییەیە بە تۆبزی خوێنەرەکانی پەلکێش دەکات بۆ ناوی، ئەو جیهانە لە هیچ کوێ بوونێکی نییە جگە لە کۆڵانە تەسکەکانی بیرکردنەوەی ئەو، ئەمە مانای وانییە مادام بەختیار عەلی جیهانێکی ڕەمزیی خوڵقاندووە بۆ خوێنەرەکانی کە وەک تونی بابا وایە کاتێک دەچنە ناوی ئیدی ناگەڕێتەوە، ئیدی ئەم نووسەرە نایابە و کارەکانی شاکار و دانسقەن، بەپێچەوانەوە ئەو جیهانە سامناکەی ئەو خوڵقاندوویەتی دەمانترسێنێت.

ئەگەر روونتر ئەم پرسە ورد بکەینەوە، ڕۆمانەکانی بەختیار، پانتاییەکی فراوانن بۆ قسە لێکردن، هێڵێکی درامی لەناو هەموو ڕۆمانەکانیدا درێژ بۆتەوە، ئەویش بریتییە لە پووچگەرایی. ئەو نوێنەری جیهانێکی داڕوخاوە وەک پاڵەوانەکانی کە کەسانی خەمۆک و خۆکوژن، زیاد لە هەر شتێک دژی مەرگدۆستی دەدوێت، کەچی لە بیری دەکات خۆی ماکینەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی مەرگدۆستە، ئەوانەی هەموو پەنجەرەکانی ژیانیان لە خۆیان داخستووە، تا دوا مەرزی کینە، رقیان لە بوونی خۆیشیان دەبێتەوە. ئەو نەوەیەی بەختیار بەرهەمی هێناوە نەوەیەکی دیل، کۆیلە، پاسیڤ، خۆیان

داوە بەدەست واقیعەوە، نەک لێی یاخی بن و هەوڵی گۆڕینی بدەن، رقیان لە ژیانە نەک رووبەرێک بۆ ممارەسەی ژیان بدۆزنەوە، جۆرێکن لە عارفی مەی خۆر و دەرمانخۆر، نەشەن بەهەموو ئەو تێزە رەشبینانەی بەختیار و پاڵەوانە دۆنکیشۆتییەکانی. ئەشکالی ئێمە وەک کورد ئەوەیە مرۆڤی توورەمان نییە، بەڵکو مرۆڤی گرینۆک و نوزە نوزکەرمان هەیە. بەختیار عەلی و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە رێی بەرهەمهێنانی مرۆڤی بۆڵەبۆڵکەر و گرینۆکەوە فۆرمێک کۆیلایەتیان پەرەپێداوە هیچ کات دەسەڵات نەیتوانیوە مرۆڤی وەها زەبوون و دەستەمۆ بەرهەم بهێنێت. وەک جارێکیش لە چاوپێکەوتنێکدا باسم کرد، کۆژیتۆکەی لەتیف هەڵمەت لە بارەی «روانگە» هەڵدەگێڕمەوە. بەوەی هەڵمەت وتی روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا، بەڵام من پێموایە رەهەند و لە لوتکەشدا بەختیار هێلکەکانیان پیس نەبوون، نەوەیەکی هیپی و خەمۆک و داڕوخاو و لۆمپنیان بەرهەمهێناوە کە تەسلیمی هەموو تاڵی و کوێرەوەرییەکانی واقیع بوون، لەمە پتریش تنۆکێک رووناکی لە چاوی ئەو نەوەیەدا نابینرێت.

نەوەیەکی دەقپەرست و بێ پرسیاری وەهای دروستکردووە، سێکتە حزبییەکان بە قولە پێیان ناگەن، مرۆڤێک پرسیاری نەبێت، وجودی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. لە ئەوروپا پێش هەر شت منداڵ هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ فێری بیرکردنەوە و پرسیار دەکرێت، رۆژێک لەگەڵ کوڕە تەمەن دە ساڵانەکەم بە ناو دارستانێکی چڕدا رێمان دەبڕی، لەناکاو پرسیارێک هات بە مێشکیدا و لێی پرسیم: ئاخۆ ئەگەر خۆر بتەقێتەوە دنیا چی لێ بەسەر دێت؟. لەبەرئەوەی سەروکاریم لەگەڵ زانستی گەردووناسیدا نییە، هەرچەند لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بەشداریی خولێکم کرد لە بارەی ناسینی گەردوونەوە، هیچ بەرسڤێک بە مێشکمدا نەهات، وتم پێویستە بە هەردووکمان بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین، لەم ساتەوەختەدا وتەکەی «میچیۆ کاکو» پرۆفیسۆری فیزیکم بیر کەوتەوە لە بارەی نیوتنەوە: «هێزی کێشکردن، دەرگای بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەشازیی خستە سەرپشت. شۆڕشێک شا و شاژنەکانی ئەوروپای لەسەر تەخت هێنایە خوارەوە. رژێمی دەرەبەگایەتی لەناوبرد و بووە هۆی هاتنەئارای چەرخی مودێرنە. هەموو ئەمانە بەهۆی ئەوەوە بوو بەرێزێکی تەمەن ٢٣ ساڵ،

سەری هەڵبڕی و پرسی: ئاخۆ مانگیش بەر دەبێتەوە؟!». بۆیەکا ڕێگە بە خۆم دەدەم، لە بارەی بەختیارەوە بڵێم بەرهەمەکانی قوفڵی گەورە گەورەن و مێشکی خوێنەران دادەخەن.

کاتێک ئێمە دەڵێین بەختیار عەلی، هیچ پەیوەندیی بە واقیعەوە نییە، بەو مانایە نییە کاریگەریی لەسەر هۆشمەندیی نەوەیەک نییە لە نێو واقیعە سوێرەکەی کۆمەڵی کوردەوارییدا، ڕوونە مەبەستمان ئەوەیە بەختیار مرۆڤ لە واقیع وەردەگرێتەوە و دەیسپێرێت بە یۆتۆپیا و جیهانێکی خەیاڵی کە مێشکی ئەو خولقاندوویەتی. ئەمە کرۆکی هەموو ڕۆمانەکانی پێکدەهێنێت، لە ڕاستیشدا ڕۆمان وەک بەرهەمی مودێرنیتێ ژانرێکە بۆ باسی کێشەکانی شار، شاریش دەستکردی سەرمایەداریی و دەوڵەت نەتەوەیە، کەچی لەمەشدا دەبینین ئەم نووسەرە باسی هیچ ڕووداوێـک ناکات لەناو شارەکاندا ڕوویاندابێت یان ئەگەری ڕوودانی هەبێت، تەنیا باسی کۆمەڵێک کارەکتەری تەریک و قەبزی ناو ئەندێشەی خۆی دەکات. ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی «گۆنتەرگراس» بکەین ناوی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی هەمان ئەو ناوە ئاساییانەن لە ئەڵمانیا باون، دۆیستۆیفسکی و مارکیز و بۆرخیس و ئۆرهان پامۆک، هەر بەهەمان شێوە، بەڵام بەختیار تەنانەت ناوی یۆتۆپی بۆ پاڵەوانەکانی هەڵدەبژێرێت، ناوێک نزیک لە ڕۆحی عەجەم و دوور لە گیانی کـوردەواری. ڕەنگە ئەمە شتێکی ئەوتۆ نەگەیەنێت بۆ خوێنەری ئاسایی، بەڵام بۆ من مەدلولاتی زۆری هەیە، بەو پێیەی بەختیار هەموو هەوڵێکی خۆی لەوەدا چڕ کردووەتەوە لەڕووی تەسمیەشەوە کارەکتەرەکانی بوونەوەری ئاسمانی و خەیاڵی بن، تا وا لە خوێنەرەکانی بگەیەنێت، شوێنی ئەوان لەسەر زەوی نییە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پەرەگرافەکەی سەرەتا، دەتوانم ئەوەش ئیزافە بکەم، بەختیار عەلی، بەم هەوڵەی بۆ سڕینەوەی نەوەکانی پێش خۆی، دەیەوێت تێمانبگەیەنێت ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی لەوەوە دەست پێدەکات و ڕەنگە لەویشدا کۆتایی پێ بێت، ئەگەر ئەمە تەرجەمە بکەینە سەر زمانی سیاسەت هەمیشە ئەم نۆرمە تێفکرینە ڕوئیای فاشی و دیکتاتۆرە هەرە گەورەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە. ئێوە دیقەت بدەن تاکو ئێستا بەختیار لای لە بەرهەم و

نووسینەکانی «مەسعود محەمەد» نەکردووەتەوە و باسیشی ناکات، لێ مەسعود محەمەد نووسەرێکە هیچ کوردێک ناتوانێت بازی بەسەردا هەڵبدا هەر لەمسەری نەتەوەییەوە تا ئەوپەڕی ئومەمییەکان چ وەک لایەنگریی یان رەخنەگرتن لێی، کەچی دەبینین بەختیار توشی سڵەمینەوە بووە بەرامبەری، جار و بار هەندێک لە موریدە فیکرییەکانی وەک تیۆریسیۆنی فاشیزمی کوردایەتی بە کینەوە باسی دەکەن! ئەمەش گەورەترین نوکتەیە لە هەموو دنیادا. کەواتە بەختیار بۆ باسی مەسعود محەمەد و پیرەمێرد و گۆران و هتد ناکات، یان کاتێک دێتە سەر باسی ئەو نەوەیە و نەوەی پێشتریش تەنیا بە رقەوە باسی هەموو ئەوانە دەکات یان لە بواری نەتەوەسازییدا کارامە بوون، یان هونەرەکانی ژیانیان فێرکردووین!! بۆچی هەمیشە تا رادەی عاشقبوون سەرسامە بە مەحوی؟ وەڵامەکەی روونە کە مەحوی نموونە سوپەرەکەی خۆیەتی لە رەهەندی پاسیفیزم و رقبوونەوە لە ژیان، بەختیاریش هەروەک ئەو دنیا بە سەرابێک تێدەگات، نەک مەساحەیەک بۆ ژیانکردن.

بەدەر لەهەموو ئەمانەش، ئەوەی لە بیر کردووە، ژمارەی خۆتەقێنەرەوە لەناو کورددا هێندە نزمە حیسابی نەبووی بۆ دەکرێت. خۆتەقاندنەوە سەر بە کولتووری کوردیی نییە، چون لە هیچ ماوەیەکی مێژوویيدا نەک خۆتەقاندنەوە بەڵکو تیرۆر نەبووەتە شەقلی کولتووریی کۆمەڵگەی ئێمە. ئەو باز دەدات بەسەر ئەو فاکتۆرە ئاینییانەی مۆتیڤی کاریگەرن لە بەرهەمهێنانی کەسایەتی خۆتەقێنەوەدا. ئەو لە بیری دەکات ئەو روانگە سەلەفییە جیهادییەی وەک هێڵێکی درامی لە ئیبن تەیمییە درێژە دەبێتەوە تا دەگات بە سەید قوتب و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکانی هەنووکە کارگەی بەرهەمهێنانی کەسایەتی خۆتەقێنەرەوەن نەک شیعری ئەو شاعیرانەی ئەو ناوی ریز کردوون. لە کوێدا کەسێک لەبن کاریگەریی شیعرێکی بێکەس خۆی تەقاندۆتەوە؟ ئەی چاوی پڕ خۆڵی ئەو رۆژانە لەرێی تیڤییەکانەوە دیمەنی ئەو خۆکوژانە نابینێت بۆ باوەشی حەفتا و دوو حۆری خۆیان لە هەموو جێگەیەک دەتەقێننەوە؟ بەهەشتی شاعیرانی کورد، حۆری و غولمانی کەی تێدایە، تاکو مرۆڤی خۆکوژ لەسەری پەروەردە بن؟، بەپێچەوانەوە بەهەشتی ئەو شاعیرانە کوردستانێکی ئازادە بۆ

هەمووان.

من لێرەدا ئەم دێڕانە کۆتایی پێدەهێنم، هەوڵدەدەم ئەم باسە چڕوپڕ تر و ئەکادیمیتر درێژە پێ بدەم، لە نەخۆشخانەوە و لەم کاتە پڕ ئازارەی نەخۆشیدا ئەمەندە با بەس بێت، خوا بۆ بەختیارم بهێڵێت لێی نابمەوە.

٢٠١٩-٧-١١

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٠٦»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ١٣-١١-٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# پرسیاری بچووک لە دیاردەی گەورە
# کۆتایی داعش یان سەرەتایەکی تر؟

ڕۆشنبیرانی ئێمە نەک دیاردە بچووکەکان نابینن، بەڵکو باز دەدەن بەسەر دەرکەوتە گەورەکانیشدا. داعش دیاردەیەکی نوێ بوو بۆ ناوەڕۆکێکی دێرین. لە هەمان کاتدا فینۆمینێکی پۆلەتیک- ئاینیی گەورە بوو. «من یەکەم نووسەری کورد بووم کتێبێکم لەسەر داعش نووسی و چاپ کرد لە بەهاری ٢٠١٥دا». بەڵام لەناکاو و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەری هاوشێوەی فراوانبوونی قەڵەمڕەوەکەی، داعش بوو بە داشێکی سووتاو!!، بەو قەبارە مەترسیدار و تۆقێنەرەی هەیبوو لەبەرچاو ونبوو. بۆ ڕۆشنبیرانی ئێمە گەشەکردنی بەپەلە و پووکانەوەی تیژتێپەڕی ئەو دەوڵەتە تیرۆریستییە وەک ڕێکخراوێکی مونسەجیم، جێی گوومان و پرسیار نەبوو!. چونکە ڕۆشنبیری کورد نەک توانای پرسیاری مەزن و شرۆڤە پێشهاتە گەورەکانی نەماوە، بەڵکو دەست و پێ سپیترە لەوەی پرسیاری بچووک لە دیاردەی گەورە بکات و خوێندنەوەی لاوەکیشی بۆ ئەگەرەکان هەبێت. هەموو پێکڕا قاچ لەو ئاوە لیڵە دەخشێنن میدیا و سیاسییەکان لەسەرەوەڕا دەیڕێژن. لە باشترین حاڵەتدا بوونەوەرێکن مێشکیان خاڵییە لە پرسیار و هەگبەیان بەتاڵە لە وەڵام. هەموو پێکڕا بوونەتە شرۆڤەکاری هەواڵ و ڕووداو، نەک پێش ڕووداوەکان بکەون و سەرنج و دیدگاکانیان بۆ پێشهاتی ئایندەی نزیک یان دوور بخەنەڕوو.

دیارنەمانی داعش لەسەر شانۆی سیاسیی و کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، زۆر ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، ئەگەر بوعدێکی بریتی بێت لە تەواوبوونی ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە لە دراما سیاسییەکەدا، ئەوا بەشێکی تری سیناریۆکە بریتییە لە ڕۆڵدان بە ڕێکخراوێکی

تری هاوشێوە لە داهاتوودا. لێ داعش ئێستاکە ڕۆڵێکی کۆمبارسانە لەسەر شانۆکە ئەدا دەکات، بەڵام بەم پەلەقاژانە ناتوانێت بگاتە داهاتوو، بەڵکو حەتمییەتی واقیعەکە ئەوە دەردەخات، داعش کۆتایی هات، هەروەک چۆن پێشتر ئەلقاعیدە کۆتایی هات، سەرباری ئەوەی لێرەو لەوێ توانای چالاکی بچووکی تیرۆریستی بۆ چەند ساڵێکیش مابوو. بەڵام ئایا تیرۆریزمی ئیسلامی کۆتایی هاتووە، یان کۆتایی داعش سەرەتایەک نییە بۆ دەرکەوتنی ڕێکخراوێکی تری تیرۆریستی یونڤرساڵ؟.

وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، زەحمەتێکی زۆری پێویست نییە، لە ڕوانگەی ئەوەی هێشتا ئەو زەمینە کولتووریی و ئابووری و سیاسییەی مامانی تیرۆریزمی ئیسلامییە وەک خۆی ماوە و تاکو بە ئەمڕۆ دەگات هەمان تێڕوانینی نەقلی نەک عەقلی سایەی بەسەر موسڵماناندا کردووە، هەروەک توێژەری فەرەنسی «گی میلییەر» لە کتێبەکەیدا «کێشەکانی فیکری ئیسلامی» پێداگریی لێ دەکات «هێشتاش جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی مەحکومە بە پێوەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست». ئەگەرچی تاریکیی سەدەکانی ناوەڕاست تایبەتە بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان (سەدەکانی ناوەڕاست لە ساڵی ٤٧٦ی زایینی لەگەڵ کەوتنی ڕۆمی ڕۆژئاوا دەست پێدەکات تاکو ڕوخانی ئیمپراتۆریای ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٤٥٣دا، کە لەو ساڵەدا تورکەکان کوستەنتینییەی پایتەختی ڕۆمی ڕۆژهەڵات داگیر دەکەن)، بەڵام ئەو بەراووردە جۆرێکە لە میتافۆر. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر، ئەگەر توندڕەویی ئیبن تەیمییە لەژێر کاریگەریی ڕووخانی ئیمپراتۆریای ئیسلامیدا بووبێت ئەوە هەمان دیمەنی داڕووخانی کۆمەڵگە عەرەبیی و ئیسلامییەکان فاکتۆرێکی بەهێزن لە پەرەپێدانی هزری توندڕەویی ئیسلامی، بە جیاواز لەو تەمویلە ماددییەی لەلایەن سعودیە و وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەکتیڤکردنەوەی بیروبۆچوونی وەهابی و سەلەفیزم تەخشان و پەخشان دەکرێت. ئەگەر دیقەت بدەین و بە وتەی «کۆرتین وینزەر» تەنیا لە دوو دەیەی نەوەدەکان و دوو هەزارەکاندا، وڵاتێکی وەک سعودیە ٨٧ بلیۆن دۆلاری بۆ تەشەنەپێکردنی هزری وەهابیزم خەرج کردووە، کە ئەم بڕە دوانزە هێندەی خەرجی یەکێتی سۆڤێتی پێشووە لە ماوەی هەفتا و چوار ساڵدا

بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی و یارمەتی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان لەهەر چوار قوژنەی دنیادا.

جیا لەوانەش وەک دەبینین رۆشنبیریی سەلەفی ئیخوانی و وەهابیستی رۆشنبیریی باڵادەستن لە تەواوی ئەو جیهانەی پێی دەوترێت جیهانی عەرەبی یان ئیسلامی، ئەوەتا لەم رۆژانەدا مردنی بیریاری ریفۆرمیستی ئیسلامی بە رەگەز سووریایی «محەمەد شەحرور» بە بێدەنگی بەناو جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا تێپەڕی، ئەمەش وەک بەڵگەیەک بۆ هەرەسی رەوتی ریفۆرمخوازی ئاینیی کە دەکرێت بڵێین مەرگی شەحرور مەرگی دوا ریفۆرمخوازی ئیسلامی بوو لە دوای مردنی نەسر حامد ئەبوزەید و محەمەد ئەرگۆنەوە. لە کاتێکدا تەنیا کتێبی «الکتاب و القران»ەکەی شەحرور بوومەلەرزەیەکی هێندە بەهێزبوو لە کاتی خۆیدا، لە وەڵامدا پانزە کتێبی تری لێکەوتەوە. لە بەرامبەردا زۆرترین داواکاریی لەسەر ئەو کتێبانە بە دیدێکی سەلەفی و رادیکاڵی ئیسلامیانە نووسراون «وەک لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر زۆرترین فوکۆس لەسەر کتێبە ئیسلامییەکان بوو».

بۆ رەهەندێکی تری بەرسڤ بەو پرسیارەی لە سەرەوە ورووژاندوومانە، ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ لای کتێبی «اداره التوحش». ئەگەرچی ئەو کتێبە بە ناوێکی خواستراوەوە چاپ بووە، ئەمە هیچ لە گرنگییەکەی بۆ سەلەفییە جیهادییەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکو لای زۆرێک بە ئینجیلی رێکخراوە جیهادیی و تەکفیرییەکانی لە قەڵەم دەدرێت، بەو پێیەی مانیفیستۆیەکی نوێباوی تیرۆریستییە بۆ چالاککردنەوە و رێکخستنەوەی پاشماوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە بۆتەی رێکخراوێکی نوێتردا. ئیدارەی تەوەحوش ئەو کتێبە بوو توانی فۆرمۆڵەی داعش بکاتەوە لەسەر داروپەردووی ئەلقاعیدە و رێکخراوی تەوحید و جیهادی زەرقاوی. هێزی ئەوەی هەبوو داعش بهێنێتە سەر شانۆی سیاسیی و سەربازیی، لێ لەم بوارەدا هاشا لە رۆڵی دەزگا هەواڵگریی چەندان وڵاتی هەرێمی و جیهانی ناکرێت، سا ئەوەش فاکتێکی حاشاهەڵنەگرە بێ ئەو کتێبە مومکین نەبوو ئەو هەموو گەنجە بەو بڕوایەوە لە هەموو لایەکی دنیاوە خۆیان بگەیننە ناو ریزەکانی داعش.

ئەگەرچی کتێبی «اداره التوحش» تاکە کتێبی عەقیدەیی و بنەمایی نییە لە راستای فیکری گروپە رادیکاڵە جیهادیی و تەکفیرییەکان، بەڵام کتێبەکە ئاستێکی باڵای هەیە و هاوچەرخانە ئەنالیزی دیاردەی توندوتیژیی دەکات و کۆمەڵێک ئارگۆمێنتی تێدایە کە بۆ هەر موسڵمانێک قابیلی نکۆڵیکردن نییە و بۆی هەیە بڕوای پێ بهێنێت. لێ ناوەڕۆکی کتێبەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کوشتن و توندوتیژیی دیاردەیەکی سروشتکرد و خۆڕسکە، وەک هەمووان ئیسلامییەکانیش مافی بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییەیان هەیە. لە هەمان کاتدا کتێبەکە وەک تەواوکاری کتێبەکانی «سەید قوتب» بە تایبەت کتێبی «معالم فی الگریق» خۆی دەنوێنێت، روونیشە سەید قوتب نوێنەری ئەو دیدگا ئاینییە ئیسلامییە بوو ئیبن تەیمییە لە حەنبەلیزمەوە پەرەی پێدا و ئەوانیش لە سەرچاوە رەسەنەکانی ئاینی ئیسلامەوە هەڵیانهێنجابوو. ئەگەر «د.شاکر ئەلنابلوسی» پێش دە دوانزە ساڵێک ئەمەی وتبێت «سەید قوتب مەمکی تەڕوبڕی فێندەمینتالیزمی ئیسلامی هاوچەرخە». ئەوە ئیدارەی تەوەحوش ژیاندنەوەی ئەو مەمکە بوو، بۆ چەندین دەیە و قۆناغی تریش لە مەترسی وشکبوون رزگاری کرد.

بە کورتی ئەم کتێبە تا ئەم ساتەوەختەش قورئانی ئەو بزاوت و کەسایەتییە رادیکاڵ و سەلەفیانەن بڕوایان بە حوکمی «جیهاد» تاکو «رۆژی قیامەت» هەیە. لە سیمای ئەم رۆژانـەی ناوچەکەدا ئەوە دەبینرێت، هەموو لایەک بە خۆشحاڵییەوە سەرقاڵی بردنی تابووتی مەرگی داعشن بۆ گۆڕستان، کەچی تارمایی لە دایکبوونەوەی رێکخراوە هاوشێوەکان نابینن!. لەم نێوەندەشدا نوخبەی کورد سەرگەرمی شەڕێکی گەرمی نێوخۆییە تا کاتێک دەزانێت لە بەشی دووەمی دراماکەدا، داعش بە بەرگ و ناوێکی تازەوە وەک رێکخراوێکی مەترسیدار لەبەردەمیدا قـووت دەبێتـەوە. من لە ئێستاوە بۆنی بارووتی تیرۆریزمی ئیسلامی و خوێنی رژاوی خەڵک کاسی کردووم. پرسیارەکە ئەوەیە سیاسەتمەدار و رۆشنبیری کورد تۆ لە کوێیت و سەرقاڵی چیت؟.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣١٣»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ٨-١-٢٠٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.**

# لە قوربانییەوە بۆ جەلاد
# یان چیرۆکی شیعەی عێراق؟

**ئاستی وەحشیگەریی مرۆڤ نزمتر نییە لە وەحشیگەریی پڵنگ**

شۆپنهاوەر

داستانی عێراق هەر لە ئیمپراتۆریای ئاشوور و ئەکەد و بابلەوە تا ئەم چرکەساتە، مێژووی ستەمکارییەکی بێوێنە بووە، ئێمە ئەگەر رەهەندی جوگرافی لەبەرچاو بگرین نەک ئەو چوارچێوە نوێیەی بەریتانیا- فەرەنسا، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هێنایانە ئارا «دەوڵەتی عێراق»، ئەوا وڵاتی نێوان دوو زێ «میزۆپۆتامیا» رووبەرێک بووە بۆ توندوتیژیی بێوێنە و چیرۆکی کوشتن بە هەزارەها رێگەی سەرسورهێنەر و شۆکهێنەر. وەک ئەوەی ئەم جوگرافیایە سەرزەمینی نەفرەتێکی ئەزەلی بێت و هەمیشە مەحکوم بێت بە شەڕ و ئاشوب و بەربوونی خوێن. دیقەت بدەن، گەرچی میزۆپۆتامیا ژێدەری هاتنە ئارای شارستانێتی و نووسین و شۆڕشی کشتوکاڵە، ئەمیش مرۆڤی لە ئەشکەوتەکانەوە بەرەو دەشتاییەکان هێنایە خوارەوە، بەڵام هیچ کات ئەم سەرزەمینە ئاگری شەڕ و ماڵوێرانی تێدا خامۆش نەبووە، ئەگەر ئیمپراتۆرییەتەکانی پێش زایین دڕندایەتییەکەیان گەیشتبێتە لوتکە، بە هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان لە سەدەی حەوتەمی زایینییەوە، ئەم جوگرافیایە بووە مەڵبەندی ئاشووبی ئاینی و مەزهەبیی. دواتریش لەگەڵ چێکردنی دەوڵەتی دەستکرد و داسەپاوی «عێراق»دا ئەوە بۆ سەد ساڵ دەچێت، ئەم وڵاتە ساختەیە بە خوێن و ئاگریش نەبووەتە وڵاتێک بۆ هەموو دانیشتوانی، بەڵکو ترسناکترین جۆری سەرکوتی سیاسیی و عیرقی و مەزهەبی و نەتەوەیی تێدا

پەیڕەو کراوە. مرۆڤ کاتێک پەڕەی کتێبە مێژووییەکان لە هەمبەر عێراقی نوێ و میزۆپۆتامیای کۆن هەڵدەداتەوە، مووەکانی گرژ دەبن، پەنجەکانی دەلەرزن، چونکە بۆنی خوێن وەک ناخۆشترین هاڵاو لێیانەوە دێتە دەرەوە.

لە عێراقی پێش ساڵی ٢٠٠٣ وەک «کەنعان مەکیە» بە «کۆماری ترس» ناوزەدی دەکات و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «القسوە و الصمت» باسی تراژیدیای کورد و شیعە دەکات بە تایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پارتی بەعسی سۆسیالیستیدا، لەو قۆناغەدا عێراق ببووە جوگرافیایەکی جووت نهۆمی، قاتی ژێرەوە گۆڕی بە کۆمەڵ و نهۆمی سەرەوەشی زیندان بوو. لەم نێوەندەدا دەوڵەتی عێراقی دوو جۆر دیسپۆتیزمی پیادە دەکرد، یەکێکیان ستەمکاریی نەژادیی و نەتەوەیی دژی کورد، ئەویتریشیان ستەمکاریی مەزهەبگەرایی دژی عەرەبی شیعە. بە درێژایی مێژووی عێراقی پێش ٢٠٠٣، کورد و شیعە قوربانی سیاسەتی شۆڤێنیستی و فاناتیزمی رژێمە یەک لە دوای یەکەکان بوون کە زیاتر لەسەر خەسڵەتی بیری عروبەی سوونەگەرا شکڵیان گرتبوو.

ساڵی ٢٠٠٣ لە پرۆسەی رووخاندنی بەعسدا، بالانسی هێز بەلای شیعەدا شکایەوە، ئەویش بەهۆی سەپاندنی لۆجێکی دیکتاتۆریەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا. هەر ئەو کات ئێمە لە ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لە دوو کورتە وتاردا بە ناوەکانی «ئێمەی کورد و برا عەرەبەکانمان» و «ئەنفال لەسەر مێزی ئەنجوومەنی حوکم» تارمایی ستەمکارییەکی نوێمان ناساند، بەوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا پرۆسەی گۆڕانی شیعە لە قوربانییەوە بۆ جەلاد دەکەوێتە سەر پێی خۆی!. ئەوسا سیاسییەکانی کورد بە تلیاکی «عێراقی هیوا و ئاشتی» شاگەشگە ببوون، پێیانوابوو ئێمەی نوخبە وەهم دەنووسینەوە، لە یۆتۆپیادا دەژین، دواتر ئەو دیستۆپیایەی ئێمە لە بارەوەی هۆشدارییمان دەدا خۆی لە واقیعی تاڵی عێراقدا دەرخست، ستەمکارییەکی نوێ لە کردەوەی تۆڵەسەندنەوەی کوێرانە و هۆڤانە لە سێگۆشەی سوونەنشین دەستیپێکرد، ئەوساش ئێمە لە چەندان وتاردا هۆشداریی ئەوەمان دا بە سەرکردایەتی کورد، دوای بڕانەوەی جەنگی پاکتاوی سوونە، نۆبەتی بەرتەسککردنەوە و رووبەڕووبوونەوەی پێشکەوتنەکانی کوردە لە عێراقدا، تا دەگاتە سەر هەوڵی نەهێشتنی قەوارەی

کوردیی لە باشوور. داخەکەم ئەو ساتەوەختەش گوێمان لێنەگیرا بەو هۆیەی سیاسییەکان کێکی بودجەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەش دەکرد. پاشتر لە سەردەمی «مالیکی»یەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات نۆرە هاتە سەر ئەو کارەساتانەی ئێمە لە ۲۰۰۳ەوە تارماییەکانیمان بینیبوو.

لێرەدا نامەوێت سەرنجتان بۆ بلیمەتی خۆم رابکێشم، بەقەدەر ئەوەی مەبەستم بیرهێنانەوەیەکی کورتی ئەو شانزە ساڵەی رابردووە. بابەتەکەش جادوو و رمڵ لێدان نییە، ئاخر سیاسەت لەسەر ریتمی فیلمەکان بەپێی سیناریۆیەکی پێشوەخت هەنگاو بە دڵی سیناریستەکان ناچێتە پێشەوە، بەڵکو جۆرێکە لە ململانێی هێز و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان، کێ بڕوای بەوە دەکرد لە ساڵی ۲۰۰۳ و پاش بڕیاری ۱٥۱٤ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ئەمەریکای لە عێراقدا بە داگیرکەر ناساند، رەوشەکە بەو جێگەیە دەگات هەموو هێلکەکان دەکەونە سەبەتەی ئێرانەوە؟. لێ دوای دوو سێ ساڵ ئاماژەکان رۆڵی کارای ئێرانیان نیشان دەدا لە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا، بەڵام بە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا، خەونەکە بووە واقیع، ئێران دەستی گرت بەسەر سیاسەت و ئابووری عێراقدا، ئەوەش وەک وتم تەسفیەی سوننە و هەوڵی بچووککردنەوەی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. هاوکات «دیموکراسییەتەکەی» عێراقی کردە دیکتاتۆرییەتی زۆرینەی شیعە مەزهەب بەسەر هەموو ئەوانیتردا.

ئەوەشی هەنووکە لە رەوشی خۆپیشاندانی شارە عێراقییەکاندا دەگوزەرێت، سەردەمێکی تازەیە و مۆدێلێکی ترە لە ستەمکاریی و ململانێی خوێناویی لەو وڵاتـەدا، بۆچی مۆدێلێکی تازەیە؟. وەڵامەکە روونـە، بەو پێیەی بە دیقەتدان لەوەی لە بەغداد و شارەکانی تر دەگوزەرێت، شەڕ و ناکۆکی و تەسفیەی ناوماڵی شیعە خۆیەتی، راستتر وایە بڵێم دابەشبوونی گووتار و هێزی شیعەی عێراقە بەسەر دوو ئەجینددا، ئەجیندای یەکەم شیعەی عێراقی پڕۆ ئێرانییە، ئەوانەی لە قوم و خامنەئییەوە رادەسپێردرێن بۆ دەستگرتن بەسەر هەڕەمی دەسەڵاتدا لە بەغداد، دووەمیان شیعەی عێراقی خاوەن ئینتیمایە بۆ عێراق، هەندێک لەوانە پڕۆ ئەمەریکایی و رۆژئاوایین. ئێمە لەم رۆژانە شاهیدی ئەو

ستەمکارییە نوێیەی شیعەین دژ بە شیعە. کە دواجار هەمان دیمەنی هۆڤانەی هەڵواسینی تەرمی بەسەر دارتێلی شەقامەکانەوە هێنایەوە سەر شانۆی عێراقی، ئەم دیاردەیەی هەندێک پێیانوابوو دەمێکە عێراقییەکان ماڵئاواییان لێ کردووە. دیمەنی هەڵواسینی ئەو گەنجە لە مەیدانی تەحریری بەغداد گەر بە راستیش تاوانبار بێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، پرنسیپی خوێن بەرامبەر بە خوێن، کوشتن بەرامبەر بە کوشتن، زیندووترین کولتووری نەک سیاسیی بەڵکو کۆمەڵایەتیشە.

ئێستا کاتی ئەو پرسیارە هاتووە، ئەو سترۆکتۆرە چییە مۆتیڤی بیرکردنەوەی عێراقییەکانە و هەمیشە دنەیان دەدا بە میکانیزمی توندوتیژیی هەژموونخوازیی خۆیان بسەپێنن؟. لەوەڵامدا و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک، رەگوڕیشەکە بە پلەی یەکەم بۆ ئەکتیڤیی ئاین دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا. ئیسلام وەک ئاین زۆرینەی عێراقییەکان لە بناغەوە ئاینێکی دەسەڵاتخواز و توندوتیژە. سەیری قورئان بکەن هیچ زاراوەیەک هێندەی وشەی «قتل» دووبارە نەبۆتەوە!!. خودی ئاینەکە پڕیەتی لە لۆژیکی هێز نەک هێزی لۆژیک، پڕیەتی لە دەمارگیریی نەک تۆلێرانس. بۆیە هەردوو مەزهەبە سەرەکییەکە «شیعە و سوننە» رەوایی ستەمکارییان لە دژی یەکتر و دژی کورد، لە نێو قووڵایی ئایەتە قورئانییەکاندا دەدۆزنەوە. هیچ توندوتیژییەکی ئاینیی و مەزهەبی نییە پشت ئەستوور نەبێت بە تێکستێکی قورئانی!. کاری رێکەوت نییە پرۆسەی پاکتاو و جینۆسایدی کورد ناوی ئەنفالە یان لە ژێر دروشمی «یا زەهرا» خۆی دەنوێنێت.

وەک لەسەرەتاشەوە هێمامان بۆ کرد توندوتیژیی خەسڵەتێکی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی بووە، تەنانەت ئەم رووبەرە جوگرافییە لەو کاتەشی بە مێزۆپۆتامیا دەناسرا و پێش ئەوەی دەوڵەتی دەستکردی عێراقیشی لەسەر بنیاد بنرێ، هەمیشە لانکەی خوێنڕێژیی بووە. بۆ نموونە هەر لە حامورابییەوە تا سەدام هیچ پادشا و سەرۆکێک لە وڵاتی نێوان دوو رووباردا پەیدا نەبووە بە کوشتن نەڕۆشتبێت!. باقر یاسین لە کتێبەکەیدا «التاريخ الدموی العراق» بە فاکتی مێژوویی پانۆرامایەکی لەم چەشنە دەخاتەڕوو. کەواتە کورد چی بکات لە عێراقی داگیرکەردا؟ کورد لەبەردەم دووڕیان و دوو شتدایە، کە نابێت لە

هەوڵدان بۆیان سارد بێتەوە، یەکێکیان گونجاندنی هەستی ئاینیی خەڵکە لەگەڵ جیهانی نوێ و سکۆلاریزم، ئەمەیان لە خەونێکی خۆش دەچێت، ئەویتریشیان سووربوونەوە لەسەر خواستی جیابوونەوە لە عێراق. بێ ئەمە هەموو هەنگاوێک خولانەوەیە لەناو بازنەدا. هەمیشەش مەحکوم دەبین بە چەند بارەبوونەوەی ئەو دیرۆکە تراژیدییەی تا هەنووکەش بەردەوامی هەیە و کەم تا زۆر پریشکی بەر ئێمەش کەوتووە و دەکەوێت.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣١٢»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ٢٥-١٢-٢٠١٩ بڵاوبووەتەوە.**

# ڕوانگەیەکی تر لە هەمبەر دۆزی مێینە

-١-

ژنی ئێمە «کورد» زیاد لە هەر شت خۆی وەک جەستە دەبینێت. ژن هەیە بۆ شکانی نینۆکێکی دەستکرد کە چەند دۆلارێک خەرجی بووە، چەند ڕۆژێک ماتەمینی دەگرێت. بە حوکمی مانەوەی زۆرم لە نەخۆشخانە، چەندان ژنی ڕۆژهەڵاتی یان سەر بە کولتوورە پریمیتیڤەکانم بینیوە لە کاتی تووشبوونیان بە کەنسەر و ئامادەسازیی بۆ پرۆسەی شیمۆ تێراپی، تێر بۆ هەڵوەرینی پرچەکانیان گریاون کە هێشتا بەسەریانەوە مابوون. ئەمە ئاوێنەیەکی بچووکە شتی گەورەتری تێدا دەبینین، بەوەی هێشتا زۆرینەی ژنی ئێمە و هی هەموو شوێنەکانی تریش بە ڕێژەیەکی فراوان خودی خۆیان و هۆشەمەندییان کورت دەکەنەوە تەنێ بۆ جەستە بایۆلۆژییەکە. تەنانەت ئەو جەستەیەش نا خۆیان دەیانەوێت، بەڵکو ئەو فۆرمە لەشولارەی پیاو لێی داوا دەکات، ئەم داواکاریی و بینینەی پیاوانیش بە بەردەوامیی لە ڕەهەندی سێکسوالیتی و دیدی پاتریارکییەوەیە، بەوەی پێویستە ژن بە هەمیشەیی بۆدیەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت.

نەشتەرگەریی جوانکاریی ژنان و بە کۆمەڵایەتیکردنەوەی فۆرمی کچانی فۆتۆ مۆدێل هەر لەناو هەمان بۆتەدا خۆی دەبینێتەوە. وەک لای هەمووانیش روونە زۆرینەی دیزاینەرانی مۆدیلاتی جلوبەرگ لە نێرینە پێکهاتوون و بۆ کارەکەیان سەلیقەی نێرسالاریی خۆیان و پیاوانی دیکە ڕەچاو دەکەن. هەروەک «تۆماس کاریلف» لە کتێبی «فەلسەفەی جلوبەرگ»دا ئاماژەی بۆ دەکات

«ئێستا مرۆڤ جوانی سروشتییانەی جەستەی لە بیر کردووە، جەستەی بۆتە جێگەی هەڵواسینی پۆشاکی تەنک و نیان». سیما هۆلیۆدییەکانی ژن مانای راددەی بەرزی ئازادیی نییە، بەڵکو مانای بە کاڵابوون و ئۆبژێکتەبوونی ژنی لە خۆگرتووە، ئاخر نموونە ئایدیاڵەکەی هۆلیۆد «مارلین مۆنرۆ»یە، ئەو ئەکتەرە تەنیا وەک بۆدیەکی قەشەنگ و سێکسی دڵخوازی سێکسیزمی پیاوسالارانە زەق کراوەتەوە، ئەگەر لەمەش بگەڕێین تاکو ئێستا فێمینستێکی کورد و ناوچەکەم نەبینی بۆ پرۆتستۆی دیاردەی بە کاڵابوونی جەستەی مێینە قژی خۆی بتاشێت و نیشانی بدات ژنبوون کورت ناکرێتەوە بۆ لەشولاری نەرم و شل، مەمکی قووت، چاو و ئەبرۆی جوان، زوڵف و کوڵمی ئاڵی نێو جیهانی شیعری پیاوان.

-٢-

ئەگەر بە دیدێکی مارکسییانە سەیری بابەتی چەوساندنەوەی ژن بکەین، یەکەمین ساتەوەختی جیاوازیی چینایەتی ئەو چرکەساتەیە قۆناغی دایکسالاریی «ماتریارکی» کە لە رووە ئابوورییەکەوە بە کۆمۆنەی سەرەتایی دەناسێنرێت، گلۆڵەی دەکەوێتە لێژیی، یەکەمین قوربانی ئەو جیاوازییە چینایەتییەش هەر خودی ژن بووە کە بوو بە کاڵایەک لەو هەموو کاڵایانەی تری سیستمی پیاوسالاریی «پاتریارکی» سەپاندوویەتی. ئەمە دیدی ماتریالیستییە بۆ بنەچە و ئەو کێشەیەی پێی دەوترێت کێشەی مێینە، تاکو مرۆڤ لە جەبریەتی ئابووری و کلێشە داسەپاوەکانی نیو لیبرالیزم و کاپیتالیزمی هاوچەرخ دەرباز نەکرێت، مومکین نییە ئەو تەوقەی لە ملی ژن کراوە بشکێندرێت. بە پێچەوانەوە رەوتی نیو لیبرالیزم، لە هەوڵی سڕینەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەشدایە لە سەرەتای لیبرالیزم و گەشەکردنی سەرمایەدارییدا وەک پێویستییەک بۆ پرۆلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە فەراهەم کران.

ئەگەرچی لە رووکەشدا ئەم ئارگۆمێنتە وەک دۆگماتیزمی بیروباوەڕ «جمود العقائدی» دەبینرێت، بەڵام لە باری کردارییەوە فاکتێکی حاشاهەڵنەگرە.

دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بۆ بەرەنگاریی توندوتیژیی دژی مێینە، یان دانانی ڕۆژێکی تر وەک ڕۆژی جیهانیی ژن «هەشتی مارس»، هیچ نییە جگە لەو گەمە بچووک و ئەفیونە ریفۆرمیستییە لابەلایانەی سیستمی سەرمایەداریی هەرمێنی پێ دەدات. تۆ ئەگەر خوازیاری کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی و هەڵاواردنی جێندەریی بیت، ئەولەویترین کارت بەگژداچوونەوەی سیستمی پیربووی سەرمایەدارییە، هەروەک «نینا بیرۆک»ی فێمینستی سوێدیی ئاماژەی پێدەدات «لۆژیکی سەرمایەداریی بریتییە لە راوکردنی قازانج» و پایەکانی ئەم سیستمەش لەسەر باڵادەستی رەگەزیی و ئابووری راوەستاوە، بێ ئەم هەنگاوە ریشەیی و رادیکاڵە هەرچی تر بکرێت خولانەوەیە لە بازنەی کولتووری باوکسالارییدا، وەک وتیشم پیاوسالاریی کۆڵەکەیەکی هەرە گرنگی ریژێمی سەرمایەیە.

-٣-

ژنان ناتوانن بێ پیاوان و پیاوانیش ناتوانن بێ ژنان هیچ هەنگاوێک بۆ ئازادیی بنێن، رەنگە ئەم تەرزە روانینە هەندێک فێمینستی رادیکاڵ هەراسان بکات، وەلێ من لە ریشەوە بەد گوومانم لە هەبوونی ریزێکی فراوانی ژنانی فێمینستی کورد. ئەوە راستە مێژووی جیهان مێژوویەکی نێرانەیە، هەر ئەوەی تێکڕای پێغەمبەرەکان پیاون، تەنانەت تێکڕای فەیلەسوفەکانیش هەر نێرن، ئەمە کارێکی کردووە ئاین و فەلسەفە یارمەتی نێرینەیی دنیا بدەن، دنیا ئێستا پێویستی بە مێینەییە، رزگارکردنی مرۆڤایەتی پێویستی بە مێینەیە. ئەم کارەش بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو نێرانە دەکرێ بڕوایان بەوە هەیە جێندەریزەکردنی ژیان و دنیا بەلاڕێدا دەمانبات و لەوسەری ستەمکارییەوە سەردەردەهێنێت، ژیان دەبێت بەشێوەی مرۆڤسالارانە رەنگڕێژ بکرێتەوە. فێمینیزمی پەڕگیر کە کینەی بەرامبەر بە پیاوی بایۆلۆژیی هەیە، مەترسیدارترە لە پیاوسالاریی. بۆیە لە پێناوی چەسپاندنی یەکسانی رەگەزیی دەبێت بەرامبەر بە کولتووری پاتریاکی بوەستینەوە، نەک جۆشی قێزهاتنەوە لە پیاو بدەین وەک بەدەن و قەبارە بایۆلۆژییەکە.

ئێمە پێویستیمان بە بزووتنەوەیەکی فێمینستییە «بە ژن و پیاوەوە، بەو پێیەی لە بناغەوە فێمینیزم ڕێبازێکی فیکریی داکۆکیکار لە ژنە یان تیۆرییەکە بۆ دەرخستنی ناهاوسەنگیی ڕەگەزیی» ژن بهێنێتەوە سەنتەری ژیانی سیاسیی و بەڕێوەبردن و کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەگەرچی لە ڕووکەشدا هەنگاوەکان دەبینرێن بەو ئاڕاستەیە، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە پێشنۆرەدا زیهنییە، ئەمەش کاری ڕۆشنگەرانەی زۆری پێویستە تاکو پیاوسالاریی وەک عەقڵییەت لە مێشکی مرۆڤدا ریشەکێش بکرێت. ئاوەزی نێرسالاریی درمێکی تایبەت نییە بە پیاوان، دەبێت بزانین بەشی هەرە زۆری ژنانیش هەڵگری هەمان ئەو ڤایرۆسەن. هەر لەم روانگەوە دەبێت پیاوسالاریی وەک سیستمێکی گشتگیر کە سایەی کردووە بەسەر هۆشمەندیی زۆرینەدا بە هەردوو ڕەگەزەوە حیسابی لەسەر بکرێت. نەک وەک ئارەزوویەکی سادیستانەی پیاو «پیاوی بایۆلۆجی». هەر بۆیە لەیەکەم دێڕدا گرنگی ئەو خەباتە هاوبەشەم بە بیر هێنایەوە.

-٤-

میلیتاریزەی ژن هیچ کاتێک مانای دەستەبەری برێکی زۆر لە مافی ژن ناگەیەنێت، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوەکان ژن دەکاتە سووتەمەنی بەرەو پێشچوونی سیاسەتێک لەسەر بنەمای نێرسالاریی خۆی فۆرمۆڵە کردووە. خەریکە دیاردەیەک لە کۆمەڵگەی ئێمە زەق دەبێتەوە کە وێنای ژنی ئایدیاڵ و ئازاد لە دیمەنی چەک بەدەستبوونی کچە گەریلا و شەڕڤاندا خۆی دەبینێتەوە. جیاواز لەوەی ئەم وێنایە وێنایەکی ساختەیە، لەوێشدا مەترسیدارە ئازادیی ژن تەنیا لە چەکدارکردنی ژندا کورت دەکاتەوە. لە کاتێکدا وەک وتم زۆرترین جار میلیتاریزەی ژنان سیاسەت و ئایدۆلۆژییەکی پیاوانە دەباتە پێشەوە، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە زەوتکردنی ماف و ژیانی نۆرماڵی مێینە. ڕەنگە ئێستا خەڵکانێک هەبن بەڕوومدا هەڵبشاخێن بەوەی لە شکۆی ژنە گەریلا کەم دەکەمەوە، بەڵام ئایا ئێوە بڕوا دەکەن سیمۆن دی بوڤوار نووسەری کتێبی «ڕەگەزەکەی تر»،

لە سێبەری پیاوێکی وەک سارتەردا ون بوو، هەموو دیدە فەلسەفییەکانی کە قووڵترن لە دیدگای سارتەر کەوتنە ژێر رکێفی پیاوێکەوە کە ناچار بوو هەموو بەرەلاییە سێکسییەکانیشی گەوار بکات؟.

ئەم تەرزە روانینە بە ئیفێکتی ئاپۆچێتی خەریکە دەبێتە باوەڕێکی کۆنکرێتی، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە سیستمی تۆتالی ئاپۆچێتی، وەک رەوتێکی ئایدۆلۆژیی تاکڕەهەند و نێرسالار ژنی کردۆتە رۆبۆتێکی عەسکەریی، نەک ئەوەی سیستمێکی هێنابێتە ئارا لەسەر بناغەی یەکسانیی رەگەزیی. داتاشینی ئەو پەیکەرە ئایدیاڵە بۆ ژنانی گەریلا زادەی روانینی سێکسوالێتییە بۆ ژن، بەوەی ژن ئاستی خۆی لە ژنەوە تێپەڕاندووە بۆ بوونەوەرێکی تر، بۆ جەنگاوەر. ئەگەرنا بۆچی داهێنەرانی ژن لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب و نووسیندا ئەو ئەفسوونەیان لە چواردەور دروست نەکراوە؟ بەڵکو هەمیشە وێنایەکی دزێویان لە ئەندێشەی زۆرینەدا هەیە، «هەڵبەتە لێرەدا باسی دۆخی کوردیی دەکەم» بۆچی هەمیشە ژنانی یاخی ناچەکدار لە «قەحپە» زیاتریان پێ ناوترێت؟.

وا دەهزرێم ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارییەکان پێویستیان بە داتاشینی قارەمان و سوپەر مرۆڤە، ژنە گەریلاش ئەو سوپەر مرۆڤانەن لە کارگەی ئایدۆلۆژیی ئاپۆچێتیدا بەرهەم هاتوون. خۆ ئەم چەکدارکردنەی ژن چ لە جیهان چ لە کوردستان دیاردەیەکی نوێباو نییە، جیا لە سوپای فەرمی دەوڵەتان، چەندان بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار ژنانیان چەکدار کردووە. ئەگەر پەنا بۆ نموونە ببەین ئەوە بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازی میللی لە نیپاڵ وەک بزووتنەوەیەکی چەپی ماویستی چل دەر سەدی گەریلاکانیان ژنن. هەروەها زۆرێک لە نەواتی سەربازیی پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا لە ژنان پێکهاتوون، من هەر بە ئەنقەست نموونەی ئەو دوو هێزەم هێنایەوە، چون ئەو کۆمەڵگایانە لە باری فەرهەنگییەوە لە دواوەن.

لەم سۆنگەوە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە میلیتاریزەی ژن نەک ماف نییە بەڵکو فۆرمێکی ترە لە چەوساندنەوە. رەنگە ئەم قسانە بۆ ئەم

چرکەساتە تووڕەیی زۆرمان بەسەردا بڕژێت، بەهۆی ئەوەی کەوتووینە ژێر سۆزی ئەو وێنا سوپەرانەی لە میدیاکانەوە دەیانبینین، بەڵام بە رەوینەوەی تەمی ئەم سۆزە و لەگەڵ یەکەم قسەی عەقڵدا، تەنانەت لەوە تێدەگەین «ژنۆلۆژیی» عەبدوڵا ئۆجەلان، کتێبێکی سەفسەتەئامێزە. ئاخر ئاپۆ «ئاپۆ واتە مام، مامیش دەستەواژەیەکی پیاوسالارانەیە»!! لەو کتێبەدا رۆڵی پێغەمبەرێک دەگێڕێت تاکو تیۆریسیۆن، ئەو دووبارە پێگەی ژن بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی خواوەندێتی، ئەمەش خواستی پاکیزەیی ژنانی لە خۆگرتووە، هاوکات بۆ ئەوەی ژن بەرزبێتەوە بۆ ئەو ئاستە خواوەندییە دەبێت لە ژنەوە ببێتە شۆڕشگێڕێک، ئەمە دروست پرۆسەی بە پیاوبوونی ژنە، لە ئەرزی واقیعشدا کچە گەریلا دەبینین تەنیا سمێڵی لە پیاو کەمترە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٢٠»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ٢٦-٢-٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

# جەنگی مرۆڤ لە دژی ژیان

## نەوەکانی داهاتوو لێمان خۆش نابن

پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ئێمە لەسەر وێرانکردنی ژیانی نەوەکانی ئایندە وەستاوە. ئەمە ئەو تراژیدیایە کەم لە ئێمە بیری لێ کردۆتەوە. مرۆڤی تازە خۆرکەی گەردوونە، لە پێناوی ئێستای خۆیدا، دوێنێ دەسڕێتەوە و سبەینێش تاڵ دەکات. مرۆڤی هەنووکە رۆبۆتێکی ئیستهلاکیی بێ هەست و سۆزە، عەقڵی رووت و خۆپەرستی و چاوچنۆکی بۆ بردنی بڕێکی زۆر لە چێژ، بڕستی لەبەر بڕیوە، «ئالان تۆرین» وتەنی «عەقڵ لە پێناوی چێژدا خۆشەویستی لە بیر چووەتەوە». هیچ کات لەبەر چێژگەرایی و سەرقاڵی بە خەونی گچکەی خۆیەوە، بوارێکی بۆ بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژی منداڵەکانی خۆیشی نەهێشتۆتەوە. هیچ کات بیر لەوە ناکەینەوە، کوالیتی و کەشخەیی ژیانمان، فەخفەخە و مۆدێلبازیمان، عاشقبوون بە مارکە گرانبەهاکان و وێڵبوونمان لە ناو ئەو جیهانە ئاڵۆزەی ریکلامسازیی دروستی کردووە، یەک ئەنجامی هەیە: ئەویش لەناوبردنی ئەو ژینگەیەیە تێیدا دەژین، بە کانی و رووبار و دەریا و دەشت و دارستان و کۆی گیاندارەکانییەوە. هاوکات هەڵکەندنی گۆڕێکیشە بۆ ژیانی نەوەکانی داهاتوومان. کێ بیر لەوە دەکاتەوە ئەو تیشێرتەی لەبەری دایە خوری کام ئاژەڵە؟ پێڵاوەکانی پێستی چ ئاژەڵێکی تر؟ دەستکێش و گۆرەوی و قاپوت و بلوزە خورییەکانی تری بە هەمان شێوە. کێ بیر لەوە دەکاتەوە دەبەیەکی پلاستیکی ئاوی خواردنەوە، کاتێک فڕێی دەدەینە تەنەکە خۆڵێکەوە بۆ کوێ دەچێت؟ کاریگەرییە کیمیاییەکانی لەسەر ژینگە چییە؟ ئەی کێ بیر لە دووکەڵی فابریک و کارگە پیشەسازییەکان دەکاتەوە کاتێک ئەو خەردەلە ترسناکە دەڕژێنە سییەکانی کەونەوە؟. هەموو هەڵپە دەکەین، تا ببینە خاوەنی لوکسترین جۆری

ئۆتۆمبیل، بە کەشخەترین ئێکسسواراتماڵەکەمان بڕازێنینەوە، کێ لە خۆی پرسی ئەمانە لەسەر حسابی چی مسۆگەر دەبن؟. ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن لە سەردەمی دیجیتاڵیزەی دنیادا نامۆن، تا رادەیەکیش گاڵتەجاڕ.

لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خێرایەدا و پێ بەپێ لەتەک شەپۆلی چوارەمدا، مرۆڤگەلێک هەن لەم سەرزەمینە هێشتا بەهرەمەند نین لە ئاوی پاکی خواردنەوە، بەڵام زۆرینەی ئەمانە لانیکەم خاوەن مۆبایلن و ئەندامن لە زیاتر لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیدا، بە گوێرەی دوا راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە حەوت ملیار مرۆڤ، شەش ملیاریان خاوەنی تەلەفۆنی دەستین، بەڵام هەمان ئامار ئەوە دەردەخات، لەو حەوت ملیار مرۆڤە، یەک ملیار و نیویان بەهرەمەند نین لە تەوالێتی شایستە. زیاتر لە دوو ملیار کەس لە یوتوب ڤیدیۆیان داونلۆد کردووە یان بڵاویان کردۆتەوە. چەند ملیار کەسیش لە رێگەی تۆڕەکانی وی چات و وەتس ئاپەوە رۆژانـە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکـەن، کەچی نزیکەی دوو ملیار کەس لە تـەواوی جیهاندا، داهاتی مانگانەیان لە خوار دوو سەد دۆلارەوەیە. ئەمە سەلمێنەری راستییەکە چۆن تەکنۆلۆژیا هۆشمەندیی مرۆڤی داگیرکردووە، ئەو تەکنۆلۆژیایەی دەستی ناوەتە بینەقاقای جوانییەکانی ژیانەوە. من تەکنۆلۆژیا رەت ناکەمەوە، تەنیا دەمەوێت باڵانس لەنێوان هەستی مرۆڤانە و بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکاندا رابگیرێت.

مرۆڤی هەنووکە بە هۆکاری ئەو پێشکەوتنە تیژڕەوی هەیە، تەوەزل بووە، رۆژانە چەند ملیۆن دایبی بەکاردەهێنرێت لە دنیادا؟؟ لە کاتێکدا ئەڵتەرناتیڤی تر هەیە، بەڵام تەمبەڵبوون و موستهەلیکبوون وای کردووە هیچ بیر لە دەرئەنجامە خراپەکانی نەکەینەوە. هەر لەو ئەوروپایەی من لێی دەژیم رۆژانە بە هەزاران تۆن کاغەز لە پۆست و نامەدا بەهۆی بیرۆکراتییەتی دامودەزگانانەوە بەفیڕۆ دەبرێت، کە دەکرێت بە زاڵبوون بەسەر ئەو بیرۆکراتییەتەدا ئەو قەبارە زۆرەی بەفیڕۆدانی کاغەز کەم بکرێتەوە، چوون دواجار ئەو کارە ریشەی دارستانەکان دەبڕێتەوە، وەک ژێدەرێکی گرنگی بەخشینی ئۆکسجین بە ژیانی مرۆڤ. زۆرجار هەندێک وردەکاریی هەیە کەمترین سەرنجی دەدەینێ، وەلێ لە بناغەوە نهێنی گەورەیان لە خۆیاندا شاردۆتەوە. بەڵام مرۆڤی هاوچەرخ هێندە خۆپەرست

بووە، هەموو گەردوون وەک نۆکەری مەرام و ئارەزووەکانی دەبینێت، ئەمەش هەروا بێ باج تێناپەڕێت، زۆرترین باجیش نەوەکانی داهاتوو دەیدەن، ئەمە گەر گریمانەی ئەوەش رەت بکەینەوە رۆبۆت جێی مرۆڤ نەگرێتەوە. ئەگەر لەوەش بگەڕێین رۆژێک سروشت تۆڵە لە خۆمان نەکاتەوە.

تۆماس ماڵتۆس وەک یەکێک لە گرنگترین بیریارانی تیۆری زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، لە کۆتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە، نەیتوانی لە رێی دوو کتێبە بایەخدارەکەیەوە پێشبینی ئەمڕۆکە بکات کە مرۆڤ دەستی ناوەتە بینەقاقای سروشت و هەموو ئەو هەلومەرجانە لەناودەبات پێویستیی پلەیەکن بۆ بەردەوامیدان بە ژیان، ئەگینا ئەم قەشە ئابووریناسە جەنگی تەقلیدیی وەک فاکتۆرێک بۆ هاوسەنگکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان نەدەخستە روو، ئەوەتا ئەگەر هەنووکە جەنگێک رووبدات بەهۆی چەکی ئەتۆمیی و ڤایرۆسییەوە دەبێت و هەموو پێکەوە تێدا دەچین. ئەو پێیوابوو هەڵئاوسانی رێژەی دانیشتوان وا دەکات خۆراک بەشی مرۆڤ نەکات، بەڵام نەیدەتوانی ئەو ئەنجامەی ژاک لاکان پێشبینی بکات، کاتێ جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ هێندە ڤایرۆسی کوشندەی لە تاقیگەکاندا پەروەردە کردووە، رۆژێک دێت لێی هەڵدەگەڕێتەوە و بەڵای گەورەی بەسەر دەهێنێت. ئەمەشی بە گەمژەیی ئینسان ناولێنا. ئەمە ئەو کارەساتەیە کەمترینمان بیرمان لێ کردووەتەوە. ئەوەتا هەموو بەرەو ئەو چارەنووسە دەڕۆین لاکان پێش سی ساڵ پێشبینی کردبوو.

لە هاوینی ساڵی رابـردوو «٢٠١٩» کاتێک دارستانەکانی «ئەمازۆن» دەسـووتـان، هەموو لەناو دنیا مەجازییەکەی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا لە کۆمادا بووین، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە ژێدەری بیست و پێنج دەر سەدی ئۆکسجینی جیهان، لە سێرگی شەیتانەکانی سیاسەت و ئابووریدا لەناوچوو. هـەروەک سەرچاوەکانی هـەواڵ جەختیان لەسەر ئەوە دەکـردەوە حکومەتی بەرازیل بۆ رەخساندنی شوێنی گونجاو بۆ بەخێوکردنی مانگا ئەو دارستانەی سووتاند، ئەگەرنا مومکین نەبوو هەروا ئاسان دارستانێکی باراناویی وەک ئەمازۆن لە چەند رۆژێکدا ببێتە رەژوو. لەمەش ترسناکتر ئەو گریمانەیەیە «سلاڤۆی ژیـژەک» دەیخاتە روو بـەوەی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ سەرقاڵی

ئامادەکردنی سروشتێکی ترە جیاواز لە سروشتی ئامادە و ئاسایی ئێستا. هەربۆیە ئەم فەیلەسووفە ئەوە رادەگەیەنێت تەنانەت خودی «سروشت چیدی سروشتی نییە». ئەمە دیمەنێکە بەردەوام لە چاوی ئێمە دەشاردرێتەوە و هەموو نابیناکراوین و بە کوێریی بەرەو ئەو ژینگە ناسروشتییە پاڵمان پێوە دەنێن.

هەموو سەرقاڵکراوین بە گەمە وردیلە و بچووکەکانی سیاسەتەوە، پرسە هەرە گەورەکەمان لە بیر براوەتەوە، کە چارەنووسی ئەو هەسارەیەیە لەسەری دەژین. ترسی بە بیابانبوون و بە حاویەبوونی زەریاکان و مەترسی دڕانی پەردەی ئۆزۆن، ماندووبوون و گەرم داهاتنی لەشی زەوی، شتێکە لە کۆتایی لیستەکەدا بیری لێ دەکەینەوە. لەو بڕوایەدام زانست چاوی بە پەڕۆیەکی رەش بەستووین، مەستی دەستکەوتەکانی خۆی کردووین و بیر لە ئاییندە ناکەینەوە. کارەساتەکە ئەوەیە مرۆڤی نوێ هەموو شتێکی خستۆتە پێناوی خۆشگوزەرانی خۆیەوە وەک ئەوەی کوێر بووبێت، سبەینێی تاڵ دەرک ناکات و نایبینێت. لەم کاتەدا رستەیەکی پەند ئامێزی رەوانشاد مامۆستا «عەلائەدین سجادی»م وەبیر دێتەوە لە سەرەتای کتێبی «گێتیی زیندەوەران»دا، وەک نووسیوویەتی «گەر ئادەمیزادێک کوێر بوو زۆر حەز لە پەڕین ئەکا و زۆر شەهوانی ئەبێ». سجادی لە هەفتاکاندا باسی ئەم مرۆڤە دەکات شەهوەتی خۆشگوزەرانی بەرچاوی لێڵ کردووە، تەنانەت ئاییندەی مناڵەکانی خۆشی چاو لێ ناکات. هەر بۆیە نەوەکانی داهاتوو مافیان هەیە لێمان خۆش نەبن.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣١٩»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ١٩-٢-٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

# چەند تێزێک لە بارەی خۆپیشاندان و شۆڕش

-١-

*من رەخنەم لە حکومەت نییە، چونکە کار دەکەم بۆ گۆڕینی. جنێو بە دەسەڵات نادەم، لەبەرئەوەی گەشتنە دەسەڵات ئامانجمە، بۆیە بیر لە پڕۆژەیەکی جیددی سیاسیی دەکەمەوە بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی کوردستانی. هەجونامە دژی سەرکردە سیاسییەکان نانووسم، لە سۆنگەی ئەوەی هەوڵی فۆرمۆڵەی سیستمێکی باشتر دەدەم. رەخنەم لە کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو دەمەوێت دنیابینی ئەکتەرەکان بۆ پرسی حکومڕانیی بگۆڕم.

*نە باوەڕم بە خۆپیشاندانە، نە بە خەباتی سەندیکالیستی، نە ریفۆرم، نە راپەڕینی جەماوەریی، بەڵکو تەنیا شۆڕش رازیم دەکات. شۆڕشێکی لە پێشدا فیکریی بێت کە تێیدا جیهانبینی تاک بگۆڕێت پێش قووچەکی فەرمانڕەوایی. مارکس وتەنیش هەموو شتێک قۆناغ بە قۆناغ. لەم روانگەوە ئاژیتاتۆرە پۆپۆلیستەکان دوا کەسن سەرنجم راکێشن بۆ ئەو دیسکۆرسە تەقیلدییەی لەسەر شەقامەکانەوە بانگەوازی بۆ دەکەن.

*دەسەڵات مەڕوخێنن لە پێشنۆرەدا سیستم بگۆڕن. گۆڕینی فیگۆر و کاراکتەرەکانی دەسەڵات بەپێی گۆڕینی سیستمی سیاسیی و جیهاندیدی تاک بۆ پرسی دەسەڵات و دامەزراوەکان خولانەوەیە لە بازنەدا، لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی تاقەتپڕوکێن و نهێلیستیشە.

*بارەگا سووتاندن خزمەتی دەسەڵات دەکات،! بەڵام چۆن؟ دامرکاندنەوەی تووڕەیی خۆپیشاندان و راپەڕیوان لە ئاگر تێبەردانی بارەگاکاندا خۆی لە خۆیدا خزمەتێکە بە دەسەڵات، بەو پێیەی ئەم کردەیە دەبێتە دەرچەیەک

بۆ خاڵیکردنەوەی هەڵچوون و کەفوکوڵی خەڵک. ئەوەی زیانی پێ ناگات لە کۆتاییدا ئەو سیستمەیە بەرپرسیارە لە نەهامەتییەکانی خەڵک. گۆڕینی ریشەیی چارەسەرە نەک سووتاندنی بارەگاکان کە دواجار موڵکی گشتین.

*کاتێک خۆپیشاندان دەکەین، دەبێت ئەوەمان لەلا روون بێت، گەندەڵی یەک دیاردەی گەردوونییە و ئیفرازاتی سیستمی سەرمایەدارییە. لە هەر شوێنێک مەچەکی کاپیتالیزم ئەستوور بێت گەندەڵیش هەیە. لەم سۆنگەوە گەندەڵی فینۆمینێکی یونیڤرسالە نەک دیاردەیەکی لۆکاڵی. بەڵام من پێش پانزە ساڵێک لە چاوپێکەوتنێکمدا وتم: تەحەدا دەکەم لە کوردستان گەندەڵی بوونی هەبێت. ئەوەی لێرە روودەدات لە دەرەوەی پێناسە باوەکانی گەندەڵییە، لە دەرەوەی ستاندارەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییە لە بارەی گەندەڵییەوە. ئەوەی هەیە جۆرێک لە کولتووری تالانی و جەردەیی. لەم روانگەوە دەبێت بەرچاومان رۆشن بێت.

*پێشنیاری من بۆ نەسلی تازەی کوردستان ئەوەیە لەودیو دوکەڵ و غوباری سیاسەتی کلاسیکی و باوی کوردییەوە ئاسۆیەکی تر ببینن. ئەگەر ئاسۆیەکیش دیار نییە ئەرکی خۆیانە دروستی بکەن بە کەرەستەی نوێ و بە دابڕان لە نەریتی سیاسیی باو. راکردنی بە کۆمەڵ لە سیاسەت خراپترین جۆری ممارەسەی سیاسەتە، باشترین تاییشی تێپەڕاندنی ئەو پارادایمە باڵادەستەی سیاسەتی ئێستایە، کە هەموو قەیرانە گەورەکان لە مندالدانی ئەوەوە لە دایکبوون. هەر خودی ژیان جۆرێکە لە ململانێ و تێکۆشان، خەبات هەر ئەکشنی خێرا نییە بۆ گۆڕینی قوچەکی فەرمانڕوایی بەڵکو خەبات لە پێشنۆرەدا جەنگە لە دژی ئەندێشە نەریتییەکان و هەر جۆرە چەقبەستنێک.

*هەر وتن و دروشمدان بەس نییە، بەڵکو دەبێت بوارێک بۆ پراکتیکی ئەو دروشمانە پەیدا بکرێت. بەڵام نابێت لە بیری بکەین دۆخەکە تراژیدیای وتنە. تۆ ببینە یەک وشە لە سەردەمی بەعس دەیبردیتە بەردەم پەتی سێدارە، چونکە وشە بەهای هەبوو و حیسابی لەسەر دەکرا. ئەمڕۆ ئەو هەموو چەنەبازییەش ناتوانن گوێ و مێشکی هیچ کەس بکەنەوە. لەو سۆنگەیەی وتن و نووسین بایەخیان نەماوە لە جڤاتی کوردییدا. بەپێچەوانە پرۆسەکە لە کاریگەریی

دانانەوە گۆڕاوە بۆ کردەیەکی میکانیکی ماندووکەر. دەبێت پێش کردار سەنگ بۆ وتن بگەڕێتەوە، چون هەمیشە وتن پێش کردارە.

-٢-

*ئەو دەسەڵاتەی لە خۆپیشاندان بترسێت بێگومان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی و خۆسەپێنە.

*حکومەتی گەندەڵ دەبێت بگۆڕدرێت، بەڵام بەپێی نەخشەی داگیرکەران نا.

*حکومەتی هەرێم تەنیا ناونیشانێکە بۆ کۆمەڵە جەردەیەک. پێموایە هێشتا دڵنەرمم بەرامبەر حکومەت.

*رۆشنبیری کورد تاوانبارە چەندین ساڵە نەیتوانیوە ئەڵتەرناتیڤێک بۆ شێوازی حوکمڕانی باو فۆرمۆڵە بکات.

*کوردبوون لەبەردەم مەترسیدایە و ئاوابوونی کوردایەتی نزیکە. دەبێت فریای ئایندێنتیتی خۆمان بکەوین.

*خۆپیشاندەران دەبێت کارنامەی رۆشنی خۆیان هەبێت نەک هەر هێزێک ویستی بیانکاتە ماتریاڵێکی خاو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن. پۆپۆلیستەکان دەرفەتەکان بە فیرۆ نادەن لەم رووەوە.

*شەق تێهەڵدان لە خۆپیشاندەر شەق هەڵدانە لە پەیکەری حکومدارییی نەک تەنیا شکاندنی شکۆی مرۆڤێک.

*لای من خۆپیشاندەری شەق تێهەڵدراو هەزار جار شکۆی زیاترە لەو دەسەڵاتەی شەقوەشێن پەروەردە دەکات.

*نابێت شەق قبوڵ بکەین چ لە دەسەڵاتی بێگانە چ لە دەسەڵاتی خۆماڵی. ئەمە دەبێت وەک پرنسیپێکی هەمیشەیی قبوڵ بکەین.

*بۆئەوەی خۆپیشاندان سەنگی خۆی لەدەست نەدا نابێت ئامانجی دژ بەستراتیژی نیشتمانی بخرێتە رۆژەڤەوە.

*ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ شەق لە خۆپیشاندەر هەڵبدات ناتوانێت سبەی داوا لە هاووڵاتیانی بکات بەرگریی لێ بکەن لە کاتی هەبوونی مەترسییدا.

*ئەو خۆپیشاندەرەی پاکێجەکەی بریتی بێت لە وێرانکردنی وڵات، هەرچی

و هەر کەس بێت تێکدەرە.

*خۆپیشاندەران دەبێت ئاگایان لە هاوکێشە سیاسییەکان بێت و ڕەچاوی نیەتی داگیرکەرانی کوردستان بکەن.

*حکومەت نابەرپرسیارە، دەبێت خۆپیشاندەر لێپرسراوانە مامەڵە بکات.

*حکومەتی هەرێم دەبێت بگۆڕدرێت یان بڕوخێت، بەڵام دەبێت جڵەوی حوکمڕانیی لە دەست کورد خۆیدا بمێنێتەوە.

*گەلەکۆمەکییەکی هەرێمیی و نێودەوڵەتی هەیە دژی کورد، پێویستە دەسەڵات و گەل ئەو مەترسییە ببینن.

*کورد لە قۆناغێکدایە لە رووی سیاسیی و سەربازییەوە رووی لە شکستە، بۆ ئەوەی ئەم شکستە نەبێت هەرەسی یەکجاریی پێویستە خۆمان ڕێک بخەینەوە.

*خۆرێکخستنەوە لەسەر گیرفانی بەتاڵی هاووڵاتیان و بێباکی دەسەڵاتداران دروست نابێت، لەسەر دادی کۆمەڵایەتی ڕۆ دەنرێت.

*حکومەتی کوردیی خۆی یارمەتی مەرگی خۆی دەدات، ئەگەرنا سادەترین ماف کە بەرامبەر بە ئەرکە ئەویش موچەیە دەکرا دابین بکرێت.

*هەر کوردێک خۆپیشاندان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومداریی کوردیی بکات نەک حکومەتی هەرێم، ناپاکە و ئەجیندای دەرەکی جێبەجێ دەکات.

*نیشتمان هی هەمووانە ناکرێت بە بیانووی دژایەتی دەسەڵاتێکی گەندەڵەوە وێرانی بکەین.

تێبینی: ئەم نووسینە بەبۆنەی خۆپیشاندانەکانی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٨ەوە نووسراوە و لە ڕۆژی ٢٥ی مارس لە ماڵپەڕە کوردییەکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکراوەتەوە.

# پۆرترێتە راستەقینەکەی باوکی هەژاران

**لەوانەیە ئێمە مێژوومان بیر بچێتەوە، بەڵام مێژوو ئێمە لە بیر ناکات**

فریدریک جیمسن

ئەمڕۆ دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر مردنی «نەوشیروان مستەفا»دا. لە نێو ئەو فەزا تەوتەمپەرستیی و مردووپەروەرییەی ئێمەدا، مەرگ دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لە سڕینەوەی پۆرترێتی راستەقینەی کەسایەتی تاکی مردوودا، بە شێوەیەک وێنایەکی ئیدیاڵی وەها بۆ مردووەکان دادەتاشرێت، بە هیچ کلۆجێک نەنگی و ناشرینییەکانیان نەبینرێت. ئەوەی راستی بێت دەمێکە ئەو جۆرە پرسەگێڕان و هەڵدان بە شکۆی مردووەکانم ناو ناوە زەلکاوی عاتیفی، گەر تەواو خۆت جڵەو نەکەیت، دەبیتە بەشێک لە ئاپۆرای شیوەنگێڕ. ئەمە نە تەنیا لە مردنی نەوشیرواندا بە زەقی دەرکەوت، بەڵکو لە هێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا و مردنی جەلال تاڵەبانیشدا بە هەمان ئەو تۆخییە دەرکەوتبوون و دەرکەوتن. ئەو دیمەنەی دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ناشتنی تەرمی نەوشیروان و دواتریش لە پیرۆزکردن و بە «مەرقەد»کردنی گۆڕەکەیدا بینیمان، جارێکی تر کرمێبوونی کولتووری سیاسیی کوردیی خستەوە بەرچاومان کە تەنیا ژینگەیەکی لەباری بەرهەمهێنانی سێکت و دەروێشگەرایی و سەرۆک و سەرکردەپەرستییە. لە هەمان کاتدا نەخۆشی سەندرۆمی ستۆکهۆڵمی کۆمەڵگەی کوردیی وەک فاکتێکی تاڵ بەرجەستە کرد، ئەم عاشقبوونە بە جەلاد، ئەوانەی ژیانی مرۆڤ پووچ دەکەنەوە و ئازادیی بە بارمتە دەگرن، وەنەبێ نەخۆشییەکی تازە دۆزراوەی

دوای ئەو ڕووداوەی پێش پەنجا ساڵێکی بانکێکی شاری ستۆکهۆڵم بێت، بەڵکو بەشێوەیەکی پریمیتیڤ لای «ئیبن خەلدون» تیۆریزە کراوە و بەو پێیەی جەخت دەکاتەوە «چەوساوە هەموو کات عاشق و لاساییکەرەوەی چەوسێنەرەکەیەتی». ئەم گەلاڵەیەی کتێبی «المقدمە» لە کەتواری کوردیدا بە ڕوونی خۆی دەنوێنێت بەتایبەت لە پرسە و ماتەمینی سەرکردە سیاسیی و کاریزماتیکەکاندا.

بە دەستی خۆم نییە، هەموو کات لە بەرامبەر ستەمکاریی سەرکردە سیاسییەکاندا، چاوەڕوانی پیرەمێردە تۆلۆستۆییەکی چیرۆکی «ئەسەرحەدون»م. تۆڵستۆی لەم چیرۆکەدا کە ساڵی ١٩٠٣ نووسیوویەتی، لە ڕێی چیرۆکێکی هونەرییەوە بەسەرهاتی پادشا «ئەسەرحەدون»ی ئاشووری دەگێڕێتەوە، لەو کاتەی تەواوی شارێک خاپوور دەکات و کاولکاریی دەستی دەگاتە هەموو پنتێکی شارە داگیراکراوەکە و بە وتەی خۆی کێوێکی لە تەرمی سەربازانی دوژمن هەڵچنیوە، بیری لەوە دەکردەوە پادشا لایلی بە خازوق ئیعدام بکات. پیرەمێردێکی لێ پەیدا دەبێت و پێی دەڵێت، تۆ ئەسەرحەدون نیت، تۆ لایلیت. تۆ سەرنەکەوتوویت بەڵکو شکستت هێناوە. بۆ سەلماندنی قسەکانی داوا لە پادشا دەکات بچێتە ناو ئاوێک و سەری بخاتە ژێرەوە و ئەمیش شەربەیەکی ئاو دەڕژێت بەسەریدا، لەو چەند چرکە کەمەی سەری ئەسەرحەدون لەناو ئاوەکەدایە، خەیاڵە ترسناکەکان واقیع ئاوەژوو دەکەنەوە، خۆی دەبینێت بووە بە لایلی و بە ڕووتی لە گۆڕەپانی ئیعدامدایە، دەمێکی تر خۆی وەک کەرێکی کێوی دەبینێت، پادشا لایلی بە تیرێک ڕاوی دەکات. لەم کاتە ناخۆشە سەری لە بن ئاوەکە بەرز دەکاتەوە و توشی تۆقین بووە، پیرەمێردەکە بە هێمنی پێی دەڵێت «ئێستا بۆت ڕوون بووەوە لایلی تۆیت، نەک هەر ئەو سەرباز و جەنگاوەرانە، بەڵکو ئەو ئاژەڵانەشی ڕاوت دەکردن، بە ناوی میوانداریی و زیافەتەوە دەتخواردن خۆت بوویت، وات وێنا دەکرد ژیان بە تەنیا لە تۆدا هەیە و هەر تۆش مافی ژیانت هەیە».

لە مردنی نەوشیرواندا چاوەڕوانی ئەوە بووم، کۆمەڵگە بە دەنگێکی کۆراڵئاسا بڵێت واتدەزانی جیهان بۆ تۆ دروستکراوە و ئەو هەموو گەنجە بۆ ئەوە لە دایکبوون سایکۆپاتێکی وەک تۆ یەک یەک بیانکوژێت. ئەگەر لە کاتی دەسەڵات

و ژیانیدا ئەم دەربڕینە زبرە بەهۆی زەبروزەنگ و تۆقاندنی کاکە نەوەوە کردەیەکی ریسک ئامێز و مەحاڵ بووبێت، خۆ بایکۆتی ئەو هەموو شیوەنگێڕیی و خۆڕنینەوە دەستەجەمعییەی شارێک دەیتوانی هەمان مانا بدات. لەبەر ئەم فاکتۆرە هیچ ناوێکی ترم بۆ ئەو پرۆسێسی تەقدیس و تەوتەمیزەکردنەی نەوشیروان بۆ نادۆزرێتەوە، تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم زۆرینەی کورد گرفتارن بە نەخۆشی دەروونی و گرێی عاشقبوون بە جەلاد.

### لە نێوان نەوشیروان و ئەبوتەبەردا

لە هەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لە پرۆسەی پاکتاوی ناو ریزەکانی حزبی بەعس لە عێراق، هاوکات بۆ لەناوبردنی ژمارەیەک کۆمۆنیستی چالاک، کۆمەڵێک کوشتن بەشێوازێکی نامۆ ئەنجامدران. پشکی شێری ئەو کوشتنانە رووی لە ئەکتیڤیستە سیاسییەکانی ناو باڵی دەستە چەپی پارتی بەعس بوو، ئەویش بە هۆڤترین فۆرمی کوشتن لە رێی تەور و کێردەوە، هەموو ئەمانەش بەسترانەوە بە تاقمێکی دەمامکداری چەتەگەرەوە کە کەسایەتییە یۆتۆپییە ریالییەکەی ئەبوتەبەر ناوێک بوو لە شاری بەغداد. باڵی سەدام- بەکر و زۆرینە لە حزبی بەعس بەو هەموو دڕندەییەی خۆیانەوە دەیانویست ئەبوتەبەر وەک شەبەحێکی خراپەکار بناسێنن و بەهیچ کلۆجێ نەیاندەتوانی خاوەندارێتی لە دڵڕەقییەکانی بکەن. نەوشیروانیش لە مێژووی نزیکی کورددا هەمان کارەکتەری ئەبوتەبەرە بە ڤێرژنە گوردییەکەی، بەڵکو توند و دڵڕەقانەتر پاکتاویی فیزیکی و نابەرجەستەی هەموو یار و نەیارانی کردووە. تەوروەشاندن بۆ کوشتنی مرۆڤ بەتایبەت نەیارانی سیاسیی فۆرمێکی زۆر دڵخوازی نەوشیروان بوو، ئەمەش کار رێکەوت نەبوو، چونکە لە بۆتەی هەمان سیستمی پەروەردەیی ئەبوتەبەردا چاوی پشکوتبوو، بەو پێیەی دوا نارنجۆک خستنە ئاهەنگی سانەوی سلێمانی کچان لە رێی جەمالی ئەحە خورشەوە، بە سەپۆرتی نازم گزاری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی ئەوکاتی عێراق کارئاسانی بۆ کرا بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات و «کەناری دانوب». مۆدیلی کوشتن لەسەر شێوازی قەسابەکان، وەک دوا فۆرمی دڵڕەقانەی کوشتن، مۆدیلێک بوو لە رێی نەوشیروانەوە چووە ناو

مێژووی نزیکی سیاسیی کوردەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجی منە هەر ئەوە نییە هەردوو کەسایەتی ئەبوتەبەر و نەوشیروان لە یەکتر دەچن، بەڵکو ئەو واقیعە تاڵەشە هەنووکە لە دۆخی کۆمەڵگەی کوردیدا دەیبینین. ئاخر ئەبوتەبەر وەک دڕندەیەک چووە زبڵدانی مێژووەوە، لە چینی یادەوەریی عێراقییەکاندا وەک تارماییەکی ترسناک جێی خۆی گرتووە و ئامادەگی هەیە. کەچی نەوشیروان بە بیۆگرافیاکەی کە خوێن و کوشتن و تەوروەشاندنە، وەک مارتن لوسەر کینگ لای نەوەیەکی بێ ئاگا لە دیرۆک، وێنایەکی قەشەنگی بۆ کێشراوە. لەوە کۆمیدۆ تراژیدتریش گۆڕەکەی وەک جێگەیەکی پیرۆز تەماشا دەکرێت «ناوهێنانی گۆڕی نەوشیروان، بە مەزار خۆی لە خۆیدا دەلالەتی زۆری هەیە یەکێک لەوانە پیرۆزیی پێ بەخشینە». رەنگە ئەمە تاڵترین واقیعی زیهینی و بەرجەستەی کۆمەڵگەیەک بێت خوێنڕێژێک بە سیمبولی هیومانیزم و رابەری چاکسازیی سکێچ دەکات، هەر بەو پۆرترێتە ساختەوە دەیەوێت بیخاتە لاشعور و مێشکی نەوەیەکی بێ مێشک و پاسیڤی وەک ئەو نەوە هەزارەی لە رووی خوێندەواریی سیاسیی و مەعریفییەوە لە کوردستان بەرهەم هێنراوە. هەروەک دەبینن هەموو وزەی ئەم نەوەیە لە چەند هەجو و جنێوێکی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە بەرامبەر کەسێک برینێک بخاتە نارسیزمییەوە و لە خەونی قووڵی بێ ئاگایدا نەقیزەیەکی هۆشیارانە بکات بە مێشکیدا و بێداری بکاتەوە. ئەو خەونی پێچەوانە دەبینێت و نایەوێت بەخەبەر بێتەوە!.

### باوکی هەژاران

نازناوی «باوک»ی هەژاران بۆ خۆی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە. باوک رەمزی دەسەڵاتخوازیی خێزانییە و تێرمێکی پیاوسالارییە. رەنگە نهێنی کوشتنی ژنانی دوای ساڵی ١٩٩١ و راپەڕینی باشوور، بە بڕیاری باوکی هەژاران، زادەی ئەو دڵرەقییە باوکسالارییە بێت ئەندێشەی نەوشیروانی داگیرکردبوو. تەنانەت لە سەردەمی «گۆڕان»یشیدا، وەک پاتریاکێکی پیر هێندەی جەختی لە «سەوابیت»ی ئاینی دەکردەوە، تەنانەت نەیدەتوانی چەشنی پڕوپاگەندەی

هەڵبژاردنیش باس لە کێشە جێندەرییەکان و یەکسانی رەگەزایەتی بکات. گەر لە مافی «موچەی کابان»یش وەک بەشێک لە بەرنامەی سەرەتای حزبەکەی بۆ هەڵبژاردن ورد بینەوە، ئەو مافە نەک یارمەتی ژن نادات، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی بەندکردن و هێشتنەوەی ژنان لە مەتبەخی ماڵەکاندا، تا ئەوەی ژن وەک کارەکتەرێکی ئەکتیڤ پێ نەنێتە کایەی سیاسیی و ئابووری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هەر بۆیە ژن لە حزبە نوێیەکەی ئەودا «گۆڕان» هیچ جێگەیەکی شایانی باسی نەبوو، دەست و رای ژن لە هیچ ناوەندێکی بڕیاردا نەدەبینرا و تا ئێستاش نابینرێت.

ئەوەش بە پێچەوانەی نەریتی هاوەڵە مێژووییەکەیەوە بوو»مام جەلال»، چونکە هاوژینی ئەو «هێرۆ ئیبراهیم» رۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی هەبوو لە ئاڕاستەکردنی ژیانی حزبیدا، هەمیشەش لە سەردەمی ژیان و دەسەڵاتی بێ سنووری خودی تاڵەبانیدا، وەک ژنێکی چالاک و خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە دەرکەوتووە «قسە لەسەر ئەو سیاسەتە نییە هێرۆ ئیبراهیم بەڕێوەی دەبرد، بەڵکو قسە لەسەر پێگەکەیەتی، هەروەها هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکاریشە». هەر لەم سیاقەدا دەتوانین تێرمی «بـاوک» وەک وەسفێک بۆ نەوشیروان بەو دیوەدا بخوێنینەوە لەسەر روانگەی پاتریاکی بینا بووە، کۆی وەسفەکەش بەسەریەکەوە «باوکی هـەژاران» ناوێکی ترە پڕە لە ئیشکالییەت و سەیر و سەمەرەیی. ئاخر هـەژاران باوکیان نییە، جگە لەو باوکە دڵڕەقەی وەک بردناشۆ بۆی چووە بە ناوی داکۆکیکردن لێیانەوە دەوڵەمەند دەبێت. داستانی نەوشیروانیش بە دەوڵەمەندبوونی خۆی و بەجێهشتنی سەرمایەیەکی خەیاڵی بۆ منداڵە بایۆلۆژییەکانی و هەژارتربوونی ئەو هەژارانەی لە ژێر باڵی باوکایەتیدا لە دەوری گووتارێکی سواو کۆی کردبوونەوە کۆتایی هات!!. ئەمە جگە لەوەی نازناوی باوکی هـەژاران، باوکی پڕۆلیتاریا، ئەو نازناوانە بوون بۆ گەورە دیکتاتۆری سۆڤێتی «جۆزیف ستالین» داتاشرابوون. سەیر بکەن رابەری ریفۆرم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کوردیی، لە فەرهەنگی کێوە نازناوەکانی داتاشراوە؟!. ئەمە کاری رێکەوت نییە و نەبووە.

## ڕێبازی نەوشیروان

ڕێبازی نەوشیروان بەو جۆرەی لایەنگرانی بیری لێ دەکەنەوە تیۆری و فەلسەفەیەکی نوێباوە بەهەوڵ و کۆششی فیکریی چەند ساڵەی کاکەنەوە هاتووەتە بەرهەم!! شتێک نییە لە ئارادا بێت. ئەوە راستە زۆرێک لە ڕێبازەکان تەنانەت گەورەترن لە فەلسەفەیەکی دیاریکراو. گاهی وایە بە هیمەتی چەندان فەیلەسووف، بە تێپەڕینی چەند دەیە بگرە سەدەش، ڕێبازێکی تر بۆ ژیان و دنیا گەڵاڵە بووە. ڕێباز ناوبانگێکی هەڵەی هەیە لە فەرهەنگی زمانەوانی ئێمەدا. چون هەمیشە بە دیوە پۆزەتیڤەکەدا لێی ڕوانراوە، ئایا هەموو ڕێبازە فەلسەفی و سیاسیی و تەنانەت ئەدەبییەکان دیاردەیەکی ئیستاتیکی و پڕ فەزیلەتن؟ ئێمە ڕێبازی تاوان و کاولکاریمان نییە؟!. من ناڵێم ڕێبازەکان تەنیا دەستکردی فەیلەسووفەکانن، بەڵام لە نموونەی لایەنگرانی نەوشیرواندا ئیدییەکی لەم چەشنە لە ئارادایە و نەوشیروان بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی بیریارێک ڕێبازێکی تایبەتی داهێناوە!، بەبێ ئەوەی وردەکاریی و شەقڵی ئەم ڕێبازەمان نیشان بدەن یان ئەو تایبەتمەندییانە بخەنەڕوو لە ڕێبازی باوکی هەژاراندا هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ڕێبازەکانی تر. ئاخر دواجار ڕێباز ڕێگەیەکە بۆ ژیان و بیرکردنەوە. لە ڕێبازە گەورەکاندا حیساب لەسەر هەموو شتێکی ورد و درشت کراوە. تێگەیشتنی من بەو جۆرەیە: سەرمایەداریی ڕێبازی گەورەیە، کۆمۆنیزم ڕێبازی گەورەیە، ئیسلام و کریستیانیزم ڕێبازی مەزنن. چونکە لەم ڕێبازانەدا کێشە و ئارەزوو و مەیل و خواستەکانی مرۆڤ و ئێستا و ئایندە و رابردووی بە هەند گیراوە، ناکرێت بە چەند کتێبێکی پەرش و بڵاوی نەوشیروان بوترێت ئەمانە گەڵاڵکاری ڕێبازێکی زەبەلاحن بۆ ژیان، هیچ نەبێت بۆ مرۆڤی کورد.

زۆرینەی جار کتێبەکان نابنە داهێنەری ڕێبازێکی نوێ و تایبەتمەند، زۆرجار ژیانی پراکتیکی کەسایەتییەک دەبێتە جۆرە ستایل و ڕێبازێک، وەک لە نموونەی چێ گیڤارادا بەرجەستە بووە، گیڤارا ڕێبازە شۆڕشگێڕییەکی خۆی لە هیچ کتێبێکدا تیۆریزە نەکردووە، بەڵکو لەو پراکتیکە شۆڕشگێڕانەیەدا خۆی دەنوونێت بە درێژایی ساڵانێک لە بواری شەڕی پارتیزانی و خەباتگێڕییدا درێژەی پێداوە. بەڵام ئایا ژیانی پراکتیکی کاکەنەوە بایی ئەوەیە بکرێتە ڕێبازێکی سیاسیی

یان «شۆڕشگێڕیی»؟!. وا بڕوا دەکەم نەوشیروان نە لە بواری سیاسییدا توانیوویەتی لە سەرکردەیەکی لۆکاڵی زیاتر بێت، نە کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بووە بە مانای پڕاوپڕی وشەکە، هەموو ژیانی بریتیی بوو لە ئیدارەدانی گرێ دەروونییەکانی لە ڕێگەی کوشتن و بڕین و فۆرمی سادیستییەوە. لایەنگرانی ئەو بە باشی لەمە تێگەیشتوون نە تافی گەنجییە پڕ جینایەتەکەی، نە پیربوونە تەژی لە گەندەڵی و ماسکدارییەکەی بۆ ئەوە نابن ببنە ڕێباز، مەگەر ڕێبازێک بۆ دیماگۆگییەت و ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسیی و دڵڕەقی و کوشتوبڕ. ئێمە دەزانین هەمیشە لە باسکردنی ڕێبازەکەی نەوشیرواندا، کتێبەکانی دەکرێنە ئارگۆمێنت، ئایا کتێبەکانی نەوشیروان دەتوانن ئەنجامگیریی ڕێبازێک بە دەستەوە بدەن، یان هەر کتێبگەلێکی ئاساییین؟، ئێمە ناڵێین کتێبی خراپن، بەڵام ئەو ناوەڕۆکەیان نییە وەک کتێبەکانی ئاپۆ، ببنە ئایدۆلۆژیایەک یان ڕێبازێک، چونکە زیاتر لە شەش کتێبی نەوشیروان گێڕانەوەی چیرۆکی کاری سیاسیی خۆیەتی و دەچنە خانەی بیۆگرافیا، چەندان کتێبی تری دەچنە بواری ساغکردنەوەی مێژوویی نەک مێژوونووسی، دوو سێ کتێبی تری ساغکردنەوەی ڕۆژنامەوانین. بە شەخسی خۆم لەو بوارەدا لە نەوشیروان زیاترم کردووە، هێشتا ناوێرم بە خۆم بڵێم ڕۆشنبیر، چجای خاوەن ڕێباز.

لە نەریتی کوردییدا کتێب نووسین، مرۆڤ دەکاتە خاوەن ڕێباز، ئەگەر وابێت دەبێت لە دنیادا ملیۆنان ڕێبازی جیا جیامان هەبێت بۆ ژیان، بۆ خەبات، بۆ شۆڕش و هتد.. ئێمە لە بیرمان چووە هەزاران کتێبی خراپ هەن، هەزاران کتێبی تریش بۆ ئەوە دەنووسرێن ببنە ڕێبازێک بۆ ژیان، بەڵام فەرامۆش دەکرێن. کەچی نەوشیروان هیچ تیۆریی و ئایدۆلۆگییەکی بەرهەم نەهێناوە، هیچ کتێبێکی نییە بایی ئەوە بێت بکرێتە ڕێبەرێک لە بوارێکی دیاریکراودا، هێشتا هەوڵ هەیە ئەفسانەیەک بە ناوی ڕێبازی نەوشیروانەوە دروست بکرێت. وەک وتم کتێب مرۆڤ ناکاتە خاوەن ڕێباز، دەبێت ئەوەش بە بیر بهێنینەوە، زۆرینەی دیکتاتۆر و خوێنڕێژەکان بەدەر لە کاریزما و تواناکانیان لە بواری وتارداندا، خاوەنی کتێب بوون، لەم ڕووەوە کتێبی «ماین کامپف»ی ئادۆلف هیتلەر و «کتێبی سەوز»ی قەزافی و کتێبە زۆر و بۆرەکانی ستالین و ماوتسی تۆنگ

و سەدام حسێن و جەمال عەبدولناسر و تاد.. نموونەی زیندوون. هەرچەند لێرەدا چوواندنی کەیسەکان لە ئارادا نییە، بەقەدەر ئەوەی راوەستانە لەسەر سترۆکتۆرە سایکۆلۆییەکانی پشت چیرۆکی ئەم دیکتاتۆرانەی بیۆگرافی و مێژووی تاکەکەسی خۆیان بە خوێن نووسیووەتەوە.

## گۆڤاری رزگاری .. شەڕەجنێو و دژایەتی

ئەوکاتەی نەوشیروان مستەفا کادرێکی گەنج و چالاکی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو، شەڕێکی سەخت و خوێناویی لە نێوان هەردوو باڵەکەی پارتیدا بەڕێوە دەچوو، نەوشیروان بە سروشتی حاڵ کەسێکی دەمارگیر و توند بوو لە مامەڵە و هەڵوێستدا، لە ماوەیەکی ئێجگار کەمدا وەک دڵسۆزی باڵی مەکتەبی سیاسیی و دوژمنێکی گەورەی باڵی بارزانی و خودی بنەماڵەی بارزانی خۆی بە هەموو لایەک ناساند، ئەم هەڵوێستانە بە روونی لە ژمارەکانی گۆڤاری «رزگاری»دا دەردەکەون. ئەو گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٦٩ بڵاوبۆیەوە و نەوشیروان خاوەن ئیمتیازی بوو، تێکڕاش سیانزە ژمارەی لێ دەرچوو لەماوەی یەک ساڵدا، چونکە دوا بەدوای دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار و توانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە باڵی بارزانیدا، ئیدی ئەو گۆڤارەش نامێنێت، ئەگەرچی کاتی خۆی «رەفعەتی مەلا» لە چاوپێکەوتنێکدا وتبووی ئەم گۆڤارە بەپارە و پیتاکی دەوڵەمەندەکانی سلێمانی دەرچووە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە بە هاوکاریی و دارایی رژێمی عێراق دەردەچوو، ئەگەر وابووایە کاک رەفعەت دەیتوانی ناوی دوو لەو دەوڵەمەندانەی بهێنایە کە پێش ٥٠ ساڵ یارمەتی ئەو گۆڤارەیان داوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤاری رزگاری ئەوەبوو، ستایلی کاری رۆژنامەوانی کوردیی گۆڕی و ئاستی رەخنە و نووسینی سیاسیی هێنایە خوارەوە بۆ شەڕەجنێو و موهاتەرات، دەکرێت بڵێین سەرەتای شەڕەجنێو و موهاتەرات نووسین لە بواری رۆژنامەوانی کوردییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڤارە، چونکە ئەوە یەکەمجار بوو بە درێژایی حەفتا و یەک ساڵی تەمەنی رۆژنامەوانی کوردیی بەوجۆرە زمان و دەربڕینە گۆڤارێک بە زمانی کوردیی دەربچێت. ئەو

گۆڤارە تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان بەشەکانی کۆمەڵگەی کوردییدا چاند، ئەو کولتوورە سەقەت و خراپەی یەکتر رەتکردنەوە و داشۆرینی مێژووی یەکتر لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەوە چەکەرەیان کرد و پاشان بوون بە کولتوورێکی باوی ناوی ژیانی حزبایەتی لە سەرتاپای کوردستاندا، بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواتردا کە نەوشیروان دەبێتە سەرکردەی مەیدانی یەکێتی و هێز و چەک و میدیا و توانستی مرۆیی هەموو دەکەونە بن دەستی. بە کورتی و کوردیی نەوشیروان، «رزگاری» بۆ سێ مەبەست دەرکرد، یەکەم: داشۆرینی سیاسیی و دروستکردنی فەرهەنگی شەڕەجنێو. دووەم: دژایەتی بنەماڵەی بارزانی. سێیەم: کۆکردنەوەی نوخبەی گەنجی باڵی مەکتەبی سیاسیی بۆ دروستکردنی رێکخستنێکی نوێ.

## بنەماڵەی بارزانی .. گرێی سەرەکیی نەوشیروان

زۆرێک لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی نەوشیروان باس لەوە دەکەن، ئەو پیاوە جگە لەوەی کەسێکی ناکۆمەڵایەتی «سایکۆپاس» بووە، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک گرێی دەروونیشی هەبووە. یەکێک لە گرێ دەروونییەکانی ئەوە بووە ئەو لە زووەوە هەستی کردووە لە چینی خوارەوەی کۆمەڵەوە هاتووە و باکگراوندێکی گوندیی هەیە، لەوەش خراپتر وەک هاوڕێکانی بە شانس نەبوو، چونکە باوکی حەماڵ بوو لە فەرمانگەی گومرگ, یەکێکی تر لە گرێیەکانی بریتی بووە لە سڵەمینەوە و شەرمنیی بەرامبەر بە مێینە. بەڵام گرێی راستەقینەی نەوشیروان مستەفا بریتی بوو لە گرێ و فۆبیا لە بەرانبەر بنەماڵەی بارزانی و پارتی. چونکە لە ماوەی نیو سەدەدا هەستی توندەڕەوانەی ئەو پیاوە بەرامبەر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. ئەگەر جەلال تاڵەبانی و سەرکردەکانی تری ناو باڵی مەکتەبی سیاسیی، بەهەر هۆیەک بێت سەرئەنجام بووبنەوە بە دۆستی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، کەچی نەوشیروان خەونی دەرپەڕاندنی فیعلی پارتی لە ناوچەی سۆران و سنووردارکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و هەژموونیان لەسەر کوردستان تاکو مردنی لە کەللەی نەهاتە دەرەوە. تەنانەت هەندێک شارەزا لە زووەوە پێیانوابوو هەموو بانگەشە

و ئەجیندا و هاتوهاوارێکی نەوشیروان بۆ یەک شت بوو، ئەویش وەک وتمان بۆ کورتکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی. تەنانەت وەک بینیشمان یەکێک لە پاڵنەرەکانی هاتنە دەرەوەی لە یەکێتی دەگەڕایەوە بۆ رێککەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی و پارتی، گەرچی ئەو رێککەوتنە کۆتایی هێنا بەویستی سڕینەوەی هەردوولا بۆ یەکتر، بەڵام لای نەوشیروان ئەم پرنسیپە واتای تەسلیمبوونی مام جەلالی بە بنەماڵەی بارزانی دەبەخشی.

د.جەمال نەبەز لە کتێبی «کوردستان و شۆڕشەکەی»دا، دەنووسێت: جەلالی حاجی حسێنی کەلۆش، ئەو کوردەی هاوبیری «کاژیک» بوو، لە کاتی نێوبژێکردنی شەڕەقۆچی سەرکردەکانی پارتی و یەکێتیدا، لە نەوەتەکاندا کوژرا، جارێکیان لە کاک نەوشیروانی پرسیبوو، لە نەمسا باوەڕنامەی لە چیدا وەرگرتووە؟. کاک نەوشیروان بە پێکەنینەوە گوتبووی باوەڕنامەی لە «مەلایکوژیدا» وەرگرتووە. (هەرچەندە لە دیدگای مندا، نەوشیروان لە نەمسا نەک سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرا نەبووە، بەڵکو لە مەیتەرەکاندا کاری کردووە، بەهۆی ئەوەی نە زمانی ئەڵمانی بە تەواوەتی و باشی زانیوە، نە قەت نامەی ماستەرەکەی لە هیچ شوێنێکەوە دیارە، نە هیچ کات سوودی لە سەرچاوە ئەڵمانییەکان وەرگرتووە بۆ نووسینی کتێبەکانی). ئەم دەربڕینە لە رووکەشدا زۆر سادەیە، بەڵام گوزارشتی لە هەستی راستەقینەی نەوشیروان مستەفا دەکرد، ئەگەر وانەبێت چۆن فەرمانی دەدا بە تەقاندنەوەی نارنجۆک لە بەردەم قوتابخانەیەکی کچاندا کە بەهۆی رێکەوتننامەی ئاشتی یانزەی ئادارەوە ئاهەنگیان دەگێڕا.؟!! نەوشیروان مستەفا بە درێژایی پەنجا و سێ ساڵ گرێیەکی گەورەی دەروونی بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی هەبوو، هەرچەند ئێمە نامەوێت ببینە پارێزەری بنەماڵەی بارزانی، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت لە بارەی هەبوونی گرێی بنەماڵەی بارزانی لەلایەن نەوشیروانە. تەنانەت لە رووداوەکانی حەڤدەی شوباتی ٢٠١١دا هەموو وزەی جەماوەری ناڕازی و خۆپیشاندەرانی، لە بارەگای لقی چواری پارتیدا خاڵی کردەوە. ئەمە خیانەتی دووەم بوو، لە دوای ئەوەی خۆپیشاندەرانی بە ئاژاوەگێڕ و تێکدەر و لادەر لە قەڵەم دا، پاشتریش لە ١٣-٣-٢٠١١ەوە لە شاشەی تیڤییەکانەوە دەرنەکەوت و

هیچ قسە و لێدوانێکی نەبوو، تاکو لە پرسەی دایکی مەسعود بارزانیدا و دوای تەواوبوون و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان دەرکەوتەوە.

حەمەسەعید حەسەن، لە ساڵی ١٩٩٤ لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی «زەبروزەنگ و بەرژەوەندیی تایبەتی لە هەڵوێستی سیاسیی و گووتاری رۆشنبیریدا» ئەو نامەیەی نەوشیروان بۆ سەید کەریم بە بیر دەهێنێتەوە داوای پاکتاوی بەرەی «جود» بە تایبەتی پارتی دەکات لە رێی تیرۆر و جەنگی کورتخایەنی بە بەرنامەوە. ئەو لە وتارەکەیدا نووسیوویەتی: نەوشیروان لە نامەیەکدا لە ٢٣-٣-١٩٨٣ بۆ سەید کەریم دەنووسێت «خۆت رەئی من لە شەڕدا باش ئەزانی، من هەرگیز لایەنگری شەڕی دوور و درێژخایەن و بێ بەرنامە نیم، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە «جود»، من لایەنگری خۆ ئامادەکردن و دانانی بەرنامەی تەسفیە و موباغەتە و بڕاندنەوە و بەلاداخستنی شەڕەکەم لە ماوەیەکی کورتدا». ئەم شەڕەش کە نەوشیروان باسی کردووە درێژکراوەی ئەو تەسفیە سیاسییە بوو چەندان کادری قیادە مەوقەتەی کردبووە ئامانج لەوانە «سدیق ئەفەندی، عەبدولی سوران، شەفیق ئاغا، نوری حەمەعەلی و..هتد» کە هەریەک لەم کادرە نهێنییانەی قیادە مۆقەتە «پارتی» لە سلێمانی بەشێوەی نادیار لەلایەن گروپەکانی سەر بە نەوشیروانەوە لەو سەروبەندانەدا تیرۆرکران. هەروەک چۆن لە دوای راپەڕینیش نیازی وا بوو بە میکانیزمی رەشەکوژیی ریشەی لایەنە کوردستانییەکانی دەرەوەی یەکێتی لە بن دەربهێنێت.

ئامانجی سەرەکیی نەوشیروان مستەفا بڕاندنەوەی پارتی و هەژموونی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی بوو لە ناوچەی سۆران لە قۆناغی یەکەمدا، پاشان لە سەرتاسەری کوردستاندا لە قۆناغی دووەمدا. هەر لەم روانگەوە ئەوکاتیش لە گەرمەی هەراوهوریای گۆڕان و بانگەشە دیماگۆگییەکانیدا، پێموابوو گەمەکانی نەوشیروان لە بنەڕەتدا دژی پارتی و بنەماڵەی بارزانییە، ئەگینا نەوشیروان هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ یەکێتی نییە، ئەگەر کێشەشی هەبێت تەنیا کێشەی شەخسییە و لەگەڵ کەسی یەکەمی ناو یەکێتییە، بەڵام نەوشیروان کێشەی لەگەڵ هەموو پارتییەک و لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی هەیە.، وەک بینیشمان بە بێ هیچ ماندووبوون و وچانێک لە ماوەی پەنجا ساڵدا بێ دابڕان ئەو کارەی دەکرد

و تا مردیش لە ژێر ناوی گۆڕان درێژەی بە هەمان شەڕی براکان دا، وەک خۆی لە کتێبی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن بە وردی حکایەتەکانی دەگێڕێتەوە.

**نەوشیروان چەند مارکسی بوو ئەوەندەش گۆڕانخواز بوو**

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە پێداگریم لەسەر ئەوە دەکرد نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی گۆڕانخواز نییە، بەو مانایەی بیەوێت ئەو کەموکوڕییانەی لە ئەزموونی دەوڵەتداریی کوردستاندا هەیە بەرەو چاکتر بیانگۆڕێت، بەڵکو ئەوە تەنیا بیانوویەکە بۆ درێژەدان بە شەڕێکی سەخت و شەخسی لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی لە پێشیانەوە مام جەلال، ئەو مامەی بە درێژایی ٤٠ ساڵ، مام و برا گەورەی نەوشیروان بوو، تا ئەو ئەندازەیەی ئامادەبوو خۆی بداتە بەر ئەو گوللەیەی ئاڕاستەی ئەو مامە دەکرێ. نووسەر و کادری پێشووی کۆمەڵەی ڕەنجدەران «عارف کەریم» باس لە سەرەتای کاری سیاسیی نەوشیروان مستەفا و کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکان دەکات و دەنووسێت «لەو ساڵانەدا نەوشیروان مستەفا دەستیکرد بە وەرگێڕانی وتەکانی ماو (کتێبە سوورەکە) هەروەها کتێبولکەکەی خەلیفەکەی ماو (لین پیاو) لەسەر شەڕی پارتیزانی، جگە لەوە مەرحوم شازاد جەمیل سائیب ئیمتیازی گۆڤارێکی مانگانەی وەرگرت بەناوی رزگاری و نەوشیروان مستەفا سەرنووسەرەکەی بوو. وتار و بابەتەکانی گۆڤاری ناوبراو چەپڕەوانە بوو، بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگی تیادا بڵاو دەکرایەوە». پاشان دەنووسێت «فاکتەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ماویزم لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی گروپەکەی سازمان ئینقلابی حزب تودە ئێران کە توانییان سەرنجی مام جەلال رابکێشن بەلای خۆیاندا و بیگۆڕن بۆ کەسێکی ماویست، دواتریش نەوشیروان مستەفا و کۆمەڵێک لە کادرە ڕۆشنبیرەکانی ناوچەکان و لقی سلێمانی بوونە هەڵگری ئەم بیروباوەڕە، بەندەش یەکێک بووم لەوانە».

لە قۆناغەکانی دواتردا نەوشیروان دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە دیسانەوە ئەمیش ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بوو، دواتر لە پاش تیرۆری گوماناویی شاسوار جەلال «شەهید ئارام» سکرتێری ئەوکاتی کۆمەڵەی مارکسی

لینینی، نەوشیروان دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە، تا سەرئەنجام لە کۆتایی هەشتاکاندا لەناو باڵی جەلال تاڵەبانیدا دەیتوێنێتەوە. ئەگەر سەیر بکەین نەوشیروان مستەفا بەلانیکەمەوە چارەگە سەدەیەک وەک سەرکردە و لایەنگرێکی سەرسەختی بیروباوەڕی مارکسی کاری کردووە و خۆی ناساندووە، بەڵام دواتر لە کاتی نووسینەوەی یادداشتەکانی خۆیدا ئەوە روون دەکاتەوە هەرگیز باوەڕی بە مارکسیزم نەبووە. وەک خۆی لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکانیدا «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ» لە لاپەڕە ١٧٢ ئاماژەی بۆ کردووە هەرگیز باوەڕی بە کۆمۆنیزم نەبووە و هەرگیزیش رۆژێک لە رۆژان لە دڵەوە مارکسی نەبووە!!، بەڵکو بڕیارێکی ناچاریی بووە بۆ کۆکردنەوەی ئەو ژمارە بێشوومارە گەنجەی ئەوکاتە لەژێر کاریگەریی هەژموونی مارکسیزمدا بوون. هەربۆیە لای من بەرزکردنەوەی دروشمی «گۆڕان»یش لە هەمان ئەو دروشمی «مارکسیزم»ە دەچوو کە نەوشیروان چارەگە سەدەیەک گەنجانی کوردیی پێ تەخدیر کردبوو، لە ساڵی ٢٠١١شدا لە وتارێکمدا نووسبووم هەر لەم روانگەوە دوورنییە دوای دە ساڵێکی تر ئەگەر عومر باقی بێت، لە بەرگێکی تری یاداشتەکانیدا نەڵێت، من بڕوام بە گۆڕان و ریفۆرم نەبووە، بەڵکو ئەوە پاساوێکی باش بوو بۆ ئەوەی خەڵک بۆ ئامانجە سیاسییە تاکە کەسییەکانم کۆ بکەمەوە. بە کورتی نەوشیروان چەند مارکسی بوو، هەر ئەوەندەش گۆڕانخواز بوو.

## پاکتاوی سیاسیی.. نەریتی هەمیشەیی نەوشیروان مستەفا

نەوشیروان مستەفا لە دەستپێکی کاری سیاسیی خۆیەوە تا کۆتایی ژیانی، بڕوای بە تەسفیە و پاکتاوی نەیارە سیاسییەکانی هەبووە، ئەگەر لە قۆناغەکانی شاخدا لە رێی ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگانەوە ئەو پرۆسەیەی بەڕێوە بردبێت، ئەوا لە قۆناغی دوای راپەڕیندا هەرچەند بۆی کرابێت هەمان کاری کردووە و هەر کاتێکیش توانای نەبووبێت، میکانیزمی تری دۆزیوەتەوە، وەک ئەوەی لە رێی خۆپیشاندانەکانەوە نەخشەی بۆ کێشابوو و یەکەم چرکەی لە ئێوارەی ١٧ شوباتی ٢٠١١ دەستپێکرد و دواجار لە رۆژی ١٩ نیسان بە تووڕەیی دەسەڵات و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران کۆتا هات. دیسان لە ساڵی ٢٠١٥

سواری شەپۆلی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران بووەوە، ئاراستەی خۆپیشاندانەکانی خستە خزمەتی شەڕی کۆنە قینی خۆی لەگەڵ پارتی، ئێمە ئەگەر سەیر بکەین، نەوشیروان ویستوویەتی بەهەر نرخ و ڕێگەیەک بووە پارتی و بنەماڵەی بارزانی تەسفیە بکات، یان بەلانیکەمەوە پەڕاوێزیان بخات لەسەر شانۆی سیاسیی. هەرچەند ئەوە مافی خۆی بوو، بەڵام ئێمە مافی خۆمانە بڵێین نەوشیروان بە ماسکی گۆڕان و گۆڕینی سیستمی سیاسیی دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو.

محەمەد حاجی مەحموود، لە بەرگی چوارەمی یاداشتەکانیدا «ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک» دەنووسێت «نەوشیروان مستەفا لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان داوای لە ئێمە دەکرد هێزی خۆمان بۆ دژایەتی پارتی یەک بخەین و لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا وتی: دەمانەوێ یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر پارتی سەربکەوێت، منیش لەوانەیە کێشەم هەبێت لەگەڵ یەکێتی و مام جەلال! بەڵام کێشە بۆ پێشکەوتنی میللەتەکەمە. من پێشکەوتنی میللەت لە پێشکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەبینم و ئێمە و ئێوەش شۆڕشمان کرد بۆ ئەوەی ماڵی مەلامستەفا نەیەنەوە و ببنە برابەشمان، من بۆ سەرکەوتنی یەکێتی و سەرکەوتنی مام جەلال هەموو تواناى خۆم سەرف دەکەم». هەر بۆیە نەوشیروان لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین ئەندازیاری شەڕی ڕاستەوخۆ بووە لەگەڵ پارتی، بە ئامانجی دەرپەڕاندنی پارتی و بنەماڵەی بارزانی, خۆی وتەنی تا بچنەوە لە کەرەج ببنەوە بە پەنابەر. ئەمەش بە نرخێکی گران تەواو بوو، بە تایبەت بە خوێنی هەزاران کەس و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەیشتە خاڵی کۆتایی خۆی، بەڵام نەوشیروان چونکە لایەنگری تەسفیە بوو، وەختێک یەکێتی لەگەڵ پارتی ڕێکەوتنی ئەنجامدا و بڕیاریاندا لەمە بەدواوە ململانێی دیموکراسییانەی یەکتر بکەن، لە حزبەکەی جیابووەوە، ئەویش وەک ڕێگەیەک بۆ درێژەپێدان بە سیاسەتی تەسفیە و پاکتاوی سیاسیی.

وەنەبێت ئەم سیاسەتەی تەنیا بەرامبەر بە پارتی پەیڕەو کردبێت، نەخێر ئەم سیاسەتە بەرامبەر بە کۆی حزبەکانی تری کوردستان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە پراکتیک کراوە. هەر لە حزبی سۆسیالیست و شیوعی و ئیسلامییەوە

بیگرە تا دەگاتە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان. نەوشیروان مستەفا لە قۆناغی شاخدا ئەندازیاری پاکتاوی «حسک» بوو هەر بەبڕیاری ئەو شەڕێکی خوێناویی گەورە بەرپابوو لە نێوان یەکێتی و حسک، لەم نێوەندەدا بە بڕیاری فەرمی ئەو هەریەک لە «مام ئاراس، شێرکۆی شێخ عەلی، عەبدوڵڵا سوور» کە سێ سەرکردەی سۆسیالیست بوون شەهید کران، هەر لەو نێوەندەدا پاسۆک «حزبە کۆنەکەی ڕێبین هەردی» بێبەش نەبوو لە سیاسەتی تەسفیەی نەوشیروان مستەفا، پاساوی هێرشکردنە سەر پاسۆک و ڕاوەدونیان بۆ ئەو بیانووە لاوازە دەگەڕایەوە گوایە «ملازم شوان» نزیکەی ١٥ پێشمەرگەی یەکێتی لە تراکتۆرێکدا کوشتووە، بەڵام پرۆسەی لەناوبردنی شیوعییەکان و شەهیدکردنی ٩٠ پێشمەرگەی ئەو حزبە لە گوندی پشتئاشان و قەڕناقا لوتکەی ئەو سیاسەتە توندەی پاکتاوی سیاسیی بوو کە نەوشیروان مستەفا ببووە پێغەمبەری.

قادر ڕەشید «ئەبو شوان» یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی حزبی شیوعی لە کتێبەکەیدا بەناوی «پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا» باس لە شێوازی ئۆپەراسیۆنی قەلاچۆکردنی شیوعییە «تەحریفییەکان» لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دەکات و لە کتێبەکەدا هاتووە: هێزەکانی یەکێتی بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ هێرش دەکەنە سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراقی و پاسۆک و حسک لە گوندەکانی پشتئاشان، قەڕناقا، بۆڵێ، ئاشقۆڵکە و ڕەزگە. نزیکەی ٩٠ کەس دەکوژرێن و چەندین کەس بریندار دەکرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە شێوەی هەڵسوکەوتی نەوشیروان و هێزەکەیەتی لە شەڕەکەدا. کە پەنجەی کچێک بەناوی ئەحلامیان بڕیوە بۆ ئەوەی ئەڵقەکەی لێ ببەن، تەرمی پێشمەرگەیەک بەناوی عەلی حوسێن لە ژێر خاک دەردێنن بۆ گەڕان بەدوای چەکەکەیدا و تەرمەکەش لە ڕۆخی ڕووبارەکە بە جێدێڵن، کەسێک بەناوی ئەبومەکسیم خاوەنی ٧ منداڵ دەبێت، بێ ئەوەی دەست بکاتەوە دەدرێتە بەر گوللە و دەکوژرێ، ئەو دیلانەی پارەیان پێبووە ڕووت دەکرانەوە و بە دیلی دەکوژران. «هەندرێن»ی ڕووناکبیر کە لەو کاتە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووە دەڵێ: من خۆم گوێم لێبوو نەوشیروان لە رادیۆکەی خۆیانەوە دەیگووت: ئێمە وەک باڵندەیەک سەری حزبی شیوعی هەڵدەکێشین و دواتر

پەڕوباڵییان هەڵدەکێشین. کەسێک وا قسە بکات، چاوەڕوانی هەموو شتێکی لێدەکرێت.

ئەم سیاسەتە لە قۆناغی تردا هەموو ئەوانەشی گرتەوە کە لەناو یەکێتی نەیاری سیاسەتی رەسمی بوون، بۆ وێنە خوێندنەوەی یاداشتەکانی «پشکۆ نەجمەدین» واتە «ئەزموون و یاد» بەروونی ئەوەی تێدا دەبینرێت نەوشیروان مستەفا سەرباری ئەوەی ئاڵای شۆڕشی سەرکوت کردووە، تەنانەت فەرمانی بە لایەنگرانی خۆی کردووە هەمیشە دەستوچاوی سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش لە نێویشیاندا پشکۆ نەجمەدین ببەستنەوە. لە پاش راپەڕینیش ئەم سیاسەتە لە دژی پارتی و ئیسلامییەکان و زۆر دڵڕەقانەش بەرامبەر بە کۆمۆنیستەکان ئەنجام درا و درێژەی هەبوو، تەنانەت تیرۆری ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی تەنها کەوتووەتە پێش پێنج ساڵ لە بانگەشە دیماگۆگییەکانی نەوشیروان بۆ ریفۆرم!! کە بینیمان لە رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٠دا چۆن بە سەرکردایەتی نەوشیروان پێنج کادری حزبی کۆمۆنیست بە رۆژی رووناک لە چەقی شاری سلێمانیدا رەشەکوژ کران، ئەم پرۆسەیەش لێرە بە کۆتا نەگەشت بەڵکو تیرۆری جەستەیی کادرانی حزبی کۆمۆنیست تا ٢٠٠١ درێژەی کێشا، رەنگە دوا هاورێی تیرۆرکراو «کامەران ئەسعەد» بێت لە چەمچەماڵ لە کۆتاییەکانی مانگی دیسامبەری ٢٠٠٠. تا دوا لەحزەی ژیانیشی نەوشیروان مستەفا لە ژێر دەمامکی گۆڕانەوە خەریکی تەسفیەکردنی سیاسیی بوو بە تایبەت بەرامبەر بە پارتییەکان. بۆیە کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئەم پیاوە دەدەینەوە هیچی تر نییە جگە لە چەند لاپەڕەیەکی خوێناویی لە تەسفیەکردنی چالاکوانە سیاسییەکانی کورد.

### گۆڕانکاریی بە نەوشیروان مستەفا نەدەکرا

گۆڕینی دۆخی سیاسیی کوردستان و بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی بە کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفا نەدەکرا، چونکە خۆی داهێنەری سیاسەتی فیفتی بە فیفتی بوو، خۆی بۆ یەکەمین جار کۆمیتەی حزبی لە زانکۆی سلێمانی کردەوە، خۆی یەکەم سەرکردەی حزبی بوو دەستی وەردایە کاروباری زانکۆ، نەک حەرەمی زانکۆی شکاند، بەڵکو دەیان موحازەرەی لە زانکۆی سلێمانی

وتۆتەوە، خۆی بەرپرسی ئەو هەیکەلە ڕێکخستنە بوو یەکێتی هەیبوو، خۆی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان و کاربەدەستانی حکومی سەر بە یەکێتی تەشخیس دەکرد، خۆی دەستی باڵای هەبووە لەناو هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگای زانیاریی و ئاسایشدا، تەنانەت لە یەک کاتدا سێ سەرکردەی سەر بە باڵەکەی، ئەو دەزگا هەستیارانەیان بەڕێوە بردووە «قادر حاجی عەلی- بەرپرسی دەزگای زانیاریی، دانا ئەحمەد مەجید- بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، مستەفا سەید قادر- فەرماندەی هێزی پێشمەرگە». دواتریش وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاری سلێمانی و دەیان پۆستی گرنگی تر دەکەونە بن دەستی سەرکردەکانی باڵی ریفۆرم. تۆوی ئەو گەندەڵییەی ئەوان باسی دەکەن زادەی ئەو قۆناغەیە نەک ئێستا، ئەوسا کە دەسەڵاتیان هەبوو نەک ئەوەی باسی چاکسازییان نەدەکرد، بەڵکو زمانی ئەوەیان دەبڕی ڕەخنە بگرێت و بڵێت کوا پارەی قەرەبووی وشکەساڵی کە پارێزگاری ئەوسای سلێمانی بۆ گردەکە و خودی خۆی خەرج کردبوو، هەموو خۆپیشاندانێکیان بە زەبری چەک سەرکوت دەکرد، وەک سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٦، کە لە سلێمانی و کەلار و هەموو شوێنەکانی تر لەلایەن سەرکردەکانی ئێستای گۆڕانەوە سەرکوتکران.

تەنانەت بەپێی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆم، تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٣ تا ئەو کاتەی وازی لە یەکێتی هێنا، نەوشیروان مستەفا بڕی یەک ملیۆن دۆلاری وەک مووچە و بۆ شەخسی خۆی وەرگرتبوو!!. بەپێی زانیارییەکان ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ مانگانە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری سویسری وەرگرتبوو کە دەیکردە (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دیناری سویسری لەو ساڵەدا، هەروەها لەساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) مانگانە (٥) پێنج هەزار دۆلاری وەرگرتبوو کە دەکاتە (٦٠) شەست هەزار دۆلار لەو ساڵەدا. پاشان لەساڵی (٢٠٠٥) هەتا مانگی دووی (٢٠٠٧) مانگانە (٥٠) پەنجا هەزار دۆلاری وەرگرتبوو کە کۆی پارەی ئەو چواردە مانگە دەکاتە (٧٠٠) حەوت سەد هەزار دۆلار، پاش وازهێنانیشی لە یەکێتی و بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای وشە (١٠) دە ملیۆن دۆلاری لە مام جەلال وەرگرتبوو. کەواتە ئەو کاتە دادپەروەریی لە کوێ بوو؟. ئایا کەسێک لە چوار ساڵدا یەک ملیۆن دۆلار مووچەی وەرگرتبێت چۆن دەیتوانی باسی

ریفۆرم بکات؟، مەسەلەکەش ئەوە نییە ئەو پارەیە وەک مووچە وەریگرتبوو، خۆزگە ئەوکاتە بیوتبایە ئەوە گەندەڵییە و زۆرە. ئیتر ئێمە چۆن ریشی خۆمان بدایەتە دەست کاکە نەوە گۆڕانمان بۆ ئەنجام بدات, کە دوای مردنی خۆی گردێکی سەدان دۆنمی لە ناوجەرگەی سلێمانی و کارگەی گەچ و چیمەنتۆ و سوپەرمارکێت و پاڵاوگەی نەوتی لە دوا جێمابێت؟.

٢٠-٥-٢٠١٩

خۆرئاوای زەمین

**تێبینی: ئەم وتارە لە بناغەوە لە مایۆی ٢٠١٩دا نووسراوە، بەڵام هیچ رۆژنامە و گۆڤار و سایتێک ئامادە نەبوون بڵاوی بکەنەوە. بەڵام لە سێهەمین ساڵەی مردنی نەوشیروان مستەفادا و لە رۆژی ٢٥-٥-٢٠٢٠ لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان»دا بێ هیچ سانسۆرێک بڵاوکرایەوە. رۆژی دواتریش لە ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاو کرایەوە. هەر لە مایۆی ٢٠٢٠یش لە ماڵپەڕی چاوی کورد بە دووبەش بڵاوکرایەوە.**

# رۆژئاوای کوردستان و کەوتنی ماسکەکان

هێرش و ئۆپەراسیۆنی ئەم دواییەی رژێمی تورک بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان «ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی- نۆی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩». هەروا وەک ئەکشنێکی داگیرکاریی بچووک بەمەبەستی دروستکردنی «ناوچەی ئارام» نەمایەوە، بەڵکو دەرگای بۆ گەمەیەکی نێودەوڵەتی گەورە لە رۆژهەڵاتی فورات و تەواوی سوریا کردەوە. زلهێزەکان و دەوڵەتە هەرێمییەکان هەریەک بە ئەجینداییەکەوە ویستیان کەم تا زۆر لە کێکی ئەو ئاڵوگۆڕە بەشی خۆیان ببەن. کشانەوەی خێرا و شۆکهێنەری هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی فورات و داگیرساندنی چرای سەوز بۆ ئەرتەشی تورک تا لەشکرکێشی بکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان، دیمەنێک بوو تەنیا لە هۆلیۆددا بینیومانە. دواتریش هاتنی روسیا بۆ ناو هاوکێشەکە گەمەکەی خەستتر کردەوە، بە تایبەت لە واشنتۆن وەها لێکدانەوەی بۆ کرا، ترامپ پێگە و متمانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەمەریکا نەهێشتۆتەوە، بە فۆرمێک وەک ئەوەی ئیدی واشنتۆن دەستی لە ناوچەکە و دۆستەکانی هەڵگرتبێت. لە هەمان کاتدا ئەم فاکتۆرە هەژموونی روسیای لە ناوچەکەدا بەهێزتر کرد، دووریش نییە لە حاڵەتی بنبەستی قەیرانی ئێستای لوبناندا روسەکان بە ناردنی هێزی ئاشتی پارێز هەژموونی خۆی بەسەر ئەو وڵاتەشدا زاڵ نەکەن، هەروەک ئاشکراشە کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوان مۆسکۆ و تەلئەبیبدا نابینرێت، بۆ ئەوەی بڵێین ئیسرائیل دەبێتە لەمپەر.

تابلۆکە بە گشتیی ئەوەمان پێدەڵێت، بارودۆخەکە لە تەقینەوەیەکی گەورەدایە، رەنگە ئەو نەخشە کۆنەی بەر لە سەد ساڵ بە پێی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا-

بەریتانیا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوین رەسم کرابوو، بەشێوەیەک بگۆڕێت، دۆڕاوەکانی ئەو زەمەنە «ئەمەریکا، روسیا، تورک» جارێکی دیکە دیزاینی ئەم دەڤەرە پڕ قەیرانە بکەنەوە. ئەوەی دەبینرێت لە دۆخی ناوچەکەدا فەوزایەکی لێڵ و نادیارە، منی خستۆتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی فیکرم بڕواتە سەر تیۆری «فـەوزای بنیاتنەر»! ئـەو تیۆرییەی لە ئەفلاتۆنەوە هێنراوەتە نـاو بـواری سیاسییەوە و ئەمەریکا بە چڕوپڕی کاری پێدەکات، ستروکتۆری ئەو تیۆرییەش خۆی لـەوەدا دەبینێتەوە، بۆ بنیاتنانی نویێ، دۆخێکی ئانارکیستی هەمەجی پێویستە لە دژی کۆن. بە مانایەکی تر هەمیشە ئاڵوگۆڕەکان لەناو کەشی فەوزا و جەنگەکاندا روودەدەن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی دۆخی مەیيو پێویستە سـەرەتا شلۆقییەک هەبێت. زۆر دوور نەکەومەوە لە ناوەرۆکی باسەکەم، دەگەڕێمەوە سەر مەبەستی سـەرەکی، لێرەدا پێویستیمان بە دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان هەیە و دەپرسین ماسکەکان لە کوێدا کەوتوون؟.

### ئاستی ناوخۆ

لێرەدا ناوخۆ هێندە لۆکاڵی نییە، ببەسترێتەوە بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو وابەستەیە بە کورد خۆیەوە لە هەر کوێیەک بێت، دەکرا بڵێین ئاستی پارچەکانی کوردستان، بـەڵام لەوەشدا مەبەستم هەبووە کە دنیای خۆمان دابەش نەکەین بە ویستی ئەویتری داگیرکەر. لەم رەهەندەوە سێ خاڵ و دیاردە دەخەینە روو:

یەکەم: رۆژئاوا و رۆژهەڵات. لە ماوەی مانگێکدا گۆڕانکاریی خێرا لە دوو بەشی کوردستان روویدا، لە رۆژئاوا وەک ئاماژەمان پێدا لەشکرکێشی تورک هەبوو. لە رۆژهەڵات گۆڕانەکە فۆرمێکی تر بوو. بەپەیوەستبوونی جەماوەری ئەو بەشەی کوردستان بە ناڕەزایەتییەکی فراوانتری خەڵکی ئێرانەوە. ئەگەرچی پاساوەکە گرانبوونی نرخی بەنزین بوو، بەڵام ئەوە رووکەشی بابەتەکەیە. ریشەی قوڵی ئەو خۆپیشاندانە شۆڕشئامێزە سەرکوتی سیاسیی و مەزهەبی و نەتەوەیی و داڕوخانی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەیە. ئەگەر بۆ بەشەکانی تری ئێران لە دەرەوەی رۆژهـەڵات، شۆڕشی نان و ئازادیی بووبێت، بێ شک بۆ

ڕۆژهەڵاتی کوردستان شۆڕشەکە لە پاڵ نان و ئازادییدا، ڕەهەندێکی نەتەوەیشی هەیە. بچووککردنەوەی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بۆ بازنەی نەبوونی خزمەتگوزاریی و قەیرانی بژێویی، بە مەبەست بێ یان نا، ئەوپەڕی گەوجێتییە. کورد لەو بەشە شۆڕشی بۆ ئازادیی و بوونی نەتەوەیی خۆی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا ماڵی کوردیی هەمان تین و هەست و هاوسۆزیی نەبوو بەرامبەر ڕۆژهەڵات بە بەراوورد بە ڕۆژئاوا. ئەمە دیاردەیەکی عەفەویی نییە، بەڵکو دابەشبوونی کوردە بەسەر ئەجێندای دەرەکیدا، لە کەسیشمان شاراوە نییە، هەژموونی ئێران بەسەر زۆرێک لە پارتە کوردستانییەکان و تەنانەت نوخبەشەوە دیارە. ئەوێ ڕۆژێ هاوڕێیەکی ڕۆژهەڵاتیم گوتی لەوە تێناگەم جیاوازیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات چییە؟ وا ساردییەکی سەیر دەبینم لە پشتیوانیکردنی ڕۆژهەڵات لەلایەن پارچەکانی ترەوە. لە وەڵامدا وتم: لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵات لە بندەستی داگیرکەری ئێراندایە، ئەگەر بۆتان دەکرێت بیگوازنەوە ژێر چنگی تورک. هەر لەم ڕوانگەوە ماسکی زۆرێک لە حزب و لایەن و ڕۆشنبیران کەوت. تەنانەت ئەو میدیا «ئەهلییانە»ی لە باشوور باسیان دەکرێت، بەشێوەیەک قڕوقەپیان کردبوو، وا خۆی دەردەخست لە تارانەوە پەخش بکرێن نەک لە باشوورەوە.

دووەم: مزایەدەی سیاسیی. هەر لەیەکەم ڕۆژی لەشکرکێشی تورکیاوە بۆ سەر ڕۆژئاوا تاکو بە ئەمڕۆ دەگات. فایلی ڕۆژئاوا کراوەتە ئۆبێکتێکی نایاب بۆ مزایەدەی سیاسیی نێوان لایەنەکانی کوردستان. لە باشوور ئەوەندەی ڕکابەرییەکە بریتیبوو لە تەسعیداتی ڕاگەیاندن و پرۆسەی تەخوینی یەکتری، بە چارەگی ئەوە بیر لە کارێک نەکراوە بۆ یارمەتیدانی ڕۆژئاوا. مەرج نییە هەمیشە یارمەتییەکان لە بواری سەربازییدا بن، بەڵکو دۆزینەوەی پلاتفۆرمێکی سیاسیی گونجاو، دەستپێشخەریی بۆ کاری پێکەوەیی و پێکەوەگرێدانی گووتارە جیاوازەکان لە یەک دیسکۆرسی نیشتمانیدا، لە هاوکاریکردنە عەسکەرییەکان چەند قات کاریگەرتر دەبوو. ئەوەی ئێمە لە ماوەی ئەم مانگ و نیوەدا بینیمان سەلمێنەری کارەساتێکی عەقڵی سیاسیی و نوخبەویی ئێمە بوو، کە هێشتا پەنجەرە تەڵخەکانی حزبایەتی ڕێی بینینی تراژیدیا و سیناریۆ سامناکەکانی ئایندەی لێگرتووین.

سێیەم: ئیسلامی سیاسیی کوردیی. حاشاهەڵنەگرە ئەگەرچی دادوگەشەپێدان دەنگی مەهەپە و چەهەپە و باش پارتیشی لەگەڵدایە، لە بڕیاری ئۆپەراسیۆنی ناسراو بە «کانی ئاشتی». ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێت سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە لەلایەن حزبێکی میتۆد ئیخوانیی خەلافەتخوازەوە دەکرێت. لە هەموو لایەکی دنیاوە ئیخوانەکان هەر لە سودان و قەتەر و پاکستانەوە تاکو فەلەستین و میسر هاوپشتیوانی خۆیان بۆ ئەردۆگان دەربڕی وەک پێشەوای ئیسلامی سووننە، بەڵام ئەو وێنایە ساختە بوو، لە سۆنگەی ئەوەی بینیمان تەنانەت وڵاتانی ئیسلامی وەک سعودیەی وەهابی و ئیماراتی دژە ئیخوان، دژ بە خواستی تورک و ئەردۆگان دەنگی خۆیان هەڵبڕی. لەم نێوەندەدا تێبینی ئەوەمان کرد ئیسلامی سیاسیی کوردیی بە هەموو ڕەوت و باڵەکانییەوە، بێدەنگترین لایەنی ناو واقیعی سیاسیی کوردستانە، تەنانەت پارتی هودا لە باکوور و ڕەوتی ئیخوانی لە ڕۆژهەڵات «پاشماوەکانی مەکتەب قورئانی ئەحمەدی موفتیزادە» بە هیچ شێوەیەک هەڵوێستێکیان نیشان نەدا، بۆنی ناڕەزایەتی و پرۆتستۆی ئەو لەشکرکێشییەی ڕژێمی تورکی لێ بێت. تەنانەت لە باشوور کە ئیسلامییەکان لەم چەند ساڵەدا لە تیرۆریستی شاخەکانی هەورامانەوە بوون بە دیاردەیەکی دەنگیی و ناڕەزایەتی سەرشەقام، هیچ بەشدارییەکیان چ لە میدیا چ لە خۆپیشاندانەکاندا نەبوو بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوا. ئەمە ئەو چرکەساتەیە ماسکی «کوردایەتی» ڕەوتە ئیسلامییەکان لە بەرچاوی هەمووواندا دەکەوێت. ئەوەی دەبینرێت تەنیا کۆمەڵێک مجاهیدی خەلافەتخوازی متبوون و بە زمانی کوردیی قسان دەکەن.

### ئاستی دەرەوە

لەسەر ئاستی دەرەکی زۆرێک لە دەوڵەتان و پارتییە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکار لە «ئازادیی» بە فۆرمی جۆربەجۆر هەڵوێستی خۆیان لە هەمبەر ئەو داگیرکارییەی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوا روون کردەوە، خۆشبەختانە زۆربەیان ئیدانەی ئەو لەشکرکێشییەیان کرد، هەڵبەتە ڕوانگە و بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان پێش هەر شتێکی دی

خستووە «ئەمەش مافی خۆیانە» بەڵام ئەوەی گرنگە کورد بتوانێت ئیستسماری ئەو ناڕەزایەتییە جیهانییەی دژ بە تورک دروستبووە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بکات، نەک وەک کۆمپانیایەکی سیکورتی لەو نێوەندەدا ڕۆڵێکی لاوەکی بگێڕێت، هەموو ڕۆژێک ئەم ناڕەزایەتی و گووشارە لەسەر تورک بوونی نابێت، هەموو ڕۆژێکیش دۆخی سوریا وا مۆلەق نابێت. دەبێت کورد ئەم هەلە بقۆزێتەوە، بەو پێیەی تازەترین پێناسەی سیاسەت قۆستنەوەی هەلەکانە. هەر لەو سۆنگەوە ناڕەزایەتییە جیهانییەکان تەوزیف دەکەین بەسەر سێ ئاستدا:

یەکەم: بەرژەوەندیی زلهێزەکان. وەک دەردەکەوێت رایەکی کۆنکرێتی هەیە لە کۆنگرێس تەنانەت لە ناو کۆشکی سپیش بۆ گەڕانەوەی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە. «لیندزی گراهام» ئەو سیناتۆرەی لە هەمووان زیاتر پێداگریی لە گەڕانەوەی ئەمەریکا دەکات، ترسی لە بەهێزبوونی هەژموونی روسیایە لە سوریا کە دواتر لەوێوە دەپەڕێتەوە لوبنان، ئەگەرچی لێدوانەکانی بۆ کورد رۆمانسییەتێکی زۆریان تێدایە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە سیاسەتمەداری کورد عاشقانە سیاسەت دەکات، وێنای گراهام لە زەینی ئێمەدا وەک چێ گیڤارا بە خێرایی چەسپی، ئەگەرچی لێدوان و پاساوەکانی بۆ گەڕانەوەی ئەمەریکا بەمەبەستی پاراستنی کورد دیماگۆگییەتێکی رووتە، بەڵام کورد دەتوانێت زیرەکانە ئەم بەهانەیە بقۆزێتەوە. نابێت وەک پێشوو پەیوەندییەکی رۆمانسیانە لەگەڵ ئەمەریکا دروست بکات، سیاسەت ئەو سێرگەیە ئەردۆگان دەیکات لە نێوان روسیا و ئەمەریکادا. کورد نابێت وەها تێبگات ئیدی ئەمەریکا دەستبەرداری تورک دەبێت، لەوەتی یەکەمین ڕێکەوتن لە نێوان ئەمەریکا و تورک لە ساڵی ١٧٩٥ەوە واژۆ کراوە، چەندین جار ئەم دڕدۆنگی و ساردییە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام بە خوێندنەوەی مێژوو لەوە تێدەگەین ئەمەریکا و تورک هەرگیز دەستبەرداری یەکتر نەبوون. زۆر بە باشی ئەو وتارەی «جەنگیز چاندار»م دێتەوە بیر لە سەرەتای دووهەزارەکاندا نووسیبووی: ئەمەریکا دۆستێکی تازەی کوردە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر لە بەرژەوەندیی تورکیادا دەیشکێنێتەوە.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش، روسیا هاتۆتەوە ناو گۆڕەپانەکە. لە رۆژهەڵاتی فورات ناوچەیەکی «ئارام» لەژێر چاودێریی روس و بە ڕێکەوتنی

نێوان پۆتین- ئەردۆگان، خەریکە چی دەکرێت، تەنانەت روسیا لەمەشدا تورکیای کۆنترۆڵ کردووە و ناهێڵێت هیچ جوڵەیەک بی ئامادەبوونی هێزی وڵاتەکەی لەو ناوچەیەشدا بکات کە ناونراوە زۆنی ئارام. روسیا هەم چاوی لە نەوت و گازی ناوچەکەیە تا نەبێتە ئەڵتەرناتیڤی گازی سروشتی وڵاتەکەی، هەم جۆرێک رێکەوتنی لەگەڵ ئەمەریکاش هەیە بۆ گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە. سەبارەت بە کورد رووسەکان پێداگریی دەکەن لەوەی لەناو چوارچێوەی دەستووری سوریادا مافەکانی جێ بکرێتەوە، کە کەمترە لەوەی سالانی هەشتاکان رژێمی عێراق بە ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی باشووری بەخشیبوو. کورد دەبێت لەم دۆخەش ماسکە کەوتووەکەی روسیا چاو لێبکات، رێگەیەک بدۆزێتەوە نە ببێتە پاسەوانی چاڵە نەوتەکان بۆ ئەمەریکا، نە بەندەی گوێڕایەڵی روسیا بۆ پێکهاتنەوە لەگەڵ ئەسەد. راستە چارەنووسی رۆژئاوا مانەوەیە لەچوارچێوەی سوریادا، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە چۆن مانەوەیەک؟.

هەرچی وڵاتانی تری وەک فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و کۆی وڵاتانی رۆژئاواییە، هەریەک بەجۆرێک چاویان لەم گۆڕانکارییانەی ناوچەکەیە، سەرئەنجام پشکی ئەوانیش لە قازانجدا هەبێت، ئەمە شتێکی ئاساییە لە سیاسەتدا، بەڵام کورد دەبێت ماسکە کەوتووەکانیان ببینێت. ئەوەی دۆستی کوردە تەنیا خۆیەتی، ئەو هێزەی بە ژیریتی خۆی بە دەستی دەهێنێت سەرئەنجام دەبێتە هۆی سەرکەوتنی. کێشەی ئێمە هەمیشە ئەوەیە باس لە مانەوە دەکەین، باس لە پاراستنمان دەکەین، هیچ کات بیر لە بەهێزبوونی خۆمان ناکەینەوە بە بازوو و ئاوەزی خۆمان. ئەو دەستە دەرەکییەی ئەمڕۆ هاوکارتە، بۆی هەیە سبەی هەمان دەست قورگت بۆ خنکاندن بگرێت.

دووەم: حزب و رێکخراوە چەپەکانی دنیا. چەپ بە گشتیی لە شکستێکی سیاسیدایە، بە تایبەت لە ئەوروپا بێ گووتارترین هێز چەپەکانن، چون چیدی پرۆلیتاریا هیوای گۆڕانکاریی ریشەیی لەسەر هەڵناچنرێت. تەنانەت گریمانەکەی «هێربرت مارکۆزە»ش بەزی کە پێیوابوو لە بری چینی کرێکار، توێژی گەنج دەتوانێت ببێتە داینەمۆی گۆڕین!. شۆڕشی ١٩٦٨ی قوتابیانی فەرەنسا لەسەر ئەم تێفکرینە دروستبوو، شۆڕش هات و رۆیشت، هیچ گۆڕانکارییەک روویندا

وەک چەپەکان بیریان لێ دەکردەوە. هەنووکە چەپەکان بوونەتە زمانحاڵی ئیسلامی توندڕەو، پاڵپشتی کۆماری ئیسلامی ئێران و حەماسی فەلەستینی و پەنابەران «ئەمەیانم پێ باشە». لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ نفوزیان لە کەمبوونەوەدایە، وەک لە دوا هەڵبژاردنی سوێد و ئەڵمانیادا بینیمان، دەنگی پارتی دی لینکە و ڤێنستەر پارتی لە دابەزینێکی زۆردابوو، لە بەرامبەردا پارتییە ڕاسیست و ڕاستڕەوەکان پێشڕەویی زۆریان کردبوو. لەمەش کۆمیدییتر ئەوەیە چەپەکانی ئەوروپا هیچ کەسایەتییەکی بەهێزیان تێدا نییە، وتارێکی جەریئانەش بدات، ئەوەی هەیە تەنیا ئەو چەپە کۆچبەرانەن بوونەتە ئەندامی ئەو حزبانە. من لێرەدا نموونە هەرە زەقەکەم پارتی چەپی سوێدییە، بە پلەیەکی تریش پارتی لینکەی ئەڵمانی. کورد بە تایبەت لە ڕۆژئاوا دەبێت ئاگاداری ئەمە بێت، چەپەکان ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بارودۆخەکە هەبێت. ئەمانیش ماسکەکانیان کەوتووە، ئاخر بێ مەڵات نییە سلاڤۆی ژیژەک وەک کاریزمترین فەیلەسوفی چەپی ئەوروپی، دۆستی نزیکی ڕژێمی کۆریای باکوور و کۆماری سێدارەی ئێرانە، بۆ ڕۆژئاوای کوردستانیش فرمێسکی تیمساحانە دەڕێژێت!.

سێهەم: دامــەزراوە و ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکان. ئەم ڕێکخراوانە لە باشترین حاڵەتدا داتا و ئامار دەکەن، سەرژمێری قوربانییەکان دەکەن، گەر زۆر فشاریش بۆ خۆیان بهێنن بەیاننامەیەکی مەتاتی و دوالیزمی بڵاو دەکەنەوە. ئەگەر ڕێکخراوە هەرە گەورەکەی جیهان «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» بە نموونە وەربگرین، ئەم ڕێکخراوە جیا لەو سکەنداڵە گەورانەی لە رووی گەندەڵی و بیرۆکراسییەوە لەسەریەتی، هیچ کاریگەرییەکی نـەک لەسەر ڕای دەوڵەتان نییە، بەڵکو ناتوانێت ڕای گشتییەکی جیهانیش دروست بکات. ڕێکخراوی کڵاوشینەکان وێنا هەرە دیارەکەی لە زیهنی زۆرینەدا، دابەشکردنی خێمەیە بەسەر لێقەوماواندا. کۆی ئەو ڕێکخراوانەی تریش هەریەک بە جۆرێک، گرێدراوی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و دەستگا هەواڵگرییەکان و پاشکۆی سیاسەتێکی دیـاریکراون. ئەمانە لە مێژە دەستەکەیان بۆ هەموو گەلانی بندەستی دنیا ئاشکرایە، کەچی تراژیدیاکە ئەوەیە کورد هێشتا بە بەیاننامەی مەحکومکردن و پشتیوانی ئەو ڕێکخراوانە گەشکە لێیدەدات. ئەمە ئەو دیمەنە

خەفەتبارەیە زۆرێکمانی نائومێد کردووە لە بەرامبەر سیاسەتی کوردیی و سیاسەتمەداری کورددا.

بە کورتی لە چەرخی نیو لیبرالیزمدا، هەموو ماسکەکان کەوتوون، سیاسەت بە مانای بەرژەوەندیی رووت، بێ هیچ رووپۆشێکی هیومانیستیانە و پاساوی جۆراوجۆر خۆی نمایش دەکات. هەر ئەو وتەیەی ترامپ «بیرە نەوتەکان لە دەستی خۆماندایە». بێ هیچ ئەملاولایەک ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە هاوچەرخە روون دەکاتەوە هەنووکە دنیا هەڵدەسوڕێنێت. کورد دەبێت ئاگای لەمە بێت و بە دوای بەرژەوەندیی خۆیەوە بێت. هەرچەند هاتنی مایک پێنس بۆ کوردستان، سەرەتایەکی تری تازەیە، بەڵام ئەگەر زیرەکانە کار نەکەین، دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣١٠»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ١١-١٢-٢٠١٩ بڵاوبووەتەوە.**

# لەشکرکێشی سەر ڕۆژئاوای کوردستان
# گەمەی جەمسەرەکان.. لاوازیی دیسکۆرسی کورد

لێرەدا و لە پێشدەستیدا و لەژێر کلاورۆژنەی یاسای نێودەوڵەتیدا، تیشک دەخەینە سەر ئەوەی لەشکرکێشی ئەرتەشی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکە لە پرۆسەی داگیرکاریی و پێشێلی سیادەی دەوڵەتێکی تر. هەر لەبەر ئەم هۆکارە سادەیەش بێت گرنگە پرۆتستۆیەکی هەمەلایەنە دژی ئەو داگیرکارییەی ئەردۆگان لە ئاستێکی باڵا و مەحفەلی نێودەوڵەتی دروست بکرێت. هەرچەند زۆر لەوە دڵنیام لەشکرکێشی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان سنووردار دەبێت، بەڵام سنووردارییەکە ئەوە نییە بڵێین مەترسیی نییە. بەپێچەوانەوە ئامانجی سەرەکی تێکدانی باری دیموگرافی ئەو بەشەی کوردستانە، ئەمە زۆر لەوە سامناکترە کەنتۆنەکان هەڵبوەشێنەوە، ئەگەرچی من ڕەخنەی خۆمم هەیە لەسەر کەنتۆنەکان، بەو پێیەی چەمکی کەنتۆن بووەتە ئەڵتەرناتیڤی وشەی کوردستان. هەرچەند ڕەخنەشم لە خودی تەسمییەی ئەو هێزە هەیە یەپەگە بەشێکی لێ پێکهێناوە «هێزەکانی سوریای دیموکرات» لێرەش ناوی کوردستان نابینرێت. ئەمانە لەم کاتەدا کە بەشێکی کوردستان لە بن هەڕەشەدایە ئەوەندە بایەخیان نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە کورد چۆن دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو داگیرکارییە بێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی تەنیا ڕوویەکی پرۆسەکەیە، ڕووە هەرە گرنگەکەی تری ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی و ئیستسماری سیاسییە لە دژی دەوڵەتی ئاکەپە و تورک.

کورد تا ئێستا بە نیشاندان و زەقکردنەوەی وێنەی قوربانییە سڤیلەکان، ستەملێکراویی خۆی نیشانی دنیا دەدات، ئەم وێنانە توانایان نەماوە سۆزی جیهانێک بوروژێنن جیهانی حیسابات و بەرژەوەندییە. ئێمە دەبێت واز لە چەکی ئاویی «فرمێسک و شیوەن» بهێنین، بەڵکو پێویستە دیسکۆرسێکی روون و بەهێز نیشان بدەین، ئەمەیان شتێکە لە ئێستای دنیادا دەیخوا. دۆزی کورد دۆزێک نییە بە رێکخراوێکی خێرخوازیی چارە ببێت، ئەوەش نییە نەزیفی ئەو خوێنە بە رێکخراوێکی بیرۆکراسی وەک یوئێن بوەستێت. ئەم روانگەیە کولتوورێکی نامۆیە و لە تەسعیداتی راگەیاندنی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو کولتووری سیاسیی و راگەیاندنی ئێمەوە. لەم دەرفەتەدا دەبێت ئەوەش بڵێم تا ئێستا زۆرینەمان پێمانوایە تەختیەی ئیعلامیی کێشەی کورد بەسە بۆ ئەوەی ببینە ئەکتەرێک، ئەمە کاتێکە تۆ ئەکتەرێکی بەهێز بێت لە واقیعدا نەک پاڵەوانی ناو شاشەکان.

روونتر بدوێین، ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆژئـاوای کوردستان دەگوزەرێت، چڕبوونەوەی ململانێیەکی هەرێمی و جەمسەرەکانی هێزە لە دنیادا. کورد لە رۆژئاوا هاوپەیمانی ئەمەریکا بووە تەنیا بۆ شەڕی دژە تیرۆر، لەوە بەولاوە رێکەوتنێکی هاوبەشی ستراتیجی نەبووە، لەگەڵ روسیاش هەر بەهەمان شێوە. بۆیە دەبێت ئەو نەرەنەرە تەرک بدەین، ئەمەریکا خیانەت دەکات! روسیا خەنجەری ژەهراوی لە پشتەوە لە کورد دەدات!. ئەمە بەڵگەی عەقڵی دیوەخانی و فیوداڵی سیاسەتی کوردییە. تۆ دەبێت هێزی خۆت بسەلمێنیت، بە قورسایی خۆتەوە بچیتە ناو هاوکێشەکانەوە، ئەگەرچی زەمینەی ئەوە هەبوو کورد لە رۆژئاوا لەمەی هەنووکە بەهێزتر بێت و توانای رووبەرووبوونەوەی زۆرتر هەبوایە. بەڵام ئێمە قسەکەمان لەسەر واقیعی مەلموسە.

کوردی رۆژئاوا، دەبوو خۆی کەنتۆنەکان هەڵبوەشێنێتەوە، چوارچێوەیەکی کوردستانی و حکومەتێکی خۆجێی دروست بکردبا کە رۆژئاوای کوردستانی وەک یەکەی ئیدارەی هاوبەش بەڕێوە ببردبا. دەستی رژێمی ئەسەدی بە تەواوەتی ببڕیبا لە ناوچەکانی رۆژئاوا. ئاخر گەورە شارێکی وەک قامیشلۆ تا ئێستاش زۆرینەی شوێن و جومگە هەستیارەکان لە چەشنی فڕۆکەخانەی قامیشلۆ بە دەست رژێمی ئەسەدەوەیە. دەبوو زوو وازی لەو تێزە سواوە بهێنابا

ناوی «برایەتی گەلان» بوو، بەپێچەوانەوە کاری لەسەر بەستنەوەی قووڵی نەتەوەیی کوردی ڕۆژئاوا بکردبا، ئەمە وەک پرۆسەیەکی ناوکی, لەسەر ئاستی دەرەکیش بە وردبینی مامەڵەی زیاتر کردبا، چون دەبوو هەموو ڕۆژێک خۆی بۆ لەشکرکێشی تورک ئامادە بکات، بە تایبەتی ئەزموونی داگیرکردنی عفرینی لە پێش چاو هەبوو. نەدەبوو هێزەکانیشی هێندە ماندووبکات بە رزگارکردنی مەنبەج و رەقە و شارە عەرەبییەکانی تر لە دەستی داعش، دەبوو هێزی یەپەگە هێزێکی کوردستانی سەربەخۆ بوایە نەک بەشێک بێت لە هاوپەیمانییەکی عەسکەریی بەناوی «هەسەدە».

ئێستا چی گرنگە؟ ئەو بیرهێنانەوەی پێشوو بە کەڵکی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیی و سەربازییەی ئێستا نایەن، کاری فریاکەوتنی خێرا چییە؟. بە بڕوای من جیا لە هەژاندنی شەقامی کوردیی چ لە پارچەکانی کوردستان چ لە دەرەوەی کوردستان، پێویستە پەکەکە ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، هێزەکانی خۆی بۆ شەڕی ناو تورکیا ڕێک بخاتەوە، ئۆپەراسیۆنەکە خێرایە و پەکەکەش دەبێت حیسابی چرکە بکات. بۆ نموونە کەرتی گەشتیاریی لە تورکیا بڕبڕەی پشتی ئابووری تورکیایە، پەکەکە دەتوانێت بە بردنەوەی شەڕ بۆ نێو تورکیا، بە رادەیەکی بەرز گورز لە ئابووری تورکیا بوەشێنێت، بەو پێیەی کەرتی گەشتیاریی هەمیشە وابەستەی ئارامییە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر، پێویستە پەکەکە و هەدەپ شەقامی باکووری کوردستان بحوڵێنن، یەک ملیۆن کورد لە سلێمانی بێنە سەر جادە، کاریگەریی دە هەزار خۆپیشاندەری نابێت لە ئامەد یان لە وان یان لە دێرسیم و هتد. جیاواز لەمە کارێکی پێشنۆرەیە بۆ پەکەکە بە گووتارێکی روونی نیشتمانییەوە بێتەوە مەیدان و هیچ نەبێت ئەمڕۆ بە روونی دەرکەوت تیۆری برایەتی گەلان لەسەر خوێن و فرمێسکی کورد تەواو بوو.

لە ناوخۆی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان، هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد هەڵەیەکی گەورەترە و بەشێک لە پلانێرەی ئەو لەشکرکێشییە بۆ هەمان مەبەستە. ناکرێت کورد بەرگریی لە خۆی نەکات، ناشکرێت لەبری ئەردۆگان، جارێکی تر ڕۆژئاوا رادەستی بەشار ئەسەد بکرێتەوە. وەک پێشتر وتم پێویستە چوارچێوەی خاکی کوردستان بە یەکگرتوویی بهێڵدرێتەوە، داگیرکەری تورک

ناتوانێت تاکو سەر بمێنێتەوە، چوون داگیرکەری دەرەکییە و دەکەوێتە ژێر بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەڵام بۆ ئەسەد بابەتەکە دەبێتە پرسێکی ناوخۆیی وەک ئەوەی دوو ساڵ لەمەوپێش لە کاتی لەشکرکێشی ئەرتەشی عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر قەوارەی باشوور هەمان پرنسیپ جێبەجێکرا. دیقەتێکی زۆری پێویست نییە بۆ ئەوەی بزانیت خۆڕاگریی کورد لە ڕۆژئاوا چ لە رووی سەربازیی چ لە رووی سیاسیی دواجار هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە دەکاتەوە، ڕۆژئاوا دەبێتە گۆڕستانی خەونی گێڕانەوەی خەلافەتی عوسمانیی و تابوتێکیش لە خەنجەر بۆ نیازی ئەردۆگان. گرنگ ئەوەیە کورد بە کوردانەی خۆی و بە زرنگی سیاسیی لە هاوکێشەکە بڕوانێت نەک هەر روانین بەڵکو ببێتە ئەکتەرێکی سەرەکی ئەو نمایشەی ئەگەر بچووکترین هەڵە بکات مانای نوچدانێکی مێژوویی گەلێک بەدەستەوە دەدات.

٢٠١٩-١٠-١٠

**تێبینی: ئەم وتارە بەهۆی لەشکرکێشی سوپای داگیرکەری تورک بۆ سەر رۆژئـاوای کوردستان نووسراوە، کە ئەو پرۆسەیەش لەلایەن داگیرکەری تورکەوە بە «کانی ئاشتی» نـاوزەد کرا و لە رۆژی ٩-١٠-٢٠٢٠ دەستی پێکرد. هەر لەو مێژووەدا کە وتارەکەی تێدا نوسراوە لە چەندان ماڵپەڕی کوردیی بڵاوکراوەتەوە، هاوکات لە ئەکاونتی تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوم کردەوە.**

# بۆچی پەکەکە وای بەسەرهات؟!

پایزی ساڵی ٢٠١٤ پاش ئەوەی لە «ئونی کلینک»ی شاری «کۆڵن» نەشتەرگەرییم ئەنجامدا بۆ ماوەیەکی کورت گەڕامەوە بۆ کوردستان، ئەو دەمە شەڕ لە کوبانی هەبوو، هەڵبەتە پێش نەشتەرگەرییەکەم بۆ پرۆتستۆی شنگال بەشداریی زۆرینەی خۆپیشاندانەکانم کرد هەر لە سوێد و ئەڵمانیاوە بیگرە تاکو هۆلاند و بەلجیکا، بەڵام بۆ پشتیوانی کوبانی تەنیا بەشداریی ئەو خۆپیشاندانانەم دەکرد لە شاری «کۆڵن» ئەنجام دەدران ئەویش لە نەخۆشخانەوە دەچووم. تاکو ئەو کاتەش دۆستایەتییەکی زۆرم لەگەڵ پەکەکە هەبوو، بەتایبەت زۆر هاوکاری پارتی چارەسەری ئەوسا بووم لە بواری ڕاگەیاندندا، یەکێک لەو نووسەرانەش بووم زۆرترین بەشدارییم هەبوو بە نووسین لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی نزیک لە پەکەکە و پارتی چارەسەری، چەندان جاریش بە مەبەستی کاری ڕۆژنامەوانی چووبوومە قەندیل، تەنانەت زۆرترین جار لە ئاسایشی ڕانیە کێشەمان بۆ پێش دەهات، پێشتریش ئەو دەمەی کتێبی «کورد و تورک.. لە ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش»م لە ساڵی ٢٠١٣دا چاپ کرد، کە مێژووی نووسینی بەشەکانی بۆ ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٩ دەگەڕایەوە، هەڤاڵانی پەکەکە پێشوازیی باشیان لەو کتێبە کرد بەتایبەت لەو ڕوانگەیەی پشتیوانیم لە خەباتی گەلی کورد و پەکەکە کردبوو لە باکوور.

جارێک ڕەوانشاد «م.فەلەکەدین کاکەیی» پێی وتم «کتێبەکەتم سەرلەبەر خوێندەوە، ئەگەر بێ ناوی تۆ بڵاو کرایەتەوە، کەس گوومانی لەوە نەدەکرد نووسەری کتێبەکە یەکێکە لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە». لە ژیانی ڕۆژنامەوانیشمدا دوو جار چاوپێکەوتنم لەگەڵ «مراد قەرەیلان» کردووە

و جارێکیش لەگەڵ «جەمیل بایک». کۆتا جار «قەرەیلان»م بینییەوە ئەو سەفەرەی ساڵی ٢٠١٤ بوو. سەرەتا کتێبەکەی بەرز نرخاندم، هەرچەند خۆی نەیخوێندبووە بەڵام ناوەڕۆکی کتێبەکەیان بۆ باس کردبوو، دواتر بۆ نزیکەی پانزە خولەک گفتوگۆمان کرد، ئەوەی ئەو چاوەڕێی نەدەکرد نووسەری کتێبی «کورد و تورک» بەو زمانە رەخنەییە سیاسەتەکانی ئەو دواییەی پەکەکە هەڵبسەنگێنێت. کرۆکی رەخنەکانم لە چوار خاڵدا چڕ کردەوە:

یەکەم: سڕکردنی چالاکی «پژاک» لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ پاساوێکی نییە، ئەگەر پرسەکە بابەتی کەمکردنەوەی بەرەی شەڕ بوایە، یان تاکتیکێکی قۆناغ بوایە، دەبوو «پژاک» لە رووی سیاسیی و راگەیاندنەوە بەهێز بکرابایە، بەو پێیەی باڵی پەکەکە لە رۆژئاوا «پەیەدە» لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بوو لەگەڵ داعش، هەڵبەتە من ئەوسا بە وردی سەیری جموجۆڵی داعشم دەکرد و دواتریش بووە هەوێنی کتێبەکەم لەسەر داعش.

دووەم: ساردبوونەوە لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی تورک، دیسان هەڵەیەکی کوشندە بوو، کورد دەبوو تاکو ئاستی بنبەست لەگەڵ دەوڵەتی تورک بڕۆیشتبا، مادام سیاسەتی کەمکردنەوەی بەرەی جەنگ لە ئارادا بوو، پێویستی نەدەکرد پەکەکە دەسپێشخەریی شەڕ بکات لەگەڵ دەوڵەتی تورک، وەک ئەوسا پێشبینیم کرد و بە خودی «قەرەیلان»م وت، ئەم کردەیە خۆکوژییەکەی گەورەیە، چەندان هەنگاو دۆزی کورد دەباتەوە دواوە، ئەمە بێ نکۆڵیکردن لە سیاسەتە توندئاژۆکانی ئاکەپە و ئەردۆگان.

سێیەم: ئەو هاوپەیمانییە رانەگەیەندراوەی نێوان ئێران و سوریا و پەکەکە هەڵە بوو، وەک دەبینین لە قۆناغی تێکچوونی رەوشی سوریا، پەکەکە زیاتر خۆی بەلای بەرەی ئێراندا شکاندەوە، هەڵبژاردنی جەمیل بایک وەک کوردێکی عەلەوی بە سەرۆکی کۆما چڤاکین، بۆ نیشاندانی بەتینی هاوپەیمانییەکە بوو لەگەڵ ئەسەد و ئێران، دواتر پەکەکە بە تەواوەتی چووە ژێر هەژموونی ئێران، لە رۆژئاواش بە رێکەوتن لەنێوان رژێمی ئەسەد و پەیەدە و بە رێنمایی پەکەکە شارە کوردنشینەکان رادەستی پەیەدە و یەپەگە کران، هەرچەند ئەو سەفەقەیە جێی گومان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پەیەدە یەکەم کاری سڕینەوەی ناوی کوردستان

بوو لە جێگەیدا زاراوەی «کانتۆن»ی جێگیر کرد، دواتر یەپەگە بوونە پاسەوانی رژێم و پەیکەری ئەسەد، بەڵام بە بیانووی لاواز کەوتنە سەرکوتی ئەندامانی «ئەنەکەسە». ئەم بادانەوە بە لای ئێران و دەست خستنە ژێر باڵی ئەسەد تاکو نەکەوێت، هەڵەیەک نییە بەڵکو جۆرێکیش بوو لە خیانەت.

چوارەم: دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبێکی گەورەی وەک پارتی هەڵەیەکی تر بوو، بە تایبەت هەر ئەو رۆژانە بوو هێزی پێشمەرگە بەناوی خاکی باکووردا پەڕینەوە بۆ کوبانی، ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ نزیکبوونەوەی لایەنەکان، پێموابوو دەبێت پەکەکە کەڵکی لێ وەربگرێت، تەنانەت بە «قەرەیلان»م وت «ئەگەر ئەمەریکا وەک ساڵی ١٩٧٥ خیانەت لە هاوپەیمانی کوردیش بکات، هێشتا زیانەکانی کەمترە لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران و رژێمێکی پاشەڕۆژ نادیاری وەک رژێمەکەی ئەسەد». پێشنیارم کرد لە یەپەگە و هادەپ بگەڕێن سەربەخۆ سیاسەت بکەن و کەڵک لە ئەمەریکا وەربگرن، پەکەکەش نێوانی خۆی لەگەڵ پارتی ئاسایی بکاتەوە.

ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد، قەرەیلان هەر چوار بۆچوون و رەخنەکەی من رەت بکاتەوە، لانیکەم پێموابوو هیچ نەبێت لەگەڵ دوانیان تەبایە و پاساو بۆ دوانەکەی تریان دەهێنێتەوە، کەچی بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی منەوە قەرەیلان پاساوی زۆر لاوازی داتاشی بۆ هاوپەیمانی ئێران و هەڵەکانیان لە پرۆسەی ئاشتی کورد و تورک، جگە لەوەش بە بێ دوودڵی نەک هاوپەیمانی بەڵکو دانیشتنیشی لەگەڵ پارتی رەتکردەوە، لە مێشکی خۆمدا بەو خەیاڵە دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە، قسەکانی رووکەشی سیاسەتی پەکەکەن، لەپشتی کەوالیسەوە وا نییە بەو ئەندازەیەی من گوێم لێی بوو. دوای ئەم رەخنانە تەنانەت بە دەموچاوییەوە ساردییەکی سەیرم بینی، ئەو گەرموگوڕییەی جارانی پێوە نەما، هەڵبەتە من دوای دیدارەکە زیاتر رەشبین بووم بەرامبەر ماڵی لێکترازاوی کورد. (ئەم دیدارە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا بوو».

ئیتر کتێبی «داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی»م نارد بۆ چاپخانە و خۆم گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا. لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بەرەو «دوسلدورف» دەهاتمەوە، وا رێکەوت ئەندازیار «کەمال غەریب» کە کەسێکی نەتەوەییە و لە

هۆڵاند دەژیەت، بووینە هاوسەفەر، لەناو فڕۆکەدا بەدرێژایی چوار کاتژمێر و نیو باسی ئەو بابەتەمان کرد، ئەگەر ئەو گەواهییەم بۆ بدات، وتم ئێستا کاتی بەرخۆدانی کوبانییە، هەموو سۆزمان جوڵاوە، بەڵام لە دەرەوەی ئەم سۆزە و بۆ یەک چرکە بەبەکارهێنانی عەقڵ تێدەگەین، پەکەکە باجی ئەم سیاسەتە هەڵانەی زۆر زوو دەدات. کە هاتمەوە ئەڵمانیا زیاتر لە جارێک بەشداریی خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی «کوبانی»م کرد، تەنانەت بۆ هەر پرۆتستۆیەکی پەکەکە لە دژی دەوڵەتی تورک تاکو بەم هاوینەش دەگات بەشدار بووم، بەڵام هەمیشە ئەوەم لەبەرچاو بوو، ئەم سیاسەتەی پەکەکە و خۆبەستنەوە بە ئێران باجی قورسی لە دوایە، بەتایبەت کاتێک گەریلا و حەشدی شەعبیم بینی دژی کوردستان لە یەک سەنگەردا بوون، ئەمە ئێستا ئەو رۆژەیە چوار ساڵە لێی دەترسام، لەگەڵ توندکردنەوەی ئابلۆقەی سەر ئێران، سەرکردەکانی پەکەکە نرخیان لەسەر دانرا بۆ رادەستکردن وەک تیرۆریست، هێشتا تا ئێرەش باشە، ئەگەر پەکەکە لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای بەردەوام بێت، دڵنیام رۆژێک دێت وێنەی زۆرینەی سەرکردەکانی دەخرێتە سەر کاغەزی کۆنکەن، ئەوەش هەمان دیمەنی سەرانی بەعسم بە بیر دەهێنێتەوە بەسەر کاغەزی یاری کۆنکەنەوە.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٠٨»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ٢٧-١١-٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# لە هەمبەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دیدێکی چەپانە

پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، لەلایەن چەپەکانی کوردستانەوە ستراتیژێکی سیاسیی بووە نەک تاکتیکی قۆناغێک. ئەگەرچی زۆرترین جار چەپەکان بە کۆسمۆپۆلۆتیست تاوانبار کراون، بەڵام لە واقیعدا چەپەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە سایەی رژێمە داگیرکەرەکان و دەسەڵاتی کوردیشدا قوربانی ماددیی و گیانیان داوە. بۆ وێنە ساڵی ٢٠٠٠ یەکێتی نیشتمانی لە کاتی بردنە دادگای مەلەفی حزبی کۆمۆنیست «کە ئەوسا من کادری ئەو حزبە بووم» ئەو پرسەی ورووژاند بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق هەڵگرتووە و ئەمەش رووداوە تراجیدییەکەی رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٠ی لێکەوتەوە. بەهەرحاڵ لەم چیرۆکە واز دەهێنین و دێینە سەر کرۆکی مەبەست.

لە راستیدا رزگاریی گەلان بۆ چەپەکان پرسێکی میحوەریی و ستراتیژییە. بە وتەی لینین «رزگارکردنی گەلانی بندەست لە چنگی ئیمپریالیزم هەنگاوی یەکەمە رووەو سۆسیالیزم». بە دیتنی ئیسماعیل بێشکچی کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە «کتێبێکی گەورەی بەو ناوەوە هەیە». لەم سۆنگەوە رزگارکردنی کوردستان هەنگاوێک لە کاری چەپەکان دەباتە پێشەوە، چوونکێ چەپەکان ئیشی سەرەکیان رزگارکردنی مرۆڤە لە هەڵاواردن و چەوساندنەوە، کۆتا کاریان رزگارکردنی کۆمەڵگەیە لە جەبەڕووتی ئابووری، بەڵام پێش ئەوە کاری ئەولەویتر هەیە وەک رزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکان لە چنگی کۆلۆنیالیزم و ستەمی نەتەوە سەردەستەکان. ئەمە لە باری تیۆرییەوە، لەباری پراکتیکەوە ئەوەیە ناتوانیت تەنانەت شەڕی دیموکراسیش بکەیت هەتا کۆمەڵگەت لە چەوساندنەوەی میللی و نەتەوەیی دەرباز نەکردبێت.

من لە رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، هەمان پرسم ورووژاند و وتم، سەد ساڵە ویستی کۆلۆنیالیستی رۆژئاوایی و کۆلۆنیالیستە دواکەوتووەکانی ناوچەکە بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی کورد دەدەن، کاتی ئەوە هاتووە پاش سەد ساڵ لە قڕکردن و جینۆساید و ئاپارتایدکردن، بۆ یەکەمجار کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. لێ دوو پەرلەمانتاری بە رەگەز تورک و عەرەب بە توندیی بەرچەریان داینەوە، گوایە ریفراندۆمی کوردستان دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی ناوچەکە، بەڵام ئێمە زۆر سەختگیرانە داکۆکیمان لەو مافە سەرەتاییەی خەڵکی کوردستان کرد. تا ئەوەی من وتم رازیم بە دەوڵەتێکی کوردیی دیکتاتۆریی یان پادشایی تەنانەت فاشیستی لە کوردستان، گرنگ ئەوەیە لەسەرەتای هەنگاودا قەوارەیەک دروست بکەین دواتر شەڕی ماف و ئازادییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەکەین و هەوڵدەدەین دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی کوردستان بە گووشاری جۆراوجۆر قەید و بەند بکەین.

لە رووی عەمەلیشەوە وایە، چونکە شەڕی دیموکراسی یان جێخستنی سۆسیالیزم لە جێگەیەکدا ناکرێت هێشتا رووبەرێکی ئازاد نەبێت. ناتوانیت گەلێک کە رۆحی کۆیلەکراوە لە رووی نەتەوەییەوە فێری مەدەنیەت و دیموکراسی بکەیت. ئەمە راستییەکی دیالێکتیکییە و قابیلی نکۆڵی لێکردن نییە. زۆرجار پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە ئاو یان نان یان کارەبا نییە، ئیتر دەوڵەتمان بۆچییە؟. ئەمە نیشانەی ساویلکەیی سیاسییە. چونکە ئەو شتانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دانپیانراو ئاسانتر دێنە کایەوە، وەک لە هەرێمێکی گەمارۆدراو بە دوژمنی سیاسیی. پرسیارەکەی ئێمەش ئەوەیە ئایا بە نەبوونی دەوڵەت و مانەوە لە چوارچێوەی عێراق قەیرانی مووچە و ئاو و کارەبا و گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاریی و خراپی سێکتەری تەندروستی. چارەسەر دەبن؟. کێ گرەنتی ئەوە دەکات با ئێمەش رای خۆمان بگۆڕین؟. وەلێ لەگەڵ بوونی ئەوانەشدا من هەر هەنگاوی دەوڵەت بە کارێکی پێشنۆرەتر لە هەر کارێکی تر دەزانم.

هەندێک هاوڕێ تەحەفوزی ئەوەیان هەیە، ئێمە دەوڵەتێک دروست دەکەین دەبێتە دەوڵەتێکی پۆلیسی و پادشایی!!. ئەم تێبینییە لە جێی خۆیدایە، بەڵام نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان بە تایبەت لەلایەن

چەپەکانەوە. چونکە هێشتا هێزێکی رادیکاڵ لە ئارادانییە گۆڕانکاریی ریشەیی لە پلاتفۆرمی سیاسیی خۆیدا رەنگڕێژ کردبێت. پارتی و یەکێتی و گۆڕان و باقی هێزە «بۆرژوا ناسیۆنالیستییەکان»ی تری ناو گۆڕەپانەکە خاوەنی یەک جیهانبینی سیاسیین، بەڵام بە تەکتیک و میکانیزمی کاری جیاجیاوە. ئەگەر ئەمڕۆ دەسەڵات لە پارتییەوە بگوازرێتەوە بۆ گۆڕان هیچ گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ژیان و فۆرمی حکومدارییدا دروست نابێت. چونکە ئەوان پێکڕا بزووتنەوەیەکی سیاسیی کۆنەپارێزن، هەروەک یەک تیمی فوتبۆڵ وان تۆپەکە لە قاچی هەر یاریزانێکی ئەو تیمەدا بێت، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت، تا ئەوکاتەی تیمێکی تر بە درێسێکی سوورەوە دێتە نێو گۆڕەپانەکە. لە ئێستاشدا هێزێکی سووری رادیکاڵیست لە ئاسۆ دەرنەکەوتووە و ئیمکانی دەرکەوتنیشی هەر نییە.

پێموایە هەنگاوی دروستکردنی دەوڵـەت، یەکێکە لەو هەنگاوانەی وەک هەلێکی مێژوویی لەبەردەم کورددایە، ئەوەش دەبێتە سەرەتای ئاڵوگۆڕانکاریی گەورەتر لە ناوچەکەدا. «دوو وتاری پێشوومان لەهەمبەر ئەم پرسە بوو». ئەو یاسای پوولی دۆمینەیەی رژێمی سووریا وەستاندنی لە داڕووخانی رژێمەکانی ناوچەکە یەک لە دوای یەک، بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بەخێرایی پوولەکان بەسەریەکدا دەڕوخێن. کاتی خۆیشی کە ئەمەریکا خۆی کۆدەکردەوە بۆ جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢ هەمان ئاڵوگۆڕانکاریی لە ناوچەکەدا روویدا، بەڵام کورد ئەو دەرفەتەی لە دەستدا، ئەگەر ئەم دەرفەتەش لە دەستبدات، پێموایە حزبەکانی کوردایەتی ئاشبەتاڵی لێبکەن باشترە. هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ لە وتارێکمدا بۆ رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «حوار المتمدن» بەناوی «الافاق استقلال الکوردستان و التحدیات المستقبل» بە وردیی تیشکمان خستە سەر ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لە ناوچەکە دێنە ئارا، ئەمەش باڵانسی نووسەری شۆڤێنی عەرەب «عەبدولباری عەتوان»ی تێکدا لە رۆژنامەکەیدا «القدس العربی» بێ ناوهێنانی ئێمە وەڵامی دابووینەوە. ئەوەی لەو دیالۆگەدا لەنێوان من و عەتواندا خاڵی ناوکۆیی بوو، ئەوەبوو کورد لە داهاتوودا فاکتۆری سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوینە.

ئێمەی چەپ دەبێت یارمەتی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بدەین و بە

پارادایمی خۆمان لەگەڵ ریفراندۆم بین، «ئەگەر بە راستی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت» چونکە ئەوە دواجار کارتێکیش لە دەستی حزبە مەیل ناسیۆنالیستییەکان دەسەنێتەوە تاکوو بەناوی کێشەی نەتەوەیی و هەبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەنگاوەکان لە راستای دابینکردنی ماف و ئازادییە مەدەنیی و سەرەتاییەکان سست بکەنەوە. شەڕی داهاتووی دوای دەوڵەت شەڕێکە لەنێوان دەسەڵات و بەرەی ئازادیخوازیی کۆمەڵگە، من هیوادارم چەپەکان ببنە نوێنەری ئەو بەرە ئازادیخوازییە پاش ئەوەی گۆڕان بە کردەوە نیشانی دا ناتوانێت مەیلێکی جیاوازتر بێ لەناو هەمان ئەو بزووتنەوەی سیاسییەی پێی دەوترێ بزووتنەوەی بۆرژوا مەیل ناسیۆنالیستی کوردیی. چەپەکان پێویستە بێنەوە مەیدان، گۆڕەپانەکە لە مێژە چاوەڕێی هێزی سێهەم دەکات.

٢٠١٧-٧-٢٦

**تێبینی: ئەم وتارە دوو مانگ پێش پرۆسەی راپرسی «ریفراندۆم» نوسراوە و لە زۆرێک لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە.**

# ریفراندۆم وەک ئامادەگیی کورد لە سیاسەتی جیهانیدا ئەی شانزەی ئۆکتۆبەر چی؟

*بۆ من ریفراندۆم یەکێکە لە ساتەوەختە هەرە گرنگەکانی نێو دنیای سیاسیی کوردیی، لە روانگەی ئەوەی هەنگاوێک بوو زادەی خەیاڵدانێکی واقیعی کوردانە بوو، بەو پێیەی دوو چرکەساتی مێژوویی هەن لە یەکتر دەچن. چرکەساتی یەکەم شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی «نەهری»یە، ئەوەی شێخ پێی هەستا خاڵی دابڕان بوو لە ئاوەزی سیاسیی کوردییدا، یان بە دیوێکی تر قۆناغی پێگەیشتنی جیهانبینی نیشتمانی سەربەخۆی کوردیی بوو لە مێژوودا، لەو سۆنگەی کۆی سەرهەڵدان و تەنانەت میرنشینە کوردییەکان ناوچەیی بوون و هەمیشە خۆیان بە جەمسەرێکی هێزەوە دەبەستەوە کە ئەوسا جەمسەری هێز لەم ناوچەیەدا عوسمانلی و سەفەوی بوون. شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدولڵا «زۆرینەی کوردناسەکان شێخ بە باوکی رۆحی بزافی نیشتمانی کوردیی دەزانن»، قۆناغی ئەو پاشکۆیەتییەی کوردی تێپەڕاند و راپەڕینێک بوو لە یەک کاتدا دژی عوسمانی و سەفەوی و ئامانجی هەرە سەرەکیشی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو وەک نیشتمانی هەمووان بە هەموو پێکهاتەی ئێتنی و ئاینییەکانییەوە، لە دوای شۆڕشی شێخ هەموو بزاوتە نیشتمانییەکانی کورد دووبارە لە پاشکۆی گەمە سیاسییەکانی وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزدا بوون بە هەردوو حکومەتەکەی شێخی حەفید و قازی محەمەدیشەوە، تا بە شۆڕشی مەلا مستەفا و شۆڕشی نوێ دەگات.

چرکەساتی دووەم ریفراندۆم بوو. ریفراندۆم گەڕانەوە بوو بۆ ئەو ئیرادە

کوردییەی ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتە، ئەمە گەڕانەوەیەک بوو بۆ گەوهەری ئەو بزاوتە نەتەوەییەی لە شۆڕشەکەی شێخی شەمزینییەوە سەریهەڵدابوو، تەنێ ئـەوەی جیاواز بـوو کەرەستە و میکانیزمەکانی تەرحی ئەو ئیرادە نیشتمانییە خۆماڵییە بـوو. لە شۆڕشـەکەی شێخی شـەمزینیدا میکانیزمەکە فۆرمی شۆڕشگێڕیی و چەکدارانەی هەبوو، بەڵام ریفراندۆم رەهەندی خەباتێکی شارستانی و سـەردەمیانەی لە خۆگرتبوو. ئەوەی لە هەردوو ساتەوەختەکەدا هاوبەشە ویستێکی نیشتمانی کوردییە بێ کاریگەریی ئیرادەی بێگانە تێیدا. ریفراندۆم یەکەم تەحەدای مرۆڤی کورد بوو لەم بەشەی کوردستاندا کە سەد ساڵ بە پرۆسـەی خەساندنی سیاسیی و لەناوبردنی ئیرادەدا تێپەڕی بوو. لەبەرئەوە مرۆی کورد لە خوارووی کوردستاندا توانی شکۆمەندیی خۆی لە رێگەی بەڵێ بۆ ریفراندۆم بەدەست بهێنێتەوە، چون ئەوە یەکەم جار بوو سیاسەتی کوردیی بکەوێتە باری تەحەدای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

*ریفراندۆم ویستی ئامادەگیی کورد لە جیهانی هاوچەرخدا بسەلمێنێت و لەگەڵ ئەو ریتمەدا بڕوات سیاسەتی نوێی نێودەوڵەتی لەسەر بینا کراوە. ئاخر سیاسەتی نوێی جیهان هەمان ئەو فۆرمەی کۆتایی سـەدەی بیست و کاتی راگەیاندنی «سیستمی نوێی جیهانی» نییە، بگرە هیچ لە فۆرمی دەیەی یەکەمی ئەم سـەدەیەش ناچێت، جیهان بـەرەو گەڕانەوە بۆ دواوە رێچکەی گرتووە، گەڕانەوەیەک بۆ زەمەنی ئیمپراتۆرییەتە بەهێزەکانی مێژوو، لەلایەک چین لە رووی ئابوورییەوە هەژموونی کردووە بەسەر دنیادا، لەلایەکی تر پۆتین دەیەوێت روسیا بکاتەوە بە ژمارەیەکی قورسی ناو هاوکێشەی جیهانی و ئەو هێزەی بداتێ پێش جەنگی سارد هەیبوو، ئەمەریکا و خودی «ترامپ»یش دەیانەوێت هەژموونی ئەمەریکیی بە بەهێزیی بهێڵنەوە، بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیاش هەر یەک بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرقاڵی بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆیانن، لە ئاستی ناوچەکەش ئێران سەرقاڵی فراوانخوازییە بەنیازی تەواوکردنی پرۆژەی نیوەمانگی شیعی، تورکیا و ئەردۆگان خەونی گەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانیان

لە ئەجیندا داناوە. ریفراندۆم ویستی لەم جیهانە پڕ کێشمەکێشەدا ئامادەگیی کورد نیشان بدات، چونکە لە تەواوی گۆڕانکارییەکانی پێشووتری دنیادا، کورد لە ناوەندا ئامادەگیی نەبووە، زۆرینەی جار لە پەراوێزیشدا خۆی نیشان نەداوە، بەڵام رووداوەکانی رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر و رۆژانی دوایی گێڕانەوەی ئەم ئامادەگییە کوردییە بوو بۆ ناو چێوە و بازنە داخراوەکەی پێشووتری خۆی. ئەوەی دەوترێت شکۆ شکێنرا دەستەواژەیەکی زۆر تەواو نییە، بەڵکو ئەوەی روویدا گەلەکۆمەکێیەکی ناوچەیی و ناوخۆیی بوو بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو ئیرادەیەی دەیەوێت کورد بباتە ناو ناوەندی هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکەوە نەک وەک تەماشاکەرێک لە پەراوێزدا چاوەڕوانی چارەنووسی رەشی خۆی بکات.

*رۆشنبیرانی ئێمە بە جیهانبینی حزبییەوە تەماشای ریفراندۆمیان کرد نەک لە دیدگای نیشتمانییەوە، چونکە ئەوان هێشتا لە نێو کۆنسێپتە سواو و کۆنبووەکانی سەدەی بیستەمدا گیریان خواردووە، ئەو میتۆدەی لێوەی سەیری دنیا دەکەن، میتۆدێکە لە رووی پراکتیکییەوە شکستی هێناوە، بەشی زۆری ئەو چەمکانەی رۆشنبیری کورد بە تایبەت گروپی رەهەند، تیۆریزەیان دەکات بۆ خوێندنەوەی دنیای کوردیی لە ژێر پرسیاری گەورەدان، تەنانەت ئەو رووداو و شۆڕشانەی سەرنجی ئەم تایپە لە رۆشنبیری کوردییان راکێشاوە ئەوانیش لە ژێر گومان و پرسیاری تۆقێنەردان. بۆ نموونە شۆڕشی مایۆی ١٩٦٨ی قوتابیانی فەڕەنسا، وەک بینرا سیمای سیاسەت و کولتووری لە تەواوی ئەوروپا گۆڕی، هەنووکە لە ژێر رەخنەی توند و بێ بەزەییانەدایە، بەو پێیەی ئەم شۆڕشە هەموو بەهاکانی تێکشکاند هەر لە بەهای سیاسییەوە بیگرە تاکو دەگاتە بەهای کۆمەڵایەتی. رۆشنبیری کورد بەو عەقڵییەتەوە خواستراوە ئەوروپاییەوە موبیلیزەی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات کە وەک دەبینین ئێستا هەر لە خودی ئەوروپادا هەرەسێکی گەورەیان هێناوە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری ئەو تایپە رۆشنبیرەی دەسەڵاتیان هەیە بەسەر زۆرینەی راگەیاندنەکانی

کوردستاندا، هێزێکی نێگەتیڤی تێکشکاندنی ئەو ئیرادە کوردییە بوون لە ڕۆژانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دواتردا بینیمان. هیچ کاتیش مومکین نەبوو ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووبدات بێ ئەو تیۆرە ژەهراوییەی ڕۆشنبیرانی کورد بە ئاگا و بێئاگا لە مێشکی نەوەی دوای ڕاپەڕین چاندبوویان.

*زۆرێک لە نوخبەی کورد بە پاساوی لاواز کەوتنە دژایەتی پرۆسەی ریفراندۆم. نەک هەر لەگەڵ نەبوون بەڵکو بە هەمان ئەندازەی شۆڤێنستانی عەرەب و تورک و فارس، کەوتنە سەنگەری دژەوە لە بەرامبەر ئیرادەی گەلی کوردستان. ئەم چرکەساتەش ڕووتبوونەوەی ئەو پێڕە ڕۆشنبیر و چالاکوانە مەدەنییانەی دەرخست, ساڵانێک بوو بە ماسکی جۆراوجۆرەوە نەیارێتی خۆیان بەرامبەر لایەنێکی دیاریکراو «هەرچەند من دە بەرابەر بەوان رەخنەم لە سیاسەتی ئەو لایەنە هەیە» بە پاساوی جۆراوجۆر دادەپۆشی. باش لە بیرمە لە سەرەتای پرۆسەی روخانی ریژێمی بەعس لە ٢٠٠٣دا، بەشی زۆری ئەم ئیلتییە لەگەڵ بزووتنەوەی راپرسی ئەو کاتە بوون، دیسکۆرسی خۆیان لەوەدا چڕ کردبووە، نابێت کوردستان بلکێنرێتەوە بە عێراقی ترس و تۆقاندن و ساختەوە. لێ خودی خۆشم یەکێک بووم لەوانەی هەمان تێڕوانینم هەبوو، بەڵام سەیر لەوەدا بوو دوای چواردە ساڵ، ئەم دەستەیە بەشێوەیەکی ئۆپۆرتۆنیستانە سەنگەری خۆیان لە سەربەخۆیخوازییەوە بەرەو عێراقچێتی گواستەوە.

ڕوونە هۆکارەکانی ئەم بادانەوەیە چی بوون؟ ئەمە بۆ من و زۆرێک لە سەربەخۆیخوازان چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی شارە و شار بۆ دژایەتی ریفراندۆم لە ئەوروپا بگەڕێنەوە. هەر خودی ئەوانەی دەیانووت «نا بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا» بەشی هەرە زۆریان ساڵانێک بوو باسی سەربەخۆییان دەکرد، چونکە ئەو هێزەی سەرکردایەتی راپرسی دەکرد ئەوساکە ڕووی لە بەغداد بوو، دروشمی فیدراڵی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی هەڵگرتبوو. هەرچەند وەک خۆم هەمیشە لە بەرەی دەوڵەت و سەربەخۆییدا بووم، بەڵام ئەو زەمینە ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی لە ٢٠١٧ بۆ ریفراندۆم هەبوو، هیچ کات

لە ٢٠٠٣دا نەبوو، بەتایبەت لەو دەمەدا ژێرخانی ئابووری کوردستان فشەڵتر و ئاوەدانی و ئامادەسازیی نەک نەبوو، بەڵکو هێشتا کوردستان لە شوێنەواری زامی شەڕی ناوخۆدا دەتلایەوە. دارمانە رەوشتییەکەی ئەم نوخبەیە لەوەدا گەیشتە لوتکە، بە هەمان راددەی ئەو دەنگە دلێرەی دژایەتی ریفراندۆمیان دەکرد، بەرامبەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەردا قڕوقەپیان کرد یان راستتر وایە بڵێم تۆپەڵێک چیمەنتۆ خرایە گەروویانەوە. ئەگەر دەنگێکی نوزەڵیشیان لێوە هاتبێت ئەو خیانەتە گەورەیەیان بە دەرئەنجامی ریفراندۆمە شکۆدارەی بیست و پێنجی ئەیلول لێکدەدایە.

**تێبینی: پوختەی ئەم وتارە لە ژمارە «٣٠٢»ی رۆژنامەی «وشە» لە رۆژی ١٦-١٠-٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# لە پەراوێزی ململانێی ژیان و مەرگەوە

**-١-**

### ئەزموونی نەخۆشخانە

کێ لە ئێمە هەیە نەچووبێتە ئەو جێگەیەی پێی دەوترێت نەخۆشخانە؟ گرنگ ئەوەیە کێ لە ئێمە دیقەتی ئەوەی داوە، ئەو شوێنە جێگەی زۆرانبازییەکی گەورەیە لە نێوان هەردوو پاڵەوانە مەزنەکە «ژیان و مردن»؟!. کە بە داخەوە زۆر جار ئەنجامی ئەو زۆرانە بە شکستی ژیان کۆتایی دێت و رۆژانە چەندان کەڕەت ژیان لەو گۆڕەپانە بە دۆڕاویی سەردەنێتەوە. ئەگەرچی چەندان جاری تر میدالیای سەرکەوتن لە گەردن دەکات. هەمیشە لە کاتی چوونم بۆ نەخۆشخانە بیر لەو ململانێ سەختە دەکەمەوە لە نێوان ئەو دوو هێزەدا لەوەتی وجودی زیندەوەران هەیە لە ئارادایە و لە کێشمەکێشی یەکتردان. من وای نابینم مردن درێژکراوەی ژیان بێت، هەمیشە مردن کەوتۆتە دەرەوەی ژیان، بەڵام لە گەمەی مەرگ و ژیندا، یارییەکە بە دۆڕاندنی جاویدانیی ئەو هێزە کۆتایی دێت هەمووان خۆشمان دەوێت ئەویش وەک وتم ژیانە. وا بزانم کەسمان گوومانمان لەوە نییە لە کۆتاییدا مردن گرەوەکە دەباتەوە! لە زانینی ئەم فاکتە گرنگتر، ئەمەیە: مادام وایە بۆچی بیر لەوە نەکەینەوە چێژ لەو ژیانە وەربگرین کە تاکە سەرمایەمانە لە بووندا؟. فرۆید هەموو کات جەختی دەکردەوە ژیان بەهایەکی بەرزی نییە، بەڵام تاکە سەرمایەشمانە لە وجوددا. مادام ئێمە مەحکومین بە یەک جار ژیان، دەبێت بیر لە کوالیتی ژیانمان بکەینەوە و هەوڵ بدەین پانتاییەکەی بۆ ژیانکردن نەک هەر تەنێ بۆ هەناسەدان کەڵک لێ وەربگرین، بەو نۆرمە تێفکرینە مامەڵە بکەین ئەگەرچی ژیان لە خۆیدا سەرمایەیەکی زۆر بەنرخیش نەبێت، تاکە شتە

سروشت پێی بەخشیوین، ئەو چەند ساڵەی لەناو شانۆی ژیاندا ئەکتەرین زۆرترین چێژی لێوەربگرین. مارکس ئاسا پرسیاری ئەوەی بۆچی دەژین بگۆڕین بۆ ئەو پرسیارە جددییەی چۆن دەژین؟ لە روانگەی منەوە ئەمە کرۆکی هەموو پرسەکەیە.

لە نەخۆشخانە کاتێک لەسەر ئەو قەرەوێڵە رەقە دەکەویت، جەستەت جگە لە ئازار هیچ تەزوویەکی تری پێدا نایەت، لەشت جگە لە بێهێزیی و داهێزران هیچ شتێکی تر ناگرێتە خۆی. هەمیشە بیر لەوە دەکەیتەوە هەلێکی تری ژیانت دەستبکەوێت لە دەرەوەی نەخۆشخانە تا ممارەسەی خۆشییەکانی بکەیت. لە سۆنگەی ئەوەی ئەو کاتانەی لە نەخۆشخانە بەسەری دەبەین، نە بەشێکە لە ژیان، نە بەشێکە لە مردن، بەڵکو راوەستانێکی سەیرە لەو نێوانەدا. مرۆڤی ئێستا سەرقاڵە بە شتە لاوەکییەکان، خۆی ناناسێت، بۆیە ناتوانێت بەرامبەرەکەی بناسێت و لە هەستەکانی تێبگات، لەگەڵ ئەمەش مرۆڤ بێ ویژدانانە سەرقاڵی لەناوبردنی خۆشییەکانی ژیانە! نازانم بۆچی وا دەکات؟ بۆچی دەبێت خۆشیی خۆمان لەسەر حیسابی وێرانکردنی گەردوون و فرمێسکی مرۆڤانی دیکە رۆبنێین؟. مرۆڤ تاکە گیانداره ژینگە پیس دەکات و سروشت وێران دەکات، مرۆڤ مرۆڤی تر برسی و ئاوارە دەکات. مرۆڤ چەکی کۆکوژ دروست دەکات!. مرۆڤ مرۆڤی تر لە پێناوی خۆپەرستی خۆیدا لەناو دەبات. مرۆڤ مرۆڤی تر دەکاتە کۆیلە. لە نەخۆشخانەوە بەدەر لەم وردبوونەوەیە، فیکر دەکەمەوە فرسەتێکی ترم هەبێت بە فۆرمێکی باڵاتر چێژ لە ژیان وەربگرم، زۆرجاریش بیر لە دڕندەیی مرۆڤی ئەم زەمەنە دەکەمەوە، دەستم دەخەمە ژێر چەناگەم و داڵغە دەمبات، رەنگم هەڵدەپڕوسکێ، ئارەقی بۆن ناخۆش دەرئەدەم. پزیشکەکان تێبینیم دەکەن وا دەزانن لە مردن دەترسم بۆیە هەڵدەلەرزم، لەوە حاڵی نین ژیانی هاوچەرخ و کۆیلایەتی سەردەمی لیبرالیزمی نوێ تۆقاندوومی.

نەخۆشخانە تاکە شوێنە تێیدا بە زەقی هەست بە کێشمەکێشی ژیان و مردن بکەم، هەمیشە وەک لایەنگرێکی سەرسەختی ژیان بە تامەزرۆییەوە سەیر ئەو جەنگە بێ دووکەڵە دەکەم. کاتێک نەخۆشێک بە کەیف خۆشییەوە نەخۆشخانە جێدەهێڵێت چەپڵەیەکی قایم بۆ سەرکەوتنی ژیان لێ دەدەم، بەڵام هەر کات

پێچەوانەکەی دەبینم لەبەر خۆمەوە دەڵێم هەموو جارێک گۆزە بە ساغی لە کانی نایەتەوە. وا دەهزرێم هەموو کات بیرکردنەوە لە ژیان وا دەکات وادەی مەرگی مرۆڤ دواتر بکەوێت. هەر کات ڕێمان کەوتە نەخۆشخانە بە هەر هۆکارێک بێت کەمێک بە وردی وەک ئەوەی لە میدیتاشیۆندا بین، کەمێک لەو ململانێیە رابمێنین، سەیری ئەو ژیانە بکەین کە هەموو جەنگە دژی مەرگ، رەنگبێ وانەیەکی ئاکاریی و مرۆڤدۆستیمان بداتێ بە قەدەر رقمان لە مەرگ، ژیانی خۆمان و مرۆڤانی دیکەمان خۆشبوێت. من بۆ خۆم زۆر جار کە لە ژیان دەڕوانم، وا هەست دەکەم لە شوێنێکی بەرزترەوە لێی ورد دەبمەوە، وەک ئەوەی بینەری فیلمێکی سینەمایی بم، هەموو ئەکتەر و گۆشەکانی فیلمی ژیان وەک خۆیان دەبینم. کەواتە با ئەوەندەی لە ژیاندا ڕۆڵ دەگێڕین وەک زیندووییەک رۆحمان لە خڵتەی مەرگدۆستی پاک بکەینەوە، هەوڵی ئەوە بدەین بۆشاییە تاڵەکانی بوونمان بە ئیرۆسیزم پڕ بکەینەوە، گرەنتی دەکەم ئەوسا مەرگ لە بەخیلیدا جەڵدە لێیدەدا. دەی هاوڕێیان وەرن بە هەستی ژیاندۆستی مەرگ بکوژین. ئەم قەتڵە جوانە ئەنجام بدەین.

-٢-

## چیرۆکەکەم لەگەڵ نەخۆشی سەرەتان

هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە لە سییەکانی تەمەندا توشی نەخۆشییەک دەبم سەرلەبەر ژیان و بیرکردنەوەم لەگەڵیدا دەگۆڕێت. پێموابوو ئەم ژیانە بە گوڵ و رووداوە خۆشەکانییەوە چاوەڕوانمە. ئێوارەیەکی باراناویی زستان بوو، دروست ئێوارەی ١٢-٢-٢٠١٢ لە ناکاو هەموو شتەکان گۆڕان. هەرچەند ئەو هەواڵەی پێمدرا کە توشی ترسناکترین جۆری سەرەتان بووم، نەیلەرزاندم. ئێشی هەر ئەوەندە هەبوو وەک ئەوەی دەرزییەک بکەیت بە کێوێکدا. ئەزموونی نەخۆشی سەیرە. هەندێک وا تێگەیشتوون نەخۆشی مرۆڤ لاوازتر دەکات، لای من ئەمە تەواو پێچەوانەوەیە و نەخۆشی مرۆڤ فێری خۆڕاگریی دەکات. بیرم دەکردەوە نەخۆشی درێژخایەن ژیان تاڵ دەکات، ئێستا دەزانم دەکرێت بە نەخۆشی درێژخایانیشەوە ژیان هەر هەنگوین بێت. ئەوە خۆمانین بڕیار لەسەر

شێوەی ژیانمان دەدەین.

لای من مردن وەهێمکە مرۆڤ دروستی کردووە و خۆی پێ تۆقاندووە، ئەگەرنا جیاوازیی نێوان ژیان و مردن شتێکی ئەوتۆ نییە، مرۆڤ لە مردندا تەنیا دیوە فیزیکییەکەی ون دەبێت، تەنانەت ئەو خانە زیندووانە هەر دەمێننەوە و شێوەیان دەگۆڕێت. ئەمەش مانای ئەوەیە مەرگ تەنها گۆڕانکارییەکی فیزیاییە و هیچی تر. باوەڕم بە خودایەک هەیە هەریەک لە ئێمەش خۆمان بەشێکین لێی، تۆ دەتوانیت لە ڕێگەی ئەو خودایەوە کە خۆت بەشێکیت لەو خۆت زیندوو بهێڵیتەوە. جارێک هاوڕێیەکم وتی سروشت خۆی خودایە!! ئەمن ئەودەم لە قووڵایی ئەو دەربڕینە تێنەگەیشتم، بەڵام هەنووکە دەزانم ئەو هێزەی لەناو گەردووندایە نەک لە پشتی گەردوونەوە خودایە، ئێمەش هەریەک بەشێوەی خۆمان جەستەی ئەو خودایە پێکدەهێنین. واتە خودا هێزێکی میتافیزیکیی نییە بەڵکو ئەو وزە چاکەیە لە ناو سروشت و لەناو خودی خۆماندایە. کەواتە ئەو سروشتە ئیلاهییەی مرۆڤ مومکین نییە بمرێت.

پێموانییە سەرەتان هێندە مەترسیدار بێت. کێ بیری لە جەنگەکان کردۆتەوە چەند مەترسیدارترن؟. کێ بیری لە هەژاریی کردووەتەوە چەندە سامناکە؟. تۆقین لە شێرپەنجە تراومایەکی ساختەیە و هیچ کات لە جێگەی خۆیدا نییە. من وەک خۆم نەشتەرگەرییم کردووە، هەردوو جۆری چارەسەری کیمیایی و رادیۆلۆجیم وەرگرتووە و بەردەوامیشم لەسەریان. بەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەوە دەرمانێکی گرنگتر هەیە، ئەویش بڕوابوونە بە مانەوە لە ڕێگەی ئەو ویستەی بۆ ژیان هەمانە. هەموو شت ئەو واقیعە دەرەکییە نییە لەناویدا دەژین، با بچینەوە ناو گەردوونی ناوەوەی خۆمان، ڕەنگە لەوێ بگەینە ئارامی، لەو بڕوایەدام هەموو شتێک لەناو جیهانی ناوەوەی خۆماندا دەست دەکەوێت. لەوێ ئەو ویستە بەهێزەی ژیان کەشف دەکەین. ئەوە سێهەم جارە کات بۆ مردنم دادەنرێت، کەچی ئەوە منم بڕیار نادەم بمرم! زانستی پزیشکیم توشی ئیحراجی کردووە. مردن ئەو کاتەیە تۆ بڕیار بدەیت بمریت. لەوانەشە زۆرجار هەناسەدان بە تەنیا مانای زیندووبوون نەگەیەنێت. ئەوەی من کردوومە لەگەڵ کەنسەر، شتێکی سەیرە، خودی سەرەتانم توشی سەرەتان کردووە، چونکە

ئەو چەند شاڵاو بهێنێت بۆ من، ئەز بە چەکی ژیاندۆستی و عیشق سەر دڵی داخ دەکەم. خۆشەویستی دەرمانی راستەقینەی شێرپەنجەیە. خۆشەویستی ئەو هێزەیە دوای مردنە فیزیکییەکەش هەر بە زیندوویی دەتهێڵێتەوە.

رەنگە خەڵکانێک هەبن پێیان سەیر بێت دوای یەک دوو رۆژ لە وەرگرتنی چارەسەری کیمیایی یان پاش چەند کاتژمێرێک لە رادیۆ تێراپی، بە «شیکی» خۆم دەگۆڕم و دەچمە ریستۆرانت و وێنەی سێڵفی خۆم بە زەردەخەنەوە دەگرم!، یان شیعر دەنووسم و کار دەکەم لە بواری هۆبییەکانی خۆمدا، دەخوێنمەوە و دەنووسم، بەڵام ئەگەر تۆ بڕیارت دابێت سەرەتان بکوژیت نەک ئەو تۆ بکوژێت، دەبێت ئەوە بکەیت من دەیکەم. وەنەبێ کاتێک ئەم دێڕانە دەنووسمەوە هیچ ئازار و ژانێکم نەبێت، بەڵام هەموو ئەو ژانانە لەناو ئەم نووسینەدا دەمرن، لەگەڵ تایپکردنی هەر وشەیەکدا جۆرێک لە هەڵوەرینی ئازارەکانم هەست پێدەکەم. بە بۆچوونی سێۆران نەخۆشە گەورەکان نووسەری مەزنن. رەنگە مەبەست لە هەر جۆرە نەخۆشییەک بێت، دەروونی و جەستەیش. لای من نووسین نەخۆشی دەروونییە وەک خۆشەویستی. دەرزییەکی کیمیایی رەنگە بتوانێت سەدان هەزار گەردیلەی سەرەتانیی لە لەشماندا بکوژێت، بەڵام یەک جار وتنی «خۆشم ئەوێی» بەو کەسەی دڵت هەڵیبژاردووە هێندەی سەد دەرزی کیمیایی کاریگەریی هەیە. نووسینی یەک شیعر لای من لە دەیان دەرزی کیمیایی زیاتر گورز لە خەلایا سەرەتانییەکان دەوەشێنێت. کەواتە ئێوەش وەک من بکەن. عیشق و موزیک و بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ وەک ئاگربەردان لە پووش و پەڵاش سەرەتان دەسووتێنێت. تۆش تاقی بکەرەوە پێش ئەوەی سەرەتان ببێتە میوانێکی چارەگران.

—٣—

### کاتێک بە زۆر هەناسەی ژیان هەڵدەمژم

جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان زیندووبوون و ژیانکردندا، من بەسەر زیندووم بەڵام ژیان ناکەم، دەمەوێت قاچم لە نێو ژیاندا بچەقێنم نەک بە راکردن بە ناویدا تێپەڕم. من ئەو بەهرەیەم هەیە گۆرانی زۆر نەرم بۆ شتی فرە رەق بڵێم، هەرەمەکانی میسر و گاشە بەردی چیاکانی کوردستان بۆ من هەر هێمای

ڕەقی نین، دەتوانم نەرمی لەواندا بدۆزمەوە و لانیکەم لەگەڵ دیوە نەرمەکەیان بدوێم. هەر کاتێکیش نۆبە هاتە سەر مردنم. نامەوێت مەرگم ببێتە دیاردەیەکی عاتیفی و زەلکاوی فرمێسکی درۆزنانە. نا، من دەمەوێت مەرگم ببێتە شۆکێکی ڕۆشنبیریی، مەگەر خۆم دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی دژەباو و یاخی نیم؟. یاخیبوون ئەوە نییە دڵداریی لەگەڵ هەستی مێگەل و زۆرینە بکەیت، بەڵکو لەوەدایە زۆرینەی بیرنەکەرەوە ڕەت بکەیتەوە. مەگەر من لە ١٧ی شوبات لە سلێمانی وام نەکرد؟. تاکە دەنگی جیاواز و میلۆدیەکی پێچەوانەی ناو ئەو شارە نەبووم؟. بەڵێ دەمەوێت مردنم ببێتە تاسانێکی ڕۆشنبیریی و شلەقاندنی گۆمی مەنگی بیرکردنەوە. دەخوازم ویژدانی ئەوانەش بچزێنم هەمیشە سەرقاڵی کێشانی وێنایەکی شەیتانیانەی منن، لێ جاڕی فریشتەبوون لێ نادەم، نەخێر مرۆڤێکی ئاساییم، بەڵام هیچ نەبێت ئەو ئەهریمەن و بوونەوەرە شەڕئەنگێزە نەبووم نەیاران سکێچیان کردووە بۆم و بۆیشیان چووەتە سەر.

دەمەوێت چیرۆکێکی سەیری لە بیرکراوتان بۆ بگێڕمەوە، جان دەمۆ، شاعیری کەلاوەکان بوو، پیاوێکی سوریالی بوو، وەک بوهیمییەک لە هیچ شوێنێک نەدەسرەوت، یاخیبوون لە خوێن و هزریدا بوو، هەمیشە جرتی بۆ دەسەڵات و مێگەل لێدەدا، لە شوێنە گشتییەکاندا میزی دەکرد، جنێوی بە هەموو کەس دەدا، گاڵتەی بە هەموو شت دەهات. لە سەدام نەدەترسا، جنێوی سوکی پێ دەدا، بەڵام لە زەواج دەترسا و هەمیشە بە ڕەبەنی مایەوە!! چەندان وڵات گەڕا لە شتاقیان ئۆقرەی نەگرت، یەک دیوانی لە دوا بەجێما بەناوی «شرۆشیتاڵ»! دیوانێکی سەیر و عەنتیکە، دیوانێک تا ئەندازەیەکی زۆر سوریالی. ئەو ئاسوورییەکی کەرکوکی و نەوەی شارستانییەکی دێرین و عەشتار بوو، کەچی سەعلوکیانە ژیا، رووت و ڕەجاڵانەش مرد. هەرچەند سەیری خۆم دەکەم، شێوەی ژیان و چارەنووسم دەچێتەوە سەر ئەو.

ئاخر ژیانی منیش زنجیرەیەک ڕووداون. بەرەڵایی و یاخیبوون، سەرخۆشی و مەستی، عەشق و تێکشکان، جگەرەکێشان و خوێندنەوە، سیاسەت و ناڕەزایەتی، نەخۆشی و ناخۆشی. وەلێ هیچ کات ناپاکیم لە خۆم و هیچ کەسی تر نەکردووە، کەچی زۆرترین ئازار دراوم، هەرچەند من کەسم ئازار نەداوەتەوە

نەک لەبەرئەوەی نامەوێت بەڵکو ناتوانم ئازاربەخش بم. مرۆڤێکی باش نیم، هەر مرۆڤێک بانگەشەی باشێتی خۆی کرد ترسناکە. پیاوێکی سەرکێش و بزۆزم، زۆرجار وەک شێتێک لەسەر جادەکان میزم کردووە، جرِتم بۆ مامۆستا لێداوە، جارێکیش جرِتم بۆ وەزیرێک لێداوە. حەزم لە ئاشوبە، ئاشوبی جوان. پارەم نییە هەمیشە ئەو پارەیەی دەستم کەوتووە نەچۆتە گیرفانم هەر لە بناغەوە گیرفانم نییە. رقم لە درۆ نییە چونکە ئەدەب درۆیە. رقم لە مرۆڤی دووفاقیی و ئۆپۆرتۆنیستە. کتێبگەلی پێچەوانەی یەکتر دەخوێنمەوە، لێ هەوڵ نادەم هەموو شتێک بزانم، هەوڵ دەدەم شتگەلێک بزانم یارمەتیم دەدەن بۆ تێگەیشتن لە ژیان و خودی خۆم، زانین هەمیشە لە توێی کتێبەکاندا خۆی حەشار نەداوە، نەخێر ئەزموونکردن بەشێکە لە پرۆسێسی فێربوون و زانین، من ئەوەندە کتێبەکانم بۆ گرنگە نەمکەن بە دۆنکیشۆت، ئەگەر لەوە زیاتر بێت و رێمان نەدات لەناو ئەشکەوتە فیکرییەکان بێینە دەرەوە، ئیدی کتێب زیانی هەیە. خودام هەیە، بەڵام جرِت بۆ ئاینەکان لێ دەدەم، مێشکم وەک جیوە یاری دەکات و جێگیریی ناناسێت. ژنم خۆش دەوێت، وەلێ زوو دڵم لێیان دەشکێ، ئاخر ژنێکی وەهام نەناسیوە بەرگەری ئەو سروشتە نائاساییەم بگرێت. من بەو جۆرە ژیام و لەناو هەمان سرووتدا بەردەوامم لەسەر ژیان، هیچ کات لە مردن ناترسم و ئەو رۆژەشی دەمرم، شیعر هەتیو دەبێت، عەشق بێکەس، وشە غەمێکی ئەزەلی لە رۆحیدا دروست دەبێت، گوڵی قەسیدە شکۆفە ناکات، شیعر عەشقی بیر دەچێتەوە، هەموو دنیاش منی لە بیر دەچێتەوە جگە لە ژنێکی رەشپۆش بە نهێنی بۆم دەگریێ.

**سەرنج: ئەم نووسینە سێ برگەییە لە سێ قۆناغی جیاوازدا نووسراون. برگەی یەکەمی مێژووی نووسینی بۆ دیسامبەری ٢٠١٤ دەگەرِێتەوە. برگەی دووەم بۆ رۆژی ٤-٢-٢٠١٨ و بە بۆنەی رۆژی جیهانی نەخۆشی شێرپەنجەوە نووسراوە. برگەی کۆتایی لە دوماهی مانگی ئاپریلی ٢٠١٩ لە مۆڵ ئەسکەندەنافی لە شاری ستۆکهۆڵم نووسراوە.**

تێبینی: ئەم وتارە لە رۆژی ٧-٢-٢٠٢٠ لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان» بڵاو کراوەتەوە.

# مەلا مەزهەر یان کۆتایی ڕەوشت؟

## ئەزموونم لەگەڵ مەلا مەزهەر لە دیبەیتێکی تەلەفزیۆنیدا

چەمکی ڕەوشت یان ئاکار، چەمکێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی- فەلسەفییە، بەهۆی ئەوەشی ئەم زاراوەیە ڕەهەندێکی ئۆتنۆلۆژیی هەیە، پێناسەکردنی بەپێی ئاستی هۆشیاریی و شارستانی هەر کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێت. لەم سۆنگەوە مەفهومی ڕەوشت بووەتە جێگەی تێڕامان و پرسیاری فەلسەفە. لە ڕووی زاراوەسازیشەوە وشەی ڕەوشت یان ئاکار، هاوتایە لەگەڵ وشەی «الاخلاق» لە زمانی عەرەبیدا، یان هاو واتایە لەگەڵ «MORAL»ی زمانی ئینگلیزیی کە ئەویش سترۆکتۆرەکەی بریتییە لە وشەی «MORES»ی لاتینی، زۆرجاریش لە بەرامبەر وشەی ئاکاردا، زاراوەی «ئیتیک»ی ئینگلیزیی بەکاردەبرێت، ئەمیش لە بناغەوە ڕیشەیەکی گریکی هەیە ئەویش «ETHOS»ە. بەم پێیە لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ڕوانین بۆ ڕەوشت فۆرمێکی دیاریکراوی خۆی هەیە.

هەر زۆر زوو ڕەوشت بووە جێی بایەخی فەلسەفە، هەردوو فەیلەسووفی یۆنانی دێرین «ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ» ڕەوشت بە سترۆکتۆری کاری ڕامیاریی لێکدەدەنەوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕوانگەی «نیکۆلۆ مەکیاڤیللی» بیریاری ئیتالی چاخی ڕێنسانسە کە بە درێژایی کتێبی «میر» لە کۆششدا بووە بۆ جیاکردنەوەی مۆراڵ و سیاسەت، ئەمەش بە دایکی سیاسەتی هاوچەرخی پراگماتیزم هەژمار دەکرێت، بەڵام جەدەلی پەیوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، تا ئێستاش تێمایەکی هەرە گرنگی جەدەلە لە ناوەندەکانی سیاسەت و فەلسەفەدا، لەم نێوەندەشدا چەندان بیریار و فەیلەسووف فۆرمۆڵەبەندیی نوێ بۆ ئەو بابەتە هەستیارە دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ئەخلاق بکەین، ناکرێت باز بدەین بەسەر «فەلسەفەی ئەخلاق»دا، خاڵی ناوکۆیی پێناسەکردنەکانی ئەخلاق لای فەیلەسووفان ئەوەیە هەموو ناچاکردنێک بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک با کارێکی چاکیش بێت، نائەخلاقییە، لەم سۆنگەوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە رەوشت دژی دیسپلین و ناچارکردنە، یان بە مانایەکی تر رەوشت بریتییە لە ئازادیی، هەندێ لە فەیلەسووفان لە ناساندنی مرۆڤی خاوەن رەوشتدا دوو خاڵ وەک مەرج دەبینین ئەوانیش ئازادیی و هەبوونی ئیرادەیە، لەگەڵ هەستکردن بە بەرپرسیاریی. فەیلەسووفی نێودار «ئیمانۆیڵ کانت» بایەخێکی زۆری بە پرسی ئەخلاق داوە لە چوارچێوەی هەڵهێنجانە فەلسەفییەکانی خۆیدا بە تایبەت لە توێی هەردوو کتێبە ناوازەکەی «فەلسەفەی ئەخلاق» و «بنەماکانی میتافیزیکی ئەخلاق»دا.

کانت سێ خەسڵەت دەستنیشان دەکات وەک مەرجی کەسی خاوەن رەوشت. یەکەم: ئەوەی بۆ خۆتت دەوێ، بۆ کەسانی تریش بە رەوای ببینیت. دووەم: سەیرنەکردنی ژیانی مرۆڤ وەک مەرام. سێیەم: هاوسەنگی. جیا لەمەش کانت لە شافیتبێری فێرببوو ژیانی ئەخلاقی پشت دەبەستێت بە یەکگرتنەوەی نێوان حەزی تاکەکەسی و چاکەی گشتیی، لە ئەنجامدا فەزیلەت رەنج نییە، بگرە ئۆقرەیی و بەختەوەرییە. لای ئەرستۆش خۆشەویستی «بەهەموو تانوپۆی خۆیەوە» بەشێکی بەرفرەی ئەخلاق پێکدەهێنێت، بۆیە لای ئەو سیستمی ئەخلاقی بەبێ فاکتۆری خۆشەویستی سیستمێکی لەنگ و ناتەواوە. لە هەموو پێناسەکردنەکانی تریشدا موبیلیزەی چەمکی ئەخلاق بەو نۆرمە کراوە لەلایەن فەیلەسووفانەوە، کۆمەڵە پرنسیپێکن بەها مرۆڤایەتییەکان رادەگرن. بۆ وێنە ئەوەی دزی یان درۆیەکی سیاسیی دەکات، کارێکی نائەخلاقی ئەنجام دەدات، بەڵام لە هیچ کاتێکدا مامەڵەی ئازادانەی تاکەکەس لەگەڵ جەستەی خۆی نابێتە کارێکی بەدڕەوشتانە، مادام زیان لە بەرژەوەندیی هیچ کەسی تر نادات. بە کورتییەکەی رەوشت پەیوەندیی نییە بە ناو هەردوو رانی مرۆڤەوە، بەڵکو وەک ئاماژەم بۆ کرد رەوشت پرنسیپگەلێکە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ رێکدەخات و ئازادیی و بەرژەوەندیی گشتیی دەپارێزێت.

لە کۆمەڵگەی کوردییدا ڕەوشت تەریبکراوە لەگەڵ پرۆسەی سێکسی نێوان مرۆڤەکان، کاری بەدڕەوشتانە بەو کارە لێکدەدرێتەوە چوارچێوە ڕێ پێدراوەکانی ترادیسیۆن و ئاین ببەزێنی لە پەیوەندیی جەستەییدا، ئەگەرنا خیانەتکردن لە وڵات بە کارێکی بەدڕەوشتی دانانرێ، گەندەڵی و بەهەدەردان بە بەدڕەوشتی دانانرێ، بیرۆکراتی و خەمساردیی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکان بە بەدرەوشتی دانانرێت، دزی و زیانگەیاندن بە ژیانی تاکەکەس و گشت بە بەدڕەوشتی دانانرێ، لە کاتێکدا بەدڕەوشتی راستەقینە ئەو کارانەن کە سیاسیی و بازرگان و حزبەکان و مەلا و شێخ و بانگخوازەکان پەیڕەوی دەکەن و کۆمەڵگەش ورتەی لە دەم دەرنایەت. کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی ئابڕووبراوی دەستی چەند بەدڕەوشتێکە، بەڵام بەخۆی نازانێ و هێشتاش لەو پەنچەرە تەڵخەی کولتوورەوە بۆ سێکس دەڕوانێ کە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریی بەدڕەوشترین کارە، لەمەشدا ژن وەک قەحبە و بەدڕەوشتی راستەقینە شوناس دەکرێت، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە ڕەوشت زۆر دەمێکە لەناوگەڵی ژن و پیاو دەرهێنراوە و بووەتە ئەو بەهایانەی حورمەت بۆ تاکەکەس و کۆمەڵ دابین دەکەن.

لە دیدی مەلا مەزهەرەکانەوە، ڕەوشت لە ئیماژە نێوگەڵییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بە دیقەتدانم لە کرۆکی باس و خواسە فیقهییەکانی مەلا مەزهەر، ئاین کورتکراوەتەوە بۆ سێکسوالیتی، بەو پێیەی هەمیشە لە وەعز و وتارە ئاست نزمەکانیدا «چ لە ڕووی زمانەوانی، چ لە ڕووی شەرعیش»، کۆی پرسەکان گرێدەداتەوە بە پەیوەندیی سێکسیی نێوان هەردوو ڕەگەز، لەوێشدا ژن وەک کائینێکی زیندوو نابینرێت، هێندەی ئەوەی کاری تێرکردنی ڕەمەکی سێکسیی پیاوانە کە بوونەوەرێکی پیرۆز و ئافرێندراوێکی تایبەتی خودان. کارەساتەکە لەوەدایە مەلا مەزهەرەکان، تێگەیشتنیان لە خودی ئیسلام لە دۆخێکی خراپدایە کە پێموایە بریتییە لە بەدحاڵیبوون، لەو سۆنگەیەی جگە لە چەند کتێبێکی فیقهیی سەلەفی ئاگایان لە هیچی تر نییە، تەنانەت نەیانتوانیوە زانیاریی لەسەر ڕوانینی قووڵی زانا ئیسلامییە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان وەربگرن. دەتوانم بڵێم مەلا مەزهەرەکان گرێی دەروونیان هەیە و پێویستیان بە چارەسەر هەیە

لە نەخۆشخانە دەروونییەکاندا، چونکە ئەوان ناتوانن ژن ببینن بێ ئەوەی خروو و ئاڵۆشی سێکسیان تێنەکەوێت، ناتوانن ژن قبوڵ بکەن تەنیا وەک ئامرازێکی سێکسی نەبێت، ناتوانن وێنای ژن ببینن وەک سیاسیی یان ئەدیب یان تەکنۆکرات بێ ئەوەی جەستەی رووتی نەبینن. مەلا مەزهەر، بە خۆی و وەعزەکانییەوە، نیشانەی کۆتایی رەوشتە یان با بڵێین زەقترین ئابڕوچوونی پیاوانی ئاینییە لە کوردستان، لە روانگەی ئەوەی تەنانەت باوەڕدارانی ئاینی ئیسلامیشی گەیاندۆتە راددەی بێزاریی، چونکە زۆرینەی کوردە موسڵمانەکان، ئاینیان وەک پەیوەندییەکی رۆحی قبوڵ نەکردووە، نەک ئەوەی رۆبچێتە هەموو پنتەکانی ژیانەوە.

ئەزموونێکی تایبەتیم هەیە لەگەڵ عەقڵی نێرسالارانەی مەلا مەزهەر، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ بە بۆنەی رۆژی «ڤالانتاین» لە تەلەفزیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی پێکەوە دیبەیتێکمان هەبوو، ئەوە یەکەم ئەزموونم بوو لەگەڵ مەلا مەزهەر رووبەڕوو بەرەنگاریی فیکریی یەکتر ببینەوە، هەرچەندە بڕوام بەوە نییە مەلا مەزهەر تەنانەت نوێنەرایەتی فیکریی ئیسلامیش بکات. لەو دیبەیتەدا شتێکی کە بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئاستی نزمی تێگەیشتنی بوو لە بنەماکانی شەریعەت و فیقهی ئیسلامی، زانیارییەکانی زیاتر نەقڵی بوون نەک لۆجیکی و ئەقڵیی، هەرچەند تەوەرەکە باسی خۆشەویستی بوو، بەڵام وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بابەتەکەی بردەوە سەر فرەژنی، هەڵبەتە من لەو بابەتەشدا توشی ئیحراجییەکی گەورەم کرد، چونکە باسم لەو ئایەتە کرد کە باسی فرەژنی دەکات، داوام کرد جوان ورد بێتەوە لە تێکستەکە، قورئان دەڵێت مافتان هەیە دوو سێ چوار ژن بهێنن، بەڵام بە مەرجی دادپەروەریی، وتم هەرچەندە من دژی ئەو پرەنسیپەم، بەڵام ئێوە بۆچی باسی مەرجەکە ناکەن؟؟ دواتر ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە حوکم یان واجب نییە، بەو پێیەی ئایەتەکە فەرمانی تیا نییە، بەڵام لە مێژوودا نموونە هەیە «عومەری کوڕی خەتتاب» فەرمان و واجبی جێبەجێ نەکردووە، بۆ نموونە لە قورئاندا سزای دز بڕینەوەی دەستە، ئەمە لە قورئاندا وەک حوکم بە روونی جێگیر کراوە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە عومەردا بەهۆی ئەوەی برسێتی و هەژارییەکی زۆر لە

قەڵەمڕەوەکەیدا پەرەیسەندبوو، ئەو حکومەی وەلانا و سزاکەی سووکتر کرد. ئەم ئارگۆمێنتە نیشانی دەدات نەک مەجالی ئیجتیهاد لە بابەتە ماف پێدراوەکاندا هەیە، بەڵکو دەکرێت بپەڕێتەوە سەر ئەحکامەکانیش کە لە قورئاندا جێگیر کراون.

هەڵبەتە مەلا مەزهەر، وتی شتی وا نەبووە و ئەوە یەکەمجارە ئەم بابەتە ببیستم، بەڵام خانمی پێشکەشکار وتی بەڕێز مامۆستا ئەم بابەتە لە «سیرەی ئیبن هیشام» و لە مێژووی «تەبەری»دا تۆمار کراوە. ئەمەش بووە هۆی خەجاڵەتبوونی، بۆیە هەوڵیدا تەوەرەکە بگۆڕێت بۆ شۆخیبازیی و گاڵتەجاڕیی، ڕێگەم لێ گرت و وتم کاتی نوکتە و فشقیات نییە، کاتی شەڕی ئارگۆمێنتە، تۆ ناتوانیت لە دیبەیتێکدا دوو قسەی لۆجیکی بکەیت بۆچی دێیتە ناو شەڕی فیکریی؟، دواتر هێرشی کردە سەر کەسایەتیم و وتی جەنابت لە سەرسامیت بە ئەورووپا تەنیا بەرەڵاییەکەت هێناوەتەوە!!! منیش وتم تۆش دەتوانیت بچیت زانستەکەی بهێنیتەوە، کێ ڕێی ئەم کارەی لێ گرتوویت؟؟. دەتوانیت لە قۆناغی یەکەمدا ڕەوشتی قسەکردنیان لێوە فێر بیت، هەر ئەوەندە بەسە بۆ تۆ. هەڵبەتە بەم وشانە باڵانسی لە دەستدا و بە نەڕەنەڕەوە وتی: کاکی عەلمانی تۆ پێت خۆشە خوشک و مێینەکانی ناو خێزانت سبەی لە پارکی ئازادی هەتیوێکی خوێڕی بەناوی ڤالانتاینەوە ماچیان بکات؟. ئەمە ئەو پرسیارە زۆربەی نووسەرەکانی کورد لەوەڵامەکەی دەترسن، بەڵام من وتم: بەڕێزم یەکەم مافی ئەوەت نییە بە خۆشەویستی خوشک و کەسوکارم بڵێی هەتیوە خوێڕی. دووەم: بە چ ماف و بیانوویەکەوە ڕێ لەو کارە بگرم، لای من نەک ئاساییە بەڵکو کەس هەقی کوێخایی ژیانی مێینەکانی نزیکمی نەداوەتێ. نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم، وتی خەڵکی موسڵمان ئەوەتا لەم کەناڵە سەتەلایتەوە بە چاوی خۆتان ببینیتان چۆن عەلمانییەکان دەیانەوێت کۆمەڵگە بێ ڕەوشت و بەرەڵا بکەن، هەڵبەتە منیش بە بزەیەکەوە وتم جێی شانازییە ئەو ڕەوشتەمان نییە تۆ خۆتی پێوە با دەدەیت، بۆیە خانمی پێشکەشکار هەوڵیدا زوو بەرنامەکە تەواو بکات و کاتێکی زۆری بەخشی بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان کە بەداخەوە هەموو پشتیوانیان لە دید و بۆ چوونە بەدڕەوشتییەکانی مەلا مەزهەر دەکرد!!.

هەڵبەتە ئەو پێشەکیی و بەسەرهاتەم پێکەوە گرێدا، تەنیا بۆ ئەوەی نیشانی

بدەم، مەلا مەزهەر و هاوشێوەکانی، لووی سەرەتانیی جەستەی کۆمەڵگەی کوردەوارین، دەبێت ئەم لوولانە ببڕدرێن، کاتی ئەوەیە داواکاری گشتیی و یاسا رۆڵی خۆی ببینێت، ناکرێت چیتر سووکایەتی بە ژن و دواجاریش بە پیاو قبوڵ بکرێت، ئاخر لە روانگەی مەلا مەزهەرەکانەوە ژن نێچیرێکی سێکسییە و پیاویش گورگێکی برسی.

**تێبینی: ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا لە مایۆی ساڵی ٢٠١٨دا نووسراوە، پاش ئەو هێرش و سووکایەتیکردنەی مەلا مەزهەر خۆراسانی بە ژنانی کورد و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا. هەر ئەوکات لە چەند ماڵپەڕێک ئەم وتارە بڵاوکرایەوە. پاشتر لە پرۆسەی گوماناویی دەستپێکردنی دادگایی مەلا مەزهەردا کە وەک پاڵەوانێک دەرکەوت، دووبارە ئەم نووسینەم لە ئەکاونتی تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاو کردەوە و هاوکات لە رۆژی ٢٩-١-٢٠١٩ لە سایتی ئەلیکترۆنی «دەنگەکان»دا بڵاوکرایەوە.**




# بەشی دووەم

# خوێندنەوەی پەڕاوێز

# تیرۆری سەردەشت عوسمان و گەمە سیاسییەکان

تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی لاو «سەردەشت عوسمان» بەشێوەیەکی تەمومژاویی و لە رۆژێکی ئارام و ئاسایی پایتەختی هەرێمی کوردستاندا، رووداوێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم رووداوە خەمناکە رای گشتییەکی کوردستانی بە دوای خۆیدا هێنا و سەرلەبەر کۆمەڵگەشی بە هەموو چین و توێژەکانییەوە هەژاند. رووداوی تیرۆرکردنی ئەو رۆژنامەنووسە نەک لە سنوورێکی بەرتەسکدا نەمایەوە، بەپێچەوانەوە لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، تا ئەو رادەیەی لە خۆرهەڵاتەوە تاکوو خۆرئاوای جیهان ئاگایان لە چیرۆکی کوشتنی تراژیدییانەی «سەردەشت» هەیە و چاودێریی ئەو لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامانەش دەکەن کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت. بەکورتییەکەی ئەو رووداوە گۆمە مەنگەکەی شڵەقاند و هەموو ئەوانەشی هێنایە قسە تەنانەت چەندین ساڵ نە هەڵوێستێکیان هەبووە و نە تەنیا قسەیەک.

### پێشینەی تیرۆری سیاسیی لە دوای راپەڕینەوە

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیرۆکی گەلی کورد، باش لەو راستییە تێدەگەین، تیرۆری سیاسیی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دیاردەیەکی نامۆ نییە و نەبووە بەم گەلە. ئەگەر تەنیا نموونەی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم بکەینە نموونە ئەوە تیرۆری سیاسیی یەکێکە بووە لە میکانیزمەکانی تەسفیەی سیاسیی، هەم

هێزە کوردییەکان لە ململانێ ناوخۆییەکاندا بەکاریانهێناوە و هەم لە بەرەو رووبوونەوەی رژێمە داگیرکەرانی کوردستان زۆرجار دەستی بۆ براوە. ئەگەر لەناو ئەو مێژووەدا تەنیا دەیەی هەفتا و شەستەکان وەربگرین ئەوە چەندین نموونەی تیرۆری سیاسیی بەرچاو دەکەون کە هێز و حزبە کوردستانییەکان لە ئاستی ناوخۆیی بەڕێوەیان بردووە. بۆ وێنە تیرۆرکردنی «شێخ محەمەدی هەرسین» لە کاتی گەڕانەوەی تەرمی مەلا مستەفا لە ئەمەریکاوە بۆ شاری شنۆ. یان تیرۆرکردنی «عەبدولی سۆران، سدیق ئەفەندی، نوری حەمەعەلی» کە لە کادێرە دیارەکانی پارتی بوون. پاشان لەدەیەی هەشتاکاندا چەندان نموونەی تر لە تیرۆری سیاسیی دەبینین کە حزبە کوردستانییەکان لەدژی یەکتر ئەنجامیانداوە، لەوانە تیرۆرکردنی «شێرکۆ شێخ عەلی» یەکێک لە سەرکردەکانی ئەوکاتەی حزبی سۆسیالیست لەرێی پیلانێکی خوێناوییەوە، یەکێکە لە نموونە هەرە زیندوو و لەبەرچاوەکان. تەنانەت دەتوانین دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بە لوتکەی دەیەکان ناوزەدە بکەین لە رووی بەکارهێنانی تیرۆر وەک یەکێک لە ئامرازەکانی جەنگ و ململانێ لەنێوان هێزە کوردییەکاندا.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ تیرۆری سیاسیی فۆرم و ناونیشانی جیاواز و نوێتری وەرگرت. لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکاندا چەندان تیرۆری سیاسیی ئەنجامدران، کە زۆرینەیان لەلایەن پارتییە کوردییەکانەوە وەک بەشێک لە تەسفیەی سیاسیی و ململانێی سیاسیی ئەنجام دەدران. هەر لەم ماوە مێژووییەدا دەبینین کەسایەتی ناسراو و سەرمایەداری شاری سلێمانی «عەلی بۆسکانی» لە بارودۆخێکی لێڵ و تەمومژاوییدا تیرۆر دەکرێت. هەر لەو ساتەوەختانەدا «عەزیز خۆشناو» بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی بەهەمان شێوە تیرۆر دەکرێت. دواتر هاوکاتی ئەوانە «حەمە دوزی» سەرمایەدار و کادری سەربازیی ناسراوی یەکێتی لەلایەن دەستەیەکی نەناسراوە تیرۆر دەکرێت.

ئەم شەپۆلە لە تیرۆری سیاسیی بەردەوام دەبێت و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ «خاڵە حاجی» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیست لە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی تیرۆر کرا، لە دهۆک «فرەنسیس یوسف شەپۆ»ی پەرلەمانتاری

لیستی مۆر و هاوڕێ «ڕێناس» سەرکردەی حزبی زەحمەتکێشان و «نەزیر عومەر» ناسراو بە «ئارام» کادری پێشکەوتووی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ماوەیەکی نزیکی یەکتردا تیرۆر دەکرێن. هەر لەم بارودۆخەدا چەندان گروپی سەر بە ڕژێمی بەعس لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان پێکهاتن و چەندان کاری تیرۆریستی و تێکدەرانەیان ئەنجامدا، لە نموونەی تەقاندنەوەی نارنجۆک لەناو ئاپۆرای خەڵک لە شارێکی وەکو سلێمانی و تیرۆرکردنی کارمەند و بەڕێوەبەری ڕێکخراوە بیانییەکان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر لەم نێوەندەدا تیرۆری خاتوو «لیسی شمیدت»ی ئەڵمانی یەکێکە لە کردەوە تیرۆریستییە هەرە ناسراوەکان کە لەلایەن بەکرێگیراوانی بەعسەوە ئەنجامدرا.

لەم بارودۆخە شڵەژاوەی ئەوکاتی کوردستان و هەبوونی دەیان باندی میلیشیایی و ئەو هەڵواسراوییەی چارەنووسی هەرێمی کوردستاندا، هێزە ئیسلامییەکان بەهێز دەبن و جۆرێکی دیکە لە تیرۆری سیاسیی لەژێر ناوی ئایندا لەلایەن گروپە چەکدارە ئیسلامییەکانەوە سەرهەڵدەدات. ئەم شەپۆلە لە تیرۆری سیاسیی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، لە فەتوای کوشتنی «شێرکۆ بێکەس»ی شاعیر و «ڕێبوار ئەحمەد»ی سکرتێری حزبی کۆمۆنیستەوە دەستیپێکرد و ئاکامەکەشی بەو زنجیرە پەلامارە تیرۆریستییانە کۆتاییان هات کە هەردوو گروپی جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان ئەنجامیاندا. تیرۆری «شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل» کە دوو سەرکردەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوون و ساڵی ١٩٩٨ لە ڕووداوێکی نادیاردا لە شاری هەولێر تیرۆرکران، پاشان تیرۆری «فەرهاد فەرەج» نووسەر و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٩٩، هەوڵی سەرنەکەوتووی تیرۆری «هاوژین مەلا ئەمین»، پاشان تیرۆرکردنی «فرانسوا حەریری» ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠١، تیرۆرکردنی «شەوکەتی حاجی مشیر» ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و چەندانی تریش، مشتێک لە خەرواری تیرۆری هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانە.

شان بەشان لەگەڵ شەپۆلێکی فراوانی تیرۆری سیاسیی لەلایەن هێزە

ئیسلامییەکانەوە، لەسەر ئاستی حزبە عەلمانییەکان دیسان تیرۆر وەک ئامرازێکی شەڕ و پەلاماردانی سەربازیی لێک دەدرایەوە، لەو نێوەندەدا لە مانگی مەی ١٩٩٤ لە شاری سلێمانی «جەلالی حاجی حسێن» کۆنە کاژیک و یەکێک لە سەرکردەکانی ئەوکاتەی یەکێتی تیرۆر دەکرێت، هەر لە سلێمانی لە رۆژی ١-٩-١٩٩٤ «ئەبوبەکر عەلی» شاعیر و هەڵسوڕاوی سیاسیی تیرۆر دەکرێت. لە دواتردا و پاش زیاتر گەرمبوونی شەڕی ناوخۆی کوردستان، دیسان تیرۆری سیاسیی تاو دەسەنێت و دەبێتە دیاردەیەکی بەرچاوی ئەو قۆناغە. هەر لەم چرکەساتانەدا «محەمەد حەلاق»ی سەرکردەی ناسراوی پارتی کاری سەربەخۆ و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی لە زاڵگەی کۆیە تیرۆر دەکرێن، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لەناو جەرگەی شاری هەولێر «سیروان نەورۆڵی» پەرلەمانتار و کادری پێشکەوتووی پارتی تیرۆر دەکرێت و هەمان ساڵ «محێدین رەحیم» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە بارودۆخێکی نادیار و لەلایەن دەستەیەکی نەناسراوە تیرۆر دەکرێت، هاوکات لە شاری سلێمانی «سەلام رەئوف» ناسراو بە «سەلامە سوور» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی سۆسیالیست لە گەڕەکی چوار باخ تیرۆر دەکرێت. پاشان ئەم زنجیرە تیرۆرە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە تیرۆری پێنج کادر و پێشمەرگەی حزبی کۆمۆنیست لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن هێزەکانی یەکێتییەوە، تا دەگاتە تیرۆری «مەلا عەبدوڵڵای قەسریێ» سەرکردەی دیاری کۆمەڵی ئیسلامی، لە زاڵگەی تاسلوجەی نزیک شاری سلێمانی.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و پرۆسەی ئازادیی عێراق بینیمان تیرۆری سیاسیی لەسەر ئاستی کوردستان بەرەو کۆتایی و نەمان رۆیشت، تەنیا هەڕەشەیەکی تیرۆریستی کە لەسەر کوردستان مابوو، هەڕەشەی گروپە ئیسلامییەکان بوو. ئەوەبوو توانیان لە رۆژی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ بارەگای مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی لە هەولێر بتەقێننەوە و کۆمەڵێک سەرکردە و کەوادری پێشکەوتووی هەردوو حزبی سەرەکیی کوردستان تێیدا کوژران. هەر لە هەولێر چەندین تەقینەوە و هەوڵی تیرۆریستی روویاندا وەک تەقینەوە لە بەردەم تەلاری وەزارەتی ناوخۆ و بنکەی تۆماری پۆلیس و هەوڵی تیرۆرکردنی «مەحموود محەمەد» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی و وەزیری ئەوکاتەی

رۆشنبیریی. لە سلێمانی چەندان هەوڵی تیرۆریستی پووچەڵکرانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ٢٠٠٣ شانە ئیسلامییەکان توانیان «حەمە حسێن» ئەفسەری ناسراوی ئاسایشی سلێمانی لە گەڕەکی سەهۆڵەکە تیرۆر بکەن، پاشان گەورەترین هەوڵی تیرۆریستیان شکستی خوارد کە «مەلا بەختیار»ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و بارەگای وەزارەتی پێشمەرگەی کردبووە ئامانج. بەڵام دواتر دەزگا ئەمنییەکان بەتایبەت پاش ئاشکرابوون و لەسێدارەدانی گروپی «شێخ زانا» توانیان بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن و هەموو لە نزیکەوە شاهیدی ئەوەین لە چوار ساڵی رابردوو بارودۆخی کوردستان لە رووی سەقامگیریی و بنبڕکردنی تیرۆرەوە بە رۆژانی زێڕینی خۆیدا تێپەڕیوە، کەچی لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا دیسان بارودۆخی ئەمنی تاراددەیەک شلۆق بووە، کە دەتوانین تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس «سەردەشت عوسمان» لە هەولێر و «محەمەد تاهیر شێخ عەبدولقادر چویسە» لە سلێمانی بکەینە بەڵگەی ئەو راستییەی بارودۆخی ئەمنی بەرەو خراپی هەنگاوی ناوە.

### تیرۆری سەردەشت عوسمان

بەداخەوە هەرێمی کوردستان بۆ رۆژنامەنووسان ئەو بەهەشتە نەبووە هەمیشە دەسەڵاتداران باسی لێوە دەکەن، ئازاردانی رۆژنامەنووسان و لێدان و سووکایەتی پێکردنیان کارێکی نامۆ نەبووە و هەمیشەش دەسەڵات رەوایی و رێگەی بە خۆی داوە سنوورێکی بەرتەسک بە دەوری رۆژنامەنووسدا بکێشێت، تا ئەو راددەیەی بەداخەوە کار گەیشتۆتە لێسەندنەوەی گیانیان. لە دوو ساڵی رابردوودا ئەم ئازاردان و تەنگ پێهەڵچنینەی رۆژنامەنووسان گەیشتۆتە ئەوپەڕ و ترۆپک، تەنانەت یاسای نوێی رۆژنامەنووسی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و رێ لە ئازاردان و زیندانیکردنی رۆژنامەنووسان دەگرێت، نەیتوانیوە بەرگریی لە رۆژنامەنووسان بکات و ببێتە قەڵغانی پاراستنی ماف و ئازادییەکانیان، بەپێچەوانەوە بە بەرچاوی ئەو یاسایە و خودی هەر سێ دەسەڵاتەکەوە، حزب لە بری حکومەت سزای رۆژنامەنووسان دەدات.

لە هەموو ئەمانە ترسناکتریش توندوتیژیی و سزادانی رۆژنامەنووسان، گەیشتە راددەی تیرۆر و سڕینەوەی فیزیکی. لە ماوەی یەک ساڵدا و هەر لە شاری کەرکوک دوو تیرۆری دژی رۆژنامەنووسان روویدا. یەکەمیان کردەوەی تیرۆرکردنی «عەبدولستار تاهیر شەریف» بوو. ئەگەرچی «شێخ ستار» رۆژنامەنووس نەبووە و زۆرینەی تەمەنی بە خیانەتکاریی و داردەستیی بەعس بەسەر بردبوو، بەڵام زۆرینەی چاودێران و بیروڕاکان هۆکاری تیرۆکردنەکەیان گەڕاندەوە بۆ ئەو دیمانە دوو بەشییەی لەگەڵ گۆڤاری «لڤین» ئەنجامیدابوو و زۆر بابەتی هەستیار و گرنگی ورووژاندبوو. ئەگەرچی من بڕوام بەهەموو زانیارییەکانی ناو ئەو دیمانەیە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە فاکتۆری قەڵس و بێزارکردنی هەردوو حزبی سەرەکیی کوردستان. دووەمیان، تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی لاو «سۆران مامەحەمە»ی پەیامنێری «لڤین» بوو، هۆکاری تیرۆرکردنەکەشی بۆ ئەو چەند راپۆرت و بابەتە گەڕێنرایەوە لە هەمان گۆڤار بڵاویکردبوونەوە، بە تایبەت لە یەکێکیاندا پەیوەندیی نێوان بەرپرسانی کەرکوک و سۆزانییەکانی ئەو شارەی ئاشکرا کردبوو.

رووداوی تیرۆرکردنی «سۆران و شێخ ستار» لە شارێکدا بووە، بارودۆخی ئاسایش تێیدا ناجێگیرە، بۆیە رەنگە هێندە سەرنجی رانەکێشابێت، بەڵام فڕاندنی «سەردەشت عوسمان»ی رۆژنامەنووس لەناو شاری هەولێر و دۆزینەوەی تەرمەکەی لە شاری موسڵ، رووداوێکە هەستی هەموانی هەژاند و ئەو خەیاڵدانەی گۆڕین کە کوردستان جێگەیەکی ئارام و سەقامگیرە. ئەو رووداوە خوێناوییە ترسناکە نەک تەنیا رۆژنامەنووسان بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگەی توشی جۆرێک لە نائومێدیی و شۆک کرد. رووداوی تیرۆری ئەو رۆژنامەنووسە لاوە بووە کێشەیەکی سیاسیی تا ئەو ئەندازەیەی نێوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانی بەرەو گرژیی و ئاڵۆزییەکی ترسناک بردووە، تەنانەت گرژییەکە گەیشتۆتە ئاستێک مەکتەبی سیاسیی پارتی بەیاننامەیەکی توند دەربکات و بزووتنەوەی گۆڕان بەوە تۆمەتبار بکات ئەو کەیسە بۆ مەرامی سیاسیی و تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن و بەبێ بەڵگە پارتی وەک بکەری ئەو تاوانە تاوانبار دەکەن.

دەربارەی تاوانی تیرۆرکردنی «سەردەشت»ی جوانەمەرگ، من لەلای خۆمەوە ڕێگە بە خۆم نادەم پارتی تاوانبار بکەم، هەروەک ناشتوانم بەبێ تاوانی بناسێنم، بەڵکو دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بین، چونکە ئەوکاتە دەتوانین هەڵوێستی روون و جیددی نیشان بدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین، تەواوی دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر و وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و ئاژانسی پاراستن بە دیاریکراویی، بەرپرسی یەکەمن بەرامبەر بە پاراستنی ژیان و مافی هاووڵاتیان. لە کەیسی سەردەشت عوسمانیشدا بەرپرسن و دەبێت هەڵوێستی بەرپرسانەی خۆیان بنوێنن، تەنانەت ئەو دەزگا ئەمنییانە نابێت بەوە نیگەران بن رەخنەیان لێ بگیرێت چونکە لە غیابی ئەوان و بەهۆی کەمتەرخەمی ئەوانەوەیە گەنجێکی وەکو سەردەشت لە بەردەم زانکۆدا قۆڵ بەست دەکرێت و دوایی تەرمەکەی بە کوژراویی لە شارێکی دیکە و پاش چەند رۆژ دەدۆزرێتەوە. دەبێت ئەو دەزگایانە تا دۆزینەوەی تاوانباری راستەقینە خۆیان بە تاوانبار بزانن و لەبری ئەوەی خۆیان سەرقاڵی وەڵام و وەڵامکاریی رۆژنامەکان بکەن، ئەنجامێک بەدەستبهێنن کە تاوانەکەی ئاشکرا بکات، هەم بۆ خۆیان باشترە و هەم بۆ بارودۆخی شڵەقاوی ئەمێستای کوردستان.

## تیرۆری سەردەشت و گەمە سیاسییەکان

کەمپینێکی گەورە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ پرۆتستۆکردنی کردەی تیرۆری سەردەشت عوسمان بەڕێوە چوو و ئێستاشی لەسەربێت ئەو هەڵمەتە بە شێوەی جۆر بەجۆر درێژەی هەیە. کەمپینەکە تەنیا وەکو هەڵوێست نواندنێکی رووت بۆ ئیدانەی ئەو تاوانە نەمایەوە، بەڵکو تێکەڵ بە کۆمەڵێک گەمەی سیاسیی کرا. بزووتنەوەی گۆڕان ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی راگەیاندن لە دژی پارتی، هەرچی پارتیشە بە هەمان نەفەس و بگرە توندتریشەوە وەڵامی ئەو هەڵمەتە دەداتــەوە، بۆیەکا هەنووکە کەیسەکە بـەرەو کەیسێکی سیاسیی رووت دەڕوات، لە هەمان کاتدا گرژیی و ناکۆکییەکی توندی لەنێوان گۆڕان و پارتی دروست کردووە، یەکێتی لەولاوە سوود لەم بارگرژییە دەبینێت و سەرقاڵی کۆنگرەی خۆیەتی، تەنانەت بەهۆی ئەو گرژییانەوە شکستەکانی

خۆی هەرچی زیاتر دەشاریتەوە. لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەنووسان بە جیا لە هێزە سیاسییەکان، جووڵەیەکی باشیان بۆ پرۆتستۆی تیرۆری سەردەشت نیشان دا، بەڵام ئەم جووڵەیە بەبێ یارمەتی و هاتنە سەر خەتی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو گەرم و گوڕییەی ئێستای نەدەبوو، بزووتنەوەی گۆڕانیش ئەم هەلە بەکاردەهێنێت بۆ چەندین مەبەستی سیاسیی، لە گرنگترین ئەو مەبەستە سیاسییانەش سێ مەبەستی سەرەکین:

یەکەم: بەرزکردنەوەی رێژەی جەماوەر. وەک دەزانین کوردستان رووی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانە و هەر لە ئێستاوە گۆڕان بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادە دەکات. بزووتنەوەی گۆڕان خوازیارە ئەم کەیسە بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی دەنگدەران و جەماوەرەکەی بەکاربهێنێت بە تایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی. من دڵنیام لەوەی خاوەنداریێتیکردنی گۆڕان لەم کەیسە هێندەی تر کێرڤی ئەو بزووتنەوەیەی بەرەو سەرەوە هەڵکشاندووە و بەلانیکەمەوە گۆڕان بە ئاسانی دەتوانێت سلێمانی بباتەوە و لە هەولێر و دهۆکیش لە هەردوو هەڵبژاردنی پێشوو زیاتر دەنگ دەهێنێت.

دووەم: کردنەوەی میحوەری ململانێ لەگەڵ پارتی. لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بزووتنەوەی گۆڕان وەکو ئەنتی یەکێتی و هێزی جیابووەوەی یەکێتی مامەڵەی کردووە، تەرکیزی سەرەکیی گۆڕان لەسەر یەکێتی بووە و لە ماوەی ئەمساڵەدا سەختترین ململانێی سیاسیی و هەڵبژاردنی لەگەڵدا کردووە، گۆڕان کەمتر وەکو رکابەری پارتی دەرکەوتووە، یەکێتی لە هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری ئەمساڵدا توانی ئەو نەرمییەی گۆڕان بەرامبەر بە پارتی بەسوودی خۆی بشکێنێتەوە. لە حاڵی حازردا گۆڕان دەیەوێت میحوەرێکی ململانێ لەگەڵ پارتی بکاتەوە تا ئەوەی لەسەر ئاستی جەماوەریی بە روونی ببینرێت گۆڕان بە هەمان ئەندازەی یەکێتی، ململانێ و رکابەریی لەگەڵ پارتی دەکات. بەکارهێنانی کەیسی «سەردەشت» وەکو سەرەتای دەستپێکردنی ئەو ململانێیە نەک کەیسێکی باش بوو بەڵکو سەرەتایەکی زۆر زیرەکانە بوو، چونکە بە ئاسانی پارتی راکێشایە ناو ململانێکە. بە تایبەت لە کاتێکدا لە ماوەی یەک دوو ساڵی رابردوو زۆر خۆی لەوە دووردەخستەوە قاچی بخزێتە ناو ئەو جۆرە لە ململانێی سیاسیی، بەڵام دواجار

گۆڕان لە ڕێی ورووژاندنی کەیسی ئەو ڕۆژنامەنووسە تیرۆرکراوەوە توانی پارتی بهێنێتە سەر خەت.

سێیەم: هاتنی نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی. پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری رابردوو براوەی یەکەمی کوردستان بوو، ئەگەرچی توانی لە سلێمانی لە کۆی هەشت کورسی لیستی هاوپەیمانی سێ کورسی بباتەوە، بەڵام ژمارەی دەنگدەرانی پارتی لەو پارێزگایەدا بە بەراوورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ هەشت هەزار دەنگ کەمی کردبوو. سەرکردایەتی پارتی ئەگەرچی لە ژمارەی کورسییەکانی سلێمانی رازی بوون، بەڵام لە ژمارەی دەنگدەران رازی نەبوون، بۆیە بیریان لە ئامادەکردن و وەگەڕخستنی کۆمەڵێک پڕۆژە و هەنگاو کردبووەوە بۆ سلێمانی.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، مەکتەبی سیاسیی پارتی بڕیاری دابوو، هەیئەتێک لە مەکتەبی سیاسیی ئەو حزبە بنێرێتە سلێمانی و لە نزیکەوە سەرپەرشتی کاروباری لقەکانی سنووری ئەو پارێزگایە بکات، لە پەنا ئەمەشدا بڕیاربوو نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی، بە کۆمەڵێک پڕۆژەی ڕۆشنبیریی و سیاسیی و میدیاییەوە بێت بۆ ئەم شارە. بێگومان ئەمەش دەیتوانی وزەیەکی نوێ بە پارتی ببەخشێت لەم دەڤەرە و ئاستی بنکەی جەماوەرییان لەوەی ئێستا هەیە فراوانتر بکات، چوون ئەو پڕۆژەیەی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ سلێمانی گەڵاڵە کرابوو دەیتوانی بەلایەنی کەمەوە ئەو پارتییە تۆراوانە بگەڕێنێتەوە بۆ ناو ریزەکانی ئەو حزبە کە بەهۆی پشتگوێخستنی سلێمانی و خەڵکی ئەو شارەوە لە پارتی دوور کەوتبوونەوە یان خۆیان لە کارکردن بۆ حزبەکەیان سڕ کردبوو.

بێگومان هاتنی ئەو شاندەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و خودی نێچیرڤان بارزانی و جووڵاندنی بارودۆخی پارتی لە سلێمانی، لە پێگەی هەنووکەی یەکێتی و گۆڕانی کەم دەکردەوە، بۆیە گۆڕان زیرەکانە ئەو کەیسەی بەکارهێنا بۆ شکاندنی ناوبانگ و سومعەی پارتی چ لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەیەکی گشتیی و چ لەسەر ئاستی سلێمانی بە تایبەتی. گۆڕان ویستی و توانی ئەو کەیسە بەشێوەیەک بخاتە گەڕ هاتنی شاندی مەکتەبی سیاسیی و نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت، چونکە توانیان رای گشتییەکی کاریگەر لە دژی پارتی دروست

بکەن. بە کورتییەکەی راستە رۆژنامەنووسان و جەماوەر و بزووتنەوەی گۆڕان دژی کوشتنی ئەو رۆژنامەنووسە لاوە وەستانەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو کەیسە بووە مەلەفێکی سیاسیی کارا بە تایبەت کە لەلایەن گۆڕانەوە زیرەکانە کەڵکی لێ وەرگیرا و کرایە گەمەیەکی سیاسیی گەرم و کاریگەر لە واقیعی دوای هەڵبژاردنی حەوتی ئازاری رابردوو کە پارتی تێیدا وەک حزبی یەکەم و براوە هاتە دەرەوە.

### شەڕی میدیاکان و چارەنووسی کەیسی سەردەشت

کەیسی سەردەشت و دیارنەبوونی ناسنامەی ئەو دەستەیەی لە پشتی ئەو تیرۆرەوە وەستاون، بوارێکی زۆری رەخساندووە بۆ میدیا و هێزە سیاسییەکان بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو کەیسە لە دژی یەکتر. راگەیاندنەکانی گۆڕان لەگەڵ دۆزینەوەی تەرمی «سەردەشت»دا، «پارتی دیموکراتی کوردستان»یان بە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە تاوانبار کرد، لە پەنایدا میدیای ئەهلی کە کاریگەرە بە بزووتنەوەی گۆڕان بە هەمان شێوە تاوانەکەی خستە ئەستۆی پارتی و گرێیدایەوە بەهەردوو تیرۆری «سۆرانی مامەحەمە و شێخ ستار»، هەرچی راگەیاندنی پارتییە بە هەمان نەفەس و بگرە توندتریش وەڵامی ئەو راگەیاندنانەی دایەوە و هەڵمەتێکی میدیایی لە دژی بزووتنەوەی گۆڕان و میدیای ئەهلی دەستپێکرد، کە رۆژنامەی «هەولێر» نموونەی هەرە زەقی ئەو کەمپینە ئیعلامییە بوو پارتی بۆ پەرچەدانەوە و شەڕکردن لەگەڵ گۆڕان و میدیا هاوپەیمانەکانی بەرپای کردبوو.

بە بڕوای من ئەو شەڕەی میدیای گۆڕان و پارتی، ناتوانێت و نەیتوانی هیچ قازانج و سوودێک بە کەیسی سەردەشت بگەیەنێت، هەروەک چۆن ناتوانێت شتێک بخاتە سەر ئەزموونی پێکەوە ژیانی تێکڕای گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، بەپێچەوانەوە ئەم جەنگە هەرچی زیاتر دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزیی و گرژیی دەبات، چونکە ستایل و نەفەسی ئەم جەنگە میدیاییە هەمان ستایل و نەفەسی سەردەمی شەڕی ناوخۆی کوردستانە، ئەوەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی رۆژنامەی «رۆژنامە» بە مانشێتی سەرەکیی بنووسێت هەولێر شارێکی تاریک و نائارامە و لە بەرامبەریشدا رۆژنامەی «هەولێر» شاری سلێمانی بە سەرچاوەی ئاشوب و فەوزای سیاسیی ناوزەد دەکات، بە راستی ئەم گووتارە پێمان دەڵێت ئەو شەڕە هەرچی زیاتر

هەستی ناوچەگەریێتی زاڵ کردووە، تەنانەت بووە بە شەڕی شارەکانی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدایە نە هەولێر ئەو شارە تاریک و پڕ ترس و تۆقینەیە کە رۆژنامەی «رۆژنامە» لە بارەیەوە دەدوێت، نە شاری سلێمانیش ئەو شارە پڕ ئاشوب و فەوزایەیە وەک رۆژنامەی «هەولێر» بە مانشێتی یەکەم زەقی کردووەتەوە.

تیرۆر لە زۆر شوێنی دونیا هەیە، نە واشنتۆن و نیۆیۆرک بە رووداوی یانزەی سێپتەمبەر بوونە بەشێکی تاریکی ئەو وڵاتە، نە هەولێر بە رووداني هەندێک هەوڵی تیرۆریستی دەبێتە پایتەختی تیرۆر، بۆ شاری «سلێمانی»ش هاوکێشەکە هەمان شتە و ناکرێت ئەو رۆحییەتە یاخی و سەرچڵەی شارەکە بە سەرچاوەی فەوزا پێناسە بکرێت، چونکە ئەم بۆچوونە پاڵپشتە بۆ هەمان ئەو بۆچوونانەی بەعس و خودی سەدام حسێن دەرهەق بە سلێمانی هەیانبوو، چونکە ئەوانیش «سلێمانی»یان بە سەری مارەکە دەزانی و پانکردنەوەی سەری مارەکەشیان بە ئەرکێکی گرنگ دانابوو. بۆیە پێویستە میدیاکانی کوردستان بە رەچاوکردنی ئیتیکی رۆژنامەوانی و هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە مامەڵە بکەن، ناکرێت بەهۆی پەرچەکردارەوە خۆیان ببنە بەشێک لە سەرچاوەی ئاژاوە و بە جارێک دۆ و دۆشاو تێکەڵاو بکەن.

بە کورتییەکەی کەیسی «سەردەشت عوسمان»ی جوانەمەرگ شیاوی گرنگی پێدان و بەدواداچوونی بەردەوامە و نابێت میدیاکانی کوردستان بە حزبی و ناحزبییەوە لە هەمبەر ئەم تاوانە بێدەنگ بن تا تاوانبارانی راستەقینە دەدۆزرێنەوە، بەڵام لەگەڵ زانینی ئەو راستییەدا پێویستە میدیا کوردستانییەکان دۆخی کوردستان لەبەرچاو بگرن و زەمینەسازیی بۆ ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان نەکەن، چونکە دواجار هەموو یەک چارەنووسمان هەیە لە کوردستاندا، ئەمەش یەکدەنگی و تەبایی ریزەکانی گەلی کوردستانی کردووەتە پێویستییەکی پلە یەک.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٧٥»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوبۆتەوە.

# کورد بایکۆتی راپرسیی کرد لەسەر دەستووری تورکیا

## ئاگربەستەکانی پەکەکە نەیتوانی دەوڵەتی تورکیا بهێنێتە پای ئاشتییەوە

رۆژی ١٢ ئەیلوولی ٢٠١٠ پرۆسەی راپرسیی لەسەر دەستووری تورکیا بەڕێوەچوو، هەرچەندە سەرئەنجامی راپرسییەکە بە قازانجی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار تەواوبوو، چوون رێژەی ئەوانەی بە بەڵێ دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە دا گەیشتە ٥٨٪ تێکڕای دەنگدەران، بەڵام لە بەرەیەکی ترەوە کۆمەڵێک پارتی سیاسیی و جەماوەریی هەریەک بە نۆرەی خۆیان لە دژی ئەم دەستوورە وەستانەوە، جەهەپە و مەهەپە داوایان لە کۆمەڵگەی تورکیا کرد، بە نەخێر دەنگ بدەن بەو دەستوورە هەموار کراوە، بەو پاساوەی ناوەڕۆکی سیستمی سکۆلاریزمی تورکیی دەخاتە بن مەترسییەوە، بەدەپە وەک پارتێکی سیاسیی کوردیی رێگەپێدراو، داوای لە کوردستانیانی باکووری کوردستان کرد بایکۆتی پرۆسەی راپرسیی بکەن، چونکە ئەم پڕۆژە دەستووورە درێژکراوەی هەمان ناوەڕۆکی رەگەزپەرستانەی کەمالیزمە و رایدەگەیەنێت تەنیا یەک نەتەوە لە تورکیا هەیە ئەویش نەتەوەی تورکە و ئەو وڵاتەش بەتەنێ موڵکی ئەو تاکە نەتەوەیەیە.! بەم هۆیەوە بینیمان ناوچە کوردییەکانی تورکیا بە تەواویی بایکۆتی پرۆسەی راپرسییان کرد، وەک بینیمان بەشێوەیەکی گشتیش رێژەی بەشداریی لە سەرتاسەری باکووری کوردستاندا بە تێکڕایی گەیشتە خواروو ١٠٪، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسیی بوو، هەم بۆ بەدەپە هەم بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەو

بەشەدا، چونکە ئەمە یەکێک بوو لە مەسجە هەرە گەورەکانی گەلی کورد، کە بە دەسەڵاتی تورکیایان وت، ئێمە دەتوانین هەر پرۆسەیەک دژی ئیرادەی سیاسیی و نەتەوەیی کورد بێت، بە ڕێگە هاوچەرخ و دیموکراسییەکان پەکی بخەین و نەهێڵین بگاتە هیچ سەرئەنجامێک.

## بۆچی بایکۆتی دەستوور؟

ئاکەپە «پارتی داد و گەشەپێدان» لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک چاکسازیی و گۆڕانکاریی جۆر بە جۆری لە هەناوی کۆمەڵگەی تورکیدا دەستپێکردووە، ئەمەش لەلایەک حزبە کەمالیستەکان و لەلاکەی تر سوپا و ژەنەراڵەکانی بە تەواوەتی بێزار کردووە، خستنە بەردەم راپرسیی ٢٦ بەندی دەستووری تورکیا، کە ئاکەپە دەستکاریی ناوەڕۆکەکەی کردبوو، یەکێک بوو لەو گۆڕانانەی حزبە شۆڤێنییەکان و سوپای تۆقاندبوو، بەڵام سەرئەنجام لە گرەوی دەنگداندا، ئاکەپە توانی پاشەکشە بە رەوتی شۆڤێنیزم و سوپا بکات، چونکە توانی لە نیوە زیاتری ئۆکەی دەنگدەران بۆ دەستوورە هەموارکراوەکە مسۆگەر بکات، بەڵام کورد و بەدەپە، بە شێوازێکی تر لەم پرسەیان دەڕوانی، هەرواش دیقەتی ناوەڕۆکی دەستووری هەموارکراوی تورکیایان دەدا، بەڵام هەستیان بە هیچ گۆڕانێک بە قازانجی پێکەوە ژیان و ئاشتی و داننان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا نەدەبینی، بۆیە ناچاربوون بڕیاری بایکۆت بدەن، ئەمەش لە دوو رەهەندەوە سیاسەتێکی زۆر سەرکەوتوو و حەکیمانە بوو بۆ ئەم قۆناغە، لە رەهەندی یەکەمەوە، ئیرادەیەکی هاوبەشی سیاسیی کوردیی لە باکووری کوردستان دروستکرد، لە رەهەندی دووەمەوە، کورد ڕێگەی سێیەمی هەڵبژارد، نە دەنگەکانی چووە راژەی ئاکەپەوە، نە چووە خزمەتی بەرەی دژەوە کە خۆی لە مەهەپە و جەهەپەدا دەبینییەوە.

ئەحمەد تورک، لەو سەردانەیدا کە چەند رۆژ بەر لە وادەی راپرسیی دەستووری تورکیا بۆ باشووری کوردستان کردی، لە شاری سلێمانی لە بەردەم چاوی کامێرای راگەیاندنەکاندا، روونی کردەوە کە بۆچی بڕیاریان داوە، بایکۆتی ئەو پرۆسەیە بکەن و گووتی «دەستووری ئێستای تورکیا،

هاووڵاتیانی تورکیا، هەموویان بە تورکیایی دەزانێت و نکۆڵی لە بوونی کورد دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی، هەموو ڕێگاچارەکانمان گرتە بەر، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەدا، بۆیە ئێمەش بڕیاری بایکۆتی ئەو ریفراندۆمەمان دا». هەروەها تورک لە میانەی لێدوانەکانی تریدا بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەوەشی روونکردەوە، ئیرادەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی هەیە بۆ وەستانەوە لە دژی ئەو دەستوورە و ڕێگەی بایکۆتیش یەکێکە لە فۆرمە هەرە بەهێزەکانی بەرەو روو وەستانەوە، چونکە ئەوە پەیامێکە و دەیسەلمێنێت، کورد چیدی ڕێگە نادات، گەمە بە ئایندە و سەروەرییەکانی بکرێت، هەر بۆیە لە داهاتوودا رەنگە دەیان پرۆسەی هاوشێوەی تر بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت، بە تایبەت دوای ئەوەی لەم تاقیکردنەوەیەدا زۆر بە سەرکەوتوویی و ئەنجامێکی باشەوە هاتە دەرەوە.

ئەگەرچی دەستووری تورکیا، بەپێی راپرسی و دەنگی هاووڵاتیان تێپەڕێنرا و ئاکەپە توانی بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە ببڕێت، بەڵام لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییەدا، نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت، کورد یان با بڵێین بەدەپە لایەنی دووەم بوو لە بەدەستهێنانی سەرکەوتندا، یاخۆ دەتوانین بڵێین لەم پرۆسەیەدا تەنێ یەک لایەن سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو سەرکەوتن بەشێوەیەکی رێژەیی بوو، چونکە ئەگەر بە وردیی دیقەتی وێناکە بدەین، دەبینین ئاکەپە وەک حزبی فەرمانڕەوا، بەدەپە وەک نوێنەری نەتەوەی کورد، دوو لایەنی سەرکەوتووی ناو پرۆسەکە بوون، چونکە هەریەکەیان توانیان ئامانجی خۆیان لەو پرسەدا بهێننەدی، بەڵکو ئەوەی لەم نێوەندەدا پشکی یەکەمی دۆڕانێکی قورسی بەرکەوت، بریتیبوو لە هەردوو حزبی رەگەزپەرستی مەهەپە و جەهەپە و سوپا، چوون لەم پرۆسەیەدا بە تەواوەتی پاشەکشەیان کرد و خواستەکانیان بە تەواوەتی فەرامۆشکرا. تەنانەت نووسەر و رۆژنامەنووسێکی ناوداری وەکو «محەمەد عەلی بیراند» پێیوایە براوەی راستەقینە و سەرەکیی لەم پرۆسەیەدا بەدەپە بوو، چونکە بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، چون ئەگەر ئاکەپە دەنگی ٥٨٪ بەدەستهێنابێت بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، ئەوا بەدەپە دەنگی ٩٠٪ هاووڵاتیانی کوردی باکووری بەدەستهێنا بۆ بایکۆتکردنی

ئەو دەستوورە.

محەمەد عەلی بیراند، لە یەکێک لە وتارە نوێیەکانی خۆیدا کە لە رۆژنامەی بەنامێی «تودەی زەمان»ی تورکیی بڵاوکراوەتەوە، هێما بۆ ئەم سەرکەوتنەی کورد دەکات و دەنووسێت: ئەگەر ئەردۆگان ریفراندۆمی سەرخست، بە گوێرەی ئەنجامەکان براوەکەی دیکە، بەدەپە بوو. لە هەرێمەکەی خۆیدا بە بڵاویی فشاری لە خەڵک کرد بایکۆت بکەن. گرنگ نییە هەر کەسێک چۆن ئەمە لێکدەداتەوە، چەند خەڵک باس لە هەبوونی هەڕەشە و فشار و چاوسوورکردنەوەی مەسەلەکە دەکەن. کاتێ سەیری حیساباتەکان دەکەیت، راستییەک بەدی دەکەین، زۆرینەی هاووڵاتیانی رەسەنی کورد لە پشت بانگەوازی بایکۆتکردنی پارتی ئاشتی و دیموکراتییەوە بوون، راستتر بڵێین پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی ئاشتی و دیموکراتی دووپاتی هاوپەیمانییان کردەوە لە هێز و لێدوان و کۆنترۆڵی هەرێمەکەدا. تا ئێستا پارتی ئاشتی و دیموکراتی لەلایەن حکومەتەوە بەلاوە نرابوو، هیچ دانوستانێک لەنێوان ئەوان و حکومەت لە ئارادا نەبوو، بەڵکو داوایان لێکرابوو کە گوێڕایەڵی حکومەت بن، کەچی دەرکەوت ناتوانرێت بگەن بەهیچ رێگەچارەیەکی کێشەی کورد و پەکەکە بەبێ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراتی نەکرێت.

لە پووختەترین دەربڕیندا، وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک گۆڕان لە دەستووری تورکیادا کرابوون، بەپێچەوانەی ئەو دەستوورەی لە رابردوودا لەلایەن ژەنەراڵەکانەوە دەنووسرایەوە، بە تایبەت دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠، کە لە زۆر رووە تورکیای بۆ دواوە گێڕایەوە، هێشتاش کورد ئەم هەموارکردنە لا بەلا و مەتاتییانەی وەک سەرەتایەکی پێویست بۆ هێنانەدی ئاشتییەکی راستەقینە لەو وڵاتەدا بەحیساب نەهێنا، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان، هێشتا ئەم دەستوورە خۆی لە ناوەڕۆکی رەگەزپەرستانە و کەمالیزم رزگار نەکردووە، هیچ داننانێک بە کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکیی لەو وڵاتە تێدا نابینرێت. لایەنی دووەم، ئەوەیە، ئەو تەعدیلاتانەی لە دەستووردا کراون، بە ئامانجی هێنانەدی پەیوەندییەکی دۆستانەی نێوان هەردوو نەتەوە نین، بەڵکو بۆ گوێڕایەڵکردنی نەتەوەی کوردە لە چوارچێوەی تورکیادا. بۆیە بڕیاری

بایکۆتکردنی دەستوورەکە بۆ کورد، مانای گرنگی خۆی هەبوو، هەنگاوێک بوو دەبوو لەم قۆناغەدا بهاویژرێت، ئەنجامە سەرکەوتووەکەشی کورد هێنایە قۆناغێکی تازەوە کە رەنگە لە داهاتوودا کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی لە پرسی نەتەوەیی کورد لەو وڵاتەدا بە روونی هەست پێبکەین.

## سەرکەوتنی کورد لە بایکۆت و قۆناغێکی تازە لە خەباتی سیاسیی

بە بڕوای زۆرینەی چاودێرانی سیاسیی، کورد یەکێک لە لایەنە براوەکانی پرۆسەی راپرسی بوو لەسەر دەستووری کۆماری تورکیا، چونکە توانی سیاسەتی خۆی لە بایکۆت لە تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی ئەو وڵاتەدا سەربخات، تەنانەت زۆرێک لە شارەزایان ئەم گرەوەیەیان بە گرەوێکی مەترسیدار و گەمەی ئاگرین ناودەبرد بە تایبەت بۆ بەدەپە، چونکە چارەنووسی سیاسیی ئەو حزبە وەک نوێنەری سەرەکیی دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بەسترابووەوە، بە رادەی بایکۆتی دەستوور لەلایەن جەماوەری کوردەوە. وەختێک زیاد ٩٠٪ خەڵکی کورد لە باکووری کوردستان لە پەنا دەنگی بەدەپەدا، بایکۆتی پرۆسەی راپرسییان کرد، هەم بارودۆخی سیاسیی کورد بەشێوەیەکی گشتیی پێی نایە قۆناغێکی تازەترەوە لە تورکیا، هەم پێگەی سیاسیی و جەماوەریی بەدەپە بەهێزتر و قایمتر بوو، تەنانەت ئەوە حکومەتی تورکیای هێناوەتە پای ئەوەی پرۆسەی دانوستان لەگەڵ ئەو پارتییە کوردییە بەمەبەستی چارەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان لە داهاتووی نزیکدا دەستپێبکات.

یەکێک لە تەداعیاتی پرۆسەی ریفراندۆم لەسەر دەستووری تورکیا ئەوەیە، هزری کەمالیزم و تیۆرییە نەتەوەپەرستییەکانی هەشتا و پێنج ساڵی رابردوو، بەلاوە نراوە و کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگیی تێدایە بەرەو دیموکراسی و کرانەوەی زیاتر، هەوڵدراوە چەندین برگە بەشێوەیەک هەموار بکرێت و دابڕێژرێنەوە لەگەڵ خواستی کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتیی و سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بە تایبەتی تەبا بێت، هەموو ئەمانەش بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە دواجاردا دەچنە راژەی کوردەوە، تەنانەت پێدەچێت بۆ لەمەودوا حکومەتی ئاکەپە زیاتر گرنگیی بەو چاکسازییانە بدات کە لایەنی کوردستانیی بەلایەوە جێگەی بایەخن، تەنانەت

راگەیاندنی دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردیی بەم دواییانە ڕەنگە یەکێک بێت لەو هەنگاوانە، هەروەها لغاوکردنی دەسەڵاتی سەربازیی و کاریگەریی سوپا لەسەر پرس و هاوکێشە سیاسییەکان دیسانەوە بۆ کورد مایەی قازانجن و یەکێک دەبێت لە شەقاوە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکان.

د. ئازاد ئەسڵان، نووسەر و چاودێری سیاسیی پێیوایە «پرسی نێودەوڵەتیی کورد، ئێستا لە تورکیادا، پرسی یەکەمینە، بە جۆرێک هەم لە ململانێی هێزی ناوخۆیی ئەو وڵاتە و هەم لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەریی هەیە. ئەنکارا ئێستا بە قۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێت، لەلایەک ململانێی هێز لە نێوان ڕژێمی سەربازیی و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵەکانی پارتی دەسەڵاتدار –ئاکەپە- بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتدا». بۆیەکا لە بارودۆخێکدا کە دۆزی کورد لە ریزبەندی دۆزە گرنگەکانی وڵاتی تورکیا پلەی یەکەم وەردەگرێت، هاوکات کورد کاریگەریی و هێزی یەکگرتوو و ئیرادەی هاوبەشی نەتەوەیی نیشانی دەوڵەت دەدات، بێگومان ئەوە بە قۆناغێکی نوێتر لە پەیوەندیی و ململانێی کورد و دەوڵەتی تورکیا حیسابی بۆ دەکرێت و بەپێی هەموو ئاماژە سیاسییەکانیش لایەنی کورد دەتوانێت کاریگەرتر لە پێشان ماف و دەستکەوتەکانی خۆی بباتە پێشەوە.

کاوە ئەمین، نووسەر و چاودێری سیاسیی پێیوایە «ئێستا وەک دەڵێن تۆپەکە وا لە گۆڕەپانی تورکەکاندا، گرنگ ئەوەیە کە بزانرێت ئەوان چۆن گەمەیەک دەکەن. چونکە هەتا ڕۆژێک زووتر ئاو بەم ئاگرەدا بکرێت لە قازانجی هەردوو نەتەوەی تورک و کورد و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئەگەر جاران کوردی باکوور لەسەر دوو پەیڤی کوردیی سەرکۆنە دەکران و دەخرانە زیندانەوە، ئێستا بە ئاشکرا لە ناو دڵی تورکیادا، داوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و خۆسەریی و دیموکراتی دەکەن. دروست هەمان ئەو داوایانەی کە باسک و کەتەلۆنییەکان دەیانکرد، کە سەردەمانێک لە ئیسپانیا و فەڕەنسادا قەستی سەر بوون، بەڵام دواجاریش بە زیادەوە بۆیان دەستەبەر کران». دەتوانم ئەوە بڵێم دۆزی کورد لە تورکیا بەجۆرێک بەرەو پێشەوە دەڕوات، هیچ ئیمکانی نییە بۆ دواوە بگەڕێتەوە، پرسی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان

بۆتە هاوکێشەیەک کە رەنگە لە داهاتووی نزیکدا هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات، چونکە ئەو پێشکەوتنانەی لەو دۆزەدا هاتوونەتە دی لە یەک دەیەی رابردوودا، پێماندەڵێت بۆ ئایندەیەکی نزیک دەبێتە رۆژەڤێکی جیهانیی کە ئەمەش ئاسۆی چارەسەرکردنی تەواوەتی ئاسانتر دەکات.

## ئاگربەستەکانی پەکەکە و پرۆسەی ئاشتیی لە تورکیا

پارتی کرێکارانی کوردستان تا ئێستا چەندان جار ئاگربەستی یەک لایەنەی راگەیاندووە، لە ماوەی رابردووشدا بە تایبەت لە کاتی ئامادەکارییەکان لە تورکیا بۆ پرۆسەی راپرسیی لەسەر دەستوور، جارێکی دیکە پەکەکە ئاگربەستی یەک لایەنەی راگەیاند و بڕیاریدا چانسێکی تر بداتەوە بە دەوڵەت، بۆ ئەوەی بتوانرێت میکانیزمێکی نوێ و دیموکراسی بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، هەرچەندە ئەم ئاگربەستانە زۆر گرنگ و بایەخدار بوون و بەلایەنی کەمەوە زەمینەی شەڕ و پێکدادانیان بۆ ماوەیەکی کاتی کەم کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە کە ببێتە هۆکاری ئاشتییەکی سەرتاسەریی لەو وڵاتەدا. چاودێرانی سیاسیی فاکتۆری ئەمەش بۆ دەوڵەتی تورکیا دەگێڕننەوە، کە هەم پەکەکە بە هێزێکی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدات و ئامادەی گفتوگۆ نییە لەگەڵیدا، هەم تا ئێستا ویستی ژەنەراڵەکان و سوپا کاریگەریی زیاتری هەبووە وەک لە ویستی سیاسییەکان و تەنانەت رای فەرمی ئێستای دەوڵەت کە بەدەست پارتی داد و گەشەپێدانەوەیە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان خوازیارن پاشەکشەیەکی بەرچاو بە بیرۆکەی کەمالیزم بکەن. بەهەرحاڵ هۆکارەکان هەرچییەک بن، هێشتا ئاشتیی سەرتاسەریی لە تورکیادا نەهاتۆتە دی و ئەم ئاشتییە نایەتەدی هەتا، تورکیا دان نەنێت بە پەکەکەدا و وەک لایەنێکی سەرەکیی و فەرمیی پرۆسەی گفتوگۆ و چارەسەر، مامەڵەی لە تەکدا نەکات. هەروەک سەرۆکی بەدەپە «سەلاحەدین دێمیرتاش» وتی (پێویستە لایەنی پەکەکە و سەرۆکی زیندانیکراوی ئەو پارتییە «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» لە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بە موخاتەب وەربگیرێن).

رێبوار کەریم وەلی، نووسەر و چاودێری سیاسیی ئاگربەستەکانی پەکەکە

بە سیاسەتێکی دروست دەزانێت و پێیوایە «لەپاڵ هەنگاوی ئاگربەستی پەکەکەدا، کورد لە تورکیا لە مەسەلەی بایکۆتی دەستووردا هەنگاوی جیاوازی هاویشتووە، کە ئێستا دەتوانرێت بگووترێ، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە نهێنی و سەرەتای بینینی رۆڵی ناوبژیکار و هاوکاردایە لە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا. ئەمە پێشهاتێکی یەکجار دڵخۆشکەرە، ئەگەر بگاتە ئەنجامێک کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن». لەلای خۆشییەوە «جەوهەر نامیق سالم» سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، پێیوایە دەبێت تورکیا ئاگربەستەکانی پەکەکە وەک هەلێکی زێڕین بقۆزێتەوە وەک سەرەتایەک بۆ ئاشتییەکی راستەقینە لە تورکیا. بۆیە دەڵێت «حکومەتی تورک بە سەرۆکایەتی ئەردۆگان، دەبێت هەنگاوەکانی ئاگربەستی پەکەکە بەهەند وەربگرێت و هەلەکە بقۆزێتەوە و بە حیکمەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە تایبەتی لەم کاتەدا کە حکومەت و حزبی فەرمانڕەوای تورکیا و خودی ئەردۆگان دووچاری زنجیرەیەک قەیرانی خۆبەخۆ لەگەڵ لایەنە بەرهەڵستکارەکان و لەشکر بوونەتەوە».

دێڤید فیلیپیس بەرپرسی بەرنامەی ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمەریکا، پێیوایە دەبێت حکومەتی تورکیا بە بەرپرسیارێتییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات و لەو دیدگا چەقبەستووە دەست هەڵبگرێت کە پێیوایە کێشەی پەکەکە دەبێت لە رێی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و توندوتیژییەوە چارەسەر بکرێت. بۆیە ئەو دەڵێت «پێویستە چارەسەرییەکی ئاشتەوایی و سیاسیی بۆ پرسی پەکەکە هەبێت، ئەگینا هیچ پرۆسەیەکی سەربازیی، چارەسەری پرسی کورد و پەکەکە لە تورکیادا ناکات. تورکیا پێویستی بەدانیشتن لەگەڵ لایەنە کوردییەکان هەیە و بەشێوەیەکی کاراتر بەرنامەکەی خۆی بۆ کرانەوەی دیموکراسی جێبەجێ بکات، بەتایبەت لە رێگەی بەدەپە و ناوبژیوانانی دیکەوە، چەکدارانی پەکەکە بگەڕێنرێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی تورکیا، هەرچەندە زۆر کەسانی توندڕەو دەیانەوێت بۆ ماوەیەکی درێژتر شەڕ بەردەوام بێت، بەڵام نابێت رێگە بەو شتە بدرێت».

لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش، کۆمەڵێک دەنگ پەیدابوون، داوا دەکەن فرسەتی زۆرتر بدرێت بە پارتی کرێکارانی کوردستان و خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی بەرچاو لە پرۆسەی ئاشتیی و چارەی کێشەی نەتەوەیی کورددا ببینن، ئەم خواستەش لە شەقامەوە دەستیپێکردووە تا دەگاتە چاودێرانی سیاسیی و تەنانەت زۆرێک لە سیاسەتمەداران و لوتکەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی تورکیا. لەم رووەوە نووسەر و چاودێری سیاسیی «د.ئازاد ئەسڵان» پێیوایە: پەکەکە و بەدەپە پێویستە پاڵپشتیی هەر هەنگاوێک بەرەو دیموکراتیزە و دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد بکەن، کە ئەویش بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە چیاکانی کوردستاندا ناکرێت. پەکەکە پێویستە ئاگربەستی بەردەوام رابگەیەنێت و هەموو هێزەکانی لە کوردستانی تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستان بگوازێتەوە و هێزەکانیشی رادەستی بەرپرسانی هەرێم بکات. بەو شێوەیە پەکەکە دەتوانێت رێگە لە هێزە سەربازییە نایاساییەکانی تورکیا یان هەر لایەنێکی دیکەی وەکو ئەوان بگرێت کە پرسی کورد بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەنێو دامەزراوەکانی تورکیادا بەکاردەهێنن.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، رایەکی تر هەیە، کە دەتوانین بە گونجاوتر و دروستتریشی بزانین و جەخت لەوە دەکاتەوە، پەکەکە ناتوانێت چەک دابنێت، هەتا تورکیا هەنگاوەکانی ئاشتی و چارەسەری راستەقینەی کێشەی کورد کاراتر نەکات، پەکەکە تەنیا دەتوانێت ئاگربەست رابگەیەنێت و چاوەڕوانی کاردانەوەی سیاسیی حکومەتی تورکیا بکات، ئەگینا هیچ گرەنتییەک نییە بە چەک دانانی پەکەکە، دەوڵەتی تورکیا کۆی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا چارە دەکات، ئەگەر گرەنتییەکی لەو شێوەیە هەبووایە، وەک خۆم لەو باوەڕەدام دەمێک ساڵ بوو پەکەکە چەکی فڕێدابوو، بەڵام وەختێک هیچ وەڵامێک بۆ نیەتی پەکەکە بۆ ئاشتی نییە و تورکیا پرۆسەی ئاگربەستەکانی پەکەکە بەهەند وەرناگرێت، داواکردنی چەکدانانی پەکەکە یەکێکە لە داواکارییە سەیر و هەرە ناماقووڵەکان، چونکە چەک هەڵگرتنی پەکەکە خۆی لە خۆیدا پەرچەکردارە، نەک کردار، هەر کاتێک خەفەکردنی مافی کورد بە زەبری هێز و چەک کۆتایی هات، پێموانییە پەکەکەش بیر لە درێژەدان بەخۆی وەکو هێزێکی چەکدار بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە

ڕێگەی ئاشتی و مەدەنی بەشداریی ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتە دەکات. ئەمەش ڕاستییەکە و لە ئێستادا زۆر کەس دەرکی دەکەن.

**کێشەی کورد لە تورکیا بەرەو کوێ؟**

تا ئێستا کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی تورکیا، تەنانەت بەبێ چارەسەری دۆزی نەتەوەیی کورد هەموو هەوڵەکان بە ئاڕاستەی کرانەوەی دیموکراتی کە سیاسەتێکە حکومەتی تورکیا جەختی لەسەر دەکاتەوە ناگاتە هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤ. لە حاڵی حازردا کێشەی کورد بۆ تورکیا بۆتە کلیلی دیموکراسی و ڕێگاکانی چوونە ناو یەکێتییەکی وەک ئەورووپا هەرچی زیاتر کورت دەکاتەوە. سیاسەتمەداری کورد «جەوهەر نامیق» پێیوایە: «بێ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، پرسی دیموکراتی و پیادەکردنی دیموکراتییەت کات بەسەربردنە. کرۆکی دیموکراسی و ئازادییەکان، قبوڵکردنی بوون و مافی بەرامبەرە. ئاخر مەنتیق نییە دەوڵەت و حکومەتی تورک باسی دیموکراسی و ئازادیی بکەن و مافی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن هاووڵاتی کورد لە تورکیادا پێشێل بکەن». داواکارییەکانی کوردیش لە چوارچێوەی تورکیادا، داواکارییەکی قورس نین و خۆیان لە چەند مافێکی سادەی نەتەوەیی و سەرەتاییدا دەبیننەوە.. هەروەک «موراد قەرەیلان» بەم دواییانە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئیلمۆندا»ی ئیسپانی ڕایگەیاند: ئەگەر حکومەتی تورکیا کوردەکانی ئەو وڵاتە لە شێوەی هەرێمی کەتەلۆنیا، هەرێمێکیی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێنێت کە خاوەنی پەرلەمان و سوپا و پۆلیسی خۆیان بن، ئەوا ئەوان ئامادەن چەکەکانیان دابنێن و بیدەنە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە ئەم داواکارییەی کورد لە مەحاڵ مەحاڵتر سەیر دەکرێت.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، شەقامی تورکیی لە شەڕی ٢٦ ساڵە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواویی بێزار بووە، ویستێکی جەماوەریی هەیە بۆ کۆتایهێنان بە خوێنڕێژیی لەو وڵاتەدا، لەسەر ئاستی دەوڵەتیش، حکومەتی ئاکەپە زیاد لە هەموو حکومەتەکانی تورکیا، ئامادەیی خۆی نیشانداوە، بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشانە و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا، بەڵام ڕێگەکەش کۆسپ و تەگەرەی خۆی هەیە کە دەستوور یەکێکیانە، چونکە

دەستووری تورکیا هیچ دانانێکی تێدا بەدی ناکرێت بە کورددا وەک نەتەوەی دووەم و هەرواش رێگرە لە بەردەم پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردان. تەنانەت دەستوور چەکێکی بەهێزی دەستی هێزە شۆڤێنییەکانە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت لە هەر هەنگاوێکدا بە ئاراستەی چارەی کێشەی کورد بینێت. بێجگە لە هەموو ئەمانەش هێشتا هەموو رێگاکان داخراون نین، بواری زۆر هەیە هەم تورکەکان و هەم کورد بۆ چارەی کێشەی کورد دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، تەنانەت دەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە باشوور بە ئەرکی سیاسیی و نەتەوەیی خۆیان هەستن و رۆڵیان هەیە لە چارەی ئەو کێشەیەدا، هەروەک «ئەحمەد تورک» لە سلێمانی وتی «داوامان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان –مەسعود بارزانی- و سەرۆک کۆماری عێراق –جەلال تاڵەبانی- کردووە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی لە تورکیادا هاوکاریمان بکەن». چونکە هاوکاریی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە باشوور بە نۆرەی خۆی کاریگەریی دەبێت لەسەر رەوشەکە، بە تایبەت کە ئێستا پەیوەندیی نێوان هەرێم و تورکیا لە حاڵێکی زۆر باشدایە.

تێبینی: ئەم شیکارییە لە ژمارە «٧٩»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی سێپتامبەری ٢٠١٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# هێزەکانی ئەمەریکا بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو عێراق بەجێدەهێڵن

## مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیی لە عێراقدا

هێزەکانی ئەمەریکا بەپێی ئەو خشتە دیاریکراوەی وەزارەتـی بەرگریی «پنتاگۆن» ئامادەی کردووە، دەستیان بە کشانەوە کردووە لە عێراقدا!، ئەمەش لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق و ئەمەریکا و لەسەر ئاستی دەرەکیی و جیهانیش گفتوگۆی زۆری بـەدوای خۆیدا هێناوە. بەشێک لە پسپۆران و شارەزایان پێیانوایە هێشتا زووە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، چونکە هێشتا رەوشی ئەمنیی ئەو وڵاتە بە تەواوەتی جێگیر نەبووە، ئەمە لەلایەک و لەسەرێکی دیکەشەوە مەترسیی بەهێزبوونەوەی رێکخراوەی ئەلقاعیدە و گروپ و شانە تیرۆریستییەکان یەکێکە لە مەترسییە هەرە جیددییەکانی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بەڵام لەولاوە دەسەڵاتدارانی کۆشکی سپی و پنتاگۆن، سوورن لە پاشەکشەپێکردنی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەیان بەپێی ئەو خشتە زەمەنییەی دیارییانکردووە، هەروەها باراک ئۆباما لە پێش تەواوی بەرپرسانەوە وەک هێنانەدی یەکێک لە بەڵێنەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، دەیەوێ بەزووترین کات هێزەکانی وڵاتەکەی بەپێی پرۆسەیەک لە عێراق بکشێنێتەوە.

## شێوازی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا

رۆبەرت گەیتس، وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە تازەترین لێدوانی رۆژنامەنووسییدا ئەوەی راگەیاند «ئێستا وڵاتەکەی لە عێراقدا لە حاڵەتی جەنگدا نییە، بۆیە دەستدەکەن بە پاشەکشەپێکردنی بەشی زۆری سەربازەکانیان لە عێراق، ئەو سەربازانەشی لە عێراق ماونەتەوە تەنیا بۆ مەشقپێکردن و پشتگیریی لۆجیستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو وڵاتەدا ماونەتەوە». ئەوەی لەم لێدوانەی وەزیری بەرگریی ئەمەریکاوە دەردەکەوێت، ئەمەیە: قۆناغی شەڕ لە عێراق کۆتایی پێهاتووە، بۆیە ئەرکی ئەرتەشی ئەمەریکا لەم خاڵەدا، کۆتایی پێدێت، تەنانەت مانەوەی ئەو سەربازانەشی هێشتا عێراقیان بەجێنەهێشتووە، بۆ پرۆسەی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە نییە، بەڵکو ئەرکیان لە سنوورێکدا دیاریکراوە کە وەک خۆی ئاماژەی بۆ کردووە تەنیا بریتییە لە یارمەتیدانی لۆجیستی هێزە عێراقییەکان، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت ئیدی بە تەواوەتی فایلی ئەمنیی عێراق رادەستی هێزە عێراقییەکان کراوەتەوە و ئیتر بۆ لەمەودوا دەبێت ئەوان هەستن بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقدا.

هەندێک توێژەر و پسپۆری ئەمەریکی و غەیری ئەمەریکیش، پێیانوایە ئەم بڕیارەی باراک ئۆباما و پنتاگۆن بڕیارێکی بەجێ نییە، بەجێهێشتنی عێراق لەم قۆناغەدا زەمینە رەخساندنە بۆ ئەو شانە نووستووە تیرۆریستی و ئیسلامییانەی خۆیان بۆ ئەم قۆناغە ئامادە کردووە، تەنانەت هەندێک لەوانە پێیانوایە ئۆباما شەڕی عێراق و چارەنووسی گەلانی عێراق و ئەو هەموو قوربانییەی ئەمەریکا لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا داویەتی دەکاتە قوربانی هێنانەدی چەند بەڵێنێک کە لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە گەلی ئەمەریکای دابوو، بۆیە ئەم سیاسەتە هیچ مەنتقێکی سیاسیی و سەربازیی لەم پێڤاژۆیەدا پشتگیریی لێ ناکات، چونکە هەر لە ئێستاوە ئاسەوارەکانی ئەوە دەرکەوتووە، بە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا، ئەگەری ئەوە هەیە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دۆخیساڵی ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، کە تیرۆر و تۆقاندن سەراپای ئەو وڵاتەی داپۆشیبوو، زیاتریش لە یەک چارەگە ملیۆن عێراقی بوونە قوربانی ئەو توندوتیژییەی ئەوسا لە عێراقدا بەڕێوە دەچوو.

شرۆڤەکاری سیاسیی «مای هەین» لە وتارێکیدا کە لە «ڤێتنام نیوز» بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێت «دواین فیرقەی جەنگی ئەمەریکا لە عێراق کشایەوە، رۆڵی ئەو پەنجا هەزار سەربازەی ئەمەریکا ماونەتەوە دەگۆڕێت بۆ دابینکردنی کۆمەک و رێنمایی. ئەم گۆڕانکارییە رێگا خۆش دەکات بۆ پاشەکشەی تەواو لە کۆتایی ٢٠١١، کە گریمانەی ئەوە دەهێنێتە کایەوە، داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە کۆتایی پێبێت. پاشەکشە جێگەی دڵخۆشییە و لە رووکەشدا وا دەردەخات هێزە عێراقییەکان دەتوانن ئاسایشی ناوخۆ دابین بکەن و گەلەکەیان بپارێزن». هەروەک نووسەری ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە، تەنیا پەنجا هەزار سەرباز لە هەر هەژدە پارێزگاکەی عێراق دەمێننەوە و کاریان وەک هاوکاری هێزە ئەمنییەکانی عێراق درێژە پێدەدەن، ئەمەش بەلای هەندێک شرۆڤەکارەوە مەترسییەکی گەورەیە و بواری ئەوە دەڕەخسێنێت، پلانی ئەمنیی و سەقامگیریی ئێستای عێراق بە تەواوەتی درزی تێبێت و دیسانەوە رەوشی عێراق رووبەڕووی توندوتیژیی و ئەو رووداوە خوێناوییانە ببێتەوە لە چەند ساڵی پێشوودا رووبەڕوویان بووەوە.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەشدا، سەرنج و دیدێکی تر هەیە، پێیوایە جارێکی دیکە عێراق بەرەو ئەو مێژووە ناگەڕێتەوە، چونکە ئەوە حکومی مێژووە، ناکرێت قۆناغەکە بۆ دواوە بگەڕێتەوە، جیا لەمەش هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئێستا دەتوانن ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و ئاسایشی وڵات دابین بکەن، خۆ ئەگەر مەترسیی گەورەش روویدا، دەتوانن داوای یارمەتی سەربازیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن، ئەمەش مافێکی یاسایی و رەوایە، چونکە بەپێی بەندەکانی رێککەوتننامەی ئاسایشی نێوان ئەمەریکا و عێراق کە ساڵی ٢٠٠٨ واژۆ کراوە، عێراق بۆی هەیە لەهەر حاڵەتێکدا پێویستبوو داوای هاوکاریی سەربازیی و لۆجیستی لە ئەمەریکا بکات. «لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ئەوە نابینن، دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، عێراق نەک هەر پشت بەو وڵاتە نابەستێت، بەڵکو هەموو سەروەرییەکانی وڵاتەکەش رادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. عێراق دەبێتە شارێک لە ئێران، نەک وەک وڵاتێکی خاوەن سیادە مامەڵە بکات».

بۆ نموونە لە بەشی دووەمی ئەو ڕێککەوتننامەی سەرەوەدا هاتووە «حکومەتی عێراق بۆی هەیە، بانگهێشتی حکومەتی ئەمەریکا بکات، بۆ یارمەتیدانی لە بواری ئەمنیی و سیاسیی و سەربازیی و دیبلۆماسیدا». لە بەندی بیست و حەوتی هەمان ڕێککەوتنیشدا هاتووە «هەردوو حکومەت پابەندن، بە بەرپەچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکیی، کە سەروەریی و سەربەخۆیی خاک و ئاو و ئاسمانی عێراقی بخاتە مەترسییەوە، هەموو ئامڕازێک، چ دیبلۆماسیی، ئابووری یان سەربازیی دەخەنەگەڕ بۆ بەرپەچدانەوەی ئەم هەڕەشانە». بەم هۆیەوە بەشێک لە کاربەدەستانی حکومەتی عێراق و ئەمەریکا و ژمارەیەک شارەزا هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک لە بەردەم پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکادا نابیننەوە، چونکە لەو بڕوایەدان، هەردوو حکومەت بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی فەرمیی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون لەکاتی پێویستدا بە هەموو ئامڕازەکان یارمەتی یەکتر بدەن، بۆیە عێراق لەهەر کاتێکدا پێویستی بێت، دەتوانێت داوای هاوکاریی سەربازیی و ئەمنیی و ئابووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات.

بێجگە لەم بۆچوونەی سەرەوە، بۆچوونی سێیەمیش هەیە پێیوایە، هێزەکانی ئەمەریکا لە ژێر گووشاری ڕای گشتیی ئەمەریکیی و فشاری هاوولاتیانی ئەمەریکییدا دەگەڕێندرێنەوە، ئەگینا بەشی زۆری کاربەدەستانی ئەمەریکی و عێراقی باش لەوە تێگەیشتوون ڕەوشی عێراق هێشتا زۆر مۆلەقە، بە تایبەت دوای شەش مانگ لە پرۆسەی هەڵبژاردن، هێشتا لایەنەکانی ناو عێراق نەگەیشتوونەتە هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی نوێ. ئەمە لەلایەک و لەسەرێکی تریشەوە، ئەمەریکا لە عێراق بە تەواوەتی هیلاک و شەکەت بووە و ئەوەی ڕوویداوە لە دەرەوەی ئەو مەزەندانەیە پێش جەنگ بیری لێ دەکرایەوە. بۆ نموونە داتاکان ئەوە نیشان دەدەن: لە جەنگی حەوت ساڵەی ئەمەریکا لەگەڵ عێراقدا زیاتر لە چوار هەزار و دوو سەد سەربازی ئەمەریکیی کوژراون و هەزارانی تریش برینداربوون. لە سەرەتادا ئیدارەی جۆرج بوش تێچووی هەموو جەنگەکەی بە ٥٠ ملیار دۆلار خەملاند، بەڵام دوای حەوت ساڵ دەرکەوت قەبارەی خەرجییەکانی ئەمەریکا لە عێراق خۆی دەدات لە ٧٥٠ ملیار دۆلار، ئەم ڕێژەیەش واتا پانزە ئەوەندەی ئەو ڕێژەیەی لە سەرەتاوە حکومەتی ئەمەریکیی پێشبینی بۆ کردبوو.

**مەترسیی بەهێزبوونەوەی ئەلقاعیدە**

یەکێک لە مەترسییە هەرە گەورەکان ئەوەیە، لەگەڵ پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکادا، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەهێز ببێتەوە. تەنانەت ئەوەی لە تابلۆکەدا دەیبینین ئەوەیە ڕێبەرانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، چاوەڕوانی دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکەن، تا هێزی خۆیان نیشان بدەن کە پاش حەوت ساڵ لە شەڕی سەختی عێراق، تا ئێستاش لەو وڵاتەدا هێشتا بەهێزن. تا ئەو ئەندازەیەی ماڵپەڕی ڕۆژنامەی «گاردیان»ی بەریتانی بڵاوی کردۆتەوە، لەگەڵ بەردەوامی ئاڵۆزیی و ناجێگیریی سیاسیی لە عێراق، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دەرفەتی پێشکەوتنی زیاتر دەبێت. تەنانەت هەردوو پرۆسەی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا و قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت لە عێراقدا یارمەتی بەهێزبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دەدەن، دوور نییە ئەگەر ئەم قەیرانە هەروا درێژە بکێشێت، ئەوە ئەو ڕێکخراوە بە ئەندازەی دوو سێ ساڵی سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بێتەوە مەیدان. بۆیە لە حاڵی حازری بارودۆخی سیاسیی عێراقدا، ئەلقاعیدە دیسانەوە یەکێکە لە مەترسییە جیددییەکان.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و تەنانەت حزبی بەعس بە سەرکردایەتی «عیززەت دوری» لە سێگۆشەی سوونەنشین سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوەن و لە ئامادەباشیدان بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ڕەنگە لە چەند مانگی داهاتوو «بە تایبەت ئەگەر قەیرانی پێکهێنانی حکومەت درێژە بکێشێت»، قاعیدە و بەعسییەکان بە گڕ و تینێکی زۆرترەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی عێراق ببنەوە بە تایبەت لە ناوچە سوونەنشینەکاندا، تا ئەو ئەندازەیەی ڕەنگە بە تەواوەتی سوپای عێراقی شەکەت و سەرقاڵ بکەن بە خۆیانەوە، چونکە عێراق کەوتووەتەوە نێوان کۆمەڵێک دەوڵەتی دوژمنی ئەمەریکاوە، لەوانە سوریا و ئێران، هەر کام لەوانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرژەوەندییان لە نائارامیی ڕەوشی عێراق و پرۆسەی توندوتیژیی و تەنانەت شەڕی تائیفیدایە، بۆ ئەم مەبەستەش بەعس و ئەلقاعیدە دەتوانن ڕۆڵی جیددی و سەرەکیی بگێڕن، بۆیە

ئەگەرێکی دوور نییە کە بە پاڵپشتی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق هەر کام لەو دوو گرووپە بەهێز بکرێنەوە. هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەفتەی رابردوو «هۆشیار زێباری» وەزیری دەرەوەی عێراق، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا رایگەیاند «بەغداد سەرجەم وڵاتانی دراوسێی ئاگادار کردۆتەوە، لە رووی ئەمنییەوە هیچ بۆشاییەکمان نییە، ئەگەر بۆشاییمان هەبێت، ئەوا عێراقییەکان خۆیان پڕی دەکەنەوە، پێویست ناکات ئەوان ئەو کارە بکەن». ئەم لێدوانە لە یەکێک لە رەهەندەکانیدا ئەوە ئاشکرا دەکات دەوڵەتانی دراوسێ هەر یەکە لەژێر پاساوێکدا دەیانەوێت دەست لە کاروباری ئەمنیی عێراق وەربدەن، کە رەنگە لەو پێناوەدا سڵ لە بەهێزکردنەوەی ئەلقاعیدەش نەکەنەوە.

نووسەر و پرۆفیسۆرێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بۆستۆن، لە وتارێکدا دەربارەی کاریگەریی شانە جیهادییەکان و رێکخراوی ئەلقاعیدە دەنووسێت: یاخیبوونی جیهادییەکان هێشتا بەردەوامە، بۆمبەکان بەشێوەیەکی رۆتینی لە شەقام و کۆڵانەکانی بەغداد و شارەکانی تری عێراق دەتەقێنەوە. ئاستی ئەو نیگەرانییە دەردەخات کە لەهەر شوێنێکی دیکە بێت وەکو بەڵگەی شکستهێنانی دەوڵەت بەم نزیکانە تەماشای دەکرێت، گەورە لێپرسراوانی ئەمەریکا، لە سیناریۆ پشت پێبەستراوەکانی خۆیاندا وای دەخوێننەوە و سوورن لەسەر ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەتوانن کاری زۆر مەزن ئەنجام بدەن. «بە گشتیی بەهێزبوونەوەی مەچەکی تیرۆریزمی ئیسلامی لە ئەگەر دەرچووە و وەک حەتمییەتێک وایە و لە ئێستاوە تارماییەکان وەدەرکەوتوون».

بەهەرحاڵ زۆرێک لە بۆچوونەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پاش پاشەکشەی تەواوەتی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا، ئەلقاعیدە یەکێک دەبێت لە سوودمەندە سەرەکییەکان، چونکە بارودۆخی سیاسیی و ئەمنیی عێراق بە جۆرێک ناسەقامگیرە، زەمینەی خۆرێکخستنەوە و گەشەکردنەوەی ئەوان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەڕەخسێنێت، کەواتە حکومەتی نوێی عێراق سەرباری ئەوەی پێویستە عێراق ئاوەدان بکاتەوە، ئەرکێکی گرنگتری دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش بریتییە لە بەرەو رووبوونەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە، چونکە وەک پێشبینی دەکرێت، ئەو رێکخراوە دەیەوێت و خوازیارە، شانسی خۆی لە دوای

کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکاش بۆ جارێکی دیکە تاقی بکاتەوە. بە مانایەکی تر ڕێکخراوی ئەلقاعیدە گرەو لەسەر قۆناغی دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات، تا ئەو ئەندازەیەی شەڕی مان و نەمانی خۆی دەکات لەنێو زەمینەی عێراقدا.

## ئەگەری دووبارەبوونەوەی توندوتیژیی سیاسیی

دەبینین هەر لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق جارێکی دیکە کردەی توندوتیژیی و پەلاماردانی چەکدارانە و تەقاندنەوە دەستیپێکردۆتەوە، تەنانەت لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا کردەوە تیرۆریستییەکان گەیشتنەوە لوتکە، بە تەنیا لە مانگی تەمووزی رابردوودا هەر پانزە پارێزگاکەی عێراقی دەرەوەی سێ شارەکەی سنووری حکومەتی هەرێم، چەندان کردەوەی تیرۆریستیی و خۆکوژانەیان بەخۆوە بینی، هەر لەو مانگەدا بەهۆی ئەو کردەوە پڕ توندوتیژییانەوە ٥٣٥ کەس لە سەرتاسەری عێراقدا کوژران، ئەم جا لەوەی بەپێی هەندێک ئامار زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیش بە سووکیی و سەختیی بریندار بوون، هەروەها بەپێی ئەو داتایانەی لە بەردەستدایە، ناسنامە و پۆلێنی ئەو ٥٣٥ کوژراوەی مانگی تەمووز بەم شێوەیە ریزبەند کراوە: ٣٩٦ هاووڵاتی مەدەنی، ٨٩ پۆلیسی عێراقی، ٥٠ سەربازی عێراقیی. ئەمە بێجگە لەوەی بەشی هەرە زۆری بریندارەکانیش هاووڵاتی سڤیل بوون.

زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێشبینی ئەوە دەکەن، رەوشی ئەمنیی عێراق چەند هەنگاوێک بۆ دواوە بگەڕێتەوە و دیسان ئەو وڵاتە ببێتەوە بە مەیدانی ململانێیەکی سەختی پڕ توندوتیژیی تائیفی و سیاسیی و ئایینیی. لەم نێوەندەدا بەهێزبوونەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە یەکێکە لە مەترسییە هەرە جیددییەکان، چونکە ئەوە دەزانرێت ئەمەریکا دەیەوێت هەرچی زیاتر تەرکیز بکاتە سەر میحوەری ئەفغانستان، ئەمەش مانای ئەوەیە نایەوێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، یەکێک لە مەترسییەکانی تری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەوەدایە لە کاتێکدایە، هێشتا عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی

حکومەتی نوێ، چونکە وەک بەشێک لە سیاسەتمەدارانی بەئاگا هێمای بۆ دەکەن، ئەگەر ئەم قەیرانە تا کۆتایی ساڵ بخایەنێت، ئەوە بێگومان هەم بۆشایی گەورەی ئەمنیی دروست دەبێت، هەم ئەگەری ئەوەش هەیە جارێکی دیکە لایەنە ناکۆکەکانی ناو عێراق پەنا بەرنەوە بۆ توندوتیژیی بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەو گرژیی و ململانێیانەی ئێستا لەسەر پێکهێنانی حکومەت هەیانە. بە کورتی هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن عێراق لە بارودۆخێکی سیاسیی و ئەمنیی خراپدایە و هیچ ئاسۆیەکی روون نییە، تەنانەت هاتنی «جۆ بایدن» بۆ عێراق و لە یەکتر نزیک کردنەوەی لایەنە ناکۆکان نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی ئەوتۆی هەبێت، ئەمەش راستییەکی تاڵە و یەکێکە لەو تابلۆ ترسناکانەی نیشانی دەدات، عێراق رووەو چارەنووسێکی خراپ هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆیە ئەگەری دیسانەوە بەرپابوونەوەی توندوتیژیی و شەڕی سەر شەقامەکان ئەگەرێکی نەک دوور نییە بەڵکو یەکێکە لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکانی ئەم قۆناغی ژیانی سیاسیی عێراق.

دەربارەی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیی و خراپی رەوشی ئەمنیی لە عێراقدا، سایتی «یۆنایتد پرێس ئینەرناشناڵ» لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی «کشانەوەی ئەمەریکا و ناسەقامگیریی رەوشی عێراق» هێمای بۆ بارودۆخی خراپی ئەمنیی ئەو وڵاتە کردووە و لە بەشێکی وتارەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئاستی توندوتیژیی لە عێراقدا پێش گۆڕینی ئەرکی سەربازیی بۆ دیبلۆماسی زیاد بووە. سایتەکە لە درێژەی وتارەکەدا ئەوەشی نووسیووە: ئەمەش رێگەی بۆ تیرۆریستان خۆش کردووە، ژمارەی پەلامارەکانیان زیاد بکەن، هاوکات دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی هۆکارێکی دیکە بۆ ناسەقامگیریی لەو وڵاتەدا، بە تایبەت لە باشوور و ناوەڕاست کە رۆژانە خەڵک دەبنە قوربانی. تەنانەت «کین پۆلاک» شارەزا لە کاروباری عێراق لە پەیمانگای بروکینز لە واشنتۆن پێیوایە، رەنگە هێشتاش کاتی ئەوە مابێت عێراق لە شەڕێکی ئەهلییەوە تێوە بگلێت. بۆیە دەڵێت: ئاماژە هەڵێنجراوەکانی جەنگی ئەهلیی و تائیفی بۆ نموونە لە عێراق کە رووخانی حکومڕان پاڵ بە تایەفە جیاوازەکانەوە دەنێت لە دژی یەکتر بجەنگن لەپێناو دەسەڵاتدا بەرەو کزبوون دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا

ترس و تووڕەیی و چاوچنۆکیی و خواستی تۆڵەسەندنەوە کە یارمەتیدەر بوو لە ملنانی عێراق بەرەو جەنگێکی ئەهلیی، هێشتا ژێر بە ژێر هەر ماوە.

یەکێکی تر لە فاکتەرە هەرە بەهێزەکان کە یارمەتی پرۆسەی توندوتیژیی و گەڕانەوەی خولێکی تری جەنگی ئەهلیی لە عێراقدا دەدات، وەک لە پێشتریشەوە هێمامان بۆ کردووە، بریتییە لە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، لەم نێوەندەدا لایەنی کورد یەکێک لەو لایەنە سەرەکییانەی دەیەوێت رۆڵێکی ئیجابی بگێڕێت لە یەکتر نزیکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان تا بەو هۆیەوە بۆشایی دروست نەبێت، بۆ سەرلەنوێ نەخزانی عێراق بۆ ناو جەنگێکی وێرانکەری چەشنی جەنگی ئەهلیی چەند ساڵی پێشوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد ناتوانێت هەموو لایەنەکان بە یەکەوە کۆ بکاتەوە و بیانگەیەنێتە چارەسەرێکی مامناوەندیی هەموو لایەک پێی رازی ببن. هەروەک د.مەحمود عوسمان دەڵێت «کورد ناتوانێت لایەنەکان بگەیەنێتە یەکتر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆمار لە هەوڵی ئەوەدابوون لایەنەکان بگەیەننە رێککەوتنێک، بەڵام هەوڵیش سنووردارە، کورد بەشێوەیەکی گشتیی و بە تایبەت جەنابی کاک مەسعود بارزانی وا باشترە بیانگەیەننە رێککەوتنێک لەسەر دابەشکردنی سێ پۆستە سیادییەکە بە تایبەت پۆستی سەرۆک وەزیران, بۆیە بە بڕوای من ئێستا کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا رۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت و لە خەمی ئەوەدایە بە زووترین کات حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت کە حکومەتێک بێت سەرجەم لایەنەکان بەشداریی تێدا بکەن».

بەشێوەیەکی گشتیی بارودۆخی عێراق بە قۆناغێکی ئێجگار ناسک و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، تەنانەت وێنای رەوشی ئێستای عێراق لە هەمان وێنای سەردەمی پرۆسەی ئازادیی عێراق لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ دەچێت، چونکە وەک چاودێرانی سیاسیی ئاماژەی بۆ دەکەن، بارودۆخ لەلایەکەوە ئاڵۆزە، لەلایەکەوە سوپای ئەمەریکا بەردەوام لە کشانەوەدایە، لە سەرێکی دیکەشەوە گروپە تیرۆریستییەکان وەکو هەڕەشەیەکی جیددی خۆیان ئامادە کردووە، بۆیە ئەرکێکی سەخت دەکەوێتە سەر حکومەتی نوێی عێراق، بەپێچەوانەوە دواکەوتنی هەر رۆژێکی پێکهێنانی حکومەت، ئەرکی حکومەتی داهاتوو سەختتر

دەکات، دواکەوتنی هەر هەفتەیەکی پێکهێنانی حکومەت، پێویستی بە پلانی چەند مانگە هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ئاسەوارە خراپانەی لێی دەکەونەوە، بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر عێراقییەکان چاویان بڕیوەتە سەر زووتر پێکهێنانی حکومەت، لایەنی کوردستانیش یەکێکە لەو لایەنانەی پەرۆشی پێکهێنانی هەرچی زووتری حکومەتە، ئەگینا هیچ ناچار نییە بۆ لە مەودوا لە چوارچێوەی عێراقێکی پڕ کێشە و توندوتیژییدا بمێنێتەوە.

### نائامادەیی هێزە ئەمنییەکانی عێراق

دیارە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان ئەوەیە، هێشتا هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو ئاست و توانایەدا نین بتوانن بە تەواوەتی فایلی ئەمنیی لە سوپای ئەمەریکا وەربگرن، چونکە لە ماوەی حەوت ساڵی رابردوودا عێراق بۆتە پەناگەیەکی گەورەی دەیان باند و گروپی تیرۆریستیی ئیسلامی و نائیسلامی، بە ئەندازەیەک لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هیچ دەوڵەتێک نەبووە، هێندەی عێراق نائارام بووبێت، تەنانەت بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمی تێکڕای قوربانیانی عێراقی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ واتە ئەیلوولی ٢٠١٠ کە حەوت ساڵ و نیوی تەواو دەکات، خۆی دەدات لە نزیکەی یەک چارەگە ملیۆن کەس. ئەمەش نیشاندەری واقیعێکی سەخت و زۆر تاڵە هەنووکە عێراقییەکانی پێدا تێدەپەڕن، ئەمە لەلایەک و لە سەرەکەی ترەوە، سوپا و یەکە ئەمنییەکانی عێراق و کۆی دامەزراوە سەربازییەکانی ئەم دەوڵەتە لە نیسانی ٢٠٠٣ بە تەواوەتی لەبەریەک هەڵوەشانەوە، بۆیە سوپا و دامودەزگا ئەمنییەکانی ئێستای عێراق هەم تازە و ساوان و هەم کەم ئەزموونن لە پاراستنی ئاسایشی وڵاتدا، تەنانەت هێشتا دەزگای هەواڵگریی نوێی عێراق دەزگایەکی هێندە چالاک و پرۆفیشناڵ نییە بتوانێت بە وردیی ئەرکەکانی لە دۆزینەوەی شانە تیرۆریستییەکانی ناو عێراق رابپەڕێنێت.

لیوا قاسم عەتا وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی عێراق پاش کشانەوەی یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسییدا دەربارەی ئاست و توانای هێزە عێراقییەکان وتی «هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق، چەند

قۆناغێکی گرنگ و پێشکەوتوویان بڕیوە لە دروستکردنی توانستە جەنگییەکان، بەڵام لە ئاست ئەو قۆناغەدا نییە، فایلی ئاسایشی وڵاتی پێ بسپێردرێت». بۆیە ئەمە دەبێتە یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی بەردەم رەوشی ئەمنیی عێراق و ئەگەری ئەوە هەیە توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق زۆر لەوە بچووکتر و کەم بایەختر بێت بتوانێت رووبەڕووی تەوژمی گروپە تیرۆریستییەکان لە ناوخۆی عێراقدا ببێتەوە، چونکە ئەو گروپانە هەم پاڵپشتیی مادديی و لۆجیستی لە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دراوسێ و نەیاری ئەمەریکا وەردەگرن و هەم خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن لە بواری شێواندنی باری ئارامی و رەوشیی ئەمنیی شارەکانی عێراقدا. خولاسەی قسە ئەوەیە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقی و کەم ئەزموونی و کەم توانایی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هەرسێکیان بەیەکەوە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رەوشی ئەمنیی عێراق بەرەو خراپی پێشوو مل بنێت، واقیعە تاڵەکە ئەوەمان نیشان دەدات عێراق بەرەو تونێلێکی تاریک مل دەنێت و هیچ ئاسۆیەک گەش بەدی ناکرێت لەم نێوەندەدا.

**تێبینی: ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «٧٩»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٠دا بڵاو کراوەتەوە.**

# یەکگرتووی ئیسلامی بـەرەو پارچە پارچەبوون هەنگاو دەنێت

## ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو یەکگرتوو قووڵتر و زەقتر دەبنەوە

ئەوەندەی تێبینی دەکرێت بەشی زۆری پارتییە کوردییەکان لەمسەری راستەوە تا ئەوسەری چەپ، لە عەلمانییەوە بیگرە تا دەگاتە ئیسلامییەکان، لەگەڵ کۆمەڵێک گیروگرفتی ناوخۆیی و قەیرانی گەورە گەورە بەرەو ڕوون. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونە، لە چەند ساڵی رابـردوودا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هـەرە زەقترین و لە بەرچاوترین نموونەیە. چونکە ململانێ و گیروگرفتە ناوخۆییەکانی ئەو حزبە سنووری ئۆرگان و کۆبوونەوە و دیسپلینی حزبیی تێپەڕاندبوو، سەرئەنجامیش ئەم ناکۆکییە لە وێستگەیەکدا بە چوونە دەرەوەی نەوشیروان مستەفا و پاشان باڵی ریفۆرم بەکۆتا هات. ئێستا لە حاڵی حازردا خەریکە ئەم ناکۆکیی و دەستەگەریی و کێشە ناوخۆییانە لە ناو ریزەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا روو دەدات، بە بەڵگەی ئەوەی لەماوەی نزیکەی ساڵێکدا دوو لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئـەو حزبە ئیسلامییە دەستیان لە کار کێشاوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی بە بڕوای زۆرێک لە شارەزایان و چاودێران ئەم رەوتی هاتنە دەرەوەیە لە یەکگرتووی ئیسلامیی لەسەر هەموو ئاست و ئۆرگانەکانی یەکگرتوو نەک بە کۆتا نەگەیشتووە، بەڵکو درێژەی دەبێت و چـاوەڕوان دەکرێت بە هەمان سیناریۆی پێشووی هاتنە دەرەوەی باڵی ریفۆرمی یەکێتی، بەشی زۆری سەرکردە و کادرە ناڕازی و ریفۆرمیستەکانی ناو یەکگرتوو هەمان رێگای هادی عەلی و عەبدولڕەحمان سدیق بگرنە بەر، تەنانەت زۆرجـار تێبینی ئەوە دەکرێت رەنگە لە کۆتاییدا

سەرکردە جیابووەوەکانی یەکگرتوو هەروەک چۆن نەوشیروان مستەفا، بزووتنەوەیەکی جیای لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دروست کرد، ئەوانیش بزووتنەوەیەکی سیاسیی و جەماوەریی جیا لە یەکگرتوو دروست بکەن و تەنانەت سەنگەر لە حزبەکەی پێشوویان بگرن.

## لە ئیخوانەوە بۆ یەکگرتوو

یەکەم ڕێکخستنی ئیسلامیی لە کوردستان بۆ سەرەتای دەیەی بیست و سییەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ڕێکخراو و گروپانە زیاتر لە ژێر کارتێکردنی بیروڕاکانی جەمالەددین ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا بوون، ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوانە لەناو زەمینەیەکی دواکەوتوو و کۆمەڵگەیەکی تەواو پابەند بە ئاینی ئیسلام دروست بوون، کەچی هەرگیز نەیانتوانی وەک هێزێکی کاریگەر و خاوەن نفوزی سیاسیی لە گۆڕەپانەکەدا دەربکەون، بەم بۆنەوە وردە وردە ڕۆڵیان بەرەو پووکانەوە چووە و سەرئەنجامیش هەڵوەشاونەتەوە. دواتریش کە بیری «ئیخوان ئەلموسلمین» لە ڕێی چەند مامۆستایەکی میسرییەوە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردووەوە دەگاتە عێراق، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان نابێت، یان بابڵێین ئەگەرچی ئیخوان لەسەر ئاستی عێراق هێزێکی لاواز و پەڕاوێز بوو، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان وەک نەبوو حیسابی بۆ دەکرا، چونکە لە چەند کەسێکی کەم و نوخبە بەولاوە کە زیاتر لە مەلا و پیاوانی ئاینیی پێکهاتبوون، هیچ کەسی تر پەیوەندییان بەم ڕێکخستنەوە نەکردبوو، بەپێچەوانەشەوە لەو سەردەمەدا مەدی کۆمۆنیزم یەکێک لە بەهێزترین مەدەکان بوو، هەر بەم هۆیەوە حزبی شیوعی عێراق کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی زۆرینەی سەرکردەکانی کورد بوون، یەکێک بوو لە حزبە هەرە بەهێزەکانی مەیدانەکە، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی مەلا و پیاوە ئاینیی و خاوەن نفوزەکانیش بەلانیکەمەوە بەو بیرۆکە چەپ و سۆسیالیستییەی لەو سەروەختەدا خەریکبوو جیهانی دادەپۆشی سەرسام بوون.

ئیدریس سیوەیلی لە کتێبەکەیدا «رەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١» باس لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان ئەلموسلمین

لە کوردستاندا دەکات و دەنووسێت: لە ساڵی ١٩٤٦ز بەدواوە، دامەزراندنی کۆمەڵی ئادابی ئیسلامی بووە کەناڵێکی باش، بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لە زۆربەی شارەکانی عێراق و باشووری کوردستان، لەمەشدا خودی شێخ ئەمجەد زەهاوی، سەرۆکی کۆمەڵە رۆڵی بەرچاوی بینی، هەر لە چوارچێوەی چالاکی کۆمەڵەدا لە ١٦-١-١٩٤٧ز شێخ ئەمجەد زەهاوی سەرۆکی کۆمەڵە، لە نامەیەکدا زانای ناسراوی کورد «مەلا حسێن پیسکەندی» لە سلێمانی ئاگادار دەکاتەوە، کە بەمەبەستی کردنەوەی لقی کۆمەڵە سەردانی لایەنی پەیوەندیداری کردووە و بەو پێیەی کۆمەڵەکە ئاینیی و رەوشتییە، موتەسەڕیفەکان روخسەتیان داوە لقی کۆمەڵە لە لیوای سلێمانی بکەنەوە.

ئیدی پاش ماوەیەک مەلا حسێنی پیسکەندی دەکەوێتە چالاکی و ئەندامگیریی بۆ ئەو کۆمەڵەیە کە بێگومان نوێنەری سەرەکیی ئیخوان ئەلموسلمینە لە عێراق، پاش ماوەیەکی کورت لقی کۆمەڵەکە دادەمەزرێت، ئەمەش سەرەتای هەنگاوی یەکەمی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوانە لە کوردستان. ئیدی وردە وردە لە شارەکانی تری کوردستان، ئەم بیرۆکەیە لایەنگر و هەڵسوڕاوی بۆ پەیدا دەبێت و لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووشەوە ئەم رەوتە لە کەرکوک و هەڵەبجە و چەند شوێنێکی تری کوردستان لە شێوەی حەلقەی بچووک بچووک دەکەوێتە کارکردن، بەڵام بە ڕووخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنە سەر دەسەڵاتی ژەنەراڵ «عەبدولکەریم قاسم» کە لەپەنایدا شیوعییەکان وەک هێزێکی کاریگەر دەرکەوتن، مەودا و پانتایی چالاکیی ئیخوان چ لە عێراق و چ لە کوردستان بەرتەسکتر بووەوە، بۆیە دەبینین لێرە بەدواوە ئەو رەوتە کار و چالاکییەکانی سست و خاو دەبنەوە تا دەگاتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٤دا بڕیاری خۆ سڕکردن و راوەستانی چالاکییەکانی ئیخوان بۆ ماوەیەکی نادیار دەدەن. ئیدی ئەم رەوتە لەسەر ئاستی کوردستان دەکەوێتە قۆناغەکانی لاوازیی و پەڕاوێزی رووداوەکانەوە، ئەگەرچی لە هەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە دەرەوەی پیاوانی ئاینی، دەیان گەنج و رۆشنبیر و قوتابی زانکۆ پەیوەندیی بەم رێکخستنە ئیسلامییەوە دەکەن، بەڵام ئەوە هیچ لەو بارە خراپەی ئیخوان ناگۆڕێت کە وەک هێزێکی بچووکی ناکاریگەر لە پرۆسەکەدا چاوی لێدەکرا.

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی جەماوەری کوردستان، ئەگەرچی ئیخوان دابەش ببوو بەسەر هەردوو باڵی «سەلاحەدین بەهادین و مەلا سدیق عەبدولعەزیز»دا، بەڵام بەخێراییەکی بەرچاو رووی لە گەشەکردن کردبوو، لێ بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لەو ساتەوەختانەدا هێز و ناوبانگ و بنکەیەکی جەماوەریی گەورەتری هەبوو، بەڵام سەرقاڵییەکانی بزووتنەوە بە بیرۆکەی جیهاد و شەڕکردنی بەردەوامی لەگەڵ یەکێتی، ئەو شانسەی بە ئیخوان بەخشی جێ بە بزووتنەوە لێژ بکات، هەرچەندە تا دەهات ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئیخوان لە کوردستان قووڵ و بەتینتر دەبوو، تا ئەوەی باڵی سدیق عەبدولعەزیز لە ساڵی ١٩٩٢ هاتنە دەرەوە و «بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی»یان دروستکرد، بەڵام ئەمانە هیچی نەبوونە لەمپەر لە بەردەم گەشەی زۆر بە پەلەی ئیخوان، کە سەرئەنجام لە ٦-٢-١٩٩٤ لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسیدا بەناوی «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان» خۆی راگەیاند.

## ناکۆکیی سیاسیی و کێشەی دەسەڵات

رێکخستنی ئیخوان لە کوردستان، ساڵانێکی زۆر بەدەم ناکۆکیی سیاسیی و شەڕی دەسەڵات و ململانێی توندی ناوخۆییەوە ناڵاندوویەتی. چونکە لە دەیەی هەشتاکانی پێشوودا بە عەمەلی رێکسختنی ئیخوان دابەش ببوو بەسەر دوو جەمسەر و ئاڕاستەدا، کە یەکێکیان لەلایەن مەلا سدیق عەبدولعەزیزەوە سەرپەرشتی دەکرا، ئەوی تریشیان لەلایەن سەحەلادین محەمەد بەهادینی ئەمینداری ئێستای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان. بەردەوام ئەم دوو فراکسیۆنەی ناو ئیخوان رکەبەرایەتی و ململانێی یەکتریان دەکرد، تا ئەو ئەندازەیەی ببووە یەکێک لە فاکتەرەکانی بچووکبوونە و گەشەنەکردنی بیری ئیخوان لە کوردستاندا، بەپێچەوانەوە لەم ساتەوەختانەدا بزووتنەوەی ئیسلامی دروست دەبێت و بەهۆی سوود وەرگرتن لەو بۆشاییەی لە کاری ئیسلامیدا دروستببوو، توانی لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە ژمارەیەک کە هەم ئیسلامییەکان و هەم حزبە مەیل ناسیۆنالیستە عەلمانییەکان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەهەند وەریبگرن و حیسابی لەسەر بکەن.

وەک هێمامان بۆ کرد بەدرێژایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی پێشوو، هەردوو باڵی سەرەکیی ئیخوان لە باشووری کوردستان ململانێ و بەربەرەکانێی یەکتریان دەکرد، تا سەر ئەنجام هەردوو باڵەکە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری یەکگرتنەوەیان دا. نووسەری کتێبی «ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١» دەنووسێت: دوای چەند کۆبوونەوەیەک لە ٩-١١-١٩٨٨دا، ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوو باڵەکەدا واژۆ کرا، ڕێککەوتنەکە لەنێوان «دکتۆر عەبدولمەجید» بە نوێنەرایەتی باڵی سدیق عەبدولعەزیز و «عومەر ڕێشاوی» بە نوێنەرایەتی باڵی سەلاحەدین موحەمەد کرا.. دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە، عومەر ڕێشاوی بووە بەرپرس و کەسی یەکەم، بەڵام لەواقیعدا ناوبراو تەنیا رووکارێک بوو، سەلاحەدین موحەمەد بە کردەوە بڕیاردەر و بەرپرسی یەکەمی کارەکە بوو.

ئەگەرچی بە ڕووکەش وا دەردەکەوت هەردوو باڵەکەی ئیخوان لە کوردستان یەکیانگرتۆتەوە، بەڵام لە واقیعدا پاش ماوەیەکی کەم دیسان هەمان ململانێ لە ریزەکانی ئیخواندا سەریهەڵداوە، ئەمە بە تایبەت پاش ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی شورای نوێدا کە تەنیا دوو ئەندام بەر باڵی سدیق عەبدولعەزیز کەوتبوو. دوای راپەڕین جارێکی دیکە ئەم کێشە ناوخۆییانە بەرەو گرژیی و ئاڵۆزیی زیاتر رۆیشتن و شەڕکردن لەسەر پۆستی کەسی یەکەم لەلایەن سەحەلادین بەهادین و سدیق عەبدولعەزیزەوە بە ئەندازەیەک گەرم و سەخت بوو، چیدی ئەو دوو باڵە نەیاندەتوانی لە چوارچێوەی یەک ڕێکخراوی سیاسییدا درێژە بە کارکردنی خۆیان بدەن، ئەوەش لەدوا دەرئەنجامدا هاتنە دەرەوەی باڵی مەلا سدیق و دروستکردنی بزووتنەوەی راپەڕین «نەهزە»ی ئیسلامی لێ کەوتەوە، کە دواتر دەبینین لە چەند ساڵی پاشتردا هەردوو حزبی ئیسلامی «راپەڕین و یەکگرتوو» زۆرترین دژایەتی یەکتریان دەکرد و کار گەیشتبووە ئەوەی هەر لایەکیان ئەویتری بە لادەر پێناسە دەکرد.

وەلێ خەتی سەلاحەدین بەهادین بە چوونە دەرەوەی باڵی مەلا سدیق و پێکهێنانی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی درێژ لە کۆڵ شەڕی دەستەگەریی و کێشمەکێشی ناوخۆیی بوونەوە، بەڵام دیسان ئەوە دەبینرێت کێشەکانی ناو

ئەو باڵەی ئیخوان خەریکە بە تەواوەتی زیندوو دەبێتەوە، هاتنە دەرەوەی هادی عەلی و عەبدولڕەحمان سدیق و سەرهەڵدانی رەوتی گەشە لە موئەشەراتی ئەو پرۆسەیەن و پێدەچێت لە داهاتوودا بە تایبەت لەسەر مەسەلەی دابەشکردنی پۆست و دەسەڵاتەکان، ئەم کێشمەکێشانە گەرموگوڕیی پتر بە خۆیانەوە ببینن، چونکە وەک یەکێک لە ئەندامانی ئێستای سەرکردایەتی یەکگرتوو دەڵێت: مۆنۆپۆڵکردنی پۆستی ئەمینداری گشتیی بۆ زیاتر لە ١٦ ساڵ و دەستگرتن بەسەر پۆست و بەرپرسارێتییە هەستیارەکاندا بێدەنگیی دروست ناکات، بەڵکو قسە و ناکۆکیی لە هەڵوێستیشدا دروست دەکات. ئەوەش سەرەتایەکی تر دەبێت لە راستای کێشمەکێشێکی قورس لەناو ریزەکانی یەکگرتووی ئیسلامیدا. چونکە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی هاتنە دەرەوەی باڵی سدیق عەبدولعەزیز، لەم قۆناغەی ئێستادا نەک یەکگرتوو بەتەواویی لاواز دەکات، بەڵکو بارودۆخەکە بەجێگەیەک دەگەیەنێت ئیدی چیتر یەکگرتووی ئیسلامیی ناتوانێت ئەو هێزە لەسەر پێ راوەستاوە بێت و بە سەنگ و قورسایی زۆرەوە بچێتە پرۆسە سیاسییەکانەوە. یان بە دەربڕینێکی تر یەکگرتوو دەخرێتە چوارچێوەیەکی بەر تەسکەوە.

## ریفۆرمخواز و کۆنسەرڤاتیڤ

بەڵگەنەویستە لە ناو یەکگرتووی ئیسلامیدا دوو رەوتی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش رەوتی چاکسایخواز و رەوتی پارێزگارن، ئەوەشی دەبینرێت رەوتی پارێزگار کە خودی ئەمینداری گشتیی یەکێک لە جەمسەرە بەهێزەکانێتی، بە تەواوەتی دەستیان گرتووە بەسەر بڕیار و شێوەی کارکردن و پۆست و ئۆرگانە هەستیارەکانی یەکگرتوودا، باڵی ریفۆرمخواز تەنیا توانیوویانە لەسەر ئاستێکی بچووک و لە رووبەرێکی کەمدا قورساییان هەبێت، ئەگەرنا ئەوەی یەکگرتوو هەڵدەسوڕێنێ و چوارچێوەی کارکردنی دادەنێ و بنەما فکرییەکانی دادەڕێژێت، بێگومان باڵی پارێزگارە، وەک دەزانین لە ئێستادا لەوپەڕی بەهێزیی و کاریگەریی خۆیدایە، چونکە هەم دەسەڵاتی تەواوەتی بەدەستەوەیە و هەم قورسایی و بنکەی جەماوەریی فراوانتری هەیە. تەنانەت بەشی زۆری ئەندامانی

یەکگرتوو، ڕەوتی ریفۆرمخوازی ناو حزبەکەیان، بە ڕەوتێکی ناواقیعبین و نالێپرسراو لە ئاست ئەرک و پەیامە سیاسیی و ئاینییەکەی یەکگرتوو وەسپ دەکەن.

بەگوێرەی بۆچوونی شارەزایان و چاودێران، ڕەوتی ریفۆرمخواز بە تایبەت دوای کۆنگرەی دووەمی یەکگرتووی ئیسلامی رەخنەکانیان چڕتر کردۆتەوە، بەوەی یەکگرتوو لە سنوورێکی دیاریکراودا وەستاوە، هەروەها بەپێی هەندێک پێوەر و میکانیزمی کلاسیکی و بەسەرچوو کاردەکات، خوێندنەوەی سەردەمییانە و واقیعبینانەی نییە بۆ قۆناغی نوێی کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی کۆنکرێت و ڕەها دەڕوانێتە تێکستە ئاینییەکان، ناکۆکیی زۆری هەیە لەگەڵ سترۆکتۆرە دیموکراسییەکان، مۆنۆپۆڵی زۆر هەیە لەسەر هەندێک پۆستی هەستیار لە چەشنی ئەمینداری گشتیی، ئەمانە هەموو کۆمەڵە رەخنە و بنەمایەکن کە هەرچی زیاتر ناکۆکیی نێوان ئەو دوو باڵەی قووڵتر کردووەتەوە، تەنانەت چونکە باڵی پارێزگار دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە و هێزێکی فراوانی جەماوەریی لە پشت بووە، بەردەوام مواتەڵەی بە داواکارییەکانی باڵی ریفۆرمخواز کردووە، بۆیەکا هەنووکە بارودۆخەکە گەیشتۆتە بنبەست و دوو لە سەرکردە و سیما سیاسییە ناسراوەکانی ئەو حزبە، هاتوونەتە دەرەوە، تا ئەو رادەیەی بە بێئومێدییەوە دەڕواننە چارەنووس و داهاتووی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

هەندێک بۆچوونی تر هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، باڵی ریفۆرمخواز دەیویست یەکگرتوو لە حزبێکی ئیسلامیی وشکهەڵاتووەوە بکاتە حزبێکی هاوچەرخ، یان بەلایەنی کەمەوە لەسەر فۆرم و ستایڵی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا رێکیبخاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا دەنگێکی جیددیش دروستبوو کە خوازیاربوو یەکگرتوو پاشگری «ئیسلامیی» لە ناوی حزبەکەی بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر وەک حزبێکی ئاینیی و بۆ دەستەیەک خەڵکی دیاریکراو دەرنەکەوێت، بەڵام لە باری کردارییەوە هیچ کام لەو ویست و ئەجیندایانەی باڵی ریفۆرم بەدینەهاتن، تەنانەت ئێستا بە ناچاریی دەبینین یەک لە دوای یەک سەرکردەکانی ریفۆرمی یەکگرتوو لە حزبەکەیان دێنە دەرەوە، ئەم کاروانەش بە چوونە دەرەوەی عەبدولڕەحمان سدیق و هادی عەلی دەستپێکردووە و

رەنگە بە چوونە دەرەوەی ئەبوبەکر کاروانی و مەولود باوەمراد پێ بنێتە قۆناغێکی ترەوە، چونکە ئەمە دەبێتە سەرەتا و دەستپێک بۆ لەتبوون و ئینشقاق لە ناو ریزەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا.

## ئەگەرەکانی پارچە پارچە بوون

جیاوازییە سیاسیی و فکرییەکانی ناو یەکگرتووی ئیسلامی و گوێنەگرتن لە رەخنە لەلایەن سەرکردەکانی ناو یەکگرتووەوە بە تایبەت ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە و چاوەڕوان دەکرێت ئەو حزبە لە ئایندەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئینشقاقی تێبکەوێت و پارچە پارچە بێت و لە باشترین حاڵەتدا بە هەمان چەشنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دابەش ببێت بۆ سەر دوو هێز یان دوو حزبی جیاواز. ئەگەرچی سەرکردەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی بە تایبەت باڵی پارێزگار، ئەوە رەت دەکەنەوە یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئایندەیەکی نزیکدا رووبەڕووی لەتبوون و لێکترازانی ریزەکان و سەرکردایەتییەکەی ببێتەوە، بەڵام لە واقیعدا ئەگەری ئینشقاق یەکێکە لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکان بە تایبەت ئەگەر بارودۆخی ناوخۆیی یەکگرتوو بەم شێوەیەی هەنووکە بڕوات و چارەسەر بۆ کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی ئەو حزبە نەدۆزرێتەوە. وەک وتیشمان هاتنە دەرەوەی ئەبوبەکر کاروانی و مەولود باوەمراد، یەکێکە لەو دەنگۆیانەی لە ناو ریزەکانی یەکگرتوودا بە خەستی بوونی هەیە، هەرچی زیاتر زەمینەی لێکترازانی یەکگرتوو ئاسانتر دەکات، تەنانەت رەنگە رەوتەکە زۆر لەوە خێراتر رێچکە بگرێت خەڵکانێکی زۆر چاوەڕوانی کۆنگرەی داهاتوو بکەن، کە ئاخۆ کۆنگرە دەتوانێت یەکگرتوو بخاتە سەر کام رێ و رێچکە؟.

بەهەرحاڵ، ئەوەی گرنگە لە چەند دێڕێکدا بیڵێین ئەوەیە کە بارودۆخی ناوخۆیی یەکگرتووی ئیسلامی زۆر لەوە خراپترە ئێمە لە دیمەنی دەرەوەی ئەو حزبەدا هەستی پێدەکەین، تەنانەت من پێموایە ئەستێرەی بەختی یەکگرتوو بەرەو ئاوابوون دەڕوات، چونکە ئەو قەیران و تەنگژە سەختانەی ئەو حزبە ئیسلامییەی تێکەوتووە هیچ رێگایەکی بۆ چارەسەر نەهێشتۆتەوە، بە بڕوای زۆرینەی چاودێرانیش تاکە رێگایەک لە بەردەمیدا مابێت تەنیا ئینشقاقە، چوون

بە پشت بەستن بەئەزموونی لێک تێنەگەیشتنی باڵەکان ئەوە هەر روو دەدات، جا زوو بێت یان درەنگ. ماوەتەوە بڵێم ئەگەر یەکگرتوو دابەشیش نەبێت، ناتوانێت ئەو ژمارە قورسەی پرۆسەی سیاسیی بێت وەک لە پێشوودا دەبینرا، پێکهێنانی لیستێکی چوار حزبی «کۆمەڵ، یەکگرتوو، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست» لە هەڵبژاردنی چەند مانگ لەمەوبەردا، بەڵگەی بچووکبوونەوە و دابەزینی کێرڤی جەماوەریی ئەم حزبە نیشان دەدات، کە پێشتر یەکگرتوو بە داهێنەری لیستی جیا و سەربەخۆ لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش دەناسرا.

**تێبینی: ئەم شیکارییە لە ژمارە «٧٨»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی ئۆگەستی ٢٠١٠دا بڵاوکراوەتەوە.**

# نەوشیروان مستەفا.. لە گردەکەوە بۆ پیرمام

ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری ڕابردوو، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، گەیشتە هاوینە هەواری پیرمام و چاوی بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت!. لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی نێوان نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی، زۆر پرسی گرنگ تاوتوێ کراون، لەوانە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان و پرسی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کورد. ئەوەی تا ئێستا لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی کراوە هەر ئەو پرسانەیە کە تایبەتە بە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت. شرۆڤەکارانی سیاسیی لە چەند لایەکەوە خوێندنەوەیان بۆ سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا کرد، بە تایبەت ئەم چوونەی بۆ لای سەرۆکی پارتی، خۆی لە خۆیدا مانای داننانە بە سەرۆکی هەرێم دا، ئەوەش پێچەوانەی ئیدعاکانی خودی خۆی و ڕاگەیاندنی حزبەکەیەتی.

سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا، بۆ پیرمام، لە چەندین ڕەهەندەوە، شایانی خوێندنەوەیە، بە تایبەت ئەمە بە گۆڕان لە سیاسەتی گۆڕاندا دێتە هەژمارکردن، چونکە دروشمی بانگەشەی هەڵبژاردنی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوول، بەرەو دەسەڵات بوو، بەڵام ئێستا هاتووەتە سەر بەشداریی لە دەسەڵات!، لێ چاوەڕوان دەکرا، سیناریۆی تر بێتە پێشەوە، گۆڕان بۆ لاوازکردنی پارتی بیگرێتە بەر، بە تایبەت کە یەکێتی کەوتبووە دۆخێکی نوێ و بە فەرمی بووە بە هێزی سێیەم، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان پێچەوانە بوونەوە و نەوشیروان مستەفا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەو هێزەی ماوەی نیو

سەدەیە بەرهەڵستی دەکات، ئەمەش لەلایەک مامەڵەیە لەگەڵ دیفاکتۆی سیاسیی، لەلاکەی ترەوە نائومێدبوونی گۆڕانە بەرامبەر بەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردن بەدەستیهێنا، لە کاتێکدا پێشبینی دەکرد بگاتە دەسەڵات و ڕێژەیەکی نزیک لە پارتی کورسی و دەنگ بهێنێت، بەڵام هاوکێشەکە بەو شێوەیە نەبوو، پارتی ١٤ کورسی و نزیکەی ٣٠٠ هەزار دەنگ کەوتە پێش گۆڕان.

نەوشیروان مستەفا، لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی بزووتنەوەی گۆڕاندا، ڤۆکەسی کاری کردبووە سەر پارتی، چونکە پێیوابوو یەکێتی دوای ٢٥-٧-٢٠٠٩ کەوتۆتە دوای گۆڕان، بۆیە نۆرە هاتۆتە سەر پارتی، هەر لەم ڕوانگەوە بەردەوام لە ڕێگەی پەیامە تایبەتەکانییەوە مژدەی گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە کوردستان بە دۆست و هەوادارانی دەدا، تا ئەو ئەندازەیەی چەند ڕۆژ پێش ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بە ئاشکرا و بە ڕوونی وتی «هاتنی ئیزرائیل بۆ دەرکێشانی ڕۆحی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان نزیک بووەتەوە». کەچی لە ماوەیەکی کەمدا و دوای دوو ساڵ، تەواوی هاوکێشەکە هەڵدەگەڕێتەوە و خەونی نەوشیروان لە دیدارێکی سەرۆکی پارتی بۆ پشکداریکردن لە حکومەتێکی نوێدا بە سەرۆکایەتی پارتی و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی کورت دەبێتەوە. ئەمە ئەگەر لەسەرێکەوە وردبینی سیاسیی نەوشیروان بخاتە ڕوو کە نایەوێ پێچەوانەی شەپۆلەکە مەلە بکات، بێگومان لەلایەکی ترەوە زادەی بێهیوابوون و نائومێدبوونە لەوەی بتوانێ ببێتە ژمارەیەکی قورس و کاریگەری دەسەڵات.

## کۆبوونەوەی داخراو و دوو قۆڵی

یەکێک لە دروشمەکانی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا، شەفافیەت و ڕوونیی سیاسیی بوو. کەچی لەم دۆخەدا دەبینین خودی گۆڕان و نەوشیروان بە خۆشحاڵییەوە دەچنە ناو کۆبوونەوەی داخراو و دوو قۆڵیی!!، ئەمەش نیشانی دەدات، بانگەشەکانی گۆڕان تەنیا جۆرێک بووە لە مزایەدەی سیاسیی بە تایبەت ئەم مزایەدە لەسەر یەکێتی کراوە، کە ڕەخنەیان لە یەکێتی دەگرت بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیجی و لە ژوور و کۆبوونەوە داخراو و نهێنییەکاندا بوونە پاشکۆی سیاسیی پارتی. بۆ چاودێرانی سیاسیی ئەمە دیاردەیەکی تازە بوو، کە

نەوشیروان مستەفا وەک رابەری هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن گوایە دەیەوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە دامەزراوەیی بکات، گوایە دەخوازێ هەموو شتێک روون و لە بەرچاو بێت، بەڵام ئامادەیە کۆبوونەوەی دوو قۆڵیی قبوڵ بکات، بگرە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامادە بێت و کەسیش لە جڤاتە نیشتمانییەکەی بەشداریی پێنەکات.

ئەوەی تا ئێستا زانراوە لە بارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکە، تەنیا ئەگەر و قسەی سەرچاوەی نادیارە، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە باڵاکانی پارتی و گۆڕان ئاشکرا کران، لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لە باشکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان گۆڕان و پارتی کردووەتەوە و هاوڕابوون کە دەبێت کۆتایی بەو گرژییەی نێوانیان بهێنن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە و شتە کۆنەکان پشتگوێ بخەن و لەسەر چەند خاڵێکیش گەیشتوونەتە رێککەوتنێکی سەرەتایی. لە کۆبوونەوەکەدا مەسعود بارزانی باسی ئەو پێشکەوتنانەی کردووە هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسیی و ئابوورییەوە بەخۆیەوە بینیوە لە ماوەی رابردوودا. باسی ئەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کردووە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە و رەنگە لە داهاتووشدا ببێتەوە. بۆیە بارزانی پێشنیاری ئەوەی بۆ نەوشیروان مستەفا کردووە دەبێت ناو ماڵی کورد رێکبخرێتەوە و پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە.

لە بەرامبەریشدا نەوشیروان مستەفا، باسی لە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانە کردووە لە بەغداد و هەرێمی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە. لە کۆبوونەوەکەدا نەوشیروان مستەفا پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوانی کردووەتە مەرج و هۆکارێک بۆ چاکبوونەوەی نێو ماڵی کوردیی. نەوشیروان مستەفا پێیوابووە لە ئێستادا ئەو حکومەتە خواستی زۆربەی جەماوەری هەرێمی کوردستانە. جەختیشی لەوە کردووەتەوە تا ئێستا گێچەڵ بە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت و سزای سیاسیی هەوادارران و لایەنگرەکانی دەدرێت و بە بارزانی وتووە ناکرێت ئەو کێشەیە وا بمێنێتەوە. ئەگەر دیقەت بدەین لە قسە و داواکارییەکانی نەوشیروان مستەفا، زۆر رەهەندی گرنگی سیاسەتی ئێستای گۆڕانمان بۆ روون دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم هەڵویستەیان

سەر لەبەر دژی هەڵوێستەکانی پێشووتریانە. بە دیقەتدان لەو مشتومڕەی لە نێوان بارزانی و نەوشیروان هاتۆتە ئاراوە، دەتوانین ئەم خاڵانە هەڵبهێنجین:

یەکەم: خواستی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان بە کردار لە گۆڕینی سیستمەوە بووە بە بەشداریی لە دەسەڵات بە رابەرایەتی پارتی.

دووەم: هەر چوونی نەوشیروان مستەفا بۆ لای مەسعود بارزانی، داننانە بە پارتی و وەک «د.چنار سەعد» وتی «داننانە بەوەی پارتی حزبی یەکەمی کوردستانە».

سێیەم: نەوشیروان و حزبەکەی تا دوێنێ «بارزانی»یان وەک سەرۆکی ماوە بەسەرچوو پێناسە دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کەیسی نانبڕاوان و سزای سیاسیی لایەنگرانی گۆڕان بە سیفەتی سەرۆکی هەرێم دەخرێتە بەردەمی، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیعترافکردنە بە سەرۆکی هەرێم.

لەلایەکی تریشەوە، سەرچاوەیەکی تایبەت و ئاگادار لە کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەی نێوان مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و نەوشیروان مستەفا رێکخەری گۆڕان، رایگەیاند لە میانەی ئەو کۆبوونەوەیەدا هەردولا گەیشتوونەتە رێکەوتن لەسەر چەند خاڵێک هاوبەش و چەندین بابەتی هەمەجۆر تاوتوێ کراون، ئەوەی شیاوی وتنە نەوشیروان لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لەسەر چوار خاڵی سەرەکی کردۆتەوە. سەرچاوەکە لە بارەی ئەو خاڵانەی نەوشیروان جەختی لەسەر کردوونەتەوە. وتی «ئەو خاڵانە کۆمەڵێک شتی گرنگ و هەستیارن». ئاماژەشی بەوەدا بەشێوەیەکی گشتیی خاڵەکان بریتی بوون لە:

یەکەم: کۆتایی بەو شەڕە میدیاییە بهێنرێت کە چەند مانگێک بوو لەسەر پرسی دەستووری هەرێمی کوردستان دروست کرابوو. نەوشیروان جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە پرسی دەستوور کۆتایی هاتووە و ئەوان وەک گۆڕان دەیانەوێ بەم شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە و لە خولی داهاتووی پەرلەماندا قسە لەسەر گێڕانەوە و هەمواری پڕۆژەی دەستووری هەرێم ناکەن.

دووەم: نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەکەدا چەند جارێک جەختی لەسەر پێویستی مەسعود بارزانی کردۆتەوە وەک سەرۆکی هەرێم بە تایبەت بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە قورسەکانی ئێستا و ئەو بارودۆخە تازەیەی بۆ پارچەکانی تری

کوردستان دروستبووە. نەوشیروان ئەوەشی ڕاگەیاندووە بارزانی سەرکردەیەکی بێ ڕکابەرە و هیچ بەدیل و شوێنگرەوەیەکی نییە، بۆیە ئەو وەک خودی خۆی و وەک حزبەکەشی پێیان باش و خۆشە نەک بۆ ماوەی دوو ساڵ بەڵکو بۆ خولی داهاتووتریش بارزانی ببێتەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: نەوشیروان مستەفا دڵنیایی تەواوی داوەتە بارزانی، گۆڕان دەیەوێ بەشدارییەکی جیددی حکومەت بکات و بەرنامەی هەیە بۆ ئەوەی لە ناو حکومەتێکی بنکە فراواندا خزمەت بکات، بە تایبەت وەک خۆی جەختی لەسەر کردۆتەوە ئەم قۆناغە پێویستی بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی هەموو لایەنە سیاسییەکان و بوونی حکومەتێکی بەهێز هەیە. نەوشیروان تەئکیدی کردۆتەوە بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا بەشدارییەکی ڕاستەقینەیە نەک وەک هەندێک ناوەندی میدیایی هەر لە ئێستاوە باس لەوە دەکەن گۆڕان پەشیمان دەبێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گۆڕان نەک پەشیمان نابێتەوە، بەڵکو ڕۆڵیشی دەبێت لە نزیککردنەوەی لایەنەکان لە یەکتر.

چوارەم: لە کۆبوونەوەکەدا نەوشیروان مستەفا بە ڕوونی و بێ پێچ و پەنا، داوای لە بارزانی کردووە لەم بارودۆخە نوێیەدا وەک برا گەورەی هەموو لایەک ڕۆڵ ببینێت!!، گۆڕان و خودی خۆی یەکەم کەسن ئامادەن بۆ قبوڵکردنی برا گەورەیی مەسعود بارزانی. هەروەها نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە ئێستا تەنیا لە توانای بارزانیدایە ببێتە چەترێک بۆ کوردی هەموو پارچەکانی تری کوردستان، لەم ڕووەوە گۆڕان ئامادەیە هاوکاریی بارزانی بکات بە پێی قەبارەی خۆی بۆ هەر بڕیار و کارێکی پێویست.

### نەوشیروان مستەفا و گۆڕینی سیستمی سیاسیی

نەوشیروان مستەفا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩دا بە دروشمی «گۆڕان و دەیگۆڕین» لیستێکی بۆ هەڵبژاردن پێکهێنا، دواتر ئەم قەوارە پەرلەمانییە لە ژێر ناوی «بزووتنەوەی گۆڕان» مۆڵەتی حزبی وەرگرت. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابردوودا، نەوشیروان و حزبەکەی، هەمیشە سەرقاڵی بانگەشە بوون بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی هەرێم، لە سەرەتای دورستبوونی گۆڕان، لە ساڵی ٢٠٠٩،

بۆ رۆژنامەی «شەرق ئەلئەوسەت» وتی «سیستمی سیاسیی لە کوردستان، سیستمێکی تۆتالیتاریی و بەعسئاسایە، بۆیە کاتی گۆڕینی هاتووە». لە هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوولی ئەمساڵیشدا، بە دروشمی «دەیگۆڕین و بەرەو دەسەڵات» هاتنە مەیدانی بانگەشە، بەڵام دواتر ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هاتە ئاراوە، دروست پێچەوانەی حەز و تموحە سیاسییەکانی گۆڕان و نەوشیروان بوو.

نەوشیروان مستەفا لەم سەردانەیدا بۆ لای بارزانی و لە لێدوانە بەردەوامەکانیدا بۆ بەشداریی لە حکومەت، ئەو وێنایەی لە هزری تەنانەت لایەنگرانی خۆیشیدا کێشا، گۆڕان دەستی لە گۆڕینی سیستمی سیاسیی هەڵگرتووە و هەوڵی بەشداریی دەدات لەو سیستمەی پێشتر بە ستالینی و بەعسی و شمولی و چەندەها پێناسەی سەیری تر قسەیان لەسەر دەکرد. تەنانەت «عوسمانی حاجی مارف» سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوەی راگەیاند «سەردانی نەوشیروان مستەفا بۆ پیرمام، بە واتای تەسلیمبوونە بە بنەماڵەی بارزانی». لەلایەکی دیکەش، شرۆڤەکارانی سیاسیی باس لەوە دەکەن، سەردان و دیداری سەرکردەکان شتێکی ئاساییە، بەڵام دەبێت ئەوەش ئاسایی بێت چیتر خەڵک بڕوا بە دروشمی گۆڕینی سیاسیی ناکەن لەسەر دەستی نەوشیروان.

### نەوشیروان دەیەوێ ببێتە ئەڵتەرناتیڤی یەکێتی

لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢١ی ئەیلوولی رابردوو، ریزبەندیی هێزەکان گۆڕانکاریی بەسەر هات، یەکێتی وەک هاوپەیمانێکی ستراتیجیی پارتی، پێگەی خۆی لە دووەمەوە بۆ هێزی سێیەم لە دەستدا، بە پێچەوانەشەوە لە بەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا دەرکەوت، بزووتنەوەی گۆڕان، هێزی دووەمە لە دوای پارتی. هەر بۆیە گۆڕان و نەوشیروان دەیانەوێ هەر لە ئێستاوە وەک هێزی دووەمی کوردستان بەرخود بکەن و ببنە شوێنگرەوەی یەکێتی بە تایبەت دەیانەوێ ئەوە بۆ پارتی نیشان بدەن، دەتوانن ببینە هێزێکی دۆستی پارتی، دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە بەهۆی لە دەستدانی پێگەی جەماوەریی یەکێتییەوە دروستبووە، یان دەتوانن هاوسەنگیی رابگرن لە نێوان خۆیان و پارتیدا.

هەر لە ئێستاوە گۆڕان، کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی دروستکردووە، گرنگترینیان،

پرسی لابردنی پارێزگاری سلێمانییە، ئەگەرچی ئەم داوایە لە رووی یاساییەوە رەفزە، بەڵام گۆڕان دەیەوێ لە رێگەی دروستکردنی ئەم قەیرانەوە بە پارتی بڵێت، دەتوانم لەو شوێنەی پێگەم بەهێزە قەیران بۆ حکومەت و پرۆسەی سیاسیی و تەنانەت ئاوەدانسازیی دروست بکەم، جگە لەوەش دەیەوێ بە پارتی بڵێت ئێستا من تاکە ئەڵتەرناتیڤی یەکێتی و ئەو هاوپەیمانە ستراتیجییەم کە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوو پێکەوە وەک یەک تیم کارتان کردووە. ئەمە مەسجی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕانە لە هەموو ئەو قەیرانەی هەنووکە هێناویەتییە ئاراوە بە تایبەت لە سلێمانی.

بۆیە لە کاتێکدا یەکێتی تەمای زیندووکردنەوەی هاوپەیمانی دەباشان بوو لەگەڵ گۆڕان، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ئەو پرۆسەیەی بە کۆن و تێپەڕیو لە قەڵەمدا و خۆی لە هێزە گەورەکەی کوردستان نزیک کردەوە. تەنانەت زۆر نەرمتر لە یەکێتی و ئارەزوومەندانەتر لە یەکێتی چوونە ناو پرۆسەی دانوستانەوە، ئەمەش وای لە «شاڵاوی عەلی عەسکەری» ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کرد بڵێ «ئەگەر یەکێتی ئەو کۆبوونەوە داخراوەی بکردایە لێیان دەکردە هەرا». هەرچی گۆڕانە بە شێوەیەکی پراگماتیکی هەنگاوی سیاسیی خۆی نا، گوێی لەوە نییە تا چەند لەسەری دەکرێتە هەرا، چونکە چاوی لەوەیە وەک هێزی دووەم بمێنێتەوە و بە ئاسانی پاس نەداتەوە بە رەقیبەکەی بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات و گۆڵێکی مێژوویی لێ بکات.

### نەوشیروان مستەفا ئۆپۆزیسیۆن لە ناو دەبات

نەوشیروان مستەفا، خۆی ئەندازیاری ئۆپۆزیسیۆن بوو، هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆن لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر زیاتر لە دەسەڵات جێگەی تێبینی و سەرنج بوو، بەڵام حاشا لەوە ناکرێت، گەمەکە وای دەخواست نەوشیروان ئەمجارە لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆندا درێژە بە ئەجیندا سیاسییەکەی خۆی بدات. ئۆپۆزیسیۆنەکەی نەوشیروان مستەفا میکانیزمێکی نوێ بوو بۆ هێنانەدی ئامانجێکی کۆن کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشووەوە بووە بە خەونی ئەو کەسایەتییە سیاسییە، لەگەڵ ئەمەشدا بە زیرەکی خۆی توانی هەردوو حزبە ئیسلامییەکە

بۆ ناو گەمەیەک پەلکێش بکات، کە دواجار هەر خۆیشی دەستکەوتەکانی ئەم گەمەیەی دروێنە کرد.

ئێستا قۆناغێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە، گۆڕان توانی لە مەیدانی هەڵبژاردن بەسەر یەکێتیدا سەربکەوێت، ئیسلامییەکانیش بە بەراوورد بەو زەمەنەی ئۆپۆزیسیۆن نەبوون، لە بری پێشەوەچوون، بەرەو دوا گەڕاونەتەوە، ئەوەی هەیە لە بەرانبەر نەوشیرواندا، تەنیا پارتی و بنەماڵەی بارزانییە. خودی شەڕی نەوشیروان و فەلسەفەی بزووتنەوەکەشی بۆ دژایەتی ئەوانە، بەڵام نەوشیروان پیاوێکی ورد و سیاسییە، بۆیە شەڕی دۆنکیشۆتانە ناکات، لەم قۆناغەدا وەک دەسەڵات دێتەوە ناو حەلەبی زۆرانبازییەکە، هیچ نەبێت دەیەوێ ببێتە میراتگری ئەو ئیدارەی پێشتر یەکێتی لە زۆنی سەوز بەڕێوەی دەبرد، لەم حاڵەتەشدا کە نەوشیروان بەشداریی لە دەسەڵات کرد، وەک نێچیرڤان بارزانی وتی «ئیدی ئۆپۆزیسیۆن نەماوە». ئیسلامییەکانیش ناچارن شوێن پێی نەوشیروان هەڵبگرن، ئێستا دەرسیان وەرگرتووە و دەزانن بە شێوەیەکی منداڵانە لە ناو گەمەیەکی دیماگۆگیانەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەیدا بوون.

قۆناغی کابینەی هەشتەم پێدەچێت، قۆناغی بەشداریی هەموو لایەنەکان بێت لە حکومەتێکی بنکە فراواندا، بەڵام دیموکراسی لە کوردستان توشی نەنگییەک دەبێت، ئەویش غیابی هێزە بەرهەڵستکارەکانە، لەمەدا کەس تاوانبار نییە، نەوشیروان مستەفاش تاوانبار نییە، تەنیا ئەوە نەبێت دیاردەیەک لەسەر دەستی خۆی هاتۆتەوە ناو بواری کاری سیاسییەوە و ڕەنگە هەر لەسەر دەستی خۆیشی دوا بزمار بدرێت لە تابووتەکەی. ئەوەندەی من تێگەیشتووم نەوشیروان مستەفا چیتر کاری بە ئۆپۆزیسیۆن نەماوە، بەڵام چۆن لێی دەردەچێ چاوەڕێی زیرەکی و توانا سیاسییەکەی دەکەین لەمەدا.

**تێبینی: ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «٣٢»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە ١-١٢-٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.**

## بەهۆی لیستی نەوشیروان مستەفاوە

### پارتی ئامادە نییە نیوەی پۆستە باڵاکان لەگەڵ یەکێتی بەش بکات

سەربارى ئەوەی هەندێک دەنگۆ ئاماژەی ئەوە بەرجەستە دەکەن هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە وادەی یاسایی خۆیدا لە ڕۆژی ١٩-٥-٢٠٠٩ ئەنجام نادرێت، بەڵام هەریەک لە بەرپرسیی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان و سەرۆکی پارلەمانی کوردستان بە جیا ئەوەیان ڕاگەیاند: هیچ پاساوێک نییە بۆ دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوە. بۆ ئەو ئامانجە و بە مەبەستی زەمینەسازیی بۆ ئەو هەڵبژاردنانە چەندین لیستیی جیاواز لە خۆئامادەکردندان. پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە یەکەمین هەڵبژاردن بێت دەنگی نوێی جیددی لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی بهێنێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکەوە بەهۆی بەشدارییکردن لە پێکهێنانی پارلەماندا. لیستی کۆمپانیای وشە کە نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتی دەکات یەکێک لەو لیستانەیە پێشبینی دەکرێت بە جیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنانە بکات، ئەمەش مەترسیی لەسەر یەکێتیی دروست کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەک نەبووەتە مایەی ڕەزامەندیی و دڵخۆشیی پارتی. هەندێک لە چاودێران وا بڕوا دەکەن ئەم لیستەی نەوشیروان مستەفا دەبێتە هۆی سەرەتایەکی نوێی کێبڕکێ و ململانێی سیاسیی و دیموکراسی لەم بەشەی کوردستاندا، ئەمە جیا لەوەی ڕەنگە لە داهاتووشدا گۆڕانکارییش لە ڕێککەوتن و تەوافقاتی پارتی و یەکێتیدا دروست

بکات، چونکە پارتییەکان ئامادە نین نیوەی پۆستەکان لەگەڵ یەکێتییەکاندا بەش بکەن کە نیوەی یەکێتییەکەی جارانە لە رووی نفوزی جەماوەرییەوە. چونکە ئەم لیستە تایبەت و نوێیەی کۆمپانای وشە، هەروەک «عومەری سەید عەلی» گوزارشتی لێکردووە «لیستی جیاواز مانای کەرتبوونی بنکەی حیزبی و جەماوەریی (ی.ن.ک)ە».

هەرچەندە مام جەلال و خودی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لە هەوڵدابوون بۆ رێگریی و لەمپەردانان لە لیستەکەی نەوشیروان، بەڵام پێناچێت مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی توانیبیان بەسەر ویستەکەی سەرپەرشتیاری کۆمپانیای وشەدا سەربکەون. ئەگەرچی مام جەلال دەیەوێت خۆی وا نیشان بدات بێلایەنە بەرامبەر بە هەموو دەستەکانی نێو پارتەکەی، هەروەک لەم دواییانەدا لە کاتی دەست لە کارکێشانەوەی چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسییەکە بە کەناڵی «ئەلجەزیرە»ی وت «مام جەلال لە سەرووی هەموو رەوتەکانە، مام جەلال لەگەڵ هەموویاندایە. من هەمیشە رامگەیاندووە من لە خزمەتی هەمووواندام و بۆ هەمووانم. هەوڵ دەدەم پەیوەندییە کەسییەکانم لەگەڵ هەمووان باش بێت، بەوانەی بەرپرسیارێتییان هەیە و ئەوانەی لە دەرەوەی بەرپرسیارێتیشدان». بەڵام لە واقیعدا ئەم لیستەی نەوشیروان پێچەوانەی ئەو دەربڕینە نیشان دەدەن، هەر هیچ نەبێت ئەو قۆناغە دەستپێدەکات چیتر کاریزمای مام جەلال ناتوانێ هەموو پەرش و بڵاوییەکان بە ئاسانیی گرد بکاتەوە، چونکە ئەم لیستە لە یەکێک لە ماناکانیشیدا ململانێ و کێبڕکێکردنە لەگەڵ لیستی یەکێتیی بە رێبەریی مام جەلال. لە بارەی ئەوەشی تاکو چەندە ئەم لیستە نوێیە دەتوانێت دەنگێکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات و بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ هەردوو پارتی سەرەکیی بکات، جیا لەوەی لەسەر ئاستی شەقام و جەماوەریی پێشوازییەکی زۆری هەیە، لە هەمان کاتدا رێبەرایەتی لیستەکە بەو بڕوایە گەیشتوون بەو پێیەی لیستەکەیان کۆمەڵێک دەموچاوی تازە و تەکنۆکرات بە

کۆمەڵێک پڕۆژەی جیددییەوە دەهێنێتە گۆڕەپانەکەوە، دەتوانن زیاد لە ژمارەی پێشبینیکراو دەنگ بەدەستبهێنن لەسەر ئاستی کوردستان.

بەدەر لەوەش خودی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لە هەمان ئەو بڕوایەدان نەوشیروان مستەفا ئەگەر نیوەی دەنگەکانی یەکێتییش بەدەست نەهێنێت ئەوە بێگومان یەک لەسەر سێی نفوز و بنکەی جەماوەریی ئێستای یەکێتیی بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ئەودان و بە تامەزرۆییەوە دەنگی دەدەنێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشمانیی کوردستان پێیوایە لیستی نەوشیروان مستەفا ئەگەر نیوەی دەنگەکانی نێو ریزەکانی یەکێتیش نەهێنێت، بەشێکی بچووکیشی ببات ئەوە لە یەکێک لە ماناکانیدا جۆرێک لە لاوازبوونی یەکێتییە لە بەرامبەر هێزەکانی تری کوردستان بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لەم روانگەوە «عومەری سەید عەلی» وێڕای پێشکەشکردنی وازنامە بە پارتەکەی، داوا دەکات هەتا دەکرێت بە دایەلۆگ و گفتوگۆ رەوشەکە چارەسەر بکرێت و کەس بیر لە لیستی تر نەکاتەوە، کاتێک بیر لە لیستی جیا بکرێتەوە ئەگەر ئەمجارە بۆ دواجار گفتوگۆ و ئاسۆی لێکتێگەیشتن و پێکەوەیی بە بنبەست گەیشت و رەوشەکە لە گرێژنە دەرچوو. بەڵام «فەرید ئەسەسەرد»ی ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی و بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە و پێیوایە هەموو رێگاکانی گفتوگۆ و دایەلۆگ بە تاقیکردنەوە سەلمێنرا شکستیان خوارد. بۆیە ئەسەسەرد رایدەگەیەنێت دەبێت چاوەڕوانی دوو یەکێتیی نیشتمانیی بین بۆ لەمەودوا.

هەرواش سەرچاوەیەکی نزیکی کۆمپانیای وشە روونی دەکاتەوە: نەوشیروان مستەفا مکوڕە لە دابەزینی کۆمپانیای وشە بە لیستێکی سەربەخۆ و جیاواز و پێیوایە ئەمە دروستترین رێگەیە بە تایبەت لەم قۆناغەدا. سەرچاوەکەی کۆمپانیا وشە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات: ئەگەر نەشتوانن نیوەی دەنگەکانی ریزەکانی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستبهێنن، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتوانن دەنگێکی لە رادده بەدەر و چاوەڕواننەکراو لە دەرەوەی دەنگەکانی یەکێتی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، بەو پێیەی ئەم لیستە نوێیە دەبێتە ئومێدێکی گەورە و گەش بۆ جەماوەری ناڕازی پارتەکانی تری گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان. هەروەک پێشبینی دەکرێت بەشێک لە جەماوەرە تۆرا و ناڕازییەکەی پارتیش وەک ئەڵتەرناتیڤێک دەنگی خۆیان بدەنە لیستی نەوشیروان مستەفا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی «جەوهەر نامیق سالم» سکرتێری پێشووتری پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە بە لیستی تایبەتی خۆی دابەزێت و پاشان بچێتە هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و لیستەکەیدا. جەوهەر نامیق خۆیشی پێی باشە لەگەڵ لیستی نەوشیروان مستەفادا بێت بە حوکمی ئەوەی یەک لیستی نوێی ناڕازی بەهێز دروست بکەن نەک چەند لیستێکی بچووکی لاواز کە نەتوانێت کاریگەریی زۆری هەبێت لە دۆخەکەدا.

هەروەها بەپێی هەندێک بە دواداچوونی رۆژنامەوانیی کە لە هەندێک رۆژنامە و پێگەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە لیستەکەی نەوشیروان مستەفا چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی زیاد لەوەی لێ دەکرێت ئێستا پێشبینیی دەکەین، بە پێی هەندێک داتا و راپرسیی کە لەلایەن بەشێک لە رۆژنامەکانی کوردستانەوە ئەنجام دراوە رێژەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئامادەن دەنگ بدەنە لیستەکەی کۆمپانیای وشە. جیا لەوەش زۆربەی دەنگدەرانی لیستی نەوشیروان مستەفا لە گەنجان پێکهاتوون، بەو پێیەی لیستەکە لیستێکە گەنج رۆڵی کارای تێدا هەیە و کار بۆ دۆزی لاوان دەکات، ئەمە جیا لەوەی بنکەی جەماوەریی ئەم لیستە دەرکەوتووە لە نێو خەڵکی خوێندەوار و ئاگاداردا کاریگەرتر و بەهێزترە لە چاو جەماوەری نەخوێندەوار و ناهۆشیار لە تێکڕای کوردستاندا. بەپێی راپرسی و بە دواداچوونێکی رۆژنامەوانیی گۆڤاری «نێوەند» بنکەی جەماوەریی لیستەکەی نەوشیروان مستەفا لە سەنتەری شاری

سلێمانی یەکێکە لە بەهێزترین لیستەکان. بەپێی ئەو راپرسییەی ئێمە لە رێگەی دابەشکردنی هەزار «١٠٠٠» فۆرمەوە کە تەنیا لە سەنتەری شاری سلێمانی ئەنجامماندا وە ئەو دەرئەنجامە بەدیار کەوتووە لیستی نەوشیروان مستەفا یەکێکە لە بەهێزترین لیستەکان بە تایبەت لەنێو توێژی خوێندکاران و لاواندا.

**سەرنج: گۆڤاری نێوەند، گۆڤارێکی شیکاریی سیاسیی بوو، کە من سەرنووسەری بووم. راپرسیمان بۆ چەندین بابەتی هەستیار و هەنووکەیی دەکرد، یەکێک لەو راپرسیانە ئەم راپرسییەیە لێرەدا ئاماژەمان پێداوە. شیاوی باسە «نێوەند» سەرەتا بە شێوەی «رۆژنامە» دەردەچوو، یەکەمین ژمارە لە ٤-٧-٢٠٠٤دا دەرچوو، پاشتر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ کرایە گۆڤار، بە تێکڕایش من ٨٤ ژمارە سەرنووسەری هەردوو رۆژنامە و گۆڤاری «نێوەند» بووم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١١دا.**

**تێبینی: کۆی ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «٦١»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی ئازاری ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە، پاشتر پوختەی وتارەکە لە ژمارە «٦١٥»ی رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە رۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.**

# بۆچی نەوشیروان و کۆمەڵە دەیانویست تەسفیەی پارتی بکەن؟

بەم دواییانە ژمارەیەک بەڵگەنامەی سەرکردایەتی کۆمەڵە «کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان» بڵاوکرانەوە کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٣٣-٣٥ ساڵ. ئەو بەڵگەنامانە کۆمەڵێک نامەن و بە «نامەکانی مەرگ» ناودێر دەکرێن. بریتین لە ژمارەیەک بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ تیرۆر و لەناوبردنی ژمارەیەک کەسایەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی، کە بەشی زۆریان لە سەرکردەکانی پێشوو و کادری رێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان «قیادە مەوقەتە» بوون. وەک دەردەکەوێت بەشی زۆریان لە ژێر رۆشنایی ئەو بڕیارانەدا لە کۆتایی هەفتاکان تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە چوارچێوەی بەرنامەی تەسفیەی سیاسیی ئەوسای کۆمەڵە و یەکێتیدا کوژراون یان بریندارکراون و موعیجیزەئاسا دەربازیان بووە.

گەرچی کاتی خۆی مام جەلال وتبووی، ئەگەر دەرکەوت ئەو زنجیرە تیرۆر و تۆقاندنەی ئەو چەند ساڵەی ناو شاری سلێمانی گرتبووە بە دەستی یەکێتی بووە، جانتاکەم دەگرمە دەستم و سەری خۆم هەڵدەگرم، بەڵام پاش زیاتر لە سێ دەیە لە رێگەی زمانی بەڵگەنامە فەرمییەکانەوە ئاشکرابوو، یەکێتی «باڵێکی یەکێتی» لە پشتی ئەو زنجیرە تیرۆرانەوەیە ئەوسا دژ بە سەرکردە و کادرەکانی پارتی لە سلێمانی ئەنجامدران. تەنانەت زۆرجار بڕیاری کوشتنی تاوانبارانی دژ بە نەتەوە و بەعسییەکان لەگەڵ کوشتنی پارتییەکان لەسەر یەک لاپەڕەی نامەیەک نوسراونەتەوە و گەیەندراونەتە دەستی ئەنجامدەری تاوانەکان. ئەمەش

دەریدەخات یەکێتی دەیویست شانبەشانی رووبەڕووبوونەوەی بەعس، ریشەی پارتی لە سلێمانی دەربهێنێت.

### کێ بەرپرسیارە لە تیرۆرەکان؟

ئەوەی تا ئێستا مشتومڕی لەسەر نەکراوە، ئەو پرسە سەرەکییەیە کە کێ تاوانبارە لە تیرۆری کادرانی پارتی لە هەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوو؟. ئەم پرسیارە زۆر گرنکە لە نێو تۆز و غوباری ئەو گومانەی بۆچی و بە هۆی چی ئەم بەڵگەنامانە لەم چرکەساتەدا بڵاو دەکرێنەوە؟. لە بیر خەڵک و تەنانەت پارتیش براوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە ئەمە وەرەقەیەکی گرنگە بۆ دژایەتی نەوشیروان لەلایەن پارتییەوە!. هەندێکی دیکە وا دەهزرێن بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتییە، کە ئێستا گەیشتۆتە رادەیەکی بەرز.

بە بڕوای من ناکرێت، تاکە کەسێک بۆ نموونە کەسی بڕیاردەر یان بکەری تاوانەکان، بە تەنیا بخرێنە نێو قەفەزی تاوانەوە. تەنیا ئەوە هەیە ریزبەندیی تاوانبارەکان لە دروستکردنی ئەو زنجیرە تاوانەدا جیاوازە و قابیلی قسە لەسەرکردنە. یەکێتی دەیەوێت کۆی تاوانەکە بخاتە ئەستۆی نەوشیروان مستەفا، بە پاساوی ئەوەی ساتەوەختی تاوانەکە هاوکاتە لەگەڵ ئەو سەروەختەی ناوبراو سکرتێری کۆمەڵە بووە. چونکە ئەو زنجیرە تیرۆرە زۆربەیان کەوتوونەتە دوای شەهیدبوونی هەردوو سکرتێری پێشووی کۆمەڵە «شەهاب و ئارام» کە یەکەمیان ساڵی ١٩٧٦ لە سێدارە دراوە و ئەویتریشیان لە ١٩٧٨ شەهید بووە.

پرسیارێک لە ئاستی شەقام هەیە ئایا دەکرێت هەموو تاوانەکە بخەینە ئەستۆی نەوشیروان مستەفا؟. پێش ئەوەی بەرسڤی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، خودی پرسیارەکە یەکێکە لە پرسینە ناماقووڵ و نالۆجیکییەکان. راستە نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵە بووە، بەڵام ئەو زنجیرە تیرۆرە بە مۆر و رەزامەندیی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە ئەنجامدراوە. واتە سەرکردایەتی کۆمەڵە تێکڕا بەرپرسیارن لەو زنجیرە تیرۆرە. یەکێتیش بە هەمان شێوە بەرپرسیارە لە هەمان پرس، چونکە کۆمەڵە حزبێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو باڵی مارکسیی

ناو حزبەکە بووە، هەروەک چۆن یەکێتی شانازیی بە شەهید و سەروەرییەکانی کۆمەڵەوە دەکات، ئاوهاش دەبێت بەرپرساریێتی ئەم تاوانانەش بگرێتە ئەستۆ، چونکە کۆمەڵە واتە یەکێتی، یەکێتی واتە کۆمەڵە.

لەگەڵ خستنەڕووی ئەو فاکتانەی سەرەوەشدا، ناکرێ ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین، ئاستی بەرپرسیاریێتی تاوانەکە لە کەسێک بۆ یەکێکی دی جیاوازە، لەم نێوەندەشدا ئاساییە ڕێژەیەکی زۆری بەر نەوشیروان مستەفا بکەوێت، بەو پێیەی سکرتێر و کەسی یەکەمی کۆمەڵە و دووەمی یەکێتی بووە، بەڵام ناکرێت شانی کەسی تر لەم بەرپرسیاریێتییە خاڵی بکرێتەوە. هەروەک چۆن ناشکرێت گۆڕان سەرکردەکانی خۆی لەو مێژووە پاک بکاتەوە و بیداتە پاڵ دیرۆکی یەکێتی، چونکە ئەو کارەی گۆڕان جگە لە ناکامیی تا ڕاددەیەکیش جێگەی پێکەنینە. زۆر بە کورتی ئێمە پێمانوایە یەکێتی نیشتمانی تاوانباری سەرەکییە، سەرکردەکانی گۆڕان وەک بەشێک لە قسە ڕۆیشتووەکانی دوێنێی یەکێتی هەمان تاوان دەیانگرێتەوە. کەواتە یەکێتی و سەرکردەکانی گۆڕان با کەس ئەویتر تۆمەتبار نەکات چونکە هەردووکیان بە یەک ماددە تۆمەتبارن.

## بۆچی کۆمەڵە دەیویست تەسفیەی پارتی بکات؟

کۆمەڵە وەک باڵی چەپڕەو و بەهێزی یەکێتی، خەونی ئەوەی هەبوو کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا یەکێتی تەسفیەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بکات و خۆی وەک تاکە هێزی سەرەکیی بمێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێویستبوو سەرەتا ئەو هێزە عیملاقە خاوەن مێژووە تەسفیە بکات، کە تا ئەو ساتەوەختەش زۆرینەی خەڵکی کوردستانی لەگەڵدابوو. ئەو هێزەش پارتی بوو. بارودۆخەکە بۆ کۆمەڵە گونجاو بوو، پارتی توشی نسکۆی ١٩٧٥ ببوو، بارزانی لە ئەمەریکا لە نەخۆشخانە بوو، سەرکردایەتییەکی کاتی کاروباری پارتی بەڕێوە دەبرد. یەکێتی توانی کەڵک لەم دەرفەتە وەربگرێت، وەک هێزێکی نوێ بێتە گۆڕەپانەکەوە، هەرچەندە یەکێتی درێژەپێدەری باڵی جەلالی ناو پارتی بوو کە لە ١٩٦٤ ئینشقاقیان لە پارتی کرد، بەڵام لەو ساتەوەختەدا بەم ناوە نوێیەوە هاتەوە گۆڕەپان. بۆی هەیە ئەو زنجیرە ڕەشەکوژکردنەی پارتییەکانی شاری

سلێمانی لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا کاردانەوە و پەرچەکرداری «هەکاری» بن!.. بەڵام دوو مەسەلە هەیە دەبێت لێرەدا ئاماژەی وردی بۆ بکەین، یەکەمیان کارەساتی هەکاری شەڕی دەستەویەخە و رووبەڕوو بوو، دووەمیان تا ئێستا خڕکردنەوەی ئەو هێزە زۆرەی باڵەکانی ئەوسای یەکێتی بەناوی چەک وەرگرتن لە سوریا گومانی زۆری لەسەرە کە ئامانج لێی راپەڕاندنی هەمان ئەو ئەرکە بووبێت وەک لە یەکەمین بەیاننامەی یەکێتیدا تیشکی خرابوو سەر.

بەرنامەی تەسفیەی یەکێتی لە شەڕی هەکاری دەستپێکرد، بەڵام یەکێتی لە هەکاری شکستی هێنا، نەیتوانی ئەو ئەرکە لەسەر ئاستی کوردستان رابپەڕێنێت، ئەمجارە بازنەکەی بۆ ئاستی سلێمانی یان ناوچەی سۆران بچووک کردەوە، ئەو زنجیرە تیرۆرەش دەچێتە نێو هەمان چوارچێوەی ئەو بازنەیەی بۆ تەسفیەی پارتی دانرابوو. بەمەش ترس و تۆقینێکی زۆر بڵاوببووەوە، لەو زەمەنەدا پارتییەکان جگە لەوەی لەژێر مەترسیی بەعسدا بوون، هاوزەمان لە ژێر ترس و هەڕەشەی یەکێتی و کۆمەڵەشدا بوون. بێ ئەوەی لە بیری بکەین پارتیش لە بادینان هەر لە سەرەتاوە «برایم عەزۆ»ی فەرماندەی یەکێتی تەسفیە کرد. بە کورتییەکەی ئامانج لەو زنجیرە کردەوەی تیرۆرکردنە تەسفیەی پارتی بوو لە ناوچەی سۆران، بە تایبەت دوای ئەوەی یەکێتی گەیشتبووە ئەو بیروڕایەی هەڵکەندن و تەسفیەی پارتی لەسەر ئاستی کوردستان کارێکی مەحاڵ و ناواقیعییە. وەلێ دەبێت دان بەوەدا بنرێت، ئەو زنجیرە تیرۆرکردنە توانی پاشەکشەیەکی گەورە بە رێکخستن و جەماوەری پارتی بکات لە پارێزگای سلێمانی.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٤» گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٣-١٠-٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.**

# زەمینە بۆ دەوڵەتی کوردیی رەخساوە

پرسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی یان با بڵێین یەکەمین دەوڵەتی کوردستان لەسەر جوگرافیای باشووری کوردستان، بووەتە پرسێکی گرنگ و رۆژەڤ. کورد چاوەڕوانی زیاتر رەخسانی زەمینەکان دەکات بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی، لایەنە عەرەبییە شۆڤێنییەکانیش پێیانوایە کوردەکان ئێستا لە قۆناغی گواستنەوەدان بەرەو دەوڵەتی کوردیی، لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا کورد هەم لە رێگای ئابووری عێراقەوە خۆی پتەو دەکات و هەم هەوڵی گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان دەدات، چونکە کورد نایەوێت بێ کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تر کە شادەماری ئابووری دەوڵەتی داهاتووی کوردستان دەبن، هیچ هەنگاوێک بەرەو دەوڵەتبوون بنێت.

## زەمینە بۆ دەوڵەتی کوردیی رەخساوە

هەندێک لە شرۆڤەکارانی سیاسیی وای دەبینن دوای سەربەخۆیی باشووری سودان و هەنگاونانی فەلەستین بەرەو دەوڵەتێک کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە فەرمی دانی پێدا بنێت. قەوارەی باشووری کوردستانیش یەکێکە لەو قەوارانەی هەنگاو دەنێت بەرەو دەوڵەت و لەوانەشە هەر لە ئێستاوە بەشێک لە دەوڵەتانی زلهێزی دنیا پێشوازیی لەم خەونە دێرینەی کوردەکان بکەن، بەڵام بەدەر لە هەموو ئەمانە هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داڕشتنەوەی بە فۆرمێکی نوێ، یەکێکە لەو فاکتۆرە بەهێزانەی هەنگاونانی کوردەکان بۆ دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی نەتەوەیی کورت دەکاتەوە.

حەسەن عەلەوی، سیاسەتمەداری ناسراوی عێراقی، لە میانەی سیمینارێکدا کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر ناوی «رؤیە لاستراتیجیات المنگقە و منعکساتها الکردستانیە» لە شاری هەولێر بۆی رێکخستبوو، بانگەشە و پشتیوانی دەوڵەتی کوردیی کرد و پێیوابوو ئەم قۆناغە یەکێکە لەو قۆناغە زۆر مێژووییە دەگمانانەی «هەل»ی بۆ کورد رەخساندووە تاکو دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی رابگەیەنێت. عەلەوی وتی: بارودۆخی ئێستا لەبارە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان داوای مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان بکەن، چونکە لە ئێستادا وڵاتانی دراوسێ سەرقاڵن بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانەوە، بۆ نموونە ئێران ئێستا ناچێتە هیچ جەنگێکەوە، چونکە بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەواو نەبووە، لە ئێستاشدا تورکیا سەرقاڵی پرۆژەی دەوڵەتی عوسمانییەکەیەتی و بەنیازە دوای رووخاندنی رژێمی سوریا ئەو پرۆژەیە بە رەسمی رابگەیەنێت، هاوکات بەغداش سەرقاڵی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیەتی.

عەلەوی لە میانەی سیمینارەکەدا وتیشی: لە ئێستادا بارودۆخ لەبارە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی، چونکە بارودۆخی ئایندە بۆ ئەو کارە روو لە خراپبوون دەکات و ئاڵۆزتر دەبێت، لە رابردوودا کورد نەیتوانیوە سوود لە چەندین هەل ببینێت کە هاتۆتە بەردەستیان بۆ راگەیاندنی کیانێکی تایبەت بەخۆیان. ئەوەشی روونکردۆتەوە، کورد نەیتوانیوە سوود لە هیچ دەرفەت و هەلێک وەربگرێت بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوەش بەهۆی نەبوونی یەکێتی نیشتمانی لە نێوانیاندا، تا ئێستاش لە هزری تاکی کورددا دەوڵەتێک هەیە بە ناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆیە پێویستە بۆ لەمەودوا ئەو تارماییە لە مێشکیان دەربکەن، چونکە پێشتر تورکەکان دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە.

د.محەمەد بازیانی، سیاسەتمەدار و سەرۆکی سەنتەی هودا بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، پێیوایە کورد هەنگاو دەنێت بەرەو دەوڵەتبوون و ئێستا لە هەموو کات زیاتر زەمینەی ئەو ئامانجە رەخساوە و دەڵێت: دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین هەموو هێماکان ئاماژە بەوە دەکەن نەخشەی ناوچەی رۆژهەڵات دەگۆڕێ

و سایکس بیکۆیەکی تر لە ئارادا دەبێت, ئەم گۆڕانکارییەش ئێمە وەک سەنتەری هودا تویژینەوەی زۆرمان لەسەری هەیە, دوایین تویژینەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هوتێلی شیراتۆن لە هەفتەی مەدا وەک وەرەقەیەک بە زوبانی عەرەبی خوێندرایەوە لە بەردەم کۆمەڵێک تویژەر و سیاسەتمەداری کورد و عەرەب و بیانی کە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق هاتبوون و گفتوگۆیەکی فراوانی لەسەر کرا، لە ژێر ناونیشانی (الاستراتیجیه الامریکیه الجدیده فی العراق و معالم تکوین الدوله الکوردیه), لەوێدا پاش ئاماژەکردن بە زیاتر لە ٦٩ سەرچاوە گەیشتینە دەرەنجامێک کورد لە ستراتیجی ئەمەریکادا بەرەو دەوڵەتبوون دەڕوات, مشتومڕێکی زۆریش لەسەر ئەو وەرەقەیە کەوتەوە بە تایبەت لایەنە شیعییەکان کە هەرسی ئەو لێکۆڵینەوەیان نەدەکرد.

### کورد کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەکات

جگە لە عەرەبەکانی عێراق، هەریەک لە سێ دەوڵەتە داگیرکەرەی تری کوردستان ترسیان لێ نیشتووە کیانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بە پشت بەستن بە نەوت و ئابوورییەکەی کە رووی لە گەشەسەندنە، لە هەوڵدایە بۆ راگەیاندنی دەوڵەت. هەر لەو نێوەندەدا بە کۆمەڵێک رێگەی جۆراوجۆر کێشە بۆ باشووری کوردستان دروست دەکەن، تا ئەم زەمینە لەبارە بۆ دەوڵەتی کوردیی لە ناو ببەن، هاوکات پاشەکشە بە دۆزی کورد بکەن لە عێراقدا.

ئازاد ئەبوبەکر زەینەڵ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێیوایە دوای باشووری سودان نۆبەی کوردستانە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەت و دەڵێت: پاش سوودان ئێمە پاڵێوراوین بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆمان رابگەیەنین، بەڵام دەبێت کاری بۆ بکرێت، بۆ نموونە کارکرن بۆ دیاریکردنی سنوور، چونکە باشووری سوودان سنووری دیاربوو، ئێمە سنوورمان دیار نییە، بۆیە یەک لەو هۆکارانەی سەرۆک وەزیرە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کە نایانەوێ ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بێت، مەترسی ئەوەیان هەیە لە دوای جێبەجێکردنی ماددەکە، سنووری هەرێم دیاری بکرێت و کورد داوای سەربەخۆیی بکات، بۆیە عەرەبەکانی عێراق نایشارنەوە و لە

ئێستادا دەڵێن کورد کار بۆ ئەوە دەکات، بۆیە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و دیاریکردنی سنووری هەرێم، پشتگیریی نێودەوڵەتی و هەوڵی جیددی و ئامادەیی لایەنی بەرامبەری دەوێت. لەلایەکی تریشەوە پەرلەمانتارێکی تری هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق «ئامینە سەعید» رایگەیاند کورد لە ئێستاوە کار بۆ دەوڵەت دەکات و ئەمەشی بە مافێکی ئاسایی و سروشتی گەلی کورد لە قەڵەم دا.

هەر لەو نێوەندەدا رۆژنامەی «المستقبل»ی عێراقی پێیوایە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی نزیک بۆتەوە و دوا وادەش بۆ راگەیاندنی ئەو دەوڵەتەساڵی ٢٠١٦یە. لە درێژەدا رۆژنامەکە دەنووسێت: لە پشت دەرگا بەستراوەکانەوە، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە شاری نیویۆرک و لە پەڕاوێزی شەست و شەشەمین کۆبونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجامدراوە. ئەم کۆبوونەوەیە شەش سەعاتی خایاندوە، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق و بەرپرسانی پایەبڵندی بەریتانیا، ئەمەریکا، رووسیا و چین تیایدا ئامادە بوون. رۆژنامە عێراقییەکە لە زاری سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە بەم جۆرە بەردەوام دەبێت «پڕۆژەی بونیادنانی دەوڵەتی کوردیی لە لایەن کەسایەتییەکی سیاسیی جوولەکە و سیاسییەکی کوردەوە پێشنیار کراوە. پڕۆژەکە بڕی شەش ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و ساڵی ٢٠١٦یان بۆ راگەیاندنی دیاری کردووە». سەرچاوەکە دەڵێ: ئەو کەسەی پلانەکەی ئامادە کردووە ناوی ئەبو عەرەبە و پڕۆژەکە لە ئێستاوە کاری لەسەر دەکرێت. ساڵی داهاتوو هەندێک لە پلانەکان جێبەجێ دەکرێن و پێشبینی دەکرێت ساڵی ٢٠١٣ بەهۆی ویستی جیابوونەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، پەیوەندیی نێوان عەرەب و کورد بە یەکجاریی ئاڵۆز بێ.

**تێبینی: ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «٣»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.**

# نەوت هەرێمی کوردستان دەکاتە دەوڵەت

باس و خواسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی سنووری هەرێمی کوردستانی بڕیوە و پێشبینی دەکرێت کاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باشووری کوردستان نزیک بووبێتەوە. هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە دوا بەدوای باشووری سودان، باشووری کوردستان پاڵێوراوە بۆ بوون بە دەوڵەت، بەڵام شارەزایان ئەوەش دەڵێن پەترۆڵ یان نەوت یەکێکە لەو فاکتۆرە زۆر بەهێزانەی ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە دۆزینەوەی پاڵپشتی جیهانیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

## دەوڵەتی کوردیی بەڕێوەیە

زۆربەی شارەزایان و کارناسانی دۆزی سیاسیی کورد، پێیانوایە دۆخی سیاسیی کوردستان گەیشتۆتە ئاست و قۆناغێک کە دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان بەڕێوەیە، بەمەش ژمارەی دەوڵەتانی جیهان دەگاتە ١٩٥ دەوڵەت. «خورشید دلی» لە وتارێکدا کە لە سایتی «ئیلاف» بڵاوی کردووەتەوە، پێیوایە دەوڵەتی کوردستان بەڕێوەیە. ئەو نووسەرە لە وتارەکەیدا نووسیویێتی: «یەکەم: لەوانەیە ئەزموونی باشووری سودان دووبارە ببێتەوە، کە دەرهاویشتەی ئیجابی و پێدراوی چونیەکیان لەگەڵ ناوەندەکانیان هەیە. دووەم: ڕاکێشانی ئەزموونی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانان بە ئەزموونەکە و هاوسۆزیی ئەوروپی و ئیسرائیل بۆ کێشەکە. سێیەم: ڕاگەیاندنی تاکلایەنە و بە تایبەت لە ئەنجامی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ناوەند و کێشەکانی کەرکوک و نەوت. ئەم پێدراو و هۆکارانە لە شێوەی هەویرێکی چەوردان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆی کوردیی، پرسی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە لە خەون و ئەستەمەوە بە پێی بارودۆخ دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاستەقینەی«.

لە ماوەی ڕابردووشدا ڕۆژنامەی «حوڕییەت»ی تورکی ڕاپۆرتێکی گرنگی لە بارەی دەوڵەتی کوردییەوە بڵاو کردەوە، کە کات لە بەرژەوەندیی کوردە و چیتر دۆزی کورد دۆزێک نییە بەپێی بەرژەوەندیی تورکیا و ئێران و عێراق لە مەنگەنە بدرێت. لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکەدا هاتووە «سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی چەندین جار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە سەربەخۆیی داوە و ئەمەیش بیرۆکەی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست کردووە. دواخستنی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی دەبێتە هۆی زیاتر تووڕەبوونی بارزانی کە ڕابەری بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردە». لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەی ئەو ڕۆژنامە تورکییەدا هاتووە «مەسعود بارزانی لە کۆشکی سپی، لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا (باراک ئۆباما)وە پێشوازیی لێکرا، ئەمەیش هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو، بۆ پشتیوانی لە کوردەکان، لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی. سەرەڕای ئەوەیش، بیرۆکەی ئەوە لە ئارادایە، دەوڵەتێکی دیکە لە ناوچەکەدا دروست بکرێت کە پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت. پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیلیش لە دوو ساڵ پێش ئێستاوە ئەم بیرۆکەیە زیاتر شەرعییەتی خۆی لە ڕۆژئاوا وەرگرت». بەم پێیە بێت خواستێکی ئیسرائیلی لە ئارادایە، بۆ دۆزینەوەی دەوڵەتێکی دۆست و هاوپەیمان لە کاتێکدا ئیسرائیل کەوتووەتە دوورگەیەکی داخراو بە دوژمن، ئەمەش پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی تا ئەندازەیەک هێناوەتە پێش.

هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە کە دەوڵەتی کوردیی بێ پاڵپشتی دەرەکیی و نێودەوڵەتی ئیمکانی دامەزراندنی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی ئەوە ناکرێت ئەمەریکا کاردانەوەیەکی وەها توندی هەبێت لە بەرامبەر ئیرادە و ویستی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. «پیتەر گالبرێس» پێیوایە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی هاتووە. بۆ ئەوەشی تا چەندە ئەمەریکا پێشوازیی لەم ویستەی

کورد دەکات؟ دەڵێت «زۆربەی کات ئەمەریکا پشتگیریی لە حاڵەتی دیفاکتۆیی دەکات و پێدەچێت پشتگیریی لە جیابوونەوە نەکات تا ئەو کاتەی روو دەدات. ئەمەریکا هیچ هاوڕێیەکی باشتری لە کورد نییە، لەبەرئەوە هیچ رێگەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نابێ جگە لەوەی کە سەربەخۆیی کوردستان قبوڵ بکات». گالبرێس ئەوەش دەڵێت کە «کات گونجاوە بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ».

## نەوت بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردستانە

نەوت بە درێژایی مێژوو لانیکەم لە عێراقدا سەرچاوەی نەهامەتیی بووە بۆ گەلی کورد، تەنانەت هۆکاری لکاندنی ویلایەتی موسڵ «باشووری کوردستان» بە عێراقی عەرەبییەوە، دۆزینەوەی نەوت بوو لەو سەرزەمینە، بەڵام ئێستا کورد دەیەوێت سوود لە نەوت وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی ئابووری هەرێم کە ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ببێتە دەوڵەت، جگە لەوەش کورد دەیەوێت نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر بەکاربهێنێت وەک پرۆتۆکۆڵی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش جگە لەوە لە نەیاریی دووریان دەخاتەوە لە هەمان کاتدا ئاسۆیەکی روون لە پەیوەندیی ئابووری و دیپلۆمانی نێوان کوردستان و وڵاتانی دونیا نیشان دەدات بە تایبەت تورکیا کە لە هەنووکەدا زۆر گەشبینە بە بەستنەوەی گازی کوردستان بە هێڵی نابۆکۆوە.

لەلایەکی ترەوە پیتەر گالبرێس دەربارەی هاتنی کۆمپانیای گەورەی ئەمەریکی ئێکسۆن مۆبیلیش بۆ کوردستان زۆر دەڵێت: «ئەوە گەورەترین ئاماژەیە بۆ پەسندکردنی پیشەسازیی نەوتیی کوردستان کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی جیهان هاتووە کاری وەبەرهێنان بکات لەو بوارەدا لە کوردستان». ئەم پیشەسازییە نەوتییەش وەک هەموو لایەک تێبینیان کردووە سەرچاوەیەکە بۆ بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە رووی ئابوورییەوە کە لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستاندا نەک دەوڵەتە نوێیەکە لە قەیران و هەژارییدا ناخنکێت، بەڵکو بە چەشنی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیی بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرێت و تەنانەت دەتوانرێت ببێتە سەنتەرێکی گرنگی پیشەسازیی نەوتیی و

بازرگانیی لە ناوچەکەدا بە تایبەت کە وڵاتەکە دۆستێکی نزیکی ئەمەریکا بێت. لەلایەکی تریشەوە دەتوانێت گازی سروشتی بۆ تەواوی ئەورووپا دابین بکات.

د.محەمەد ساڵح جومعە، راوێژکاری سیاسیی مەسعود بارزانی پێیوایە، گرنگتر لە بوونی پایە بەهێزەکانی وەک ئابووری، ئیرادە و ویستە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و دەڵێت: «ئەو هەموو دەوڵەتە لەدنیا هەیە، ئایا کاتێ دروستبوون ئەو هەموو خەسڵەتەیان هەبوو؟ کوێت و قەتەر کە دروستبوون ئەو موقەویماتەی ئێستا هەیانە ئەو کات هەیانبوو؟ ئەو وڵاتە ئەفریقیانە کاتێک دروستبوون ئەو موقەویماتانەیان هەبوو؟ تەماشا بکە عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە دەوڵەتە، باشە ئێستا ئەو ئیدارە و پێشکەوتنەی لای ئێمە هەیە، لە عێراق و سوریا و میسر هەیە؟ بۆیە ئەو موقەویماتەی لای کورد هەیە لای هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. ئێستا ئەگەر وڵاتانی زلهێز هەموو پشتی کورد بگرن، هیچ وڵاتێکی بەهێزی وەک کورد لەو ناوچەیە نییە. بۆیە پشتگیریی دەرەوە لە هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ ئێمە گرنگترە». بە کورت و کرمانجی کورد دەتوانێت بە کەڵک وەرگرتن لە سەروەتی نەوت و سەرچاوەکانی وزە و گازی سروشتی کوردستان، هەنگاوەکانی خێرا و کورتتر بکاتەوە لە راستای پرۆسەی دەوڵەتسازییدا.

**تێبینی: ئەم وتارە شیکارییە لە ژمارە «١٠»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-٦-٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.**

# کاتێک خەونی کریستاڵیی ژنێک هەپرون هەپرون دەبێت قەسیدەیەک لە دایک دەبێت

## لە پەراوێزی قەسیدەیەکی (کەژاڵ ئیسماعیل)دا

**کە ژن هەستی خۆی دەردەبڕێت پیاو دەحەپەسێت**

ڤێرجینیا وۆڵف

ژبەرئەوەی رەخنەگری ئەدەبی نیم، یان هەر هیچ نەبێت ئەدیبێکی باش نیم، ئەم دێڕانە ناچنە ناو خانەی رەخنەی ئەدەبی یان خوێندنەوەی ئەدەبی، زیاتر رەنگدانەوە و ورتە ورتی هەستی خوێنەرێکە کە دەیەوێت لە رێی دەقەوە لەگەڵ شاعیرێکدا کەمێک گفتوگۆ بکات. وەختێک قەسیدەی (لەودیو پەردەی چاوەکانمەوە) (١)ی (کەژاڵ ئیسماعیل)م خوێندەوە، لەوە تێگەیشتم لە بەردەم شیعرێکی ئاساییدا نیم، چون لەگەڵ هەر جارێکی خوێندنەوەیدا زیاتر بە مانا و ناوەڕۆکە قووڵەکەیدا رۆ دەچووم و چێژی پێ دەبەخشیم. شاعیر لەم قەسیدەیەدا بە زمانێکی مەجازیی و ریتۆریکی کاریگەر هاتۆتە دوان و وەک هێڵە بە یەکدا چووەکانی زەخرەفەیەک ریزبەندیی وشە و دێڕەکانی کردووە و بە فۆرمێکی ئەدەبی بەرز پەرەگراف و رستەکانی پێکەوە گرێداوە. گۆتێ وتی (شیعر سەر بە هیچ لقێک لە لقەکانی هونەر نییە، تەنیا سەر بە بلیمەتییە). شیعر (پۆیەتیکا) لە مارکێت ناکڕدرێت، شیعر لە قوتابخانە ناخوێندرێت، شیعر وەک بڕوانامە لە زانکۆ بە دەستی ناهێنیت، شیعر بە میرات بۆ کەس بەجێنامێنێت، شیعر لەسەر لوتکەی چیایەکی گەردن بڵند دانەنراوە دایگریتە خوارێ، شیعر تاجێکی ئاڵتوونی نییە بە پوڵ بیکڕیت و وەک پادشایەک لەسەری بکەیت، شیعر پارە و سامان نییە بە ئارەقی نێوچەوان بە دەستی بهێنیت،

شیعر بلیمەتییە، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە لە هەموو چاخ و زەمانێکدا شاعیران لە رەشۆک و عەوامەکان جیابوون و جیا کراونەتەوە.

کەژاڵ ئیسماعیل یەکێک لەو شاعیرانەیە ئەسپی بلیمەتی لە مەیدانی شیعری کوردییدا تاو داوە، ئاخر وەختێک شیعرێکی دەخوێنیتەوە باکگراوندێکی قووڵ لە رامان و رۆشنبیریی هەست پێدەکەیت، ئازارێکی لەبن نەهاتوو دەدۆزیتەوە، خەونێکی بریندار سڵاوت لێ دەکات و هەناسەیەکی گەرمی بە غەم دارێژراو دەبینیت، دڵێکی بە دەزری ئاژنکراو خۆی قیت دەکاتەوە.. ئەم غەمە قووڵە، ئەم ئازار و ناسۆرە ناکۆتایە و ئەم دڵە رەنجاوە لە ناو خۆیدا پەنگ ناخواتەوە، نا بەڵکو وەک گڕکانێکی تووڕە بۆ ژیان لە بۆتەی داهێنانێکی ئەدەبی بەرزدا دێتە دەرێ و بە باڵای قەسیدەیەکدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە، قەسیدەیەک دڵ دەگووشێت و ئاگر لە ئاودا دەسووتێنێت و لە سێوی مەرگ شەربەتی ژیان دروست دەکات، لە ناڵە و گریان قووڵپی پێکەنین دەهێنێتە دەرێ و لە فرمێسکدا قاقا جۆش دەدات، لە درەختی زڕی نائومێدیی گوڵی گەشی هیوا دەردێنێت و لە بەهارێکی ساماڵ و رەنگ سەوزدا دەیدا لە یەخەی دیوان و شیعری.

ناتالی ساروت دەیووت (کە دەنووسم بیر لەوە ناکەمەوە چیم، بەڵکو بیر لەو شتە دەکەمەوە دەینووسم، بە تەواوەتی ئاوێتەی کارەکەم دەبم). ئەم شاعیرەمان وا نانووسێت ژنە، بیری دەچێتەوە سەر بە کام رەگەزە و تەسلیمی جێندەریزم نەبووە، بەڵێ ئەو وەک مرۆڤ دەنووسێت و بۆ مرۆڤ دەنووسێت، ئەو شادییەکانمان لەگەڵ بەش دەکات و غەمەکان هەڵدەگرێتەوە بۆ خۆی، بیر لەوە ناکاتەوە شیعرەکانی کام شا و میر تووڕە یان شاگەشکە دەکەن، کام مەلا و شێخ بێزار دەکەن، کام پیاوسالار و خاوەن دیوان و دیوەخان هەراسان دەکەن. نا، ئەو دەنووسێت بۆ ئەوەی بزەیەکی تۆراو بگێڕێتەوە بۆ سەر لێوی منداڵێکی دەستفرۆش، دەیەوێت زمانێک بدۆزێتەوە وەک خەنجەر تیژ، وەک ئاوریشمیش نەرم بۆ ئەو بێ زمانانەی زۆرینەی خەڵکیان پێکهێناوە، نایەوێت دەبەیەک بەنزین بە خۆیدا بکات و بە دەنکە شقارتەیەک جەستەی بکاتە خۆڵەمێش، نا، نا، دەیەوێت دەریایەک بەنزین بکات بەسەر کولتووری چەقبەستوودا و بە دەنکە شقارتەی شیعر گڕی تێبەردات. شیعر لای ئەم شاعیرە بۆ خاوەن شکۆ و خاوەن دەسەڵاتان

نییە، شیعر لای ئەم شاعیرە بۆ ئاهەنگ و کەیف و سەفا نییە.

شیعر لای کەژاڵ کاسبی و کیسەی پڕ زێڕ و مرواری نییە، شیعر لای وی پەمپدان و جۆش و خرۆش نییە، شیعر لە کن ئەو چەکە، چەکێکی فیکریی و فەلسەفی بۆ تێگەیشتن لە دنیا و بۆ بیرکردنەوە لە خود و هەبووەکانی چوار دەور. شیعر لای وی رۆڵی هەیە، وەک جگەرەکێشان رەفتارێکی تاکەکەسی نییە و وەک ملوانکە تەنێ لە گەردنی خۆیدا نییە و وەک بازنیش لە مەچەکی خۆیدا کەلەپچەی نەکردووە. «ئەدۆنیس»ی شاعیر و بیرمەندی عەرەب دەبێژێت (پێویستە لەسەر شاعیر هاوشێوەی ئەو کەسە نەبێت خوێنەر دووچاری سەرسوڕمان دەکات، بەڵکو دەبێت ئەو کەسە بێت خوێنەر هان دەدات لەسەر تێگەیشتن لەو شتانەی ڕوو دەدەن). مامۆستا ئەدۆنیس، خۆشبەختانە من شاعیرێک بە ناوی (کەژاڵ) شک دەبەم، بە شیعر تێمان دەگەیەنێت لە نێوان ژیان و مردندا هەر یەک هەناسە هەیە، کەواتە با ڕێزی هەناسەیەک بگرین! چون دیواری نێوان دوو دنیای دژ بە یەک و پێچەوانەیە، دنیای بێ دەنگ و رەنگی عەدەم لەگەڵ دنیای فرەڕەنگ و جەنجاڵی هەبوون. شاعیرێک پێ دەزانم بە پێچەوانەی گۆرانیبێژەکانی یانەی شەوانەوە کە لە ناو دمبک دمبک و ژاوەژاودا دەنگی نووساویان دیار نییە، ئەو لەم دنیا جەنجاڵ و تەژی لە هەرا و هوریایەدا بە ئیقاعەوە زۆر سادە و نەرمەکەی سەرنجمان رادەکێشێت و ستۆپی بیرکردنەوەمان پێ دەگرێت. بیرکردنەوە لە ژیان، بیرکردنەوە لە رێگەیەکی تر بۆ هەناسەدان، بیرکردنەوە لە سکێچکردنی نیشتمانێکی جاویدانی کە لێوانلێو بێت لە عیشق و ئازادیی.

هەنووکە بیر دەکەمەوە کاتێک مەسیح بزماری لە چوارمێخەدان بە جەستەیدا داکوترا، خودایە چەندە ئازاری کێشابێ و چۆن گوزارشتی لەو خوێناوە کردبێت؟ ئاخۆ کاتێ «سوکرات» جامە ژەهرەکەی نۆش کرد هەستی چۆن بووبێت؟ ئەی کاتێک شمشێر لە سینگی «پۆشکین» دەچەقێنن دەبێت خەیاڵی لای کام چامەی بووبێت؟ نازانم وەختێک «گۆرکی» لە گیانەڵادا بوو بیری لای چینی کرێکار و (پاڤڵ)ی پاڵەوانی رۆمانی «دایک»ەکەی مابوو؟ نازانم، نازانم. نازانم. کاتێک کەژاڵ هەواڵی سوتانی کچێک، سەنگەساری ژنێک، خنکاندنی خەونێک دەبیستێت بیر لە شیعر یان لە کام وتار بۆ رۆژنامەیەک دەکاتەوە؟ دەزانم لەگەڵ هەر غەمێکدا

قەسیدەیەکی هەیە بۆ وتن، بەڵام لە ترسی زۆربێژیی هەندێک جار قەسیدەکان لە قوڕگیدا دەتاسێن و لە دایک نابن، هەندێ جاریش کە لەدایک دەبن قووتمان دەدەن و ئاوی ئاموون و تونی بابا دەچین.

خانمە شاعیری پۆڵەندیی (ڤیسلاڤا شیمبۆرسکا) وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٩٦ دەڵێت (زۆرێک لە شیعرەکانم لە دەرد و ئازارەوە هەڵقوڵاون). ئەم شاعیرەی کوردیش قەسیدەکانی زادەی ژان و ژوارن و وەک سەدایەکی بڵند بە نێو بێدەنگیماندا رەت دەبن، وەک جریوەی مەلێک بە ناو خەیاڵەکانماندا گوزەر دەکەن، وەک گاشەبەردێکی گەورە گۆمی مەنگی مانگرتن لە وتنمان دەشڵەقێنن و زمانمان بۆ ئەبەد دەپژێنن. بیرم کردەوە شاعیری کام ئازار؟ ئازار وەک چی؟ ئازار، ئازار، وەک ئازاری نەتەوەیەکی پەڕوباڵکراوی نێو وانەی مێژوو، ئازاری نوگرە سەلمان یان تۆزی ئێسک و پروسکی گەنج و پیری ئەنفالکراوی کورد، ئازاری نەبڕاوە و سارێژنەکراوی خەونی لەباربراوی هەزارەها کیژۆڵەی قوربانی دەستی عەقڵی خێڵ و مۆتەکەی شەرەف و ناموسی گرێدراو بە لەشی ژنەوە. ئازاری ژنێکی کوژراو، ئازاری دایکێکی جەرگسووتاو، ئازاری نازدارێکی تیرۆرکراوی خێر لە خۆنەدیو، ئازاری ژنێک کە شەرەف و کۆنەپەرستی وەک تەوق کراوەتە گەردنی، ئازاری کچە کوردێکی ئەسمەری چاو و ئەبرۆ رەشی ئەسیری بنەماڵە و دیلی چوار دیواری ماڵ. ئازاری ئەو هەموو ئازارەی لە باسکردن نایەن، ئازاری ئەو هەموو غەمەی وەک سەرچاوەی گڕی سووری باوە گوڕگوڕ رۆژانە جۆش و قوڵپ دەدەن. لە زەمەنی ژان و ئازاردا، ئەم شاعیرەمان نایەوێ هەستەکانی بتاسێنێت، نایەوێت غەمەکانی کە هەر غەمی خۆی نین وەک تاکە کەس لە ئەشکەوتی خەیاڵیدا بشارێتەوە، خەیاڵدانی عەمباری غەم و ژان نییە و هەستی خۆی ناکاتە قوربانی بێدەنگیی. لە پەنا (دوروتی بریگز) دەڵێت (کاتێک هەستەکانمان دەشارینەوە، بە خۆمان و بە کەسانی تریش بێگانە دەبین).

ئـەم شاعیرە نایەوێت بۆ پاراستنی پەیکەری کولتووری کۆن و شێرە بەفرینەکانی دەسـەڵات، دەمی شیعرەکانی لغاو بکات، سۆزەکانی هەڵپاچێت، وشەکانی بۆیاخی سەوز و سوور بکات. دەیەوێت بە ئازادانە، دوور لە سانسۆری

عەقڵ و دەسەڵات و شەریعەت و هەرچی ڕەنگەکانی تری سانسۆرە بنووسێت، بەڵێ دەنووسێت وەک ئەو باڵندەیەی بەبێ حیسابکردن بۆ میزاجی شێر و ڕێوی، چەقەڵ و کەمتیار، هەنگ و دووپشک، پڕ بە گەرووی لە دارستانێکدا دەخوێنێت. دەنووسێت وەک چۆن عاشقێک بە تاسە و حەسرەتەوە نامەیەک بۆ مەعشوقەکەی دەنووسێت، شیعری خۆشدەوێت وەک چۆن زاهید یان سۆفییەک لە خۆشەویستی خوادا دەتوێتەوە، دەنووسێت بە بێ سڵەمینەوە، ئازادیی دروشمییەتی و مرۆڤ و تەنیا مرۆڤ ئامانجە باڵاکەیەتی. هۆڵدرلین وتی (هۆ شاعیران وەک پەڕەسێلکەکان ئازاد بن). زۆر داخی گرانم هۆڵدرلین ئەم شاعیرەی ئێمەی نەدیوە، دەنا دەیووت هۆ شاعیران وەک ئەم شاعیرەی کورد ئازاد بن، ئازادیی بە مانای هەموو شت نووسین نا، بە مانای تێکشکاندنی شورەی ئەستووری ترادیسیۆن و ڕووخاندنی دیوارە بۆرەکانی سانسۆر و زاڵبوون بەسەر جەنگی دەسەڵات و مردن لە پێناوی ژیانی وشـەدا. ژیان لە پێناوی وشـەدا، ژیان لە پێناوی وتندا، ژیان لە پێناوی هەڵوێست و دەنگ هەڵبڕیندا، ژیان لە پێناوی نەترسان لە ڕەخنە و بەیاندا.

دانی پێدا دەنێم و نایشارمەوە، لەوەتی بەرهەمی ئەم ژنە شاعیرە بە وردیی دەخوێنمەوە، هەستم کردووە شیعر پیشەسازییەکی قورسە، وا تێدەگەم شیعر لە مردن زۆر گرانترە، وەها دەبینم شیعر شۆڕشە، عەگید و پاڵەوانی دەوێت. هەتا ئەو کاتەشی بە قووڵی بەرهەمی شاعیرانم نەخوێندبووەوە، نەمدەزانی (ئەدۆنیس) بۆچی دەنووسێ (چوونە نێو شیعر وەک چوونە نێو باخچە نییە، چونکە لە باخچەدا بە ئاسانی دەتوانی بەرهەمەکان بڕنی، بەڵام چوونە نێو شیعر وەک چوونە نێو گێژەنی شەپۆلە، دەبێت سەرچڵ بیت دەنا شەپۆلی شیعر دەتخنکێنێت). هەنووکە دەزانـم شیعر ترسناکە، شیعر ڕەنجدان و زەحمەتە، هەڵوێست و جەرائەتە و شاعیرییش پیشەیەکی مەترسیدارە وەک شاخەوانیی کە ڕەنگە لەو چیا هەزار بە هەزارییەوە بکەویتە خوارەوە و ڕەنج بە خەسار بیت. ئەی شاعیران، نووکە دەزانم ئێوە زەڕنەقووتە نین بەڵکو پۆلە پاسارییەکی سرک و سەرەڕۆن. تازە بە تازە پێم زانیوە ئێوە کامێرامان نین تاکو کۆپی واقیع بکەن و لە بۆتەی شیعرێکدا پەیستی بکەن، ئێوە بەرهەمهێنی واقیعێکی نوێن، لە ناو تێکستەکانتاندا کۆمارێکی گەورە هەیە بە ناوی کۆماری خۆشەویستی و یەکتر ویستن.

دەزانم ئێوە لە دەریا دەچن، بەیانیان کچێکی شەرمن و ناسکۆڵە و ناوقەد باریکی چاومەستی بەنازن لەگەڵ خوێنەر و هاونیشتمانییەکانتان، ئێوارانیش پیرەمێردێکی قەڵەوی تێکسمڕاوی تووڕەی قژ ماش و برنجی چوارشانە و مڕ و مۆچن لەگەڵ میر و کاربەدەستە گرگنەکان. دەزانم ئێوە پادشای تەنیایی و ئیمپراتۆری غەم و سیناتۆری هەڵوێست و باڵیۆزی عەشق و ئەڤین و ژەنەڕاڵی جورئەتن، بەڵام چی بکەم ئێوە بوونەوەرێکی تایبەتین، ئێمەی ئاسایی تەنیا دەتوانین پێتان سەرسام بین و لە نێو تێکستەکانتاندا خۆمان بە با بدەین. لەوەتی هۆنراوەکانی کەژاڵ دەخوێنمەوە، هەست بە دەنگێکی نادیار دەکەم لایلایەم بۆ دەکات، هەست بە سۆزێکی قووڵ دەکەم هاوڕێی تەنیاییمە و لە شادیشدا لە تەنیشتمەوە دەخەنێتەوە. هەست بە دڵێک دەکەم زۆر لەوە گەورەترە جیهان بەو هەموو مەزنییەوە بتوانێت جێگەیەکی کەمی لێ داگیر بکات جا نەخاسمە گەردێکی بچووکی وەک من کە وەک ئەنگوستیلەیەکی فڕێدراو وام لە دەشتێکی بێرون یان بیابانێکی چۆڵدا.

جارێکی تر مرەکەبی پێنووسەکەم مان دەگرێت و داوا دەکات یادداشتەکانی غەم بنووسێتەوە!! ئەم پێنووسە نەفرەتییە هەمیشە دەمباتەوە بۆ لای غەم و عەزاب، ژان و ژوار، بۆ نێو قەڵای تەنیایی و کەساسی، قەڵەکەم دەنووسێت بزانە شاعیرەکانیش وەک تۆ خۆشەویستەکانیان لە دەستداوە، هەروەک تۆ رقیان لە کاتە چونکە شەمەندەفەرێک بووە کەسە هەرە ئازیزەکانی ئەوانیشی بۆ وێستگەیەکی نادیار بردووە، کات چەشنی رەشەبا پریاسەکەی حەز و خۆزگەکانیانی پەرش و بڵاوکردووەتەوە. دەهزرێم و دەستم لە ژێر چەناگەم داناوە، ئاخۆ (بەرتراند رەسڵ) باسی ئەزموونی ژیانی کام شاعیر بکات یان بەتیلە چاو بۆ کام شاعیر دەڕوانێت، ئەو وەختەی دەڵێت (شاعیران بە دەست هێز و دەسەڵاتی کاتەوە زۆریان ناڵاندووە، چونکە هەموو ئەو شتانەی خۆشیانویستوون لە رەوتی تێپەڕینی کاتدا نەماون). ئای.. شاعیرەکەی خۆمان دەبێ کات چەند غەدری لە تۆش کردبێت و چەندیش دڵڕەق بووبێت بەرامبەر بە خولیا و خەونەکانت؟ هەروەک چۆن هەریەک لە ئێمە کات دەیان جار بە شمشێری خیانەت زامداری کردووە و ژیانی تژ کردووە لە بۆن سۆی تەنیایی. هەرچی بڵێم هەر کۆتایی نایێ ناچار بە کەتەری قەڵەم داوی ئەم کڵافەیە دەقرتێنین و شاعیرێک بەجێدەهێڵین کە وەک مام هێمن موکریانی و

لەگەڵ ئەودا دەڵێت:

**گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز**
**تا بناڵێنم وەک بلوێر بە سۆز**
**گەرچی ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**

کەژاڵی شاعیر هەر غەم و ئازارێک پەلیان گرتبێت بۆ نێو شیعر بێ هیچ سێ و دوویەک لەگەڵیان چووە، بەڵام ئەو لە شیعرەکانیدا نەک ڕەشبینی و جۆرێکی تر لە غەم بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو غەریزەی ژیاندۆستی وای لێکردووە شیعرەکانی وەک سنەوبەرێکی تەڕ بۆنی خۆشیان وەک میسک و گوڵاو بگاتە حەوتەمین چینی ئاسمان، هەریەک لە قەسیدەکانی مەرکانەیەک ئاوی سارد و فێنکن بۆ هەر تینوویەکی عەوداڵ بە ئاو و تێرخواردنەوە. هەموو ئەم دێڕانە تیشکدانەوەی هەستی منن وەک ئەنجامێکی خوێندنەوەی بەردەوامی شیعرەکانی کەژاڵ ئیسماعیل، لویس ئەراگۆن وتەنیش (هەموو کەسێک دەخوێنێتەوە ڕەخنەگرە، کە بە کوڵ کتێبێک دەگرێتە باوەشی یان ڕەتی دەکاتەوە). چی بکەم بە خۆم نییە، هەر جارێک قەسیدەیەکی نوێی ئەم شاعیرە دەخوێنمەوە تەسلیمی دەبم و دەیگرمە باوەشم، چون ئاوێنەیەکی ساف و روونن سەرلەبەری ژیانی خۆمیان تێدا دەبینمەوە.

**پەراوێز:**

**١- بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە بڕوانە بۆ گۆڤاری (رامـان) ژمـارە (١٢١)ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ -ل١٢.**

**سەرەتای تەممووزی ٢٠٠٧**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٧١٩)ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە ڕۆژی ٢٣-٧-٢٠٠٧دا بڵاوکراوەتەوە**

## لە نیشتمانی جەلادانداا

### ژەنەراڵی پایز بە زیندانیکردن و ئازار ڕێزی لێ دەگیرێت

محەمەد عومەر عوسمان یان شاعیری پایز و گەڵاڕێزان یاخۆ بابڵێین ژەنەراڵی پایز، دەنگێکی هێندە بڵند و گەروویەکی ئەوەندە بەرزی شیعری کوردییە، زۆربەی نەوەی ئێمەی خستە ژێر کاریگەرییەوە و هەنووکەش نەوەکانی دی دەخاتە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە. ژەنەراڵی پایز بە کودەتایەک لە ڕێگەی دیوانی «لەغوربەتا»وە، خۆی لە هاوسەردەمانی جیا کردەوە و بە تێکستەکانی ئەوەی نیشانداین دنیای ئەو زۆر لەوە فراوانترە لە سنووری قۆناغێکدا دیل بکرێت. ئیدی ئەگەر نەگبەتی نەبێت، ئەم شاعیرە کورد نەبوایە و لە کوردستان نەژیایە، ئەوە نەک تاجی مەملەکەتی شیعری لەسەرنرابوو، ئەو پۆلیسانەشی لە شەوێکدا بە قۆناغە تفەنگ هەڵیانکوتایە سەری بە حەوت پرسگە نەدەگەیشتنە لای. ئەو ڕووداوەی لە یەکێک لە شەوەکانی سلێمانیدا ڕوویدا، هەروا ڕاگوزەر و سادە نییە، نا ئەوە پەیامێکە، پەیامی تۆراندنی کۆترە ماڵییەکانی نیشتمان، پەیامی لە ڕەگەوە دەرکێشانی خەونە تەڕ و شینەکانی شیعر. پەیامی خنکاندنی وشەی ڕاست و لە سێدارەدانی پیت بە پیتی دیوانی «لە غوربەتا».

کاتی خۆی «هۆڵدەرلین» وتی «مرۆڤ بە هۆی شیعرەوە نیشتەجێی سەر زەوییە». بەڵام لە نیشتمانی جەلاداندا شیعر قسەی قۆڕە و شاعیرانیش لە باشترین حاڵەتدا هەروەک «بەکر عەلی» پاداشتیان دەدرێتەوە. ئیدی ئەوان کە لە زمانی ژەنەراڵی پایز تێناگەن و خەونەکانیان لەگەڵ خەونی بکوژەکانی «لۆرکا» یەکێکە، شیعر لایان چیتر نییە جگە لە چەند وشەیەک بۆ تێهەڵدان خواردن و شەقخواردن لەسەری. ڕەنگە هەبن بڵێن ئەو پۆلیسانە ژەنەراڵی

پایزیان نەناسیوە ئیدی تاوانی حکومەت چییە؟ بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەگەر شەوێک لەلایەن پۆلیسی دیمەشقەوە لە ئەدۆنیس بدرێت و بخرێتە زیندانەوە لەسەر وشە، ئایا سبەی حکومەت بە فەرمی داوای لێبوردن ناکات؟. یان ئەگەر شەوێک لە کۆلۆمبیا لە «مارکیز» بدرێت بە هەڵە و پۆلیسەکانیش نەیانناسیبێت، ئایا بۆ سبەی حکومەت پۆزش ناهێنێتەوە بۆی؟ ئەی کەواتە هەڵوێستی حکومەتی سلێمانی چییە؟ ئایا ئەو بێدەنگیی و بە سادە وەرگرتنە خۆی لە خۆیدا هاندان و پشتگیرییکردن نییە لەو پۆلیسانەی هەتا ئێستا تیرۆریستێکیان پێ نەگیراوە؟.

من دەمێکە دەزانم ژەنەراڵی پایز هەتا بڵێی مرۆڤێکی بە هەڵوێست و دەنگ هەڵبڕە و چاوپۆشیی لە هیچ خواروخێچییەک ناکات، ئەو وەک «کۆنفۆشیۆس» دەڵێت «سەربەستیی ویژدان واتە ئەمانەت لە بیرکردنەوەدا و دڵسۆزیی لە وتنی حەقدا». ئەو دەیەوێت ویژدانی ئاسوودە و سەربەست بێت، نایەوێت خەمی دەرۆزەکەرێک، پشیلەیەکی ناو ماڵەکەیان، سبوغچییەکی لای گازینۆی شەعب، پیرەژنێکی هەناسە سارد، دایکی شەهیدێک، لە خەمی خۆی دوور بخاتەوە، ئەو بە وتنی راستییەکان و دەنگ هەڵبڕین و بە بادانی جگەرە و نۆشینی چەند پێکێکی تاڵ، کاردانەوەی هەبووە و پەردەی بێدەنگیی دڕاندووە. بەڵام بە بیرماندا نەدەهات پۆلیسی بەحیساب پارێزگاری ژیان و ئارامیی خەڵک و هاووڵاتیان، بەو شێوە ناشارستانیی و دواکەوتوو و بەعس ئاسایە پەلاماری وشەی شیرین و رەخنەی جیددی و هەناسەی پڕ لە حەسرەتی شاعیرە غەمگین و بە هەڵوێستەکەمان بدەن، ئەو کە باڵای شیعر و هەڵوێستەکانی لە باڵای هەڵوێستی زۆرێک لە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە بەرز و بڵندترە، لەبری هەر چاکەدانەوەیەک ئەو کارەی بەعس بۆی نەکرا بەرامبەری، ئەمان لە شەوێکی ئارامی شاردا بەئەنجامیان گەیاند.

بە کورتییەکەی پەلاماردانی ژەنەراڵی پایز هیچی کەمتر نییە لە کوشتنی بەکر عەلی، هەروەک سەرەونگونکردنی لۆرکا، پەنجە بڕینی ڤیکتۆر خارا و دەرکردن و راونانی چاپلن و شار بەدەرکردنی پاسترناک و زمانبڕینی شاکر فەتاح وایە، خۆ ئەگەر زیاتر نەبێت بێ دوودڵی هیچی کەمتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەمێنێتەوە دەق و هەڵوێستەکانی حەمە عومەرە بە نەمریی، کەچی لەولاوە

لوولەی رزیوی چەکی پۆلیسەکان و تەختی کاربەدەستان بووە بە خۆڵەمێش. لەمێژیشە «ئەمرسۆن» ئەو راستییەی بۆ روون کردووینەتەوە «ئەوانەی خۆشی هەڵدەبژێرن هەرگیز راستیی نابینن، ئەوانەشی راستیی هەڵدەبژێرن بە درێژایی تەمەنیان خۆشی نابینن». زەمەنیش بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە و بەدوو شێوەی جیاواز ناوبانگی نیرۆن و سوکراتی بۆ هەڵگرتووین.

**تێبینی: ئەم وتارە وەک پرۆتستۆی دەستگیر و ئازاردانی جەنراڵی پایز لەلایەن پۆلیسی سلێمانییەوە نوسراوە لەسەر رەخنەکانی لە شەوێکی پایزی ساڵی ٢٠٠٨دا. لە ژمارە (٥٧)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ بڵاو بووەتەوە.**

# حکومەتی هەرێم دەستی لە بینە قاقای ڕۆژنامە ئازادەکان گیر کردووە!

وەک لای هەمووما‌ن ئاشکرایە گەندەڵی و مشەخۆریی خەسڵەتێکی هەرە دیار و بەرجەستەی سیستەمی ئیدارییە لە کوردستان و بووەتە برینێکی سەرەتانیی کە هەموو هەنگاوەکانی شەل و ئیفلیج کردووە و وەهای لێکردووە لەسەر عەرەبانەی کەمئەندامی ساتەکانی خۆی بگوزەرێنێت. خۆ ئەگەر بمانەوێت فاکتۆرەکانی گەندەڵی دیاری بکەین و هۆکارە ناوکییەکانی بدۆزینەوە دەبێت لە پێش هەرکارێکدا پەنجەی تاوان بۆ دەستەڵاتی سیاسیی رابکێشین. چونکە بە پێچەوانەی هەر شتێکی ترەوە گەندەڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێت، ئەوە دەستەڵات و حکومەتە بەر لە هەر دامودەزگا و ئۆرگانێکی تری نێو کۆمەڵگە گەندەڵ دەبێت، ئەوجا بەشێوەی کەوتنە خوارەوەی تاشە بەردێکی گەورە خلۆر دەبێتەوە بۆ خوارێ و دامودەزگا بچووک و لاوەکییەکانیش دەگرێتەوە. ماوەیەکی دووروودرێژە و زیاد لە پێویستیش باس لە گەندەڵی کراوە و لە چەندین جاریشدا قەبارە و بکەرەکانی گەندەڵی دەستنیشانکراون و بە داتا و دۆکۆمێنت خراونەتە بەر چاوی لایەنی دەستەڵات و رای گشتیی، بەڵام بەداخەوە لەبری ئەوەی گەندەڵی روو لە کەمیی بکات یان رێگە چارەسەر و دامودەزگای دژە گەندەڵی بەهێز بکرێت، لەولاوە بازووی گەندەڵی رۆژ لە دوای رۆژ مەچەکی ئەستوورتر و عەزەڵاتەکانی گەورەتر و بەهێزتر دەبێت!!.

دوای ئەوەی پرسی گەندەڵی و بە فیڕۆدانی چاوگی ئابووری وڵات بووە بە میحوەریترین تەوەرەی قسە و باس و رەخنە و جێگەی ناڕەزایەتی جەماوەر

و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کاربەدەستانی پلە بەرزی حکومەت و هەندێک بەناو تەکنۆکراتی نێو کابینەی پێنجەم بیریان لە ڕێگە چارەسەرێکی دیماگۆگیانە و فریودەرانە کردەوە کە ئەم فاکتۆرە دەتوانێت قورسایی و ڕەنگی گەندەڵی و دزی و فزی کاربەدەستان بشارێتەوە نەک بنەبڕی بکات بۆیە لە هەنگاوی بڕینی بودجە و مینحەی ئەو ڕۆژنامە ئازاد و سەربەخۆیانەوە دەستیان پێکرد لە چوارچێوەی «بەرنامەی هاریکاریی میدیای ئازاد» بودجەی مانگانەیان بۆ بڕاوەتەوە کە ئەو بودجەیە نەک وەک پێویستیش نەبووە و نییە بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆژنامانەی لەو بەرنامەیە بەهرەمەند بوون بەردەوام لەگەڵ کێشەی دارایی و بێ ئیمکانییەتی بەرەو ڕوو بوون، بۆیە حکومەت بڕیاری دا کێشەکانیان بە بڕین و زۆر کەمکردنەوەی مینحەکانیان چارەسەر بکات! تەنانەت ئەوانەشی بودجەکانیان نەبڕاوە و تەنیا بۆیان کەمکراوەتەوە هەر وەک ئەو وایە بودجەکەیان بڕیبن، چونکە بە جۆرێک لێی کەم کراوەتەوە ستافی ئەو ڕۆژنامانە ناتوانن درێژە و بەردەوامیی بە دەرچوونی بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانیان بدەن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە کات و وادەی دیاریکراوی خۆیاندا.

ئەم سیاسەتەی حکومەت و هەندێ کاربەدەستی ئیداریی بەناو تەکنۆکراتی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە دیارە دوژمنی باوەکوژی ئازادیی و کاری میدیا و ڕۆژنامەوانی ئازاد و سەربەخۆن، لە پێش هەر شتێکدا هەنگاوێکە بۆ سەرکوتکردن و سانسۆرکردنی بیروڕای ئازاد و قوفڵدانی دەروازە و دەرگاکانی کرانەوە و دیموکراسی، ڕێگا گرتنیشە لە بەردەم وەرچەرخاندنی کۆمەڵی کوردەواری بەرەو کۆمەڵێکی مەدەنی و شارستانی کە شانبەشانی ڕەوتی گەشەکردووی دەستکەوتە گرنگەکانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ هەنگاو هەڵبگرێت, بە دیوەکەی تریدا ئەم هەنگاوە کوتەکێکە دەدرێت بەسەری فەرهەنگ و کولتووری ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی گەلی کورددا، ئەمەشیان جێگەی گومانە کە دەستی داگیرکەر و بێگانەی لە پشتەوە بێت نەک ئەو ڕەخنە جیدیانەی لەنێو ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و لەسەر سایتەکانی ئینتەرنێت دەیانبینین.! هەقوایە بە چاوی گومانەوە سەیری هەموو ئەوانە بکرێت دەیانەوێت دەنگی میدیای

ئازاد کپ بکەن و رایەڵە جۆر بەجۆرەکانی پێشخستنی فەرهەنگ و کەڵچەری نەتەوایەتیمان کز و دەمبەست بکەن و لە بناغەوە فشەڵیان بکەن تا زمانی نووسین و زمانی گفتوگۆ لە ڕەگەوە هەڵبکێشن.

مەسەلەی ئەسڵی لێرەدا لە پرۆسەی لێ بڕین و کەمکردنەوەی یارمەتی رۆژنامە ئازادەکان دەوڵەمەندکردنی بودجەی حکومەت نییە تا پڕۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ هاووڵاتیان پێ ئەنجام بدەن، تەنانەت بودجەی مانگانەی رۆژنامەیەکی ئازاد لە باشترین حاڵیدا هێندە کەمە منداڵی هیچ بەرپرسێک نییە ئەو بڕە بۆ خەرجی رۆژانەی یەک تاکە رۆژیش وەربگرێت، زۆرترین بودجەی رۆژنامەیەکی ئازاد لە مانگێکدا هێندە کەمە بەشی فەقیرانەترین گەعدەی بچووکترین بەرپرسی کورد ناکات، بەڵکو ئەمە تەنیا و تەنیا دەگە وەشاندنە لە میدیای ئازاد و هەوڵێکە بۆ کپ و بێدەنگکردنی ئەو رۆژنامە و رۆژنامەنووسە لاوانەی بێ ترس و سڵەمینە لاپەڕەکانی گەندەڵی هەڵدەدەنەوە و سکەنداڵی دزی و فزی بەرپرسانی حکومیی و حزبیی لە ڕێی رۆژنامەکانیانەوە ئاشکرا دەکەن و بە خەڵکی ئاشنا دەکەن.

ئەگەر دیقەت بدەین لەو وەختەی بودجەی رۆژنامە ئازادەکان دەبڕدرێت، سەدان هەزار دۆلار بۆ فێسیڤاڵی زیندووکردنەوەی هۆز و عەشیرەتەکان خەرج دەکرێت!! هەر لە هەمان کاتدا ملیۆنان دۆلار بەفیڕۆ دەبردرێن لە پڕۆژەی شکستخواردوو و پڕۆژەی نیوەچڵ و وەهمی! لە هەمان کاتدا بەرپرسەکان ورگیان زلتر و غەبغەبەیان شۆڕتر و گیرفانیان پڕتر دەبێت! لە هەمان کاتدا هەزاران دۆلار تەنیا لە شەوە سوورەکان و ساتە مەستەکانی تەنیشت سۆزانییەکانەوە سەرف دەکرێن کە ئەمەیان پیشەی هەموو شەوێکی بەرپرسانی وڵاتەکەی ئێمەیە! لە هەمان کاتدا و مانگانە ملیۆنان دۆلار دەدرێت بە مەکتەبەکانی کۆمەڵایەتی هەردوو زلحزبە سەرەکییەکەی کوردستان (راستترە بوترێت مەکتەبی سوڵحی عەشایەریی) کە کاریان تەنیا سوڵحی عەشایەریی و گۆڕینەوەی ژنە لە بری خوێنی کوژراو و هەندێک ئەوەندە دەست بەتاڵن ناچارن خۆیان کێشە دروست بکەن تا خوا رزقی مەکتەبەکەیان بدات و لەبێ ئیشی و لەبەر هەوای فێنکی ئێرکۆندیشن و سپلیتدا وەنەوز نەیانباتەوە و مینا

پەرلەمانتارەکان خەویان لێ نەکەوێت. لە هەمان کاتدا و هەر لەگەڵ بڕینی بودجەی رۆژنامەکاندا ملیۆنان دۆلار تەرخان دەکرێت بۆ فیلمی (ژانی گەل) کە لە رۆمانەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە وەرگیراوە، ئەو رۆمانەی پاڵەوانەکەی بە رێکەوت و قەزاوقەدەر توشی کوردایەتی دەبێت!، هاوزەمان لەگەڵ بڕینی مانگانەی رۆژنامە ئازادەکان ملیۆنان دۆلار تەخشان و پەخشان دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک لە بارەی ژیانی مەلا مستەفا بارزانی، من ناڵێم مەلا مستەفا شایەنی ئەوە نییە فیلمێک لە بارەی ژیانییەوە دروست بکرێت، بەڵام ئەو بەرخودەش شایستە نییە دەرهەق بە رۆژنامەوانی سەربەخۆ دەکرێت و سەرچاوەکانی داراییان وشک دەکرێت و تەنیا و تەنیا بە خاتری ئەوەی ئاڵای سپی تەسلیم بوون لە بەرامبەر گەندەڵکاراندا هەڵبکەن!!.

پاساوەکانی بڕین و کەمکردنەوەی مینحەی رۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆکان هەرچییەک بن جێگەی قبوڵ نییە و ئەرکی نووسەران و خەمخۆرانی ئازادییە بە جیددی ئەم پرسە وەربگرن و فشار دروست بکەن لەسەر دەسەڵات تا بودجەکان بگێڕێتەوە بۆ ئەو ناوەندە رۆژنامەنووسیانەی لەم حەملەیەدا بودجەکانیان براوە یان کەمکراوەتەوە بەڵکو بە جۆرێک حکومەت ناچار بکرێت باشتر لە جاران و وەک پێویست و بەشی راییکردنی کاری رۆژنامە و گۆڤارەکان بودجەی مانگانەیان بۆ ببڕێتەوە بێ مەرج و دروستکردنی هەر بەربەست و ئاستەنگێک لە بەردەم کار و چالاکییەکانیاندا. ئەوی ماوەتەوە لە کۆتایدا بیڵێم ئەوەیە: هەندێک دەروێش و ماستاو ساردەکەرەوەی ناو دەسەڵات دەهۆڵی شادیی بۆ ئەم هەنگاوە ترسناکەی حکومەت لێدەدەن و هەندێکیان تەبریری بۆ دادەتاشن و دەیانەوێت بڕیارەکە وەک بڕیارێکی بەجێ و گرنگ کڕیاری بۆ پەیدا بکەن، گوایە بڕیارێکی گرنگە و سەرەتایەکی باشە بۆ کۆنترۆڵکردنی بودجە و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدان لە کوردستاندا، هەندێک لەوانە بەردەوام دەڵێن ئەو فرەییە و دەرچوونی ئەو ژمارە زۆرەی رۆژنامە و گۆڤار بە هیچ جۆرێک بەڵگەیەک نییە بۆ بوونی دیموکراسی و جیاوازیی بیروڕا بەڵکو سەلمێنەری پاشاگەردانییە، من لەوبارەوە هیچ ناڵێم تەنیا یەک پرسیار دەکەم: ئەی بڕینی ئەو بودجەیە و دەم دوورینی خەڵک و لغاوکردنی رۆژنامەکان و

فشار خستنە سەریان تا خۆیان هەڵوەشێننەوە گوزارشت لە چی دەکات؟.

یاخۆ هەندێکیان دەڵێن ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە خۆیان گەندەڵن!!!! ئەم قسەی هێندە پێکەنیناوییە مرۆڤ ناتوانێ بەزەیی بە عەقڵی هەموو ئەوانەدا نەیەتەوە بەم جۆرە دەپەیڤن و بیر دەکەنەوە، من نموونەی خۆم دەهێنمەوە کە لە رۆژنامەیەک کار دەکەم و بودجەکەمان تەنیا بڕی یەک ملیۆن و نیو دیناری نوێیە، ئێمە ئەگەر هەر ئەو رۆژنامەیەش دەرنەکەین «کە بە باشترین کوالێتە دەری دەکەین» بڕی تەرخانکراوی بودجەکە لە نێوان خۆماندا دابەش بکەین، هەر یەک کەسمان بڕی ٤٠ دۆلاری ئەمەریکییمان بەردەکەوێت، خۆ ئەگەر ٤٠ دۆلار گەندەڵیمان کردبێت و بڕیارە لێمان بسەننەوە ئێمە ئامادەین بۆ ئەوە. شانزە مانگ بودجەمان وەرگرتووە، بەو پێیە بێت من بە شەخسی ٦٤٠ دۆلاری حکومەت قەرزارم!! تکایە ناونیشانی بانکێکم بدەنێ تا پارەکە بگێڕمەوە بۆ حکومەت، بەڵام ئەگەر بەرپرسە گەورەکان پارە دزراوەکانیان بگێڕنەوە ئایا کوردستان جێگەی دەبێتەوە؟؟!.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٤٢)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە ئابی ٢٠٠٧دا بەناوی خواستراوی (لاوین بۆتانی)یەوە بڵاوبووەتەوە. بەڵام دواتر بە ناوی خۆمەوە لە هەر سێ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» و «بۆپێشەوە» و «کلاورۆژنە» بڵاوم کردووەتەوە. هۆکاری نووسینی ئەم وتارەش بۆ بڕینی ئەو مینحە مانگانایە دەگەڕێتەوە لە چوارچێوەی یارمەتیدانی میدیای ئازاد لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بە رۆژنامە و بڵاوکراوەکان دەدرا. هۆکاری ئەوەشی ئەم وتارە لە رۆژنامەکەدا بە ناوی خواستراوەوە بڵاوکرابووەوە لەبەرئەوە بووە وەک سەرنووسەری رۆژنامەی نێوەند نەمویستوە ناوم چەند جارێک لە رۆژنامەکەدا دووبارە ببێتەوە.**

# بۆچی ناگۆڕێین؟!

زیاتر لە جارێک لە خۆم پرسیوە: ئێمە وەک کورد بۆچی ناگۆڕێین؟ بۆچی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردیی بەو جۆرە راوەستاو و رەق هەڵاتووە و هیچ گۆڕانێک بە خۆیەوە نابینێت؟ هەندێک کات ویستوومە هەمان پرسیار ئاڕاستەی دیتران بکەم، ئاخۆ فاکتۆری ناوەکی ئەم چەقبەستووییەی ئاوەزی کوردیی چییە و چۆن دەکرێت بەسەریدا زاڵ بین؟ لێ داخەکەم هەرگیز نەگەیشتمە وەڵامێکی جێگەی باوەڕ و دڵنیاکەر، بەڵام ئەوەی بە یەقینی لەلام هەردەم ئامادەبوو: کورد ناگۆڕێت!. سەیر لەوەدایە رۆژی هەزارەها بانگەشەی جۆر بەجۆری ریفۆرم و گۆڕان بە گوێماندا دەدرێت کەچی واقیع لە جێگەکەیدا مراوەحە دەکات و فەرتەناش لێ دەدات و هەنگاوێک نابزوێت بەرەو مەنزڵ و شوێنێکی دی جیاواز و نوێ، زۆر کەڕەت وام بە خەیاڵدا دێت کارکردن بۆ گۆڕان لە کۆمەڵی کوردەوارییدا هەروەک پایدەردان وایە لەو پایسکیلەی بۆ مەشقی تەندروستی بەکاردێت کە هەرچەند پایدەر لێبدەیت پایسکیلەکە لە جێی خۆی چەسپیوە، سەرەنجام بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک بەسەر جێگەی پایسکیلەکەدا بێت تۆی ماندوو لە مەشقەکەت تەواو دەبیت، بەڵام بە شەکەتیی و شێواویی.

نووکە لەو باوەڕەدام تا ئەمڕۆمان هەموو هەوڵ و ماندووبوونەکان بە ئاقاری گۆڕاندا مەشقی سەر ئەو پایسکیلە بووە، ئەگەرنا واقیع ئەگەر رووی لە خراپ و خراپتر نەکردبێت بێگومان شەقاوی نەهاویشتووە بەرەو باش و باشتربوون، ئەوی لێرە زیانلێکەوتووی راستەقینە بووە و شەکەتی و شێواویی بەشی بووە ئەو کەس و لایەن و گۆشەنیگایانە بوون دروشمی گۆڕانیان بەرز کردووەتەوە!. پرسیارە سەرەکییەکەی ئێمە سەرەڕای بینینی ئەم راستییە

تینوێتی ناشکێ و دەیەوێت بزانێت هەوڵەکانی گۆڕان بۆ ناگەنە ئەنجام؟ بۆچی زۆر رووداو لە وڵات دەقەومێت و رووودەدات هەرگیز چاوەڕوانی قەومانیان نەدەکرا، کەچی ریفۆرم و کردەی گۆڕان بە لەشکرێ لە لایەنگرانییەوە هەموو نەبەردەکانی بە چەشنی دۆنکیشۆت دۆڕانـدووە؟ رەنگبێ فاکتۆری هەرە سەرەکی بەهێزیی گەندەڵی و واقیعە سایدەکە نەبێت بەقەدەر ئەوەی بۆ لاوازیی و پەرش و بڵاویی و نارێکخراویی گۆڕانخوازان دەگەڕێتەوە، ئەوانەی ئەگەر لە ئاستێکی سنووردارپشدا بێت دەیانەوێت ئەم واقیعە وەک خۆی نەمێنێتەوە بەڵکو وەرچەرخێت بۆ قۆناغێکی نوێ وەک پێویستییەکی ژیانی و ژیاریی کۆمەڵگە.

جیا لەوە پێموایە هۆکارەکەی تری ئەوەبێت بانگەشەی گۆڕان بانگەشەیەکی زارەکی بێ کردارە لەوە زێدەتریش بانگەشەیەکی ناڕاست و تەواو ریاکارانەیە، چون لە دۆخێکدا گیربووین گەندەڵی بانگەوازی ریفۆرم دەکات و ریفۆرمیست لە هەوای شێداری گەندەڵیدا هەناسە دەدات!! ئیدی هەر بانگەوازکردنێک بۆ چاکسازیی و وەرچـەرخـان تەنیا لە نێو رێزماندا بوونی هەیە، ئەگینا هیچ کەسێکمان دەست ناکەوێت شۆڕی بکاتەوە بۆ نێو زەمینەی رووتی واقیع!! بەدەر لەمەش تێبینیم کردووە هاتوهاواری گۆڕان و چاکسازیی دەنگدانەوەیەکی بێ مانای ئەشکەوت ئاسا بووە، چون ئەگەر لە بەردەم دەرگای ئەشکەوتێکدا هـاواری ناوی منداڵەکەت بکەیت هـەزاران جار گوێت لە دەنگدانەوەی خۆت دەبێت، ئەگەر وریا نەبیت وا دەزانی هەزارانی تر هەمان هاواری تۆ دەکەنەوە، کەچی لە واقیعدا تۆ تاکە کەسە راستەقینەکەی هاوارەکەت کردووە، ئەگەرنا هەرچی هاوارەکانی ترە مزەورن و لە واقیعدا بوونیان نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە بیری بکەین هیچ سەردەمێک تێنەپەڕیوە بەبێ ئامادەیی تووتییەکان، ئەوانەی فێربوون لە دەمی کەسانی ترەوە وتە وەربگرن و بە خواروخێچی و سەرومل شکاویی بیڵێنەوە بێ ئەوەی ئەو وتانە سەبارەت بە ژیانیان گرنگی هەبێت یان تێبگەن چییان گووتووە و بە چ مەبەستێک و بەدیهێنانی چ خواستێک دەریدەبڕن؟ تووتییەکان تەنیا ئارەزوویان لاساییکردنەوە و زۆربێژییە ئەگەرنا نـەدەزانـن چییان وتـووە نە دەتـوانـن بـەرگـەی باجی وتنەکانیان بگرن، تەنانەت باجی وتنیان لەسەر نییە چون ئەوان بە زۆربێژیی

و لاساییکردنەوە شۆڕەتیان ڕۆیشتووە. بۆیەکا تووتییەکان نە پشتیان پێ دەبەسترێت نە چاوەڕوانیان لێ دەکرێت وتەکانیان ئامانجدارانە بەکاربهێنن. هەر ئەمە وا دەکات گووتن هیچ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی نەبێت بۆ سەر ژیانیان. لە واقیعی ئەمڕۆماندا بانگەشەکارانی گۆڕان یان ئەوانەن تووتی ئاسا دەئاخڤن یان دەنگە ساختەکانی ئەشکەوتن یاخۆ لە باشترین حاڵدا ئەوانەن گۆڕانیان لە چوارچێوەی هەردوو گووپیاندا حەپس کردووە جار جار ڕێگەی پێ دەدەن لە نێوان لێوەکانەوە سەرێک دەربهێنێت و دوای وەگەڕێتەوە بۆ زیندانەکەی. من بەمشێوەیە بۆ مەسەلەکە دەچم، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەها نییە، بەڵکو دەکرێت وەڵامەکان هێندەی ژمارەی ئەو کەسانە بێت کە دەپرسن: بۆچی ناگۆڕێین؟.

**سەرنج:ئەم وتارە کورتە دوو ساڵ پێش دروستبوونی «بزووتنەوەی گۆڕان» بڵاو کراوەتەوە. لەو ساتەوەختانەدا چەپەکان و توێژێکی گەنجی هۆشیار گەنگەشیان لەسەر پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاریی دەکرد، بە بێ ئەوەی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لە ئارادا بێت بۆ گۆڕانکاریی، هەرچی سەرانی بزووتنەوەی گۆڕانیشە ئەوێ ڕۆژێ لە بەرەی نەیاران بوون تەنانەت ئەو کاتانە کە دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی بەڕێوەبردندا گرتبوو لە زۆنی سەوز بەهەموو شێوەیەک دەنگی ناڕەزایەتی گۆڕانخوازانیان دەخنکاند، هەروەک چۆن دوای دروستکردنی گۆڕان ئەو خەونەیان لە باربرد بۆ گۆڕانکاریی دەبینرا لە ڕێگەی ئیحتیواکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خۆڕسک و جەماوەری تووڕەی کوردستانەوە.**

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٢٠)ی ڕۆژنامەی (ڕاستی) لە هاوینی ٢٠٠٧دا بڵاوبۆتەوە.

# ژیانێکی ئەفریکی.. باجێکی ئەمریکی!

ئەوەی راستی بێت تا هەفتەیەک لەمەوبەر گەڕەکی (کانی سپیکە)م نەدیبوو، بەڵکو هەر نەشمدەزانی کەوتۆتە کوێی شاری سلێمانییەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا بۆ بەشدارییکردن لە پرسەی باوکی هاوڕێیەکم ویستم بچم بۆ ئەو گەڕەکە، پاش نیوەڕۆیەکی گەرم بوو دەستم لە تاکسییەکی لەم «سەنی»یە تازانە راگرت، هەر کە گووتم کاکە بمبە بۆ گەڕەکی کانی سپیکە، لە وەڵامدا وتی: بە داخەوە کارم هەیە ناتوانم بچم بۆ ئەویَ!. بۆ جاری دووەم تاکسییەکی ترم راوەستاند و گووتم برای خۆم تا کانی سپیکەم بگەیەنە، لە وەڵامدا ئەمیش گووتی: مامۆستا گیان بە خوا رێگاکەی ناخۆشە و داوای لێبوردن دەکەم. هەر چۆنێک بوو بە ناچاریی بەرەو شوێنی وەستانی پاسەکانی ئەو گەڕەکە بەڕێ کەوتم و سواری پاسێکی کۆستەر بووم و ملی رێگەم بەرەو ئەو گەڕەکە گرتە بەر. من لەبەر ماندوێتی خۆم و گەرمای نیوەڕۆ خەیاڵم چوو بووە دەرەوەی ئەو قسانەی نەفەرەکان لەناو خۆیاندا دەیانکردن، بەڵام لە ناکاو دەنگێکی زۆر بڵند بە ئاگای هێنامەوە، ئەویش دەنگی پیاوێکی ریش و سمێڵ ماش و برنجی بوو، شەش تا حەوت جار لەسەر یەک گووتی تو خوا کەی ئەمە ژیانە؟ کەی ئەمە حکومەتە هەمانە؟.

تۆ سەیر بکە (ژیانەکەمان ئەفریقییە و زەرییبەکەشمان ئەمریکی)!، قسەکەی ئەم پیاوە چەندێک بە ساکاریی و ئاسایی دەربیڕی، بەڵام پڕاوپڕە لە مەغزا و مانای جۆراوجۆر، هەر ئەمەش وای کرد پەلکێشم بکات بە لای خۆیدا و

بمخاتە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە، بەشێوەیەکی قووڵ کەوتمە بیرکردنەوە لەو قسەیە و بە خەیاڵمدا دەهات چلۆن دەسەڵاتداران و لێپرسراوان بە ویست و ئارەزووی خۆیان گاڵتە بە مەشاعیری خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەن، کاتێک خەڵک داوای ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشکردنی ژیان و ئاستی بژێویی دەکەن، دەسەڵاتداران دەڵێن وڵاتەکەی ئێمە وڵاتێکی فیودالی و دواکەوتووە و زۆری ماوە بگاتەوە بە ئەوروپا (ئێمە سەدەیەک لە دوای ئەوروپاوەین)، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر فۆرمی باج وەک ئەوروپا لێی دەخوڕن و بەڵکو لەمەیاندا سەدەیەک لە پێش ئەوروپاوەین، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن بەرپرسە بەناو سیاسییەکانی ئەم وڵاتە قووتی ئەم میللەتە و پارووی دەمی خەڵکی دەدزن و ئەو خەڵکەش کە سەدان ساڵە زەحمەت دەکێشن رۆژ لە دوای رۆژ لەڕ و لاوازتر دەبن، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن خاوەنی فایلە رەشەکان و کۆنە بەعسی و جاشەکانی دوێنێ لە سایەی «خوێنی شەهیدان»دا کەیف و سەفا دەکەن و ئای لایڤ دەژین، لەملاوە خێزان و منداڵی شەهیدانیش چەند بە هەژاریی دەژین و دەستفرۆشی و کرێکاریی و کوێرەوەریی و بێدەرەتانی بۆتە چارەنووسیان.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەو هەڤاڵە بەرپرسانەی کە تا رۆژێک بەر لە راپەڕینی ئازار موحتاجی سیگارێک و چارەکە دینارێکی عێراقی بوون، ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی سەرمایە و کۆمپانیای زەبەلاح زەبەلاح، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو برا بەڕێوەبەرانەی تا دوێنێ دەرۆزەی کیلۆیەک شەکریان دەکرد و هەژاری لەتە نانێک بوون، ئەمڕۆ چلۆن بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی باڵابەرز و چەند بەفیزەوە ئاوی دڵۆپێنراو دەخۆنەوە. لە بیری ئەوەدا بووم ئەم نیمچە حکومەتە بە چ شێوەیەکی ترسناک دەستی خستووەتە بینە قاقای خەڵکی داماو و بەشمەینەت و ژیانی لێ تاڵ کردوون و ناچاریان کردوون بە کولەمەرگی بژین تا سەر دەنێنەوە.

لەم بیر کردنەوەیەم بەردەوام بووم کاتێک جابی پاسەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و وتی مامۆستا دانابەزیت بەس تۆی تێدا ماویت؟ تەواو ئێرە ئاخیر مەوقیفە. بەم جۆرە بە مقەستێک دەزووی خەیاڵ و بیرکردنەوەی بچڕاندم، بەڵام هەر کە لە پاسەکە دابەزیم و چاوێکم گێڕا و سەیری گەڕەکەکەم کرد،

سەرم سوڕما لەوەی ئێرە چ جۆرە گەڕەکێکە و چ جۆرە مرۆڤانێکی تێدا دەژین؟ ئەوجا زۆر بە واقیعی قسەکەی ئەو پیاوەم لەو گەڕەکەدا بەدی کرد و زانیم لە چ ژانێکەوە ئەو قسەیەی بە ڕووماندا تەقاندەوە، کاتێکیش بە کۆڵانەکاندا ڕێم دەکرد هەستم دەکرد بە کەناری دۆزەخدا ڕێ دەکەم، هەر بۆیە ناوێکی نوێ هات بە هۆشمدا بۆ ئەو گەڕەکە ئەویش (مەملەکەتێک لە کەناری دۆزەخدا) بوو، لەبری ناوی کانی سپیکە. ئاخر ئەو پیاوە ناهەقی نەبوو بڵێت ئێمە ژیانێکی ئەفریکییانە دەگوزەرێنین، چونکێ ئەو گەڕەکە نە ئاوی هەبوو، نە ڕێگاوبان، نە سیمایەکی شارستانی تێدا بەدی دەکرا، ئەو گەڕەکە بێبەشە لە خزمەتگوزاریی و یاریگا و باخچە و یانەی لاوان و باخچەی ساوایان و نەخۆشخانە و ئاپارتمانی جوان و ئەندازەیی، سیمای ئەو گەڕەکە هەژاریی و کلۆڵی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەم شارەی کردۆتە شتێکی بەڵگەنەویست. کەواتە بەرپرسەکانی وڵاتی ئێمە، تکایە ژیان و گوزەرانی خەڵک باش بکەن، ئینجا باجەکان زیاد بکەن، لە دوا خاڵیشدا ڕووی دەممان دەکەینە لایەنە بەرپرسەکان و حکومەتی هەرێم و دەڵێین: بەڵێ بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران و باجێکی بە ویژدان.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٥٢)ی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوبووەتەوە.**

# ریش و تیرۆر

ورده ورده لەسەرخۆ ڕێم تەی دەکرد و هەنگاوم بەرەو ماڵەوە دەنا، زۆرجاریش تاوم دەدایە خۆم تا تۆزێک زووتر بگەمە ماڵەوە و تاکو ئەو گۆڤارەی تازە لە بازاڕ کڕیبووم، خێرا دەست بکەم بە خوێندنەوەی بە تایبەتی یەکێک لە بابەتەکانی زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم.. بۆ ئەوەشی بگەمەوە بۆ ماڵ ئەوە هەر پێویستە بە لای ئەو قوتابخانە سەرەتاییەی لای ماڵەوەماندا تێپەڕم، زۆرجاریش بەلای ئەو قوتابخانەیەدا تێپەڕیووم، بەڵکو خۆم هەر لەو قوتابخانەیە چەند ساڵێک قوتابی بووم، لەوەتەشی لەو قوتابخانەیە نەماوم ڕۆژ نییە بە لانیکەمەوە دوو جار بە لایدا ڕێ نەکەم، هیچ کات هەستم بە شتێک یان تەماشاکردنێکی نائاسایی نەکردووە. بۆ یەکەم جاریش کە دەرکی ئەوەم کرد قوتابییە منداڵەکانی ئەم قوتابخانەیە بە چاوێکی پڕ لە پرسیار و گومانەوە سەیرم دەکەن و تەنانەت کە بەلایاندا دەئاژۆم دەسڵەمێنەوە، تەنیا هەفتەیەک بەر لەم مێژووە بوو ئەم وتارەی تێدا دەنووسم.

ئەو ڕۆژەی لە سەرەتاوە باسم کرد، ساتێک بە لای دوو قوتابی کچی زۆر خنجیلەدا ڕەت بووم خێرا ڕایانکرد تا لە من دوور کەوتنەوە!!، ئەمەم زۆر پێ سەیر بوو ئاخۆ تۆ بڵێی شاخ لە سەرمەوە ڕوابێ یان ماری ئەژدەهاکم لەسەر شان بێت! بەهەرحاڵ هیچ تێنەگەیشتم!. دەمێکی تر دوو سێ منداڵی تر گەیشتنە ئاستم ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە بە غاردان لە تەنیشتمەوە ڕایانکرد! ئاوڕم دایەوە بۆ دوای خۆم ئایا هیچ دیمەنێکی ترسناک یان کەسێک هەیە تا ئەم منداڵانە سامی لێ بکەن؟ یان شتێک هەیە سەرنجی ڕاکێشابن تا بەرەو ڕووی

ئۆغر بکەن؟ ئەم جارەش لە هیچ حاڵی نەبووم و هەرچەندیش بیرم دەکردەوە نەدەگەیشتمە هیچ ئاکام و قەناعەتێک. لەو کاتەی وەرچەرخام بە لای کۆڵانەکەی خۆماندا چەند قوتابییەکی تر دەهاتن و دەچوون و هەندێک رووە و قوتابخانە و هەندێکیان بە پێچەوانەوە، لەنێو ئەو قوتابییە منداڵانەدا کچە بچکۆلەیەکی زۆر وردیلە و خوێن گەرم قۆڵی کوڕە ژیکەڵەیەکی رادەکێشا «لەوە دەچوو برای بێت» و دەستی بۆ من راکێشا و دەیووت هەڕە، خێراکە وەرە ئەو ریشنە تیرۆریستە!! چەند جارێ هاواری لێ کرد و کوڕە منداڵەکەش ئاوڕی بۆ من دایەوە وەک چۆن بسمیلا لە جندۆکە دەکەی وەها رایکرد لە بەرچاوم ون بوو. منیش ئیدی لەوە حاڵی بووم تاکە شتێک ئەم منداڵانەی ترساندووە نە چەکە، نە شەیتان، نە شەولەبان نە هەورە تریشقە نە هیچ شتێکی تر، بەڵکو ئەوە ردێنە درێژەکەی من بوو زراوی بردبوون و تۆقاندبوونی.

دوای ئەمە بە چەند چرکەیەک گەیشتمە بەردەم دەرگایماڵەوە و کاتێک چوومە ژوورەوە لە بری ئەوەی رووەو ژووری کتێبخانە بچم و گۆڤارەکە بخوێنمەوە، بەڵکو چوومە بەردەم دەستشۆر و دەستم کرد بە ریش تاشین و کولم و دەموچاوی خۆمم کرد بە هەسانی ساف. نازانم کارێکی چاکم کرد یان نا بەوەی ریشم تراشی؟ بەڵام من وا ئاسوودە دەبم نەبمە مایەی ناڕەحەتی و تۆقین بۆ هیچ کەسێک جا بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە منداڵ قوتابی بێت. ئەمە تێپەڕی و رۆژی دواتر بەیانییەکەی چوومە گازینۆی شەعب و لەگەڵ دووسێ هاوڕێی ترمدا خەریکی چا خواردنەوە بووین و بە دەمییەوە گفتوگۆمان دەکرد، من لە قسەکانمدا باسی ئەم رووداوەم بۆ هاوڕێکانم کرد و تا راددەیەک بابەتەکە بوو بە گاڵتەجاڕیی و تۆزێکیش پێکەنین. یەکێک لەو هاوڕێیانەم باسی ئەوەی کرد چەند رۆژێک لەوەوبەر لە هەولێرەوە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی، لە گەراجی سلێمانی لە شاری هەولێر لە کاتێکدا ویستبووی لەگەڵ خوشکەکەیدا بە تاکسی بگەڕێتەوە، بەڵام لەناکاو پیاوێکی ریش درێژ و شەرواڵ کورت دەیەوێ سواری ئەو تاکسییە بێت ئەوان دەیانویست پێی بگەڕێنەوە، بەڵام لە ترسدا بێ ئەوەی بزانن کێیە و چییە لە تا کسییەکە دابەزیبوون! هاوڕێیەکەم باسی ئەوەشی کرد کابرای ریش درێژ لە تاکسییەکەدا مایەوە، بەڵام هەر نەفەرێک دەهات و ئەوی

لەناو تاکسییەکەدا دەبینی سەرنەدەکەوت، تا کابرا لە چاوەڕوانیدا بێزار بوو تاکسییەکەی بە تایبەتی بۆ خۆی گرت!.

ڕەنگە ئەم دوو نمونەیە کە یەکێکیان بەسەر خۆم هاتووە و ئەویتریان بەسەر هاوڕێیەکمدا تاکە نموونە نەبن بەڵکو تنۆکێکە لە دەریای نموونەکان. بەڵام هەردەم بیر دەکەمەوە ئاخۆ دەبێ چ پەیوەندییەک هەبێت لە نێوان ریش و تیرۆر و تۆقاندندا؟ ئایا موو بۆچی رقی لە ژیانە و بە کون فەیەکونێ مرۆڤ لەوپەڕی ژیانویستییەوە دەکاتە مەرگدۆستێکی خۆکوژ؟ ئایا ئەوە ریشی زەرقاوی و قەرەزاوی و زەواهیری و بن لادن نییە ئەو وێنایەی لە مێشکدا لەلا چەسپاندووین؟ خۆ ئەگەر بە ریش بێت ئەوا مارکس و ئەنگلز و تۆلستۆی و چێ گیڤارا پێغەمبەری تیرۆریستەکانن!. هەندێک جاریش بیر لەوە دەکەمەوە تۆ بڵێی ئەمە کاریگەریی ماسمیدیاکان نەبێت لەسەر خەیاڵگەی تەنانەت منداڵانیش کە بەردەوام پۆرترێتی کەسی تیرۆریستیان لە پێش چاوە؟ یان بەهۆی ئەوەوەیە دوژمنانی تیرۆریستان بەردەوام ریشیان تراشیووە و دەمووچاویان لەگەڵ موو نامۆیە؟. من نازانم بۆ دەبێ چۆن لە ماتماتیکدا یەک و یەک دەکاتە دوو ئاوهاش ریش و تیرۆر یەکسان بن بە یەک؟ ڕەنگبێ کاتی ئەوەش هاتبێت ئەو وێنەیەش لە خەیاڵدانماندا کاڵ بکەینەوە بەردەوام پێمان دەڵێ ئیلا و بیلا کەسی تیرۆریست لە بستێک کەمتر ریشی نییە. دواجار تەنیا تکایەکم هەیە ئەگەر هەر قەرارە کەسی ریشدار تیرۆریست بێ یان تیرۆریست ریشداربێ ئەوە پەشێوی شاعیر و ناسر حەسەنی دەرهێنەر و سوهرابی بلیمەتی لێ ببوێرن.

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٢٥)ی ڕۆژنامەی (نێوەند) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٧ بڵاو بووەتەوە.**

# نامەیەک بۆ لیندای خۆشکم
## جاران تۆ خوشک و هاوڕێم بوویت ئێستا شەرەفی منیت

خوشکەکەم سڵاو

چاوی غەریبیت ماچ دەکەم، بەقەد ئاوی زەریاکان فرمێسکم پێویستە لە دووریی تۆ

خوشکەکەم، نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم، هەروەک چۆن نازانم لە کوێ کۆتایی بە نامەیە بهێنم

با لە رابردووەوە، بڕژێینە ناو ئێستاوە

بە بیرت دێ، ئێمە منداڵ بووین، سەیری پەلکە زێڕینەمان دەکرد و دەمانووت ئەوە پرچی ئایشە و فاتمەیە؟.

دونیا چەندە ساکار بوو، هێندەیی منالّیی ئێمە ساکار بوو.

بیرت دێ، لە کۆڵانەکانی شێخ محێدین و عەقاری کچ و کوڕانی گەڕەک شەڕە ئاومان دەکرد؟. ئێستا مەلایەک لە سووچی هەموو گەڕەکێک وەک قارچک هەڵتۆقیوە شەڕە ئاویشیان لێ حەرام کردووین.

جارانت بیرە؟ هەریەک لە ئێمە کاسێتێکی مادۆنا و جۆرج مایکڵ و سیمۆن و ئەترەش لە گیرفانماندا بوو، هەمیشە گوێمان لێدەگرتن؟. ئێستا دنیاکەی ئێمە گۆڕاوە، هەر ئێمەین دەیان سی دی ئەم مەلا و ئەو مامۆستای سەلەفیمان لەسەر مێزی تیڤییەکەمان ریز کردووە. ئێستا ئێمە گوێ لە ئەوان دەگرین. ئەوسا بە تەسجیلێکی رایزن یان جۆسۆنیک گوێمان لە پۆپ و جاز و رۆک دەگرت، ئێستا مۆسیقا حەرامە و گوێ لە وەعزی مەلاکان دەگرین. ئێستا موبایلە

ئایفۆنەکەمان پڕە لە خوتبەی جومعە. وا مەزانە درۆ دەکەم. ئێمە ئێستا زۆر گۆڕاوین.

بیرتە جاران، ماڵەکەمان پڕبوو لە کتێبەکانی جوبران و ئەنیس مەنسور و تەرابیشی و سەمیر ئەمین و قەبانی و نازک مەلائیکە، تژبوون لە نوسراوەکانی لینین و چیخۆف و برێخت و دیستویفسکی.؟ ئێستا ماڵەکەمان برمێت بەسەر کێتبەکانی یوسف قـەرەزاوی و سەید قوتب و ئیبن باز و فەتحی یەکون و سەید سابق و عەفیف تەبارە و رەمەزان بوتیدا دەرمێت. ئێستا ماڵمان بووە بە ژوانگەی بە یەکگەیشتنی هەموو سەلەفییەکانی جیهان.

بیرت دێ، ئەوسا گرنگیمان بە کتێبی ئەو دە رۆژەی جیهانی هەژاند، مردووخۆرەکان، خەباتی گەلی ڤێتنام، رەوشتەکانی ئیمپریالیزم لە سایگۆن، دەدا؟ بیرت دێت کتێبی «جریمە و العقاب»، «ئاناکارنینا»، الژین هبگوا من السماو، لە خۆشەویسترین کتێبەکانی ئێمە بوون؟. نەخێر ئێستا وێڵین بە دوای کتێبی جۆرەکانی دارسیواک و سوودەکانی رۆن رەشکە و چۆنێتی دەرکردنی جنۆکە لە لەش و کتێبەکانی چۆنێتی تارات هەڵگرتن.

سەرت سوڕ نەمێنێت، لە هیچ. با شتی دیکەت بیر بخەمەوە. بیرت دێ ئێمە هەر یەکێکمان پاندانێک بە یەخەمانەوە بوو؟ ئێستا شوێنی ئەو پاندانە گۆڕاوە بۆ دارسیواکێک!!. بیرت دێت چاکەت و پانتۆڵی جوانم لەبەر دەکرد و زۆر شیک بووین؟ نەخێر ئێستا حەزمان بە شەرواڵی کورتە کە ڕەقایی پاژنەی پێت بە دەرەوە بێت. بیرتە حەزت لە تەنورەی کورت و شارستۆنی تەنک دەکرد؟ ئیتر ئەوە بۆ تۆ دەست نادات کە هاتیتەوە دەبێت باڵاپۆش بیت و تەنانەت رازی نیم نوکی پێت، نا نا هیچ شوێنێکی جەستەت هێندەی نوکە دەرزییەکیش دیار بێت.

بیرت دێت، کچ و کوڕانی گەڕەک هەمووی هاوڕێ بووین و بەدەم یەکەوە دەتریقاینەوە؟. ئـەوە نەما ئەستەغفیروڵا ئـەوە حەرامە، حـەرام، چیتر ئەوە رێگەپێدراو نییە، ژن و پیاوێک، نێر و مێییەک، بە تەنیا کۆ ببنەوە، سێیەمیان بێگومان شەیتانە. بیرت دێت جاران رازی دڵت بۆ من دەکردەوە؟ بیرت دێت هاوڕێ بووین و هیچمان لە یەکتر نەدەشاردەوە؟ ئێستا خوا هیدایەتی داوین، دەزانم نابێت هاوڕێ بین و هەموو شت قبوڵ بکەم، چونکە ئیدی تۆ شەرەفی

منیت، پارێزگاریی لە شەرەفیش پارێزگارییە لە دین و ئیمان.

لیندا خوشکی بەڕێزم، ناوەکەت ناشەرعییە وەک ناوی خۆم، هیوادارم دوای هیدایەت ناوی خۆت بۆ زەینەب یان عایشە بگۆڕیت. ئیتر ئەوە منی تازەم، چونکە ئەو کولتوورەی جاران تۆی تیا دەژیایت ئێستا بووە بەم فەرهەنگەی بۆم باسکردیت. دایکمان مینیجۆبی فڕێداوە و حیجابێکی سەرتاپۆشی لەبەردایە، مامیشم کە شەو تا بەیانی عەرەقی ئەبونەخلەی دەخواردەوە، ئێستا سمێڵی کورت کردۆتەوە و خەریکە دەبێتە هارونە رەشید.

دووبارە سڵاو خوشکەکەم هیوام وایە تێبگەیت.

**سەرنج: ئەمە نامەیەکی وەهمییە، زادەی ئەوەیە خەریکە کولتووری ئیسلامی سەلەفی دەبێتە کولتووری باو. کار وا بڕوات پێشبینی دەکەم منیش رۆژێک نامەیەکی لەم شێوەیە بنووسم.**

**٢٠١٢-١١-٢٥**

تێبینی: ئەم وتارە لە سەرەتای مانگی دیسەمبەری ٢٠١٢ لە زۆرێک سایتە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

# نا بۆ سزای لە سێدارەدان

**توندوتیژیی بەهەموو شێوەکانییەوە رەت دەکەمەوە، جا ئامانج و فۆرمەکانی هەرچییەک بن، لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ بن**

**ئەدۆنیس**

**حەکیم ئەو کەسەیە بیر لە ژیان دەکاتەوە نەک لە مردن**

**سپینۆزا**

ئیعدامکردنی گەورە دیکتاتۆری نێو مێژوو سەدام حسێن، لە زۆر رووەوە جێگەی خوێندنەوە و ورد بوونەوەیە، لە راستیدا عیدامکردنەکە لەسەر دەستی وەزارەتی ناوخۆ و دەوڵەت نەبوو، چونکە بەهۆی دزەکردنی ئەو دەنگ و وێنانەی لە ژووری ئیعدامەوە هاتنە دەرێ، زۆر بە روون و ئاشکرایی دەرکەوت، ئەوی سەدامی لە قەنارە دا گەل و حکومەت نەبوو، بەڵکو رێک و رەوان کردەیەکی تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی و بنەماڵەیی بوو لەسەر دەستی سوپای مەهدی و پیاوەکانی موقتەدا سەدر و کۆماری ئیسلامی ئێران. تەنانەت تاوانەکانی رەشەکوژیی خەڵکی دوجەیل وەک دەڵێن تنۆکێکە لە دەریا و ئۆقیانووسی تاوانەکانی ئەو دیکتاتۆرە. پەلە پەلکردنیش لەو کردەیە ئەوەندەی تر گومانی لای چاودێرانی سیاسیی و گەلان و زۆرینەی هاووڵاتیانی عێراق دروست کردووە کە ئەمە تۆڵەسەندنەوەیەکی شیعیی رووت بوو.

لە هەمان کاتدا ئەوەی لە بەرەبەیانی رۆژی ۳۰ کانوونی یەکەمی ۲۰۰٦ روویدا دەرخەری ئەوە بوو تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و قڕکردنی کورد

بە هیچ شێوەیەک حیسابیان بۆ نەکراوە و ناکرێت. بەهەمەحاڵ دوای سێ ساڵ لە دەستگیرکردن و زیندانیکردن سەدام کۆتایی پێهات، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە ئەوەیە لە مانا و مەغزاکانی ئەم کۆتایی پێ هاتنە تێبگەین. بە بۆچوونی من لە شۆڕشی فەڕەنسا و ساتی سەر پەڕاندنی لویس و ماری ئەنتوانێتنەوە بە میقسەڵەکەی شۆڕش هەتا دەگاتە ڕۆژی ئەمڕۆمان ئەوە یەکەمین جارە جەلادێک لەسەر جینایەتەکانی ببرێتە بەردەم پەتی سێدارە، بەڵام لەم ماوەیەدا ملیۆنان تێکۆشەر و ئازادیخواز ئەو تاڵاوەیان پێ نۆشراوە. ئەوەی جێی مەبەستی منە، چۆنێتی پێشوازییکردنی گەلی کوردستان بوو لە کردەوەی عیدامکردنی سەدام حسێن.

لێ زۆرێک لە شرۆڤەکاران ناگەرم و گوڕیی شەقامی کوردییان گەڕاندەوە بۆ ڕەنجاندنی ئەم شەقامە لەلایەن دەسەڵاتی خۆماڵی کوردییەوە کە هیچ شتێک نییە لە خەمەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام بە دیوێکی تردا ئەو واتایە لە خۆ دەگرێت گەلی کورد گەلێکی میهرەبان و بەخشندەیە و تەنانەت نایەوێ بەو جۆر و شێوازە دوژمنەکانیشی سزا بدات و لەناویان ببات. پێشوازیی نەکردنی گەرم و پڕ حەماسی گەلی کورد لە عیدامکردنی سەدام هیچ کاتێک بە مانای لێخۆشبوون نەبووە لە تاوانە دڕندانە و زۆر و زەوەنەکانی ئەو دیکتاتۆرە و ڕژێمە لەناوچووەکەی، بەڵکو کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی سایکۆلۆژیای میللی و جەماوەریی بوو کە ئەم گەلە خۆشیی نایەت لە عیدام و ئەو جۆرە لە فەوتکردنی مرۆڤەکان. ئەم حاڵەتە سەرەتایەکی زۆر ئیجابی بوو کە لەمەو بەپاش ئیدی سزای ئیعدام لە کوردستان کۆتایی پێ بێت و یاساغ بکرێت، چونکە کۆدەنگییەکی میللی و جەماوەریی لەسەرە و خۆشبەختانە خەڵکی کورد خۆی دوور خستۆتەوە لە نەریتی توندوتیژیی و تۆڵەسەندنەوەی کوێرانە و هۆڤانە.

بە پێی لۆژیکیش لە گەردووندا هیچ کەسێک مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینراوە لە ژێر هیچ پاساوێکدا ژیان لە مرۆڤەکانی تر وەربگرێتەوە، بە تایبەتی بەو کوالێت و جۆرە ناپەسەند و ملهوڕانەیە. سەدام وەک گەورەترین دیکتاتۆر و خوێنمژ لە سێدارە درا و ڕۆیشت، بەڵام هاوزەمان شەقامی کوردیی بە ئەزموون و واقیعی ئەوەی نیشان دا سزای عیدامکردنی مرۆڤ کردەیەک نییە

کە خۆشحاڵی بکات.! بەدیتنی من پێویستە ئەم سەرەتا زۆر گرنگە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێت، بکرێتە هەنگاوی یەکەم لە راستای لەناوبردنی سزای لە سێدارەدان لە سەرتاسەری کوردستاندا. خەڵکی کوردستان یادەوەریی تاڵی لەگەڵ ئەو سزایەدا هەیە و نایەوێ جارێکی تر ئەو چینە لە یادەوەریی بێتەوە سەرەوە و هەمان دیمەنی لە سێدارەدان و کوشت و بڕی ڕابردوو لە نزیکەوە و لەسەر شاشەی T.V ببینێت، چونکە دەیەوێت لە قۆناغێکدا بژی کە بە فیعلی دابڕابێت لە قۆناغی پێشوو کە عەهدی سەرکوت و ئیعدام و گۆڕی بە کۆمەڵ بوو. ئەمڕۆ گەلی کورد بە بێدەنگی و ئیقاعێکی لەسەرخۆ وتی: نا بۆ سزای سێدارەدان.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەی (نێوەند) لە رۆژی ٢٠٠٧\١١\١٨ بڵاوبووەتەوە.

# گەلۆ بیرتانە بەفر گڕی گرت؟

منداڵ بووم ئەو کاتەی فەرهاد سەنگاوی لە رادیۆی گەلی کوردستانەوە هاواری دەکرد: بیرتانە بەفر گڕی گرت؟. وەک خۆم بیرم نایەت بەفر گڕی گرتبێت، وا بزانم جارێکیان باوکم بوو وتی: ئەو ساڵەی بەفر گڕی گرت، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم!!، ئەو دەمە وەک منداڵێک حەزم لە بینینی دیمەنی قرچەقرچ و سووتانی بەفر دەکرد و گلەیم لە بەختی خۆم دەکرد لە سەردەمی روودانی ئەو ئەفسانە و رووداوە سەیر و غەریبانەدا لە دایک نەببووم، بە تاسەوە بووم دیمەنێکی موعجیزەئاسای وەک گڕگرتنی بەفر ببینم، لێ داخی گرانم هەتا گەیشتمە ئەم تەمەنە هەر لەچاوەڕوانیدام، بەڵام ئەم هەفتەیە پێچەوانەکەیم بینی: وەختێک ئەو شەپۆلە سەرما و سۆڵەیە رووی لە سلێمانی کرد بەچاوی خۆم بینیم زۆپا داگیرساوەکەی ژووری میوانەکەمان لە سەرمادا هەڵترووشکاوە و رەق بووەتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی هەڤاڵ فەرهاد سەنگاوی داوای بینینیمان لێ دەکات من رەقبوونەوەی ئاگر و کڵپەم بینی! ئەم باوباکوت و موعجیزە گەورەیە (دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی تیا نییە لە هەڵکردنیدا) جگە لەوەی رەوشی سلێمانی گەیاندۆتە هەمان رەوشی دوای قڵیشانەوەی هەشتاکان یان رۆژانی (منع التجول)ی سەروەختی حوکمی سەدامی فەوتبوو لە چۆڵی جادەوبانەکاندا، بەڵام لە سایەی کارەبا فوولەکەی حکومەت و خزمەتگوزارییە بەردەوامەکانی شارەوانی ئازیزدا: شار بوو بە پارچەیەک سەهۆڵ.

سلێمانی ئەم هەفتەیە لە بەلقیس نەدەچوو تارای زیوینی پۆشیبێ بەڵکو لە

کڵۆیەک سەهۆڵ دەچوو لە فریزەری یەخچاڵێکدا، سلێمانی لە (دەواری بەر رەشەبا) دەچوو. هەندێک کەس رەنگە بڵێن خەتای حکومەت چییە خۆ بەفربارین و هەڵکردنی رەشەبا بە فەرمانی ئەو نییە؟ زۆر راستە ئەو دوو شتە بە دەست ئەو نین (ئەگەر بە دەستی بوایە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆ گەورەترین ئافاتی دەنایەوە) بەڵام خۆ بەدەستێتی رێگە و بانێکی باش و کۆمەڵە شەقامێکی مودێرن دروست بکات تا ئەو هەموو کارەساتی ترافیکە لەو چەند رۆژەدا روویان نەدایە، خۆ حکومەت دەیتوانی کارەبایەکی بەردەوام و بەپێی پێویست بدات تا لە ژێر حەوت بەتانییەوە هەڵنەلەرزینایە، خۆ دەیتوانی ئەم چەند ساڵە کارێکی وەهای بکردبا خەڵکی وا بە هیلاک نەچووبان. ئاواش هەر باش و هەرزان لەو سەرماوسۆڵە دەرچووین، تەنیا چەند بەلوعەیەک و چەند دەبەیەک نەوتی زیایە زیانمان کرد، بەڵام ترسی هەرە سەرەکی من لەوەیە ئەگەر زەمین لەرزەیەک یان خوا نەخواستە کارەساتێکی سروشتی روو لە وڵات بکات ئەم حکومەتە دەستەوەستانە چۆن رووبەڕووی دەبێتەوە؟ ئێستا و لە ماوەی شانزە ساڵی دەستەڵاتیاندا چوار شەقام و دوو کۆڵانە بۆیان قیرتاو ناکرێت، ئەگەر کارێکی وا رووبدات لە بری قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە بۆ هەر یەکێکمان پێنج هەزار دۆلار تەرخان دەکەن و هەر خۆیان قاچاخچیمان بۆ دەگرن دەماننێرن بۆ هەندەران، چونکە نە دەتوانن بەرەنگاریی رووداوێکی وەها بکەن نە دەتوانن شارێکی پڕ کێشە و بێ خزمەت ببوژێننەوە چجای شارێکی وێران و خاپوور بوو.

بۆیە هەقوایە بەردەوام لە ئاسمان بپاڕێینەوە و بڵێین: خودایە قەت پلەی گەرمای وڵاتەکەمان لە ٥ پلە ژێر سفر خوارتر نەبێتەوە، خودایە نە رەشەبای توند نە زریان نە لافاو روومان تێنەکات، خودایە بمانپارێزی لە زەمین لەرزە چونکە ئەگەر پێشی نەمرین، حکومەتی هەرێم بە ئاخ و کەسەر و مەراقی ئاوەدانکردنەوەی وڵات گۆڕمان بۆ هەڵدەکەنێت. ئەمساڵ ساڵی رەقبوونەوەی ئاگر بوو، تا بڵێی ناڕەحەت و دژوار بوو تەنانەت ژیان وەستا!!،تۆ بڵێی ئەو ساڵەی بەفر گڕی گرت هەروا بووبێت؟.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٣٤)ی رۆژنامەی (ئاڵا) لە رۆژی ٢٠٠٨\١\١٥ بڵاوبووەتەوە.

# مونازەرەکەی مەلا بەختیار و نەوشیروان مستەفا

وەک بینیمان «مەلا بەختیار» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە رۆژنامەی»چاودێر»ەوە بانگهێشتی نەوشیروان مستەفای کرد بۆ رووبەڕووبوونەوە لە مونازەرەیەکی کراوەی تەلەفزیۆنییدا. دیارە مەبەستی سەرەکیی»مەلا بەختیار» لە سازدانی ئەو مونازەرەیە راکێشانی نەوشیروانە بۆ نێو گفتوگۆیەکی راستەوخۆ، کە بێگومان هەم دەبێتە هۆی بەتاڵبوونەوەی ئەو ئەفسوونەی لە دەوری ناوبراو دروست کراوە، هەمیش دەبێتە پەردە هەڵماڵینێک لە رووی راستەقینەی نەوشیروان مستەفا نەوەک چاکساز نەبووە بەڵکو بە قەبارەیەکی ترسناک بەشداربووە لە پەرەپێدانی ئەو کولتوورە سیاسییەی ئێستاکێ بە حیساب لە دژی وەستاوەتەوە و چاکسازیی تێدا دەکات. ئەم بانگهێشتەی مەلا بەختیار یەکێکە لە هەنگاوە هەرە زیرەکەکانی باڵی بەرامبەر لە دژی ئەو باڵەی نەوشیروان کە زیاتر لە وتاری «ئێمە و ئەوان»ەوە خەتەکانی دیاریکرد و خۆی لە باڵی گشتیی یەکێتی پێ جیاکردەوە. بێ هیچ سێ و دوویەک ئەو بانگهێشت و دەستپێشخەریی و پێشنیارەی «مەلا بەختیار» بۆ ئەوە نییە لە رێگەی مونازەرەیەکەوە بگەنە ئەنجامێکی ئیجابیی، بەڵکو جۆرێکە لە سەلماندن بە نەوشیروان ئەویش وەک ئەوان بە قەبارە و سەنگی خۆی بەشدار بووە لەو «ناعەدالەتی»یەی ئەورۆ لە وتاری «ئێمە و ئەوان»دا بە توندیی رەخنەی جیددی لێ گرتووە.

لە باری واقیعیشەوە نەوشیروان مستەفا نە ئەوەیە خۆی لە یەکێتی دابڕێ بێت و ئەوەی راگەیاندبێت ئەو ئیتر یەکێتی بە خێر و شەڕییەوە رەت دەکاتەوە،

نە ئەوەشە وەک دەستی چەپی یەکێتی درێژە بە چالاکیی بدات، ئەو لەلایەکەوە وتاری «ئێمە و ئەوان» دەنووسێت و لەلایەکی دیکەشەوە خۆی بە هاوبەش و پشکدار دەزانێت لەو بودجە و داهات و سەروەتەی هەنووکە بەدەستی «یەکێتی»یەوەیە. لەسەرێکەوە دەیەوێت وەک باڵی ریفۆرمخواز و ئۆپۆزیسیۆن نمایشی خۆی و کۆمپانیای وشە بکات، لە سەرەکەی دیکەشەوە هێشتا خۆی بە بەشێک لە جیسمی یەکێتی دەزانێت و رەوایی بە خۆی دەدات چەندێک ئارەزووی دەکات لە داهات و سامانی ئەو پارتییە پشکدار و برابەش بێت. ئیدی فەلسەفەی ئەو مونازەرەیەی مەلا بەختیار داوای کرد و نەوشیروان رەتی کردەوە، هەر لەوەدا نەبوو ئەو دوو کەسە کە ناکۆکییەکی قووڵ و مێژوویيان لەگەڵ یەکتر هەبووە و هەیە، کێشەیەکی شەخسیی نێوان خۆیان یەکلابکەنەوە، چونکە وەک وتمان مەبەستی سەرەکیی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو کەسایەتییە لە رێی مونازەرەیەکی کراوەی تەلەفزیۆنیی و لە بەردەم رای گشتیی و چاوی جەماوەردا، بە چۆکداهێنانی نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیایەکەیەتی بە تایبەت لە رێی خستنەڕووی پانۆرامای کردەوە و چالاکییەکانی نەوشیروان مستەفا لە مێژووی یەکێتیدا.

هەروەها لە رێگەی ئەو لێکدژیی و ناکۆکییەی ئێستاکەش بە هەڵوێستەکانییەوە دیارە، کە وەک ئاماژەمان پێدا لە روویەکەوە ئەندازیاری چاکسازیی و داینەمۆی هێزی بەرهەڵستکارییە و لە رووەکەی تریشەوە بەشێکە لە دەسەڵات و پارتییەکی سەرەکیی دەسەڵات. من وا تێدەگەم نەوشیروان مستەفا دەبێت رێگەیەکی رۆشن بگرێتە بەر. رێگەی خۆ یەکلاکردنەوەی یەکجارەکیی، یان هەڵبژاردنی بەرەو سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن، یاخۆ بەشدار و بەشێک لە رەوتە گشتییەکە. لەوە بە دواوە یاریکردن لەنێوان ئەو دوو سەنگەرەدا مەهامەکەی بەتاڵ دەکاتەوە و لە پێش چاوی هاووڵاتیانیش سەنگ و بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت. بۆیە ئەگەر ئەمڕۆش بە پاساوی بەهێز و تا راددەیەک قەناعەتپێکەر خۆی لە داواکەی مەلا بەختیار بدزێتەوە، ئەوە بێگومان لە داهاتوودا دەیان داوای تری هاوشێوەی بەرەو ڕوو دەکرێتەوە، تەنانەت لەلایەن هێزەکانی تریشەوە هەمان ئەو داوایەی لێ دەکرێت، بێگومانیش خۆدزینەوە لە هەموو داوا و پێشنیارەکان جگە لەوەی

متمانەی کاڵ و کاڵتر دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکاری داڕوخانی یەکجارەکی پڕۆژەکەی کە ناوی چاکسازیی و شەفافیەتی لێناوە. ڕەنگبێ ئەم گلاستنۆس و پرۆسترۆیکایەش هێندەی ئەوەی گورباتچۆف ڕۆڵی هەبێت و سەرئەنجامەکەی بەداخەوە ناخۆش و تراژیدیی بێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٥٧»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاوکراوەتەوە.

# حزبی زەحمەتکێشانی ساختە

ئەو لێکترازانەی لە مانگی رابردوو لە ریزەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا روویدا، لەسەر جیاوازیی فیکر و بۆچوون نەبوو، هەروەک چۆن پەیوەست نەبوو بەو ئیدعایانەی باڵی جیابووەوە بانگەشەیان بۆ دەکرد. وەک چاودێرێک بایی ئەوە زانیارییم هەیە، لە ریزەکانی ئەو پارتییەدا کۆمەڵێک کێشە هەبوو، بەڵام هەرگیز قابیلی ئەو کودەتایە نەبوو ئەو دەستەیە بەسەر حزبەکەی خۆیاندا هێنایان، بەڵام وەک زۆریش وتراوەتەوە هەڵبژاردنی ئەو ساتەوەختە بۆ جیابوونەوە، گووتاری جیابووەوەکان، راستەوخۆ گومانی زۆربەمانی بەلای ئەوەدا راکێشا بەداخەوە دەستێکی سیاسیی کە لە دوو حزبەکە سەرەکییەکەی کوردستان تێناپەڕێت لە پشتی ئەو لێکترازانەوە هەیە، یان بە زمانێکی تر ئەو جیابوونەوەیە مینێکی سیاسیی پارتی و یەکێتی بوو بۆ لاوازکردنی جەستەی زەحمەتکێشان بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردندا.

لەهەموو ئەمانە جیاوازتر، ئەو برادەرانەی لە حزبی زەحمەتکێشان جیابوونەوە، هەر بە هەمان ناوەوە کار دەکەن و هەرواش خۆیان بە زۆرینە دەزانن، وا تێدەگەن بەبڕیاری «تەجمیدکردن»ی سکرتێری گشتیی دەتوانن کارێکی نارەوا کە بە تەحریکی پارتی و یەکێتی کردوویانە، رەوایی وەردەگرێت و خەڵکیش بە دەهۆڵیان هەڵدەپەڕێت. وەک خۆم لەو بڕوایەدام بە دەرکردنی رۆژنامەیەک بەناوی «ئاڵای ئازادی»یەوە و بە سازدانی کۆنگرەیەک بە ناوی «کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشان»ەوە نابنە جێگەی متمانەی خەڵک، چەندە پارتی دیموکرات و شۆڕشگێڕی کارتۆنیی سەردەمی بەعس، بوونە ئەم پارتییەی ئێستا، ئەو زەحمەتکێشانە کۆپیکراوەی «کاک بەهمەن و کاک بەڵێن»

هەرئەوەندە دەتوانێت ببێتە ئەو حزبی زەحمەتكێشانەی ئێمە دەیناسین. وەختێک حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان بە سەرۆكایەتی «قادر عەزیز» كۆنگرە دەكات، میدیای پارتی و یەكێتی بە ئاشكرا بایكۆتی دەكەن، وەختێک بوودجەی حزبی زەحمەتكێشان دەدرێت بە دەستەی جیابووەوە، وەختێک گرنگییەكی بەرچاو لە زاگرۆس تیڤییەوە دەدرێت بە كاک بەڵێن و كاک سەعد، ئەم دیمەنانە هیچی دیكەمان بۆ تەفسیر ناكەن، جگە لە روونكردنەوەی ئەوەی ئەو لێكترازانەی ئەو دەستەیە لە ریزەكانی حزبەكەیاندا دروستیان كرد بە هاندانی دەستێكی دەرەكیی بووە بەتایبەت بۆ لاوازكردنی هێزی زەحمەتكێشان وەک هێزێكی ناڕازی و ئۆپۆزیسیۆن.

تراژیدیای ئەو دەستە جیابووەوە لەوەدایە وا دەزانن بە بینینی مام جەلال و دانپیانانی پارتی و یەكێتی بەواندا دەبنە زەحمەتكێشانی راستەقینە، لە كاتێكدا ئێمەومانان لە دەرەوە بەو هەڵوێستانە گومانەكانمان دەگۆڕێت بۆ یەقین و وەهامان لێدەكەن هەرگیز بڕوا نەكەین ئەوان زەحمەتكێشانن. ئەو كۆنگرەیەی دەستەی جیابووەوە لە هەولێر بە ئامادەبوونی دەمسپییەكانی پارتی و یەكێتی گرێیاندا، گرتەیەكی ئەو فیلمە بوو، هەموو واقیعی ئەو دەستەیەی تێدا روون بووەوە، وەک برادەرێكی نێزیكم وتی لە دەموچاوی یەک دوو لە سەرپەرشتیارانی ئەو دەستەیەدا چیترم نەخوێندەوە جگە لە دڵەڕاوكێ و بێزاریی. ئاخر پارتی و یەكێتی تا ئێستا داننانێن بە پارتی چارەسەری و كۆمپانیاكەی بەڕێز نەوشیروان مستەفادا، هەر ئێستاش پارتی چارەسەری بارەگاكانیان داخراوە و گووشاریان لەسەرە، ئاخۆ چی بووە وا گرنگییەكی لە رادەبەدەر دەدەن بەو دەستە گچكۆكەیەی لە حزبی زەحمەتكێشان جیابوونەتەوە؟. ئایا ئەوان هێزیان لە نەوشیروان مستەفا و پارتی چارەسەری زیاترە؟ بێگومان نەخێر، دیارە ئەو هۆكارەی پاڵی ناوە بە سەرانی پارتی و یەكێتییەوە لە سەفی پێشەوەی كۆنگرەكەی زەحمەتكێشانی تەزویردا دابنیشن، هێنانەدی خواستی ئەوانە، ئەو خواستەش دژایەتی و لێدانە لە پێگەی حزبی زەحمەتكێشانی راستەقینە كە بە بڕوای من ئەمەیان «قادر عەزیز» رابەرایەتی دەكات.

پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت «کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات». ئێستا برادەرانی ئینشقاق سیمای راستەقینەی خۆیان دەرخستووە، بۆیەکا چیتر پێویست نییە کاک قادر عەزیز کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی ببەستێت و راستییەکانی تێدا روون بکاتەوە، چونکە کەمێک هۆشیاریی سیاسیی بەسە بۆئەوەی بزانین برادەرانی ئینشقاق چ کارەن و بۆچی تەنیا بە لێکترازانی حزبەکەیان دڵیان ئاوی خواردەوە؟. ئینشقاقی ساڵی ٢٠٠٥ هەر بەهەمان شێوە بوو، دواتر کەفوکوڵەکان دامرکانەوە و شەمەندەفەرە هەر لە کاروان بەردەوام بوو، ئێستاش نەبێت سبەی دەردەکەوێت کێ بە راستی خاوەنی حزبی زەحمەتکێشانە؟ بە بڕوای من ئەو حزبی زەحمەتکێشانە تەزویرەی هەر بەو دەستە دەرەکییەی «وەک باس دەکرێت» قووتکراوەتەوە، بە هەمان دەستیش کۆتایی بە ژیانی دەهێنرێت، بۆیەکا پێموایە زۆر بژی هەر ساڵێک دووانی ترە، چونکە لەوەتی دنیا هەیە مزەوەر نەیتوانیووە لە رەسەنی بباتەوە. من قسەیەکی ترم نەما.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٦٢)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی نیسانی ٢٠٠٩دا بڵاوبۆتەوە.

# یەکێتی شکستی نەهێناوە

دەنگێکی کۆراڵئاسا لە ناوەندی رۆشنبیریی و رۆژنامەوانی کوردییدا لەسەر بنەمای سۆزی رووت، بێ دیقەتدان و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی دۆخی دیفاکتۆی سیاسیی و حزبایەتی لە کوردستان، دەیەوێت بمانخەتە سەر کەڵکەکەی ئەو بڕوایەی یەکێتی شکستی هێناوە و ئەمەش گلانی هەتاهەتاییە و حەتمییەتە تراجیدییەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە. لە راستیدا ئەم هزرینە زۆر تەسک و ناواقیعییە، لێ یەکێتی لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، بووە هێزی سێیەم، بەڵام ئەمە مانای دۆڕان نییە، ئەسڵەن لە رووی جەماوەرییشەوە یەکێتی لەسەر ئاستی هەرێم هێشتا هێزی دووەمە نەک هێزی سێیەم! چۆن؟.

ئەگەر ئێمە کۆی باشووری کوردستان وەربگرین کە پێکهاتووە لە سێ پارێزگای هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، سەنگ و ژمارەی دەنگی یەکێتی بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ و ئەمساڵی دیالە و موسڵ بە نموونە وەربگرین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، یەکێتی هەر هێزی دووەمی کوردستانە و لە پێش گۆڕانە. ئەگەر گۆڕان لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکە نزیکەی ١٢٠ هەزار دەنگ لە پێش یەکێتییەوە بێت، ئەوە بە حسابکردنی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی گشتیی بە ناوچە دابراوەکانیشەوە، هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە رەنگە یەکێتی زیاتر لە ١٢٠ هەزار دەنگ بکەوێتەوە پێش گۆڕان!! وەک لە نموونەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠دا بینیمان.

لەلایەکی ترەوە، یەکێتی ئەگەرچی لە هەڵبژاردندا پاشەکشەی کرد، بەڵام بە بڕوای من بە هۆی ئەو دۆخە دیفاکتۆیەی یەکێتی هەیەتی، هیچ لە پێگەی ئەو حزبە کەم ناکاتەوە. یەکێتی ڕەگوریشەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و خاوەنی سیمبولێکی کاریزماتیکی وەک «جەلال تاڵەبانی»یە، لە ڕووی سیاسییەوە یەکێتی هێزێکە لە ٣٨ ساڵی ڕابردوودا کاریگەریی لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا هەبووە، لە ڕووی ئیمکانیاتی دیپلۆماتی و سەربازیی و ئابووری هێشتا یەکێتی حزبێکی بەهێزە و قووڵاییەکی ستراتیجی هەیە. بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی سێ پارێزگاش ڕەوشەکە بە قازانجی نەشکابێتەوە ئەوا بێگومان کۆی پرۆسەکە بەشێوەیەکی گشتیی بە پێچەوانەی سیاسەتی یەکێتییەوە ناچەرخێت.

ڕاستە یەکێتی پێویستی بە بەخۆداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی چەند ساڵی پێشووی هەیە، قسەی ئێمە بۆ ئەوە نییە یەکێتی یان هەر حزبێکی دیکە بەخۆیدا نەچێتەوە بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێ بەرپەچی ئەو تەرزە بیرکردنەوەیە بدەینەوە پێیوایە ئیدی ئەمە بۆ یەکێتی کۆتایی مێژووە و ئەسپێکی گلاوە و هەرگیز هەڵناسێتەوە. خۆ ئەگەر قسەکەش لەسەر چاکسازیی ناوخۆیی و بەخۆداچوونەوە بێت کۆی حزبەکانی کوردستان کە لای من هەموویان یەک تایپ و مۆدێلن پێویستیان بە هەنگاوی لەو چەشنە هەیە، بەڵام ڕەنگە بۆ یەکێتی لە هەموویان گرنگتر و پێویستتر بێت. جیا لەمەش یەکێتی لە مێژووی خۆیدا نسکۆ و سەرەولێژیی زۆری بینیوە و توانیوویەتی خۆی بۆ بگرێت و ببێتەوە بە هێزی ئامادەی داهاتوو، پێموایە تا ئەم چرکەساتەش یەکێتی گوڕی ئەوەی ماوە هەڵسێتەوە و دڵنیاشم هەڵدەستێتەوە. ئەم ڕوانینەشم فاڵ گرتنەوە نییە بۆ ئایندە، بەڵام با پێکەوە چاوەڕوانی داهاتوو بین.

**سەرنج: من ئەندامی یەکێتی نیم، بەڵام ئەمە بۆچوونی منە لە بارەی دۆخی ئێستای یەکێتی. هەستیش ناکەم بە هەڵەدا چووبم.**

تێبینی: ئەم وتارە لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری «٢٠١٣»دا لە سایتە کوردییەکان بڵاوبووەتەوە.

# ئەگەر یەكێتی پشتگیریی قسەكانی نەوشیروان مستەفا بكات

لێرەو لەوێ لە ماڵپەڕە كوردییەكان و تۆڕی كۆمەڵایەتی فەسبووكدا، ئەو دەنگ و باسە لە گەرمەی خۆیدایە، كە یەكێتی نیشتمانیی كوردستان، پشتگیریی لە قسەكانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەكات بەرامبەر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی. ئەگەر ئەم دەنگۆیە راست بێت، كە پێدەچێت ئەو بێدەنگییەی یەكێتی لە هەمبەر ئەم پرسە ئاماژە بێت بۆ راستییەكی لەم چەشنە، ئەوە یەكێتی سیاسەتێكی ورد و ژیرانەی نەگرتووەتە بەر، بەو پێیەی لە دەستدانی متمانەی پارتی، بۆ موجامەلەی نەوشیروان مستەفا، لە بری سوودێك بۆ یەكێتی دەیان زیانی هەیە كە لە مەودای دووردا دەبێت باجەكەی بدات.

ئەگەر یەكێتی پشتیوانی لە پەیامەكەی نەوشیروان مستەفا بكات، خۆی دەخاتە بەرەی نەیارەكانی پارتییەوە، ئەمەش سەرەتای كۆتایی رێككەوتنی ستراتیجیش دەبێت، بۆیە نەوشیروان دەتوانێت ببێتە پوازێكی كاریگەر، یەكێتی لە هاوپەیمانێتی پارتی جیا بكاتەوە، كە لەو بڕوایەدام لەم دۆخە دەڵەمەییەی یەكێتیدا قڵشت تێكەوتن و هەڵوەشاندنەوەی رێككەوتنامەی ستراتیجی، لەسەر حساب و بە زیانی یەكێتی تەواو دەبێت. بەو پێیەی نەوشیروان مستەفا لە دەرفەتێك دەگەڕێت، یەكێتی بەبێ پارتی بكاتە پۆڕی خوراو، ئەمەش ئاسان دەبێت ئەگەر پارتی دەست لە پشتیوانی یەكێتی هەڵبگرێت.

ئەگەر یەكێتی بە پشتیوانیكردن لە پەیامەكەی نەوشیروان، بیەوێت لاپەڕەیەكی نوێ لە پەیوەندیی سیاسیی و دۆستانە بە هاوكاریی كۆماری ئیسلامی ئێران، لەگەڵ گۆڕان هەڵبداتەوە، بێگومان بەرەیەكی لاواز دەكاتەوە

بەرامبەر بە بەرەیەکی گەورە و بەهێز کە پارتی و ئیسلامییەکانن. تەنانەت ئەگەر لە هەڵبژاردنی ۲۰۱۳دا پارتی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئیسلامییەکان بکات، دەتوانن حکومەت دروست بکەن، بۆیە بە ئاسانیی ئەوەی لەوە بەدوا دەبێتە هاوبەشی پارتی لە دەسەڵاتدا، بێگومان ئیسلامییەکانن نەک یەکێتی. بۆ یەکێتی باشترە لەگەڵ حزبێکی دەسەڵاتدار و بەهێزی وەک پارتی دۆست و هاوپەیمان بێت، نەک لەگەڵ حزبێکی ئۆپۆزیسیۆن کە ئەویش لە دۆخێکی دەڵەمەییدایە و بۆی هەیە هەرگیز نەمەیەت و دوارۆژێکی روونی نەبێت لە پرۆسەی سیاسییدا.

ئەگەر یەکێتی پێشبرکێ لەگەڵ پارتی بکات بۆ گرێدانی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ گۆڕان، رەنگە پارتی بە ئاسانی قاچی نەخزێ□ت، ئەویش شێوازێکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ موخاتەبەکردنی گۆڕان، یان لەوانەیە شەڕی راگەیاندن کۆتایی پێ بهێنێت و دانوستان لەگەڵ گۆڕان بکات، بەمەش ئەوەی قازانج دەکات بە پلەی یەکەم گۆڕانە و بە پلەیەکی تر پارتی، بەڵام یەکێتی لەو نێوەندەدا بەر زیانێکی زۆر دەکەوێت. کە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر پێگەی سیاسیی و جەماوەریی و هاوپەیمانییەکانی ئەو حزبە.

ئەگەر پەیامەکەی نەوشیروان مستەفا سوودێکی هەبێت ئەو سوودە تەنیا بۆ گۆڕانە، پشتیوانیکردنی یەکێتی لەو پەیامە بەهێزکردن و بەپیتکردنی ئەو سوودەیە بۆ گۆڕان، تەنانەت یەکێتی هەموو هێلکەکانی خۆی دەخاتە سەبەتەی گۆڕانەوە. بە مانایەکی تر گۆڕان سوود لە پشتیوانیی یەکێتی وەردەگرێت بۆ خۆی، بە بڕوای منیش هەموو بەهێزبوونێکی گۆڕان پێش هەر کەس لەسەر حسابی یەکێتییە. سلێمانی گەواهیی ئەوە دەدات کە بەهێزبوونی گۆڕان لەسەر جەستەی یەکێتی بووە، بۆیە ئەستێرەی بەختی گۆڕان لەو شوێنەدا دەکوژێتەوە کە پێی دەوترێت زۆنی زەردی پێشوو. بە کورتی و کرمانجی ئەگەر یەکێتی پشتیوانی لە پەیامەکەی نەوشیروان بکات یان بیر لەوە بکاتەوە پشتگیریی بکات، ئەو لقە دارە دەبڕێتەوە کە خۆی لەسەری وەستاوە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «۳٦»ی گۆڤاری «ململانێ» لە سەرەتای ئابی ۲۰۱۲دا بڵاو کراوەتەوە.

# پەیامەکەی بارزانی بۆ مالیکی چی تێدا بوو؟

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە مەراسیمی هێنانەوەی رۆفاتی ٩٣ ئەنفالکراوی بارزانی و لە میانەی وتارێکی کورتدا، لە بارەی ئەو قەیرانەی ئێستا کوردستان و عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، هۆشداریی دا، هەرچەند دووپاتی کردەوە، هەڕەشە ناکات، بەڵام ئەوەشی راگەیاند ئەگەر ئەم رەوشە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، رێگا و هەڵوێستی دیکە دەگرنە بەر، بۆ مالیکی و هەموو لایەک پێشبینی نەکراو و جێگەی شۆک بێت. ئەمەش مەسجێکی زۆر روون و نوێی کورد و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بوو بۆ حکومەتی بەغداد. بارزانی ویستی لە رێگەی ئەم پەیامە کورتەوە، وەبیری مالیکی و کۆی هێزە شۆڤێنیستەکانی عێراقی بهێنێتەوە، کوردستان هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێشەوە، هیچ هێزێک نییە بتوانێت بەر بەم گەشەکردنەی کوردستان لە هیچ روویەکەوە بگرێت، هەروەک خۆیشی لە وتەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد، هەموو قەیران و لەمپەرەکان تەنیا و تەنیا بە مەبەستی خاوکردنەوەی ئەو هەنگاوانەیە کوردستان لە هەموو رەهەندە جیاوازەکانەوە دەینێت. چوون حاڵی حازر هەرێم بووەتە مەڵبەندێکی بەهێزی سیاسیی لە ناوچەکەدا و هاوکات لە رووی ئابووری و بوژانەوەوە بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەچێت. بارزانی لە پەیامەکەیدا زۆر بە روونی ئەوەی وت هیچ کەس و حکومەت و هێزێک نییە بەر بەم ئیرادەیەی خەڵکی کوردستان بۆ دامەزراندنی وڵاتێکی ئاوەدان و خۆشگوزەران بگرێت.

لێ هەندێک کەس کە ئاوێنەکە بە تەڵخی دەبینن، یان لە روانگەی دوژمنارییەکی کوێرانەوە ئاو دەکەنە ئاشی نەیارانی کوردستانەوە، ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمیان بە زیادەڕەویی پێناسە کرد، بەڵام لە راستیدا

ئەگەر ئێمە بەراوورد بکەین کوردستان زۆر لەوە زیاتر پێشکەوتووە کە نەتوانێ بەرگەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عێراق و حکومەتێکی شکستخواردووی وەک کابینەکەی مالیکی بگرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر کورد لە قۆناغێکدا خاوەنی هیچ نەبووبێت و بە پاڵپشتی چیاکان، هەموو داوایەکی ناهەقانەی داگیرکەرانی کوردستانی رەت کردبێتەوە و شانی دابێتە بەر خەبات و بەرخۆدان، ئێستا کوردستان زۆر شتی هەیە کە دەکرێت وەک چەکی خەباتی ئەم قۆناغە لە رووبەڕووبوونەوەی بەغداد بەکاریبهێنێت.

پەیامەکەی بارزانی بۆ مالیکی و بەغداد، زۆر روون و شەفاف بوو، ئەگەر بیانەوێ بە رامیارییەکی شۆڤێنیانە و لە دیدێکی تەسکی نەتەوەپەرستانەوە، هەر جارەی بە بیانوویەک گووشاری جۆراوجۆر بۆ کوردستان دروست بکەن، ئێمە رێگەی دیکەمان هەیە بیگرینە بەر، دەتوانین شەقاوی وەها بهاوین کە هەمووتان توشی شۆک بکات، من دڵنیاشم لە رابەرێکی وەک بارزانی، حسابی بۆ هەر وشەیەکی خۆی کردووە، لەم سۆنگەوە بڕوا دەکەم، بارزانی کە خۆی بۆ ئەگەری دیکە ئامادە کردبێت، ئەسڵەن خەباتی سیاسیی بارزانی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بۆ ئەوە بووە ئەم ئەزموونە بەرەو کەناری ئارام و دەوڵەتی کوردستان ببات. هەرچەندە لە ئێستادا قسە لەسەر دەوڵەت نییە، بەڵام لە پەیامەکەی «بارزانی»دا ئەوە دەردەکەوێت ئەوەش یەکێکە لەو ئەگەرانەی مومکینە دەستی بۆ ببەین.

بارزانی لە رێگەی ئەو پەیامە کورتەوە، زۆر شتی وت، کە رەنگە ئەمە ببێتە راچڵەکاندنی مالیکی و هاوبیرەکانی، چونکە دەزانن کۆمەڵگەی کوردستان، رەنگە لەمەودوا چیتر بەرگەی ئەو جۆرە گەمە سیاسییە شۆڤێنینانەی مالیکی نەگرێت و هەڵوێستی سیاسیی روونی خۆی هەبێت. کوردستانیش لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە هێندە کەوتووەتەوە پێش بەشەکانی تری عێراقەوە توانای هەر جۆرە بڕیاردانێکی هەیە لەمەڕ ئێستا و ئایندەی خۆی. لەوانەشە خودی هەڕەشە و دژایەتیی و دوژمنایەتییەکانی «نوری مالیکی»ش هەر لەم سۆنگەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە کوردستان خەریکە بە تەواوەتی دەبێتە سیمایەکی جیاوازتر لە عێراق و لە هەموو روویەکەوە هەولێر ئیعتباری

زیاتر لە بەغداد وەرگرتووە لای دەوڵەتانی تر. پەیامەکەی بارزانی بیری مالیکی و هاوفکرانی خستەوە، کوردستان توانای هەر چەشنە بڕیاردانێکی هەیە و ئەگەر ئەو سیاسەتە بەعسییانەیەی مالیکی بەردەوام بێت و دیدگای بەغداد بەم شێوەیە تەوزیف بکەن لە هەمبەر هەولێر، ئێمەش بڕیاری نەبینراو و جێگەی شۆک دەدەین. وا بزانم مالیکی لە هەموو کەس زیاتر لەم پەیامە تێگەیشت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٨»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە ڕۆژی ١٠-٣-٢٠١٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# دەربارەی هەڵبژاردنەوەی مام جەلال بە سەرۆک کۆمار

پرسی هەڵبژاردنەوەی مام جەلال بۆ خولێکی تری سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، یەکێکە لە پرسە ئاڵۆز و زۆر هەستیارەکانی ئەم قۆناغەی عێراق. بەشێکی بەرچاو لە عەرەبە سووننەکان راشکاوانە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن دەبێت سەرۆک کۆمار بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دابنرێت و داواش دەکەن جارێکی دیکە مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کاندید نەکرێتەوە. لەم رێگەیەشەوە دەیانەوێت سەنگ و قەبارەی ئێستا و چەند ساڵی پێشووی کورد کەم بکەنەوە و ئامانج و ئەجیندا شۆڤێنییەکانیان بهێنەدی کە بریتییە لە دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی سەنتراڵی عەرەبی لەسەر بنەمای بیری نەتەوەپەرستی و پان ناسیۆنالیزمی شکستخواردووی عەرەب. لێکترازان و پەرتەوازەیی کوردیش لەم قۆناغە هەستیارەدا هەرچی زیاتر یارمەتی خەون و خەیاڵەکانی بەشێک لە عەرەبە عێراقییەکان دەدات بۆئەوەی پاشەکشە بە کورد بکەن، دەستبردن بۆ بێبەشکردنی کورد لە پۆستە سیادییەکانی عێراق یەکێک دەبێت لەو هەنگاوانە. هەرچەندە وەرگرتنی هەر پۆستێکی سیادیی لە عێراقی نوێدا بەبێ تەوافوقاتی سیاسیی بەدەست نایەت، کەچی بەشێک لە عەرەبە سووننە و شۆڤێنییەکان کاتێک کورد داوای سەرۆکایەتی کۆمار دەکات، پرسی ئەوە دەهێننە پێشەوە ئیدی پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بە یەکێک لەلایەن براوەکان بدرێت، ئەمەش دیسان هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی کورد لەو پۆستە، چونکە ئێستا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە رووی ژمارە دەنگدەر و کورسییەوە لیستی ژمارە چوارە.

لە سەرزەمینی بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا، ئەوە دەگوزەرێت و لە ناوخۆی کوردستانیشدا، بەهۆی نەبوونی لیستی هاوبەش و نەبوونی زمان و گووتارێکی یەکگرتووەوە، هەرچی زیاتر زەمینەی لە دەستدانی پۆستە سیادییەکانی عێراق بۆ کورد، لەبارتر و گوونجاوتر دەکەن. ئێمە نالّێین هەر دەبێت کورد مام جەلال بکاتەوە بە سەرۆک کۆمار، بەلّام هیچ نەبێت با لە پێشدا شێلگیرانە داکۆکی لە بەدەستهێنانی یەکێک لەو پۆستانە بکەین بۆ کورد، ئەوسا لەنێو مالّی خۆماندا دەگەینە رێککەوتنێک لەسەر ئەو کاندیدەی بۆ بەغدادی دەنێرین. ئەگەرچی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، زۆرتر پۆستێکی رەمزیی و تەشریفاتییە، بەلّام ناتوانین نکۆلّی لەوە بکەین ئاست و سەنگی سەرۆک لە کاریگەربوونی ئەو پۆستەدا، رۆلّێکی ئێجگار گرنگیی هەیە، بۆ وێنە مام جەلال بەوە ناسراوە لە کەمترین پانتاییدا زۆرترین دەسەلّات بۆ خۆی پەیدا بکات، بەلّام لە ئێستا و چوار سالّی داهاتووشدا سەرۆک کۆماریی یەکێکە لە پۆستە گرنگەکان بۆ کورد و رەنگە کلیلی زۆرێک لە دەرگا داخراوەکانی دۆزی نەتەوەیی کوردیش بێت.

بەبڕوای من گرنگ ئەوە نییە، کێ دەڕوات بۆ بەغداد، بەپێچەوانەوە دەبێت هەموو پێکەوە جیددی و کارایانە هەولّی بەدەستهێنانی ئەو پۆستە بدەین، ئەو کاتە دەتوانین مەرجیش لەسەر پالّێوراوەکەمان دابنێین کە دەبێت لە داهاتوودا بەو میکانیزم و فۆرمە سیاسییە کار بکات و پیمان بلّێت چۆن دۆزی کورد لەسەر هەموو ئاستەکان دەباتە پێشەوە؟. ئەگەرچی کورد تا ئێستا مام جەلالی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەلّام ناکرێت بەو هۆیەی ئەومان خۆش ناوێت یان لە دەرەوەی حزبەکەی ئەوین، ئیدی بەهەموو شێوەیەک دژی هەنگاوی ئەوە بوەستین ناوبراو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بەدەستبهێنێتەوە، بەلّکو ئەوەی گرنگە لە پێشدا چوونی نوێنەرێکی کوردە بۆ سەر تەخت و ناو کۆشکی کۆماریی عێراق، لەوە بەولاوە دەتوانین لە هیچ کەمتەرخەمی و سستییەکی سەرۆک خۆش نەبین و چاودێریی جیددی و هۆشیارانەی بکەین تاوەکو بتوانێت بەو جۆرە کار بکات تێکڕای گەلی کوردستان دەیانەوێت و خوازیارین.

وەک خۆم هیچ کێشەیەکم نییە لەسەر ئەوەی جارێکی دیکە جەلال تالّەبانی ببێتەوە بە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەوەندەی بۆ من گرنگە، نامەوێ جارێکی

دیکە بڵێت «دەوڵەتی کوردیی خەونی شاعیرانە»یە. نامەوێت کاتێک باس دێتە سەر ئەرک و چالاکییەکانی، راگەیاندنی یەکێتی هەر باسی رۆڵی ئەو بکات لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و هەموو رۆژێک خەرەکی پێکهێنانەوەی لایەنە عەرەبییەکانی عەرەبم بۆ بکاتە شانامەی مام جەلال، بە پێچەوانەوە دەخوازم هەر رۆژەی گوهداری هەواڵێکی سەرۆک کۆمار بم لە بواری پێشخستنی دۆزی کورد و جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل و هەنگاوەکان بۆ گەڕانەوەی ناوچەکانی کێشە لەسەر بۆ ناو هەرێمی کوردستان. کاتی خۆی وتوومە ئەگەر بڕیارە لەنێوان هاشمی و عەلاوی و نوجێفی و ئەمسالەکانیان سەرۆکێکی عێراقی هەڵبژێرم، ئەوا لەبری جارێک سەد جار دەڵێم بەڵێ بۆ تاڵەبانی. هێشتاش لەسەر ئەو باوەڕەی خۆم سوورم، ئەمە مانای ئەوە نییە تێزەکەی ئیسماعیل بێشکجی بە ئایەتی قورئان دەزانم کە دەڵێت «خراپترین دەسەڵاتی کوردیی بۆ کورد باشترە لە باشترین دەسەڵاتی بێگانە»، نا بەپێچەوانەوە دەنگ دەدەم بە سەرۆکێکی کورد، مەرجیش نییە بە هەموو دوعایەکی بڵێم ئامین. بەپێچەوانەوە لە هەر کارێکی ناپەسەند کە بیکات پێش ئەو ئۆپۆزیسیۆنە دەنگ هەڵدەبڕم کە وەک ئەوەی فووکرابێت بەشەیپۆری ئاخر زەماندا سەری دنیای لێهاتۆتەوە یەک و پڕ بەخۆی هاوار دەکات نا بۆ تاڵەبانی.

تێبینی: ئەم وتارە لە گۆشەی «پانۆراما»، لە ژمارە «٧٣»ی گۆڤاری «نیوەند» لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٠دا بڵاو کراوەتەوە.

## کۆمیدیای کاندیدەکانی پەرلەمان

### ئۆپۆزیسیۆن لە نێوان دروشمی گەورە و مەهزەلەی کرداردا

مارکس لە پێشەکیی پەرتووکە ناسراوەکەی «هەژدەی برۆمیری لویس پۆناپارت»دا دەڵێت «هیگڵ وتوویەتی مێژوو و کەسایەتییەکان لە مێژوودا دووجار دووبارە دەبنەوە» مارکس ئەوەش ئیزافە دەکات «بەڵام هیگڵ بیری چوو بوو بڵێت، جاری یەکەم بە شێوەی تراجیدیی و دووەم جار بە فۆرمی کۆمیدیی». پێموایە ئەم وتەزایەی «کارڵ مارکس» هەر دەڵێی بۆ ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان وتراوە، دروست وەک ئەوە وایە مارکس باس لە شێوە و میکانیزمی دانانی کاندیدەکانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان بکات. یان لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێ بڵێم ئەم وتەیەی «مارکس» پێشگۆیی بووە، بۆ دۆخێکی سیاسیی، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێت.

ئەگەر وردتر سەیری میکانیزمی کاندیدکردنی پاڵێوراوەکانی خولی چوارەمی پەرلەمان بکەین، لە راستیدا هەست بە کۆمیدیایەک دەکەین کە ئەگەر لە خولەکەکانی پێشوودا، دەستنیشانکردنی کاندیدەکان شێوەیەکی تراجیدیی هەبووبێ، ئەوە بێگومان ئەوەی ئەمجارە دەیبینین لە کۆمیدیایەک زیاتر نییە. چونکە لە بری ئەوەی هەنگاوێک بۆ پێشەوە بچین، لینین وتەنی دوو هەنگاو بۆ دواوە گەڕاوینەتەوە. ئەمە لەلایەک. لەلایەکی تریشەوە خەونبینین بە هاتنە مەیدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی کە گووتار و ئەجیندایەکی جیاوازی هەبێت، بوو بە کابووس، چونکە ئەوەی لەم پرۆسەیەدا هەستمان پێکرد، ئۆپۆزیسیۆن نەک لە پێشەوەی دەسەڵات نییە لە رووی گووتار و جیهانبینی سیاسیی، بەڵکو چەندین فرسەخ کەوتۆتە دوای لایەنەکانی دەسەڵاتەوە.

ڕەنگە دەستەبژێرێک هەبن، باس لەوە بکەن پەرلەمان جێگەیەکی نوێنەرایەتییە، هەر کەس دەتوانێ نوێنەرایەتی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بکات. بۆیە ناکرێت ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لە میکانیزمی دەستنیشانی کاندیدەکان بگیرێت، چونکە پەرلەمان یەکەکەی ئیداریی نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکە بۆ نوێنەرایەتیکردن. ئێمەش ئەم ڕاستییە دەزانین و ڕەنگبێ کەمترین سەرنجمان لەم ڕووەوە هەبێت، بەڵکو ئێمە لە گۆشەنیگای ترەوە ڕەخنەمان هەیە، لە گۆشەنیگای ترەوە خوێندنەوەمان بۆ ئەم پرسە هەیە. کەواتە پرسیارێک لێرە خۆی قووت دەکاتەوە، ئەی ڕەخنەکانی ئێمە چین؟. دەتوانین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چەند خاڵێک بخەینە بەرچاو.

یەکەم: شێوازی دەستنیشانی کاندیدەکان لە ناو یەکێتی بە هەڵبژاردن بوو، لە ناو پارتی بە تێکەڵاویی پرۆسەکە بەڕێوە چووە «هەم بە هەڵبژاردن، هەم بە مەرکەزیی». لەناو زۆرینەی حزبە بچووکەکانیش لە ڕێگەی دەنگدانەوە کاندیدەکان دەستنیشانکرا، بەڵام بە پێچەوانەی بانگەشە ناوەڕۆک بەتاڵەکانیانەوە، ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان، بە بڕیاری مەرکەزیی کاندیدەکانیان دەستنیشان کرد بۆ ئەم خولەی پەرلەمان!. تەنانەت بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەستی ئێمە تاکە کەس کە لەناو حزبی گۆڕاندا هەموو پرۆسەکەی حەسم کردووە، خودی نەوشیروان مستەفا بووە. پتر لەوەش نەوشیروان مستەفا لە بری هەموو جڤاتی نیشتمانی بڕیاری داوە و کاندیدەکانی دەستنیشان کردووە، ئەمەش پێچەوانە و پارادۆکسە لەگەڵ ئەو دروشمە قەبانەی چوار ساڵە گۆڕان و میدیای چەواشەکاری ئەو حزبە خەڵکیان پێ جاڕس و بێزار کردووە.

دووەم: لە زۆربەی حزبەکاندا ئەندامانی سەرکردایەتی، جڤاتی نیشتمانی، کۆمیتەی ناوەندیی دەستنیشانکراون بۆ ئەم خولەی پەرلەمان، ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی لیستەکان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حزبەکانن، ئەم حاڵەتەش لە لایەنەکانی دەسەڵاتەوە تاکو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن ڕەنگدانەوەی هەبووە. کۆی حزبەکان لە بری ئەوەی بیر لە ڕاکێشانی خەڵکی تەکنۆکرات و خاوەن پسپۆڕی گرنگ بکەنەوە بۆ پەرلەمان، دەیانەوێ ئەمجارە لە پەنا هەندێک بێژەر و کەوادری ناوەندیی، هۆڵی پەرلەمان بکەنە، هۆڵی کۆبوونەوە حزبییەکان و

مەکتەب سیاسییەکان. من پێموایە ئەو دەستەبژێرە لە سەرکردایەتی حزبەکان لە بری ئەوەی لە پەرلەماندا سەرقاڵی کارە رەسەنەکەی خۆیان بن کە هەموو دەزانین پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە، سەرقاڵی ململانێ حزبییەکان دەبن بەو تەکنیکە باوەی لە سەردەمی شەڕی براکانی شاخەوە تا نهۆ درێژەی هەیە. ململانێیەک خاڵییە لە رەهەندەکانی سیاسەت و پڕە لە ئەنگێزەی شەڕ و یەکتر رەتکردنەوە. ئەمەش دیسانەوە لە بری هەنگاونان بۆ پێشەوە، غاردانە بۆ دواوە، دووبارەکردنەوەی ئەزموونی فاشیلی خولی یەکەمە.

سێیەم: بە وردبوونەوە لە سیڤی هەندێک لە کاندیدەکان بە زۆریی ئەوانەی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەتی ئەوانەی لەلایەن گۆڕانەوە دەستنیشانکراون، تێدەگەیت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەم خولەی پەرلەمان نەک نیازیان نییە، پڕۆژەی جیدی و کاریگەر پێشکەش بکەن، تا بەرژەوەندیی گشتیی هەموو لایەکی تێدا مسۆگەر بێت، بەڵکو وەها نیازێک لە ئۆپۆزیسیۆن دەبینرێت، جگە لە جەلەحانێی بێ ئەنجام، تەواوی ئەم خولە بۆ مزایەدەی سیاسیی و ماددەی خاوی ئیعلامیی بەکاربهێنێت.

تەنانەت من لە دیمەنەکەدا ئەوە دەبینم هەندێک بەڵتەچی و شایەریش ئامادەکراون، بۆ ئەوەی ئاستی کاری پەرلەمانتاریی بهێننە خوارەوە و درێژە بە کولتووری شەڕە دەبە و تەپڵ لێدان بدەن، بەڵکو داهێنانی زیاتر بکەن لەم رەهەندەوە. نیەتی ئۆپۆزیسیۆن لە ئێستاوە بەرامبەر بە کۆی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان خراپە، بەڵام رەنگە بە هۆی بوونیان بە شێوەیەکی فیزیکیی «کە هەر چەندە وەک پێشوو ژمارەیان بەو زۆرییە نابێت» لەناو پەرلەماندا مۆدیلێک لە کاری پەرلەمانتاریی دابهێنن، پەرلەمانتار هیچ جیاوازییەک لە نێوان خۆی و خۆپیشاندەردا نەبینێ، بەڵکو هەست بکات کە دەڕواتە ئەو هۆڵەی بۆ یاسادانانە تەنێ خۆپیشاندەرێکە و بەس.

چـوارەم: چەند ساڵە هەر سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن، دەهۆڵی هێنانە پێشەوەی خەڵکی بێلایەن دەکوتن، گوایە پارتی و یەکێتی رێگرن لە هاتنە پێشەوەی خەڵکانی پسپۆر و ئەکادیمی و تەکنۆکرات و بێلایەن بۆ ناو جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە. وەلێ بۆ مێژوو دەڵێم

لە سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، مامۆستایەکی بێلایەنی زانکۆی دەستنیشانکردبوو، بەڵام خۆی تەڕەدودی هەبوو لەوەی خۆی بخاتە گەمەی هەڵبژاردنەوە، بەڵام حزبێکی وەک گۆڕان نەک هیچ بێلایەنێکی کاندید نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەوانەشی نزیکایەتیان لە سێ سەرکردە تۆراوەکە هەبوو، هەزارەها ڕێگرییان بۆ دروست کرا لەوەی بۆ ئەم پرۆسە بێنە پێشەوە. ئۆپۆزیسیۆن نەک بە قسەی دروشمەکەی خۆی نەکردووە، بەڵکو دەبینین بە هەموو جۆرێک دژایەتیشی دەکات، بە مانایەکی تر ئەوەی لە تیۆردا بەرزی کردۆتەوە وەک بەهایەکی گرنگ، لە پراکتیکدا سووک و ڕەزیلی کردووە. گۆڕان و ئیسلامییەکان لەم ڕەهەندەشەوە جگە لە درۆ و دروشمبازیی شتێکی زیاتریان پێنەبوو.

دەگەڕێمەوە سەر وتەزاکەی «کارل مارکس» و دەڵێم بە ڕاستی ئێمە لە بەردەم دیوە کۆمیدییەکەی مێژووی خۆماندایین، هەموو چرکەساتە تراجیدییەکانمان کۆتاییان هات. بەڵکو ئێستا دەرگای ساتەوەختێکی مێژوویمان لێکراوەتەوە کە هەموو بەهایەک و هەموو هەنگاوێک لە کۆمیدیایەک زیاتر نییە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢٩-٧-٢٠١٣دا لە سایتە کوردییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە.

# شەڕ لەگەڵ بەغداد و هەڵوێستی گۆڕان

لە پەیامەکەی نەورۆزیدا، «مەسعود بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە راشکاوانە و روونیی رەخنەی توندی ئاڕاستەی حکومەتی بەغداد و خودی «نوری مالیکی» سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق کرد. سەرۆکی هەرێم رایگەیاند کەمینە و دەستەیەکی بچووک مۆنۆپۆلی دەسەلات و بڕیاریان لە بەغداد کردووە، ئەمەش لەلایەن پێکهاتەیەکی سەرەکیی وەک کوردەوە مایەی قبوڵکردن نییە. لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمدا بە ئاشکرا ئەوە دەخوێنرایەوە ساردیی و تا ئەندازەیەکی زۆریش گرژیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی لە بەغداد هەیە، ئەمانەش کەڵەکەبوو و زادەی کۆمەڵێک کێشەن کە مێژووەکەیان هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقی پاش سەدام و بەعس.

ئەو پەیامەی بارزانی کە بە بڕوای زۆرینەی چاودێرانی سیاسیی پەیامێکی گرنگ و چاوەڕوانکراو بوو، لەلایەن کۆمەڵگەی کوردستانەوە بەهەموو ئاڕاستە و بۆچوونە جیاوازەکانەوە پێشوازییەکی گەورەی لێکرا، ئەوەی لەم نێوەندەدا مایەی سەرسوڕمان بوو، هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بوو، کە وا تەفسیر و تەئویلیان بۆ وتەکانی سەرۆکی هەرێم کرد، گوایە پەیوەندیی بە ناکۆکیی شەخسیی نێوان بارزانی و مالیکییەوە هەیە، یان پەیوەندیی هەیە بە شەڕی نەوت کە بارزانی داکۆکیی لە هەناردە و دەرهێنانی نەوتی هەرێم دەکات و ئەمەش بووەتە کێشەی نێوان هەرێم و بەغداد. لەلایەکی تریشەوە لە پەیوەند بە دەوڵەتی کوردیی و ئەگەری دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت

بۆ کورد لەسەر خاکی باشووری کوردستان، دیسان نەوشیروان مستەفا و گۆڕان لە بایەخی ئەو هەوڵانەیان کەم کردەوە و بەشێوەی لاقرتێکردن کەوتنە باسکردنی دەوڵەتی کوردیی.

بۆ من ئەو هەڵوێستەی گۆڕان چاوەڕوان نەکراو بوو، بگرە لەوپەڕی هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانیی و نەتەوەییەوە هەڵقووڵاوە. بڕوا ناکەم لە تەواوی گێتیدا هیچ هێز و حزبێکی سیاسیی هەبێت کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیی وڵاتەکەی بچووک و کورت بکاتەوە بۆ کێشەی دوو کەسایەتی سیاسیی یان کێشەیەکی ئابووری بچووک لە نێوان دوو حزبدا. من پێموایە کێشەیەک لە نێوان سەرۆکی هەرێم و نوری مالیکی نییە جگە لە کێشەی سیاسیی، ئەو کێشە سیاسییەش هەروەک د.فوئاد مەعسوم ئاماژەی پێدا بریتییە لە کێشە لەسەر شێوازی حوکم و هەڵوێستەکانی حکومەتی بەغداد لە هەمبەر دەسەڵات و ماف و ئەرکەکانی قەوارەی کوردستان. بەڵام چونکە بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاریداوە هەمیشە ئەنتی بێت، ئەوەتا خۆی خستۆتە بەرەی دژی هەڵوێستە نەتەوەییەکان و خەریکە قاچی دەخزێنێتە سەنگەری دوژمنانی هەمیشەیی نەتەوەی کوردەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان پێویستبوو دانی بەو هەقیقەتەدا بنابایە شەڕکردنی سەرۆکایەتی هەرێم و نوێنەرانی کورد لە بەغداد، لەسەر پرسی نەوت و سامانە سروشتییەکان، شەڕکردن نییە لەسەر بەرژەوەندیی تایبەت، چونکە ئەو سامانە سروشتییە بڕبڕەپشتی ئابووری کوردستان و بنیانتەری دەوڵەتی داهاتووی کوردستانە. لەبەرئەوەی دروستکردنی دەوڵەت بەبێ ئابوورییەکی گەشەکردوو و بەهێز، نەک کارێکی ژیرانە و نەتەوەییانە نییە، بەڵکو جۆرێکە لە خۆکوژیی سیاسیی. لەو بڕوایەدام دەوڵەتێکی هەژار بۆ کوردستان نەک دوژمنی زۆری نییە، بەڵکو هەر ئێستا دوژمنانی کورد بۆ ریسواکردنی قەوارەی نەتەوەیی گەلی کورد پێشوازیی گەرمی لێدەکەن. لەلایەکی تریشەوە گۆڕان نەدەبوو خۆی بخستابایەتە ئەودیو ئەو کۆدەنگییە کوردستانییەی بۆ پشتیوانیی لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم لە هەر چوار لای کوردستانەوە هاتۆتە ئارا، چونکە ئەم رامیارییە نەک گۆڕانی پێ بەهێز نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی متمانە و کێرڤی جەماوەرییان، کە لەو باوەڕەدام لە هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی

داهاتووی کوردستان رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئاکامەکانی گۆڕان لەو هەڵبژاردنەدا.

ئەوەی من لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژەی بۆ ئەوە بکەم، بریتییە لە سێ خاڵی سەرەکیی. یەکەم: پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم، پەیامێکی کوردستانی بوو، شەڕبوو لەسەر دەستکەوتی نەتەوەیی نەک شەڕی شەخسیی. دووەم: هەڵوێستی گۆڕان لە بەرامبەر ئەو پەیامەی سەرۆکی هەرێم و کورتکردنەوەی کۆی مەسجەکە بۆ شەڕی شەخسیی نێوان بارزانی و مالیکی، وای کرد گۆڕان بکەوێتە دەرەوەی کۆدەنگیی کوردستانیی. سێیەم: پرسی دەوڵەتی کوردیی خەملێوە و زەمینەسازیی باشی بۆ ئەنجامدراوە و دژایەتیکردن و گاڵتەکردن بەو خەونەی کە خەریکە دەبێتە واقیع، گاڵتەکردنە بە مێژووی تێکۆشانی گەلی کورد و رەنج و قوربانییەکانی لە پێناوی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆدا. کە هیوادارم گۆڕان خۆی لەو خانەیە دەربهێنێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٨»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٤-٤-٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# سوڵتان هاشم ئەندام کەرتی یەکێتی و عەلی کیمیایی ئەندام ناوچەی پارتی بووە!

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند واژۆی لە سێدارەدانی ژەنەراڵ و وەزیری جەنگی ڕیژێمی بەعسی داڕوخاو (سوڵتان هاشم) ناکات بە پاساوی ئەوەی پەیوەندیی هەبووە بە کوردەوە و وا بەنیاز بووە کۆدێتا بەسەر سەدام و ڕیژێمەکەیدا بکات!! بەڵام هیچ ئاماژەیەکی نەدا بەوەی بۆچی کۆدێتاکەی نەکرد و چی دەستی ئەم تازە پاڵەوانەی کوردایەتی گرتبوو؟ لەگەڵیدا باسی لەوەش نەکرد کێ سەرۆک کۆماری دوای کۆدێتا دەبوو؟ پێشتریش هەر مام جەلال ڕایگەیاند واژۆی لە سێدارەدانی سەدام حسێن ناکات چونکە وەک پارێزەرێک و واژۆکاری مەحکومکردنی سزای لە سێدارەدان ناتوانێت ئەو بڕیارە دژە دەربکا!. ئەوی زیاتر لەهەر شتێکی تر سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە: (سوڵتان هاشم پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ یەکێتی و کورد)، کە ئەگەر هەر زۆر لەسەری بڕۆین و لە جۆری پەیوەندییەکەی بکۆڵینەوە پێمان دەڵێن ئەندام کەرتی فڵانە کۆمیتە بووە و بۆ زیاتر دڵنیاییش ناسنامەکەیمان پیشان دەدەن بەمێژووی ساڵی ١٩٩٢ بە پلەی ئەندام کەرت. بەڵام هەر لێرەوە غەمم لێهاتووە بەرپرسێکی پارتیش بڵێت ئێمەش واژۆی لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی ناکەین چونکە پەیوەندیی هەبووە پێمانەوە و لە ٣١ی ئابیشدا زۆر هاوکاریی و کۆمەکی کردووین بۆیە چاو بەرەو ژێری ئەم زاتە موبارەک و دڵسۆزەین، لەبەر ئەو دڵسۆزییەش بوو پلەی ئەندام ناوچەی لە ڕیزەکانماندا وەرگرتووە، هەر بۆ دڵنیاییش دوا تازەکردنەوەی ناسنامەکەشی ئەم مێژووەی لەسەرە ١٩٩٦/٨/٣١.

هەر لێرەوە ئەو غـەدرە گـەورەیـەش ئاشکرا دەبێت لە عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم و نزار خەزرەجی دەکرێت و تاوانبار دەکرێن بە کوردقڕان و جینۆساید، ئاخر خۆ ئەمانە هەموو کادر و ئەندامی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی و یەکێتی بوون و لە ژێر ڕێنمایی و تەوجیهاتی ئەواندا بەو کارانە هەستاون، ئەگەر ئەرشیفی ماڵەکەی عەلی کیمیایی زۆر بەوردیی بگەڕێین ڕەنگبێ نامەی فەرمانکردنی سەرکردایەتی کورد بدۆزینەوە بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە!! چونکە ئەو ئەندامە دڵسۆز و کادرە نهێنییەی ڕێکخستنەکانی شار هیچ هەنگاوێکی بێ فەرمانی سەرەو نەناوە! بەڵام پێویستە بوترێت هەڵەیەکی تەکنیکی هەبوو نامەکەی سەرکردایەتی کورد بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە مەبەست لێی ڕشاندنی کەمێک سەماد و پەینی کیمیایی بوو بەسەر خەڵکی ئەو دەڤەرەدا تا بەهێزتر و کاراتر بن بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە ئەو کیمیاییە خنکێنەرە ڕشێنرا بەسەریاندا ئەگەرنا عەلی کیمیایی بێ تاوانە، بڕوا بکەن غەدری لێدەکەین پێی دەڵێین عەلی کیمیایی خۆی ناوە ڕاستەقینەکەی عەلی پەینە.

سوڵتان هاشم ئەبوتەبەری بزووتنەوەی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی پەنهانی شانۆی خەبات بووە, ئەمیش وەک عەلی پەین بێ پرسی سەرکردایەتییەکەی لە شاخ پەنجەی نەکردووە بە ئاودا، هەموو ئەو تۆمەتانەشی ڕووبەڕووی کراونەتەوە لە پاکتاوکردنی نەژادی کورددا، بێ بنەما و نابەجێن بەڵکو ئەو لە چێوەی کەمپینێکی نەتەوەیی هەستاوە بەو کارە کە زۆرترین سوود و قازانجی بۆ ئایندەمان تیایە لە دابەزاندنی ڕێژەی دانیشتوان بۆ ئەندازەی پێویست، فەلسەفەی ئەنفال ئەم ڕەهەندە قووڵەی لە پشتەوەیە نەک وەک زۆر بێ ئاگا لێی تێگەیشتوون، ئەگەر ئەنفال نەبوایە ئێستا ئەزمەی سەکەن زیاتر دەبوو، شەقامەکان قەرەباڵغتر دەبوون، ڕێژەی بێکاریی زیاتر دەبوو، حکومەت فەرمانبەری بەر سێبەری زیاتر دەبوو، خانەنشینی و پارەی موچەی لا بەلا زیاتر لە میزانیەی حکومەت دەردەچوو هتد.. پێشتریش مام جەلال ڕایگەیاند ئامادەیە ساجیدە خەیروڵڵا و ڕەغدی کچی سەدام پەنا بدات و یارمەتیان بدات بۆ دۆزینەوەی جێگەیەکی ئارام و دڵنیا بۆیان، هەر لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی سەرکردەکانی کورد ماڵ و منداڵی سەرانی بەعس داڵدە دەدەن!. نووکە دوای

ئاشکرابوونی پەیوەندیی سوڵتان هاشم و خەزرەجی گومانی ئەوە دەکەم ئەوانیش هەموو پەیوەندییان هەبووبێت!! دەهزرێم و دەیهێنم و دەیبەم نازانم ساجیدە و رەغد پەیوەندییان بە کام ئۆرگانەوە هەبووە؟ دەمەوێت پرسیار بکەم تۆ بڵێی ئەندامی شاراوەی یەکێتی ژنان نەبووبن؟ تۆ بڵێی ئێستا موچەی ژنی شاخیان نەبێت؟ تۆ بڵێی پلە و پۆستیان چی بووبێت لەو ئۆرگانەی خۆیاندا؟.

لەملاوە کەڵکەڵەی ئەوە هاتووەتە ناو مێشکمەوە دەبێت عودەی و قوسەی پەیوەندییان نەبووبێت بە کورد و یەکێتی و پارتییەوە؟ لەوانەیە بە هەڵە کوژرابن و ئەمەریکییەکان داوای لێبوردن بکەن، چونکە نەیانزانیبوو ئەم دوو کادرە نهێنییەی پارتی و یەکێتیان کوشتووە!! ئەی دەبێت ئەم دوو ناجسنە پەیوەندییان بە کام ئۆرگانەوە هەبووبێت؟، دەسگیرانەکەم بە چرپەوە پێی وتم ئەم گەنجانە (عودەی و قوسەی) لە یەکێتی قوتابیان یان لە کۆمەڵەی خوێندکاران کادر و هەڵسوڕاو بوون. بەڵام هەر چاوەڕوانی رۆژنامە عەرەبییەکانم کە فایلی پەیوەندیی ژێر بەژێری بەرپرسانی ریژێمی پێشوو هەڵبەنەوە بە حزبەکانی کوردەوە، هەروەک چۆن لە کوردستان خۆمان لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە پەردەمان هەڵماڵی لەسەر پەیوەندیی ژێر بەژێری بەرپرسانی کورد بە ریژێمەوە، بە هەمان شێوە چاوەڕێی ئاوها کارێکیش لە رۆژنامە عەرەبییەکان دەکەین. ئەسڵی مەسەلە لێرە ئەوەیە با چیتر هاوەن نەنێین بە تاریکە شەوەوە و بە رۆژی رووناک راستییەکان ببینین و بێ ویژدانانە خەڵکانی دڵسۆزی وەک سوڵتان و عەلی پەین و خەزرەجی رانەکێشینە بەردەم پەتی سێدارە و دادگا، با کەمێک بە ئاگایی و وردییەوە بۆ دۆزەکان بڕوانین نەک بە هەڵەشەیی و شەلم کوێرم دەست ناپارێزم. ئیتر من بە دوعا.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٢٧)ی رۆژنامەی (راستی) لە رۆژی ١٥\٩\٢٠٠٧دا بڵاوبووەتەوە.

# قسەیەک لە بارەی بودجەوە

هەلومەرجی دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم لە زەمینەی هەر پێنج کابینەکەی پێش خۆی جیاوازتر بوو، گەر ئێمە بمانەوێ جیاوازیی ژینگەی کابینەی شەشەم بە ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێنج کابینەکەی پێش خۆی بەراوورد بکەین، بە دڵنیاییەوە ناتوانین لە کورتە وتارێکدا مافی خۆی پێبدەین، بەڵام دەشێ بڵێین بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرلەمانی و یاسایی کە هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەکەوە هاتۆتە مەیدان، بە خاڵێکی جیاکەرەوە دادەنرێت لە زەمینەی کارکردنی کابینەی شەشەمدا، بەم بۆنەوە کابینەکە هەم لە ژێر چاودێرییەکی وردی سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆندا بووە کە یەک لەسەر سێی پەرلەمان پێکدەهێنن، هەم ئۆپۆزیسیۆن هەندێک جار و لە زۆر وێستگەدا لەمپەری لەبەردەم کارەکانی حکومەت دروستکردووە. «بۆ وێنە لە ماوەی ٦١ رۆژی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی پارێزگای سلێمانی، هەموو پڕۆژەکانی حکومەت پەکیان کەوت». سەرباری ئەمانەش کابینەی شەشەم بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی کورتی خۆی و ئەو بودجەیەی لە بەردەستی بووە توانیوویەتی لە چەندان رووەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لێ کەموکوڕیی هەیە و هەموو شتێک وەک ئەوەی دەبوو ببووایە، نەبووە، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە، کە کابینەیەکی چالاک بووە و ئیرادە و هەنگاوی باشی ناوە بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک.

هەنووکە بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانە و لە ژێر نەشتەری رەخنەی کۆی پەرلەمانتاراندایە، ئەگەرچی کات زۆر درەنگە و لە

کۆتاییەکانی مانگی مەی نزیک دەبینەوە، بەڵام مشتومڕی دڵخۆشکەر هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بەشێوەیەکی جیدی بخرێتە بواری خزمەتکردنی هاووڵاتیانەوە. هەنگاوی کەمکردنەوەی ڕێژەی ١٠٪ لە بڕە پارەی تەرخانکراو لە بواری خزمەتگوزارییدا و گەڕاندنەوەی بۆ سەر ڕشتە و بواری بەرهەمهێنان، یەکێک لەو دەستکەوتانەیە لە ئەنجامی گفتوگۆی دوور و درێژی سەرجەم فراکسیۆنەکانەوە هاتۆتە بەرهەم، بەڵام لەوەش زیاتر، دوو خاڵی زۆر ئیجابی لە دانیشتنەکانی تاوتوێی پڕۆژەی بودجەدا بەدی دەکرێت، یەکەم: فراکسیۆنی کوردستانی بە ڕۆحییەتی فراکسیۆنی دەسەڵاتەوە مامەڵە لەگەڵ پڕۆژەکە ناکات، لایەنگریی کوێرانە ناکات، بەڵکو لە زۆرترین جاردا ڕەخنەی ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانی زۆر گەوهەریتر و جیددیترە لە ڕەخنە و تێبینی زۆرێک لە ئەندامانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. دووەم: سەرباری ئەوەی کەناڵەکانی میدیای ئۆپۆزیسیۆن دەیانەوێ «کەموکوڕیی»ەکانی بودجە وەک درێژەپێدەری شەڕی شەقام و خۆپیشاندانەکان بکەنە ماددەیەکی ئیعلامیی، بەڵام کەشەکە لە پەرلەمان بەم جۆرە نییە و ئەندامانی هەر سێ لیستەکەی ئۆپۆزیسیۆن تا ئەندازەیەکی باش، دوور لە ئەنتیبوونی جاران و بە هەناسە و دیدێکی ڕەخنەگرانەی ئیجابییەوە بەشداریی لە پرۆسەی گفتوگۆکاندا دەکەن.

بودجەی ئەمساڵ، بە گەواهیی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن، تا ئاستێکی زۆر، لە بودجەی ساڵی ڕابردوو تێر و تەسەلتر و ڕێکوپێکترە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خاڵێکی گەشە و حکومەت دەتوانێت بەپێی ئەو پلانڕێژییە زۆر باشەی کردوویەتی، هەنگاوی جیددی بهاوێژێت بۆ زۆرتر خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو ڕوویەکەوە، دەتوانێت بەو بودجەیە بڕێکی زۆر لەو پێویستی و داخوازییانەی خەڵک بهێنێتە دی کە بەردەوام لە هەموو بۆنەیەکدا داوای دەکەن، بودجەی ئەمساڵ لە بواری خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا کاری باشی کردووە و دەتوانێ دەستکەوت بۆ زۆرینەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگەی جودا و لە ژێر ناوی جیاجیادا دەستەبەر بکات. من پێموایە بودجەی ٢٠١١ یەکێک لەو وێستگە گرنگانەیە کە دەکرێت وەک وەڵامێکی حکومەت بۆ خۆپیشاندەران مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە بە دیقەتدان لەو بەرنامە چڕ و پڕەی دانراوە ئەو

هەستەت لەلا دروست دەبێت ئەم بودجەیە دەتوانێت زۆر بوار و زۆر لایەنی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان بگرێتەوە.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین و پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی بودجەی ئەمساڵەوە هەیە، ئەوەیە، بودجە بە بەراوورد بە دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان و بەو ئاستە بژێویی و ئابوورییەی خەڵک تێیدا دەژی، هەرواش بە بەراوورد بە ژیانی ئابووری بەشەکانی تری عێراق، توانیوویەتی تەکانێک بدات بۆ پێشەوە و جیاواز بێت لە ساڵانی پێشوو، کە من ئومێد دەکەم، ساڵی داهاتووتر لەگەڵ زیادبوونی بەشی کوردستان لە داهاتی گشتیی عێراق، پلانێکی تۆکمەتر بۆ بودجەی کوردستان دابنرێ، بەوەی، یەکەم: بواری بەرهەمهێنان و بوژانەوەی کەرتی تایبەت بکرێتە بوارێکی پێشنۆرە و بە جیددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و ئیشی زۆری بۆ بکرێت. دووەم: پلانێکی تۆکمە دابنرێت تا بودجە لە بواری پێشخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزارییدا جێگە دەستی خۆی بۆ ساڵانی دواتر دابنێت. بەڵام لە پوختەترین دەربڕیندا و بە یەک دێڕ: بودجەی ئەمساڵ وێڕای دواکەوتن و هەر کەموکورییەک، بودجەیەکە بۆ خزمەتکردنی خەڵک و نیشانەیەکیشە بۆ سەرکەوتنی کارەکانی کابینەی شەشەمی حکومەت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٥٤٩٧»ی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە رۆژی ٥-٦-٢٠١١دا بڵاوبۆتەوە.

# ئۆپۆزیسیۆنی بێ مۆراڵ

ئـەو سـێ لایـەنـەی لـە مـاوەی چـوار سـاڵی رابـــردوو، بـە حـسـاب رۆڵـی ئۆپۆزیسۆنیان ئەدا کردووە، جگە لە پەکخستنی پرۆسەی سیاسیی و داهێنانی دەبە هاویشتن لە نێو هۆڵی پەرلەمان، هیچ ئیزافە و تەرحێکی سیاسیی، هیچ پرۆژە و ئەجێندایەکیان نەبووە، شەقاوێک ئەم هەرێمە بباتە پێشەوە، چ لە رووی سیاسیی، یان لە رووی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە. بە پێچەوانەوە سیاسەتی ئەو سێ لایەنە تەنێ بریتی بووە لە دروستکردنی فەوزای ئیعلامی و پاشان فەوزای سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتی بێ ئەجێندا و بێ ئامانج. ئەوەی لە چوار ساڵی رابردوودا ئەم سێ لایەنە ممارەسەیان کردووە، سیاسەتێکی ناحەکیمانە بووە و زۆرترین شەقاوەکانیان لە دەرەوەی یاسا و فەرهەنگی کاری سیاسیی و ململانێی سیاسیی بووە.

ئۆپۆزیسیۆن لـە کـوردسـتـان، لـە بـری ئـەوە لـە رێـگـەی پێشکەشکردنی بەرنامەی هەڵبژاردنی بەهێز و دەرخستنی کەموکورییەکان بە بەڵگەوە، لە بری بەهێزکردنی فەرهەنگی مەدەنیی و دیموکراتی بۆ گوزارشتکردن لە ماف، لە جیاتی داهێنانی نوێ کە تەبا بێت لەگەڵ دونیای سـەردەم و تەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، کاری لەسەر گەڕانەوەی کولتووری شەڕی براکانی شاخ کردووە، بە هەمان نەفەسی شەڕی ناوخۆ و زەمەنی تەسفیە حساباتی سەرەتای شەستەکانەوە، ململانێی لەگەڵ بەرامبەرەکەی کردووە، بە تایبەت لە بەرامبەر پارتی سڵی لە هیچ ئامرازێکی شیاو و نەشیاو نەکردۆتەوە.

بەرنامەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن لە یەک خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لە دژایەتیکردنی پارتی و ئەو ڕێبازە سیاسییە نەتەوەییەی ئەو حزبەی لەسەر تەبەنی بووە، ئەم کارەش زیاتر لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە کراوەتە ڕێبازی سەرەکیی و میحوەری بنەڕەتی کارکردنی ئۆپۆزیسیۆن، کە ئەمەش لە ناواخندا نەک کاری ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و پەرلەمانیی نییە، بەڵکو درێژەدانە بە ئەرکێکی کۆنی شکستخواردوو، کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵە و لە سەرەتای ١٩٦٤دا بۆ یەکەمین جار لە دژی خەتی سیاسیی پارتی و ڕێبازی بارزانی خۆی مەترەح کرد، هەرچەند زۆربەی سیماکانی ئەو بزووتنەوەیە تا مردن نەیانتوانی خەونەکەیان بکەنە واقیع یان لە نیوەی ڕێگا ماندووبوون و دەستیان هەڵگرت، بەڵام ئەم بزووتنەوەیەی بەناوی گۆڕانەوە هەنووکە شینی شەفافیەت و دیموکراسی دەکات تاکە میراتگری ئەو ڕەوتە شکستخواردووەی نێو مێژووی نزیکی کوردە.

هەردوو لایەنە ئیسلامییەکەش «کۆمەڵ و یەکگرتوو» لە تەماحبازییان بۆ نزیکبوونەوە لە کێکی دەسەڵات، بوونەتە پاشکۆی ئەو هێزە بێ سەروبەرەی ناوی گۆڕانە، کە تەنیا و تەنیا ئامانجی لاوازکردنی پارتییە لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا. هەرچەند ئەم سێ هێزە بەسەریەکەوە چەندین هەنگاوی نادروست و نابەرپرسیارانە و دوور لە هەستکردن بە لێپرسراوێتی نیشتمانیان ناوە، بەڵام لە دژایەتیکردنی پارتیدا هێندە سنووریان بەزاندووە خەریکە مۆراڵ و ڕەوشتی سیاسییش لە دەستدەدەن. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە، ئەوەیە، سەرباری ئەوەی لە سلێمانی لە پشێوییدا هەوڵدرا گۆڕانکاریی بەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بهێنرێت و ٥٣ سندووقی قردێلە سوور هەیە، کەچی ئۆپۆزیسیۆن دوور لە هەر چاوەڕوانییەکی هێزە سیاسییەکان و چاودێرانی سیاسیی داوای هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی هەولێر دەکەن.

جێگەی بیر هێنانەوەیە، شەوی هەڵبژاردن ٢١-٩-٢٠١٣ لە یەکەمین کاردانەوەدا، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، پیرۆزبایی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد، هیچ توانج و کۆمێنتێکی ڕەخنەگرانەی ئەوتۆی لەسەر پرۆسێسەکە

دەرنەبڕی، بەڵکو بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە داوای لە هەواداران و لایەنگرانی گۆڕان کرد، ئارامی بپارێزن و داواشی کرد ئەم هەڵبژاردنە ببێتە سەرەتایەک بۆ هەماهەنگی نێوان لایەنەکان. لەلایەکی تریشەوە یەکگرتووی ئیسلامی بە فەرمی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی قبوڵ کرد، کەچی لە ناکاو ئەم هاوکێشەیە هەڵدەگەڕێتەوە و دوای کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن، داوای هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی هەولێر دەکەن و گومانی نابەجێ دەخەنە سەر پرۆسەکە لەو پارێزگایە، لە کاتێکدا هەموو کەسێکی هۆشمەند دەزانێ ئەوەی شەوی ٢٣-٩ لە سلێمانی روویدا، بەسە بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بزانن لە کوێ ساختەکاریی کراوە و لە کوێش پرۆسەکە پاکژ بووە؟.

ئەم داواکارییەی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەرچی بۆ من جێگەی شۆک نییە، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکەم، دانی خێر بە پرۆسەیەکدا بنێن خۆیان شکستیان تێیدا خواردبێت و دوژمنی ٥٠ ساڵەیان بە گەورەترین سەرکەوتنەوە لێی هاتبێتە دەرەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە بێ پاساوەی ئۆپۆزیسیۆن تەفسیری ئەوەمان بۆ دەکات، ئێمە تەنیا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێکی توندڕەو و ئەنارکیست بەرەو روو نین، بەڵکو کێبڕکێمان لەگەڵ سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنە لە مێژە ئەخلاق و مۆراڵی سیاسیشیان لە دەستداوە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٣٠» گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٨-١٠-٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# کێ لە دەنگی میللەت دەترسێت؟

لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێک لە یەکێتی، داوای گەڕانەوەی دەستووری هەرێم دەکەن بۆ پەرلەمان، لە کاتێکدا ئەو پڕۆژە دەستوورە لە پەرلەمانەوە هاتووە و لەو دەزگا باڵایەی یاسادانان کارەکانی کۆتایی پێهاتووە و بەشێوەیەکی فەرمی بە دەنگی زۆرینە قبوڵ کراوە، پاشان نێردراوەتەوە سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئامادەکاریی پێویست بکرێت بۆ راپرسیکردن لەسەری. ئێستاش سەرۆکایەتی هەرێم، ساتەوەختی هەنووکە بە گونجاو دەبینێت، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە دەستوورە بخرێتە بەردەم هاووڵاتیان تا لە رێگەی ریفراندۆمێکی ئـازادەوە، دوا قسەی خۆیان بکەن لەسەری. ئەمەش رێگەیەکی قانوونی و دیموکراتییە کە لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسی دنیادا پەیڕەو دەکرێت.

لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێک لە یەکێتی، بە ناوی زۆرینەی رەهای خەڵکەوە، ئەو پڕۆژە دەستوورە رەت دەکەنەوە و رایدەگەیەنن ئەو پڕۆژەیە دڵخوازی خەڵکی کوردستان نییە، بەبێ ئەوەی پێمانبڵێن ئاخۆ بە چی و بە کام داتا زانییان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەم دەستوورەیان بە دڵ نییە، ئایا ئەم فاڵگرتنەوە و رمڵێدانە، لە کوێوە هاتووە؟. ئاخر ئەوە تەنێ ریفراندۆمە دەریدەخات، ئایا خەڵکی کوردستان ئەم پڕۆژە دەستوورەی بە دڵە یان نا؟ چونکە ئەوە سەنگی مەحەکە و قسە و مەزندەی هەر لایەک دەبڕێت. ئەگەر لایەن و حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هێندە لە رای میللەت دڵنیان، بۆچی توشی لەرز و تا بوون، وەختێک سەرۆکی هەرێم بڕیاری دا ئەو پڕۆژەیە بخرێتە راپرسییەوە؟. ئەی ئەوان ناڵێن خەڵک بە دڵی نییە، ئەگەر وایە بۆچی لە ریفراندۆم دەترسن،

خۆ ئەوسا پرۆسەکە بە قازانجی سیاسیی و ئەجیندای ئەوان دەشکێتەوە؟.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تا دوا ئەندازەش مایەی گاڵتەجاڕییە، ئەو دیدگایەی ئۆپۆزیسیۆنە کە پێیوایە بێ گەڕانەوەی دەستوور بۆ پەرلەمان و «سازانی نیشتمانی»، هەموو شاریگاکانی دیموکراسی لە کوردستان کوێر دەبنەوە و ئەزموونەکەمان دەچێتە ناو قۆناغی دیکتاتۆرییەتەوە. ئاخر ئەمە بە پێی کام فەلسەفەی سیاسیی و بە وتە و تێزی چ بیریارێک، مادام برادەرانی گردەکە لەسەر پڕۆژەی دەستوور تەحەفوز و تێبینیان هەیە و بە گوێی ئەوان ناکرێت، ئیدی ئەم پڕۆژەیە دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ سیستمێکی دیکتاتۆریی؟ ئەم قسە پڕ و پووچانە لە چ قامووسێکدا جێگای دەبێتەوە؟. بە راستی سەیرە، ئایا لە دنیادا هیچ سیستمێکی دیکتاتۆریی بوونی هەیە، پڕۆژەی دەستووری وڵات بخاتە راپرسییەوە بۆ بەردەم گەل؟. ئایا دیکتاتۆرەکان ئەوانەن دەگەڕێنەوە بۆ رای گەل، یان ئەوانەن رای خۆیان بەسەر گەلدا دەسەپێنن؟.

گاڵتەجاڕیی راستەقینەش لەو چرکەساتەدا خۆی دەردەخات، ئەم ئۆپۆزیسیۆنە هەمیشە باس لە رای خەڵک دەکات و بۆچوونی خەڵک بۆتە بنشێتە خۆشەی بن ددانی، بەڵام کاتێک دەسەڵات بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، فەرموو با خەڵک دوا بڕیاری خۆی بدا، لەسەر ئەو پڕۆژە دەستوورەی ماوەی چەند ساڵ سەرقاڵی نووسینەوەی بووین بە یارمەتی دەیان پسپۆری یاسایی ناوخۆیی و بیانی، پاشان ماوەیەکی درێژ لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کراوە و دواتریش رای هاووڵاتیانی لەسەر وەرگیراوە. کەچی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت نەخێر ئەم پڕۆژەیە کەموکوڕیی تێدایە، لە کاتێکدا زۆربەی لایەنە سیاسییەکان و قەوارە پەرلەمانییەکان «جگە لە گۆڕان» لە کاتی خۆی سەری رەزامەندییان لەقاندووە بۆی، تەنانەت بە گوێرەی زانیاریی من، نەوشیروان مستەفا لە رێگەی «کوێستان محەمەد»ی پەرلەمانتاری ئێستای گۆڕان و ئەوسای یەکێتی، ئاگاداری ناوەڕۆکی مسۆدەکە بووە و پەرلەمانتارانی ئەوسای یەکێتی راسپاردووە دەنگی بۆ بدەن!.

ئەگەر بگەڕێینەوە، سەر ئەو هەڵمەتە راگەیاندنەی لە کەناڵە فەرمییەکانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و میدیا سێبەرەکانیانەوە دژ بە دەستوور و بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بوونی هەیە، بەر دیماگۆگییەت و دووفاقییەکەی سەیر

دەکەوین، چونکە لەلایەک مەکینەکەیان بەو بارەدا خستۆتە گەڕ، دەسەڵاتی کوردستان بە تایبەت پارتی لە دەنگی خەڵک دەترسێت و لەلاکەی ترەوە هەموو وزەیەکی خۆی بۆ ئەوە بە فیڕۆ دەدات، ئەو مافە لە خەڵک وەربگرێتەوە دەنگ لەسەر پڕۆژە دەستوورێک بدات، کە پابەندە بە چارەنووسی تاک بە تاکی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمەوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئێمە پرسیارێکی جیددی تەرح بکەین، ئاخۆ ئەوە کێیە لە دەنگی خەڵک دەترسێت؟. ئایا ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن ترسی لە دەنگی خەڵک نییە، بۆچی بووەتە کۆسپ لەبەردەم ریفراندۆم و خەریکی بەرهەمهێنانی سەفسەتە و لە خشتەبردنی رای گشتییە؟. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن ترسی لە دەنگی خەڵک نییە، بۆچی مەیدانەکە چۆڵ ناکات، تا خەڵک بە دەنگی بەرز رای خۆی بڵێت؟.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، پڕۆژەی دەستوور، بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت بۆ یەکێتیش، بووەتە ماددەیەکی خاوی هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەڵام مێژوو لەو هێز و لایەنانە خۆش نابێت یاری بە موقەدەراتی میللەتێکەوە دەکەن. پڕۆژەی دەستوور، ماددەیەک نییە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بەڵکو پڕۆژەیەکە بۆ رێکخستنی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و قانوونی کۆمەڵگە. کاتیش زۆر درەنگە تاکوو کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، کات چاوەڕوانی ئەم گەمە بێ مانایە ناکات، ئۆپۆزیسیۆن دەستی داوەتێ. بۆیە نابێت چیتر کات بە فیڕۆ بدرێت و هەقە لە سبەینێ زووتر نییە، ئەو پڕۆژەیە بخرێتە بەردەم رای هاووڵاتیانی کوردستان.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «٢٣»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٥-٦-٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# شەقام و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ هەڵوێستەکەی سەرۆکی هەرێمدان

لایەنگرانی ئەو بۆچوونەی دەیانووت، هێشتا عێراق بۆ کورد مایەی مەترسییە و دەشێ لەهەر ساتەوەخت و ماوەیەکی مێژووییدا لە بەغدادەوە پیلانی دۆزەخی بۆ کوردستان دابڕێژرێت. لایەنگرانی ئەو تێفکرینەی پێیانوابوو تەنانەت بوونی دەستوورێک هێشتا گەرانتی مافەکانی کورد ناکات، ئەگەر کورد خۆی خاوەن هێز و پێگە نەبێت. ئەمڕۆ لە هەموو کات پتر راستیی و دروستیی بیرکردنەوەکەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەبینرێت. ئەوەتا هێزە عەرەبییە عێراقییەکان لە پێناوی تێکشکاندنی پێگەی ئێستای کورد و پاشەکشەکردن بە جێگە و ڕێگەی سیاسیی کورد لە عێراقدا، پەنایان بۆ ساختەکردن و تەنانەت فێڵ و گزی بردووە، وەک ئەوەی لە دیاریکردنی ڕێژەی کورسیی پارێزگاکانی عێراقدا بە روونی دەردەکەوێت. کە بە هەموو کوردستان هێندەی پارێزگای مووسڵ کورسی بۆ دیاریکراوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەمە لەلایەک پاشەکشەکردنە بە جێگە و پێگەی کورد و لەلاکەی ترەوە دەرفەتدانە بە سوننە کە بە هاوکاریی وڵاتانی هەرێمی لە ئەجینداباندایە پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەدەستەوە بگرن.

هەر لە دەمێکەوەیە دەزانرا لایەنە عەرەبییەکانی عێراق، بەهۆی سەرقاڵیی کورد بە کێشەی ناوخۆییەوە، لە هەوڵی دارشتنی پلانی ژێر بەژێر و گزی قانوونیدان بەمەبەستی گێڕانەوەی سنووری دەسەڵاتی کورد لە عێراقدا بۆ سەردەمی پێش ساڵی ٢٠٠٣. کاتێکیش ئێمە دەمانووت کورد جۆرێک لە هەڕەشەی لەسەرە و ناکرێت ئاوها بە ساردوسڕیی پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ عێراق رابگرین، باری سەرنجەکانمان بەهەند وەرنەدەگیرا و وا دەزانرا ئێمە لە

ئەگەرێکی دوور و وەهمیی دەدەوێین، نەک ئەگەرێکی زۆر نێزیک و راستەقینە، کەچی ئێستا لە هەموو وەخت زێدەتر هەست بە مەترسییەکە دەکەین، بەڵام وەک ئەوە نییە لە چرکەساتی خۆیدا خۆمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەگەرێکی لەو بابەتە ئامادە بکردبایە. بۆیەکا ئێستا کورد لە بەردەم پرۆسەیەکی سەختی سیاسیی و رووبەڕووبوونەوەیەکی دژواردایە لەگەڵ پێکهاتە و هێز و قەوارە سیاسییەکانی عێراقدا، بە ئەندازەیەک ئەگەر کورد فریای خۆی نەکەوێت و هەڵوێستی توند نەنوێنێت هیچ گرانتییەک نییە بۆ پاشەکشەپێکردنی بڕێکی زۆر لەو دەستکەوتانەی لە دوای پرۆسەی رووخانی عێراقەوە مسۆگەری کردوون.

هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز «مەسعود بارزانی»، لەمەڕ گزی لایەنە عەرەبییەکانی عێراق و هەڕەشەکانیشی کە ئەگەر چاو بە ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکانی کوردستاندا نەخشێنرێتەوە و ئەو چاوخشاندنەوەیەش لەگەڵ ویستی کورددا نەگونجێت، ئەوە کورد بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات. بە بڕوای من هەڵوێستێکی ئێجگار واقیعی و دروستە بۆ مامەڵەکردنی ئەم واقیعە و بەرپەچدانەوەی ئەو پیلانە هەمەلایەن و سەختەی لە بەغدادەوە بۆ کوردستان دادەڕێژرێت. هەڵوێستەکەی بارزانی پێش هەر شتێک جیا لەوەی هەڵوێستێکی نەتەوەیی و ریالیستانەیە، لە هەمان کاتدا شەقامی کوردیی و رای هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی لەگەڵدایە، چوون هیچ رێگاچارە و رایەڵێک بۆ دیالۆگ و پەیوەندیی دیبلۆماسی نەماوە، کاتی ئەوەیە سەرکردایەتی کورد هەڵوێست وەربگرێت و قورسایی سیاسیی و جەماوەریی کورد نیشانی هێزە عەرەبییەکان و هەموو ئەو لایەنانە بدات بەشێوەیەک لە شێوەکان پشکدارن لە سیاسەتی پاشەکشەپێکردن بە مەوقیعەتی سیاسیی و ئابووری کورد لە چوارچێوەی عێراقی نوێدا.

هەڵوێستەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی بەلای هەندێک چاودێر و تەنانەت سیاستمەدارەوە، هەڵوێستێکی توند و حاسم بوو، بەڵام ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە زانست و پرۆسەی سیاسییدا نەک هەر وارد و رەوان، بەڵکو هەندێک جار پێویست و گرنگن. سەرکردە سیاسییەکانیش ئەوانەن دەتوانن بەپێی واقیع و لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز سیاسەت بکەن و ویست

و ئامانجەکانیان بسەپێنن. وا بیر دەکەمەوە ئەو هەڵوێستەی بەڕێز بارزانی لەم دەمەدا پێویستترین هەڵوێست و لێدوان و مامەڵە بوو. چونکە ئەوەی لێرە روودەدات، لە هەر وڵاتێکی دیکە بووایە، هەر سەرکردەیەکی دیکەش بووایە رووبەڕووی واقیعێکی لەم جۆرە بووایە، بڕیارێکی لەوەی بەڕێز بارزانی دەدا. کەواتە هەڵوێستەکەی بارزانی زادەی واقیعی سیاسییە و ئەو لەو بیرکردنەوە و مامەڵەیەدا تەنیا کەسێک نییە و ئیرادەی سیاسیی و نەتەوەیی گەلێکی لە پشتە. لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە بە بیری بهێنینەوە ئەمە نە یەکەم پیلانی عەرەبی عێراقی بووە و نە بەپووچەڵکردنەوەشی دەبێتە دوا پلان، بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە کورد چۆن دەتوانێت و بە چ ئامرازێکی سیاسیی بەرەو رووی ئەو پیلانانە دەبێتەوە؟. ئەمە ئەسڵی مەسەلەکە و پرسیارە هەرە بەجێیەکەیە.

تێبینی: ئەم کورتە وتارە لە گۆشەی «پانۆراما، لە ژمارە «٦٩»ی گۆڤاری «نێوەند» لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٩دا بڵاوکراوەتەوە.

## بۆچی گۆڕان دژایەتی ئاشتی هەورامی دەكات؟
### ئایا وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ئەختەبووتە؟

ئۆپۆزیسیۆنی كوردستان، بە تایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، لە ئێستادا، ئەوەندەی سەرقاڵی هێرشكردنە سەر ئاشتی هەورامی و وەزارەتەكەیەتی، «حسێن شەهرستانی» نیو هێندە ئەم كارە راناپەڕێنێت، تەنانەت شەهرستانی، لە سایەی سەری گۆڕانەوە پاڵی لێداوەتەوە، چونكە لەوە دڵنیا بۆتەوە بەشێكی زۆری ئەركەكانی ئەو لە دژی فایلی نەوتی كوردستان رادەپەڕێنێت. پرسیاری سەرەكیی لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی هێندە دژایەتی ئاشتی هەورامی و وەزارەتەكەی دەكرێت؟. ئایا ئەوە راستە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بووەتە ئەختەبووت و داهاتی هەموو نەوتی كوردستان لووش دەدات؟.

لە واقیعدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان یەكێكە لە ئەكتیڤترین وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێم، لە ماوەیەكی كەم و پێوانەییدا توانیوویەتی سەرنجی دەیان كۆمپانیای گەورەی بواری بەرهەمهێنانی نەوت، بۆ سەرچاوە سروشتییەكانی هەرێم رابكێشێت و پرۆتۆكۆلیان لە تەكدا واژۆ بكات. بەپێی ئەجیندایەكی نیشتمانیی هەوڵی داوە، پرۆسەی دەرهێنان و هەناردەكردنی سامانی سروشتی كوردستان، بباتە قۆناغێكی پێشكەوتووەوە، ئەمەش لای من یەكێكە لەو هەنگاوە جیددیانەی نەك مایەی رەخنە لێگرتن نییە، بەڵكو جێگەی دەستخۆشییە.

ئەوەی دەمێنێتەوە، پرسی داهاتی نەوتی کوردستانە. ئاشتی هەورامی لە چەند جەلسەیەکی پەرلەمان توانی وەڵامی پرسیار و گوومانەکانی پەرلەمانتاران بداتەوە. ئەمەش ئەو رێگە دیموکراسییەیە لە وڵاتانی لوتکەی دیموکراسیدا پێڕەو دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا میدیای ئۆپۆزیسیۆن لە هەر دەرفەتێک بۆی بلووێت، دیسان هەمان پرس دەهێنێتە پێشەوە، ئەمەش لەلایەک بێ نرخکردنی کاری پەرلەمانییە و لەلایەکی تر بەشێکە لە پرۆسەی شەڕێکی سیاسیی و ئابووری رووت، نەک مەسەلەکە پەیوەندیی بە گەندەڵی یان شتێکی لەو بابەتەوە هەبێت.

ئاشتی هەورامی، لەم دواییەدا، وەڵامێکی گونجاوی هەموو ئەوانەی دایەوە، رەخنە لە فایلی نەوتی کوردستان دەگرن، لەو نێوەندەدا باسی لە یەکێک لە پرۆتۆکۆلەکان کرد، کە بە هەوڵی نەوشیروان مستەفای رێکخەری گۆڕان ئەنجام دراوە، پرۆتۆکۆلەکە خەنجەردانە لە کا، ئاشکراکردنی ئەم بەڵگەیە هێندەی تر گۆڕانی دەهری کرد، لە بری ئەوەی بە بەڵگەوە بیسەلمێنن، دیکۆمێنتەکەی هەورامی راست نییە، هەستان بە خەستکردنەوەی هێرشی میدیایی بۆ سەر ناوبراو. ئەمەش فاکتێکی زۆر بچووکە و دەیسەلمێنێت شینەکە بۆ مەرگی حسێن نییە بەڵکو بۆ هەریسەکەیە.

رەنگە لە زۆربەمان شاراوە نەبێت، هەندێک لە سەرکردە ناسراوەکانی گۆڕان، بازرگانی نەوتن و لە یەکەمین ئەو کەسانەن لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا سەرمایەیان بەگەڕ خستووە، هەوڵدانی «نەوشیروان مستەفا»ش بۆ کۆمپانیایەکی بواری بەرهەمهێنانی نەوت، لە راهی خودا نەبووە، ئەگەر کۆمپانیاکە کۆمپانیایەکی سێبەری خۆی نەبووبێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بە مەرجی پشک لە هەوڵداندا بووە بۆی. ئەگەر بە ویژدانیشەوە قسە بکەین، ئەوانەی بۆ یەکەمجار لە زۆنی سەوز کەوتنە کەڵکەڵەی دەرهێنانی نەوت، یەک دوو لە سەرکردەکانی گۆڕان بوون. ئەوسا کەس بۆی نەبوو باسی نەوت بکات، تەنانەت ئەم پرسە بە جۆرێک خرابووە ژێر لێوەوە هەر کەس بڕوای نەدەکرد لەم کوردستانەدا شلەیەک هەبێت بە ناوی نەوتەوە.

من دەگەڕێمەوە بۆ سەر پرسیاری سەرەکیی وتارەکە. بۆچی گۆڕان دژایەتی ئاشتی هەورامی دەکات؟ پێموایە گۆڕان لە تەشکیلکردنی وەزارەتێک بە ناوی

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، زیانی گەورەی کردووە. یان راستتر بڵێم بەشێک لە سەرکردەکانی گۆڕان، هەر نەیاندەویست وەزارەتێک بەو ناوەوە هەبێت، چونکە ئەوسا وەک ئەو پرۆتۆکۆلەی هەورامی لەسەر رێکخەری گۆڕان ئاشکرای کردووە، بە ئارەزووی خۆیان ساف سافێنیان بە پارەی نەوت و بەو شلە پڕ نیعمەتەوە دەکرد. چونکە ئەوان دەیانویست هیچ نەبێت نەوتی زۆنی سەوز لە دەستی سەرکردە بازرگانەکانی خۆیاندا بمێنێتەوە، نەک ئەوەی بکەوێتە دەستی حکومەت. بە کورتی و کرمانجی، سەرکردەکانی گۆڕان بۆ خۆیان دەگرین، بۆ ئەو بەرەڵلاییەی پێشوو دەگرین، دەیانەوێت هیچ نەبێت لە ئێستاشدا پشکیان هەبێت کە هەورامی بەمە رازی نییە. بۆیان هەموو هێزی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ دژایەتی و سووکایەتیکردن بەو وەزارەتە و وەزیرەکەی. هەر لەم رێگەیەشەوە نەوت وەک کارتێکی کاریگەر بۆ شەڕی سیاسیی خۆیان لەگەڵ دەسەڵات دەخەنەگەڕ.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە «١٣»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ١-٩-٢٠١٢دا بڵاوبووەتەوە.




# بەشی سێیەم

# بەرسڤ

# وەڵامێکی زۆر نەرم بۆ هەندێک رەخنەی زۆر رەق

**(گەر بەهەموو زمانەکانی جیهان و فریشتەکان بدوێم، بەڵام خۆشەویستم نەبێ، ئەوا وەک گرمەگرمی دەهۆڵ و زیڕەزیڕی زوڕنا وام، ئەگەر بە وشەی خودا بدوێم و هەموو نهێنی و زانیارییەک بزانم و باوەڕێکی تەواوی وام هەبێ بتوانم چیای پێی هەڵبکەنم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ ئەوا هیچ نیم، ئەگەر بێتو هەموو سامانم بەسەر هەژاراندا دابەش بکەم و تا سووتان ژیانم پێشکەش بکەم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێ، ئەوا هیچ سوودی بۆم نابێ، خۆشەویستی دان بەخۆداگرتن و رۆح سووکییە، خۆشەویستی شانازیی نییە، چاوپیسی نییە، لووتبەرزیی نییە، توندڕەویی نییە، داوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی ناکات، زوو توورە نابێ و بە هەڵەکانی پێشوودا ناڕواتەوە، خۆشەویستی بە خراپە دڵخۆش نابێ، بۆ راستی دڵشاد دەبێ، خۆشەویستی هەموو کاتێ بەرگە دەگرێ، باوەڕ دەکات، هیوای هەیە، ئارام دەگرێ، خۆشەویستی هەرگیز نافەوتێ).**

ئینجیل– کۆرنسۆس ١٣: ١–٨

ماوەیەکە بە ئاشکرا و بە نهێنی هەندێ کەسی ناسراو و نەناسراو بە ئیمەیل و لە هەندێ ماڵپەڕی کوردیدا تانە و تەشەرم ئاڕاستە دەکەن، لەبەرئەوەنا دژی بەها مرۆییەکان قسەیەکم کردووە، لەبەرئەوەش نا هزرێکی ترسناکی وەک وەهابییەت یان فاشییەتم بڵاوکردۆتەوە، دیارە لەبەرئەوەش نەبووە هانی توندوتیژیی و گێرەشێوێنی و قڵیشانەوەی دۆخی وڵاتم دابێت، لەبەرئەوەش نا دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان وەستابێتمەوە، نا بەڵکو لەبەرئەوەی برێک ڕا و سەرنجی خۆم لەمەڕ هەندێ بواری جۆر بەجۆر دەربڕیوە، بە تایبەت هاتنە وەڵام لەسەر مافی گەلی ستەم لێچۆڕاوی کلدانی سریانی

ئاسووری، پێشنیارکردن بۆ گۆڕینی ئاڵای کوردستان. زۆرێک لەوانەی لەسەریان نووسیبووم گەلەک ناشارستانی و دوور لە هەموو ڕێسا و عورفێکی وتووێژکردن جنێویان پێداوم، لەبەرئەوەنا دیواری کەعبەم رووخاندووە، بەڵکو تەنێ ژ بەرئەوەی گومانم ئاراستەی بڕێک یەقین و بنەوانی چەسپیو کردووە. ئەو کەسانەیان نامە و ئیمەیلیان بۆ ناردووم مافی تاکایەتی و سنوور و پەرژینی ئازادییە تاکە کەسییەکانمیان تێپەڕاند، هەندێ جنێوم لە نێو نامەکانیاندا دۆزییەوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئەوەندە نوێباون یەکەمجارە دەیانخوێنمەوە و دەیانبیستم، هەندێ جنێوی وەهام پێدراوە لەوانەیە زۆر تازەبن لە ئەدەبی جنێونامەنووسیدا، بە زمانی خەڵکی سلێمانی بە مانای وشە لۆک بوون.

هەندێ رستەی زبر و شەڕئەنگێزانەم بەرگوێ کەوت هەرگیز بەخەیاڵمدا نەهاتووە خەڵکانێک هەبن ئەوەند قینیان لە دڵدا بێت بەرامبەرم. ئەو جنێو و رستە بازاڕیی و ڕووشێنەرانە لە سنوورێکدا بوون تا ئێستا نە بەرامبەر بە عەلی کیمیایی، نە ئەتاتورک، نە سەدام حسێن، نە شای ئێران، نە حەواری بۆمەدین نەگووتراون. ئەمە تەواوێ تووشی شۆک و نائومێدیی کردم بەوەی هێشتا کەللەی وشکمان تارمایی تاکڕەهەندیی و خودپەرستی بەر نەداوە، ئاخر ئەو مامەڵە دڵڕەقانەیەی بەرامبەر بە من کرا نەک هەر شایەن بە رۆژنامەنووسێک نییە، بەڵکو گوناهێکی نەبەخشراوە ئەگەر بێتو بەرامبەر بە تاوانبارێکیش وا رەفتار بکرێت و بەو شێوازە سنووری مافە تاکییەکانی ببەزێنرێت. هەرگیز نامەوێ بە شەڕئەنگێزانە و ئەعسابی گەرمەوە وەڵام بدەمەوە، لە فەرهەنگی مندا وشەیەک بە ناوی تۆڵەسەندنەوەوە سەیڤ نەکراوە و جێگەی نەبووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ پچڕان لە ئاسمان دەپاڕێمەوە وەک مەسیح ئیرادەم پێبەخشێ، ئاخر کاتێ وی لەنێوان دوو چەتەدا بزمارەکان بە دەستیدا داکوتران و لە خاچدرا، بۆ لاقرتێ و سوکایەتی پێکردنیشی لەسەر تابلۆی خاچەکەیان نووسی: (یەسوع پادشای یەهود)، کاردانەوەی مەسیح لەم ساتە تەژی لە ئێش و ژانەدا تووڕەیی و هەڵچوون نەبوو، ئەو وتی: ئەی باوکی ئاسمانی لێیان ببوورە چونکە نازانن چی دەکەن؟!.

زۆرێک لە جارەکان لەگەڵ خودی خۆمدا لە مەنەلۆگ و گفتوگۆدام و پێشنیار بۆ خۆم دەکەم هەردەم لێبوردەیی و خۆشەویستی بکەمە سەرمەشق و بڵێسەی ئاگری تووڕەبوون و رک و کینە لە دەروونمەوە هەڵنەستێ. لە کاتێکدا ئەوانەی هێرشیان هێنایە سەرم و وەک زەردەواڵە و دووپشک ژاریان لە جەستەم کرد، دەستم دایە ئینجیل، بە دووی ئایەتەکانی خۆشەویستیدا گەڕام، پەنام بۆ میهرەبانییە سەیرەکەی سوکرات برد، هانام بۆ بوزا برد تا پەناگەیەکی ئارام بۆ دڵی غەمبارم بکاتەوە، بە وردیی دەستمکرد بە پشکنین و وردبوونەوە لە ریشە و بنەوانە فەلسەفییەکانی رێبازی رەواقییەکان، لە ئەنجامی ئەو گەڕانەدا بە ناو کونج و کەلەبەرەکانی ئەم رێبازەدا بۆم دەرکەوت، رەواقییەکان لە پێشەوەیاندا (زنۆ)ی دامەزرێنەری قوتابخانەکە دەیانووت (دەبێ ئێمە دوژمنی خۆمان خۆشبوێت). لێ ئەو نووسەر و خەڵکانە بە دوژمن و نەیار نازانم، بەڵام گەر ئەوان خۆیان بە نەیار بزانن ئەوەیان بابێکی ترە و هێشتا منیش چیترم نییە لە بەرامبەریان جگە لە چەکی خۆشەویستی. عیسای مەسیح هەموو پەژارەکانی دەستی نەیارەکانی قووت دا و نۆشی، بە هەمان پەیام و رەفتاری رەواقییەکانەوە سەری دەرهێنا و خەڵکی بۆ ئەم ئامانجە مەزنە هاندەدا، خۆشەویستی و لێبوردن لە ژیانی مەسیحدا ریا و تاکتیک نەبوو، بەڵکو رەنگدانەوەیەکی ریشەیی وەهای هەبوو تا ئەوەی رۆحی پاکژ ببووەوە لە هەر رق و کینە و بوغزێک، مەسیح لە ئامۆژگاریی سەر چیادا وەک سۆفییەک و پەیڕەوکارێکی رەواقی و پێغەمبەری خۆشویستن هەمان وەسێتی بۆ حەوارییەکانی دەوری کرد و پێی راگەیاندن پەیامەکەی لەسەر خۆشەویستی بەندە، تا ئەو ئاستەی وتی: ئێوە ئەگەر تەنیا ئەوانەتان خۆشبوێت کە خۆشییان دەوێن کەواتە چ چاکەیەکتان کردووە، من فێرتان دەکەم هەموو ئەوانەشتان خۆشبوێت تەنانەت رقیان لێتانە.

ئەز سوپاسی ئەوانە دەکەم جنێویان پێدام، ئەوانەی بە بیرکوێر ناوزەدیان کردم و بزمار و برپەنیان لە رۆحم سوی، هیوا دەخوازم گوڵێکی گەشیان پێشکەش بکەم، ئەو کەسانەی (بەردیان تێگرتم، من بەرقیان تێدەگرم). هەموو ئەم رۆژانەش، بەردەوام کۆی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی خۆم بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە، تا بتوانم زیدەتر بێز لە تووڕەیی بکەمەوە و باوەش بە

سۆزدا بکەم. لەگەڵ هاوڕێی شاعیرم (محەمەد عومەر عوسمان) لەم بوارەدا دەمەتەقێیەکی گەرممان کرد، ئەویش لە دژی تووڕەبوون و بۆ خۆشاردنەوە لە هەموو ئەوانەی ئیرەیی بە پۆشتە و پەرداخیمان دەبەن لە باخێکی دوورەدەستدا بە تەنیا لە بیارە نیشتەجێ بووە و خۆی رزگار کردووە لە وتی وتی و داو و فاقەی زمان لووسەکان، گفتۆگۆکەمان لە بواری تەسەوف و عیرفان و هەندێک لایەن لە هزری فەلسەفیی (خەیام)دا بوو، کاکە حەمە لە قسەکانیدا باسی بەسەرهاتێکی کەموێنەی مەولەوی شاعیری کرد، کە ساتێک چووە بۆ حەجکردن، لە نزیک شاری بەسرە چەتەیەکی ناسراو رووتی دەکاتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ دەوروبەری تاوەگۆز، بە خەڵکی راگەیاندووە مەولەوی لە ماڵی پیرۆزی خوادا لە مەککە کۆچی دوایی کردووە، ئیدی پرسەیەکی شایستەی بۆ دادەنێن، بەڵام مەولەوی دوای چەند مانگێک دەگاتەوە زێدی خۆی، سەرسووڕمان بۆ خەڵک دروست دەبێت و پێی دەڵێن فلان کەس وتوویەتی عەمری خوات بەجێهێناوە، مەولەوی نەک هەر پێی تووڕە نەبوو، بگرە بانگی دزەکە دەکات و دڵنەوایی دەکات، دەڵێت سەد بریا من بمردمایە و ئەو قەباعەتەم بۆ تۆ دروست نەکردایە.

دوای گوێگرتنم لەم چیرۆکە بە متمانەیەکی ترەوە سووربوونم لە خۆم نیشاندا تا بە نەرمییەکی زیاترەوە وەڵام بدەمەوە. من بە هەمان رۆحی مەولەوی و لەژێر کارتێکردنی مەسیحدا هەمیشە نەیارەکانیشم خۆشدەوێن و ئەوانەی نیازیانە دوژمنایەتیم لەگەڵ بکەن هێندەی نووکە دەرزییەک قینم لە دڵدا نییە بەرامبەریان. لێبوردەیی و دڵسافیم لە مەرز و پان و پۆڕپییەکدایە، زۆر لە هاوڕێ نزیکەکانم سەرزەنشتم دەکەن گوایە دۆست و دوژمنی خۆم ناناسم و بەوپەڕی سادەیی و ساکارییەوە هەموو نهێنی و پرسەکانی ژیانم دەخەمە بەردەستیان (ئەوان لە بیریان چووە من هیچ دوژمنێک شک نابەم). هەموو کات لە بەرسڤدا وتوومە: گوێ بگرن (بودا) وتوویەتی: «یەکێک لە بێزارییەکانی ژیان کینە و رقە». خولاسە ئەوەندەی پێم دەکرێ نەمویستووە ببمە مایەی ناڕەحەتی و بێزاریی و هەراسانکردنی هیچ کەس، ئەگەر رۆژێکیش لە رۆژان لەسەر دیواری ژوورەکەم وتەیەک بنووسمەوە، یاخۆ وتەزایەک بە وتەی هەموو ژیان هەڵبژێرم، ئەم وتەزایەی (سوکرات)ە: (من لە نیازمدا نییە نە ستەم بکەم و نە

قبوڵیشی بکەم، بەڵام ئەگەر ناچاربووم، دووەمیان هەڵدەبژێرم).

لێرەدا ئارەزوومە لەبری هەڕەشەکردن و تانە و تەشەر لێدان و بە بیرکۆڵ و چەموش ناوزەدکردنیان گفتۆگۆیەکی کراوە و بێ پەردە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەم بە تێگەیشتنی خۆیان نەیاری منن. لێ دەزانم هەندێ چاو و گوێ بە دواوەمن و دەیانەوێت لەودیوی پێستەوە هاتوچۆکردنی خوێنی لەشم ببینن، بەپێچەوانەوە خواستی من راکێشانیانە بۆ چێوەی بیرکردنەوە و مشتومڕ.

## یەکەم: گۆڕینی ئاڵای کوردستان

یەکێک لەو کەسانە بووم و داوام کردووە ئاڵای کوردستان بگۆڕدرێت!، ئەم داواکارییە بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ ناوێکدا ناچێتە چێوەی دژایەتیکردن و ناکەسبەچەیی بەرامبەر بە سیمبولی نەتەوە. داوای گۆڕینی ئاڵای وڵاتەکەی خۆمم کردووە وەک هاووڵاتییەکی رەسەنی وڵاتەکەم، من پەیوەندیم چییە بە ئاڵای ئەسیوبیا یان مۆریتانیا یان ئاڵای نیوزلەندەوە؟ ئاخۆ رەنگیان سوورە یان کەسک؟ ئەستێرەی داودی تێدایە یان هیلالی ئیسلام؟ بەوپێیەشی هاونیشتمانییەکم و لە وڵاتەکەمدا ماف و ئەرکم هەیە، ئاساییە ئەگەر داوایەکی لەو چەشنەشم هەبێت. ئەو بەڕێزانەی رەخنەیان لێ گرتووم لەوە نەگەیشتوون، هەردەم ئەو ئاڵایە بە ئاڵای خۆم دەزانم هەرچەندە داوام کردووە و حەزم وایە گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڕێز (شوان مەغدید) لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست نووسیوویەتی: «ستیڤان سەرنووسەری رۆژنامەیەکە لۆگۆکەی ئاڵای کوردستانە و داوای گۆڕینیشی دەکات». بەداخەوە کاک شوان لە گێژەن و تاریکیدا بیری لێ کردۆتەوە، ئەگەرنا لاریم لەو ئاڵایە نییە و تێبینیشم لەسەری هەیە، ئەو ئاڵایە ئاڵای منە، ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بەو ئاڵایەی داوامان کردووە ویستێکم هاتۆتە دی، ئەگەر نا ئەوە ملکەچ دەبم بۆ خواستی زۆرینە. لە دنیاشدا مافی پێشنیارکردن و داخوازیی مافێکی سەرەتایی و هەرە ساکاری هەر مرۆڤێکە، داخستنی دەرگای پێشنیار و دەربڕینی بۆچوونی ناباو و پێچەوانە داخستنی دەرگای دیموکراسی و ئازادییەکانی مرۆیە. راستە ئاڵا هێما و سیمبولە بۆ نەتەوە و نیشتمان، بەڵام هیچ وەخت هێندە پیرۆز نییە نەتوانین

تخونی بکەوین و دەست نەبەین بۆ گۆڕانکاریکردن تێیدا، ئاڵا ماتریاڵێکی بێ گیانە و جەستەیەکی نازیندووە، بەڵام مرۆڤ خودێکی زیندووە و هەر ئەویش بڕیار لەسەر هەبووە بێ گیانەکانی دەوروبەری دەدات بە ئاڵاشەوە.

باوکم چیرۆکێکی خۆشی لە بارەی راپەڕینی جافەکانی شارەدێی (بنگرد) بۆ گێڕامەوە کە لەساڵی ١٩٨٦ لە دژی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس دەستیانکرد بە راپەڕین و لە ماوەی چەند سەعاتێکدا توانییان دەست بگرن بەسەر سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتدا لەو شارەدێیەدا، هەر لە بەڕێوەبەرێتی ناحیەوە تا بنکەی پۆلیس و ئەمن و رێکخراوی حزبی بەعس و بارەگای فەوجی عەسکەریی و هتد.. لە کاتی هێرش و پەلامارەکانی هاووڵاتیاندا بۆ سەر تەلاری ناحیەکە ئاڵای عێراقیش سوتێنرا، دواتر حکومەتی بەعس بەهێزێکی بەربڵاوەوە هێرشی کردەوە بۆ سەر جەماوەری راپەڕیو و شارە دێیەکەی کۆنترۆڵ کردەوە. ئەفسەر و پلەدارێکی سەربازیی بە ناوی حکومەت و رازگری سەرکردایەتی هەرێمی باکووری حزبی بەعس رایگەیاند: کوژراوەکان رۆیشتن و ئاسایین، سووتاندن و فڕاندنی ئۆتۆمبیلەکان شتێکی سادەن، چەک و چۆڵە بە تاڵانبراوەکانیش مەسەلەیەک نین، بەڵام هەرگیز لە سوکایەتیکردن و سووتاندنی ئاڵاکەیان خۆش نابن و نابوورن. پیرە پیاوێکی ردێن سپی و پشت چەماوە و گۆچان بەدەست کە پیتێک خوێندەواریی نەبوو، بە بەرپرسەکەی وت: ئێمە چوار مەتر قوماشمان سووتاندووە، دەتوانین چوار تۆپ قوماشتان بۆ بکڕینەوە. پارچە پەڕۆیەک زۆرجار منداڵ میزی پێدا دەکات کوا بەهای ئەوەی هەیە ئێمەی لەسەر بکوژن. بەهەمەحاڵ بەعس لە تۆڵەی (هەتککردنی) ئاڵاکەی دوانزە کەسی لەو هاووڵاتیانە لە سێدارەدا. وا بیر دەکەمەوە ئەو پیرەمێردە کە باوەڕ ناکەم نهۆ لە ژیاندا مابێت لە زۆرێک لەو رۆشنبیرانەی ئێمە کراوەتر و رووناکبیرتر بووە، ئەو بێ ئەوەی رۆژێک لەسەر کورسی قوتابخانە یان بانیژەی حوجرە بۆ خوێندن دانیشتبێت، بە چاوێکی کراوەتر و هۆشمەندانەتر لە مەسەلەی ئاڵای روانیوە وەک لە هەندێک قەڵەم بەدەستی تاراوگەنشین کە خۆیان بە نەتەوەیی ناودێر دەکەن و تەحەمولی یەک کاتژمێر ژیان لە وڵاتەکەیاندا ناکەن.

گۆنتەرگراس، دەڵێت (هیچ شتێک هێندە باڵا نییە نەتوانین گەمەی پێبکەین).

ئەگەر ڕێمان لە گومانکردن لە پیرۆزەکان گرت قوفڵ لە بیرکردنەوە و ئازادیی بۆچوونی خۆمان دەدەین و جۆرج تەرابیشی وتەنی مان دەگرین لە بیرکردنەوەی ئازاد. ئاڵا سیمبولێکە مرۆڤەکان دایانڕشتووە و بە هێمای خۆیان قبوڵیان کردووە، هیچ کات لە مرۆڤ بڵندتر و بەنرختر نییە، ئەو گووتارە کلاسیکی و نەریتییەی مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ خۆفیداکردن لە پێناو (نیشتمانپەروەری)یەکی رووت و ئاڵا، سەفسەتەیەکی بێمانا و ئایدۆلۆژییەکی پڕوپووچ و بێهودەیە و تەعبیر لە غەریزە ساناتۆسییەکانی ئێمە دەکات، تەنانەت لە مێژە دژی دروشمی «کەم ژیان و کەڵ ژیان» راوەستاومەتەوە، بەو مانایەی ئەم دروشمە هەڵگری بیرۆکەیەکی داڕێـژراوە بە مەرگدۆستی، شیرین و خۆشەویستکردنی کردەی مردنە، من دەڵێم دەشێ ئامانجی شۆڕش شەهیدبوون و کەم ژیانیی نەبێت، بەقەدەر ئەوەی دەبێت سەرلەنوێ مانادانەوە بێ بە ژیان و تەوزیفکردنی بەشێوازێکی باشتر. ئەو چەقبەستوویی و پیرۆزکردنە وەک دیاردەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە یەکێک لە ماناکانیدا گوزارشت لە مردنی بیرکردنەوەی عەقڵی کوردیی دەکات، منیش لەگەڵ ئەدۆنیس هاوڕام کاتێک دەڵێ (هەندێک جار ئەوەم بە خەیاڵمدا دێت ئێمە پێویستمان بەوە نەبووە گۆڕ بۆ مردووەکانمان هەڵبکەنین، چونکە سەر و جەستەمان جێگەی گۆڕیان گرتۆتەوە، ئای گۆڕ چەندێک لە کردەوە و بیر و بۆچوونەکانماندا ئامادەیە).

بەدەر لەمانەش سەرم لەوە سوڕماوە، زۆرێک لە رۆشنبیرانی ئێمە داوای دەوڵەتێکی سکۆلار دەکەن! کە ئاین و دەسەڵاتەکان لە یەکدی جودا بکرێنەوە، بەڵام لە راستیدا رەکیزە و پایە هەرە سەرەکی و فراوانەکەی سکۆلاریزم بە تەنێ جیاکردنەوەی ئایین نییە بەڵکو جیاکردنەوەی کۆی موقەددەسە لە دەسەڵات. ئاین بەشێکی بچووکە لە پیرۆزییەکان نەک هەمووی، کۆمەڵگەیەک سەرکردەیەک یان ئاڵا یان دروشمێک پیرۆز بکات و بە سەرسامبوونەوە لێی بڕوانێت کۆمەڵگەیەکە هێشتان لە قۆناغی تەوتەم و بتپەرستیدایە، ئاخر عەلمانیەت ئەوە ناگرێتەوە خودا پیرۆزەکەی دەسەڵات لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دابگرین، گرنگ ئەوە نییە پیرۆز لە زەمینە یان لە ئاسمان، گرنگ ئەوەیە پیرۆز دەخالەت لە دەسەڵاتدا نەکات و ڕێمان لێڵ نەکات و نەبێتە بەربەست لە بەردەم ئازادیی بیرکردنەوە و

هەڵسوکەوتمان. هەر لەم سۆنگەوە ویستوومە پێشنیار بکەم بۆ گۆڕانکاریی لە ئاڵای کورستاندا و ئەمەشم بە ئەرکی سەرشانم زانیوە و لەگەڵ فەیلەسووفی مەزن (هیراکلتیس)دا وتوومە: (بیرکردنەوە مەزنترین زاڵبوونە و زیرەکی ئەوەیە راستیی بڵێی..). لەوەتی دەستیشم قەڵەمی گرتووە هەموو نووسینەکانی خۆم تەرخان کردووە بۆ ئەوەی وەها لە خەڵک بکەم بیر بکەنەوە و هۆشمەندیی بەکاربێنن لە مەسەلەکانی پابەند بە ژیانیان، زیرەکیی خۆشم لەوەدا بینیوەتەوە ئەم کارە بکەم و راستییەکان بدرکێنم. تەقەلا و ماندووبوونەکانی داهاتووشم هەر بۆ ئەوە دەبێت مۆمێک لە ئەشکەوتی نوتەکی ئاوەزی کوردیدا دابگیرسێنم و فوو بە کەرەنای ئازادیدا بکەم، لەم رێگە و پێناوەشدا نەک سست و سەرکز نابم و رایەکانم ناشارمەوە، بەڵکو وەک هەمیشە بە دەنگی بڵند بیر دەکەمەوە، باسکی خۆم لێ هەڵماڵیوە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوشاریی و هاونیشتمانییەکانم، بە پەرۆشییەوە دژ بە ناتەواوییەکانی دەسەڵات دەقیژێنم و فوو لە شەیپوری ئۆپۆزیسیۆن بوون دەکەم.

**دووەم: مافی گەلی کلدانی سریانی ئاسووری**

لە چەند وتارێکدا باسی دۆز و کێشەی نەتەوەکانی تری کوردستانم کردووە، گرنگترینیان ئەو وتارە بوو لەمەڕ دەستووری هەرێم و جێگیر نەکردنی مافی گەلی کلدانی سریانی ئاسووری نووسیبووم. ژمارەگەلێک لە خەڵک و نووسەران لەم رووەوە لە دژم وەستاون و نووسینەکەمیان بە نووسینێکی دوژمنکارانە و ناحەزانە لێکدایەوە. زۆربەی را و سەرنجەکانیان ئاڕاستەیەکی شەخسی و تاکە کەسییان گرتۆتە بەر، خۆ ئەگەر یەکێک لەوانە کەمێک لە جنێو و سەروگوێ کوتانەوە تێپەڕی کردبێت، پێیوابووە گەلی سریانی کلدانی ئاسووری ژمارەیان لە نیو ملیۆن کەس کەمترە چ قورساییەکیان هەیە تاکو حیسابیان بۆ بکرێت؟ یان ئەگەر پەراوێز خران دەتوانن چ بکەن و چ رۆڵێک ئەدا دەکەن؟ ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و ئەم تەرزە لە روانین جێگەی ناهومێدیی و تۆقینن، چون لە ژێر ساباتی ئەم بیرکردنەوەیەدا بێ توانا و زەبوونەکان مافی ژیانیان نییە، بۆ ئەوەی بژیت نابێ وەک مەلۆتکەیەکی ناسک بیر بکەیتەوە بەڵکو

دەبێ وەک تووڵەمارێکی زار لە ژار پەلامار بدەیت. ئەو هاوڕێیانەی وەها بیر دەکەنەوە، مادام گەل و کەمینەکانی تری کوردستان سەنگ و ژمارەیان کەمە، ئیدی پێویست ناکات بەهەند وەریانبگریت، پێیان خۆش بێ یان نا لە چێوەی راسیزم و شۆڤێنیزمدا بیریان کردۆتەوە، دەشبێ لەوە تێبگەن کەنارگیرکردن و حاشیەخستنی پێکهاتەکانی کوردستان بە هیچ کلۆجێک مانای توانا و بەهێزیی کورد نادات بەدەستەوە، بەڵکو لە بنەماوە نیشانەی کەوتنی «بیری کوردایەتی» و بیرۆکەی کوردستانیبوون و ماف و یەکسانی هاووڵاتیانی کوردستانە بە جیاوازییەکانیانەوە. د.بورهان گلیۆن جوانی وتووە (باوەڕم وایە ئایدۆلۆژیای بەعسیزمی پاش ناسریزم، رەنگدانەوەی کەوتنی بیری عەرەبییە زیاتر لەوەی گوزارشت بێت لەم بیرە).

لەبەرئەوە روانگەی شۆڤێنیزمی کورد گوزارشت لە داهێزرانی بیری ناسیۆنالیزمی لە دایک نەبووی کورد دەکات نەک لەو، بۆیە ئەوانەی مافی ئاسوورییەکان رەت دەکەنەوە لە ژێر هەر ناو و بیانوویەکدا بێت نەک خزمەت بە هزری نیشتمانیی کورد ناکەن بەڵکو لەکەدار و نابووتی دەکەن. لە پووختترین دەربڕیندا دەتوانن هێندەی سەدام خزمەت بە بیرۆکەی نەتەوەیی گەلەکەیان بکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەو نووسەرانەی هێرش دەکەنە سەر کەمینە و نەتەوە ناکوردەکان هێرش دەکەنە سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان، بۆ وێنە تۆراندنی ئاسووری و تورکمانەکان لە کورد کاریگەیی و تیشکدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر چارەنووسی ماددەی سەد و چلی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە بەپێی ئەم ماددەیە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاسایی و یەکلا دەکرێنەوە ناکۆکیان لەسەرە و باری دیموگرافیایان گۆڕدراوە، کەرکوک یەکێک لەو ناوچانەیە، بە دەنگدانی مەسیحی و تورکمانەکانی ئەو شارە بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان کۆی هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. ناوچەکانی تری دەوورووبەری پارێزگای موسڵ کە سەدان هەزار تورکمان و ئاسووری تیایاندا دەژین و جێگیرن بە هەمان شێوە، بە دەنگدانی ئەمانیش بۆ کوردستان تای تەرازوو دەنگ دەگۆڕێت و کوردستان دەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. هەر ئێرە جێگەی ئەوەیە، لەو بەڕێزانە بپرسم:

ئایا دەزانن زیاتر لە نیوەی تورکمانەکانی کەرکوک و ئاسوورییەکان دەنگیان دا بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە دوو هەڵبژاردنی یەک بە دوای یەکدا؟ ئایا دەزانن لە عەنکاوە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ژمارە ١٣٠ و ٧٣٠ لیستی براوە و یەکەم بوو؟ ئایا دەزانن ٩٠٪ تورکمان و ئاسوورییەکانی ناوچەکانی تری کوردستان قائیمەی کوردییان هەڵبژارد؟.

جێگەی داخ و ئەسەفە رۆشنبیری کورد نەک هەر پشتگیر و هاوپشتیوانی ئەم گەلانە نەبووە بەڵکو یان تەواوێ بێ هەڵویست بووە یاخۆ وەک دژ بیریان لێ دەکاتەوە. هەنووکە رۆشنبیری کورد ئۆرهان پامۆک بە شایستەترین کەس دەزانن وەک وەرگری خەڵاتی نۆبڵی وێژەیی ئەمساڵ، تەنێ لەبەرئەوەی داکۆکی لە ئەرمەن و کورد دەکات، تەنانەت هێشتا هیچ کتێبێکی وەرنەگێر□دراوەتە سەر زمانی کوردیی تا لە بەردەستی خوێنەرانی کورددا بێت، ئەوانەشی دەیناسن کەمترین نووسینی ئەویان خوێندۆتەوە. رۆشنبیریی کورد لایوایە دەبێ پامۆک داکۆکی لە کورد و گەلە چەوساوەکانی تورکیا بکات و هەڵوێستی روونی لە بارەیانەوە هەبێت، لە کاتێکدا پارتی کرێکارانی کوردستان ملیارەها دۆلار زیانی لە ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەی داوە، کەچی رۆشنبیری کورد خۆی ئامادە نییە بچووکترین داکۆکی لە مافی ئاسووری و تورکمان بکات نەک ئەوەی ئەمانە هەر زیانیان لە کوردستان نەداوە بەڵکو بۆ خاتری کوردستان تاڵاو و چەرمەسەریی زۆریان چێشتووە و زیانگەلێکی زۆریان لێکەوتووە. هەندێجار بیر دەکەمەوە و لەبەر خۆمەوە دەڵێم، بۆچی دەبێ مرۆڤ لە ئازادیی برا مرۆڤەکانی تری بترسێ، یان نەتەوەیەک لە سەربەستی گەلێکی دیکە بترسێت، زۆرجار لەگەڵ (ئەدۆنیس) دا وتوومە (زۆرێک لە خەڵکی لە ئازادیی دەترسن)، بێ ئەوەی بزانن سەرچاوەی ترسەکان چین، نازانم بۆچی دەبێت بیرکردنەوەی نەتەوەپەرستانەی هەندێک نووسەری کورد لە لیڤڵێکدا بێت هەموو ئەوانیتر بسڕێتەوە و پێشێلکردنی مافەکانیان بە شتێکی سانا لێکبداتەوە. سەرکەوتوویی کورد و ئازادیی کوردستان راستەوڕاست پەیوەستە بە ئازادیی هەموو ئەوانی دی غەیرە کورد، ئەگەر کوردستان ئەمڕۆ بۆ ئاسووری و تورکمانەکان مەڵبەندێکی ئازاد نەبێت بێ دوو دڵی سبەینێ گرتووخانەیەکی گەورەی هاووڵاتییە کوردەکانیشێتی.

تریقانەوە و قاقای ئەمڕۆ بە مافی کەمینەکان لە کوردستان بێ شک سبەینێ ناڵین و ڕۆڕۆیە، فەرامۆشکردنی مرۆڤە لانەوازەکانی ئەم وڵاتە بێ ئەملاولا سەرئێشەکانی دوارۆژی دەسەڵاتی کوردییە.

## سێیەم: چەند وردە سەرنجێک

ا- نووسەری نێودار (ماریا کلارا سالاس) دەڵێت (من مرۆڤێکم لە زۆربەی شتەکاندا بە تەنیام). ئەز وەک سالاس لە هەندێ بیر و بۆچوون و روانیندا تاقانەم و تا نهۆ هاوبیرێکم دەست نەکەوتووە. رەنگبێ تەنیایی بیر و روانگەکانی من نیشانەی لێهاتوویی و پێشرەوییم نەبێت بە قەدەر ئەوەی بەڵگەیەکە بۆ خستنەڕووی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وا بە ئاستەم بیروڕای جیاواز و دژی تێدا لە دایک دەبێت. لە زۆربەی قەناعەتەکاندا بە تەنیام و بزێوم لە دەربڕینیشدا، هەرگیز حەزم لە جووینەوە و دووبارەکردنەوە نییە، هەروەک چۆن دوای قەڵەباڵغی و مۆدیل نەکەوتووم چ لە بیرکردنەوەدا چ لە نووسیندا, بۆ وێنە ئەمڕۆ مەوجەیەک هەبێت لە دژی ئیسلامگەرا، منیش بە ئاڕاستەی باو و سائیددا کاغەز رەش بکەمەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم دوای قوڵبوونەوە و خەملاندن و رامانێکی زۆر قەناعەتەکانم چەندیش ترسناک بن مانیفێست بکەم. لەوە نەترساوم لە پاشەوە گوللە لەسەرم دەدرێ یان بەشێوەی گەلە گورکێک شاڵاوم بۆ دێنن، لە لای خۆمەوە هەموو ئەگەرێکی لەو جۆرەم لە پێش چاوە. لە پێش چاومە،ساڵی ١٩٧٣ بەردەبارانی ماڵی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیریان کرد ژ بەرئەوەی دژی پەچە و چارشێو وەستایەوە، لە سایەی دەسەڵاتی مەلیک مەحموددا جەمال عیرفانی منەوەر لەسەر دەربڕینی بۆچوونە ماتریالیستییەکانی تیرۆر کرا، شەهیدی رۆشنفکر عەبدولخالق مەعروف بێ دەست لە پشتدانی حزب و پشت بەستن بەهێز و کێرد و چەقۆ بەگژ کولتووری پاشڤەڕۆیانەی کۆمەڵگەدا چووەوە و لەسەر کتێبەکەی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) شەهیدیان کرد، عومەر تۆفیق دوای لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ گەردوون و بواری میتافیزیک و خوێندنەوەی ماددیانە بۆ بوون و گەردوون، گوللەباران و تیرۆرکرا. کەریم زەند لەبەر بڤەترین کار و وەرگێرانی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردیی بریندار کرا و لە دژی وەستانەوە.

شێرزاد حەسەن بە وتار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی و زمانە بەرزەکەی لە وەسف و شیکردنەوەدا شکێنەری تابۆ و لایەنگری ئازادکردنی مرۆڤ و ژنی کۆمەڵگەیە، بێ پەردە و لەرەلەر و ڕاڕایی قسە لەسەر ئازادیی ڕەمەکی سێکس دەکات، سەلەفییەکان و دەقگرتووەکان بە نەریتی خێڵایەتییەوە لە هەزار جێگەدا دژی دەوەستنەوە و بەبێ (ئەخلاق) ناوزەدی دەکەن، هەر باشە وەک سوکرات بە بیانوو و تۆمەتی بەدفەساڵکردنی گەنجانەوە جامێک ژەهریان دەرخوارد نەداوە. گالیلۆ چ چەرمەسەرییەکی دی تەنێ لەبەرئەوەی ڕاستییەکی ڕەهای زانستی کەشف کردبوو، دادگاکانی پشکنین هەزارەها مرۆڤیان لە کورەی ئاگر نا هەر لەبەرئەوەی دژی دابونەریتی باو و داسەپاوی کەنیسەی کاسۆلیکی وەستابوونەوە. حەلاج وەک منەوەرترین ڕۆشنبیری سەردەمەکەی لە بری ڕێزگرتنی لە چوار مێخە دەدرێت و پێستی لە جەستەی جوێ دەکەنەوە (کەوڵ دەکرێت). مەسیح هات دژی هەرچی خوو و ڕەوشتی ڕۆمی و یەهودییە ڕاوەستا و بە تاقی تەنیا دەستپێشخەریی دەکرد بۆ گۆڕینی ژیان و لە دژی ئەو سیستەمە پۆلاین و هار و هەراشە خەباتی کرد، چون لێی تێنەگەیشتن بە لە خاچدان لە کۆڵی خۆیان کردەوە تا کۆتایی بە برەوی بیرۆکە نوێباوەکەی بهێنن.

بۆدلێر لەسەر دیوانی گوڵە بەدەکان شار بەدەرکرا و درایە دادگا، تا مردیش کەنیسە سوور بوو لەسەر سزادانی. سپینۆزا کەنیسە بێ حورمەتی زۆری پێکرد، تەنانەت بە مردوویش وازیان لێ نەهێنا و پاش پەنجا ساڵ بەسەر وەفاتکردنیدا، یەکێک لە کریستیانە پەڕگیرەکان ئەمەی لەسەر گۆڕەکەی نووسی: (لێرە سپینۆزا نێژراوە، تف لە گۆڕەکەی بکە). د.فەرەج عەلی فۆدە تیرۆر دەکرێت و نەسر حامد ئەبوزەید خانە بەدەر دەکرێت و بە زۆری زۆرداریی ئەزهەر و مەلاکان لە (ئیبتهال یونس) ی ژنی جیای دەکەنەوە. د.سادق جەلال ئەلعەزم تا هەنووکە لەسەر پەڕاوی (نقد الفکر الدینی- ١٩٦٨) لە هاتوچۆی دادگادایە و دۆسێیەکی بە کراوەیی ماوەتەوە لە لای تیرۆریستەکان، سەلمان روشدی لەسەر ڕۆمانی ئایەتە شەیتانییەکان، خومەینی کونە مشکی لێکردە قەیسەری. گۆرانیبێژی لوبنانی مارسیل خەلیفە لەبەرئەوەی دوو ئایەتی لە سورەتی یوسف کردبوو بە گۆرانی بەهەزار حاڵ لە ژێر چەقۆی فەتوای مەرگ قووتار بوو،

تەسلیمە نەسرین لەسەر رۆمانی (شوورەیی- العار) لە بەنگلادیش وەدەریان نا و ئێستا لە مەنفا لەژێر تەهدید و ئیهانەدایە. ئیسماعیل بێشکچی لە پێناو مافی کوردان ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە حەپسخانەدا بردۆتە سەر، شاکیر فەتاح زمانیان بڕی و دڵشاد مەریوانی لەسەر نووسین بەپیتی لاتینی و گۆڕینی رێنووسی باوی کوردیی لە قەنارەیان دا. ئیتر من وەک گەردێکی بچووک لەم عەلامە و خەڵکە منەوەرانە زیاتر نیم، ئەگەر ئەوان تیرۆر و توندوتیژییان قبوڵ کردبێت، ئەوە دەبێت من بە ئاسانیی لە بەرامبەر جنێو و هێرشی ناڕەوا بەرگە بگرم.

ب- لەم ماوانەی دواییدا، هاوڕێی نووسەرم مەهاباد قەرەداغی بابەتێکی نووسیبوو لە ژێر ناوی (زمانی گورگ و زمانی بازاڕ لە راگەیاندن رەخنەی سیاسیی کوردیدا) بە وردیی و ئەوپەڕی دیقەتەوە پەنجەی خستۆتە سەر کەموکورتییەکانی زمانی رەخنەگرتنی سیاسیی، کە بڵاوکراوە و رۆژنامەکان رەخنە و موهاتەراتیان تێکەڵ بە یەکتر کردووە، لەوێدا قەرەداغی زمانی گورگ بە زمانی هێرشبەرانە و رووشێنەرانەی مەبەستدار لێکدەداتەوە و زمانی بازاڕیش بە زمانێکی بێ ئاگای بێ میتۆدی هەمەجی و پەرش و بڵاو. لە بەرامبەر ئەوەشدا باسی زمانی زەڕافە دەکات وەک هێمایەک بۆ زمانی لۆژیکی و ئاشتییانە و رەخنەگرتنی راست و دروست. ئەز وەک کەسێک کە رێ بەخۆم نادەم سیفەتی رۆشنبیر بخەمە پاڵ ناوەکەم بەڵکو وەک بەئاگایەک هەندێ سەرەقەڵەم و رام هەیە، بە گەواهیی هەموولایەک بۆ یەکجار چییە بە زمانی بازاڕیی نەمنووسیووە، تەنیا یەک وتار نەبێ لەژێر کارتێکردن و کاردانەوەدا، دەتوانم بڵێم زمانی گورگ یان بە زمانی ئاگرین نوسیوومە، بۆیە ئەگەر وەڵامێکم پێ بێت بۆ ئەوانەی لە بەرامبەرم وەستاون بێگومان بە زمانی زەڕافە و لۆژیکی دەبێت، خۆ ئەگەر ئەوان ویستیان مەیدانەکە فراوان بکەن بۆ ئاستی شەڕکردن ئەوە ئاڵایەکی سپیم پێیە و هەڵیدەکەم. پێشنیاریش دەکەم بۆ نووسەران لەسەر ئەو ریتمە و ئەم تەرزە لە نووسین بە زمانی زەڕافە خۆیان پەروەردە بکەن و رابهێنن، تا بتوانن ژینگەیەکی تەندروست بۆ نووسینی کوردیی بسازێنین. ئەحمەد موختار بەگی جاف نەوەد ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ لە

شیعرێکدا هاواری لە شاعیر و نووسەرانی زەمانەکەی کرد:

**شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**

**کەم بەیانی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**

**لابدەن کەم باسی سونبول یان گوڵی لاولاو بکەن**

**ئێوە تەگبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**

لێرەدا ئەحمەد موختار بە زمان و گیانێکی رەخنەیی هاتووەتە گۆ و رەخنە لە شاعیرانی هاوچەرخ و هاوزەمانی خۆی دەگرێت تا چیتر شیعرەکانیان بۆ دڵداریی تەرخان نەبێت و کۆتایی بە غەزەل و وەسفی باڵای یار و گوڵی لاولاو و لێوی ئاڵ و چاوی رەشی قەترانی بێنن، بێن پلان و تەدبیرێک بۆ حاڵی قەومی بێ دەرەتان و هەژار و ئەو وتەنی دڵسووتاو بکەن. منیش رووی دەمم لە شاعیر و نووسەر و رۆژنامەوانی کورد دەکەم و دەڵێم تکایە بەسە ئەم مەیدانەی شەڕە جنێو و ناو زڕاندن و لەقەب داتاشین و سوکایەتیکردن بە یەکتر، تکایە لەسەر پرسە ستراتیژیی و پێویستییەکان بنووسن و کولتووری کۆن وێران بکەن و دنیایەکی نوێ بەهۆی نووسینەکانتانەوە چێ بکەن.

ج-ئۆرهان پامۆک، چەند رۆژێک پێش راپێچکردنی بۆ بەردەم دادگای وڵاتەکەی، لە وتارێکدا نووسی: (کەسێکی وەک من لە وڵاتێکدا دەژی کە بۆ پادشا و مرۆڤە پیرۆزەکان و پۆلیس رێز دادەنێت، کەچی رێز لە نووسەرەکانی ناگرێت و رێگە دەدات ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لە بەردەم دادگا و زینداندا تێپەڕ بکەن، کەواتە سەیر نییە ئەگەر رەوانەی دادگا بکرێم. ئێستاش تێدەگەم بۆچی هاوڕێکانم بەدەم بزەی لێوییانەوە پێمدەڵێن: بووی بە نووسەری راستەقینەی تورکیا). هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە فایلی پامۆک لە دادگای باڵای تورکیا، ئەکادیمیای سویدیی خەڵاتی نوبڵی ساڵی ٢٠٠٦ی بواری وێژەدا پێبەخشی. لێرە دەپرسم، ئایا پامۆک خزمەت بە مرۆڤ دەکات یان ئەو رۆشنبیرە تۆرانیانەی خۆیان بە گورگە بۆرەکان ناودێر دەکەن؟ کێ میدالیای شانازیی و پڕ شکۆ و رەونەقی مێژوو لە مل دەکات، پامۆک یان داڕێژەرانی تیۆری رەگەزپەرستی و زمانی خۆر؟.

کێ گرەو دەباتەوە پێشکچی و پامۆک یان ئەوانەی زمان و دیالێکتەکانی

ئاخاوتنی کوردیی یاساغ دەکەن و پەیڤین بەزمانی کوردیی بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورک هەژمار دەکەن؟ بۆ من گرنگ نییە ئەمڕۆ نەیارەکان چی دەڵێن، چونکە هێشتا دنیا بە بەرییەوە ماوە و داهاتووش حکومی خۆی دەدات بیرۆکەی کام لا خزمەت بە وڵات دەکات؟. ئەوانەی خەڵک پەمپ دەدەن بۆ رەگەزپەرستی و خۆ لە قەڵەمدان بە گەلی هەڵبژاردەی خودا، لە هەمان وەختدا سەرشۆڕی سۆسیالی وڵاتانی ئەوروپان، ناتوانن رەوڕەوەی بیرکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو بچەرخێنن، بەڵکو هەر لە بنەماوە نەوەکانی دادیَ دژ بەم خوێن تاڵی و منجە منجە بیَ بناغانە دەبن و دەیاندەنە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن. دەزانم کارێکی دژوارە ئەگەر بمەوێت هەنووکە قەناعەت بەو نووسەرانە بهێنم، بەڵام هیچ کاتیش ئەمە بە مانای نکۆڵیکردنە نییە لە دامەزراندنی دیالۆگ. «ریچارد باخ» لە رۆمانی (نەوڕەس)دا لە زمانی (جۆناسان)ی پاڵەوانەوە دەنووسێت: (نازانم بۆچی دژوارترین کار لەم دنیایەدا ئەوەیە خەڵکی قەناعەت پێبکەین؟). خۆم لە دژوارییی قەناعەت پێهێنان دەبوێرم و دەیسپێرم بە ئایندە، ئەگەر هەڵە بووم ئەنجامی هەڵەکان وەردەگرمەوە، ئەگەریش نا هەمووان تیشکی هەتاوەکە دەبینین. بۆ ئەوەی زیاتر لەمە درێژدادڕی نەکەم، لە کۆتایدا ئارەزوومە بڵێم چەند رۆژێک لەمەوبەر هاوڕێیەکی کچم لە شاری مینشن گوڵێکی زۆر جوان و رەونەقداری لە فۆتۆشۆپدا دروستکردووە و بە ئیمەیل بۆی ناردبووم. منیش ناردم بۆ هەموو ئەوانەی سوکایەتیان پیَ کردبووم یان جنێویان دابوو پێم، ئەوانەشی بە نیازن لە دوای ئەم وتارەش جنێو بکەنە نسیبم، دیسان ئەو گوڵەیان بۆ دەنێرم و هیوادارم لە جوانییەکەی تێبگەن و بە دڕک و داڵ نەیبینین.

تێبینی: ئەم وتارە لە رۆژی ٢٠٠٦\١٢\٢٨ لە هەریەک لەم ماڵپەڕانەدا بڵاو بووەتەوە:

www.kurdistannet.org
www.klawrojna.com
www.bopeshawa.com
www.kurdiastsn٤news.com

# ئەگەر هەڵکەوت زاهیر گەندەڵ نەبێت (سوعاد حوسنی)ش میسریی نییە!

## وەڵامێک بۆ (سیروان کەریم)

پێش هەفتەیەک و لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ هاوڕێیەکم هەریەکە وتارێکی ڕەخنەئامێزمان لەسەر گەندەڵی و کەموکوڕییەکانی (هەڵکەوت زاهیر)ی ڕاوێژکاری شێواندنی هونەری کوردیی و خزمەتکاری ئەرەبیسک و کولتووری عەرەبیی بڵاوکردەوە، جێگەی سەرسوڕمان بوو لەبری ئەوەی هەڵکەوت وەڵام بداتەوە و داکۆکی لە خۆی بکات، لەولاوە کەسانی دی باڵانسیان دەرچوو. بۆ وێنە بێسەوادێکی وەک (سیروان کەریم) ناوێک کەوتە وەڵامدانەوە. ئەو برادەرە کەپوو گەورە و خۆ بە فەیلەسووفزانە (سیروان) چونکە ناتوانێت وەڵام بداتەوە هاتووە بە زۆری زۆرداریی نووسینی چاودێرێکی چاوکوێرمان بەسەردا ساغ دەکاتەوە، دیارە ئەو لای شێخ و دەستگرەوە قاوەی گرتووەتەوە بۆیە زانیوێتی ئەو چاودێرە بێ چاوە کێیە، یان هیچ بژاردەیەکی نەماوە تەنیا سەپاندنی ئەو وتارە نەبێت بەسەر ئەو هاوڕێیەمدا، چونکە دەزانێت بۆشایی زۆر لە نووسینەکەی چاودێرە بێ چاوەکەدا هەیە بۆ ڕەخنە لێگرتن لەبەرئەوەی ئەویش وەک سیروان کۆڵەوار و بێسەوادە و تەنانەت ئیملاش بە باشی نازانێت.

لەو وەڵامەیدا کە لە ژێر ناوی (هونەرمەندان ناسری ڕەزازی و چۆپی لە گێژاوی میدیای کوردیدا) «کەوا ڕاستتربوو بینووسیبا لە گێژاوی گەندەڵیدا» نووسیوویەتی، سیروان کەریم هاتووە: هەندێک هەڵەی زمانەوانیی و ڕێنووسیی لە چاودێر گرتووە، کەچی لەولاوە ڕەخنەگر حاڵی خۆی لە حاڵی چاودێر باشتر نییە، بۆیە جێگەی خۆیەتی لێرەدا هەندێک لەو هەڵانەی ناوبراو کردوونی

نیشان بدەینەوە: وشەی «میللەت» بەم شێوەیە دەنووسرێت: میللەت نەک «میلەت»، راشکاویی بەم جۆرە دەنووسرێت: راشکاویی نەک «راشکاوی»، چاودێرێک ئاوها دێتە نووسین: چاودێرێک نەک وەک تۆ لە چەند شوێنێکدا نووسیووتە «چاودێڕێک»، خۆیەتی بەم جۆرە دەنووسرێت: خۆیەتی نەک وەک تۆ نووسیووتە «خۆییەتی»، بنووسێت بەمشێوەیە دەنووسرێت: بنووسێت نەک وەک تۆ نوسیووتە «بنوسێت»، وەکو بەم جۆرە دەنووسرێت: وەکو نەک بەم شێوەیە «وەکوو»، بیر ئاوها دەنووسرێت: بیر نەک «بییر»، وتە ئاوها دەنووسرێت: وتە نەک «ووتە»، کۆمۆنیست بەم شێوەیە دەنووسرێت: کۆمۆنیست نەک «کۆمەنیست»، نووسەر بەم جۆرە دەنووسرێت: نووسەر نەک «نوسەر»، زانیاریی ئاوها دەنووسرێت: زانیاریی نەک «زانیاری»، هاوکاریی، هاریکاریی بەم شێوەیە دەنووسرێن: هاوکاریی، هاریکاریی نەک «هاوکاری، هاریکاری»، باشوور وا دەنووسرێت: باشوور نەک «باشور»، چەندین بەم جۆرە دەنووسرێت: چەندین نەک «چەندیین».

هەژار موکریانی وا نانووسرێت «هەژار مۆکریانی» بەو جۆرەیە من نووسیوومە، توشی وا نانووسرێت «تووشی» راستەکەی ئەمەیە «توشی»، رۆشنبیریی بەم جۆرە دەنووسرێت نەک «رۆشنبیری»، خانەقین بەم شێوەیە دەنووسرێت نەک «خانەقیین»، کوردستانی باشوور هەڵەیە راستەکەی «باشووری کوردستان»ە، هەروەها کوردستانی رۆژئاوا و کوردستانی باکوور هەڵەن، هەردوو وشەی باکوور و رۆژئاوا بخەرە پێش وشەی «کوردستان»ەوە، نیم وەها دەنووسرێت نەک «نییم»، نموونە بەم شێوەیە دەنووسرێت نەک»نمونە»، عەلی بە کوردیی بەم جۆرە دەنووسرێت: عەلی نەک «علی»، حەسەن لەوەتی کورد هەیە بەو شێوەیەی من نووسیوویەتی نەک «حسەن»، هەژاریی وا دەنووسرێت نەک «هەژاری»، راست وا دەنووسرێت نەک «ڕاست». ئەمە نموونەی خەرواریکە لە هەڵە زەقەکانی کاک سیروان کە خۆی بە (شکور مستەفا و عەزیز گەردی) ناگۆڕێتەوە لە زمانناسیی و رێزمانی کوردییدا، ئیتر دەبێت ئەمجارە ئێمە پرسیار بکەین دەبێت کێ بچێت بۆ خوێندنگەی ئێواران؟ من دڵنیام جەنابتان بەو رێزمانە شەق وشڕەوە نەک

لەخوێندنگەکانی ئێواران وەرناگیرێن «هەرچەندە سوکایەتیی نییە لە خوێندنگەی ئێواران بخوێنیت» دەبێت فۆرمی مەحلومی «مەحو ئومیە» پڕ بکەنەوە (ئەمە ئەگەر لەوێش وەرتبگرن)، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەز خوێندکاری ئێواران بوومایە شکاتم لێدەکردیت و لە دادگا داوای قەرەبووکردنەوەم لێت دەکرد لەبری ئەو سوکایەتیکردنەت بە خوێندکارانی خوێندنگەکانی ئێواران.

١

جا با بێینە سەر ناوەڕۆکی نووسینەکەی (سیروان) و کەمێک لێی وردبینەوە، ئەو بەڕێزە نەیتوانیوە لە پەیامی راستەقینەکەی نووسینەکەی من و هاوڕێکەم تێبگات، بە بەڵگەی ئەوەی ڤۆکەسی سەرەکی نووسینەکەی ئێمە کە (هەڵکەوت زاهیر)ە، گۆڕیویێتی بۆ سەر (لەیلای فەریقی– چۆپی). ئێمە ناوی ئەو هونەرمەندانەمان وەک سوودمەندەکانی دەستی هەڵکەوت هێناوەتە پێشەوە، ئەمە راستییەکی ئاشکرایە و جاڕس و وەڕسبوونی کەسی پێویست نییە، قسەمان لەسەر سوودمەندبوونی ئەو هونەرمەندانە نەبوو بەقەد ئەوەی مەبەستمان بوو ناعەدالەتی هەڵکەوت و پێڕگەرایی ناوبراو ئاشکرا بکەین. کاکی ئازیز ئەگەر هەڵکەوت زاهیر نەبێت کوانێ لەیلا دەتوانێت ئەو تێچوونە زۆرە بۆ کلیپەکانی دابین بکات؟ من پرسیار دەکەم خالید رەشید داهێنەرە یان چۆپی فەتاح؟ ئەگەر پێوەرێکی زانستیی و ئەکادیمیی هەیە بۆ پێوانی ئاستی ئەو هونەرمەندەی یەکەم و ئەو دەمبێژەی دووەم، دەبێت کامیان لە ریزبەندی هاوکارییکردندا لە سەرەتای لیستەکەدا بن؟ فەرموو تۆ ببە بە پارێزەر بەلاشی چۆپی و هەڵکەوت، وەڵامی ئەوەم بدەرەوە بۆچی چۆپی و لەیلا بۆ بنی دنیا گەشت دەکەن و پارەیەکی خەیاڵیی بۆ ڤیدیۆ کلیپەکانیان سەرف دەکەن و خالید رەشید ناتوانێ ئەو کارە بکات؟ غەیر ئەوەی خالید بایکۆت کراوە و چۆپی و باخان و هەندێ هونەرمەندی فاشیل هەڵکەوت کردوونی بە سیلین دیۆن و بریتنی کورد.

کاکی ئازیز تۆ کاتێک دەڵێیت هەڵکەوت زاهیر گەندەڵ نییە وەک ئەوە وایە بڵێی زەوی خڕ نییە و سێ بەسێ تەڵاق بخۆیت زەوی بە دەوری خۆردا لە

سووڕانەوەدا نییە، وەک ئەوە وایە بڵێی قەتەر وڵاتێکی ئەورووپییە، وەک ئەوە وایە بڵێی کینیا وڵاتێکی کیشوەری ئاسیایە، وەک ئەوە وایە بڵێی پاپای ڤاتیکان بوزییە، وەک ئەوە وایە بڵێی مادۆنا جوان نییە، وەک ئەوە وایە بڵێی هەولێر پایتەختی فەڕەنسایە، وەک ئەوە وایە بڵێی ئەمستردام شارێکی ئەریتریایە، وەک ئەوە وایە بڵێی قورئان کتێبی کریستیانانە، وەک ئەوە وایە بڵێی ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی تایوانە، وەک ئەوە وایە بڵێی سەدام حسێن فارسە، وەک ئەوە وایە بڵێی ئەتاتورک کوردە، وەک ئەوە وایە بڵێی شێرکۆ بێکەس وەرزشەوانە، وەک ئەوە وایە بڵێی حەسەن زیرەک چیرۆکنووس بوو، وەک ئەوە وایە بڵێی پەشێوی شاعیر لوبنانییە، وەک ئەوە وایە مینا سەرکردەکانی کورد بڵێی بە گرێی ملم هاشم سوڵتان بێتاوان و بێ خەبەرە لە کارەساتی ئەنفال، وەک ئەوە وایە بڵێی رۆژنامە گۆڤارە، وەک ئەوە وایە بڵێی ئاو رەقە، وەک ئەوە وایە بڵێی بەفر گەرم و ئاگر سارد و بەستووە، وەک ئەوە وایە بڵێی سوور رەنگی ئیسلام و سپی رەنگی کۆمۆنیزمە، وەک ئەوە وایە بڵێی سۆمەرییەکان لە میسری کۆندا ژیاون، وەک ئەوە وایە بڵێی شەقلاوە سەر بە پارێزگای سلێمانییە، وەک ئەوە وایە وەک سەرکردەکانی کورد بڵێی کەرکوک شاری برایەتی و برۆکسلی ئێراقە، وەک ئەوە وایە بڵێی سارکۆزی سەرۆکی کوردستانە، وەک ئەوە وایە بڵێی ئۆلمێرت سەرۆکی رێکخراوی حەماسە، وەک ئەوە وایە بڵێی چیڤارا پیاوی سی ئای ئەی بوو، وەک ئەوە وایە بڵێ سیستانی و خومەینی سوونەن، وەک ئەوە وایە بڵێی ئوسامە بن لادن تیرۆریست نییە، وەک ئەوە وایە بڵێی مەلا کرێکار کۆمۆنیستە، وەک ئەوە وایە بڵێی هۆگۆ چاڤێز دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکایە، وەک ئەوە وایە بڵێی قازی محەمەد سەرۆکی بزووتنەوەی ئیسلامیی بوو، وەک ئەوە وایە بڵێی رەش سپییە و سپی رەشە. کاکی ئازیز ئەگەر هەڵکەوت زاهیر گەندەڵ نەبێت، (سوعاد حوسنی)ش میسریی نییە، ئەگەر هەموو ئەو شتانەی من ریزم کردوون وان ئەوە بێگومان هەڵکەوت زاهیر گەندەڵ نییە بەڵکو شیخی گەیلانییە و نوێژ لەسەر داوێنی بکە.

کاکی ئازیز وا دیارە ئێوە شارەزای بەیت و چیرۆکی میلیی و پەندی پێشینانن، چونکە هەست دەکەم لە سەرەتای هەموو نووسینێکتدا بە گێڕانەوەی

سەربردەیەکی میللیی دەست پێدەکەیت، مادام ئەوەندە زرنگ و هۆشیاریت لەو رووەوە بێگومانم ئەو پەندە کوردییەت بیستووە: (باوکم دیار نییە و دەڵێن پیاوێکیش گورگ خواردوویەتی). لە کوردستان داهاتی گەل و سەروەتی نیشتمانیی دیار نییە و دەڵێن بەرپرسە لات و گیرفان خاڵییەکانی دوێنێ بوونەتە ملیۆنێری دۆلار، ئەمە من وا ناڵێم بەڵکو مایکڵ رۆبن و وێنەکانی کریس کۆچێرا وا دەڵێن. دەڵێن پارەیەکی زۆر بۆ بواری هونەر تەرخان کراوە و نە پارە دیارە و نە هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆ جگە لە چەند کلیپێکی چۆپی و خانمی فەریقی، پەندەکەش دەڵێت باوکم دیار نییە و دەڵێن پیاوێک گورگ خواردوویەتی. ئەوە خەتای پێشینان و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردییە و هیچ سووچێکی ئەزی تێدا مەبینە. کاکی بەرێز ئەوەتا هەڵکەوت زاهیر و شاگردەکانی و ناسری رەزازی و لەیلا ماستەکە بە لێوییانەوە دیارە و جەنابتان بە گۆڕی پێغەمبەر سوێند دەخۆن ماست نییە و بۆیاخی سپی هەمەڵشنە، ئیدی منی داماو چی بکەم؟ مەگەر سبەی ئەو قوڕە خەستەی تۆ گرتووتەوە بدەم بەسەری خۆمدا، ئەگەر نەڵێن قوڕپێوان بۆ ئەمنی نەتەوەیی زیانی هەیە. هاوڕێیەکم هەبوو لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنا بە پەنهانی جگەرەی دەکێشا و دەچوو بۆ سینەما بە تایبەت لە ترسی برا گەورە تووڕەکەی! رۆژێک لە سینەما براکەی جگەرەکەی بەدەستییەوە گرت! وتی: ئەوە چییە جگەرەش دەکێشیت؟ هاوڕێکەم وتی: «جگەرە، جگەرەی چی؟ هەر زۆر رقم لە جگەرەیە». براکەی وتی: ئەی ئەوە نییە جگەرەت بە دەستەوەیە؟ هاوڕێکەم وتی: ئەها وا بڵێ، ئەوە میدالیای جگەرەیە. براکەی وتی: ئەی ئەوە نییە دوکەڵ دەکات؟ هاوڕێکەم وتی: بە سەهوودا مەچۆ، ئەم جۆرە میدالیایە تازە هاتووە و دوکەڵیش دەکات!. ئێمە گەندەڵییەکەمان بە دەستی هەڵکەوتەوە گرتووە، کەچی بابایەکی وەک ئێوە داکۆکی لێدەکەن و هەر ئەوە ماوە بڵێن: هەڵکەوت زاهیر قابیلی ئەوەیە ئەندامی لیژنەی پاکژیی (النزاهە) بێت.

کاکی برا ئەگەر بە گەندەڵی نەبێت هەڵکەوت زاهیرێک تا دوێنێ لە ئەڵمانیا پۆستی دابەش دەکرد (رێزم بۆ ئەو کارە هەیە، بەڵام باسکردنی ئەم پیشەیە بۆ نیشاندانی باری خراپی ئابووری ناوبراوە نەک سووکایەتیکردن بە خودی کارەکە) چۆن بوو بەو هەڵکەوت زاهیرە خانەدانەی ئەمڕۆ، ئەگەر بەلاساییکردنەوەی

ڕەوشتی عەلی باباکان نەبێت؟ من وەڵامەکەیم بە ڕەهایی نەوتووە، ئەگەر بتوانیت مایکڵ ڕۆبن بدۆزییەوە ڕەنگبێ وەڵامێکی ڕاستت بۆ هەردووکمان چنگ بکەوێت. برای ئازیز تۆ وەرە تەنێ پارەی گەشتوگوزارەکانی هەڵکەت زاهیر کۆبکەرە و لەسەریەکی دابنێ بزانە هەموو ئۆردوگای سموودی پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی بەداروبەرد و ئاسمانەکەیەوە پێ ناکڕیت کە هەشت هەزار کەسی تێدا دەژی؟ ئەگەر وانەبوو ئەوە دادگا و شکاتم لێبکە، خۆم لە ئەکبەری گەنجی ئازیزتر نیم با دوو ساڵ لە زیندان بم. کاکی برا هێندەی نوح تەمەنت بۆ قەرد دەکەم و هێندەی ئەیوب سەبر و حەوسەڵەت بۆ پەیدا دەکەم بەس تۆ بتوانە لاپەڕەیەک دیکۆمێنت و پارە بەفیرۆدان و گەندەڵیم بۆ ئاشکرا بکە، وەک خۆت دەڵێیت بەڵگەکەیم بۆ بێنە، ئێ هەڵکەوت زاهیر و شاگردەکانی خۆشاوی گەندەڵی هەڵدەقورێنن نایانەوێت و ناهێڵن بە ئاشکرابوونی گەندەڵییەکانیان زەقنەموت و زەقوم نۆش بکەن، ئەمە وەک ڕێسای جێگیری بیرکاریی وایە، یەک کۆ یەک دەکاتە دوو نەک هەشت. برای ئازیز فەرموو تەشریف بهێنەرەوە بۆ کوردستان تا پێت نیشان بدەم گەندەڵی لە ڕۆح و گیان و جەستەی ئیدارە و کاربەدەستانی میرییدایە، فەرموو ببینە ئەگەر تاکە شتێک زیاد لە هەموو شتێکی تر لەلایەن کاربەدەستانی میرییەوە پەیڕەو و ممارەسە دەکرێت گەندەڵی نەبوو، ئامادەم دەموچاوم ڕەش بکەیت و بە سواری کەرێکی کلک قرتاو شارەوشار بمگێڕیت، ئەگەر واشبوو ئایا ئامادەیت هەمان کار لە بەرامبەر گەندەڵەکان لەناویشیاندا ئەوانەی داکۆکییان لێدەکەیت ئەنجام بدەیت؟.

هیوادارم ویژدانی جەنابتان بەنج و سەوداسەر نەکرابێت، هەروەک چۆن خوازیارم پشکداریی لە گەندەڵی نەیگاندبیتە حاڵەتی خەواندنی موگناتیسی، چونکە ئەو گەندەڵییەی تۆ هاشای لێدەکەیت بە ئەندازە و قەبارەیەکە وەک ئەوە وایە لەسەر چیای گۆیژەوە سەیری شار بکەیت و بڵێیت سلێمانی نابینم. کاکی ئازیز من تەنێ خەمی ئەوەمە لەم وڵاتەدا (ویڵ دیورانت)ێکمان دەست نەکەوێت ئەو سەبر و حەوسەڵە و وزەیەی هەبێت بتوانێت چەند بەرگێک لە سەربردە و چیرۆکی گەندەڵی لە کوردستان بنووسێتەوە. ئیتر ئەمە ئەو وڵاتەیە (گۆگۆل) لە شانۆگەریی (پشکنەر)دا بە وردیی پەنجەی خستووتە سەر زام و

کێم و جەراعەت و نەخۆشییە زگماکەکانی. من لەلا قەبرغەی چیرۆکی (هەزار و شەوێک)ەوە نەهاتوومە دەرەوە و عەسا جادووییەکەی موسام پێ نییە تا بە لێو جوڵاندنێک هەرچی فایلی گەندەڵی هەیە لە جەکمەجە قوفڵدراوەکاندا بهێنمە دەرەوە پەڕە پەڕە بەوانەی هەڵکەوت زاهیرەوە بیخەمە بەرچاوی تۆ، کە دڵنیام ئەگەر ئەمە رووبدات لە زووترین کاتدا تاقەتت لەم حکایەتی مێشە دەچێت و هاوار دەکەیت بەسە سەری منداڵی ساوا سپی دەکات. خۆزگەم بەو کوڕە گەنجەی ناو فیلم کارتۆنەکە، تەنێ بە وتنی بە(ئەمری من و ماسی) هەموو نیازێک حاسڵ دەکات، ئەگەر ئێستا ببمە ئەو گەنجە دوای ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان، داوا دەکەم ماسی بمگەیەنێتە ئەو جێگەیەی ناوی گەندەڵە شرەخۆرەکانی کوردی تێدا نەبیستراوە.

٢

دوێنێ شەو بە سەیرکردنی فیلمی (باوکسالار) تێر تێر گریام و هۆن هۆن رۆندک بە چاوانمدا جۆگەلەیان بەست، دایکم دەیگێڕێتەوە بە منداڵی گرینۆک نەبووم، لای سەیرە ئێستا خووم بە گریانەوە گرتووە و گرینۆکێکی باشم لێ دەرچووە!. لە بینینی ئەو فیلمەدا هیچ گرتەیەکی وام نەهاتە پێش ببێتە هۆی هەڵڕژانی تاڤگەی فرمێسکم، چون ئەوە یەکەم جار نەبوو بەدیار تەماشاکردنی ئەو فیلمەوە کاتێکی زۆر تەرخان بکەم، پێش ئەوەی لێم بپرسن ئەدی بۆچی گریاوی و چی فرمێسکی پێ هەڵڕشتی؟ بەرسڤ دەدەمەوە: بۆ حاڵی نەتەوەیەکی وەک کورد گریام، نەتەوەیەک ریشی خۆی داوەتە دەستی (هەڵکەوت زاهیر) و ئەمسالەکانی بۆ ئەوەی هونەرەکەی پێشبخەن و بیگەیەننە ئاستی هونەری وڵاتان و نەتەوەکانی تر! ئای ترحێو، سپاردنی پارەی هونەری گەلێکی لەخشتەبراو و پەژموردە، سپاردنی گۆشتە بە نەوسن، ئەمە سپاردنی قاسەی پارەیە بە دز، سپاردنی نێچیرە بە راوچی، سپاردنی خەونی میللەتێکە بە قاچاخچی، ئای لەو بەدبەختییە، ئای لەو چارە ڕەشییەی نەتەوەیەک، راوێژکاریی کانی ئەو هونەرە دەوڵەمەندە بە هەڵکەوت دەسپێرێت!.

بینینی ئەو فیلمە ئاسۆی وەڵامدانەوەی فراوانتر کردم بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو نووسینە هەناسە سوار و وەڵامە پڕ هانکە هانکەی (سیروان کەریم). ئەو هەڤاڵە دەلالـە خۆشترین نوکتەی کـردووە، وەختێک دەڵێت بۆچی بەڵگەکان لەسەر گەندەڵییەکانی هەڵکەوت زاهیر و سوودمەندیی چۆپی و لەیلا فەریقی بڵاو ناکەنەوە؟ ئەز پێش ئەوەی وەرامی ئەو دێڕە بدەمەوە، دەڵێم تەنانەت شێت و شوورەکانی کورد بە چاوی سەر دەیبینن هەڵکەوت زاهیر و چۆپی و خانمی فەریقی لە گەندەڵە مشەخۆر و چڵێسە پلە یەکەکانی دەستەڵاتە پەڕپووتەکەی باشووری کوردستانن. گەندەڵی لە کوردستاندا ئەتۆمێکی بچووک نییە، شاخێکی بڵندی بارتەقای هیملایایە، ئۆقیانووسێکی گـەورەی هێندەی زەریـای هێمنە، کەچی ئەگەر بتەوێت وەسڵێکی گەندەڵی یان سیروان وتەنی بەڵگەیەکت دەست بکەوێت، ئەوە لە سەردەمی محەمەدی مەهدیداین و ناتوانین کاغەزە شڕەیەک بدۆزینەوە بیسەلمێنێت گەندەڵی لە فلان دەزگا و فیسار وەزارەت هەیە! ئێ کە بەڵگەمان دەست ناکەوێت یان گەندەڵییەکان بە زارەکی لە کەسانی نزیکەوە وەردەگرین ئیدی مانای ئەوە نییە گەندەڵی بوونی نییە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە لە کوردستان شەفافییەت نییە و میدیا دەستەڵاتێکی گەمارۆدراو و بەرزەفت کراوە. لە کوردستان گەورەترین هاکەرەکانی داهاتی نیشتمانیی لەسەر کورسی دەستەڵات و عەرشی حکومەت دانیشتوون، فەرموو تا قیامەت تەرحت دەدەمێ دوو سەنت گەندەڵی ئەو پیاوانەمان بۆ بـدۆزەرەوە، دۆزینەوەی سەرەداوی گەندەڵی لە کوردستان هێندەی دۆزینـەوەی دەرمانی ئەیدز و چارەسەری خراپترین جۆرەکانی نەخۆشیی شێرپەنجە سەختە، گەندەڵی لە کوردستان سێوێک نییە بە سەیرکردنی کەوتنەخوارەی ئەو سێوە لە دارەکەی بۆ سەر زەوی تیۆر و زانستی هێزی راکێشانی زەوی بدۆزینەوە، گەندەڵی شەبەحێکی رەشی رەشپۆشی شەوێکی ئەنگوستەچاو و شەوی یەڵدای ئەم نیشتمانەیە، بـەڵام هەموو بێ ئـەوەی خـودی ئـەم شەبەحە رەشـە ببینن زەبـر و تێڵا و پێڵەقەی دەستی ئەم شەبەحەیان خواردووە، دەفەرمووو ئێوە ئەزیەت بفەرموون فیگۆری ئەم شەبەحەمان بۆ بکێشن، ئێمە خوا ئەو غیرەتەی پێنەداوین بەرگەی سەیرکردنی دەموچاوی سامناکی تارمایی بگرین.

رەنگبێ نەتوانم بە میتۆدێکی زانستیی چەمکی گەندەڵی شیتاڵ شیتاڵ بکەم، لەوانەیە وزەم نەبێت چەشنی پسپۆڕێکی بواری ئابووری و گەندەڵی، وردەکاریی و بنەماکانی ئەو دیاردەیە شی بکەمەوە، بەڵام دەزانم ناتوانین گەندەڵی بگۆڕین ئەگەر لە رێگەی گۆڕینی شوێن و پێگەی بکەرەکانی و سیستمەکەوە نەبێت، ئەمە راستییەکە قابیلی نکۆڵی لێکردن نییە، لەبەرئەوەی گەندەڵی لە مردن دەچێت، مردن ئاکامی ژیانە، هەتا ئەتۆمێک، بوونەوەرێک نەژی نابێتە گیای مەرگ، رووخانیش ئاکامی گەندەڵییە، وا هەست دەکەم ئەو هاوکێشەیە جەبریەتێکی حاشاهەڵنەگر و رەهایە، ئێستا کوردستان لەوەدایە بە هۆکاری گەندەڵی دابڕوخێت، کەچی غافڵێک لەودیو کیشوەرەوە داوای بەڵگەمان لێ دەکات، سەختتر لەوە شاگردەکانی هەڵکەوت بە مهاتەراتچی و هەرزەگۆ وەسپمان دەکەن. من لەوە غەم ناخۆم دەسەڵاتی کوردیی چی تاوان و تۆمەتێک دەخاتە پاڵم، هێندەی ترسم هەیە لەوەی یەک دوو ساڵی تر لە فێستیڤاڵێکی ئەدەبیدا بە ئامادەبوونی قەڵەمە فرۆشراوەکان و ورگپەرستە دەربارەکان شێخ رەزای تاڵەبانی دادگایی بکەن و بە میری جنێوفرۆش و مهاتەراچییەکان لە قەڵەمی بدەن، هێندێکیان حەسرەت هەڵدەکێشن شێخ رەزا نەماوە تا چوارسەد ساڵ زیندانی بکەن تا ئەوانی دی بەچە ترسێن ببن، ئێ فەرموون سەیر بکەن حکومی کەمال سەید قادر بە ٣٠ ساڵ (کیسەڵ حکوم دەدەن نەک مرۆڤ) نامانهێنێتە سەر کەڵکەڵەی گومان بردنی خراپ دەربارەی شێخ رەزا؟. ئێستا پرسیار دەکەم، ئایا بە گەندەڵ ناوهێنانی کەسێک جا هەر کەسێک بێت جنێودانە؟ بێگومان نەخێر، گەندەڵی سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ کەسێک یان رێکخراوێک یاخۆ حکومەتێک، ئەگەر کەسی تۆمەتبار بکەری گەندەڵی بوو ئەوە هیچ جنێوێکی تێدا نییە و بگرە بۆ رۆژنامەنووس ئەرکێکی پیشەیی و ئاکارییە، خۆ ئەگەر کەسی تۆمەتبار بێتاوان بوو، ئەوە ئەو کەسەی تۆمەتەکەی هەڵبەستووە تاوانێکی ئەنجام داوە نەک جنێوی دابێت، فەرموون هەڵکەوت بهێنن بزانن دەتوانێت نکۆڵی بکات جیاوازیی نەکردووە و پارەی هونەری کوردیی لە راژەی خۆی بەفیڕۆ نەداوە؟ ئەوە ئێوە دەڵێن چی؟ هەڵکەوت هەر بۆی هەڵکەوێت گەندەڵی و پێرگەرایی رەواج پێدەدات لە بواری هونەری موزیک و گۆرانی

کوردیدا، هەموو قسەیەکی تر لەمە بەولاوە فلسێک ناهێنێت. کاری ئێمەش وەک ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی و ئەو راوڕووتە زۆرەیە لە کوردستان لە ئارادایە، نەک تەرخانکردنی رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکانمان بۆ خۆدزینەوە لەو واقیعەی هەیە لە ریگەی باسی لا بەلاو گێڕانەوەی سەربردە و قۆشمەییەکانی بەشیر موشیر (موشیریات) کە رۆژنامەیەکی بەناو سەربەخۆ شەو و رۆژ سەرقاڵی بووە.

سەیرم لەوە دێت نووسینەکەی بەندە نە بە هێرۆگلیفی نە بزمارییی نوسرابوو، تا سیروان کەریم نەتوانێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات، هەڵبەتە ئەو هەڤاڵە بە شێنەیی و لە بارێکی دەروونی جێگیردا ئەو نووسینانەی نەخوێندووەتەوە بۆیە تیرەکەی ئەو کەسی نەگرت هەروەک چۆن ئەوەی ئێمە دای لەسەر دڵی هەڵکەوت، بۆیە هەست ناکەم سوچەکە ناڕوونی و کاڵوکرچیی نووسینەکەی ئێمە بێت. جارێک لە کۆڕێکی هۆنراوە خوێندنەوەدا کچێک بە (دیلان تۆماس) ی شاعیر دەڵێت: چۆن ببمە شاعیر؟ ئەمیش وەڵام دەداتــەوە: بڕۆ ببە بە عاهرە!! بێگومان مەبەستی تۆماس لە (عاهرە) مانا بازاڕیی و سواوەکە نییە، بە قەد ئەوەی مەبەستی بووە بڵێ رووت بەرە و خۆت تەنیا بکە.»١«. راستی ئەوەیە تیرەکەی ئێمە سەر دڵی راوێژکاری هونەریی سەرۆکی حکومەتی پێکا، بەپێچەوانەشەوە تێگەیشتنی کاک سیروان توخنی ناوەڕۆکی نووسینەکە نەکەوتووە و لاپێی گرتووە، وەڵامەکەشی لەوە کەساستر بوو، ئەو تەنیا لە دیوێکی پرسەکە تێگەیشتووە، چون ئەگەر بەتەنێ بە دیوێکدا سەیری وشەی (عـاهـرە) بکەین هاومانای رووتبـوونـەوەی جەستە و داکەندنی جلوبەرگە، دیوەکەی تریشی رووتبوونەوەی مرۆڤە لە ناخەوە، رووتبوونەوەیە لە هەموو ئەو خڵتەوخۆڵەی نێو ژیان، هەردوو واتاکە راستن، هەڵەکە ئەوەیە لە کاتی دەربڕینی ئەو وشەیەدا بە قووڵی نەڕوانیت، ئاخێوەر بە کام مانا ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، کارەساتی کاک سیروان لەوێدایە تێناگات ئەو وشانەی ئێمە لە نووسینێکدا بەکارمانهێناوە بەکام دیودا بەکارهێنراون، ئیدی چی بکەین دنیاکەی ئێمە وایە و زۆربەی ئەوانەی دەنووسن لە نزمترین مستەوای تێگەیشتن و هەرسکردنی ئەو نووسینانەدان لەلایەن نووسەرانی راستەقینەوە دەنووسرێن،

ئەو هەڤاڵە نە دەزانێت و دەتوانێت لە ناوەڕۆکی راستەقینەی نووسینەکانمان تێبگات، نە دان بەوەدا دەنێت تیرەکە بەر هەستیارترین بەشی لەشی هەڵکەوت زاهیر کەوتووە.

ئاخر ئەو نوکتە خۆشەی سیروان کەریم کە دەڵێ تیرەکە بەر لاپێی هەڵکەوت کەوت، وەک ئەوە وایە بڵێیت تیرەکەی وەحش هاویشتی بەر (حەمزە)ی مامی پێغەمبەر نەکەوت، بەڵکو لاکەلەکەی (عومەری کوڕی خەتتاب) گرتەوە. پێشنیار دەکەم دووجار بە وردیی تێبینی بکەیت، یەکێکیان تێبینی وردتری نووسینەکەی ئێمە، جاری دواییان قووڵ فیلمی (پەیام- الرسالە) سەیر بکەیت. لەلایەکی ترەوە سیروان کەریم بێ بەزەییانە دەستکاریی ناوەڕۆکی نووسینەکەمانی کردووە، بەو جۆرەی دەیەوێت مامەڵەی لەتەکدا کردووە، (لە عەرەبیدا دەڵێن: فلان کەس خورما بۆ بەسرە دەبات، ئەگەر ئەمە وەربگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزیی دەڵێن: فلان کەس خەڵوزی بەرد بۆ نیوکاسڵ دەبات). «٢» ئەو هەڤاڵە لەسەر هەمان پێودانگ رەفتاری لەگەڵ کرۆکی ئەو نووسینە کردووە دەربارەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گەندەڵی هەڵکەوت زاهیر خستوومانەتە بەرچاو، تا ئەم لاپەڕەیە وەک زۆر لەوانەی تر لە دزی و گەندەڵی ون نەبێت. چونکە هەڵکەوت فیکەی خۆی ناسیوە و دەزانێت خاتری گیراوە و زۆرمان ماوە بۆ وتن، نقەی لە خۆی بڕیوە و رەنگبێ بۆ خۆپارێزیی لە تینی ئاگری ئەو نووسینانە لە یەکێتی کەڕولاڵان ناوی تۆمار بکات تا نیشانی بدات نە گوێی لە هیچە و نە دەتوانێت هیچی تر بڵێت، هەڵکەوت چاک چاک تێگەیشتووە، کەچی نووسینەکەی ئێمە لەلای سیروان وەک وەرگێڕانی ئەو رستەیەی لێهاتووە، ئەی ئەمەیان خەتای کێیە؟ ئەی ئەمەیان بەڵگەی کاڵفامیی کێیە؟.

ئەدۆنیس لە وەسپی رەخنەگری عەرەبیی ناسراو (د.عەبدوڵڵا غوزامی) دەڵێت (غوزامی ئیمامی مزگەوتە نەک رەخنەگر)، منیش دەتوانم بڵێم سیروان نەک گۆلکە نووسەر، گۆلکە خوێنەواریش نییە، گوناهە ئەو شەڕە بخاتە ملی و خۆی بئاڵێنێتە داوی نووسەرانێکەوە دەتوانن هێندەی باڵا و بارستایی مامۆستاکانیشی نووسینی بەپێز بخەنە بەردەستی خوێنەر، خۆزگە ئەو هەڤاڵەمان مەلای مزگەوت بوایە هیچ نەبوایە لە ترسی خواوەند و سووتانی نێو ئاگری دۆزەخ نەیدەوێرا

پاساو بۆ گەندەڵی بهێنێتەوە، تا لە سنووری ئەزعەفولئیماندا نقەی لە خۆی دەبڕی و چاوەڕێی ڕەحمەتی خوای دەکرد. لە سەرێکی دیکەوە ئاغا سیروان لێمان بووەتە زانای بنەچەناسی و دوای بەرگرییە کوێرانەکانی لە هەڵکەوت هاتووە، بووە بە مێژوونووسی هەڵسوکەوت و دیرۆکی ماڵی چۆپی و وەهای لێکردووین خەریکە بڵێین ماڵی چۆپی فەتاح نەبوونایە کورد گورگ دەیخوارد و ئێستا ئەوەشی ماون لە کوردستاندا لە عەرعەر دەرخواردی مەرگ دەدران، جا کێ باسی شۆڕشگێڕیی و رابردووی کردووە؟.

بڕوا ناکەم لوتکەی شۆڕشگێڕیی و بە قەولی سیروان خەباتی بنەماڵەی چۆپی بگاتە قوولەپێی زۆرێک لەو بەرپرسە گەندەڵ و چەتانەی ئەمڕۆ کوردستانیان بە دار و بەردەوە لەسەر خۆیان تاپۆ کردووە! زۆربەی بەرپرسەکانی دوێنێی شاخ و شڕەخۆرەکانی ئەمڕۆ لە قۆناغی شاخدا هیچیان لە شۆڕشگێڕییان کەم نەبووە، رابردوو بەس نییە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێتی مرۆڤێک یان ڕێکخراوێک. زۆرێک لە حزبە سیاسییەکانی دوێنێ ئەگەرچی خەباتیان کردبێت ئەمڕۆ بەرهەمی ئەو خەباتەیان بە گەندەڵی سڕیوەتەوە، ئێمەش نەمانوتووە بنەماڵەی چۆپی رابردوو و پەرێزیان پاک نییە، وتوومانە پشکدارن لە گەندەڵییەکانی هەڵکەوت. ئەوەتا پارەی دەدەنێ کۆنسێرت ساز بدات، کەچی ئاهەنگی (خنجیلانە) بۆ کەسوکاری ساز دەدات! ئەمە ئەگەر گەندەڵی نەبێت چییە؟ ئایا ئەوەش نیشتمانپەروەرییە؟ ئایا چۆپی هەموو رۆژێک لە هۆتێلەکانی سلێمانی و هەولێر کەوتووە و هەر لەوێ ئاهەنگ ساز دەکات ئەمە بە پارەی کێ؟ چۆپی کە بەناوی ئاوارە کەرکوکییەکانەوە پارە کۆ دەکاتەوە ئەدی رۆژێک بۆ بێزی نەهات کۆنسێرتێکیان بۆ ساز بدات؟ کێ دەچێ بۆ شیراتۆن و هۆتێل ژیان و سلێمانی پالاس جگە لەو خواپێداوانەی لەسەر مێزی شەکراوی گەندەڵی هەموو رۆژێک داوەتن؟.

کاکی بەڕێز ئەگەر من تەنێ یەک هەفتە لە پالاس نان بخۆم ئەوە پێویستە تاساڵی ٢٠١٨ واتە بۆ دە ساڵی دیکە هەر قەرد بدەمەوە؟ ئەی چۆپی بە پارەی کێ و بۆ خزمەتی کێ لەو جێگایانە توند کراوە؟ برای ئازیز ئاسانتر دەردەچووی داکۆکیت لە سەدام و مۆسۆلینی و هیتلەر و ستالین و ئەنوەر خۆجە و پۆل

پۆت و چاوچیسکۆ بکردایە نەک لەو ریزە گەندەڵەی چیتر حەز ناکەم ناویان بهێنم. چیتر ناخوات حکایەتی ماڵی چۆپی و کێ و کێمان بۆ بخوێنیتەوە، چون پێویستە چاوێک پەیدا بکەیت بۆ بینینی گەندەڵییەکانی هەڵکەوت و چۆپی و لەیلا خانم، هەروەک چۆن پێویستە گومان نەخەیتە سەر بنەماڵەی کەسی تر، چونکە ئەگەر بتەوێت تۆمەتێک بخەیتە پاڵ ناوبانگی من و خانەوادەکەم کە هەزار و یەک زەحمەتیمان بۆ هێنانەدی ئەم رۆژە خۆشە بۆ گەندەڵەکان دیتووە، ئەوا بە قەڵەمەکەم کارێکت پێدەکەم ئیسرائیل بە عارەبی فەلەستینی نەکردبێت. لە کۆتایی ئەم چەند دێڕەشدا خوازیام وتەیەکی بیرمەندێکی عەرەب بە بیر بهێنمەوە کە کتومت بۆ ئەم ڕۆژەی واقیعی کوردستان دەست دەدات و نموونەی هەڵکەوت و ئەمسالەکانی چەند ئەوەندەی تر راستێتی ئەو وتەیە ئیسپات دەکەن: (الثورة یخططه العقلاء ینفذها الفقراء یاکلها الجبناء).

٣

پێم سەیر بوو(سیروان کەریم) لە وەرامەکەیدا هاتووە چەند هەڵەیەکی رێزمانیی و رێنووسیی کردووەتە بابەتی سەرەکی رەخنەگرتن لەو چاودێرەی بە زۆرەملێ بە هاوڕێکەمی دەزانێت، دەبوو ئەو هەڤاڵە بە دووی راستی و دروستی ناوەڕۆکی ئەو وتارانەدا بگەڕابا، چونکە ئەو وتارانەی ئێمە نوسیوومانن لەسەر دوو تەوەر هەڵوەستەیان کردبوو:

یەکەم: گەندەڵییەکانی هەڵکەوت زاهیر و جیاوازییکردن لە هاوکارییکردنی هونەرمەندانی کورد بەشێوەیەکی گشتیی.

دووەم: خراپیی باری ژیان و گوزەرانی هێندێک لە هونەرمەندانی ناسراو وەک (کەریم کابان، حەمەی نێرگز، سەلاح مەجید «باوکی باخان»، زاهیر جەلال، ئەرجومەند هەورامی، میدیا حسێن، کەریم خەمزەیی، هتد .....). کە هیچ ئاوڕێک لە ژیان و بژێوییان نادرێتەوە بە تایبەتی لەلایەن راوێژکاری هونەریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە.

ئێمە کاتێک بە سەربەخۆ و لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە لەگەڵ کاک ئاسۆ نامەیەکمان ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەت کرد بۆچی بڕی

تێچوونی ئەو کارە هونەرییانە بۆ هونەرمەندی گەورە و دەنگ رەسەنی کورد (خالید رەشید) ناگێڕنەوە لە بەرهەمهێنانی چەند ماددەیەکی هونەریی سەرفی کردوون و یەکێک لەو بەرهەمانەش سیمفۆنی (ئەی رەقیب)ە کە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستانی پێدەکرێتەوە؟ ئەم نامەیەمان لە رێگەی (مهاباد قەرەداغی)یەوە گەیاندە دەستی هەڵکەوت و پێمان راگەیاند: راستییەکەی خالید رەشید راینەسپاردووین بۆ نووسینی ئەم نامەیە، تەنێ وەک گوێگر و هەواداری دەنگی ئەو هونەرمەندە و دوو رۆژنامەنووسی گەنج ئەم نامەیەمان نووسیووە، هەڵکەوت کەوتە منجە منجکردن گوایە ئەم کارە پەیوەندیی بەوەوە نییە و پەیوەستە بە وەزارەتی رۆشنبیریی، بەپێچەوانەوە هەفتەیەک دوای ئەو منجەمنجکردنە ئاگاداربووم هونەرمەندێکی تر بە سەیارەکەی هەڵکەوت چوو بۆ بەڕێوەبەرێتی دارایی و دوایی بۆ گەنجینەی هەولێر و دوایی بۆ بانکی رەشید بە مەبەستی وەرگرتنی بڕی ١٥ ملیۆن دینار بۆ بەرهەمهێنانی (سی دی)یەک، ئەم پارەیە لەلایەن هەڵکەوت و لەسەر بڕیاری وی بەو هونەرمەندە درا.

ئەمە بەڵگەیەک بۆ نادادپەروەریی هەڵکەوت نەبێت چیترە؟ دوای نزیکەی دوو مانگ جارێکی تر لەسەر شەقامی سالم و نێزیکی گازینۆی سەهۆڵەکە بە رێکەوت (هەڵکەوت زاهیر)م بینی لەگەڵ هونەرمەند (نەوژین محەمەد)، وەختێک پێم گووت بۆچی یارمەتی فڵانە هونەرمەند دەدەیت بە بڕی ئەوەندە و ئەو نامەیەی ئێمە بۆ قەرەبووی خالید رەشید پشتگوێ دەخەیت؟ کاکم لە بەرسڤدا وتی: خالید رەشید هونەرمەندێکی باش نییە و بە ستایلێکی کۆن گۆرانی دەڵێت و لەگەڵ خواست و حەزی گەنجاندا نایەتەوە، وا پێویستە ستایلی خۆی بگۆڕێت تا یارمەتی بدەین. ئێمە بە تووڕەییەوە وتمان: کاکی بەڕێز تۆ کەسێکت دەوێ کار لە شان و باڵی خەڵک بکات و شانیان بجووڵێنێ نەک هەستیان گڕ تێبەربدات و ناخیان بجووڵێنێ و روحیان بە نەسیم و شنەیەکی ئارام فێنک بکاتەوە. ئیدی ئەگەر ئەم رەفتارەی هەڵکەوت بە ریشی کاک سیروان رەوایە و گەندەڵی نییە؟. ئێمە هیچ قسەیەکمان نەماوە، چون نامانەوێت ئاسنی سارد بکوتین و چیرۆکی خورشید و خاوەر، شیرین و فەرهاد، لاس و خەزال بۆ نابیست وەگێڕینەوە!. د.عەلی ئەلوەردی لە روونکردنەوەیەکدا لە یەکێک لە بەرگەکانی

کتێبی (چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراق) دەربارەی ئەو رەخنانەی رەخنەگران لە بەرگەکانی پێشووی هەمان کتێب گرتوویانە دەنووسێت: (ئەم وتەیە لەپێشەکی ئەم بەرگەدا دەنووسم وەک ئاگادارییەک بۆ هەندێ رەخنەگر تا خۆیان بە گەڕان بە دوای هەڵەی زمانەوانییەوە خەریک نەکەن، تکام لە رەخنەگرەکان ئەوەیە لە کتێبەکانی مندا بە دوای هەڵەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییدا بگەڕێن).

لەوانەیە ئێمەش داوایەکی وەکی ئەوی (وەردی)مان لە کاک سیروان هەبێت و پێی بڵێین: وا باشتر بوو بۆ تۆ و بۆ ئێمەش بەدووی فایلی هەڵکەوت زاهیر چووبایتایە و بۆ هەموو لایەکت بسەلماندایە ئەو زاتە موبارەکە گەندەڵ نییە و لە نارەوا تۆمەتباری دەکەن، ئەگەر ئەم کارەت پێناکرێت باشتر بوو بێدەنگ ببوویتایە یان هیچ نەبووایە دەنگت بخستبایەتە پاڵ دەنگی ئێمە و زانیاریی بەسوودت بخستایەتە سەر ئەوانەی ئێمە، چونکە دڵنیام بە حوکمی کارەکەت زۆر لە ئێمەومانان زێدەتر زانیارییت لایە لەسەر گەندەڵییەکانی راوێژکاری هونەریی سەرۆکی حکومەت. بۆیە وای دەبینم رەخنەگرتن لە هەڵە زمانەوانییەکان وەک ئەوە وایە لە تاقیکردنەوەی وانەی کیمیادا وەڵامی وانەی مێژوو بدەیتەوە، وەک ئەوە وایە لە پرسەدا سەرچۆپی بگریت و لە شاییدا قوڕ بپێویت، ئەرێ خەڵکینە وانییە؟. وا دیارە کاک سیروان بەدەرخستنی ئەو هەموو گەندەڵییانەی هەڵکەوت زاهیر لە ماوەی رابردوودا تێر ناخوات، دەیەوێت ئێمە وەسڵ و کتابی فەرمی ناوبراو لە بەفیڕۆدان و گەندەڵیدا بڵاو بکەینەوە، ئێمە سەرباری دڵنیاییمان لە گەندەڵبوونی هەڵکەوت رایدەگەیەنین بەڵگەی لەو جۆرەمان لەلا نییە، لەبەرئەوەی نایەڵن بکەوێتە دەستمان نەک لەبەرئەوەی بوونی نییە، کاکی ئازیز ئێستا بۆ ئەوەی لێدوانێک لە فەرمانگەی کەشناسیی سلێمانی وەربگریت دەربارەی رەوشی کەشوهەوا و راددەی باران بارین دەبێت لە وەزارەتەوە نوسراوی فەرمی بهێنیت، جەنابیشتان بە نیازن لەم دۆخەدا و لەو کاتەی عەبایەکی رەشی قەترانی دراوە بەسەر نوسراو و بەڵگەنامەکاندا، سوک و باریک پێمان بڵێن فەرموو ئەوە بەڵگە و نوسراوی فەرمی بیبەن بۆ رۆژنامە و سایتەکان بڵاوی بکەنەوە.

ئێ ئەگەر وا بوایە دەبوو ئێمە بمانوتبا لە سوێد دەژین نەک لەو خەرابستانەی بووە بە حاویەی جیهان و تەنکەخۆڵی خواردەمەنی ئێکسپایەر و بەرپرسی چەتە و حکومەتی داڕووخاو و پەرلەمانی خەواڵوو و وڵاتی وێران و شاری کاول و گوندی چۆڵ. ئێرە کوردستانە ئاوایی دزان و بۆن سۆی شەڕ و ژینگەی شێداری گەندەڵی و جوجکهەڵهێنەری دیکتاتۆر و مەزادخانەی فیکری بەسەرچوو. من وەک خۆم وا بیر دەکەمەوە پێویست ناکات چاوەڕێی دەستکەوتنی بەڵگە بکەین بۆ تاوانبارکردنی هەڵکەوت و ئەمسالەکانی وەک گەندەڵکار، واقیعەکە وەک خۆی و بێ دەستکاریی لە بەردەستدایە و تەنێ ئەوەمان نیشان دەدات ئەو زاتە موبارەکانە گەندەڵن و سروشتی حوتیان گرتووە و گەدەیان هێندەی بەرینی کیشوەرێک کشاوە. تۆ بە چاوی خۆت خانوویەک ببینیت چی پێویست دەکات داوای بەڵگە بکەیت بۆ سەلماندنی ئەو دیمەنەی چاوت پێدەڵێت چییە؟ چ پێویست دەکات ژوور بە ژوور بپشکنیت تا بزانیت ئەو دیمەنە خانووە یان چشتێکی تر؟ ئێمە دیمەنەکە بە روونی و وەک بیچمی راستەقینەی خۆی دەبینین، ئەگەر ئێوە نایبینن خەتای چاوی خۆتانە، ئەگەر نایبینن رەنگبێ پێویست بکات سەردانی دکتۆری چاو بکەن تا هیچ نەبێت چاویلکەتان بۆ بنووسن.

(حەمەسەعید حەسەن) لە کتێبی جەلالینامەدا نووسیوویەتی (کە شەڕی براکوژیی هەڵدەگیرسێت، خەڵکی هەمیشە دەزانن لایەکیان یەکێتییە، بۆیە تەنیا پرسیاری لایەنەکەی تر دەکەن). وەک خۆم هەر کاتێک لە رادیۆ گوێم لە گۆرانییەکی خراپ و شێوە ئەرەبیسک و نەشاز دەبێت راستەوخۆ دەزانم ئاوازی هەڵکەوت زاهیرە و ئەو پارەی تێچوونەکەی دابین کردووە، یەکسەر رووی دەمم دەکەمە هاوڕێکانم و تەنێ پرسیاری ناوی ئەو گۆرانیبێژە دەکەم، بڕوا بکەن ئەم حاڵەتەم بەواقیعیی بەسەرهاتووە. کاک سیروان ئەگەر تێکدانی چێژی گوێگر و شێواندنی هونەری کوردیی بە سانا و ئاسایی دەزانێت؟ مەگەر تەشتێ قوڕ بێنین و بکەوینە شەریفە باوکەڕۆ و سەرمانی تێگرین، ئەگەر ئەو هەڤاڵە ئەوە بە گەندەڵی نازانێت هەڵکەوت هەر کەسی بوێ پڕ پریاسکەیەک دۆلاری دەداتێ بۆ بەرهەمهێنانی گۆرانی کە ئاواز و موزیکەکەی هی خۆی بێت؟ بە ئەسحابە گەندەڵی درۆیە و کوردستان هەر گەندەڵی تێدا نییە، ئەگەر

ئەو برا هەڵکەوتدۆستە کورتکردنەوەی هونەر بۆ گۆرانی و گۆرانی کوردیی بۆ پیڕێک ماستاوچی و دزی هونەریی بە تاوان و گەندەڵی دانانێت؟ مەگەر ئێمە گۆرانی ئای بە لەنجە گیانی هونەرمەندی کۆچکردووی خۆشەویست حەمە قوتوو بخوێنین، ئەگەر ئەو بەڕێزە بڕیاری داوە داکۆکی کوێرانە لە هەڵکەوت و پیڕەکەی بکات، چیمان لە دەست دێ مەگەر موشێن و شێر و خەت بکەین؟.

هەر کەسێک مافی خۆیەتی بەرگریی لە هەر کەسێک بکات جا ئەو کەسە هاوڕێ، دۆست، هاوکار یان هاوپیشەی بێت، بەڵام نابێت لە یادی بکەین مافی ئەوەمان نییە لافی لەسەر هەقبوون لێبدەین، وەلێ هەق هەبوویەکی ڕێژەیی هەیە و ترسناکە لافی هەق لێبدەین، کەچی لە مەسەلەیەکی لەو جۆرەدا دیارە کێ لەسەر هەقە و کێ ناڕەوایە؟ ئاشکرایە ڕۆژنامەنووسێکی لاوازکراو لە رووی ئابوورییەوە لەسەر هەقە نەک گەندەڵێک بە وێنەی مێش و مەگەز ئالاوەتە زەلکاوی گەندەڵی. زۆر دەمێکە ئەو مافە دەدەم بە کەسانی تر بەهەر جۆرێک بۆیان دەکرێت و بە شیاوی دەزانن داکۆکیی لە خۆیان و ئەوانە بکەن دەخوازن بەهەر هۆیەک بووە داکۆکییان لێبکەن، زیاد لەوە هەمان مافم بە هاوڕێکان بە ڕەوا بینیوە. هەر کاتێک بیر لە هاوڕێ و قیمەتی هاوڕێتی دەکەمەوە، حیوارێکی نێو شانۆیی (قریشکەکان)ی شەهیدی قەڵەم (بەکر عەلی)م دێتەوە یاد (هاوڕێکەم زۆرجار دەیووت ئەو جگەرەیەی بۆ دەقیقەیەک هاوڕێتە گوناهە پێی پیابنێیت). ئاساییە سیروان وا بیر بکاتەوە بە تایبەتی لە داکۆکیکردن لەماڵی چۆپی، چون سێ ساڵ بەڕێوەبەری سایتەکەیان بووە، بەڵام، بەڵام، بەڵام ناتوانێت بەڵگە بخاتە روو بۆ دەرچواندنی چۆپی و لەیلا فەریقی لەو زەلکاوی گەندەڵییەی هەڵکەوت زاهیر خۆشی کردووە و بانگەوازی هاوڕێکانی دەکات بۆ خوان لەسەر ئەو جەستە سیحراوییەی گەندەڵی.

ئەوەشی پێویستە هەڵکەوت و کاستەکەی بۆ هەمیشە لە یادیان نەچێت ئەوەیە: قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە حەمەی نێرگز و کەریم کابان کوخێکیان نییە و ناسری ڕەزازی لە کۆشکدا ژیان دەباتە سەر، هونەرمەندانی ڕاستەقینە و خودان داهێنان بێکەسکوژ کراون و ئەوانەی دی سوپایەک گەندەڵ لە پشتیانەوە کار دەکەن و هاوکارییان دەکەن، خالید ڕەشید نەک سوودمەند نابێت مافیشی

دەخۆن، کەچی ئەوانەی دوێنێ پەلی کچی کوردیان بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی (سید الرئیس) بۆ تکریت رادەکێشا ئەمرۆ مامۆستای گەورەی هونەری کوردین، هەست دەکەم لە هەڵکەوت دەوەشێتەوە بچێت کۆمەڵی (زێڕە زێڕە) بدۆزێتەوە و فێری کوردایەتیان بکات و سروودی (ئەی رەقیب)یان پێبڵێتەوە، مەسەلەکەی ئێمە ئەمانەیە، ئەگینا من و هاوڕێکەم هیچمان هونەرمەند و دەنگخۆش نین (لە گەرماودا نەبێت) تا یارمەتی نەدانمان وەهامان لێبکات سەروپۆتەڵاکی هەڵکەوت بکوتینەوە، تەنێ ئەوەیە هەست بە مەترسیی لەسەر هونەری کوردیی و نادادپەروەریی و گەندەڵییەکانی راوێژکارە هونەرییە خوێن شیرینەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەین.

مەسەلەی ئێمە ئەوەیە حەسەن زیرەک بێنە هەڵکەوت نایگۆڕێتەوە بە دڵی کچێکی نازداری تازە هاتوو بۆ نێو هونەر، مەزهەر خالیقی لەلای وی سەلەفییە و شایەنی هاوکارییکردن نییە (سوپاس بۆ ئاهورامەزدا پێویستی بە هاوکاریی نییە و دەزانێت رێزی خۆی بگرێت) کەچی دەنگی وەها شایەنی یارمەتیدانە لای ئەو دەنگی لەو ئاشە ناخۆشترە گەڕەکێک لە تاو دەنگە ناسازەکەی مەزبەتەیان بۆ لابردنی لە کۆڵانەکەیاندا کۆکردۆتەوە، مەسەلەی ئێمە ئەوەیە چیدی ناتوانین بێدەنگ بین، ئەم زمان و دەم هەراشییە کێشەی زۆری بۆ دروستکردوین وەلێ پێی رازین، مەسەلەی ئێمە تەنێ ئەوەیە بە ئاڤێستا سوێندمان خواردووە واز لە هیچ گەندەڵێک نەهێنین یان بێدەنگی دەکەین یان بێدەنگمان دەکات. هیوادارم کاک سیروان لە وەڵامەکەم گەیشتبێت وەک چۆن خوازیارم ئەگەر وەرامی دایەوە ئەمجارە وردتر و بەدیقەتتر بیداتەوە، چونکە دەبێت بزانێت لەگەڵ کێ ئەم شمشێربازیی و زۆرانەی دەستپێکردووە، لە خوا دەپاڕێمەوە بەزەیی پێدا بێتەوە، چونکە وەڵامی کەسانێکم داوەتەوە خۆیان بە عیملاق زانیوە لە کایەی رووناکبیریی کوردیدا، دەمیشم بە چەندان داخستووە کە پێویست ناکات لێرەدا ناوەکانیان ریز بکەم، چونکە بە جۆرێک دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیوەوە تازە کەوتوونەتەوە گڕوگاڵ. دیسان خوازیام سیروان کەریم تێگەیشتبێت، چونکە هەست دەکەم مرۆڤی ئەمڕۆ زۆر سەرقاڵە و تێگەیشتنی وردی لە شتەکان هاسان نییە، بە تایبەت بۆ داکۆکیکاری گەندەڵی تێگەیشتن لە ناگەندەڵ وەک

خوێندنەوەی قاوەی بەختی لێهاتووە. دوا وشەشم هەرئەوەندە دەڵێم، رەحمەت لە گۆڕت زانای گەورە (ئەنیشتاین) مادام وتووتە (دوو شت سنووریان نییە، گەردوون و گەمژەیی مرۆڤ). باقی والسلام.

**پەراوێز:**

**١- بڕوانە (جوایەز ٢) بە سەرپەرشتیی ع.ع.یوسف، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر ٢٠٠١، لاپەڕە ٦٣.**

**٢-لە دیمانەیەکی (عەبدولکەریم سروش)ەوە وەرگیراوە.**

تێبینی: ئەم وتارە بە سێ بەش لە کۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای ئازاری ساڵی ٢٠٠٨دا لە ماڵپەڕی کوردستان پۆست بڵاوبووەتەوە.
WWW.KURDISTANPOST.INFO

# دەستووری عەلمانی و تێگەیشتنی ئیسلامی

## وەڵامێک بۆ محەمەد حەکیم

**ئاشکرایە هەموو هەژانێکی مێژوویی لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە هەژان لە چەمکەکانی مرۆڤ و لە ئاکامیشدا چەمکە ئاینییەکان**

مارکس- ئەنگلز

لە ژمارە (٣٢٢)ی هەفتەنامەی «هاوڵاتی»دا کورتە نووسینێکی مامۆستا (محەمەد حەکیم)م بەرچاوکەوت، لەژێر ناوی (هەوڵی نەهێشتنی ماددەی ٧ی دەستوور خەتەرێکە لەسەر ئەمنی نەتەوەییمان)!. ئەم کورتە نووسینەی مامۆستا خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی ئیسلامییانەیە لەمەڕ گۆڕینی بەندی حەوت و بەشداریی پێکردنی ئاین لە فۆرمەڵەکردنی دەستووردا، لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ بەلادا رێبردنی رای گشتیی کوردستانی کە گۆڕینی ئەو بەندە لە مەودای دوور یان نزیکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی!!.

*لە دێڕەکانی سەرەتاوە مامۆستا باس لەوە دەکات کەمپینی نێونەتەوەیی بۆ لابردنی بەندی حەوت چوار هەزار واژۆیان کۆکردۆتەوە. دیارە لێرە و لەوێش پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارە ئیسلامییەکانی تر باس لەوە دەکەن چوار هەزار کەس تەنیا کەمینەیەکە و ئەوان دەتوانن چل هەزار واژۆ کۆبکەنەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەم چوار هەزارە، واژۆی نەوعین و هاوپشتی حزب و رێکخراو و رۆژنامە و دەستەبژێرە رۆشنبیرەکەن نەک واژۆی جەماوەریی، چونکە تا هەنووکە کەمپین پلانی ئەوەی نەبووە واژۆ لە ئاستی جەماوەرییدا

کۆبکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەم کارەمان کرد (لە ئەجیندا نەبووە تا ئێستا) متمانەیەکی زۆرمان هەیە و پێمانوایە بە میکانیزمی دیموکراسی و دەنگی زۆرینە دەتوانین ئەم پرسە حەسم بکەین و بەندەکە بگۆڕین. ئەگەریش بڕیارە لە ریفراندۆمێکدا دەنگ بدرێت لەسەر ئەم دەستوورە، هەڵبەتە زۆرینەی دەنگەکان بەو جۆرە دەبێت کەمپین خوازیاریەتی، ئەمەش رمڵ لێدان و قاوەگرتنەوە نییە، بەڵکو راستییەکە بە پشت بەستن بە کولتوور و شێوە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤی کورد بە دیار کەوتووە. خواستی ئێمە ئەوە نییە راپرسی لەسەر ئەو بەندە بکرێت، دەمانەوێت لە پێشدا ئەو بڕگە لاببرێت ئەوسا دەستوورەکە بخرێتە بەر دەستی جەماوەر بۆ دەنگدان لەسەری. هەر بۆیە کەمپین ئێستا پلاتفۆرمێکی کاریگەری هەیە بۆ فشار خستنە سەر دەسەلات تا پێشوەخت ئەو بەندە لە دەستووردا نەهێڵێت، ئەم رۆژانەش هەموو هەوڵێکمان خستۆتە گەڕ تا ئەو پرسە ببەینە پەرلەمانی ئەوروپا و پشتیوانییەکی ئینتەرناشناڵ بۆ ئەم پرسە پەیدا بکەین. مەبەستم لەوەیە ئیسلامییەکان و نەیارانی گۆڕینی بەندی حەوت لەوە تێبگەن چوار هەزار واژۆ دەنگی چوار هەزار کەس نییە، بەڵکو واژۆی نوێنەرانی دەیان هەزار کەسە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات.

*مامۆستا لە شوێنێکدا دەنووسێت (پێدەچێت پشتگیریشیان هەبێت)!. لە دێڕەکانی کۆتاییدا ئەو پاڵپشتە بە ئەمەریکا دەزانێت و پێیوایە ئەو پشتگیرییەش بۆ تێکدانی باری جێگیری ئاسایشە لە کوردستان!. سەیرە ئەمەریکایەک لەمسەری دنیا بۆ ئەوسەری دنیا لەشکرکێشی دەکات بێ ئەوەی ترسی لە هیچ کەس هەبێت و بسڵەمێتەوە لە رای دەوڵەتانی نەیار، ئێستا هیچ میکانیزمێکی تری بە دەستەوە نییە دەیەوێ باری ئەمنی و ئەزموونی کوردستان لە رێی گۆڕینی ماددەی حەوتەوە تێکبدات؟! لە کاتێکدا ئەمەریکا دەتوانێت بە دوو مەفرەزەی مارێنز پەرلەمان بگرێت و بە سریەیەک سەرباز حکومەتی هەرێم لەسەر کار لاببات و پاساوی بەهێزیشی بۆ بهێنێتەوە لە چەشنی گەندەڵی و سەرکوتی ئازادیی و پێشێلی مافی مرۆڤ. ئەمەریکا ئەوەندە لاواز و بێ دەسەلات نییە چیتری بەدەستەوە نەبێت لەو درزە بچووکەوە بێتە ژوورەوە. مادلین ئۆڵبرایت وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا لە وتارێکدا دەنووسێت (لەم سەردەمەی ئێستادا

لە هەموو کات زێدەتر، نە دوژمنەکان، نە فەرمانڕەوایان، هەتا ناوچەکانیش بێ ترس نین و ناتوانن خۆیان لە سیستمی جیهانی هەڵبوێرن). ئەمەریکا هەڕەشەیەکی هێندە جیددییە لەسەر دەسەڵات و وڵاتە نەیارەکانی، هەرگیز ئەم نووسینە کورتە لە توانایدا نییە گوزارشتی لێ بکات.

باهۆزی گۆڕانەکانی دنیا بەسەرکردەیی ئەمەریکا بە جۆرێکە ئەگەر دەرگاکانیشی لێ دابخەیت لە پەنجەرەکانەوە دێنە ژوورەوە. لەلایەکی تریشەوە خۆ ئەگەر ئەمەریکییەکان لە پشتی ئەم کەمپینەشەوە بن چی شەرمێکی تیا نییە، بەپێچەوانەوە دەچێتە چێوەی ئەو پلانەی هەیانە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە عەلمانیەت چیتر نییە جگە لە رووەکەی تری دیموکراسی، ئەو دیموکراسییەی ئەمەریکا دەیەوێت لە رۆژهەڵاتی نێونیدا بیچەسپێنێت و هەروەک دەیەوێت لەو پێناوەدا دەست بۆ گۆڕینی زۆر رژێم ببات و نەخشەی زۆر پتەوی بۆ هەڵدەوەشێنێتەوە و رەهایەتی زۆر مێژووی بۆ دەگۆڕێت. ئەز وەک وتەبێژی کەمپین خوازیارم ئەمەریکا پشتیوانیمان بکات، چونکە بە هەنگاوێکی جیددی و دڵخۆشکەری دەزانم و سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات، بەڵام لەسەرێکی ترەوە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێ ئەو ماددەیە بگۆڕێت پێویستی بە ئێمە نییە، بەڵکو بە فاکس یان تەلەفۆنی کۆلۆنێلێک بە دەسەڵاتی کوردستانی دەگۆڕێت و کەسیش نییە بتوانێ فزە بکات بە خودی ئیسلامییەکانیشەوە، ئەوان چییان لە دەست هات لە کاتی گرتنی ئەمیرەکەیاندا ئەو کاتەش هەر ئەوەندەیان لە دەست دێت. بە جەنابی مامۆستا حەکیم دەڵێم، پەندێکی لاتینی هەیە دەڵێ (حەکیم ئەو کەسەیە دڵنیا نییە لە هیچ شتێک تا راستییەکەی نەسەلمێنێت). خۆزگە مامۆستا ئەرکی بکێشابا و پەیوەندیی بە یەکێکمانەوە بکردبایە تا بزانێت ئێمە کێین و کێمان لە پشتە؟ بۆ ئەوەی تفەنگی بە تاریکە شەوەوە نەنایە، بۆیە لای خۆمەوە ئەو زەحمەتە بۆ مامۆستا دەکێشم و دەڵێم ئێمە هەموو هێز و گروپ و خەڵکانی عەلمانیمان لە پشتە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی دنیادا لە پێشیانەوە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان.

*خاڵێکی تر مامۆستا باسی لێوە کردووە ئەوەیە، دەستووری عەلمانی دەبێتە هۆی دڵڕەنجانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، لە هەمان کاتدا هەوڵ

دەدەن ئەم وەتەرە بۆ دژایەتی ئەزموونەکەمان بەکاربێنن. بەڵام لە واقیعدا ئەو وڵاتانەی مامۆستا باسیان دەکات لە گێروگازی زۆردان و تووشی تەنگژە بوون لەبەردەم گەردەلوولی گۆڕانکارییە هەرێمی و ناوچەییەکان، جگە لەمەش هەموو ئەو دەوڵەتانە بە تورکیا و سعودیە و سوریاشەوە پەیوەندیی ژێر بە ژێریان هەیە لەگەڵ ئیسرائیل، ئیسلامێتی ئەمان و عەلمانیەتی ئەوان نەک هەر کێشە نەبووە بەڵکو هەر بیریشی لێ نەکراوەتەوە. بۆچوونم وایە ئەگەر لە کوردستان دەوڵەتێکیش دروست بکەین بە ناوی کۆماری ئیسلامی کوردستان، ئەوان لە دژایەتیکردن ناوەستن و لە هەوڵی بەردەوامدا دەبن بۆ رووخاندنی. بۆچی هەموو ئەو دەوڵەتانەی مامۆستا باسیان دەکات هەماهەنگ نەبوون لەگەڵ بەعس بۆ ئەنفالکردنی کورد؟ کە لە پێشدا مزگەوتی موسڵمانەکانی تێدا دەڕووخا و دەسووتا؟ ئایا ئەو کاتە لەبەر عەلمانیبوونی کورد بوو بە دروشمی (احن البدو، وین العدو) دەهاتنە سەر شار و گوندەکانمان، دوای کوشت و بڕ و رەشەکوژیی، لە کردەی لە تالان و بڕۆدا مریشک و هێلکەشیان دەدزی؟ بۆچی ئێستا هەر برایانی موسڵمان نین لە تورکیا رۆژانە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکەن؟ خۆ ئێستا حکومەتی عەلمانیمان نییە، ئێران دەیان تۆڕی جاسوسی دروستکردووە و لێرە و لەوێ، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە ئاشکرا و بە نهێنی، دژ بە ئیرادەی گەلی کوردستان دەوەستێتەوە و دوژمنی سەربەخۆیی و ئازادییەکەیەتی لەسەر خاکی وڵاتەکەی؟.

ئەو ئێرانەی مامۆستا وا تێی گەیشتووە لەسەر دەستووری عەلمانی دەست لە بینمان گیر دەکات، ئەمڕۆ لە پەلەقاژەی مەرگدایە و ئەحمەدی نەژاد کە خۆی بە ئیمام جەعفەر دەزانێت ناچاربووە دەست بخاتە ناو دەستی دیکتاتۆرێکی ئاتەئیستی وەک (هۆگۆ شافێز)یشەوە. تورکیاش هەنووکە بە سەرفترە و زەکاتی وڵاتانی عەلمانی و نائیسلامی و پشتیوانی ماددیی و لۆجیستی ئیسرائیل دەژی، لە هەمان کاتدا لەبەر کێشەی ناوخۆیی و داتەپینی ژێر خانی ئابووری و سەرهەڵدانەوەی پرسی جینۆسایدی ئەرمەن و دۆزی کورد و رەوشی مافی مرۆڤ لە قەیرانێکی هێندە قووڵدایە ئاگای لە دنیای دەرەوەی خۆی نەماوە. لەوێدا لەگەڵ مامۆستادام کە ئەو وڵاتانە دوژمنی هەمیشەیی ئازادیی کوردستانن، بەڵام

لەبەر ئەوەنا عەلمانییەتمان دەوێت، لەبەرئەوەش نا ژمارەی مزگەوتەکانمان کەمن، بەڵکو ئەوان نایانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد بە وجود بێت. عەرەبەکانیش هەر بە هەمان شێوەن، تەنانەت مێژوونووسە لە خواترس و موسڵمانەکەیان (مەسعودی) سولالە و نەژادی کورد دەباتەوە سەر جنۆکە، غەزەواتی ئیسلامی دێرین و ئەنفالی نوێش هەڵوێستی موسڵمانە عەرەبەکان بەرامبەر بە کورد ئاشکرا دەکەن کە عەرەب لەبەر چەمکی عەلمانیەت کوردی قڕ نەکردووە، بەڵکو لە سادەترین دەربڕیندا بۆ داگیرکردنی خاکەکەمان، ئیسلامیان وەک چەکێکی کاریگەر بەکارهێناوە.

*لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا، مامۆستا پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات عەلمانیەت بەسەر تورکیادا فەرز کرا، بەڵام خەڵک لە هەڵبژاردندا وتیان چییان دەوێت؟!! (ئاینی ئیسلام). باسیش لەوە دەکات بۆچی دەبێت دەستوور باس لە ئاینی میللەتەکەی نەکات؟. بۆ ئەوی یەکەمیان دەنگدان بە پارتەکەی ئەردۆگان بە مانای قبوڵکردنی ئیسلامگەرا نییە، چونکە بە هاتنە سەرکاری ئەوانیش دەستووری عەلمانی تورکیا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەگەر حزبی عەدالەت و گەشەپێدان بڕیار بدات دەستووری وڵات بکەنە دەستوورێکی ئیسلامی بە شەو و رۆژێک بە دەردەکەی (ئەربەکان)ی دەبەن، خۆ ئەگەر بیانەوێت ئایدۆلۆژیا و عەقیدەی ئیسلامی خۆیان بسەپێنن بە یەک هەفتە پارتەکەیان لەسەر شانۆی سیاسیی دەسڕنەوە. لەوە زیاتریش بەپێی دەستووری تورکیا هیچ کەسێک بۆی نییە پاشگر و پێشگری ئاینی و ئیسلامی بەکاربهێنێت بۆ ناوی حزب. کێشە و گرفتی تورکیاش چاوگەکەی عەلمانیەت نەبووە بەقەدەر ئەوەی پەیوەندییدارە بە رەگی نەتەوەپەرستی و دارمانی بنەمای ئابووری و شکستی سەرمایەگوزاریی و لە دەستدانی بایەخی جیۆپۆلەتیک. بۆ دووەمیان، هیچ کات پێویست ناکات دەستووری هیچ وڵاتێک باس لە ئاینی خەڵک بکات, چونکە دین شتێکی شەخسییە، جگە لەمەش لە کوردستاندا تەنیا یەک ئاین بوونی نییە (چەندین ئاین و ئاینزا هەن)، لەئاوها دۆخێکدا باشترین رێگە چارەسەر بێلایەنیی دەوڵەتە لە بەرامبەر ئاین و عەقیدەی مرۆڤەکان. پاشان پرسیار دەکەم بینیووتانە لە دەستووری وڵاتی سوێددا بنووسرێت زۆرینەی هاووڵاتیانی سوێد کریستیانن؟! یان هۆڵەندە

و فەڕەنسا و نەرویژ و کویێ و کوێی تر بە هەمان شێوە. سەپاندنی ئاینێک بە ئاینی فەرمی و کردنی بە چاوگی دەستوور هەموو بانگەشەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە کۆتاییدا گەرەکمە بێژم عەلمانیەت پێشمەرجێکی سترۆکتۆریی دیموکراسییە و بەبێ عەلمانیەت هەر هەنگاوێک بە ئاقاری دیموکراسیەتدا نیوەچڵ و ئیفلیجە، ئامانجی کەمپینی گۆڕینی بڕگەی حەوتیش بە عەلمانیکردنی دەستوورە نەک قەدەغە و دژایەتیکردنی ئاین، ئەو عەلمانیەتەی ئێمە داوای دەکەین نەک دەرگای مزگەوتەکان داناخات بەڵکو لە ئێستا ئازادانەتر ئاینداریی تێدا دەکرێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٣٢٥)ی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لە ڕۆژی ٢٠٠٧\٥\١٩دا بڵاوبووەتەوە.

# شێخ عەبدولقادری شەمزینی لە تەرازووی بێ ویژدانیدا

لە ژمارەی پێشووتری گۆڤاری نێوەند «ژمارە ٥٤»، برای بەڕێز کاک «نزار محەمەد» لە یەکەم ئەڵقەی «گۆشەی سپی»دا، هەوڵیداوە بەراووردێک بکات لەنێوان سەرکردەی نەتەوەیی و شەهیدی ڕێی وڵات «شێخ عەبدولقادری شەمزینانی» و «د.بەرهەم ساڵح»دا. ئاشکرایە مافی هەر کەسێکە ڕەخنە لە بزووتنەوەیەک یان سەرکردەیەکی سیاسیی بگرێت و هەوڵ بدات بۆ دەرخستنی کەموکوڕیی و لاوازییەکانی ئەو شۆڕش یان کەسایەتییە بە ئارگۆمێنتی بەهێز. بەڵام بەداخەوە ئەوەی کاک «نزار محەمەد» پێی هەستاوە لەوە دەرچووە ڕەخنەیەکی زانستیی و شرۆڤەیەکی ئەکادیمیانە بێت بۆ نیشاندانی جیاوازیی یان خاڵە هاوبەشەکانی ئەو دوو کەسایەتییەی لە سەرەوە ناویان هاتووە. بەڵکو نووسەر کەوتووەتە هەڵە و بێ ویژدانییەکەوە کە بەراووردکردنی سەرکردەیەکی نەتەوەییە بە هەندێک خۆفرۆش و جاش.

پێش ساڵێک و نۆ مانگ، لە وتارێکمدا هەر لە»نێوەند»دا لە ژێر ناوی «ئای میللەتێکی چەندە سەیرین» نووسیوومە «ئای میللەتێکی چەندە سەیرین، بە تێپەڕبوونی مێژوو خیانەتەکان نەک هەر کاڵ دەبنەوە، بەڵکو دەگۆڕێن بۆ خزمەت و وڵاتپارێزیی، لەوانەیە سەدەیەکی تر شێخ چۆپی و تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و ئەرشەد زێباریش بە خەباتگێڕ لە کتێبی مێژووی خوێندنگەکاندا ناویان تۆمار بکرێت!». ئێستا هەر لە درێژەی ئەو سەیرێتییەی میللەتەکەماندا، کاتی هاتووە ئەم پەرەگرافە بۆ هەمان نووسین زیاد بکەین و بنووسین «ئێمە میللەتێکی هێندە سەیرین بە تێپەڕینی مێژوو، سەرکردە

شەهید و نەتەوەییەکانیشمان بە خیانەتکار و خۆفرۆش لە قەڵەم دەدەین و لە ریزی سەرەک جاش و خۆفرۆشاندا ناویان تۆمار دەکەین». ئەی ئەوە نییە هاوبیرێکی بەڕێز و لایەنگرێکی بیری نەتەوەیی وەک «نزار محەمەد» کەسی دەست نەکەوتووە بەراووردی بکات بە بەکری فاتە و و ئاسۆی قومری و قالە فەرەج و مچەی ئەحەپوت و تەحسین شاوەیس، تەنیا شەهید و سەرکردەی نەتەوەیی کورد «شێخ عەبدولقادری شەمزینانی» نەبێت. ئەوەتا ئەو نووسەرە لە گۆشەکەیدا نووسیویێتی «سەرچاوە مێژووییەکان بە شەهید سەید عەبدولقادر ناودەبەن، گەرچی حیزبە کوردییەکان ناوی جاشی وەک بەکری فاتە و ئاسۆی قومری و قالە فەرەج و مچەی ئەحەپوت و تەحسین شاوەیس و...هتد، خستۆتە ریزی شەهیدانەوە، بەڵام لای من ئەم نازناوە وا سووک نییە و راشیدەگەیەنم کە سەید عەبدولقادری شەمزینانی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری با ئەتاتورکیش لە سێدارەی دابێ بەڵام شەهید نییە»!!.

دیارە تایتڵی گۆشەکە بۆ ئەوەیە بەراووردێک لەنێوان «سەید» و «د. بەرهەم»دا بکات، کەچی ئاڕاستەکە نەک بەو ئاقارەدا ناڕوات، بەڵکو دەگاتە ئەوەی ئەو ریزە جاشەی نووسەری ناوی هێناون و پاڵەوانی راوە پێشمەرگە و کوردکوژیی و سیمبولی خیانەت و وڵاتفرۆشین بهێنرێنە ریزی سەرکردە و سیاسەتمەدارێکی نەتەوەیی شەهید کراوەوە. ئەمەیە ئەو پلانەیە داگیرکەرانی کوردستان بە ئاواتەوەن بیکەنە دیدگا و ئاوەز لەلای نەوەی تازە پێگەیشتووی کورد، ئەمەیە کارەساتی ئێمە، چون لە پێش هەموو شتێکەوە نەفرەت لە پرشنگداریی مێژووەکەمان و تف لە گۆڕی سەرکردە نەتەوەییەکانمان دەکەین. بێگومان ئەگەر ئەو وتارەی ئەو هاوبیرە ئازیزە وەربگێڕیتە سەر زمانێکی بێگانە، وا تێبینی دەکەن سەید عەبدولقادر میرابۆیەکی نێو مێژووی کوردە، یان وەها بڕوا دەکەن ئەم کەسایەتییە شۆڕشی گەلێکی بە شکستی سیاسیی و سەربازیی گەیاندووە. ئاخر هێشتا هیچ فایلدارێکیش بەو ریزە جاش و خۆفرۆشە بەراوورد نەکراوە، بەراووردکردنی سەید بەو گروپە خیانەتکارە چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەمە چ ئینساف و ئەمە چ رەخنەیەکی زانستیی و ئەکادیمییە؟.

جێگەی خۆیەتی ئەوەش بپرسین، کاک نزار ئەوەی لە کوێ و لە کام سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە هێناوە، سەید وتبێتی «تورک موسڵمانە، ئەمڕۆ لەگەڵ کافر شەڕ دەکات، من خەنجەری ژەهراویی لە پشتی موسڵمان نادەم، گەر وا بکەم باپیرە گەورەم کە پێغەمبەرە دێتە خەوم و لەعنەتم لێدەکات». ئەم سەفسەتەیە لە کوێوە هاتووە؟. ئایا ئەو هاوبیرە ئازیزە دوو لاپەڕەی لە بارەی خەبات و دیرۆکی شۆڕشگێڕانەی سەیدەوە خوێندووەتەوە؟ تا ڕێگەی بە خۆی بدات بە چەپ و بە ڕاست بکەوێتە سەروپۆتەڵاکی مێژووی سەرکردەیەک کە تا شەهیدبوون لە خەباتدا بووە و هەرگیزیش ماندوو نەبووە؟. من وەک خۆم گومانم هەیە ئەو برا خۆشەویستەمان هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆی لە بارەی دیرۆکی سەیدەوە لە بەردەستدا بێت، چونکە خوێندنەوەی تەنیا یەک سەرچاوە تەنانەت ئەوانەی دوژمنانیش نووسیوویانە بەسە بۆئەوەی بزانین سەید کێ بووە؟ تا بزانین سەید یەکێک لە کاریگەرترین ڕێبەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و مەیل ناسیۆنالیستیی کورد بووە.

ئەگەر یەک سەرچاوەی بخوێندایەتەوە دەربارەی کاروانی بێوچان و بێ وەستانی هەڵسوڕانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی سەید، ئەوە نەک هەر ڕێی بە خۆی نەدەدا بەو فۆرمە بێ ویژدانە لەسەری بنووسێت، بەڵکو ناچار دەبوو ڕێزی بگرێت وەک سەرکردە و ڕێبەرێکی ڕەنج بە خەسار و ناکامی نەتەوەیی کورد. بەڵام لێرەوە دەکرێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی کاک «نزار» و هەموو ئەوانەی تریش کە بێ زانیاریی لەمەڕ کەسێتییەکی وەک سەید دەنووسن و دەدوێن، چەند وێستگەیەک لە خەباتی ئەو سەرکردەیە ئاشکرا بکەین. ڕۆژنامەنووس و کوردناسی ناسراو «کریس کۆچێرا» دەنووسێت «چل ساڵ پاش مردنی شێخ عوبەیدوڵڵا، کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٣دا لە مەککە و بەنەفیکراوی مرد، شێخ عەبدولقادری کوڕی و سەید تەهای نەوەی لە سایەی بەرەکەتی شۆرەت و پایەی دەسەڵاتی ئەوەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لە کاروباری کوردستاندا بینی».«١». ڕاستە ڕۆڵی ڕاستەقینە و دامەزراوی سەید دوای مەرگی باوکی دەستپێدەکات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت لە پێشتردا ڕۆڵی نەبووە و بەشداریی بەرچاوی لە جووڵانەوەی سیاسیی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا نەکردووە. بەپێچەوانەوە

سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە سەید لە شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدوڵڵای باوکیدا ڕۆڵی ئێجگار بەرچاوی هەبووە.

لە زۆربەی پرۆسەکاندا وەک سەرکردەیەکی سەربازیی «ژەنەراڵ» ڕۆڵی بینیوە و توانیوویەتی جێگە دەستی خۆی بەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانەوە جێبهێڵێت و وەک ژمارەیەک بچێتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانەوە و حیسابی لەسەر بکرێت. لە یەکێک لە نامەکانی ڕۆژی ١-١٠-١٨٨٠ی بەڵگەنامەکانی «قاجاری»دا بەم جۆرە ڕۆڵی سەید ئاشکرا کراوە (ناوەڕۆکی نامەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە هەمزاغا دەستەودامێنی «شێخ عوبەیدوڵڵا» بووە و ئەویش «عەبدولقادر»ی کوڕی بەهێز و کۆمەڵێکەوە، تەک هەمزاغا خستووە و سابڵاخیان گرتووە و تا «میاندواو»یش ڕۆیشتوون)»٢». هەروەها لە هەمان ئەو نامانەدا کە لەبەڵگەنامەی «قاجاری»دا هەن ئەوە هاتووە شێخ عەبدولقادری شەمزینی ڕۆڵێکی کارای هەبووە وەک سەرکردەی بەتالیۆنێک لە هێزەکانی شۆڕشی باوکی. هەروەها بەپێی بەڵگەنامەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا، شێخ عەبدولقادر سەرکردەیەکی سەربازیی کاریگەر بووە. (ڕاپۆرتەکانی ئەو کاتە دەڵێن، سوپای شێخ، لە سێ هێز پێکهاتووە: یەکێکیان بە سەرکردایەتی «عەبدولقادر»ی کوڕە لاوەکەی، کە ئەرکەکەی ئەمیان لە بەرەیەکی فراوانی ڕۆخەکانی زەریاچەی «ورمێ»وە بەرەو سابڵاخ دەستپێکرد. «کلایتۆن»ی جێگری کونسوڵیش، ژمارەی ئەم هێزەی بە بیست هەزار جەنگاوەر داناوە). «٣».

ئیتر بە پێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکانی ئەودەمە و بەڵگەنامەکانی ئێران و عوسمانیی و ئینگلیزیش، سەید ڕۆڵێکی ئاشکرا و بەرچاوی هەبووە لە جۆشدانی شۆڕش و داکۆکیکردن و پارێزگارییکردن لەو دەستکەوت و پێشڕەوییانەی شۆڕش بەدەستی دەهێنان. لە کاتی شکستی شۆڕشیشدا جیا لەوەی یەکێک بووە لە دوورخراوەکان لە هەمان کاتدا توانی لاپەڕەیەکی نوێ لە خەباتی سیاسیی و نەتەوەیی خۆی هەڵبداتەوە و دوای خۆ ڕزگارکردن لە مەنفا، بەشداریی جووڵانەوە نوێیە ڕێکخراوەکان بکات وەک سەرکردە و دامەزرێنەری چەند بزووتنەوە و ڕێکخراو و دەستەی شۆڕشگێڕ و نیمچە ناسیۆنالیستی کوردیی. کریس کۆچێرا دیسان ئاماژە بە ڕۆڵی کارایانەی سەید دەدات و

دەنووسێت (ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمدینان و شەریف پاشا و ئەحمەد زولفیقار پاشا، لە ساڵی ١٩٠٨دا «کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان» و کۆمەڵەیەکی تری هەندێ جەماوەریی تر بە ناوی «کۆمەڵەی بڵاڤکردنی مەعاریفی کوردیی» دادەمەزرێنن و قوتابخانەیەکی کوردیی لە گەڕەکی چەنبرلی تاشی لە ئەستەمبوڵ دەکەنەوە)»٤».

هەر دەربارەی ئەو کۆمەڵەیە کە دواتر سەید دەبێتە سەرۆکی یەکەمی، «مالمیسانژ» لە کتیب□ەکەیدا «جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و رۆژنامەکەی» نووسیوێتی «سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە سەید عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو، ساڵی ١٨٨٠ کاتێ شێخ عوبەیدوڵڵا لە دژی دەسەڵاتی ئێران راپەڕی، سەید عەبدولقادر یەکێکی ئەو کەسانە بووە خۆبەخۆ سەرهەڵدانەکەی بەڕێوە بردووە».»٥» دواتریش لە سەرپێخستنی پرۆژە رۆشنبیریی و سیاسیی و شۆڕشگێڕییەکانیشدا، سەید نەک هەر کەنارگیر و بێ رۆڵ نەبووە، بەپێچەوانەوە داینەمۆیەکی هەمیشە بە گڕوتین و جۆشدەرێکی باوەڕ بەخۆبوو بووە، رۆڵی وی بە درێژایی زیاتر لە چل و پێنج ساڵ لە مێژووی نەتەوەیی کورددا، رۆڵێکی پۆزەتیڤ و دانسقەیە، کەم سەرکردە و رابەری سیاسیی و نەتەوەیی ترمان هەیە، هێندەی ئەو توابیبان بەو هەناسەدرێژیی و بەو بڕشتییەوە کار بکەن و ماندوو نەبن، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٢٥دا لەشاری ئامەد لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە لە سێدارە درا. ئیتر نازانم کاک «نزار» چۆن و لە گیرفانی کێ و چ سەرچاوەیەکەوە، ئەم وتەیەی بە ناوی سەیدەوە داتاشیووە؟. ئێستا لەبری ئەوەی داوای پەیکەرێکی بۆ بکرێت یان داوای کردنەوەی ناوەندێکی سیاسیی و توێژینەوە و رۆشنبیریی بکات بە ناوی ئەو زاتەوە، لە قەفەزی تاوان رایگرتووە و خەریکیشە وەک خیانەتکارێک ناوی دێنێتە نێو ناوان.

ئەم تاوانبارکردنەی دڵسۆزان و نەتەوەپەروەران تەنیا لەنێو ئێمە هەیە، هەروەک چۆن لێخۆشبوون و بە ئاسایی وەرگرتنی سوڕانەوەی ئازادانەی تاوانباران و خۆفرۆشان و وڵاتفرۆشان هەر لێرە روویداوە. من لە نووسینەکەی ساڵێک و نۆ مانگ لەمەوبەرمدا وام دانەنابوو، سەرکردە راستگۆ و شەهیدەکانمان

بخەنە خانەی خیانەتکارانەوە، بەڵکو بۆچوونم لەسەر ئەوەبوو ڕەنگبێ بەهۆی تێکەڵاوبوونی سنوورەکانی نێوان خیانەت و دژەکەیەوە، خۆفرۆشانیشمان لێ ببێتە شەهید و قوربانیی ڕێگەی نیشتمان، نەمدەزانی دەردەکە هێندە کوشندەیە سەر بۆ سەمەرەتریش دەردەهێنێت. هیواداریشم دوای دروستکردنی ئەم فایلە بۆ سەید عەبدولقادر و دابەزاندنی شەخسیەتی بۆ ئاستی مچەی ئەحە پوت و تەحسین شاوەیس، ئەم پەتایە زیاتر تەشەنە نەکات، نەکا سبەینێ قازی محەمەد و شێخ مەحموودی حەفید و شێخی پیرانیش بگرێتەوە. چون وەک وتم لەم وڵاتەدا عەنتیکەیەدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە بە خودی مەحاڵ خۆیشییەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١-کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا. وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، ٢٠٠٤، لا ١٩.**

**٢-حەسەن عەلی گەڕووسی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا. وەرگێڕانی: محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، لا ٣٨.**

**٣-وەدیع حویدە، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانیدا. وەرگێڕانی: محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، لا ٦٢.**

**٤-کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوە، لا ٢١.**

**٥-مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی. وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، لا ٢١.**

**تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٥٦)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا بڵاوبووەتەوە.**

# مەرگی مەرزیە و دادگایی رۆژنامەنووسان

## وەڵامێک بۆ چرۆ شەهاب

بەڕێز چرۆ شەهاب لە ژمارە (٣٧٨٧)ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا کورتە وتارێکی نووسیوە لەژێر ناونیشانی (بۆ ئەو قەڵەمانەی قەدری مەرزیە خانمیان نەزانی). ناوبراو لەو چەند رستە و دێڕەی نووسیوویەتی هەندێ بۆچوونی دەربڕیووە کە بەلای منەوە جێگەی پرسیار و رەخنەلێگرتنە، بۆیە هەوڵ دەدەم بە کورتی وەڵامی بدەمەوە. لە بەشێکی کورتە وتارەکەدا نووسەر جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە هەندێک لە رۆژنامەنووسان (ئەو بە بەناو رۆژنامەنووس ناویان دەبات) بەشدارییان نەکردووە لە پرۆسەی نووسین بە بۆنەی مەرگی خانمی فەریقی، ئەوەش بە کردەوەیەکی ناپەسەند و نەشیاو هەژمار دەکات، دەشێ لێرەدا ئێمە چەند روویەکی تری ئەم بابەتە ببینین:

*مەرج نییە هەموو رۆژنامەنووسێک لەسەر هەموو شتێک بنووسێت، هەریەکە و لە رشتە و کایەیەکی دیاریکراوی بواری رۆژنامەنووسیدا کار دەکات، تۆ ناتوانی داوا لە نووسەری ستوونێکی سیاسیی بکەیت وتار بۆ مەرگی مەرزیە بنووسێت، مەگەر لە کاتێکدا ئەو مەرگە فاکتۆرێکی سیاسیی لە پشتییەوە هەبێت. یان ریپۆرتاژنووس و هەواڵنێر کە رۆژنامەنووسی راستەقینەن کاریان نووسین نییە، ناکرێ لە بۆنەیەکی ئاوا تاڵدا داوایان لێ بکەیت بنووسن یان بەزۆری زۆرداریی بیانکەیتە نووسەر، کەواتە حاڵەتەکە تەندروست و ئاساییە کە بەشێک لە رۆژنامەنووسان بە کاری نووسین هەستن لە بۆنەیەکی لەم جۆرەدا.

*مادام ئەو بەڕێزە دەڵێ قەدری مەرزیەیان نەزانی، من ئەو پرسیارەی لێ دەکەم مەبەست لە قەدرگرتن چییە؟ ئایا هیچ رۆژنامەنووسێکت بەدی کردووە لە پێش و پاش مەرگی مەرزیە کارێکی وای کردبێت تیایدا لە پایەی هونەریی و

شەخسیی خانمی کۆچکردووی کەم کردبێتەوە؟ ئایا هیچ نووسینێکی نێگەتیڤ بڵاوبۆتەوە یان لە سوچی هیچ رۆژنامەیەک بە کەم و بێ بایەخ سەیری کارە هونەرییە بەرزەکانی خانمی فەریقی کردبێت؟ ئەی ئەگەر وا نییە کامەیە قەدر نەگرتن؟.

*لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیە ئەوەیە فەرز نەکراوە لەسەر رۆژنامەنووس بۆ هەموو بۆنە و یادێکی تاڵ و شیرین بنووسێت، ناکرێت داوای رۆژنامەنووسی موناسەبەیی بکەین، بەڵکو پێویستمان بە رۆژنامەنووسی میتۆدیی و ئەکتیڤ هەیە لە بواری کارەکەی خۆیدا. من بە شەخسی هیچ وشەیەکم لە رۆژنامەکاندا بۆ مەرگی مەرزیە نەنووسیووە، بەڵام پێموایە کارەساتێکی گەورەیە و بۆشاییەکی پڕ نەکراوەیە لە هونەری کوردییدا و نامەی سەرەخۆشیم ئاڕاستەی رەزازی و لەیلا فەریقی کردووە. ئەوەی مەبەستمە بیدرکێنم ئەوەیە: نەنووسین لەسەر مەرگی مەرزیە بە مانای رێز نەگرتن و کەم بایەخکردنی نییە! خۆ ئەگەر وابێ تۆ چی بەو جەماوەرە سەدان هەزار کەسییە دەڵێی بۆ مەرگی مەرزیە ماتەم دایگرتوون و ناشتوانن تاکە دێڕێک بنووسن بۆی؟.

*کۆی ئەو نووسینانەی لەسەر مەرزیە نووسراون بە تایبەتی لە بۆنەی مەرگیدا، نووسینی بابەتی و میتۆدیی نین بەڵکو زیاتر لە ژێر کارتێکردنی سۆزدان و لە باشترین حاڵەتدا پەخشان و لاواندنەوە و پیاهەڵگووتنن، ئەرکی نووسین لەسەر هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونی وەک خانمی فەریقی تەنیا لاواندنەوە نییە بەڵکو هەڵکۆڵین و توێژینەوەیە لە ستایلی هونەریی ئەودا، کارکردنە لە ئاست رۆشنکردنەوەی لایەنە نادیار و شاراوەکانی هونەری ئەو هونەرمەندە کە پێموایە بە حەق هونەرمەندێکی بە توانا و خاوەن سەلیقە و بەهرەیەکی زۆر بوو لە گۆرانی چڕیندا. ئەوە ئەرکی میوزیکژەن و گۆرانیبێژان و پسپۆرانی ئەم بوارە بوو بێن نووسینی جیددی و بابەتیی لەسەر بنووسن، ئاخر زۆربەی ئەو وتارانەی لەسەر مەرزیە نوسراون نووسینی سەرپێیی و ناجیددی بوون، کارەسات و قەیرانی رەخنەی هونەریی و ئەدەبی کوردیی لەوێدایە نووسینی ناجیددی و مەدح و پیاهەڵدان جێگەی رەخنە و توێژینەوەی زانستیی و ئەکادیمی گرتووەتەوە.

*ئەگەر چرۆ خان پێیوایە ماف نەدراوە بە مەرزیە کە باسی لێوە بکرێ وەک هونەرمەندێکی گەورە، غەدرێکی زۆر لە خۆی و خوێنەران دەکات بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا هەموو شاهید بووین کە ماسمێدیای کوردیی هەر لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە تا دەگات بە کەناڵە ئاسمانییەکان ماوە و مەودایەکی زۆری خۆیانیان بۆ مەرگی مەرزیە تەرخان کرد، ناشزانم چرۆ خان چەندە ئاگادارە لە سەرجەم وڵاتانی دەرەوە کە کورد لێیان دەژی پرسەی کۆچکردوو بەڕێوە چووە. بە راستی ئەمە یەکەم جارە ماسمێدیای کوردیی بەو شێوەیە گرنگی بدات بە هونەرمەند و مەرگی هونەرمەندێک، من پێموایە مەرزیە حەقی خۆی دراوەتێ و بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەشدام کە ئەو مافەی دراوەتێ، بە من بوایە حەزم دەکرد زۆر لەوە زیاتریش بوایە. بەڵام ئەوەی ماسمێدیای کوردیی فەرامۆشی کردبوو چەندان هونەرمەندی تر بوون کە خاوەنی بەخشش و باکگراوەندێکی هونەریی زۆربوون، (ولیەم یۆحەننا)ی مامۆستا و مۆسیقاری نەمر یەکێک لەو نموونانەیە. (ولیەم یۆحەننا) جەمسەرێکی بەهێزی میوزیکی کوردیی بوو، بەڵام بە تەنیایی و بێدەنگی کۆچی دوایی کرد و جگە لە چوار لافیتەی رەش و بروسکەیەکی تەلەفزیۆن، هیچ کارێکی دی و بەرنامە و نووسین و خۆ خەریککردنێکمان بەم هونەرمەندە داهێنەرەوە نەبینی.

*پێش کۆتایی کورتە وتارەکە نووسەر ئاماژە بەوە دەکات هەندێ رۆژنامەنووس بە دواداچوونیان کردووە بۆ ئەو بڕە پارەیەی مەرزیە وەریگرتبوو بۆ بەرهەمهێنانی چەند ماددەیەکی هونەریی و ئەمەش بە کارێکی نەشیاو دادەنێت!. وا بزانم ئەو خانمە وا لە راگەیاندن و رۆژنامەگەریی تێگەیشتووە مەساحەیەکە بۆ پیاهەڵدان و پەخشکردنی شیعر و پەخشان، نا بەڵکو راگەیاندن دەسەڵاتە، دەسەڵاتی چاودێریکەر و بەدواداچوو، ئەرکی رۆژنامەنووسیش بەدواداچوونی رووداو و هەواڵە گەرمەکانە، زۆر ئاساییە ئەگەر رۆژنامەنووسێک چاودێریی و بەدواداچوونی کردبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەمەش ناچێتە خشتەی دژایەتییەوە بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی کاری رۆژنامەوانی. ناکرێ لە هیچ کەس نەپرسینەوە جا با ئەو کەسە هونەرمەندێکی ناسراو و بە تواناش بێت، ئاخر سەرەتانی ئەم دەسەڵاتەی ئێمە تەنیا گەندەڵییە، ئەگەرنا لە رووی سیاسیی و ئابووری و

سەقامیگریی ئاسایش و هەندێ ئازادییەوە ئەزموونی ئێرە هەنگاوی باشی ناوە. بۆیە پێویستە رۆژنامەنووسان رووبەڕووی گەندەڵی ببنەوە و بە دوای هەر دیاردە و حاڵەتێکدا بچن بۆ ئەوەی رووی راستەقینەی کارەکە دەربکەوێت، لام وایە ئەو رۆژنامەنووسەی ئەو کارەی لەسەر مەرزیە کردووە شتێکی زۆر باشی کردووە و خزمەتیشی کردووە، چونکە هەر گومانێکی تری لەسەر رەواندۆتەوە.

*دوا خاڵێک بمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کاتێ گەیشتمە ئەوەی خانمی نووسەر باسی ئەوە دەکات ئەو پارەیەی مەرزیە وەریگرت بەخێر بۆی نەگەڕایەوە و بووە هۆکاری مردنی!. من لە ناخەوە پێکەنیم دەهات بەوەی رۆژنامەنوسێک بەو جۆرە تەقلیدیی و خورافییە بیر بکاتەوە، چونکە ئەو هەر ئەوەی ماوە بڵێ چاوپیسی مەرزیەی کۆچبار کرد!! ئاخر پێم ناڵێی کۆتایی هاتنی مەرزیە لە رووی فسیۆلۆژیی و نووسینی ناو رۆژنامە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟. من دڵنیام ئەگەر چەند دێڕێکی تری بنووسیبا دەیووت خۆزگە پێش وەرگرتنی پارەکە نووشتەیەکمان بۆ بکردایە. دواجار دەڵێم ئەوەی چرۆ خان نووسیوویەتی دادگایی و دەعوا تۆمارکردن بوو لەسەر رۆژنامەنووسان نەک وتاری رەخنەیی.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (٣٨٠٤)ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە رۆژی ١٩\١٠\٢٠٠٥دا بڵاوبووەتەوە.




# بەشی چوارەم

# پانۆراما

—١—

## سروودی ئەی ڕەقیب و موزیکی بیتهۆڤن

پێتان سەیر نەبێ ئەی ڕەقیب و مۆزیکی بیتهۆڤن پێکەوە ریزبەند دەکەم, چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتیان بە کوردەواریمانەوە هەیە! ئێوە بڵێن چۆن؟ ئەوسا دەڵێین بەرپرسە نازدارەکانمان لە کۆشکە شاهانەکانی خۆیان دانیشتوون و کارەبای بەردەوامیان هەیە و ژوورەکانیان هەمیشە چراخانە, هاوین و زستان لە بەردەم هەوای ناسکی (سپلیت)دان, خەڵک بەشی چرایەک نەوتی نییە. ئەوان سێ ژەمە خواردنی ڕۆژئاوایی و چینیی و ئاخیر پلە نۆش دەکەن! خەڵک بە برنج و ڕۆنی ٩٨٦ ژیان دەگوزەرێنێ! مەنسولە ئازیزەکان بەردەوام سەحنی سەتەلایتەکانیان ڕووەو ئەوروپا دەجوڵێنن و بەدیار گۆرانی فارسی و تورکی و نانسی عەجرەمەوە ئیغرا بوون. هەرچی خەڵکیشە بەدیار بێ کارەباییەوە وەنەوز دەیانباتەوە. بەم حاڵە جوانەشەوە مەنسولەکانمان داوا لە خەڵک دەکەن هەموو ڕۆژێکیان هەر شۆڕش بێ و سردووی ئەی ڕەقیب وێردی سەر زمانیان بێ, خۆشیان بە دیار مۆزیکی بیتهۆڤنەوە دەگەڵ سکرتێرە بەنازەکانیان خەریکی غەرامیاتن. ئەوان لەسەر بورجی عاج دەژین و ئیتر خەڵک نە سروودی ئەی ڕەقیب دەخوێنێ و نە باوەڕی بە تیۆری شۆڕشی بەردەوام ماوە, مەگەر ئەوکاتە نەبێ دژی بەرپرسەکانی وڵات بیڵێتەوە. کەواتە ئەمە پەیوەندیی ئەی ڕەقیب و موزیکی بیتهۆڤن بوو, بەڵام زۆر وریا بن ئەوی یەکەمیان بۆ خەڵکە و دووەمیشیان موڵکی تایبەتی بەرپرسەکانە.

### خۆشەویستی نیشتمان

ئێستا بڕۆ لەوەش بپرسە کە تا ٩/٤ بەعسی و جاش بووە دەڵێ کارەکەم لەبەر خۆشەویستی نیشتمان بووە.. هەندێ مشکەشاریش وتیان لەبەر خاتری کورد و خۆشەویستی نیشتمان بووینە جاشی عەیارە بیست و چوار. باوەڕیش ناکەم هیچ وشەیەک هەبێت لە فەرهەنگی کوردیدا بە قەدەر (خۆشەویستی)

بە هەموو ڕەنگەکانییەوە ئیستغلال کرابێ و درۆی بە دەمەوە کرابێت. بڕۆ لەسەر ئەو شەقامە خەڵک بدوێنە هەمووی لە ڕووکەشدا لە خۆشەویستی نیشتمانەکەیدا دەتوێتەوە, بەڵام میسقالە زەڕەیەک سوودی بۆ ئەم وڵاتە نەبووە. هەیە دەڵێ نیشتمانم خۆشدەوێ بەڵام ئەم بابەیە شۆفڵی ئاودیو دەکرد!! هەیە دەڵێ (زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری) بەڵام دەرکەوت فایلی هەبوو!! هەیە دەڵێت ئەم نیشتمانەم وەک بیلبیلەی چاوم خۆشدەوێ کەچی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بە لیستی (١٣٠) نەدا! هەمان فرمێسکی تیمساحانە بۆ نیشتمان دەڕێژێ کەچی تەنەکە خۆڵێک لەبەردەم دوکانەکەیدا دانانێ و خۆڵ و خاشاک فڕێ دەداتە دەرێ و شارەکەی کردووە بە زبڵدان. ئیتر هەر یەکە و بە جۆرێک نیشتمانەکەی خۆش دەوێت و هەر یەکەش بە جۆرێک زیانی لێدەدا. هەقی خۆیەتی ئەم نیشتمانە ڕۆژێ لە ڕۆژان زمانی بێتە گۆ و بڵێ بە شەرەفم دۆستی وەک ئێوەم هەبێ پێویستم بە هیچ دوژمنێک نییە. پێش ئەوەی خۆشەویستی نیشتمان بەجێبهێڵین با گومانێک بکەین و تۆ بڵێی ئەوانەی دەڵێن نیشتمانمان خۆشدەوێ مەبەستیان کچێک نەبێ بە ناوی (نیشتمان)!؟ ئێمە تووشی هەڵە بووین و تێنەگەیشتووین. بۆیە داوا لەو بەڕێزانە دەکەین باسی خۆشەویستی نیشتمان دەکەن تکایە با ئەو (نیشتمان)خانە تەشخیس بکەن.

## عەقڵی کوردیی

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ئەم کابرایە شەڕ بە ئاوەزی کوردیی دەفرۆشێت, ئەگینا عەقڵی کوردیی هیچ عەیبێکی تێدا نییە، بەڵام لە خۆتان دەپرسم عەقڵی کوردیی توانیوویەتی هاوگونجاویی لە شتەکاندا دروست بکات؟. بڕۆ بەر بەلەدیەکەی سلێمانی لە (٥٠) مەتر زەویدا سەوزەفرۆش و قەساب و کوتاڵفرۆش و بەرگدروو بوونەتە دراوسێی یەکتر. بڕۆ سەیری شەقامەکان بکە هەریەکە و بە ئاڕاستەیەک پیایدا دەڕوات, ئەگەر بیانییەک بێتە ئێرە وا دەزانێ ئەم خەڵکە شێت بووە لە بازاڕدا هەموو لە بەرامبەر یەکتردا دەست بەرز دەکەنەوە! هەیە یەک جار چوویتە فەرمانگەکەی، بۆ دە قیقەیەک ناسیووتە گلەیی ئەوە دەکات سەلام، سەلامی خوایە و تۆ لێم ناکەیت. ڕۆژێک برادەرێکیش لە ناکاو وتی

عەقڵی کوردیی وێرانە! ئێمەش وتمان بۆچی؟ وتی براکانم خەڵکی ئەم شارە گۆشت لە دوکاندا بێ پەردە و جامخانە هەڵدەواسێ و مێش و مەگەزی دنیا تێی ئاڵاوە, لە بەرامبەردا پێڵاو دەخاتە جامخانەوە ئینجا داوەرییەکە دەدەمە دەستی خۆتان ئەمە عەقڵێکی هارمۆنییە؟. بەهەرحاڵ عەقڵی لنگەوقوچی کوردیی لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا رۆژ بە رۆژی لنگەوقوچتر دەبێ و خەڵکیش بەوە گومڕا دەکرێت لە سەردەمێکی دیموکراسی نموونەیی و بێ وێنەدا دەژین. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم نوکتەکەی (بەرزان سەعید گەوهەر)ە کە دەیووت جاران سلێمانی یەک دوکانی کلیلسازی هەبوو، بەڵام کەللەی کوردیی ئەوەندە پووت بووە ئێستا پەنجا دوکانی کلیلساز هەیە, چونکە رۆژانە خەڵک هەزاران کلیلیان لێ ون دەبێ.

## کۆمەڵگەی نەخۆش

یەکێک لە نەریتە ناشرینەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە خۆهەڵقورتاندنە لە ژیانی خەڵکانی تردا بەبێ ئەوەی مۆڵەتی پێدرابێ, ئێستا برۆ لەو بازاڕە پاڵ بکەوە و بە شەوی سەرما و سۆڵە لەسەر ئەو شەقامە بخەوە, تاکە مرۆڤێک نییە پێت بڵێ ئەوە بۆچی لەسەر جادە دەخەوی؟! دە رۆژ نان مەخۆ و بمرە لە برسا کەس ویژدانی ناجوڵێ کولێرەیەکت بداتێ! پێڵاوت لە پێدا نەبێ و جلەکانت شڕ شڕ بن کەسێ نییە سەرنجت بدات و دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بکات, لەو بازاڕەدا بەدەم نەخۆشییەوە بتلێوە و بکەوە بە زەویدا کەسێ نییە لە کیسەی خۆی دوو دینارت بۆ سەرف بکات تا بچیتە نەخۆشخانە, بەڵام ئەگەر ئافرەتێک تەنورەیەکی کورتی لەبەردا بێت هەزار کەس خۆی هەڵدەداتە ژیانییەوە و دەیەوێ پێی بڵێ کارەکەی خراپە! گەنجێک قژی درێژ بکاتەوە سەدان کەس خۆیان لە ژیانی هەڵدەقورتێنن و کارەکەی بە ناپەسەند لە قەڵەم دەدەن؟ ئەگەر پیاوێک بە تەنورەیەکەوە بێتە دەرێ هەموو خەڵکی شار بە هویها و توانجدان دوای دەکەون, بەڵام چەپڵە بۆ ئەو سیاسەتمەدارە لێ دەدەن نەشازترین کار دەکات یان زۆرجار کێشەی گەلەکەی وەک لگاو دەدۆڕێنێت. ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە و هێشتا فێری ئەلفوبێی ئازادیی و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە و لافی

دیموکراسی لێدەدات، عەرەب و فارس و تورکیان لێکردووین بە جانەوەر و وڵاتانی دراوسێش بە دارستان، بەڵام پێشنیار دەکەم بۆ ئەو خەڵکە برۆن ئەستەمبوڵ و تاران و بەیروت ببینن ئەوجا بێنەوە تا دوو قسە بکەین.

### ئەو کچەی فڕی

نازانم هۆیەکەی چییە زوو زوو هەرچی موعجیزەیە لە هەولێر روودەدات, لە تازەترین موعجیزەکانی ئەم شارەدا فڕینی کچێک بوو بۆ مەککە و لەوێ بوو بە حاجی و دیسان هەر بەفڕین هاتەوە بێ ئەوەی کەس بیبینێ و ساچمەزەنێکی پێوە بنێت. بە راستی سەیرە لەم سەردەمی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە ئەلیکترۆنییەدا خەڵک بەو جۆرە درۆ و دەلەسانە فریو بخۆن, ئاخر کێ ناڵێ بنەماڵەی ئەم کچە نایانەوێت کچەکەیان بکەنە کۆمپانیا و پارەی پێ پەیدا بکەن؟ هەروەک شێخ لوقمانەکەی لای خۆمان کە هەرچی دوعایەکی دەکرد پێچەوانەکەی راست دەگەڕا. جا ئەگەر ئەم موعجیزەیە سەر بگرێت و خەڵک باوەڕیان پێیکرد لەوانەیە هەندێ کەسی مولحید و بێ ئاینیش دەست بدەنە ئەم کاسبییە، چونکە بە راستی لە ئێستادا داهاتی لە کۆمپانیایەک چاکترە و هەر دەڵێی ئاو فرۆشتنە و هیچ مایەی نییە. بەڵام پیاو لەوە دەترسێ گەر حاڵەکە وا بڕوات هەموو خەڵک ببێتە شێخ و مەشایخ ئەی کێ ببێتە موشتەری؟ بۆیە پێویستە فیڵەکان زۆر بەهێز و کاریگەر بن. من هەرئەوەندە دەتوانم بڵێم ئەوەی فڕی درۆکە بوو نەک کچەکە.

### —٢—
### شازی یەکگرتنەوە

هەموو شتێک شازی هەیە: شازی ئۆتۆمبیل، شازی خانوو، شازی... یەکگرتنەوەش شازی هەیە، ئەوەتا دوای ئەوەی بۆ جاری هەزارەم وتیان دوو ئیدارەکە یەکدەگرێتەوە، ئەمجارەیان لە بری پێشکەوتن رووبدا لە هەنگاوەکاندا، بە قودرەتی قادر کورتی هێنا و بڕیاریان دا یەکگرتنەوەکەیان چوار وەزارەتی گرنگی وەک (ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی، داد)ی تێدا نەبێت و ئەمەیشیان بە شانازییەوە راگەیاند، بەڵام کورد وتەنی شەل نییە پای شکاوە. خۆ گرنگترین

شت ئەوەبوو ئەو وەزارەتانە ببنەوە بەیەک! ئاخر لالۆ گیان تۆ ئاگات لە چییە؟ بە چ روویەکەوە ئەو وەزارەتانە یەکبگرێتەوە کە تژیەتی لە فایلی یەکتر و شەرمەزارییەکانیان و تەخشان و پەخشانی پارە، خۆ میللەتەکەش هەر لەسەر لۆژیکی لە هیچ باشترە مامەڵە دەکات ئەگینا چۆن ریگەیان بەم دوو حزبە داوە ببن بە کەڵەگا! دەڵێن جارێکیان پیاوێکی نوێژنەکەر دەچێتە لای مەلایەک و پێی دەڵێت من لەبەر نوێژی سبەینان و شێوان نوێژ ناکەم، مەلاکە دەڵێ ئەوانە قەینا، بەڵام سیانەکەی تر بکە. کاتێک مەلاکانی تر بەم چیرۆکە دەزانن دەیکەن بە هەرا و دەڵێن ئەو کارە هیچ شەرعی نییە، ناچار مەلای یەکەم دەڵێت من بە تەنیا خۆم سێ نوێژی پێ دەکەم ئێوەش بتوانن بە هەمووتان دوو نوێژەکەی تر پێ بکەن. حاڵی دوو حزبە کوردییەکەش هەر بەو جۆرەیە، ئەو یەکگرتنەوەیان وەک نوێژی ئەو پیاوە وایە، لە هیچ باشترە چونکە لە بنەڕەتدا یەکگرتنەوە وا نییە.

## هەستی سپی دیاری قەرەداغی و فایلی رەشی بەرپرسان

لە ژمارەی پێشووی گۆشەکەمدا لە پەرەگرافێکدا نووسیبووم: هەیە دەڵێ (زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بە قەسری قەیسەری، بەڵام دەرکەوت فایلی هەبوو) زۆر کەس گلەیی ئەوەیان کرد ئەم دەستەواژەیە هونەرمەندی هێژا (دیاری قەرەداغی) دەگرێتەوە، کاک (دیاری)ش خۆی لەم مەسەلەیە ئاگاداری کردینەوە، بەڵام حەز دەکەم بڵێم بە هیچ جۆرێک مەبەستمان لە هونەرمەند (دیاری قەرەداغی) نەبووە، دیاری بەو گۆرانییەی توانی نەوەیەک لەگەڵ خاک و نیشتمان ئاشت بکاتەوە، دیاری بۆنی خاکی بەسەردا پرژانین، دیاری دڵی پڕ کردین لە عیشق و خۆشەویستی خاک، من دەزانم دیاری بەوپەڕی ئیحساس و نەزاهەتەوە ئەو رستەیە دەڵێ، بەڵام مەبەست لێی ئەو بەرپرسانە بوو لەوانەیە دەجار لە پەرلەمان سوێندیان خواردبێ و سەدان جار ئەو سروودەیان وتبێتەوە، بەڵام ژێر بە ژێر دەستیان لەگەڵ رژێم تێکەڵاو کردبوو، مەبەست لەو بەرپرسانەیە بەرپرس نین لە هیچ شتێک بە تایبەت لە وڵاتەکەیان و فایلی رەشیان هەبوو. هەرچەندە ساتێک من ئەو دێڕەم نووسی دەمزانی بە تەنیا کاک دیاری ئەو رستەیەی نەوتووە، بەڵام بەداخەوە بەو جۆرە کەوتەوە. ئێستاش

دەڵێم دیاری گیان دەبێ بمبەخشی لە تاوانێک بەشێوەیەکی عەفەوی کردم، بەڵام ئەوەش بزانە لوتکەی سەروەریی هەزاران بەرپرسی فایلدار ناگاتە دامێنی تۆ.

## هەشتی مارس

هەرچەندە سەرکردە و پیاوەکانی حزبی کوردیی نازانن ڕۆژی هەشتی مارس چییە و ئەم ڕۆژە بۆچی کراوە بە ڕۆژی ژن. ئەم ساڵ بە تەواوی خۆیان بەو یادەدا هەڵواسی، ڕەنگبێ ئەمە لەبەرئەوە بێ نیشانی ئەمەریکاییەکانی بدەن پەرۆشی مافی ژنن یان بیانەوێ سەرنجی زوومی کامێرای بیانییەکان بۆ لای دیموکراسییە شڕەکەیان ڕابکێشن. ئەم ساڵ بەشێوەیەک یادی هەشتی مارسیان کردەوە یادەوەریی ڕاپەڕینی کاڵ کردەوە بگرە هەر لە بیری بردەوە، هەر وەک ئەوەی هەشتی مارسی داهێنراوی کارگەی عەقڵی تەسکی حزبیی ئەوان بێت. لەولاشەوە هەر لە وڵاتی ئەو پیاوە سیاسییە ئیزدواجیانەدا ڕۆژانە دەیان جار لە ئافرەت دەدرێ و بەر توندوتیژیی دەکەوێ و ئازار دەدرێت، لە وڵاتەکەی ئەواندا بە یاسای دارستان ژن تیرۆر دەکرێ و دەکوژرێت، یاساش چەپڵەڕێزانێتی بۆ پاڵەوانەکانی داستانی نامووس و شەرەف، ژن لە وڵاتی ئەم سیاسییانەدا خۆی دەسوتێنێت و مەتارە نەوت هەزاران ژنی ئەم وڵاتەی کردە خۆڵەمێش، هەر جەنابی بەرپرسە باڵاکان خۆشیان سەرو سێ چوار ژنیان هەیە ئەمە لە عەشایەرەکەیانەوە بیگرە تادەگاتە بە پۆست مۆدێرنەکەیان. بەڵام ڕەنگبێ لەوەشدا ناهەقی سەرکردە و حزبی کوردی نەگرم، چونکە ئەوان لە بنەڕەتدا دوکانیان داناوە، چی هەرمێن و بازاڕی زۆری هەبێ ئەوە دەخە جامخانەی دوکانەکانیانەوە. ئێستاکێ فێمینیزم باشترین کاڵایە.

## تەقەکردن لە خوێندکار

سوپاس بۆ خواوەند لە سایەی دەسەڵاتی کوردییدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کولتووری دیموکراسی زیاتر گەشە دەکات، ئەوەتا کەرتی گشتیی بە ناوی کەرتی تایبەتەوە دەبێت بە کەرتی حزبی، ئەوەتا زانکۆی ئایندە لە دایک دەبێت. هەرچەندە ئەوە کاری من نییە ئەو زانکۆیە هەڵبسەنگێنم کە خراپە یان نا، بەڵام

ئەوە کاری منە بەرگریی لە ئازادیی تاکەکەس بکەم و لەسەر ئەو خوێندکارانە هەڵبدەمێ رۆژی ٢٠٠٥/٣/١٠ دوای ئەوەی لە هەولێرەوە هاتن بۆ سلێمانی تا پشتیوانی مانگرتنی خوێندکاران بکەن، بەڵام لە زاڵگەی بان مقان برادەرانی ئاسایش رێیان پێدەگرن و دوای جنێو و تەهدیدکردن دەیاندەنە بەر رەحمەتی دەستڕێژی گوللەی دیموکراسییە عەیارە بیست و چوارەکەی حکومەتە پۆز لێدەرەکەی سلێمانی. بە راستی زۆر جوان بوو، دەستتان خۆش! لە وڵاتانی دنیا پۆلیس و پیاوانی یاسا گەمە لەگەڵ منداڵان دەکەن و دەیانخەنە سەرپشتیان بۆ ئەوەی لێیان نەترسن، کەچی ئاسایشەکانی وڵاتی ئێمە ئا بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ مانگرتن دەکەن و تەقە دەکەن، هەروەک ئەوەی پارچەیەکی داگیرکراوی کوردستانیان رزگار کردبێت شانازیی بەکارەکەیانەوە دەکەن. پێم باشە (برا عەرەبەکان) بێن سەیری نموونەی دیموکراسییە بێوێنەکەمان بکەن و بزانن چۆنە؟ ئەو دیموکراسییەی بڕیارمان داوە بۆ ناوچەکانی ئەوانی بگوازینەوە، دیموکراسی تەقەکردن لە رێپێوان و خوێندکار، دیموکراسی زمان داخستن و هێڵە سوورەکان، دیموکراسی حزبی سەروەر (قائد).

## رۆژ رۆژی شێخە

وام دەزانی زەمەنی نوشتە و کتێب گرتنەوە و فاڵ بەسەرچووە، هەتا ئەو رۆژەی هاوڕێیەک باسی شێخە نوێیەکانی بۆ کردم، زۆر سەیر بوو بەلامەوە ژمارەی شێخەکان ئێستا زیاتر بووە لە جاران، بەڵام شێخی هەنووکە دوعای ئەلیکترۆنی دەکات و بە ئیمەیل دەینێرێت!، لە جیاتی کەوا و سەڵتەش، چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەکات، زۆرجاریش ریباتێکی جەرگی ئاڵ دەبەستێت. نوشتەکانیش بەپێی گۆڕانکارییەکانی رۆژگار و عەسری دیجیتاڵ فۆرمی نوێیان وەرگرتووە. شێخەکان بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەوە هێزی زیاتر یان هەیە لە جاران، هەر لەم ماوەیەدا شێخێک پەیدا بووە پسپۆرە لە یەک جۆری نوشتەدا؟ ئەگەر پرسیارم لێ بکەن ئەو جۆرە چی بوو؟ دەڵێم ئەو شێخە پسپۆر بوو لە بواری نوشتە بۆ وەرگرتنی لجوئی سیاسیی یان لە خراپترین حاڵەتدا لجوئی ئینسانی. شێخێک هەیە دەڵێن دەستی موبارەکی دەهێنێ بەسەر قاچاخچیدا بۆ ئەوەی

کاروانەکەی بە سەلامەتی بگاتە ئەسینای پایتەختی کوفر. شێخ هەیە نوشتەی بۆ حزبێک کردبوو تا لە پەرلەمان دەنگی باش بەدەست بهێنێت، هەیە بەس بۆ ئۆتۆمۆبیل نوشتە دەکات هەر بۆیە کارەساتی ئۆتۆمبیل وا کەم بۆتەوە! شێخ هەیە نوشتە دەکات بۆئەوەی کە سواری باڵەفڕ دەبیت لە فڕۆکەخانەی هەولێر لە ئاسمان بەرنەبیتەوە خوارێ. نوشتە و دوعا و فالگرتنەوە زانستێکی رەسەنی کوردەوارییە و هەقە لە یەکێک لە زانکۆ عەنتیکەکانماندا کۆلیژێکی بۆ دابنێین بەڵام پێویستە خوێندکارێک وەربگرێت تێکڕای نمرەکانی ٩٩٪ بێت.

## -٣-

## کورسییەکەی بەغداد

تۆ بڵێی یەکەم جار کێ کورسی دروست کردبێت؟ ئەی یەکەم جار کێ کورسی دەسەڵاتی ئاوا رازاوە کردبێ؟ ئاخۆ لەم دنیایەدا دەبێ لە کورسی خۆشەویستتر شتێکی دیکە هەبێ؟ لەم رۆژهەڵاتەدا دەبێ هیچ شتێک هێندەی کورسی خەڵکی لە پێناودا تێدا چووبێت؟ دەبێ کورسی خۆی چی بێت؟ ئەی کورسی دەسەڵات؟ ئەی جیاوازیی کورسی ئاسایی و کورسی دەسەڵات لە چیدایە؟ کورسی ئاسایی هەموو کەس لەسەری دادەنیشێ و لەوانەیە تۆ تەنیا چەند خولەکێک لەسەری دابنیشیت, بەڵام کورسی دەسەڵات هەموو کەس لەسەری دانانیشێ و ئەوەشی لەسەری هەڵنیشت هەروەک مریشک کڕ دەکەوێ و هەڵسانەوەی بۆ نییە. ئەم رۆژانەش لە عێراق، شەڕ شەڕی کورسییە, هەندێ کەس بە دزی و فەرهود یەک دوو کورسییان لە پەرلەمانە عەنتیکەکەی بەغداد مسۆگەر کردووە و هەندێکیش هێندەی کورسی پاشتێلانەیەک, بەڵام لە هەمووی گرنگتر کورسی عەرش و دەسەڵاتی سیادییە, کوردیش دەیەوێ یەکێکیان بکاتە نێچیری خۆی و کاندیدەکەمان لە بناری قەندیلەوە وەرچەرخێت بۆ کۆشکی کۆماریی. بەڵام ئاخۆ شۆڕش و بەرخودان و ئەو هەموو قوربانییەمان لە پێناوی عێراقدا بوو یان کوردستان؟ ئاخۆ کورسی پەرستیی و دەسەڵات پەرستیی کوردستانی لەبیر نەبردووینەتەوە؟ تکایە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و سەرجەم گەلی کوردی روون بکەنەوە ئێوە کوردایەتیان کرد یان عێراقچێتی؟.

## نۆبڵ و سیستانی

سەردەمانێک هەموو گەلانی عێراق دەستیان لە خوێنی یەکتردا سوور بوو پیاوێکی فریشتەئاسا هات هەموویانی کردە برای گیانی بە گیانی! سەردەمانێ دیکتاتۆرێک هەبوو لە بەغداد ویستی بە گازی کیمیایی لە کورد بدات هەر ئەم پیاوە دەستی گرت و پەشیمانی کردەوە, سەردەمانێکی تر زیل و شۆفڵی ئەنفال ئارەزووی بوو ٤٥٠٠ گوند و ١٨٢ هەزار کەس لەناوبەرێت، هەر ئەم کابرایە بووە فریادڕەسی گیان و ماڵی ئەو هەموو کوردە! سەردەمانێک ٣ ملیۆن کورد ئاوارە بوون ئەم پیاوە بە چەشنی بابانوئێل خۆشەویستی و بەزەیی و یارمەتی بەسەر ئەو هەموو ئاوارەیەدا دەبەشییەوە. ڕۆژگارێک هەبوو خەڵکی ئەم وڵاتی عێراقە ستەمیان لێ دەچۆڕا، بەڵام پیاوێک هەبوو ئامێزی بۆ سەرجەم ستەملێکراوان کردبۆوە! ئێستاش ئەم پیاوە نورانییە دەیەوێ کورد و سوننەکانی بکاتە برای یەک و موو بە نێوانیاندا نەچێ! بەڵام ئایا ئێوە دەزانن ئەم پیاوە کێیە؟ حەیاتم ئەو پرسیارەی بۆ چییە ئەوە مەلا «عەلی سیستانی»یە ئێرانییەکەیە و بڕایەوە, بەڵام ئەمەیان گرنگ نییە ئەوەی گرنگە ئەم مامۆستا مەلا سیستانییە پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی نۆبڵ. بۆیە لە سەرەتاشدا ئەم شێر و ڕێوییەم بۆ هێنایەوە نەڵێن ئەم کابرایە چی کردووە تا خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت, تەنانەت ڕاگەیاندن شەرمەزار بێ ئەم نیلسۆن ماندێلا گەورەیە لە عێراقدا هەیە و تا ئێستا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بڵاونەکراوەتەوە. دەی یاڕەبی مامە سیستانی گیان ئەو نۆبڵە شازەت پێشکەش بێت و هەر لە خۆت جوانە و لایەق بە خۆتە, لەوە زیاتریش نەک نۆبڵ سەری تۆی بەرز کردەوە، تۆ سەری نۆبڵ و ئەکادیمیای سویدییت بەرز کردەوە.

## کۆنگرەی عەرەبی

ئەوەندەی تێبینیم کردووە هیچ کەسێک وەک عەرەب ناوی نەتەوەکەی وەک پاشگر ناخاتە دوای هەموو وشەیەکەوە, بۆ نموونە یەکێتی عەرەب, نیشتمانی عەرەب, نەوتی عەرەب, سۆزانی عەرەب تاد.. لەناو ئەو هەموو شتەی عەرەبدا کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیش هەیە کە هەر ئەوەندە دەزانی کۆمەڵێک شای

پاسەوانی چاڵە نەوتەکان و چوار پێنج دیکتاتۆری چاو زەق و هەشت نۆ کۆنە ملازمی سوپا کە بە کودەتا چوونەتە سەر حوکم کۆ دەبنەوە بە حیسابی خۆشیان دەیانەوێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بکەن بە ماستی مەیو. بەڵام ئەم برادەرانە خۆشیان نازانن بە چی دەست پێدەکەن و چۆنیش کۆتایی پێ دەهێنن؟، سەرەتا بە بوختان و غەیبەت و دژایەتی ئیسرائیل دەستپێدەکرێت و دواتر بە شەڕە جنێو و چەپۆک لە یەکدان و چەمەڵە لە یەکتر گرتن کۆتایی پێدێنن؟, ئەوا برا عەرەبە چاو رەشانەمان لە خوا بەزیاد بێ لەسەر هیچ شتێک رێک ناکەون بە تایبەتی ئەگەر ناوی (فلوس)ی تیا بێت، جگە لەوەی تەنیا لەوەدا یەکن بە دەستێکی پۆڵاین دژی گەلانی ناعەرەبی ناو وڵاتەکانیان شەڕ بکەن و دژی شەپۆل و تەوژمی دیموکراسی بوەستن لە ناوچەکەدا. ئەم جارەش بڕیاریاندا بە ئیزنی خوا لە دژایەتی ئیسرائیل هەتاهەتایە بەردەوام بن و دژی دیموکراسی خۆرئاوای مەلعون بوەستن و پارێزگاریی لە دابی بەداوەت و ئەعرابیی خۆیان بکەن. بەڵام گەلی برادەرینە گەر ئەمە حاڵی حکومەتە مەدەنی و راقییەکانیان بێت، دەبێت چاوەڕێی چی لە کۆمەڵەی ئەبوتەبەر و حەوزەی نەجەف و پاشماوە سەدامییەکان بکەین کەوا بەنیازین لە (عێراقی هیوا و ئاشتی) دا لەگەڵیان بژین؟.

### حزبی نوێ

جاران خەڵک کە سوێندیان دەخوارد دەیانووت بە (٤٤) هەزار پێغەمبەر قەسەم, بەڵام ئێستا دەڵێن بە سەری ١٤٠ سکرتێرەکەی حزبە کوردستانییەکان. حزبی وا دروست بووە ناوەکەی سێ ساڵی دەوێت تا فێری دەبیت و حزبی دیکەش هەیە چەپ و راست و ئاین و عەلمانیەتی ترشاندووە بەسەر یەکدا و لە بۆتەی عەقڵی رەسەنی کوردیدا نایابترین باسوق و سجوقی لێ دروست کردووە (لە دەمتاندا شیرین بێ). بڕۆ سەرژمێرییەکەی مەیدانی حزبەکان بکە بزانە لەو سلێمانییە بچووکەدا کە ئەمسەر و ئەوسەری ١٥ دەقیقە رێیە، بەقەد هەموو وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا حزبی تیایە یان نا؟ ئەگەر بە ژمارەی حزب بوایە ئێستا کوردستان لە قۆناغی کۆتایی مێژوو و میتا پۆست مۆدێرنەشدا بوو! رەنگە

هەسارەیەکی ترمان بۆ ژیان بدۆزیبایەتەوە! لەم ماوەیەشدا کوڕی بێوەژنێکی دراوسێمان بەڵێنی دابوو بە دایکی گەر لە زانکۆی ئاینده وەرنەگیرا و نەبوو بە پارێزەر، ئەوا یەکسەر بڕیاری دروستکردنی حزبێک دەدات هەر لە پسمام و خاڵۆزا و برادەرەکانی خۆی, دایکی لە نانەواخانە بە شاگردەکانی وتبوو پەیوەندیی بکەن بە حزبەکەی (..)ی کوڕمەوە. بەخوا لە نانەوایی رزگارتان دەکات, بڕواتان هەبێت منیش بزانم وایە لە بەیانی زووتر نییە پەیوەندیی بە حزبەکەیانەوە دەکەم, بەڵکو ئێ منیش لەم نووسین و ئەرزوحاڵچێتییە رزگارم بێت.

## ڕێزلێنان

ئەم دەسەڵاتە کوردییە ساوایە بە حوکمی ئەوەی هێشتا گەورە نەبووە و عەقڵی کەماڵ نەبووە ئاساییە زۆر شتی سەقەت بکات، خواش هەڵناگرێ هەروەک چۆن منداڵی ساوا لە ساتی گاگۆڵکەدا پیاڵە دەشکێنێ و شووشە لەت دەکات و دەسکی دەرگا دەردەهێنێت، ئەم حکومەتەی لەمەڕ خۆشمان ئەم شتانەی هەبووە و هەیە، تا ئەو کاتەی ئەگەر ئیفلیجی منداڵ لێی نەدات و ساڵانە بیکوتن گەورە ببێت و تا راددەیەک عەقڵی بە دنیا بشکێ. هەر لە چوارچێوەی ئەو گاگۆڵکەیەدا حکومەت بڕیاری ڕێزلێنانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەموار کرد, هەرچەندە ئەم بڕیارە گەلێک پۆزەتیڤ بوو، بەڵام خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە چەندین ساڵە لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا ڕێز لە ڕۆشنبیران نەگیراوە, خۆ ئەگەر وا نییە ناوی یارمەتی و کۆمەکەکە ڕێزلێنان نەدەبوو. بەهەمەحاڵ, بەڵام لەولاوە دەبینی ماستاوچییەکان و ئینشانووسەکان کردوویانە بە هەرا، ئەو ڕێزلێنانەیان کردووە بە شانازیی و مەکرەمە و کۆڵەکەکەی عەولا و شەو و ڕۆژ دەیلێنەوە، بە منەت بەسەر نووسەران و ڕۆشنبیراندا دەیفرۆشنەوە بێ ئەوەی هێشتا یەک موچەش وەرگیرابێت!، پارەکەش پارەی ئیف و بەلاشی ئەمەریکایە، حکومەتەکەی ئێرە پیاوەتی بەسەر ئاوی حەمامەوە دەکات. ئەمە جگە لەوەی لیستەکە تژیەتی لە کۆنە بەعسی و پەیامنێری هاوکاری و کادیرە دڵسۆزەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوکی رەحمەتی. ئەوجا لەوە بگەڕێن ڕێزلێنان بە

گۆترەیە و پیاوە پیرەکان کە بەشێکی زۆریـان هەر هیچ نەبێ شتێکیان بۆ قادسیە یان حەتین یان سەرۆکی فەرماندە نووسیوە و وتووە لە پێشەوەی لیستەکەن و بگرە سەرقافڵەن.

-٤-

**ئەمجارەیان کۆنە بەعسییەکان**

چەند ئێوارەیەک بەر لەم ئێوارەیە بە دوای وێنەی مەینەتییەکانی کورددا دەگەڕام لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، لە گەڕانی ماڵپەڕی (گوگڵ)دا یەکێک لە وێنە دەگمەنەکانی سەردەمی دیکتاتۆرەکەی پێشووم بەرچاوکەوت، لە وێنەکەشدا هەندێک سـەرۆک جاش و فرسانەکانیان دەرکـەوتـبوون پۆستەری (بابە سەدام)یان بڵند کردبۆوە! ئیدی لەگەڵ بینینی ئەم وێنەیەدا کەوتمە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، ئەم هەموو رەفیق حزبی و کۆنە جاشانە چییان لێهات ئایا تونی بابا چوون یان ئاسمان هەڵیلووشین؟ یان لەباوەشی گەرمی پارتە شۆڕشگێڕەکانماندان؟ بێگومانیش هەر ئەوەی دواییان راستە، بیرم لەوە دەکردەوە ئەم هەموو فس فس پاڵەوانە بە تایبەت سەرە زلەکانیان دەبێ ئێستا چ کارە بن؟ بیرم دەکـردەوە خۆ پێش راپەڕین هەموو بـەرەی کوردستانی دوو هەزار پێشمەرگەی نەبوو، ئەی ئەگەر ئەم جاشانە ئێستا پێشمەرگە نەبن ئێستا ژمارەی پێشمەرگە نەدەبوو بە سەد هـەزار!. لای ئەوانیش چەکداریی هەر چەکدارییە، بۆ سـەدام بێت یان کوردایەتی یان بۆ زەرقـاوی. بـەڵام با پرسیارێکیش لە پارتەکانی کورد بکەین ئایا ئەو جاشە زلانە بۆ ئەوە لێیان خۆش بووین تا ببن بەم کەڵەگا و ئەژدیهایە یان بۆ ئەوەی سەری خۆیان کز بگرن و بڕۆنەوە ماڵەکانیان؟ هەروەک جارەکانی تریش ئەم پرسیارە بۆ نادیار، بۆ بنی دەریا.

**وڵاتی دەم قەرەباڵغەکان**

لە نامەی ئەم جارەی ئەو کچەی خۆشمدەوێ بە رەنگی سوور لە ژێر دێڕی خۆشم دەوێی، بۆی نووسیبووم (یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانت ئەوەیە

(دەم)ت نییە!!! بەڵام لەعیشقدا نا، چونکە ئەگەر بتەوێ کیلۆپاترا نەرم دەکەیت، یان شەم لە وەلی، زین لە مەم هەڵدەگێڕیتەوە، بەڵام بۆ ژیانی خۆت دەمت نییە، بڵێم چی من چارەم بە یەکێکەوە نووساوە تەنانەت دەمی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی نییە، ئنجا ئەی هاوار بۆ من). کاتێک ئەم دێڕانەم دەخوێندەوە هەستم بە ڕق و بێزاریی دەکرد و دەروونم تەواو ئاڵۆز بوو. ئۆقرەم لەبەر بڕا، تەنانەت خۆشەویستەکەشت لەسەر ئەوە سەرزەنشتت بکات لە ماستاو و مامەحەمەیی نازانیت! هەر خەریکبوو لە قیندا بە نامەیەکی ئاگرین کۆتایی بهێنم بە دوا گرتەی عیشقەکەمان! بۆ ئەو مەبەستە قەڵەم و کاغەزم ئامادە کرد، بەڵام لەو کاتەدا دایکم هاتە بەردەمم وتی ئەوە چییە ئەو هەموو کاغەزە، فڕێی بدە ناشێ دیسان بە تەمای نووسین بیت؟ چیت لێی دەست کەوتووە؟ چیت لێی سەوز کردووە؟ ئیتر بە تەواوی گینگڵم دەدا و قێزم لە وڵاتێک دەکردەوە بۆ ئەوەی بژیت دەبێت یەک پیشە بزانی، ئەویش ماستاوکردنە! ناچار چوومە نادی و دوای نۆشینی بوتڵێک ویسکی لە بەرزترین ئاستی خەیاڵدا بیرم دەکردەوە، ئەمە وڵاتی دەم قەرەباڵغەکانە، خاک بەسەر ئەو کەسەی لەم وڵاتەدا دەمی نییە بە تایبەتی یەکێکی وەک منی شەرمن و کەمدوو.

### کورد و بزنەکەی هەیاس

پێویست ناکات چیرۆکی بزنەکەی هەیاس سەرلەنوێ بگێڕمەوە چونکە تەواو ناسراو و بەر بڵاوە، بەڵام دەمەوێ دۆزی کورد و حاڵی بزنەکەی هەیاس بەراوورد بکەم! ڕەنگە هەندێ کەس تێنەگەن ئەم بەراووردە بۆ؟ یان بە شێتیی و گێلیی لە قەڵەم بدەن. بەس تۆ سەیری کورد بکە ڕۆژێک دۆزەکەی لە هەڵکشاندایە و دە ڕۆژ لە داکشاندا! ڕۆژێک دۆستی ڕۆژئاواین دە ڕۆژی تر پێچەوانەوە هەرە توندەکەی!. سەردەمێ ڕۆژئاواییەکان دێن تا حکومەت دروست بکەین، سەردەمێکی تر چاوپۆشی لە سێدارەدانی قازی دەکەن! سەردەمانێ یارمەتی شۆڕشی ئەیلول دەدەن و پێشمەرگە بە یارمەتی ئەوان کێشیان گەیشتبووە ٨٠

کیلۆ، لەولاوە لەسەر لۆژیکی لاوازکردنەوەی بزنەکەی هەیاس بە شوومترین ڕێکەوتن خەونەکانمان زیندە بەچاڵ دەکەن! زەمانێکی تر یارمەتیمان دەدەن تا ڕاپەڕین بکەین لە پاڵیدا جلەو بۆ سەدام شل دەکەن تاکو یەکەیەکەمان لە زێدی خۆمان راونێ و ئاوارەی سنووری مەرگ و ڕێگای هاتونەهاتمان بکات!. ئەمجارەشیان لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە دیسان پشتیان گرتین و کردیانین بە هاوبەشی خۆیان هەر لە سیاسەتەوە تا سەر سفرەی نان خواردن و کۆنکەن و ئەزنیف و سێ رسکێن، لە سایەی مەرحەمەتیاندا بووینە سەرۆک کۆماری عێراق! بەڵام تۆ بڵێی ئەم دەفعەیەش سابوون نەدەن لە بنی پێمان؟ ئەی ئاخۆ کەی دەبێ سیاسەتی بزنەکەی هەیاس بە دیوەکەی تریدا وەرچەرخێتەوە و مێژوومان بەسەردا دووبارە بکەنەوە؟!.

### دەستخۆش مامۆستا

هەر یەکێکمان لە قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانە هۆنراوەکەی شاعیری نەمر (بەختیار زێوەر)مان لەبەر کردووە دەربارەی مامۆستا و رەنگە تا هەنووکەش لە یادەوەریماندا مابێتەوە. لە یەکێک لە کۆپلەکانی ئەو هۆنراوەیەدا، شاعیر دەڵێ (مامۆستا گیان تۆ لای ئێمە زۆر پیرۆزی). مخابن لە ڕاپەڕینەوە ئەم پیرۆزییەی مامۆستا بەسەرچوو، مامۆستا بووە بە هەژارترین کەسی ئەم وڵاتە؟ چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەو کەسەی لەمەیدانی دارەسوتاوەکە یان لە بازاڕی شێخەڵا کەلوپەلی ماڵەکەی هەڕاج دەکرد، بێ سێ و دوو دەیانگوت ئەوە مامۆستایە، جاران هەر کەسێ بە کلیۆ ئارد و بە چارەک گۆشت و بە پیاڵە برنجی بکڕیبایە گومانیان لێ نەدەکرد و پێیان دەگووت مامۆستا، ئیدی وردە وردە (بەداخەوە) مامۆستایی سووک کرا چ وەک کەسێتی و چ وەک پیشە! هەتا وای لێهات منداڵانی بۆیاخچی پێڵاو بە عەرەبانچی و سەوزەفرۆشیشیان دەوت: مامۆستا بۆیاخی ناکەی؟. هەتا دوو ساڵیش لەمەوبەر کەس ژنی نەدەدا بە مامۆستا، یان بەپێچەوانەوە ژنێکی مامۆستای نەدەهێنا؟ ئیدی کاتێک مامۆستا دژی سوککردنی

پیشەکەی و بارودۆخە ناهەموارەکەی ژیانی دەنگ هەڵدەبڕێ بۆچی تابووری پێنجە؟ بۆ گومانی ئەوەی لێ دەکرێت تەحریکی دەکەن؟ یەکێتی مامۆستایان کە کەس نازانێت خەریکی چییە بۆ چاویان لێ سوور دەکاتەوە و منەتیان بەسەردا دەکات؟ ئیتر باوی چاو سوورکردنەوە نەماوە، باهۆزی دیموکراتی هەڵیکردووە یان ئەوەتا حزبە کوردییەکان رادەماڵێت یان دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵی، سا دەستتان خۆش بێت مامۆستایان بۆ ئەو رێپێوانە پێشەنگە وەک لە هەموو شتێکدا پێشەنگ بوون.

## پارێزگاری نوێ و نرخی نوێ

بەرنامەی بەرنامە زوو زوو دەیووت ١٠٩، بیرتان نەچێت ١٠٩، لە بیریشمان نەچوو، ٧٥٪ خەڵکی شارەکە دەنگی دا بەلیستی ١٠٩، کەچی نە بارودۆخ گۆڕا و نە هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دیارە، بەڵکو خراپتریش هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی پارێزگاری نوێ نرخی کاڵا و کەلوپەل گەیشتە کەشکەڵانی فەلەک، لەوانەیە بەختی ئەم پارێزگارە وا بێت لەگەڵ حوکمیدا گرانی دەست پێبکات؟ یان لەوانەیە لەنەرم و نیانی خۆیدا خەڵک ئیستغلالی بکەن! هەرچییەک بێ و نەبێ کرێی پاس بوو بە (٢٥٠) دینار، سەرتاشین لە سەردەمی گرانییە گەورەکەشدا لە ٥-١٠ دینار تێنەپەڕیوە ئێستا نرخی سەرتاشین لە زۆربەی سەرتاشخانەکاندا بۆتە ٢٥٠٠-٣٠٠٠ دینار، نرخی گۆشت فڕیوە، مریشک کە هەر بۆنی دەواجین هەموو سلێمانی هەراسان کردووە کیلۆی بووە بە ٣ هەزار دینار، دەسکێ کەوەر بە ٣٠٠ دینار، کیلۆیەک تەماتە ٢٢٥٠ دینار، من هەر لە حکومەت دەپرسم ئەو فەرمانبەرەی مانگی (١٥٠) هەزار دینار وەردەگرێت چۆن بژی، خۆی دەبێت (٥٠) هەزار قەرز بکات بۆ کرێی خانووەکەی، ئێ خۆ بە ئۆکسجینی ئازادیی ناژی، نابێ دوو نانی هەبێت بیخوات؟ پەژارەی خەڵک ئەو گرانییەیە رۆژ لە دوای رۆژە پەرە دەستێنێ و نرخ بۆ ئاسمان هەڵدەکشێت، خۆ ئەگەر کار بەم جۆرە بڕوات ئەوە ئاو بێنە و دەستت بە تایت بشۆ. ئەو کاتە

هەروەک هاوڕێیەکم وتی دەوڵەمەند سەیری ئاسمان دەکات و مانگ دەبینێ و دەڵێ شێوەی لە یار دەچێت، هەژاریش دەڵێت هەر دەڵێی لەتە نانە.

**-٥-**

## کۆبوونەوەیە

دەڵێن لە فەرمانگەی هین، کارمەندێکی دڵسۆز هەیە هەرچی بکات بە دڵسۆزییەوە دەیکات، هەروەک چۆن بەرپرسی پاسەوانەکانی جەنابی وەزیری (...) وتبووی هەرچیم کردووە بە دڵسۆزیی کردوومە جاران بە دڵسۆزیی جاش بووم ئێستاش بە هەمان شێوە پێشمەرگەم. با لەوە بگەڕێین و بچینەوە لای ئەو برادەرە، دەڵێن ئەو فەرمانبەرە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆر هەموو سەرەمانگێ ٢٥٠ فلسی لە هەر کارمەندێک دەسەند (بە زۆر) و دەیووت (اجتماعە) واتە کۆبوونەوەی بەشان و باڵدا هەڵدانی بەعس و قائیدی کونە جرج و قادسیەی دۆڕاو. ئەم برادەرە پیشەوەرە لە دوای راپەڕین خۆی کردە کەواسووری بەر لەشکری کوردایەتی و ئێستاش ١٠٠٠ دیناری چاپی نوێ وەردەگرێت (دیسان بە زۆر) و بە هەمان ریتم و ئاوازی جاران دەخوێنێت و دەڵێ (اجتماعە). ناتوانین ناهەقی ئەم پیاوە بگرین چونکە ئەمە پیشەکەیەتی، دارتاش ناتوانێت قەسابی بکات و ئاسنگەریش ناتوانێت لەبغی دیوار بکات. هەر کەسە خاوەنی پیشەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم کەڵەپیاوەش ئەمە پیشەی سەرەکی و جاویدانییەتی، بەڵام گلەیی ئێمە لەوێدایە بە هەمان شێوەی جاری جاران لێدەخورێت و دەڵێت (اجتماعە). لێرەوە ئێمە بە ناوی خۆم و خزم و عەشیرەتمانەوە داوای لێ دەکەین وشەکە بکاتەوە بە کوردیی و بڵێت (کۆبوونەوەیە).

### فەزاحەتەکەی بەغداد

چەند رۆژێکە مقۆمقۆ و دەنگۆی گەندەڵی و دزی وەزیرەکانی حکومەتی عێراق (کابینەی عەلاوی) بڵاوبۆتەوە و بۆتە بابەتێکی گرنگی هەندێک لە میدیاکان. بێ ئەوەی من بمەوێ بزانم چەندیان دزیوە و چۆن دزیویانە و لە کوێ دایانناوە! بە بیری خەڵکی دەهێنمەوە، هەر لەم کوردستانەی ئێمەدا ئەگەر بتوتبایە

حکومەتەکەی عەلاوی فاشیلە و گەندەڵکاریی و دزی زۆری تێدایە، یەکسەر لە دادگای کوردایەتی بە چەشنی ئەهریمەن رەجمیان دەکردیت، شاربەدەریان دەکردی، دەموچاویان بۆیاخ دەکردیت، بە سواری گوێدرێژ شارە و شار بە ئەتککراویی دەیانگێڕایت. هەر لە ژێر رۆشنایی ئەو فەزاحەتە و ئاشکرابوونی ئەو هەموو گەندەڵی و دزییە لەلایەن ئەو ژمارە زۆرەی وەزیرەکانەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کابینەکەی «جەعفەری»ش بە تەنیا مەودایەکە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێکی تر لەژێر ناوی وەزیر و کاربەدەستی میری. مرۆڤ بەزەیی بە حاڵی ئەم گەلانەی ناو عێراقدا دێتەوە، چۆن ژیانیان بۆتە دۆزەخێکی ئەبەدیی بەدەست ئەو هەموو عەلی بابایەوە کە بە ناوی وەزیر و گزیرەوە ژەهری نیشتمانپەروەریی دەرخواردی خەڵک دەدەن. کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە ئەوان دزییان کردووە، بەڵکو لەوەدایە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت! ئاخر کامیان بیکەن؟ (ئەحمەد چەلەبی) خۆی دزی بانکە و سەرکردەکانی کوردیش هەروەک حوت وان گەورەترین دزی بە قورگیاندا دەچێت.

**شەرعی مەلاکان**

زۆربەی هەرە زۆری مەلاکان خاوەنی باکگراوەندێکی دینیی قووڵ نین، هەندێکیان جزمی عەمە و تەبارەکیان تەواو کردووە و بوون بە مەلا، هەیانە باری ناچاریی کردوونی بە مەلا، لێ مەلای زۆرباش هەیە، بەڵام ژمارەیان ئێجگار کەمە. لەم چەند رۆژەی رابردوودا چوومە پرسەیەک، لە دوای تەواوبوونی رێوڕەسمی پرسەکە مەلایەک هات و دەستیکرد بە دوان، دەیگووت دوپشکی ئەو دنیا هێندەی ماینێکی ئێرەیە، دەیووت فریشتەیەک لەلا لووتیەوە تا برۆی چل ساڵ رێیە بە سواریی، دەیووت ئاگری دۆزەخ حەفتا جار بە ئاوی دەریاکان شۆراوەتەوە. دوای ئەم قسە بێ ناوەڕۆک و بێ مانایانە دەستی کرد بە فەتوا بەخشینەوە و زۆر هێرشی ناڕەوای کردە سەر ژنان و دوایی وتی هەندێک (ناپیاو) سمێڵیان دەتاشن وەک کچە عازەب وان و دوای نامووسی خەڵک دەکەون. من خۆم کە سمێڵ دەتاشم، یەکسەر هەڵمدایە و وتم مەلا بە یارمەتیت بوەستە و تکایە دین بۆ ئەوە نییە تۆ بەم جۆرە فەتوایانەی پێ بدەیت و خەڵکی پێ دادگایی بکەیت، دوای

گفتوگۆیەکی درێژ هیچی بۆ نەمایەوە و وتی تۆ کافریت، منیش هەستام و چوومە دەرەوە، بەڵام برادەرێک هات بەدوامدا و نەشمدەناسی وتی ئەو مەلایە زۆر بێ عەقڵە، حەز دەکەم بۆت بگێڕمەوە کاتی پرۆسەی ئازادیی لە خوتبەدا وتی ئەوەی سەیارەی علوج بهێنێت مەلعون و کافرە، بەڵام دوای نوێژ چووەماڵەوە کوڕەکانی دوو سەیارەیان هێنا بوو، بۆیە هەینی داهاتوو هاتە سەر مینبەر و وتی بەپێی فەتوای تازە سەیارەی علوج حەرام نییە.

### داناییەکانی حکومەتی هەرێم

داناییی حکومەتی هەرێم ئەوەندە زۆرە بە وتار و دوو وتار بگرە بە کتێب و دوو کتێبیش تەواو نابێت، ئەگەر ٥٠٠ ساڵی تر لە واق واق حکومەتێکی ساوا دروست بوو پێویستە کتێبی رێبەری داناییەکانی حکومەتی هەرێم لەبەر بکات و مامەڵەی پێوە بکات تا لە حکومەتی ژێری ژێرەوە دەربچێت و ببێت بە سوپەر دەوڵەت وەک ئێمە. یەکێک لە داناییەکانی حکومەتی هەرێم بریتی بوو لە برسیکردن و وشککردنی دەماری ئابووری رۆشنبیران ئەمەش لەبەرئەوەی قەڵەو و زۆرخۆر نەبن و داهێنانیان لە بیر نەچێتەوە، بۆیە ئەو پارەیەی دایە (میشعان جەبوری)!. ئەی نابینن عەرەب هەموویان رقیان لە (میشعان)ە چونکە سنگی خۆی دادەدڕێ بۆ کورد. یەکێک لە داناییەکانی حکومەتی هەرێم گوشینی خەڵکی وڵاتەکەیەتی و پارەکەی دەکات بە خێر و سەدەقە و داوەتی ئەم و ئەوی پێدەکات، رۆژێک بە ناوی کۆنگرەی مساڵەحەوە چەند تیرۆریستێک دێنە پایتەختی کوردستان و هێندەی هەموو سەروەتی گەڕەکێکی وەک باداوە و مەنتکاوە دەخۆن و دەخۆنەوە، برادەرانی مساڵەحەش دەڕۆنەوە لە تکریت و رومادی و بەغداد دەڵێن فیدراڵی کوفرە. یەکێکی تر لە داناییەکانی حکومەتی هەرێم بە پۆلیسکردنی خەڵکە، وای لێهاتووە هەر هاووڵاتیەک سێ پۆلیسی بەردەکەوێت، گوندەکان چۆڵ بوون، شاگرد و کرێکار دەست ناکەون، لەولاشەوە تیرۆریست خەریکە تەنگمان پێ هەڵدەچنێت، چونکە پۆلیسەکان سەرو تەزبیحی سەد و یەک دەنکییان پێیە یان سەرقاڵی گوڵەبەڕۆژە خواردن و غارەن. هیوادارم لە داهاتوودا لە داناییەکانی تری حکومەتی هەرێم پێتان بگەمەوە.

## ئازادیی و درۆ گەورەکان

راستە جیاوازیی هەیە لەنێوان سەردەمی ئێستا و سەردەمی بەعسدا لە رووی ئازادیی را دەربڕینەوە، بەڵام ئەگەر ئەم ئازادیی و دەنگ هەڵبڕینە گوێگرتن و وەڵامی دەسەڵاتی لەگەڵدا نەبێت بەچی دەچێت؟ ئەگەر ئازادیی را دەربڕین هەبوایە ژەنەراڵەکانی خوێن و چەک هێشتا قسەیان وەک قورئان نەدەبوو، ئەگەر ئازادیی را دەربڕین هەبوایە دزە گەورەکان تۆزێک لە دادگا و مێژوو دەترسان، ئەگەر ئازادیی را دەربڕین هەبوایە و جێی خۆی بگرتبایە کوردستان بە عێراقەوە نەدەلکێنرایەوە؟ ئەگەر ئازادیی را دەربڕین لە جێگەی خۆیدا بوایە دەیان و سەدان کاربەدەست و بەڕێوەبەر و وەزیر دەبرانە بەردەم دادگایەکی عادیلانە، ئەگەر ئازادیی را دەربڕین مانایەکی هەبوایە ئەم هەموو گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراسییە هیچ نەبایە کەمتر دەبووەوە، ئەگەر ئازادیی را دەربڕین تۆزقاڵێک قورسایی هەبوایە بارودۆخی وڵات بەم رۆژەی ئێستا نەدەگەیشت کە لەنێو دزی و گرانی و فەشەلی سیاسیی و ئابووری و پاوانکردنی دەسەڵاتدا رۆچووە. پێویستە لە بیری نەکەین بەرچەکرداری دەسەڵاتی خۆماڵی لە بەرامبەر ئازادیی را دەربڕین وەک بەعس زیندان و کوشتن نییە، بەڵکو نان بڕین و بێبەشکردن و ئازاردانی رۆحیی و دەروونییە. کەواتە درۆیەکی زلە ئەگەر بڵێین ئازادیی را دەربڕین لە کوردستاندا هەیە.

—٦—

## سوێندخواردنی پەرلەمان

ئەوکاتەی پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغداد بەپێی سیاغەکەی جەعفەری سوێندیان خوارد و وشەی فیدراڵی و دیموکراتی لێ لابرا بوو، وام دەزانی پەرلەمانتارەکانمان لەوێ کەمتەرخەم و بێ دەربەستن نەک بێ ئاگا و خڵەفاو و گۆڵکە خوێندەوار، تا ئەو ساتەی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی سوێندیان خوارد. مرۆڤ پێکەنینی بەو دەسەڵاتە باڵایە دەهات، ئاخر ئەگەر ئەوان ئەوە حاڵی خوێندنەوەیان بێ و خوێندوارییان ئاوا دوکەڵ بکات، ئەی تەشتێ قوڕ بەسەر ئەو میللەتەی چاوەڕوانی ئەمانە بکات، خاک بەسەرمان

بۆ ئەو یاسایەی بۆمان هەموار دەکەن و دادەڕێژن. هەندێک ئەندام پەرلەمان دەستی چەپیان خستە سەر کتێبی پیرۆزی بەردەمیان و هەندێکیان پارێزگاریی لە «گەل و نیشتمان»یان کرد بە پارێزگارییکردن لە (گەڵی نیشتمان) ئەمەی دواییان تەواو مانایەکی ئیباحی و سێکسیانەی هەیە، لەوانەشە هەر خۆیان بە ئەنقەست سوێندەکەیان وا لێکردبێت لەبەرئەوەی نایانەوێت سوێندیان بکەوێت، چونکە ئەوان دەتوانن سوێند بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی پارتەکانیان بخۆن، جا نایانەوێت بەرپرسیار بن بەرامبەر سوێندەکانیان، چونکە ئەزموونی رابردووی یەکەم پەرلەمان شتێک نەبوو دڵمان خۆش بکات، هەر ئەندامی پەرلەمان بوو بە مزەڵی و چواردە مەخزنەوە لە تەپکی حەمەدئاغا و سەری سەفینەوە گرداری دەنا بە شکۆی پەرلەمانی کوردستانەوە.

### فشە کوردایەتی

گۆڕی پێشینانمان پڕ بێت لە رووناکی مادام وتوویانە (قسە هەژارە هەموو کەس پێی دەوێرێت)، ئەمڕۆ هەرچی هەڵدەستێ بە زمان (بەبێ کردەوە) خۆمان لێدەکات بە سۆپەرمان. ئەگەر موسڵمان بێت خۆ دەیکات بە ئەولیا، ئەگەر کۆمۆنیست بێ (لینین) لە دامێنی خۆیشییەوە قبوڵ ناکات، ئەگەر ناسیۆنالیست بێ شێخ مەحمود و قازی و بارزانی بە خیانەتکار دەزانێت!، ئەگەر هونەرمەند بێ داڤینشی و پیکاسۆ دەکات بە منداڵ لە هونەردا. ئەم جارەیان باسمان لەسەر فشەی کوردایەتی برادەرێکی هەندەرانییە، ئەو برادەرە خۆی پزیشکە و ئەوەندەی من بزانم ئەلفێک لە سیاسەت نازانێ، کەچی بووە بە دیپلۆمات، لەمەش بگەڕێ یەک پۆل کادر و کەسانی دڵسۆز خراونەتە ژێر دەستییەوە. ئەم برادەرە لە ماوەی پێشوودا لە کوردستان بوو، وتبووی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی کانوونی دووەم، لە وڵاتەکەی خۆی پاسی بۆ دەنگدەران گرتووە و دوو مانگ کاری نەکردووە بۆ ئەوەی خەڵک کۆبکاتەوە، خزمێکی نزیکی خۆی بەپێچەوانەی ئەوەوە، وتی نەک ئەوەی پاسی نەگرتووە بەڵکو خۆیشی نەچووە بۆ دەنگدان و ژنەکەشی هەمان شایەتی لەسەر دەدات. دوای ئەم هەموو موکەسەراتە ئەم

برادەرە ئێستا لە سەفارەت کار دەکات، هەندێ جار هەواڵی فشە و ساختە لەسەر مێزی خواردنەوە یان لە هۆڵی دیسکۆیەکدا دەنووسێ و دەینێرێ بۆ تەلەفزیۆنی حزبەکەی، کاک موزیعیش (لەسەر وەزنی بەرنامەی بەرنامە) بە حەماسەوە فشە هەواڵی کاکی فشە کوردایەتی دەخوێنێتەوە.

### دۆستی دێرینی گەلەکەمان

هەر ئەوەندە دەزانی تەلەفزیۆنی حزبەکان سەر و کەللەیەکی زل دەهێننە سەر شاشە و وەک دۆستی دێرینی گەلی کورد بە خەڵکی دەناسێنن. ئەم دۆستانەمان، هەیانە هاوڕێی نزیکی سەدام بووە، هەیانە دوژمنی سەرەکی دۆزی کورد بووە، سوێندتان دەدەم بە قورعان چەند جار گوێتان لێ بووە بە (حافز ئەسەد) وتراوە دۆستی گەلەکەمان؟، تەنانەت لەوەش سەیرتر ئەم نازناوەش بە (عەبدولڕەحمان عارف) کۆنە سەرۆکی عێراقیش دراوە. سەیرم لەوە دێت باشە کورد ئەو هەموو دۆستەی هەبوو بۆچی جاران بە کیمیایی لێیاندایین و قسەیان نەکرد؟ بۆچی ئەنفال کراین و وڵاتمان کاولکرا کەس فرمێسکی نەڕشت؟ ئەگەر ئەو هەموو ئەو دۆستەمان هەبوو ئەی ئەوکات لە کوێ بوون؟ لە سەلاجەدا هەڵگیرا بوون یان لە گەشتێکی فەزایدا بۆ مەریخ چووبوون بۆ سەفرە؟. ئەگەر ئەو هەموو دۆستەمان هەبوو ئەی بۆچی درۆمان دەکرد و دەمانگووت (جگە لە چیاکان دۆستی ترمان نییە) یان ئەم وتەیە درۆیە و ستەممان لە دۆستەکانمان دەکرد؟. لەوانەشە دۆستی دێرین هەروەک پێشمەرگە دێرینەکان تەماشایان بکرێ، حزبی وا هەبووە بە درێژایی هەشتاکان هەزار پێشمەرگەی نەبووە، کەچی ئێستا لیستی دوو هەزار پێشمەرگەی دێرینی بۆ خانەنشینکردن تەسلیم کردووە! جا ئەگەر وەک پێشمەرگە دێرینەکان ساختە و تەزویر لە دۆستە دێرینەکەدا نیشماندا بکرێت، ئەوا پەنا بەخوا لە ژماردنیان تەواو نابین و دەبێت داهاتی بۆرییەکی نەوتی کەرکوک هەر بۆ دەعوەت و بەخێرهاتن و خوا حافیزیان تەرخان بکەین.

## شاری هەڵمەت و گرانی

خۆم خەڵکی ئەم شارەم (شاری هەڵمەت و قوربانی) یان بە زمانی مام جەلال شارە حەیاتەکە. بەبێ ئەوەی لە ژێر کاریگەریی هەژموونی سلێمانیچێتیدا بم، دەڵێم سلێمانی سیمای پرشنگداری مێژووی سیاسیی و فەرهەنگی مەدەنی کوردستانە. هەر لەبەر ئەو پێشەنگییەیە چەندین نازناوی جۆراوجۆری پێ بەخشراوە، ناسراوترینیان نازناوی (هەڵمەت و قوربانی)یە ئەمەش لەلایەن شاعیری هەرگیز نەمر (کامران موکری)یەوە بە باڵای ئەم شارەدا بڕاوە. بەڵام بۆ نەگبەتی سلێمانی نەک هەر لەو بوارانەدا پێشەنگە، بەڵکو لە زۆر شتی تری ناشریندا هەر سەرمەشق و پێشڕەوە، لەوانە شەرە پەڕۆ و چاولێکەریی و هەندێک دیاردەی تری نەشیاو. ئێستا گرانی و پاشەگەردانی بازاڕ وای لێهاتووە میزاجی خەڵکی وێران کردووە و سلێمانی بووەتە یەکێک لە هەرە گرانترین شارەکانی نەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو هی هەموو دنیا. گرانی لە کوردستاندا دیاردەیەکی سلێمانیانەیە و ئەم شارە سەرکردایەتی دەکات و لە رێی سلێمانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ شارەکانی تر و خووی ئەوانیش خراپ دەکات. مامۆستایەکی تازە دامەزراو لە گوندێکی دوورەدەستی سەر بە شاری سلێمانی وانە دەڵێتەوە و چەند چامەیەکی شیعریی لەسەر وەزنی شیعری کلاسیک وەک ساتیرە شیعر لەسەر گرانی سلێمانی نووسیوە و ئەم مامۆستایە لە یەکێک لە بەیتەکانیدا دەبێژێت:

ئاخ گرانی، ئۆف تاڵانی، جەرگمانت دەرهانی
ئاخ سلێمانی، شاری رەشەبا و علوج و گرانی

## دەغیلەکەی باوان و قاسەی بەرپرسان

لە ژمارەی پێشووی رۆژنامەی (نیوەند)دا لەدوا لاپەڕەدا هەواڵی منداڵێک بە ناوی (باوان دلێر) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات دەخیلەکەی خۆی پێشکەشی دادگایی ئەنرات کردووە. لێرەوە دەرفەت دەقۆزینەوە: ئاخۆ دەبێت چی هەست و هۆکارێک پاڵی بەو منداڵە نۆ ساڵەی کوردەوە نابێت لە دانیمارک دەغیلەکەی خۆی بەو دادگاییە پێشکەش بکات؟ لەولاشەوە پارتی و یەکێتی

سەروەت و سامانی کوردستان بۆ مەرامی خۆیان تەخشان و پەخشان بکەن؟ ئاخۆ دەبێ کامیان کوردی راستەقینە بن، باوان دلێر کە پارەی دەغیلەکەشی پێشکەشی گەلەکەی دەکات یان ئەو بەرپرسانەی شەو و رۆژ خەریکی پڕکردنی گیرفان و قاسە هەزار بە هەزارییەکانیانن؟ دەبێ باوان بۆ وڵاتەکەی دڵسۆزتر بێ یان ئەو وەزیر و گزیرانەی بنەمای ئابووری ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بنەماڵەکانیان هەڵدەتەکێنن؟ ئاخۆ باوان نەتەوەییتر و دڵسۆزترە یان ئەو بەرپرس و حزبانەی تا دوا هەناسە داکۆکیان لە نزار خەزرەجی کرد؟ ئایا باوان وەک منداڵێک هۆشیارترە یان ئەو بەناو بەرپرسانەی هەر سەرقاڵی تێرکردنی زگیانن و خەیاڵیان لای کۆشک و ڤێلاکانیانە؟ کاتی ئەوە هاتووە هەندێک ژیریی بەکاربهێنین و رەش و سپی لێکدی جیا بکەینەوە و بەراووردی دەغیلەکەی باوان و قاسەی بەرپرسان بکەین، تا بزانین کامیان لە سوودی وڵاتدایە و کامیان لە سوودی تاکە کەس و بنەماڵە و عەشیرەت؟.

## -٧-

## عەجایب حکومەتی هەولێر

(ماری ئەنتوانێت)ی شاژنی فەرەنسای سەردەمی پاشایەتی، کاتێ خەڵکی فەرەنسا رادەپەڕن لە دژی برسێتی و هاوار دەکەن (نان)مان نییە، سەری سوڕدەمێنێ و دەڵێت ئەو خەڵکە بۆ کێک ناخۆن؟! برادەرە زگ تێرەکانی حکومەتی هەولێر بە چەشنی ئەنتوانێت «خوازیارم چارەنووسیشیان هەروەک ئەو بێت» بە دوو ژنی دەستەوەستاوی داماوی هەژاری شاری هەولێر کە ٢٩ رۆژ نانیان نەخواردووە لەبەر نەبوونی، دەڵێن: دەبێت فایلەکەیان بچێتە پۆلیس، چونکە کارێکی خراپیان کردووە و هەوڵی خۆکوژییان داوە. سەیرە کێ دەبێت بچێتە بەردەم دادگا؟ ئەوانەی بە دزی و فزی ئەوەندە دەخۆن ئیمتەلا دەکەن یا ئەوانەی لە سایەی ئازادییە درۆینەکەی پارتیدا لەتێک نان نییە بیخۆن؟ ئاخر کامیان تاوانبارن؟ ئەو پۆلیسەی ئەم ژنانە زیندانی دەکات یان ئەو نادادوەرەی ئەمان دادگایی دەکات یان ئەو دوو ژنەی لەبەرئەوەی مێردەکانیان سەروەتی گەلیان لوش نەداوە و لە برسان زگی خۆیان هەڵگوشیوە؟. لەو باوەڕەدا نەبووم

لە ئێستادا لە کوردستان هیچ مرۆڤێک ئەوەندە برسی و نەدار بێ، بەڵام ئێستا بێگومانم هەزارانی لەو جۆرە و بگرە خراپتریش هەیە!. کەواتە کوا ماف؟ کوا ئازادیی؟ کوا دروشمەکان؟ تکایە هۆڕینی ئۆتۆمبیلەکانتان بۆ شایی و لۆغانی (سەرۆک) رابگرن و بچنە سەر شەقام داوای ئازادیی و ماف و نان بکەن. لە کۆتاییدا ماوەتەوە سوپاسی پۆلیس و ئاسایشی هەولێر بکەین لەبری بەرزەفتی ئەمنیی شار و سزادانی تیرۆریستان و بەرەنگاریی توندڕەوەکان توانیوویانە دەرەقەتی ئەم دوو ژنە بێن!.

### ئەزموونی دیموکراتی کوردستان

لەم چەند رۆژەدا بۆ سەردان چوومە لای دۆست و ئاشنایەکی خۆم، ئەو هاوڕێیەم ماوەیەک لە حکومەتی هەرێم وەزیر بووە و ماوەیەکیش ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان. دوای قسەکردنێکی زۆر، باسی ئەزموونی ئێران و هاتنە سەر حوکمی ئەحمەد نەژاد کرا، باسی ئەوەی کرد لە ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، بازاڕی تێزی ناردنە دەرەوەی شۆڕش (تصدير الپورە) برەوی سەند و وێردی سەر زمانی ئاخوندەکان بوو، ئەمەش بەو مانایەی ئەم نموونەیەی ئێران بگاتە هەموو لایەکی گێتی. رۆژێک تەلەفزیۆنی ئێرانی دەچێتە ناو خەڵکەوە و رای هاووڵاتیان لەمەڕ ناردنە دەرەوەی شۆڕش وەردەگرێت، لە یەکێک لە وەڵامەکاندا پیاوێک دەڵێت ئەوە کارێکی گەورە و پیرۆزە، حەز دەکەین بۆ کوێی دەنێرن، بینێرن بەڵام توخوا با لێرە نەمێنێت. هەنووکەش لە کوردستان باس لەوە دەکرێت ئەزموونی (دیموکراتی) کوردستان ئەزموونێکی میسالی و بێهاوتا و پێشەنگە لە ناوچەکەدا، نەک دەکرێ ئێمە بۆ ناوەڕاستی و باشووری عێراق بیگوازینەوە، بەڵکو دەکرێ بیکەینە ئەلگۆیەک بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!. ئێمەش لەلای خۆمانەوە، وەک تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان پشتگیریی ناردنە دەرەوەی ئەزموونەکەمان دەکەین و داواکارین بۆ کوێی دەنێرن بە ویستی خۆتان بکەن، بەڵام بەو مەرجەی لێرە نەمێنێت و یەخەمان بەر بدات. بەڵکو ئەمە خوایە دوژمنەکانمان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق و وڵاتانی ناحەزی دراوسێ سیل و دیق بکەن بە دیار ئەم ئەزموونە

فاشیلەی ئێمەوە. من لەم قسەی خۆم بەرپرسیارم و خوا شاهید بێت هەرگیز لێی ژیوان نابمەوە.

## کارەبا

ئەم ساڵ باران بەشێوەیەک دەباری خۆشکردنەوەی بۆ نەبوو، رۆژێک دەمویست بچمە گەشت، زۆر تووڕە بووم لە باران و دەمووت ئەمە چییە کەی ئێستا کاتی بارانە؟ سەفرەکەی لێ تێکداین! باوکم بە لەسەرخۆییەوە وتی: هیچ تووڕە مەبە ئەوە هەمووی کارەبایە دەبارێت، تۆزێک لە وتەکەی باوکم ورد بوومەوە و بیرم کەوتەوە لە وڵاتی ئێمە ئەگەر باران نەبارێت کارەباکەشمان تۆ خۆش، بۆیە گووتم ئەم هاوینە بۆ چرکەیەکیش کارەبا پشوو نادات بەڵکو دەچێتە هەموو گوندە دوورەدەستەکانیشەوە. بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینی من و باوکمەوە کارەبا هەر بە شێوەی ترافیک لایت هەیە و لە قرچەقرچ و گەرمای نیوەڕۆ و لە کاتی نان خواردندا کارەبا چاوێک دادەگرێت و خوا حافیزیت لێ دەکات. لە نیوەشەودا لە خەوی شیرینی بەر سپلیتی شەش وەرەقەییدا لە ناکاو کارەبا بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی دەکات و دەبێت تا بەیانی لەسەر قەرەوێڵەکەت تەپوتل بکەیت. کارەساتەکە لەوەدایە نازانین ئەو هەمووی ئاوی بەفر و باراناوە چووە کوێوە و چی لێهات؟ بۆ برا عەرەبە چاو رەشەکانمان عەمبار کراوە یان بۆ شوێنێکی تر؟ ئێمەی هاووڵاتی هیچمان بۆ نەماوەتەوە مەگەر بەم مانگی تەمووز و چلەی هاوینە منداڵان بۆ بوکە بە بارانە کۆبکەینەوە و گەڕەکەکان بگەڕێن و بڵێن:

هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران
بۆ چۆڕێ کارەبای ماڵە هەژاران

## بەنزین

هەر ئەوەندە دەزانی قەیرانی بەنزین روو دەکاتە کوردستان، ئیدی تەکسی دەست دەکات بە بۆڵە بۆڵ و شۆفێری پاس حەڤدە جار کرێی نەفەرەکان هەژمار دەکات. برادەرێکی هەندەرانی وتی لەسەر مەرز وامزانی چاوم هەڵە

دەکات یان رەشکە و پێشکە دەکات، کاتێک بینیم لە بری ئەوەی لە عێراقەوە سووتەمەنی بڕوات بۆ تورکیا، بە پێچەوانەوە لە تورکیاوە دێت بۆ عێراق. ئەگەر ئەمەیان پاساوەکەی نالەباریی دۆخی ئەمنیی عێراق بێت، ئەی چی هۆیەک هەیە بۆ سەرهەڵدانی رۆژانەی ئەزمەی بەنزین و سووتەمەنی؟. پێم سەیرە جاران کوردستان لە چوار لاوە گەمارۆ درابوو، تاکە رێگایەکیش بەنزینی لێوە دەهات بۆ ئێرە رێی قاچاخ بوو، لە رێگەی کۆڵ بە جیلکانە و بەرمیل دەهات، ئەوکات بە هیچ شێوەیەک ئەزمەی بەنزین دروست نەدەبوو. ئێستا بە زنجیرە و پۆل تەنکەری بەنزین دێتە وڵاتەوە و حەشاماتی تەنکەرە تورکییەکان هەر دەڵێی شارە مێرووولەیە، کەچی رۆژ بە رۆژ ئەزمەکە پەرە دەستێنێت و بێ تامتری دەکات. قسە هەزارە و یەک دانەی بە کارە، مەبەستی ئێمە لەوەیە ئەگەر دەستێک لە پشتی ئەم ئەزمەیەوە نەبێت بۆ وایە؟ ئەگەر پرسیاری دەستەکەمان لێ دەکەن، من وەک جاران ئازا نەماوم و ناوێرم بیدرکێنم، بەڵام بڕۆن لە شۆفێران و خەڵکی ئاگادار بپرسن: بزانن ئەو دەستە لە غەیری بەرپرسە باڵاکان و حکومەتەکەمان هیچ کەسێکی ترە؟!.

**مەنسول**

لە بیرمە جاران خەڵک لەبەر هەژاریی خۆیان و سەرقاڵییان بە ژیان، نەیاندەزانی هەندێ زاراوە وەک خۆی بڵێن، بە (UN) دەوترا (ئوئێن) و هەرواش (مەسئول)یش کرا بە (مەنسول). ئەم مەنسولانە زۆربەیان بۆ بەدبەختی کورد بۆشایی دەسەڵات و نەبوونی کەسی بە توانا کردنی بەم کورە، زۆربەیان جگە لە شەڕی شاخ و نەخشەدانانی سەربازیی هیچی تر لەم دنیایە نازانن. هەندێکی زۆر لە مەنسولەکان (هەموویان نا) دەستوخەتیان دەڵێی شەڕە پشیلەیە. مەنسولێک چەند کۆمپیوتەرێک بۆ رێکخراوی خوێندکارانی سەر بە خۆیان دابین دەکات، بەڵام نامەکەی بۆ ئیدارە بەم جۆرە بوو (بڕێک تڕوتفاقیان بدەنێ). هەیانە لە ژوورێکدا دانیشتووە و باسی شاعیرە کچەکان دەکات، هەشیانە چوار سەعات و چارەکێ لەگەڵ کوڕەکەی خەریکی دۆمینە بووە و دوای ئەوەش چوار سەعاتی تر خەریکی کۆنکەن. گەنجێکی ئەم شارە چوو بووە لای بەرپرسێکی باڵای

حزبێکی کوردستانی بۆ کارێک (بەڵام بۆ پارە نەبوو) زیاتر لە دوو کاتژمێر لای کاکی مەنسوول دەبێ و لەو ماوەیەدا دوو چاش لەسەر خوانی جەنابی بەرپرس دەخواتەوە، بەڵام دواجار کارەکەی بۆ جێبەجێ ناکات، بگرە قەشمەریی و گاڵتە بە پڕۆژە جیددییەکەی ئەو گەنجە دەکات، گەنجەکەش وەک وەڵامێک (٣٠٠) دیناری چاپی نوێ دەخاتە سەر مێزەکەی و دەڵێت ئەوە حەقی دوو چایەکەیەت و خوا حافیز. کاکی بەرپرس بێ ئەوەی خۆی تێک بدات دەڵێ خوا حافیزت بێت! دواجار لاوەکە دەڵێ بە ملی شکاوم کە دێم بۆ لای تۆ. هیوادارم جارێکی تر لە سەیر و سەمەرەکانی مەنسوولەکان پێتان بگەمەوە.

## -٨-
## غائیبات

جاران لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی لەگەڵ هاورێکەمدا لە قوتابخانە خۆم دەدزییەوە و دەچووم بۆ سینەما تا کەس لە دەرەوە نەمبینێت, زۆر جاریش لە گازینۆ شەترەنج و کۆنکەنم دەکرد. بەڵام نازانین پەرلەمانتارانی کورد کاتێک خۆیان دەدزنەوە دەچنە کوێ و چی دەکەن؟ ناشزانین ئەوان هەر وەک من عەفەوی غائیب دەبن و خۆیان دەدزنەوە یان سەرقاڵییان بە ژماردنی پارە و پڕۆژەکانیان رێگا و بواریان پێ نادات؟. جاران ئەز لە وانەیەکی قوتابخانە خراپ بوومایە و هیچ تێنەگەیشتمایە, خۆم لێ دەدزییەوە, لەوانەشە پەرلەمانتارە غائیبەکان هیچ لە دەستوور و مەهامی پەرلەمان تێنەگەن, یان بیانەوێ تەنیا موچە بکوژن و گیرفانیان پڕ لە پارە بێت. رەنگبێ هەندێکیان وەک تاس و حەمامەکەی ئێرە لێ بخوڕن و سەری مانگە و مانگ بچن ئەویش بۆ وەرگرتنی موچە, ئیدی لە بیریان بچێ یەک گەلی کلۆڵا چاوی تێبڕیوون تا لە ناوەند نوێنەرایەتی بکەن. پەرلەمانتارە کوردەکان, مشاغەبە و گەندەڵیشییان گواستۆتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق کە ئێستا ئەو پەرلەمانە تەمەنی ساڵێک نییە و هەر وەک گەمەی کیسەڵا و کەروێشک دە هەنگاو چۆتە پێشەوەی پەرلەمانی کوردستان. عەقڵم بۆ ئەوە دەچێ پەرلەمانتارە کوردەکان بۆیە خۆیان بدزنەوە تا ئاگایان لە بڕیارێک نەبێ لەمەڕ (شیمال الحبیب) کە زیانی هەبێ, بەڵام زۆر جاریش گومان دەکەم, هەر

بە سوێندخوارنەکەیاندا دیارە چەندە بێ دەربەست و بێباکن. داوا لە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەکەین لەمەو بە پاش لیستی غائیبات دابنێ بە تایبەتی بۆ پەرلەمانتارە کوردە مشاغیبەکان.

## چاو بەستکردن

فەلسەفەی خۆڵ کردنە چاوی خەڵک رەگەزێکی سەرەکی کارنامەی حکومەتەکەمانە, ئاخر لە پڕ بەڕێوەبەری کارەبا دێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆن, دەڵێت ئاو نەما و کارەباش فت. بەڵام مرۆڤ ناوێرێت بە چاوی سەر سەیری ئەو ئاوە زۆرەی دوکان یان دەربەندیخان بکات! تۆ بڵێی ئەمە لە غەیری چاوبەست شتێکی تر بێت؟ لە بەیانییەکی زوودا هەموو شار دەگەڕێی یەک لیتر (بەنزین) ت دەست ناکەوێت, بەرپرسانی سووتەمەنی دەڵێن قەیرانە و سووتەمەنی نایەت, بەڵام هەر ئەو کات دەتوانی ١٠٠٠ تەنکەر سووتەمەنی هەژمار بکەیت لە تورکیاوە دێتە کوردستان یان لەوانەیە وەک ئەو بەنزینخانەی لێبێت لە ناکاو وتی بەنزین نەما, دوای سەعاتێک گڕی گرت, بە ٨ حەریق و بە چوار کاتژمێر ئاگرەکە کوژایەوە (بە راستی بەنزینی تیا نەبوو). ئێوارەیەکی گەرمی ئەم هاوینە بێژەرێک دەیکات بە هەرا کورد مافی خۆی وەدەستهێنا و سەرکەوتنی مسۆگەر کرد, کەچی هەر بەیانی رۆژی داهاتوو جەعفەری و سیستانی و موقتەدا دەڵێن فیدراڵی کوفرە و کەرکوک خاکی عەرەبە و ئیسلامیش سەرچاوەی یاسا و دەستووری وڵات. گۆرانیبێژێکی هەندەرانی بە خۆی و هەشتا هەزار سی دی و کاسێتەوە دێتەوە و دەڵێ بەرهەمەکەم خەڵاتی تیایە، بەڵام هەر ئەوەندەی فرۆشران, کاکی هونەرمەند وا ونبوو خوا نەبێ بەندە نازانێت لە کوێیە, دۆزینەوەی ئەم برادەرە قورسترە لە دۆزینەوەی زەرقاوی. شاعیرێکی تاراوگەنشین لە تەلەفۆنێکدا بە هاوڕێیەکی دەڵێ سوێد دۆزەخە و مرۆڤ لە عەزابیدا دەبرژێت! بەڵام بەرێزیان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا باسی ناسکی تاراوگەیان کرد و لەمەڕ جریوەی چۆلەکە و خوێندنی بولبول و ئاوی کەوسەر و باخچەکانی فیردەوسی سوێدەوە دوان. ئاخر ئەم بان و دوو هەوایە چەندی بە چەند ئەگەر چاوبەست نەبێ؟.

## فیرعەونەکان و بەرپرسە کوردەکان

فیرعەون مۆنیکای نەبوو, بەپرسەکانی ئێرە حەوت حەوت هەیانە, فیرعەون سۆپەر مارکێت و رێستورانتی نەبوو, بەرپرسەکانی ئێرە بە دەرزەن هەیانە, فیرعەون جەوازی ئەوروپا و ڤیزەی شنگنی نەبوو, بەرپرسەکانی ئێرە وەک ئاو خواردنەوەیە لەلایان. فیرعەون ئاوی کانزایی و پیتزا و ویسکی گرانتسی نەدەخواردەوە, بەرپرسەکانی ئێرە خولەکێک بی ئەمانە حەوسەڵەی ژیان ناکەن. فیرعەون چوار پێنج ژنی نەبوو, بەرپرسەکانی ئێرە بێجگە لە چواری تەلاقدراو, حاڵی حازر یەک مەفرەزە ژنیان لە ژێر چەپۆکی پیاوەتیاندا راگرتووە. فیرعەون کوڕەکەی لە ئەوروپا نەبوو, ژنەکەشی لەگەڵا خۆی بوو, بەرپرسەکانی ئێرە کوڕەکانیان لە ئەوروپایە و نازانن چوار وشەی کوردیی ریز بکەن و ژنەکانیشیان بەم وڵاتە دەڵێن: یەع. فیرعەون ڤێلای ٦٠ ژووریی نەبوو, هەوای مەرکەزیی نەبوو, بەرپرسەکانی ئێمە بە تەوسەوە دەڵێن خانوویەکی بچووکی شەست ژووریمان هەیە. فیرعەون دۆستی جەعفەری و دوژمنەکانی نەبوو, بەرپرسەکانی ئێرە دوژمن نییە پێیان نەوتبێ دۆستی کورد و برای گیانی بە گیانیمان. فیرعەون کارەبای لە کەس نەدەبڕی و مۆلیدە فرۆش نەبوو, بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە خوویان داوەتە مۆلیدە فرۆشتن و بگرە دوکانی (ترشیات)یان هەیە. فیرعەون شەڕی ناوخۆی نەکردبوو, بەرپرسەکانی ئێرە سێ چارەگی ژیانیان لە شەڕی براکوژە و تەکەتولاتدا بەسەر بردووە. دواهەمین جار ئەگەر فیرعەون ئەوەندە خراپ لە قورئاندا باس کراوە, باشە قورئان لەم سەردەمە بهاتبایەتە خوارێ, ئاخۆ بە کام بەرپرسی کوردی دەگووت, سەرۆکی فیرعەونەکان؟.

## پرسگە

پرسگە لە دوای دۆزەخ بە ناخۆشترین شوێن دادەنرێت لە بووندا, وا مەزانن ئەم وتەیەم لە (داغستانی من)ی هەمزاتۆف وەرگرتووە, ئەوە قسەی پیرەژنێک بوو. ئاخر پرسگە خان سپلیتی لا نییە و موبەریدەکەشی شکاوە, تۆش بە دیار گەرماوە رادەگرێ و دەتکات بە نانی تیری, پرسگە خان دەمەو گزنگ لەگەڵا هاوسەرەکەی بە شەڕ هاتووە و دوو سەعات دواتر بە منی داماوی هەژاری

دەڕێژێ. پرسگە خان موچەکەی کەمە و بەشی کرێ خانووەکەی ناکات و خاوەن ماڵەکەی دیسان کرێی لەسەر زیاد کردووە, ئەویش لە سەر هەمان ریتمی خاوەن ماڵەکەی جەرگم کون دەکات، بۆ واژۆیەک چوار رۆژی تریشم دوا دەخات. پرسگە خان شەو کارەبای نەبووە و بە خەبەریش نەهاتووە تا ئاو بگرێ و تەنکییەکان پڕ بکات, دێت بەسەرمدا دەیکات بە قیژە قیژ و بە ئیزعاج ئیزعاج تا دەرگای دەرەوەی بەردەم پۆلیسە پاسەوانەکان پاڵم پێوە دەنێت. پرسگە خان بەیانی لچکی پانتۆڵەکەی لە پاس گیراوە و دڕاوە, دوای نیوەڕۆ وەک ئەوەی کەعبە کەچ بوویێت خۆی مۆن کردووە, دەڵێ: جەنابی (..) کۆبوونەوەی هەیە تا (١٠) رۆژی تریش لە سەفەرە و ٢٨ رۆژی تر تۆ وەرەوە, واش نییە. پرسگە خان بە هەزار شەڕەشەق بە خۆی و مێردەکەی سەیارەیەکیان کڕیوە، بەڵام سپێدەیەکی زوو دەعمی کردووە, خۆی شین و مۆر کردووەتەوە, ئەگەر بڵێی بەیانیت باش, بە مۆنی و رقەوە دەڵێت کاکە گیان سبەینێ وەرەوە بێ ئەوەی هیچت لێ بپرسێت. پرسگە خان ئەمڕۆ درەنگ لە خەو هەستاوە و فریای ماکیاژ نەکەوتووە, هەر لە خۆیەوە دەماری گەرم بووە و دەڵێت بە کوردیی قسە دەکەم کارەکەت ناکرێت, تێگەیشتی؟. پرسگە خان ئەگەر میزاجی تەواو نەبێت خاک بەسەر مراجع.

**مەتەڵ**

فەردەیەک گوێز هەڵدەدەم هەر کەسەو دانەیەک بگرێتەوە و مەتەڵی خۆی بزانێت، ئەوجا بێت خەڵاتی گۆشە وەربگرێت. کێ دەزانێ ئەو کەسە کێ بوو تا راپەڕین فلتەرە جگەرەی کۆ دەکردەوە و دەیکێشا ئێستا بۆ گەشت مانگی دوو جار لە دوبەی و سیئۆلە؟. کێ دەزانێت کام بەرپرس بوو, سەردەمی شاخ و هەفتەیەک بەر لە راپەڕین حەفتا دینار قەرزار بوو، ئێستا خانوویەکی هەیە دوو مەلەوانگەی تیایە؟. کێ دەزانێ ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە کێیە بە بڕوانامەی شەشەمی سەرەتاییەوە کار دەکات و پێی دەوترێت تەکنۆکرات؟. کێ دەزانێت ئەو شاعیرە هەست ناسکە کێیە, شیعری کریستاڵی و پەپولەئاسا دەنووسێت و دەمانچەیەکی لەوی مارێنزەکان لەبەر کەلەکەدایە؟. کێ دەزانێت ئەو

نووسەرە کێ بوو لە رۆژنامەی (ئاسۆ)ی سەردەمی بەعس وتاری بۆ سەرۆکی فەرماندە نووسیوە و ئێستا بە دەفتەر دۆلار خەڵات دەکرێت و وەک نووسەری شاخیش حسابی بۆ دەکرێ؟. کێ دەزانێت ئەو مستەشارە کێ بوو گەورەترین سەرکردەی کوردی شەهید کرد و دەڵێت لە ساڵی حەفتا و نۆوە پەیوەندیم هەبووە بە سەرەوە؟. کێ دەزانێت ئەو پەیامنێرەی «هاوکاری» کێیە, ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە؟ کێ دەزانێت ئەو شۆڕە سوارەی کوردایەتی کێیە تا دوێنێ لە سەر خوانی بەعس هەر رۆژەی لە کیشوەرێک داوەت بوو, ئێستا باسی سەرۆکێکی شەهیدی کورد دەکات و کردوویەتییە هاوڕێی خۆی؟. تکایە هەر کەس وەڵامی ئەم مەتەڵانەی لایە تا کاتی دەرچوونی ژمارەی دادێ بیگەیەنێتە دەستمان.

## -٩-

## نۆرەی رەئوف دەنکتاشە

ئەم کوردە داماوە هیچ شتێکی زۆر نییە جگە لە دوژمن, ئاخر نەگبەتی کورد نەبێ قوبرس کە خۆی بەدەست کێشە و ململانێی ناوخۆوە دەناڵێنێت ئەمڕۆ نابێتە دەمسپی ئەم میللەتە بەستەزمانە, ئەوەتا ڕەئوف دەنکتاشی سەرۆکی بەشە تورکییەکەی قوبرس وەک ئەوەی هیچ کێشەیەک لە وڵاتەکەیدا نەبێت, دێت دەم لە مەسەلەی کورد لە تورکیا دەکوتێ و ژنە شۆڕشگێری کورد (لەیلا زانا) بەبێ عەقڵ وەسف دەکات, ناحەقی ناگرم تورک هەر تورکە جا لە هەر شوێنێک بێت, بەڵام کورد هەر کورد نییە لە سنووری یەک شاریشدا بێت, هەر کورد یەکەم کەس شایی و لۆغانی گێڕا بۆ بە تیرۆریست لە قەڵەمدانی پ.ک.ک, تورکەکان بە گۆڕی ئەتاتورک سوێندیان خواردووە دەوڵەت و قەوارەی کورد لە ئەفریکاش دروست بێ ئەوان لەناوی دەبەن, کوردیش هەر خۆی سوێندی خـواردووە گەر لە مەریخیش حکومەتی هەبێ دەبێ بیکاتە قوربانی بیری تەسکی حزبایەتی. سەرباری ئەوەی خۆمان لەناو یەکتردا بەرامبەر بەیەک دانە جیرەمانە, کاک ڕەئوفیشی هاتەسەر وەک ئەوەی دوژمنمان کەم بێت.

## بازاڕی ئازاد یان ئیستغلال؟

برادەرێکی قسە خۆشم هەیە و دنیای بە فشە گرتووە, یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە هەرگیز تووڕە نابێ, لەم ڕۆژانەدا لە ناو بازاڕ, لای دەبۆکە بینیم پڕ بە دەمی بەسەر کەسێکدا دەیشیڕاند و سوور سوور ببووەوە, پێم سەیر بوو بەو شێوەیە بینیم، چونکە ئەوە بۆ یەکەم جار بوو وا بە تووڕەیی ببینم. چوومە بەردەمی وتم کاک (...) چۆنی و بۆ وا شڵەژاویی؟, وتی کاکە توخوا ئەمە بازاڕی ئازادە یان بازاڕی ئیستغلال؟, کە ورد بوومەوە لە کێشەکەی ئەو ڕۆژە چی کڕیبوو سێ قات نرخی بەرز ببووەوە, چوو بوو بۆ نانەواش وتبووی بۆ دوو نان بە دینارێکە خۆ هەر ئاردە قوڕەکەی پاشماوەی ٩٨٦ نییە دەیکەن بەنان, پێیان وتبوو هەرئەوەیە گەر نارازیت دەمت ببەستە و نان مەخۆ, منیش دڵم دایەوە و پێکەوە ڕۆیشتین، بەڵام زانیم کورد ئەمەشی شێواند و بازاڕی گۆترەی ژێر پردەکە و مەیدانی ماستەکەیان لێکردووین بە هۆنگ کۆنگ.

## چاڵ و چۆڵی

گریمان حکومەتکەمان هەژارە و وەک جاران دەمانووت لە ئەورووپا سواڵ دەکات, بۆیە شەقامەکانمان هەروا خوارو خێچ و پڕ تاسە و چاڵ و چۆڵییە, بەڵام جۆرە چاڵ و چۆڵییەکی تر هەیە دەزگای شارەوانی هەر بەدەستی ئەنقەست دروستی دەکات, با دوور نەڕۆین باسی ئەو شۆستەیەی سەهۆڵەکە لەسەر شەقامی سالم بکەین کە لەم هاوینەوە دوو سێ جار هەڵیانکەندووە و کاشی ڕێژیان کردووە. پێش چەند ڕۆژێکیش دیسان دواهەمین کاشی ڕێژیان هەڵوەشاندەوە و سەرلەنوێ ئەو ناوەیان کردووە بە قوڕ و لیتاو, دوکاندارەکانیش دادوبێدادیانە و هیچ بازاڕیان نەماوە و مشتەرییەکانی خۆیان لە دەست داوە, بەڵام هاوڕێیەکی نزیکم باسی ئەوەی کرد لەوانەیە ئەو ئەندازیارەی ئەو کارەی کردووە شەهادەکەی علوج بێت, هاوڕێیەکی تر هەڵیدایە و گووتی لەوانەیە لە برادەرانی قبوڵ خاس بێت, بەڵام کەسێکی نەناس کە گوێی لەمقۆمقۆکەمان بوو وتی ئەرێ ئێوە دەڵێن چی حکومەتەکەمان مەزاجییە و تەواو.

## سکرتێرە خان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم وڵاتەدا نەیتوانیوە هیچ شتێک دروست بکات و بچووکترین کارخانە وەگەڕ بخات جگە لە بەرهەمهێنانی سکرتێرەی بە فیز و لوتبەرز, ئەمڕۆ هەرچی بەرپرسە سکرتێرە خانێکی لە بەردەم هۆبەکەیدا قووت کردۆتەوە, کاری سکرتێرە خان تەنیا قیژاندنە بەسەر خەڵکدا و بە فیزەوە بە خەڵک بڵێ جەنابی بەرپرس کۆبوونەوەی هەیە. ناسیاوێکمان چوو بوو بۆ (...) سکرتێرەی بەرپرس وتبووی کۆبوونەوەی هەیە, ئەویش دەڵێ لەگەڵ کێ, سکرتێرە خان لە وەڵامدا دەڵێ لەگەڵ من! ئەویش دەڵێ خۆ جەنابتان کۆندۆلیزایس نین, کاکی بەرپرس بۆ ئەوە دانراوە خزمەت بکات و چاوی بە من و یەکێکی تر بکەوێ, سکرتێرە خان لێی دەکاتە هاتوهاوار و سێ چوار پۆلیسی بۆ بانگ دەکات و شەڕی بۆ گەرم دەکات. هەقوایە حکومەتی هەرێم لە ڕێی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە ریکلام بۆ تووڕەترین و بە فیزترین سکرتێرە بکەن لە کوردستان, جا هەر بەرپرسێک لە ئەسیوپیا بێ یان لە سەنگافورە، لە ڕۆژهەڵات بێ یان ڕۆژئاوا ویستی لەم جۆرە سکرتێرانەی بۆ دەنێرین و بەم جۆرەش بازرگانی کورد لەگەڵ دەرەوە دەست پێدەکات.

## ڕۆژنامەنووسی بێ ئیش

دەگێڕنەوە لە عەیامی یەکێک لە خەلیفە موسڵمانەکاندا سوپایەکی دژە موسڵمان هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتی ئیسلامی و جەنگێکی قورس و کاریگەر ڕوو دەدات, بەڵام کۆمەڵە سۆفییەکی وشک و بێ ئاگا، لە کاتێکدا تۆپ دەیدا بەمبەر و ئەوبەری مزگەوتەکەیاندا، گفتوگۆ و کێشمەکێشی ئەوەیانە سەری دەرزییەکی درووماں چەند شەیتانۆکەیەکی پێوەیە!. هەربەم چەشنە لە وڵاتی ئێمە کە کانگای هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسییە، لە هەر چوارلای دنیاوە ڕۆژنامەنووسان ڕژاونەتە ئەم وڵاتە و زۆر لەوە زیاتریش هەندێک کەناڵی ئاسمانی نانی هەواڵەکانی وڵاتەکەی ئێمە دەخۆن. لەم لاشەوە هەندێ ڕۆژنامەنووسی بێ ئیشمان هەیە خەریکن تیر و شیر لە یەکتر دەسون و شەڕێکی بێ بناغەیان لەگەڵ یەک بەرپاکردووە, لە هەمووشی خراپتر

گەلێک رۆژنامەنووس پەیدابوون تەنیا لە هۆتێل و یانەکان و چێشتخانەکاندا رۆژنامەنووسن و دەتوانن سەرقاڵی کارەکەیان بن, تەنیا دەتوانن هەواڵی کۆنگرە و ڤیستیڤاڵەکان بگوازنەوە و هیچی تر، خۆشیان کردووە بە بارێکی قورس بەسەر رۆژنامەنووسییەوە, ئەگەر کار وا بڕوات و رۆژنامەنووسی کورد خەریکی گفتوگۆی نوکە دەرزییەکە بێ و خەریکی باوێشکدان بێت بەدیار هەواڵی رۆژنامە و کەناڵە بیانییەکانەوە ئەوا دەست لە چارەنووس و پاشەڕۆژی رۆژنامەنووسیی کوردیی بشۆ.

**-١٠-**

## ئاشی نەزان یەزدان دەیگێڕێت

نازانم بۆ بەختی حکومەتی هەرێم وایە!؟ هیچ شتێک نییە بیکات دوایی بە زیان بەسەر خەڵکیدا نەشکێتەوە، ناشزانین لە بێ ویژدانییەوەیە یان لە کاڵفامییەوە. ئەوەتا زەوی دابەش دەکەن لەبری ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بێت، داواکەی زیاتر ئاڵۆزکان، نرخی خانووی کرێ (ئەگەر هەبێت) بایی خوێنی عەشیرەتێکە. لە هەردوو ئیدارە بە گۆترە و پشتێن و گوریس زەوی دابەشکرا، تەنانەت نە بیر لە پاشەڕۆژی فراوانبوون و نە لە ئایندەی کشتوکاڵ کرایەوە، گشتی کرا بە موگناتیس بۆ راکێشانی خەڵک بەلای حزبدا یان چەسپاندن لە بۆتەی حزبدا. بەهەرحاڵ زەوی دابەشکرا لەبری ئەوەی قازانجێک بکەین دەیان زیانمان کرد، ئەگەر کار وا بڕوات مایە سەری قازانج دەخوا و بڕایەوە. حکومەت سلفەی هاوسەریی و عەقاری سەرف کرد ئەمەشیان نەک هەر بەخێر نەگەڕا بۆ هاووڵاتیان بەڵکو بوو بە سەرەتان بۆمان، ئەگەر پێش ئەو سلفە و بەزم و رەزمە خانوویەک دوو دەفتەری سەدیی تێچووبا ئەوا ئێستا بە بیست دەفتەریشەوە ناوێریت خۆت لە قەرەی خانوو بدەیت، کەواتە لەمەشیاندا هەر مایە بەتاڵیمان چنییەوە. هەنووکە خەیاڵم بەلای دوو شتدا دەچێ: یان ئەوەتا حکومەت ئاشەکەی خوای دەیگێڕێت و هیچ کارێکی بە پلان و بەرنامە نییە یان ئەوەی خۆی بەم فەوزا و حاڵەتە ئاسودەیە و حەزی پێدەکات، هەرچییەکیان بێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، خۆ خەڵکی چینەکانی خوارەوە وەک تەماتەی

ژێر پێ لەقە فلیقاونەتەوە. هەزار رەحمەتیش لە پێشینان مادام وتوویانە: ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ.

## زەمەنی گۆرانی وتن

لەو جوگرافیا دابەشکراوەی ناویانناوە کوردستان، هەر رۆژە و باوی شتێکە و سەد دەرسەدی هاونیشتمانیانی ئەو وڵاتە خووی پێوە دەگرن، پێویست ناکات بە وردیی بچمە سەر ئەو خووانە، بەڵام هەموو لە بیرمانە ماوەیەک باوی نانەوایی بوو، ماوەیەکی تریش فرۆشتنی عەمونی گەرم، دواتر هەندەران و هتد... ئەمرۆ جگە لە پۆلیسی باوی گۆرانی گووتنە. ئەوەی ئیشی نییە یان پارەی سۆسیال بەشی نەکات یان دەیەوێ لە رێی تەلەفزیۆنەوە سەلامێ بنێرێتەوە بۆ دایکی، دەست نابات بۆ هیچ شتێکی تر جگە لە گۆرانی وتن. لە هەمووشی خراپتر کەناڵە خەواڵووەکانی لەمەڕ خۆمان پێیان دەڵێن (هونەرمەند)!. خۆ ئەگەر ئەمانە هونەرمەند بن پێویستە ئەو کەناڵانە ئەرکێک بکێشن و ناوێکی تر بۆ (خالیقی، زیرەک، غولامی، رەزازی، کابان، خاڵە تاهیر، خالید رەشید، دیاری قەرەداغی) بدۆزنەوە، ئینجا نەوتوشوجاعەی هونەرمەندیی بدەن لە یەخەی ئەوانە. گەر تۆزێکیش خۆت ماندوو بکەیت و چەند کاتژمێرێک سەیری کوردسات و کوردستان تیڤی بکەیت، لەو بەناو گۆرانیانە رابمێنیت، گریانت دێت بۆ حاڵی هونەری کوردیی، یەکێک دێ قسەی ناو پاسێک دەکات بە گۆرانی، ئەویتر لە خەویدا کچێکی دیوە بۆی دەکڕوزێتەوە، یان باشترینیان ئەوەیە دەڵێ ئەگەر بتۆرێی جەڕەسی ماڵەکەتان دەشکێنم، یەکێکی تر دەڵێ پارەی تەلەفۆنەکانت بۆ نادەم، دواهەمینیان دەڵێ ئاردی بایعییەکەتان بۆ ناهێنمەوە. من لە هیچ غەم ناخۆم جگە لەوەی پاش چەند ساڵێکی تر ئەم بەناو هونەرمەندانە کە قسە دەکەن دەڵێی دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیوەوە لەسەر حسابی جەستەی بریننداری هونەری کوردیی خانەنشین دەکرێن و رێزلێنانیان بۆ دەردەچێت لە کاتێکدا بڕوام وایە هەندێکیان ئەوەندە سەقەتن حەقی سزادانیان هەیە.

## بەرپرسە شڕەخۆرەکان

نێزیکی نیوەڕۆ بوو، بەرپرسەکە بە خۆی و ئۆتۆمبیلەکەیەوە تێپەڕی منیش بە گیانی ناخێرم بە عەرەبانەکەم خۆم دا لە سەیارە پیرۆزەکەی، ئیتر هەر ئەوەندەم زانی لە هەر چوار لاوە کەوتنە لێدانم و سواری سەیارەکەی خۆیان کردم، بەڵام چونکە یەکەم جار بوو بچمە ناو سەیارەی واوە لە خۆشیدا لێدانم لە بیر چووەوە لەم دیو جامەکەوە سەیری شەقامەکانم دەکرد. بردمیانە ماڵی بەرپرس و عەیب نەبێ لە رووتان لە تەوالێتەکەدا بەندیان کردم تا دەمەو ئێوارە، ئێوارە بەرپرسەکە هاتە بەردەمم وتی تۆ چۆن هەڵەی واتکرد؟ نازانی من کێم؟ لەو کاتەدا سەرم هەڵبڕی و بۆ یەکەم جار بە دیقەتەوە سەیرم کرد، کاک (..) بوو کە کاتی خۆی بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، وتم بەڵێ دەزانم تۆ فڵانە کەسی، بە بیرت دێت جووتێک پێڵاوی لاستیکت لە پێدا بوو، جگەرەی سۆمەریشت دەست نەدەکەوت، سیگارت دەپێچایەوە؟ ئەی ئەوە نەبوو حاجی (..) پێی گووتی بۆ خۆت ناشۆیت رشک و ئەسپێ تێیداویت؟ ئەی بە بیرت نایەت ٧٥٠ فلست لێ قەرز کردم و نەتدامەوە؟ لە یادت نەماوە ماوەیەک لەودیو نیگابانیت دەکرد و ئیرەیت دەبرد بە پیاز فرۆشییەکەی من؟ ئەی ئەوە نەبوو مام خواڕەحم لە راهی خوا دەستێک کورتەک و شەرواڵی بۆت کڕی؟ ئەی شڕە خۆر! ئەی حوت! پێم ناڵێی ئەم هەموو پارە و پول و تەلار و سامانەت لە کوێ هێنا؟ هەر کە ئەمەم وت یەکسەر دەمانچەی دەرهێنا و میلی راکێشا، لەو کاتە دایکم بانگی کردم و وتی کاتی دەوامە، بەم جۆرە لەو خەوە ناخۆشە خەبەرم بووەوە، بەڵام هێشتا لەوەش دەترسم لەسەر بینینی ئەو جۆرە خەوانە لێپێچینەوەم لەگەڵ بکەن. ئەگەر زمان بیهێڵێت سەر رەحەتە.

## سەرنووسەر و سەرلەشکر

دەمەوێ بەراووردێکی سەرنووسەر و سەرلەشکر بکەم ئەگەر خوا بیکا هیچ سەرنووسەرێک نەبێت بەسەر لەشکر یاخۆ بە پێچەوانەوە، سەرلەشکر مافی خۆیەتی نەک بە مەتر بەڵکو بە دۆنم زەوی وەربگرێت، سەرنووسەر بە هەزار واسیتە و مەکرەمە ئەگەر پارچە زەوییەکی پێ بدەن! لەوانەشە ئەوەندە

دوور بێت هێندەی واق واق! سەرلەشکر چوار ژنی هێناوە و دوو سکرتێرە و دەیان عەشیقەی هەیە، سەرنووسەر بەدەم برینی دابڕان و عەشقی ناکامەوە دەتلێتەوە یان ئەگەر هاوسەریشی هەبێت هەژاریی بۆتە درکی مەم و زینی نێوانیان. سەرلەشکر مشکی و جامانە تێکەڵاو دەکات و بەیانیان مرەبا و قەیماغ دەخوا و ئێوارانیش ناسکترین گۆشت و بە ئاوی ئاسایی دەڵێت ئاوی فەل، سەرنووسەر بەیانیان نان و چا، ژەمەکانی تریش فەلافل یان لەفەی جگەر دەخوات، چونکە نازانێت بە ئاوی دلۆپێنراو دەڵێ ئاوی (تۆپێنراو). سەرلەشکر بە فیزەوە بەسەر زەویدا دەڕوات و کەژاوەی ئۆتۆمبیلەکانی لە ژماردن نایەن، سەرنووسەر بەیانیان بە پا دەڕواتە دەرێ و ئێواران درەنگانێک بە تەکسی دێتەوە، بەڵام لەسەر ٢٥٠ دیناری چاپی نوێ لەگەڵ شۆفێرەکە بە شەڕ دێت. منداڵی سەرلەشکر ئەڤەلۆن و مۆنیکای پێیە، منداڵی سەرنووسەریش شیش و ویل. ژنی سەرلەشکر بەقەد ژنی هەموو هیندستان جلی هەیە و دوو کیلۆ ئاڵتونی پێوەیە، ژنی سەرنووسەر جل دەخوازێ بۆ ئاهەنگ و دوو میسقال ئاڵتوونەشەکەی بۆ کرێ خانوو دەفرۆشێت. بە کورتی سەرلەشکر لە بەهەشت دەژی و سەرنووسەرسش لە دۆزەخ و لە چینی هەرە خوارەوەی کە سەقەرە، بەڵام ئاگادار بن هەموو سەرنووسەرێک نا.

## تیپی زەیتونە

لە دڵەوە وەک تەزوو خۆشی دەهات بە گیانمدا کاتێک دیمەنە جوانەکانی خزمەتی تیپی زەیتونی سوپای کۆریام لە دەشتی هەولێر دیت. بەچاوی خۆم دیم (کۆلۆنیل)ێک جووتێک پێڵاوی خستە پای قوتابییەک، ئەفسەرێک پاڵی دەنا بەعەرەبانەی منداڵێکی کەمئەندامەوە. بە چاوی خۆم دیم چۆن بە پەرۆشبوون بۆ فریاکەوتنی کەمئەندامان و نەخۆشان، چەند دیمەنێکی جوان بوو ساتێک دیم بە سێ پێی و مەریوانی و شێخانی بە جلوبەرگی کوردییەوە هەڵدەپەڕین، چەند ئاسودە بووم لەو کاتەی دەمدی دەیانەوێ تەکنۆلۆژیای خۆیان بگەیەنن بە کورد، ئەوە لەو هەموو نمایشە جوانانەی کۆنغ فۆ و کاراتی و سەمای میللی بگەڕێ. ئەوان تاکە کەسن دروشمیان ئەوە بێت (ئێمە دۆستانین) و وتەکەی

خۆیان بردبێتە سەر. کۆرییەکان وێنایەکی جوان و بێگەردیان لە خەیاڵدانماندا وەرگرتووە، ئەوان نە ئیمپریالیستن نە پێویستیان بە شاخەکانی کوردستانە، ئەوەندەی بزانم ئەوان مرۆڤدۆستن، ئەوان ویژدانی خۆیان بەو کارانە ئاسوودە دەکەن، ئەمە تاکە سوپایە بەو نەرم و نیانییە مامەڵەیان لەگەڵ کورد و سروشتی کوردستان کردبێت، بەڵام خۆزگە بەرپرسانی لای خۆشمان هێندەی ئەو سەربازە بێگانانە بە دەنگ ژیانی هاووڵاتیانی خۆیانەوە بهاتبان، خۆزگە ئەوان لە بورجی عاج بهاتبانە خوارێ و ژیانی خەڵکیان بدیبا لە بیری ئیرتوازیدا، ئاخۆ رۆژێک دادێ بەرپرسەکان سەر بۆ منداڵێک بچەمێننەوە یان بەو خاکێتییەی ئەو سەربازانە مامەڵە بکەن؟ هەرچەند ئێمە داوامان نەکردووە (گاندی) بن، بەڵام ئایا نموونەی (ماری ئەنتوانێت) نابن لە کاتێکدا هەموو گەلی فەرەنسا داوای نانیان دەکرد، چونکە لێیان تێنەدەگەیشت بە سەرسوڕمانەوە دەیووت بۆ کێک ناخۆن؟ ئایا کۆرییەکانیش تووشی نائومێدیی ناکەین؟ با وەڵامەکەی بمێنێت بۆ داهاتوو.

## -١١-

## هەڕەشەی یاوەر

دوا بە دوای ئەو زنجیرە ئاکسیۆن و کەمپینەی بزووتنەوەی ریفراندۆم لە سەرەتای ئەم مانگەدا بەرپێخست، لەو میانەدا رۆژی ١٠/٢ میتینگێکی جەماوەریی لە شاری سلێمانی بە بەرزکردنەوەی پەرچەمی کوردستان سازدرا، لە بەرچەکرداری ئەم کەمپینەدا (غازی یاوەر)ی سەرۆکی کاتی عێراق هیستریای گرتی و هەڕەشەی لە هەموو ئەوانە کرد مەترسی دەخەنە سەر یەکپارچەیی عێراق و رایگەیاند بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە بەرەنگاری هەموو خەڵکانێکی جوداخواز دەبنەوە، ئەم هەڕەشەیە زەنگێکی مەترسیدار بوو یاوەر بە گوێی کوردیدا دا، مەخابن کورد زیاد لە عەرەب کاری بۆ خستنە سەر تەختی یاوەر کرد، (یاوەر)ی نمەک حەرامیش لە بری ئەوەی چاو لە تیرۆریستان بز بکاتەوە هەوڵی ئەوە دەدا سیخوڕمە لە کورد بدات، با ئەو پرسیارەش لە (یاوەر) و هەموو هاوڕێ شۆڤێنییەکانی بکەین ئایا کورد مەترسی و هەڕەشەی پلە یەکە یان قاعیدە و پاشماوە سەدامییەکان و ئەبو موسعەب؟ .

## فێستیڤاڵی عێلی جاف

بۆ جاری دووەم فێستیڤاڵی عێلی جاف ساز درا، بەڵام ئەم جارە فێستیڤاڵەکەیان بردە شاری هەولێر، بە قسەی برادەرێک کە خۆی بە نووسەر و ڕۆماننووس دەزانێت، دەیانەوێت عەشیرەتی جاف لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی بگونجێنن!. یان بە مانایەکی تر دەیانەوێت لە کارگەی خێڵدا تاکی مەدەنی و دیموکراسیخواز بەرهەمبهێنن!!. ئەمەشیان ئەوەندە پێچەوانەیە بە واقیع و بە سروشتی خێڵ هەروەک وەک ئەوە وایە بڵێی (مەلای شیوعی) یان (شیوعی موسڵمان) و (جولەکەی سۆفی) هتد.. خێڵ لە سەردەمێکدا پێوەندێکی گشتیی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە بوو، مرۆڤی خێڵەکی بە میکانیزمی خێڵ خۆی لە مەترسی و هەڕەشە و دڕندایەتی مرۆڤەکانی دی دەپاراست، بەڵام لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆ و لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا لەڕێی یاساوە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزرێت. جا نازانین لە پشتی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانەوە چ بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی و سیاسیی و هەتا حزبیش راوەستاوە؟ والله یعلم.

## خوێنی مێشوولە

دەگێڕنەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکاندا، کۆمەڵێک لە خەڵکی عێراق بە مەبەستی حەجکردن دەچنە مەککە، لەوێ دەچنە زیارەتی (حەسەنی بەسری) خواناس، لێی دەپرسن ئایا بە پێی شەریعەت ئەگەر مێشوولەیەک بکوژێت حوکمی خوێنەکەی چییە؟!، ئەویش بەم پرسیارە زۆر قەڵس دەبێ و دەڵێت ئەی نەفامینە ئێوە سڵ لە کوشتنی (حەسەن و حسێن)ی کچەزای پێغەمبەر ناکەنەوە کەچی پەرۆشی خوێنی مێشوولەن!. ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرۆشی خوێنی مێشوولەیە، حکومەتی سلێمانی بڕیارێکی جیددی دا بۆ شۆفێران کە پێویستە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا خۆیان ببەستنەوە، ئەگینا سەرپێچیکاران تووشی سزای یاسایی دەبنەوە، ئەم بڕیارە هەنگاوێکی ئیجابی و هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی یاسا و سەروەرێتی دەسەڵاتی یاسا. بەڵام ئەی چی وای لە حکومەت کردووە بێدەنگی هەڵبژێرێت لە بەرامبەر کێشەیەکی گرنگی وەک کێشەی هەردوو کۆمپانیای مۆبایلی ئاسیا و سانا؟!. ئاخر من

تاوانم چییە دەنگم ناگات بە خۆشەویستەکەم لە سنووری ئەم شارەدا؟ ئاخر خەڵکی ئەم وڵاتە هەر بەهۆی مۆبایلی سانا و ئاسیاوە دەنگی دەگاتە مۆزەبیق و دوورگەی واق واق و بنی دنیا، کەچی ناتوانن پەیوەندیی بگرن لەگەڵ گەڕەکی هەوارەبەرزە و تووی مەلیک!.

**بەردەوامی رۆتین**

پاش ئەوەی ئیدارەی سلێمانی پرۆسەی پاکسازیی و چاکسازیی دەستپێکرد، کە بەداخەوە لە پێشدا رۆژنامە سەربەخۆکانی گرتەوە، مینحەی میدیای ئازاد بووە قوربانی ئەو سیاسەتەی ناویانناوە پاکسازیی و چاکسازیی، بەڵام لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکاندا رۆتین رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ، هاوڕێیەکم چوو بووە فەرمانگەیەک بەمەبەستی واژۆیەک، بێ هیچ موبالەغەیەک ٣ کاتژمێر و ٤٧ دەقیقە چاوەڕوانی کردبوو، بە هۆکاری ئەوەی دوو کارمەندی پەیوەندیدار بەو واژۆوە ژوورەکەیان بەجێهێشتبوو، وا بزانم لە ژوورێکی تر خەریکی نوکتە گێڕانەوە بوون. گەر بچیتە بەشێک لە فەرمانگەکانی ئەم شارە زۆر بە روونی دەبینی جاری وا هەیە فەرمانبەرەکان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر نۆکاو دەخۆن، جاری وایە گوڵەبەڕۆژە دەکرتێنن، لەوەش خراپتر هەندێ فەرمانبەری ئافرەت هەن دەرگای ژوورەکانیان دادەخەن و ماکیاژی سێهەمی ئەو رۆژەیان نۆژەن دەکەنەوە. زۆرجاریش ئەگەر فەرمانبەرێک کێشەیەکی سۆزداریی یان کۆمەڵایەتی و خێزانی هەبێ ئەوا بە مەزاجی خۆی کارەکانت بۆ چەند رۆژێک دوا دەخات یان دەچیت بۆ فەرمانگەیەک بۆ لای بەڕێوەبەر یا بەرپرسێک دەڵێن کۆبوونەوەی هەیە، باوەڕتان هەبێت حەوت رۆژ چوومە فەرمانگەیەک بۆ بینینی بەڕێوەبەرێک هەر حەوت رۆژەکە نەیانهێشت چاوم بە چاوی بکەوێت گوایە کۆبوونەوەی هەیە، جا ئەگەر کار وا بڕوات کێشەی (کۆبوونەوەی هەیە) سیل بە هەمووان دەکات و رۆتین سەری یەک بە یەکمان دەخوا و تووشی جەڵتەی دڵ دەبین.

## پلیكانەی عیادە

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە چایخانەیەک دانیشتبووم، سەرگەرمی خوێندنەوەی رۆژنامەیەک بووم، پیاوێکی بە ساڵاچووی عەینەک لە چاوی جەمەدانی لەسەر. لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، لەناکاو وتی ئەرێ مامۆستا گیان جەنابتان نووسەرن؟ وتم نا، رۆژنامەنووسم. وتی: مامۆستا گیان بۆچی لەسەر دکتۆرەکان نانووسن و بۆچی فشاریان بۆ ناهێنن تا لە بورجی عاج بێنە خوارەوە؟. هەروەها وتی: من دوێنێ چووم بۆ عیادەی دکتۆر (....) بەڵام بە ٤٩ پلیکانە گەیشتمە شوێنەکەی، باشە توخوا نەخۆشت بینیووە بتوانێت بە ٤٩ پلیکانەدا سەربکەوێت؟ بە خوا گەنجیش تیایدا بە هیلاک دەچێت. ئەوجا دکتۆرەکان خۆیان لێ بووە بە سوڵتان مەحمود و وا دەزانن لەبەرئەوەی دکتۆرن مافی ئەوەیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان نرخی پسوڵە گران بکەن. جا لە زمانی ئەو پیرە پیاوەوە داوا لە دکتۆرەکان دەکەین لە بورجی عاج بێنە خوارێ، هەم عیادەکانیان بهێننە شوێنی گونجاو، کە نەخۆش نارەحەت و ماندوو نەکات، هەم بە ویژدانەوە نرخی پسوڵە دیاری بکەن. ئەگەر نا رۆژێک دادێت خەڵک وەک چۆلەکەی ناو هێلانە ملتان دەگرێت و داتاندەگرێتە خوارەوە و پەژیوانیش دادی کەستان نادات.

—١٢—

## گرەنتی (زەمانەت)

لە مێژە وتراوە وڵاتەکەمان مەملەکەتی قەزاو قەدەرە و هەرچی زەمانەتێکی ژیانە تیایدا نییە، بۆ ئەوەی بژیت دەبێت بەسەر قەدەرەکاندا زاڵ بیت و ژیان لە قورگی شێردا دەربهێنیت، ئەگەرنا کەسێک نییە گرەنتی ژیانت بکات. حکومەتە عەنتیکەکەشمان ئەوەی بەلایەوە گرنگ نییە ژیانی هاووڵاتیان و گرەنتیکردنی ئەو ژیانەیە، لە هەفتەی رابردوودا بە چرپی دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە (سارس) بە پۆست گەیشتۆتە دەڤەرەکەمان، نازانین ئەو دەنگۆیە راست بوو یان هەوڵێک بوو بۆ شکاندنی نرخی مریشک لە بازاڕەکاندا بە مەبەستی زیاندان لە خاوەن دەواجنەکان کە بەڕاستی تا دوا سنوور چاوچنۆکن و هەندێکیان شەو تا بەیانی دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانی کراس رەش

بۆ مریشکەکان لێدەدەن بۆ ئەوەی نەخەون، زۆر بخۆن و زوو قەڵەو ببن و ببنە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ خاوەن دەواجنەکان. گەرەکمە بێژم گەر نەخۆشی سارس بڵاو بێتەوە حکومەت چۆن زەمانەتی ژیانی هاووڵاتی دەکات، خۆ هەموو کۆمەڵگەی ئێمە بەرگەی ٧٠ دانە ڤایرۆسی سارس ناگرێت، جا دەستی دوعا و نزا بۆ ئاسمان بەرز دەکەینەوە و دەڵێین خودایە دوورمان بگرە لە ئەنفلۆنزای باڵندە و ئەنفلۆنزای حکومەتی هەرێم.

### قەیرانی پەترۆڵ

لە خوا بەزیاد بێت وڵاتەکەمان لەسەر ئۆقیانووسی پەترۆلە و هەر ئەو پەترۆلە لەعنەتییە بۆتە مایەی کلۆڵی و بەدبەختیمان و لەوەتەی ئەو شلە نەفرەتییە لە وڵاتەکەماندا دۆزراوەتــەوە، بۆ تەنیا خولەکێک ئیسراحەتمان نەکردووە و بەردەوام لە شەڕی داگیرکەرانی نەوت و پەترۆلدا بووین، ئەمە هەمووی بەلایەک و ئەو قەیرانەی هەفتە نا هەفتەیەک بەرۆکمان دەگرێت لەلاکەی تر، کە بۆ پانزە لیتر بەنزین دەبێت شەو تا بەیانی لە بـەردەم بەنزینخانەدا بخەویت، ئەگەر بە کوفر نەنووسرێت لەسەرم، گومانی ئەوە دەکەم نەوتەکەی ئەو شیوەی لای کۆیە کە جاران بەنزینی عادی لێ دەردەهێنرا ئاودیوی ئێران یان لایەکی تر دەکرێت. بەڵام سەیر لەوەدایە ئەو ئەزمەیەی لە سلێمانی دروست بووە لە هیچ شارێکی تردا بوونی نییە، بەڵام کاکی برا لەوانەیە خاڵە مەسئولێکی خاوەن بەنزینخانەش دەستی لەم ئەزمەیەدا هەبێت.

### غەواریش تیرۆریستە

کەم کەس هەیە بۆ کاتژمێرێکیش بێت بە دیار نمایشەکانی هونەرمەندی ناسراوی عەرەب (دورید لەحام)ەوە دانەنیشتبێت، هیچکامیشمان نییە ئیعاجی لە بەرامبەر ئەو لە رۆڵی (غەوار)دا دەرنەبڕیبێت، بەڵام چەند رۆژێک لەمەوپێش لە یەکێک لە رۆژنامە لۆکاڵییەکاندا خوێندمەوە (دورید) ئارەزووی بەردەفرکێ دەکات و ئیعجابی خۆی بەرامبەر گروپی تیرۆریستی (حزب الله)ی لوبنانی دەربڕیوە و ئیسرائیلیش بەم هەڵوێستە نیگەران بووە و ناڕەزایی بۆ UN بەرز

کردۆتەوە، چونکە ناوبراو ئێستا لەو ڕێکخراوە کاردەکات، جا منیش لەگەڵ کاک (پۆلا سەعید)ی نووسەردا دەڵێم لە سینەی هەر عەرەبێکدا دڵێکی شۆڤێنی و تیرۆریست ترپە ترپیەتی، خاک بەسەریشمان ئەگەر ئەمە حاڵی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی عەرەب بێت، وای بۆ مریەم لە تاو ڕەشۆک و مێشک ژەنگاوییەکانیان.

## نەتەوەیی عەیارە بیست و چوار

ئەوە کاری من نییە ناو و ناونیشانی هیچ کەس دەستنیشان بکەم، بەڵام برادەرێک دەناسم، خاوەنی سەرتاشخانەیە و من شەش ساڵێکە لای ئەو سەر دەتاشم، لەناو دوکانەکەیدا وێنەی پێشەوا قازی و شێخ مەحمود و دوو ئاڵای کوردستانی هەڵواسیوە، سەروبنی زمانی هەر باسی کوردایەتی و نەتەوەخوازییە و هەمیشە لە ئاخاوتنەکانیدا فرمێسکی تیمساحانە بۆ دوا ڕۆژی گەلی کورد دەڕێژێت، ئەم هاوبیرە نەتەوەییە کە خۆی بە (بیسمارک)ی کورد دەزانێ، ئەو ڕۆژە داوام لێکرد بەشداریی لە ڕێپێوانی بزووتنەوەی ریفراندۆمدا بکات هەروەک چۆن (بسم الله) لە جندۆکە دەکەیت دیار نەما و خۆی دزییەوە، لەوەش سەیرتر ئەم هاوبیرەمان ڕۆژ تا ئێوارە و بە درێژایی ١٢ سەعات گۆرانی عەرەبی لە دوکانەکەیدا لێدەدات، هەر لە کازم ساهیرەوە بیگرە تا دەگات بە باسکال مەشعەلانی و نانسی عەجرەم. کەواتە بە ئیجازەی (ئەحمەدی شاملۆ) ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم: هاوبیری نەتەوەیی و گۆرانی عەرەبی. خواش ڕوحم بکات ئەم هەڤاڵەمان گەر ئەم ستوونە نەخوێنێتەوە لەوانەیە سبەینێ کاسکێتێکی لەوەی گورگە کەمالییەکان لەسەر بکات و فرمێسک بۆ جامانەی کوردیی بڕژێت.

## هەڵەی چاپ

هەڵەی چاپ یەکێکە لەو گیروگرفتەی گەورانەی دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ڕەنگبێ زۆربەمان ئەو بەسەرهاتە نوکتە ئامێزەمان لە یاد بێت، لە کاتی خۆیدا پرسەیەک دەچێت بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردیی و سەرنووسەرەکەی لە خوارەوەی ئەو لاپەڕەیەی پرسەکەی لەسەر نوسرا بوو، نووسیبووی ئەگەر جێ مابوو بڵاوی بکەنەوە، بەڵام پاشان ڕۆژنامەکە

دەردەچێ و لە پرسەکەدا نووسراوە دڵگرانین بە کۆچی دوایی فڵانی کوڕی فڵان، خوا بە بەهەشتی شاد بکات ئەگەر جێ مابوو. لەم ماوەیەشدا لە گۆڤارێکی کوردیدا کە لە دەڤەری ئەملا دەردەچێت لە جیاتی غەریزەی سێکس نوسرابوو (عەریزەی سێکس)، هەر چەند رۆژێکیش لەمەوپێش رۆژنامەیەک لەبری ئەوەی بنووسێ چوار ئافرەت بە نەخۆشییەکی ترسناک مردن، بە مانشێتی یەکەم نوسیبووی (چوار ئافرەت بە خۆشییەکی ترسناک مردن)، لە رۆژنامەیەکی تردا شیعرێکم بینی دووجار لە یەک لاپەڕەدا بڵاوکرابووەوە، رۆژنامەیەکی تریش قەنەفەی کردبوو بە (فەقەنە)، هەندێک رۆژنامەش ناوی پەیامنێرەکانی خۆشیان بە هەڵە دەنووسن. بێگومانیشم ئەم چەند دێڕەی بەردەستیشت بە بێ هەڵەی چاپ تێپەڕ نابێت!. رۆژنامەنووسی کورد هەقە پرسیاری ئەوە بکات ئایا هەڵەی چاپ کوشندەترە یان ڤایرۆسی سارس؟.

## -١٣-
## دەنگ کڕین

لە سایەی مەرحەمەتی دەسەڵاتدارانی کورد و داهێنانە تەکنۆلۆژییەکانی حکومەتی هەرێم هەر رۆژە و جۆرە کاسبیەک بازاڕی گەرمە و دەبێتە پیشەی بەشێک لە خەڵکی مشەخۆر و هیچ لەباردا نەبوو. لە دواهەمین نوێگەریی پارتی و یەکێتی لە بواری کاسبیکردندا کە پاروویەکی چەوری بۆ گەلەک خەڵکی بێ مەبدەئو بێ هەڵوێست دەستەبەر کردووە، ئەویش کڕینی دەنگە بۆ هەڵبژاردن، لەوەش سەیرتر دەڵێن لایەنێکی سیاسیی سەرقاڵی دروستکردنی فەوجی خەفیفە (ببوورن جاش)ە، سێ مانگیش موچەی پێشەکی هەروەک پێشەکی خانوو دەبەخشێتە ئەم جۆرە خەفیفانەی بوونەتە فرۆشیاری مەبدەئو بیروباوەڕ. بازاڕی سیاسیی ئەم وڵاتەش جمەی دێت و هەر حزبە و فرکان فرکانی ئەوەیەتی خەڵک بە پارە ئیغرا بکات. هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بۆی گێڕامەوە پارتێکی سیاسیی لە شارۆچکەیەک ماکسی ژنانەی دابەش کردووە، هاوڕێکەم ئاماژەشی بەوەدا رەنگی ماکسییەکان لە هەمان رەنگی ئاڵای حزبەکە بوون، لە خواش بەزیاد بێت لە دوای راپەڕینەوە و لە سایەی ژیریی و بیر

تیژیی پارتەکانمان مشەخۆرەکان بێکار نابن، هەر ڕۆژە و بە شێوازێک تێریان دەکەن. بە داخیشەوە لە بری ئەوەی خەڵک ویژدان بەکاربێنێت لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی لیستەکاندا کەچی گیرفان بەکاردێنێت، کێ گیرفانی پڕ بکات ئەوا سندوقەکەی بۆ پڕ دەکات لە دەنگ. دانیشن لەسەر خێر.

## کۆمۆنیستی فەل

لە ئەنجامی فـەزای دوای ڕاپەڕینـەوە هەندێک حزبۆچکە وەک قارچک بەشێوەیەکی نائاسایی هەڵتۆقین و بە زۆری زۆرداریـی خۆیان کردە کەوا سـووری بـەر لەشکری سیاسەت و حزبایەتی لـەم وڵاتـەدا. یەکێک لەوانە دەستەیەک بەکرێگیراویی هەندێ ئاغای فارسن کەوا بزانم لەم ماوەیەدا تەلاقیان داون، ئەویش گروپی کۆمۆنیستی کرێکارییە کە بۆ زیادکردنی ژمارەی حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی دنیا بۆ هەشت ناوی خۆیان ناوناوە حزب. ئەم هاوڕێیانە بە پێچەوانەی میزاجی گەلی کوردەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و گۆڕانکارییەکان دەکەن، تا دوێنێ بوو ئەوان شیوەن و باوکەڕۆیان بۆ چارەنووسی کوردستان دەکرد و دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان بە منەت پێ دەفرۆشتینەوە، بەڵام بە قودرەتی قادر سەد و هەشتا دەرەجە بایاندایەوە و ئێستا داکۆکی لە تەعریبکردنی کەرکوک دەکەن و سەربەخۆیی کوردستانیش بە شەرمەزاریی دەزانـن، تەنانەت پێیان شەرمە بڵێن کوردستان لە هەمان کاتدا حزبەکەیان عێراقییە وەک ئەوەی عێراق نیشتمانی ئەوان بێت لە کاتێکدا سەرکردایەتی و دار و بەردیان کوردن. ئەم برادەرانە ماوە نا ماوە بەیاننامە و یاداشت بۆ پاڵپشتی عەرەبی دە هەزاری بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن کەرکوک شاری هەمووانە و شوناسی ئینسانی هەیە، مادام ئەم برادەرانە ئەوەندە مرۆڤدۆستن هەق وایە لە بەغداد کە ملیۆنێک کوردی تیادا دەژی بڵێن ئەمە شاری عـەرەب نییە و شوناسی ئینسانی هەیە، جا هەر کاتێک توانیان ئەمە بکەن ئەوا با بێن لە کەرکوکیش هەمان قسە بکەن.

## قەرەباڵغی

دراوسێ کۆنەکەمان تا پێش پرۆسەی ئازادیی لادایەکی حەفتا و حەوتی هەبوو، نزیکەی دوو سێ مانگ بەر لە پرۆسەکە، رۆژێک لەلای زاڵگەی تاسڵوجە ئۆتۆمبیلەکەی پەکی کەوتبوو، ئەویش لە تووڕەبووندا خەریکبوو بە بەنزین بیسوتێنێت، بەڵام دواتر خۆی بە پاس هاتەوە شار و لاداکەی بەجێهێشتبوو، خێرەوەمەندێک لە رای خوا بۆی هێنا بوووە بۆ سلێمانی، کوڕەکانیشی کە ژمارەیان پێنجە هەموویان عەرەبانەیان هەبوو، بەڵام لە پرۆسەی ئازادیی عێراق بەزیادبێ بوونەتە ساحێبی پێنج ئۆتۆمبێلی علوج و دانەیەکی رەسەن، ئەگەر بیانەوێت سەردانی ماڵە ناسیاوێک بکەن هەر شەش ئۆتۆمبیلەکە وەک کەژاوەی بووک بە دوای یەکدا دەڕۆن، زۆربەی جار خەڵک لەبەریان را دەکات وا دەزانن بەرپرسێکی ناودار یان وەزیرێکی حکومەتە. جا چۆن قەرەباڵغی دروست نابێت ئەمە نموونەیەکە لەلای من و رەنگە لای تۆش دەیان نموونەی تر هەبێت، ئەگەر لەمەش بگەڕێی ئێستا ئەگەر ئۆتۆمبێلت پێ نەبێت نە کەس حیسابت بۆ دەکات نە کەسیش شووت پێ دەکات، بۆیە بەدەرزەن گەنجی ئەم وڵاتە لە پێشانگاکان سەرقاڵی کڕینی ئۆتۆمبیلن، چونکە لە جیاتی بڕوانامە و هەموو شتێکی تر بەکاریدەهێنن، ئەگەر کار وا بڕوات ئەوە یابان و ئەڵمانیا هەر فریای دروستکردنی ئۆتۆمبیل دەکەون، ئەویش بینێرن بۆ ئێمە، ئێمەش بەکاریدەهێنین بۆ پۆز و باڵ فشکردنەوە پێی هەروەک ئەوەی خۆمان دروستمان کردبێت، ئیتر هیچمان نە بەزەییمان بەم وڵاتەدا دێتەوە و نە خەمێکیش لەو قەرەباڵغییە دەخۆین بە تەواوەتی بێزارکەر و تاقەت پڕوکێنە.

## دەرۆزەی پۆست مۆدێرن

دەرۆزە چەند جۆرێکە و هەر کەسەو لەژێر بڕوبیانوویەکدا دەیکات، هەیە کەمئەندامبوون دەکاتە بیانوو، هەیە پیریی و ..هتد، هەیە بەشێوەیەکی کاتی ئەم کارە دەکات و هەیە کردوویەتی بە پیشەی هەمیشەیی، لەبەرئەوەی بە خۆم زۆر لە بازاڕدا ژیاوم و شارەزام چۆن دەرۆزە دەکەن و زۆریشیان ئەوەندەم بینیون دەیانناسمەوە و جار جاریش هەندێکیان دەدوێنم، بەڵام جۆرێکی نوێ لە

دەرۆزە پەیدا بوو حەق وایە بە پۆست مودێرن ناوزەدی بکەین، ئەگەر دەتەوێ بزانیت ئەو جۆرە چۆنە گوێ لەم چیرۆکە بگرە!. ئیوارەیەکی باراناویی بوو ژنێکی باڵا ناوەندیی بە ستریچێکی تەسک و عەینەکێکی رەش و جانتایەکی هەنگارییەوە هاتە بەردەمم و پێی وتم: بەڕێز من بەڕێوەبەری قوتابخانەم لە قەزای (..) و پێویستم بە پێنج هەزارە، پارەم لێ براوە و دەمەوێ بڕۆمەوە. منیش بێ هیچ مجامەلەیەک دەستم بە باخەڵمدا کرد و ئەو برەی داوای کرد دام پێی. هەریەک دوو رۆژ دوای ئەوە و هەر کەس و بە هەمان جۆرە جلەوە هاتە دوکانێکی CD فرۆشتن و هەمان داوای لە خاوەن دوکانەکە کرد و ئەویش جەرگی بۆی سووتاو پێنج هەزار دیناری دایە. ئیتر بەم شێوەیە زانیم ئەمە جۆرێکی نوێیە لە دەرۆزەکردن، بەڵام جۆرێکی لێزانانەتر و پڕ بەرەکەتتر، جا کەسێک نەمرێ و لەم وڵاتەدا بمێنێتەوە هەزاران شتی وا دەبینێت، چاوەڕوانی رۆژانی داهاتووشین.

## کرێ پاس

هاوڕێیەکی هونەرمەندمان کە زۆر نییە لە سوێد گەڕاوەتەوە باسی ئەوەی کرد ئەگەر لە سوێد بەبێ تکت سواری پاس یان شەمەندەفەر بیت خەڵکی سوێدیی ئەوەندە ناسکن لە روویان نایە داوای پارەت لێبکەن، ئەمە یەکسەر ئەوەی بەبیر هێنامەوە رۆژێک لەگەڵ کچێکی هاوڕێمدا سواری پاسی یەکێک لەو گەڕەکە میللیانە بووین بەمەبەستی سەردانی هاوڕێیەکی نەخۆشمان. لە ناکاو شۆفێری پاسەکە هاواری کرد (١٥٠) دینار دیار نییە، هەموو نەفەرەکان هەستیان بە ئیحراجییەکی زۆر کرد و ئەویش هەر بەردەوام بوو لە هاتوهاوارکردن، لەولا ئێمەوە کوڕێکی گەنج وتی کاکە چەند نەفەری تێدایە وتی ٢٢ بەڵام پارەکە ٢١ دینارە بە دینارە کۆنەکە، ئیتر کاکی شۆفێر دەستی کرد بە ژماردنی نەفەرەکان، بەڵام یەکەم کەس لە خۆیەوە دەستیپێکرد و خۆیشی بە نەفەر حیساب کرد! هەر ئەو کوڕە گەنجە وتی برا گیان ئەوە تۆ خۆیشت بە نەفەر داناوە و دەتەوێ کرێی پاس لە خۆیشت وەربگریت؟، ئینجا کاکی شۆفێر تێگەیشت خۆی بە هەڵەدا چووە و نەفەرەکان هەموویان کرێی خۆیان داوە، بەڵام لە هەمووی ناخۆش

ئەوەبوو کاکی شۆفێر لەبری ئەوەی داوای لێبوردن بکات کە مەشاعیری ٢١ کەسی بریندار کردووە، بە دەم قاقایەکی ناخۆشەوە پێی پیانا و ئۆتۆمبیلەکە رۆیشت.

**-١٤-**

## سلێمانی هەمیشە بەهارە و هەولێریش پایز

دوو زلحزبەکە نەک جوگرافیای کوردستان و دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە، بەڵکو فەرهەنگ و زمان و زاراوە و رەنگەکانیشیان دابەش کردووە، زمانی ئاوایی ئەمبەر جوداترە لەوەی ئاوایی ئەوبەر، زاراوەکانی دەڤەری ئەولا لەگەڵ دەڤەری ئەملا جیاوازییان نێوان ئاسمان و ریسمانە. ئەم دوو حزبە دەسەڵاتدارەی کورد یەکێکیان دەڵێت قوتابی و ئەویتریان پێی دەڵێت خوێندکار، لە دەڤەری ئەملا دەڵێن ریفراندۆم، لەولا دەڵێن راپرسی، لێرە ناوی رێکخراوە جەماوەرییەکان بە پێشگری (یەکێتی) دەست پێدەکات بەڵام لەوێ بە سەندیکا، ئەم دوو حزبە ئەم جوگرافیا کەمەیان کردووە بە دوو لەتەوە لە هەموو روویەکەوە. پارتی و یەکێتی لە جیاتی خۆجیاکردنەوەیان بە هێڵە فیکریی و پرەنسیپییەکان، لە بری خۆجیاکردنەوەیان بە خزمەتکردنی جەماوەر، بەم شتە بێمانایانە خۆیان لە یەکتر جوێ دەکەنەوە، لە هەموو ئەمانە بێ ماناتر و پڕ و پووچتر دابەشکردنی رەنگەکانە، ئەگەر سەیری شاری سلێمانی بکەین سەوز دەچێتەوە و هەمیشە بەهارە، بە پێچەوانەشەوە هەولێر زەرد دەچێتەوە و لەوێ وەرز هەمیشە پایزە!، پرسیار دەکەین ئایا لە کاتی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە رەنگ و زاراوە و زمانیش ئاشت دەبنەوە یان نا؟.

### شێخ جەعفەر و حکومەتی هەرێم

جەعفەر بەرزنجی تاوانبار، خوا پێم نەگرێت هەر پارتە دڵسۆزەکانی خۆمان ناردوویانەتە دەرەوەی وڵات و لە رق و تووڕەیی خەڵک رزگاریان کرد، ساڵانێکی زۆر پارێزگاری سلێمانی بوو، شێتێکی سلێمانی بەبێ هیچ ژیرییەک لە کەموکورتی حکومەتی هەرێم تێگەیشتووە و دەڵێ جاران ئەو جەعفەرەی

پێیان دەوت شێخ چۆپی، بیست و چوار سەعات سەرخۆش بوو، کەچی لەم حکومەتەی ئەم شارە و پانزە وەزارەتەکەی کارەکانی باشتر بەڕێوە دەبرد. من نالێم کارەکانی شێخ جەعفەر باش بوون، بەڵام توانیبووی کۆنترۆڵی شار بکات، کەچی ئەم حکومەتە کە قەڵەمڕەوەکەی لە سنووری شارێک تێپەڕ ناکات ناتوانێ بە مونسەجیمی کاروبارەکان ببات بەڕێوە، خەڵک هەموو دادوبێدادیانە لە دەست گرانی و بازاڕی رەش، خەڵک هەموو گیریان خواردووە بەدەست نەبوونی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی و شوێنی نیشتەجێبوون، حکومەتێک لە تاکە شارێکدا نەتوانێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری پراکتیزە بکات رەنگە نەتوانێت ببێت بە هیچ! داخۆ دەبێت ئێستا چەند سەد کەس دەست بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە و بڵێ یاخوا ئەم حکومەتە نەبێت بە هیچ؟، چونکە جارێ هیچ نییە وامان لێدەکات ئەی ئەگەر خوا نە خواستە بوو بە شتێک دەبێت چی بکات؟ ئەوکات خوا هەر خۆی روحم بکات.

## پاڵەوانە کارتۆنییەکان

یەکێک لە دیاردە نێگەتیڤەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتە بە ناخی هەموو کایە جوداکاندا، دەسەڵاتی سیاسیی لەم جۆرە کۆمەڵانەدا هەموو شتێکە، خەڵات دەدات بە یەکێک و یەکێکی تر دەباتە بەردەم پەتی سێدارە. لە کوردستان یەکێک لەو میراتانەی لە بەعسەوە بۆ پارتە کوردییەکان بەجێماوە ئەو خەڵاتانەیە زۆربەی جار حزب و سەرکردە دەیبەشێتەوە بەسەر هونەرمەندان و نووسەراندا، ئەوانەی بە شان و باڵی حزب و سەرکردەدا هەڵدەدەن. هەیانە لە رۆژنامەی (هاوکاری) ستوونی بۆ قادسیە و (بابە سەدام) نووسیوە، ئێستاش لەسەر هەمان پیشە بەردەوامە و زورناژەنی شەڕی ناوخۆ بووە. ئەمڕۆ وەک نووسەر و هونەرمەندی (گەورە)ی گەلەکەمان میدالیای بە سنگەوە دەکرێ و خەڵات دەکرێ، هەیە کچی کوردی دەبرد بۆ تکریت بۆ پێشوازیکردنی سەرۆکی فەرماندە (سەدام حسێن)! ئەڤڕۆ شاشەی تەلەفزیۆن لەبەر ئەو بەر کەسی تر ناکەوێ و ئۆتۆمبیلی مینا خەڵات پێ دەدرێت. هەیە کاسبیکردنی بریتی بوو لە بازرگانیکردن و ئاودیوکردنی سی دی سێکسیی بۆ

ئێران، ئەنسارولئیسلام لەسەر ئەم کارەی گرتی، کەچی بووە پاڵەوانی حزب و خەڵاتی پێدرا، بەڵام ئەو نووسەرەی بە ویژدانەوە بنووسێت، ئەو هونەرمەندەی خاوەنی داهێنان بێت مادام لەگەڵ حزب ناگونجێ دەبێت شەو لەسەر شەقام رۆژ بکاتەوە. دایکی شەهید دەبێت هەر چاوەڕوانی لەتە موچەیەک بێت! کەسوکاری ئەنفال و هەڵەبجەییەکان دەبێت هەر بە کولەمەرگی بژین و شار و گوندەکانیان هەر کەلاوە بێت!. ئافەرین و سەد ئافەرین حزبی کوردیی بۆ خۆتان و پاڵەوانە کارتۆنییەکانتان.

**بەڵێنی هەزار بەرازەکە**

کابرایەکی موبالەغەچی رۆژێ باسی ئەوە دەکات هەزار بەرازی دیوە، ئەوانەی لە دەوروبەریدان دەڵێن ئەو رێژەیە زۆرە. کابرا دەڵێ پێنج سەد دەبوو، دیسان دەڵێن ئەمەشیان هەر زۆرە، ناچار دەڵێت نزیکەی ١٠٠ دانەیەک دەبوو، لە وەڵامدا پێی دەڵێن نەبینراوە سەد بەراز پێکەوە، کابرا دەپەشۆکێت و دەڵێ ١٠ دانە دەبوو، خەڵکە پێداگریی دەکەن و دەڵێن بەراز ئەوەندە کۆک نین تا (١٠) دانە پێکەوە بن، ئەمجارە دەڵێ تەنیا یەک بەراز بوو! دواجار پێیان وت ئەم ناوچەیەی ئێمە بەرازی نییە، کابرا وتی گوێم لە خشە خشێک بوو وامزانی بەرازە!. لایەنە سیاسییەکان لەم هەڵبژاردنەدا زۆر بەڵێنیان بە خەڵک دا و بە قورئان سوێندیان خوارد خزمەتی خەڵک بکەن و دایەنگە و یاریگا و قوتابخانە و باخچە و چی و چی بکەنەوە، وتیان کوردستان دەکەین بە ئیمارات و سلێمانی بە پاریس، بەڵێنیشیان دا ئەم وڵاتە وا لێ بکەن گەر ئاوارەکانی تاراوگە هاتنەوە نەیناسنەوە، بەڵام زۆر دەترسین وردە وردە بەڵێنەکانی لایەنە براوەکان لە شارەکاندا وەک قسەی ئەو پیاوە موبالەغەچییەی لێ بێت، کە لە دیتنی هەزار بەرازەوە هاتە سەر خشە خشێک، ئەگەر وابێ ئەمە بۆ دووەمین جارە هەڵیانخەڵەتاندنین، بەڵام ئەم کەڕەتە خوا خۆمان بگرێت.

### داهێنانێکی پزیشکیی نوێ

پزیشکەکان ئیزرائیلی خەڵکی نەگبەت و رەش و رووتن، ئەوان پیشەکەیان کردووە بە پیشەسازیی قۆڵ برِین و کاسبییەکی حەرام و ئیستغلال، دکتۆرێکی کوردم نەدیوە بچووکترین داهێنان لە بوارەکەیدا بکات، بەڵکو کۆمەڵە زانیارییەک بۆ کاسبییەکەی فێر بووە و رێگەش نادەن هیچ دکتۆرێکی لە خۆیان باشتر بێتە ناو شارەکەوە، دکتۆرەکان یان بە وتە میللییەکەی قەسابەکان توانیوویانە تەنیا داهێنان لە جۆرەکانی گیرفان هەڵتەکاندن و رووتاندنەوەی خەڵک بکەن، ئەگینا نازانن پزیشکیی نوێ لەکوێیە و خەریکی چییە!!، ئەوان بۆیان گرنگ نییە چۆن پیشەکەیان دەبەن بەرِێوە، بۆیان گرنگ نییە دەرمان بەهەڵە بنووسن بۆ نەخۆش، گرنگ پارە حەیاتەکەیە، ئەمان رۆشنبیرییان لەوانە کەمترە ئاو دەکەنە بەنزینەوە و دەیفرۆشنەوە. چونکە کەس بە کارەکەیان نامرێ، دکتۆرەکان ئاستیان زۆر لەوانە نزمترە کالآ بە دوو قات دەفرۆشنەوە چونکە خەڵک دەتوانێ ئەو کالآیانە نەکرِێ. دکتۆرەکان خەتەرناکترین کاسبەکانی بازارِی کوردەوارین. بەڵام مرۆڤ نابێت ئەم داهێنانە نوێیەیان لە بیر بکات، کە بریتییە لەوەی بە نەخۆش دەڵێن فەحسەکەت دەنێرین بۆ بەغداد و زیاتر لە (٢٥) هەزار دیناری لێ وەردەگرن، کەچی فەحسەکە هەر لای خۆیان دەکرێت و چاوی بە بەغدا ناکەوێت، ئەمە نوێترین داهێنانی پزیشکییە لە کوردستان و بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی لەکۆمەڵانی خەڵکی بەستەزمان دەکەین.

**ـ١٥ـ**

### ئەمریکاش لێی داین

دڵمان بەوە خۆش کردبوو، ئیتر بۆ ئەبەد جارێکی تر باڵەفرِ لێمان نادا و خانوومان کاول ناکات و شارمان ناکاتە خەرابات و وێرانە، ئەفسوس لە شەوێکی بێدەنگدا، دەنگی بۆمب و رەشاشی باڵەفرِەکان هەولێریان شڵەژاند، لەوەش سەیرتر هاوپەیمانە گیانی بە گیانییەکەمان بوو، گوێیان لەو هاوپەیمانییە خەواند و هەولێریان لە پێش چاو گۆرِا بۆ فەلوجە و حەویجە و دیالە، لە ئاگردا لایەکی ئەو شارەیان سوور کردەوە. ئەنجامیش چەند قوتابییەکی بەستەزمانی

بەشی ناوخۆیی زانکۆی سەلاحەدین بریندار بوون لەگەڵ کەوتنەوەی زیانێکی ماددیی بێشومار بە خەڵکی شارەکە! بۆیە کورد لە ئێستاوە حازرە هەمدیسان دژە ئاسمانییەکان بخاتەوە کار، چونکە دڵنیایە لەوەی فڕۆکەکان حەزیان لە نێوچەوانی کورد نییە و دانوویان لەگەڵمان ناکوڵێ و بەوە دڵیان ئاو دەخواتەوە جاروبار بۆمب و قومبەلەی نوێمان تێگرن یان لەسەر ئێمە پڕۆڤە بکەن. خۆ ئەمەریکا بڕیاری داوە هەموو عێراق یەک بێ و جیاوازیی لەنێوان (شمال الحبیب) و زۆنگاوەکانی خوارەوەدا نەمێنێت، بەڵام ئەمەریکییەکان ئەوەیان بەکارنەهێنا بۆ ئەوەی بوودجەکەمان لە عێراق بەپێی خۆمان بێت، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کاکی کاوبۆی لەگەڵ حەویجە و موسڵ و رومادی جیاوازیمان نەکات و بە ئارەزووی خۆی بۆمبی جۆراوجۆرمان بەسەردا بتەقێنێت، هاوپەیمانییەکەشمان بەو داوای لێبووردنە ساردوسڕە ناچێتەوە جێگەی خۆی، ئیتر لە ئەمەریکاییەکانیش بەگومانین، دۆستمان نییە جگە لە چیاکان.

## زەوییەک بۆ سەدام

ئێوارە بوو تەماشای پرۆگرامی کەناڵێکی ناوخۆیی کوردستانم دەکرد، پرۆگرامەکە تایبەت بوو بە وەرگرتنی بۆچوونی خەڵک دەربارەی دادگایی سەدام و جۆری سزاکەی، لەناو هەموو وەڵامەکاندا وەڵامی ئەو پیاوە زۆر سەرنجی راکێشام، وتی پێویستە سەدام زەوییەکی بدرێتێ!، لەوانەیە زۆر کەس نەزانێ مەبەستی چی بوو؟ بەڵام من دەزانم ئەو ویستوویەتی سەدام تووشی نەگبەتی و بەڵای رۆتین و بیرۆکراتییەتی شارەوانی بکات. هەتا ئەو کاتەی زەوییەکە وەردەگرێت و تاپۆی دەکات ئەوەندەی دەهێنن و دەبەن تووشی جەڵتەی دڵ دەبێت و لە کۆڵ دنیا دەبێتەوە. من بە نموونەی برادەرێکی نێزیک پشتڕاستی وتەی ئەم پیاوە دەکەمەوە، ئەو برادەرە بۆ وەرگرتنەوەی ٦٥ هەزار دیناری چاپی نوێ لە شارەوانی سلێمانی، ١٣ واژۆی کردبوو جگە لەوەش ٩ رۆژ چووبووە شارەوانی و زیاتریش لە پێنج جار سەردانی هەریەک لە ژوورەکانی کردبوو، ببووە ناسیاوی کارمەند و فەرمانبەرەکان و ئێستا بە هیچیان غەریب نییە، ئەو هاوڕێیە باسی ئەوەی کرد خەریکبوو بۆ ٦٥ هەزار، ١٠٠ هەزاری

تێنێ، هەر باش بوو نەجاتی بوو. لە ژێر ڕۆشنایی وەڵامی ئەو پیاوە و چیرۆکی ئەم هەڤاڵە هەقوایە زەوی بدرێت بەو پەنجا و پێنج کەسەی ناویان لە لیستی داواکراواندا هەیە لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ئەگەر کراش زەوییەکەی سەدام بکرێت بە دووان.

## تەعریبی نوێ

هەموو شتێک کۆن و نوێی هەیە، لە جلوبەرگەوە بیگرە تا ئۆتۆمبیل و خانوو و پێداویستەکانی تر. تەعریبیش کۆنو نوێی هەیە، جۆرە کۆنەکە لەلایەن دەوڵەتە یەک لە دوای یەکە ڕەگەزپەرستەکانی عێراقەوە پیادە کراوە، جۆرە نوێیەکەی لەلایەن کورد خۆیەوە پیادە دەکرێت. تۆ بڵێ چۆن؟ لە وەڵامدا دەڵێم بۆ لەبەر عەرەبی ناوەڕاست و باشوور کورد هەیە خانووی کرێی بەربکەوێ؟. بۆ تەلەفزیۆنەکان بە تایبەتی ئاسمانییەکان لەبەر هونەرمەندی عەرەب و ماوەی بەرنامە عەرەبییەکان، جێگەیان بۆ بەرنامە کوردییەکان ماوەتەوە؟ بۆ ئەم شارە لەبەر عەرەب کەسی تر دەگرێ، لە هەموو ئەمانەش خراپتر مۆدیلێکی نوێی نووسینی تابلۆی سەر کۆگا و فرۆشگا و باڵەخانە و هۆتێل و چێشتخانەکانە بە زمانی عەرەبی، ئەگەر دەڵێن وا نییە من دیسان دەڵێم ناوی (دار السلام) و (دار البیضاء) و هۆتێل (بغداد السیاحی) و خواردەمەنی (النور) و کۆشکی (البیضاء) و چی و چی لەم شارەدا دروست بووە، تکایە با خۆمان ڕەوایی نەدەین بە تەعریب، ئەی بەپێی یاسای کاتی و بڕیارەکانی دەسەڵاتی عێراق زمانی کوردیی لە پەنا عەرەبیدا زمانێکی فەرمی نییە؟ ئەی بۆ لەبەر خاتری ئەو عەرەبانەی کە دێنە ئەم شارە و خواش دەزانێ بۆچی دێن، ناوی سلێمانی بکەینەوە بە (السلیمانیە)؟.

## لە هەولێر ماچ قەدەغەی قەدەغەکانە

هەولێری پایتەختی کوردستان، شارێکی فراوانە و هەرچی شت هەیە لەم شارەدا دەست دەکەوێت و هەیە، جگە لە پیاسەی دڵداران و خۆشەویستان. سیانزە ڕۆژ بە دوای یەکدا بەناو ئەو پایتەختە زلەدا گەڕام نە چاوم بە پیاسەی

کچان و کوڕان لەگەڵ یەکتر و بە جیا کەوت، نە لە پارکەکان ئاوێتەبوونی ئەم دوو ڕەگەزەم دی. بە جۆرێک خەیاڵم دەکرد خەڵکی هەولێر زۆربەیان هۆمۆسێکسوال بن، ئەی ئەگەر وا نییە ئەوە چی مانایەکی هەیە؟ نێر لەگەڵ نێر پیاسە دەکات و قسان دەکات، ئەگەر هەبێ مێش لەگەڵ مێ. ئەو ڕۆژەی چوومە پارکی هەولێر هەموو چاودێرەکان بە چاوی گومان و بێزارییەوە سەیریان دەکردم، لەبەرئەوەنا سەروچاوم لە تیرۆریست دەچێ، لەبەرئەوەی زگوردی بووم و بە تەنیا ڕێم تێی کەوتبوو، ئەو ئێوارەیە زۆر گەڕام بە دوای خواردنەوەدا، بەڵام سەرەنجام دوکانێکم دۆزییەوە و بیرەیەکی ساردم لێکڕی، بەدەم ڕێگاوە دەمخواردەوە، تا پۆلیسێک پشتە ملی گرتم و گووتی ئەوە چی دەخۆیتەوە نازانی ئەمە قەدەغەیە؟ من نەبم هەر کەسی تر بایە لێشی دەدایا!! وتم بۆ؟ ئەم جارە شڵەژا و گووتی کاکە خۆ گوێت هەیە قەدەغەیە!! وتم باشە برا گیان گریمان بیرە قەدەغەیە ئەی پیاسەی ئێوارانی کچ و کوڕ؟ دیسان گوتی ئەویش قەدەغەیە!! وتم ئەدی ماچ واتە ماچکردنێکی کچێک خۆشت بوویت؟ تەواو توڕەبوو، وتی بۆ ڕادەبوێریت؟ نازانی ئەوە گەورەترین تاوانە و قەدەغەی قەدەغەکانە و حەرامە. ناهەقم مەگرن لە سەرەتادا وتم لەهەولێر ماچ قەدەغەیە، بەڵکو عیشق و پیاسە و خواردنەوەشی لەگەڵدایە.

### شارۆن بووەتە سەرۆکی عێراق

کەس نییە نەزانێت (ئاریێل شارۆن) سەرۆک وەزیرانی چ وڵاتێکە! بەڵام لە ڕادیۆیەکی شاری سلێمانی کاکی بێژەر بە حەماسەوە وتی ئاریێل شارۆن سەرۆک وەزیرانی عێراق. لەو کاتەدا باوکم گوێی لێبوو، گوتی یاخوا پیرۆز بێت، ئێتر ئەوە شارۆن بووە بە سەرۆکمان و لە دەست عەرەب ڕزگارمان بوو!. وتمان ئەم هەڵە زەقە هەڵەی چاپە؟ ئەی چی لەو دادە بێژەرەی تر بکەین وتی ئەیاد عەلاوی (وەزیری جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق)؟ ئەگەر کەسێک بتوانێت ئەم ڕستەیە ڕێک بخات یان مانایەکی لێ دەربهێنێت، با لە ڕێی ئەدرەسی ئەم ڕۆژنامەیەوە پەیوەندیمان پێوە بکات بۆ ئەوەی خەڵاتێک وەربگرێت هیچی کەمتر نەبێت لە خەڵاتی نۆبڵ. بێژەرە نەخوێندەوارەکانمان سەرەڕای ئەو هەموو

هەڵە ڕێزمانی و زمانەوانیانە چەندین مەحمود و ئەحمەد و زەید تێکەڵاوی یەکتر دەکەن، برادەرێکیان دەیەوێت خۆی وا نیشان بدات زانیاریی زۆرە، بەڵام بە تۆتالیتاریی دەڵێ (تۆولیتاری). لە هەندێکیان بگەڕێ، کفری وا دەکەن (جاک شیراک) دەکەن بە (چاک شیراک). خوشکدەرێکی تر وتی (غازی عەجیل یارۆ) سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمە وەک ئەو مەلایەی لێ هات لە وتاری نوێژی هەینیدا وتی (خەسەن و خسێن هەرسێکیان کچی معاویە بوون). پێیان گووت مامۆستا گیان ئەوەی تۆ دەیڵێی وا نییە، چونکە ئەوە (حەسەن)ە (خەسەن) نییە، (حسێن)ە (خسێن) نییە، سیان نین دووانن، کچ نین کوڕن و کچی معاویە نین و کوڕی ئیمام عەلین. کەواتە مامۆستا گیان چیت ڕاست بوو؟.

تێبینی: پانۆراما گۆشەیەکی تەنز ئامێزی دووهەفتانە بوو لە رۆژنامە و گۆڤاری «نێوەند» لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٠ دەمنووسی، بەشی زۆر لەو گۆشەیە لە ئەرشیفی خۆمدا فەوتاوە، ئەوەی لە بەردەستە دووبارە لێرەدا دەیخەمەوە بەردەستی خوێنەران. ئەم گۆشەیەش زیاتر لە «٧٠» ژمارەی رۆژنامە و گۆڤاری نێوەندا بەردەوام بوو، بەو پێیەی خۆم سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤارەکە بووم، بە ناوی خوازراوی «جوامێر»ەوە ئەم گۆشەیەم دەنووسی. لە ٤٠ ژمارەی رۆژنامەکەدا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٧ گۆشەکە بە زمانێکی سادە و رۆژانە یان بە شێوەی ساتیر نووسراون، بەڵام دواتر لە گۆڤارەکەدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠ شێوەی گۆڕا بۆ خوێندنەوەی پرسە هەنووکەییەکان. لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا شانزە گۆشەمان لێ بڵاوکردنەوە کە ئەوکات تەنها ئەوەندە بەردەست بوون، بەڵام خۆشبەختانە بە هەوڵی کاک «عومەر فارس» بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردستان نێت بەشێکی تریشمان دۆزییەوە، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە ١٥ گۆشەی ترە لە کۆی ٤٠ گۆشەی ناو رۆژنامەکە، لە رووی مێژووییشەوە ریکەوتی نووسین و بڵاوکردنەوەیان دەکەوێتە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥. ئەوەی ماوەتەوە تەنها نۆ گۆشەی ترە کە تا ئێستا بە ونبوویی ماونەتەوە، هیوادارم لە ئایندەدا لەگەڵ ئەو وتارانەشی لێم ون بوون بیاندۆزمەوە و بە چاپیان بگەیەنم.




# بەشی پێنجەم

# چیرۆکە هەواڵ

# کۆتایی عەشق وەک کۆتایی پشکۆیە

عەشق تەلارێک نییە بە گوڵ و گوڵزار پەرژین کرابێت تا بە ئاسانیی و بێ سڵەمینەوە بەرەو کەنارەکانی هەنگاو بنێین، عەشق دەریایەکی لاسار و تووڕەیە و زاڵبوون بەسەر شەپۆلە هەڵچووەکانیدا لە لە باوەشگرتنی ئەستێران زەحمەتترە. عەشق ماندووبوون و رەنجە، ئیرادەیەکی بێ کۆتاییە، ئەو ئیرادەیەی فەرهاد کێوی بێستونی بە دەرزی پێ بنکۆڵ کرد، ئەو ئیرادەیەی قاچی لەسەر زەوی چەقاندووە و سەری لەسەرو بڵندیی خۆر و ئەستێرانەوەیە. هەنگاوەکانی چوون بۆ نێو مەملەکەی عەشق ئازاراوین، کۆڵانەکانی کۆشکی عەشق وەک کۆڵانەکانی دۆزەخ وان، ئەو رێبوارە لە خۆبردووەی بڕیار دەدات بەرەو ئەو تەلارە بڕوات دەبێت بزانێت فەرشی سوور لەبەر پێی رانەخراوە، بەڵکو بە دڕک و داڵ دەورە دراوە. عاشق نابێت بترسێت، عاشق نابێت بشڵەژێ، عاشق نابێ بلەرزێت، عاشق نابێ دوورەپەرێز بێت، چون عەشق ژان و ئازارە، عەشق جەنگێکی نەبڕاوەی سۆزە، عەشق تۆپەڵێک کۆدی نەبینراوە، لەمسکردن و رامکردنی وەک چنگیرکردنی رووناکی تیشک وایە. عاشق هەموو کات مەحزونە، عاشق هەموو کات سەرکەشە، عاشق هەمیشە شریتی ژیانی لەنێوان ترسێکی تۆقێنەر و دڵنیاییەکی وەهمیدا دەڕوات. عەشق وەک شەراب تاڵە و تفتە، بەڵام تامی خەیاڵەکانی شیرینە، عەشق وەک ئاگر گەرمە، بەڵام وەک ئەو پرشنگدار و رووناکە، عەشق وەک بەفر ساردە، بەڵام هەروەک وی سپی و بێگەردە، عەشق وەک شاخ سەخت و قایم و باڵابەرزە، بەڵام هەروەک ئەویش سەرفراز و بڵندە.

## عەشق خەونێکی قووڵە

تەلار و هیوا دەمێک بوو بڕیاریاندا بوو بۆ هەمیشە بۆ یەکتر بژین و بمرن، گفتوگۆکانی نێوانیان تەنیا و تەنیا باسی عەشق و دەربڕینی سۆز و پەیمان بوو، ئەم دووانە دوو فریشتەی عاشق بوون لە بەرگی دوو مرۆڤی ئەم زەمەنە بێ ڕەحمەدا. هیوا وایدەزانی رۆمیۆیە و تەلاریش وایدەزانی هەر بە تەنیا خۆی (جولێت)ە، بەجووتە دەیانویست موعجیزە بخوڵقێنن، ئەو راستییە رەهایە بە درۆ بخەنەوە کە زەمەنی ئێستا بە زەمەنی کۆتایی دێوانەکان لە قەڵەم دەدات. هیوا و تەلار وایاندەزانی لە دوای غەرقبوونی تایتانیک و دابڕانی جاک و رۆز لە یەکتر، گەردوون جگە لە عەشقی ئەوان هیچ عەشقێکی تری بەخۆوە نەدیوە. لە هەموو بە یەکگەیشتنەکانیاندا وایاندەزانی خەون دەبینن، بەڵام کام خەون؟ خەونێکی قووڵ کە بوراقێکی شین بۆ نێو قووڵترین کەناری ئاسمانت دەیبردن. زۆربەی جار عەشقیان بە خەونێکی ئێجگار قووڵ لێکدەدایەوە، وا بیریان دەکردەوە خەون هەمیشە و بۆ هەتاهەتایە دژ و پێچەوانەی واقیعە، بەتایبەتی ئەم واقیعە گەنیوە. عەشقی نێوان ئەم کوڕ و کچە گەنجە کە هێشتا بیست و پێنج ساڵی تەمەنیان تێنەپەڕیبوو، بەشێوەیەک سەرسوڕهێنەر بوو مەگەر لە توێی کتێب و ئەفسانەکاندا دەستت بکەون، تەنانەت ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لەم پەیوەندییە بوو سەریان لەوە سوڕمابوو هێشتا لەم دنیایەدا عەشقێک بەم رەنگ و شێوەیە ماوە و دەیەوێت تەحەدای هەموو واقیعێکی داسەپاوی رووت بکات .

## وەرزی دابڕان

ئەو ساڵانە وڵات ببووە (گەراجێکی گەورە) و هەموو گەنجێک جانتاکەی لەبن دەستی بوو تا سەفەری دەرەوەی وڵات بکات، پاپۆڕەکان ببوونە نیشتمانی رەسەنی گەنجانی خێرنەدیوی کورد. ئەو ساتانە باس هەر باسی سنووری مینڕێژکراو و رێگای بەلەم و شەمەندەفەری قاچاغ بوو، ئەم سەفەرەش ناوی لێنرابوو گەشت لە نارەحەتییەکانی دۆزەخەوە رووەو بەهەشتی دڵفرێن و ئارام. هیوا بە رەزامەندیی خێزان و مەعشوقەکەی بڕیاری دا وەک هەموو ئەو گەنجانەی تر ئەم سەفەرە پڕ لە کارەسات و نادیارە دەست پێبکات. زۆربەی

هەرە زۆری هاوڕێکانی پێیان سەیربوو هیوا ئەم بڕیارە بە پەلەیەی داوە!، چونکە لەو بڕوایەدا نەبوون هەفتەیەک دوور لە دڵدارەکەی بتوانێت بژی، بەڵام وەڵامی بۆ هاوڕێکانی ئەوە بوو دەیگووت: من و تەلار دوو کەس نین، نا، نا بە هەڵەدا مەچن ئێمە یەکێکین، ئیتر خۆ نەکراوم بە دوولەتەوە تا هەست بە دابڕان بکەم، من لەگەڵ ئەو دەژیم هەروەها ئەویش لەگەڵ من، ئەوە عەشق نییە گەر تۆ هەستت کرد دووریت لە مەعشووقەکەت، بەڵکو عەشق ئەوەیە بە جۆرێک تێکەڵاو ببن هیچ سنوور و لەمپەرێک لەنێوان عاشق و مەعشوقدا نەمێنێ، سەرەنجام ببنە یەک گیان، ئەوەش هەروەک ئاوێتەبوونی دوو کانزا یان دوو رەنگ وایە یان وەک تێکەڵاوکردن و کارلێکردنی ئاو و مەی وایە. هیوا بەو قەناعەتەوە کە تەنیا نییە و تەلار وەک سێبەر لەگەڵیدایە و بەشێوەیەکی مەعنەویی هەردەم لەگەڵ یاد و یادەوەریی تەلاردایە، بەرەو هەندەران بە رێ کەوت. دوای چەند رۆژێک بە رێگەی قاچاغ خۆی گەیاندە وڵاتی تورکیا، پاش مانەوەی چەند رۆژێکی کەمیش، هیوا هەموو ئاوات و قەدەر و چارەنووسی خۆی خستە دەستی قاچاخچییەکەوە و بڕیاری دا بە رێی ئاو و بە یەخت بۆ بەری یۆنان بپەڕێتەوە.

## کارەساتێکی تاڵ

شەوێکی باراناویی لە پڕ قاچاغچییەکە کە بەلای راستدا دەلەنگی هاواری کرد، «خێرا بکەن سواری ئەو لۆرییە بن».، هیوا وەک هەموو نەفەرەکانی تر سواری لۆری بوو تا گەیشتە سەر دەریا، لەوێشەوە سواری یەخت بوون بە ئیجەدا بەرەو یۆنان، ترس باڵی بەسەر هەموویاندا کێشابوو، بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک ئەو پەنجا نەفەرە نوقمی بێدەنگی ببوون، ئەمەش یارمەتییەکی باشی خەیاڵەکانی هیوای دەدا. لەپڕ یەکێکیان کە بە قۆشمەچی ناسرابوو، بە دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی چڕی و پەردەی ئەو بێدەنگییەی دڕاند، چەند کاتژمێرێک تێپەڕی هەر بەناو دەریادا رێیان تەی دەکرد، دەریاش تووڕە ببوو هەر لە منداڵێکی لاسار دەچوو، دەریا ئەو دەریایە نەبوو هیوا بە رۆژ دیبووی، زۆر لاسار و رق ئەستوور دەهاتە پێش چاو، بەڵام هەرچۆنێک

بوو توانیان بەسەر ترسی خۆیان لە بەرامبەر هەڵچوونی دەریادا زاڵ بن و بیبەزێنن. ئەوەبوو دواجار گەشتنە کەناری ئارام و لەوێشەوە خزێنرانە پشتی لۆرییەکی ترەوە «کە لەوێ پێیان دەگووت شاحینە» بەرەو ئەسینای پایتەختی دەبردن، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە ئەسینا هیوا هەناسەیەکی هەڵمژی و بیری کردەوە ئەوە کیشوەرێک لە یارە غەمبارەکەی دوورکەوتۆتەوە.

هیواا خێرا خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگاتە ئیتاڵیا، لەگەڵ قاچاغچییەکی تر رێک کەوت، دوای چوار رۆژی تر بە شاحینە بیگەیەنێتە ئیتاڵیا، دوای ئەو چوار رۆژە لەگەڵ سیانزە کەسی تردا بە رێ کەوتن، لە رێگە یەکێک باسی دەفتەرە دۆلار و یەکێکی تر باسی دوکان و بازاڕی دەکرد، یەکێکی تر بە باڵای ئەوروپای پڕ ئافرەتی چاوشین و جواندا هەڵیدەدا و شیعری دەهۆنییەوە، بەڵام ئەم بێدەنگ لە یادی دڵدارەکەیدا نغرۆ ببوو، وەک مقەبایەک لە تەنیشت نەفەرەکانی ترەوە لە خەیاڵات و خەونەکانی خۆیدا دەژیا، لە هەرا و هوریا و چیرۆکەکانی ئەوانی تر تەواو بێ ئاگا ببوو، نەفەرەکانی تر سەریان لەو بێدەنگی و چاو داخستنەی هیوا سوڕمابوو، چاک دەیانزانی هیوا چاوی بڕیوەتە شتێک، بەڵام بێ خەبەرن لەوەی ئەو شتە چییە؟. تا مامۆستا ئازاد کە وەک ئەو نەفەرێکی قاچاغ بوو، هیوای دواند، ئەویش بوخچەی دڵی بۆ کردنەوە و بە دوور و درێژیی و بەلاغەتەکەی خۆیەوە باسی عیشقی بۆ کردن و متی کردن، وای لێکردن هەموو ئیست بگرن و دەست بخەنە ژێر چەنەگەیان بۆ بیرکردنەوە. ئەم دەمەتەقێیە هەر بەردەوام بوو تا ئەوەی شۆفێرەکە هاواری لێکردن دابەزن ئێوە گەیشتنە رۆما، ئەوەبوو یەک یەک دابەزین، بەڵام لەم کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی تیژڕۆ لە هیوای دا و جەستەی لە خوێندا سوور کرد، بەدەم ناڵانەوە تا مردن هەر هاواری بوو تەلار، تەلار، بەڵام خوداش بەو هەموو بەزەییەوە نەگەیشتە فریای! هیوا لەوێ وەک ئەستێرەیەکی ئاسمانی عەشق کشا، ئەوساتە ساتی نامۆبوون بوو، لەوانەیە هەر لەو کاتەدا بووبێ کە تەلار پیاڵە چایەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و نەیزانی بۆچی وا لە ناکاو راوەستا و ئیستی گرت. کارەساتە تاڵ و گەورەکە روویدا، هیوا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار کشا و تەلاریش وەک مۆمێکی گەش بێ خەبەرە.

## مۆمی بەر ڕەشەبا

ساتێک هیوا لە ئاسمانی تەلاردا ئاوابوو، تروسکاویی هیوا و ئومێدی کوژایەوە، وەک مۆمێکی سەرکزی بەر ڕەشەبا و زریانێکی بەهێز خۆی دەنواند. سەری دنیای لێ هاتبووەوە یەک، دەیزانی بوونی ئەو بە بوونی هیواوە واتادارە. بەردەوام دەستە خوشک و هاوڕێ نزیکەکانی هەرچەندە دڵیان دەدایەوە، بەڵام ئەو بۆ ساتێک چییە هێور نەدەبووەوە لە فرمێسک هەڵڕشتن کە بەسەر ڕوومەتی گەشیدا جۆگەلەی بەستبوو،. چاوە زۆر ڕەشەکانیشی هەروەک ئەوەی نوقڵانەی تەعزییەکیان پێدابێ خۆیان ڕەشتر دەنواندا بەسەر ڕووە سپی و نازدارەکەیەوە. تەلار تەواو بێ ئومێد بوو، ئەم دنیا گەورەیەش ئەوەندە بچووک ببووەوە لە پێش چاوانی، وا هەستی دەکرد لە زیندانێکی تاکەکەسیدایە، تیایدا تەنگە نەفەس دەبوو، خواردنی ئەو ببووە هەڵمژینی غەم و پەژارە، خەویش بە تەواوەتی ماڵئاوایی لێکردبوو. دەیزانی ئاوابوونی هیوا هیچ هەڵهاتنێکی نوێی بە دواوە نییە، بۆیە ئومێدبڕاو ببوو لەوەی جارێکی تر هەتاو و ڕووناکی عەشق ڕوو لە ئاسمانی بکەنەوە. ئەو کەرتێکی تەنیا بوو، بەشەکەی تری خۆی لە دنیای ونی بەرزەخدا بوو، پەلەی بوو بۆ ئەوەی بگاتە لای ئەو، چونکە بۆی ئاسان نەبوو ساڵانێکی دووروودرێژ و بێ بڕانەوە بە تەنیایی و یەک لەتیی بەردەوام بێت و بژی.

پێشتر لە تەلەفۆندا بە هاوڕێیەکی نزیکی وتبوو، دنیا یەک جار تامی هەیە و بۆ هەموو کەسیش یەک هەل هەیە، من هەر زوو زۆر هەلی خۆمم دەست کەوت لە دۆزینەوەی هیوادا، بەڵام قەدەری شووم و ڕەش و ئۆتۆمبێلی دڕندە لێیان زەوت کردم. بۆیە من شانسی خۆمم لە دەستدا، بێگومان دونیا دوو هەلی تێدا نییە تا من بە تەمای ئەوە بم هەلی دووەم بێتەوە بەردەمم، منیش بڕیار دەدەم بە شتێک کە ناوی مردنە، ڕەنگە ئەو مردنە بە لای خۆمەوە ژیان بێت، بەڵام ئێوە لە هەڵەدان بە مردن و فەنابوون لێی تێدەگەن. بە درێژایی زیاتر لە مانگێک، تەلار لە نێو فرمێسک و خۆخواردنەوەدا بوو، تاو ئەو کاتەی بە هەموو متمانەیەکەوە بڕیاری دا بە شەش دەنک حەب کۆتایی بە خۆی بهێنێت و لە ژوانگەی بەرزەخدا دەست لەملانی دڵدارە دەم بە خەندە و جوانەمەرگەکەی

پڕ بە کامی دڵ سەما بکات، تا دەست لەملان وانەیەکی نوێ و جوانی عەشق پێشکەش بکەن، بەڵکو بەسەر هەموو قەدەر و چارەنووسە داسەپاوەکاندا زاڵ بن. بەرەبەیانییەکی زوو، لەگەڵ گزنگی خۆر و کازیوەی دەم بەیاندا لەماڵی تەلار بوو بە شین و شەپۆڕ و واوەیلا، هەر هاوار بوو: کچە جوانەکەم رۆ، خوشکە نازدارەکەم رۆ، ئامۆزا بەدبەختەکەم رۆ، رۆ رۆ رۆ و هەزاران رۆ رۆ.. تەلاریش وەک پەپوولەیەکی ناسک و رەنگین لە سەرەتای وەرزی تەمەن و ژیاندا ئاوابوو، بە ئاوابوونەکەشی وانەیەکی زۆر جوانی پێشکەش کرد، پەیمان و وەفا راستەقینەکەی خۆی بۆ هیوا سەلماند کە تەنیا هیوا بۆ تەلار، تەلاریش بۆ هیوایە و تەواو، ئەمەش هاوکێشەیەکە هیچ هێزێک نییە لە دنیادا بتوانێت بیگۆڕێت.

### کۆتایی عەشق وەک کۆتایی پشکۆیە

کۆتایی عەشق سووتماکبوونە، دڵەکان پێش عەشق وەک خەڵوز رەشێکی قەترانین، لە کاتی عەشقیشدا وەک پشکۆیەکی سوور گەش و پرشنگدارن، بەڵام سەرەنجامەکەی چیتر نییە جگە لە بە خۆڵەمێشبوون و کوژانەوەی یەکجاریی. عەشق بە سەختی و دژواریی دەست پێدەکات و هەرواش کۆتایی پێدێت، عەشق بە ئازار و درک لە دڵ چەقین دەست پێدەکات و دواجاریش بە ناکامی و دەستبەتاڵی کۆتایی پێدێت. عەشق مەشخەڵێکی ئاگرە، ئەوەی لێی نزیک بێتەوە جگە لە سووتان و فەوتبوون هیچی تری بەنسیب نابێت. عەشق کەیف و شادیی نییە، بەڵکو حوزنێکی قووڵە، بە چارەنووسی هەر کەسێکەوە لکا ئەوا یان دەیکاتە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یان شێتێکی سەرگەردان و پەتەڕی. عەشق وا دەکات مردن لە ئاو خواردنەوە ساناتر بێت، عەشق وا دەکات ژیان مەحاڵ بێت، عەشق وا دەکات فڕین بۆ دوورترین شوێن نزیکترین خاڵ بێت. عەشق وا دەکات زەوی لەسەر لەپی دەست رابگریت، عەشق وا دەکات جڵەو شل بکەیت بۆ سۆز و وەک کۆلارەیەک بەکرەی بۆ شل بکەیت ئیدی بۆ کوێت ببات، دەبێت لە دووی بچیت.

عەشق وا دەکات موعجیزە بخووڵقێنیت، ئاخر عەشق بە هەموو جۆرێک

دژی عەقڵە، هەروەک چۆن عەقڵ دوژمنایەتی باوەکوژی لەگەڵ عەشقدا هەیە، هەر کاتێک عەقڵ تەحەکومی کرد بەسەر مرۆڤدا عەشق ماڵ دەگوازێتەوە و باردەکات بۆ دوورترین دوورگە، هەرکاتیش عەشق جێی گرت ئەوا عەقڵ بە هەڵەداوان را دەکات و خۆی لە سۆزی رووتی قورسی عاشق دەرباز دەکات. عەشق چیتر نییە جگە لە وەهمێکی رووت و هەوایەکی خنکێنەر، ئەو وەک تریاک وایە بێ ئەوەی بزانین و پرسیار بکەین ئاخۆ خۆی چییە و چۆنە؟ مەستمان دەکات و رامادەکێشێتە نێو دنیای پڕ هەڵبەز و دابەزی خۆیەوە، هەروەک وتم عەشق گازێکی خنکێنەرە، بەڵام بۆنەکەی ئەوەندە خۆش و مەستکارە هەرگیز هەست بە کوشندەییەکەی ناکەین تا نەمرین. عەشق ترسناکترین داهێنراوی مرۆڤە، قورسترین کار و کردەوەیە، زەحمەتترین بیر و هەوڵە. عەشقی نێوان هیوا و تەلاریش بەڵگەیەکی زیندووە بۆ گەواهی ئەم رستانە.

**سەرنج: ئەم چیرۆکە هەواڵە لە رووداوێکی واقیعییەوە وەرگیراوە کە ساڵی ٢٠٠٠ روویداوە. تەنیا ناوەکان گۆڕدراون، ئەگەرنا جۆری عەشقەکە و کەسایییەتییەکان بە ریالیزمی هەبوون. ئەم چیرۆکەم لە ساڵی ٢٠٠١ نووسی، بەڵام دەرفەتی بڵاوکردنەوەیم بۆ نەڕەخسا تا چەند ساڵ دواتر.**

**تێبینی: ئەم چیرۆکە هەواڵە لە ژمارە «٧٢٢»ی رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە رۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ بڵاکراوەتەوە. پێشتریش لە ماڵپەڕی «کوردستان نێت» لە رۆژی ١٤-٢-٢٠٠٧ بڵاو کرابووەوە.**

# خۆشەویستی سەماکردنە لەسەر ئاگر

هەمیشە هەروا بووە, کۆتایی عیشق تاریکی و تێکشکانێکی گەورە بووە, عیشق هەرگیز کۆتایی نییە، واتە کۆتاییەکی پڕ شادیی و کەیف و خۆشی. بە پێچەوانەی ریتمی سینەماوە عیشق ماراسۆنە بەرەو مردنی ئەبەدیی, عیشق نغرۆبوونە لە دەریای وەهم و خەیاڵ و داڵغە بەدینەهاتووەکان. عیشق چیتر نییە جگە لە ئازار, بەڵام بەدەستی جەلادێکی بێڕوحم کە هیچ بەزەییەک لە دڵیدا نییە, ئەگەر بتەوێت عاشق بیت پێش هەرشتێک پێویستە شێت بیت، چونکە ئەقڵی ئاسایی توانای بەرگەگرتن و بڕینی ئەو هەموو کۆسپ و کەندەڵانانەی نییە, هەرگیز توانای ئەوەی نییە, دەبێت خۆت خاڵی بکەیتەوە لە هۆش, دەبێ لە سەوداسەریدا بژیت, دەبێت بەو بڕیارە بەرەو رووی بچیت کە دەتەوێ بەرەنگاری لەشکرێ یان سوپایەک سەرباز ببیتەوە, ئەگەر ئەم بڕیارەت نەدابێ هەروا ئاسان نییە لافی عاشقبوون لێ بدەیت. خۆشەویستی لە ژیاندا قورسترین بارە, ئاخر خۆشەویستی لێوانلێوە لە مازۆخیەت, لێوانلێوە لە بێهۆشی, لێوانلێوە لە سووتان لە مەعشووقدا, ونبوونە لە خۆشویستراودا, گەڕانە بە دوای خۆتدا لە ئەشکەوتە تاریکەکانی دڵی یاردا, گەڕانە بە دوای نەمریدا. بۆ ئەوەی عاشق بیت پێویستە هەندێک لە شێتی, هەندێک لە یاخیبوونت تێدا بێت، ئەگەرنا هیچ ساتێک ناتوانی بەو پلەیە بگەیت, ئەمە رەهایە و رێژەی نەگۆڕە بۆ هەتاهەتایە.

### لە جەژنی کریسمسدا

لاوە گەنجێکی خۆشڕوو, دڵپاک, هەست بەرز, هەژار و کەمدەرامەت, لە بنەماڵەیەکی ئاینی ئیسلامی گەورە بووە, بەڵام لاوە هەمیشە بە چاوێکی یەکسانەوە لە دین و باوەڕەکان دەڕوانێ و تا راددەیەکیش مەیلی چەپایەتی

لە کەللەی داوە. بەڵام سەرسامبوونی بە مەسیحییەت و عیسا شتێکە بە هیچ شێوەیەک نایشارێتەوە, ئەمە وای لێ کردووە لە بۆنە و یادده ئاینییەکاندا سەردانی کەنیسە بکات، بێ ئەوەی هیچ لە ڕێوڕەسمەکان بزانێت. لاوە بەیانییەکی زوو لە پێش زۆربەی دیانەکانەوە هاتە کەنیسە, بەڵام وەک ئەوەی فریشتە بیخاتە دڵییەوە چاوی گێڕا تا لەسەر بەژن و باڵای (لیندا) ئیستی گرت, ئەو کەشە ئاینییەکەی لە خۆی و کچە گۆڕی بۆ کەشێکی عاشقانە, هێدی هێدیش خۆی نزیکی خستەوە تا چووە بەردەمی و بە کوردیی سڵاوی لێکرد و ئەویش بە سریانی وەڵامی دایەوە!. لاوە هیچ نیگەران نەبوو, بەڵام دوای تەواوبوونی کەشە ئایینیەکە و بڵاوەکردنی دیانەکان, لاوە کەوتە شوێن لیندا تا توانی ماڵیان بدۆزێتەوە و دواتر بەهۆی دۆزینەوەی ماڵەکەیانەوە قوتابخانەکەشی دۆزییەوە و بەم هۆیەشەوە توانی هەموو نهێنییەکانی ئەو کچە بدۆزێتەوە و ئاشکرای بکات. لیندا بێئاگایە لەوەی کوڕێکی موسڵمان قومارێکی ئێجگار گەورە دەکات لەسەری, بەو جۆرە کەوتە دوای عەشقێکی تەواو فاشیلەوە.

### بەڵێ خۆشەویستی

یەکەم جار لاوە توانی لە ڕێگەی قوتابخانە لیندا بگرێت و بە روونی پێی بڵێ خۆشمدەوێی!, بەڵام ئەمە لای ئەم کچە بڕیارێکی تەواو بێ عەقڵانە بوو, هەرچەندە جێگەی هەڵوەستەکردن بوو بەلایەوە, دەیزانی هاتنی ئەم گەنجە بۆ ناو ژیانی شتێکی ئاسایی نییە و چارەنووسەکان شتی لەو جۆرە زۆر پێکەوە دەبەستنەوە, بێجگە لەم جارە لاوە زیاتر لە بیست جاری تر بە هەمان شێوە، هەروەک ئەوەی بۆ یەکەم جار بێ ڕێگەی لە کچە گرت و داوای خۆشەویستی لێ کرد. تا لیندا گەیشتە ئەو باوەڕەی لە قووڵایی دڵی ئەو کوڕەدا رستەیەک هەیە ئەویش ئەمەیە: لیندا من تۆم خۆشدەوێت.

### منیش تۆم خۆشدەوێ

سەرئەنجام دوای ئەوەی لیندا بۆی دەرکەوت هەروا ئاسان نییە، بێ وەڵام بمێنێتەوە لە بەرامبەر کەفوکوڵی ئەم کوڕە گەنجەدا, تووشی دڵەڕاوکێ و

شڵەژانێکی دەروونی بووەوە, نەیدەزانی بەشێوە ژیانە ئاساییەکەی خۆی ملی ڕێگە بگرێت یان یاخی بێت و لە پێناوی عەشقدا سەرچڵی بکات. ئەو خۆشەویستیی لاوە لە دڵیدا چرۆی کردبوو، بەڵام دەیزانی ڕێگەی بە یەکگەیشتن هەروا سانا نییە و لەو جیاوازییە کولتوورییەی نێوانیان تەواوێ حاڵی ببوو, ڕۆژان ڕۆیشت و هات، لاوە زیاتر سوور بوو لەسەر خۆشەویستی لیندا، هیچ باکی نەبوو لە هەر تەگەرە و گرفتێک کە دەهاتە پێشی, تا دواجار لە ئێوارەیەکی ساماڵی بەهاردا لە کاتێکدا زەردەپەڕ بەرەو تاریکیی ملی ڕێی گرتبووە بەر. جڵەوی شل کرد بۆ ئەو هەستەی دەمێک بوو لە دڵی لینداشدا چەکەرەی کردبوو، بۆیە بە لاوەی وت: منیش تۆم خۆشدەوێت.

### ویستی قەدەر

لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی ئەوە کراوە هەموو مرۆڤێک قەدەری خۆی هەیە و ژیانی لە چوارچێوەی ئەو قەدەرەدا دەخولێتەوە. لیندا و لاوە قەدەریان جیاوازە بەڵام دەیانەوێت بیکەنە یەک, خۆ شەڕکردنیش, لەگەڵ ئەو قەدەرەدا کارێکی دۆنکیشۆتانەیە, هیچ ئەنجامێکی نابێ جگە لە سەرکێشییەکی دۆڕاو. ئەو دوو گەنجە گەیشتنیان بەیەک ئاسایترین کردە بوو، بەڵام ئەو بەربەستە بێ مانایەی بە ناوی جیاوازیی دینەوە قووت کرابووەوە ژیانی ئەو دوو عاشقەی بە دۆزەخ سپارد. هێشتا لە وڵاتی قەدەرە ڕەشەکانی ئێمەدا شتێکی لەو جۆرە رووی نەداوە, بەڵام لاوە دەیگووت خۆ من لە شێخی سەنعان موسڵمانتر و زاهیدتر نیم ئامادەم لەپێناوی عەشقدا تەنانەت ببمە زەندیک. بەڵام ئەمانە هەموو گوزارەی ناو ئەندێشەیەکی پڕ لە عیشق بوون، ئەگەرنا لەسەر زەمینی واقیعدا کارێکی ئەستەم و بڤە بوو. هەموو قەدەرەکان دژی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو لاوە بوون, هەموو هەوڵەکانیان بێ سەرەنجام بوو, دواتریش ویستی قەدەر بەسەر ویستی عەشقدا زاڵ بوو.

## دابڕان

هەروەک وتمان لیندا و لاوە سەر بە دوو نەتەوە و دینی جودا بوون، ئەمەش بووە خاڵی هەرەسهێنانی عەشقەکەیان, بنەماڵەی هیچکامیان ئامادە نەبوون کارێکی لەو جۆرە پەسەند بکەن، تەنانەت لیندا هەر نەیدەوێرا لە ماڵەوە باسی خۆشەویستی کوڕێکی موسڵمان بکات، چونکە دەیزانی تووشی گەورەترین کۆسپ و ناڕەحەتی و ئازار دەبێتەوە. لاوە دەیزانی نەک هەر ئەوەی ببێتە دیان بەڵکو ئەگەر ببێتە قەدیس هیچ شتێکی بۆ ناکرێ، بۆیە ناچاربوو بە وەهمیی و لای خۆیەوە درێژە بە عیشقەکەی بدات. ئیدی کولتووری جیاواز کارێکی کرد سەرئەنجام عەشقەکەیانی کاڵ کردەوە, لیندا گەڕایەوە بۆ دۆخی ئاسایی, بەڵام لاوە بووە گەنجێگی تووڕەی هەڵەشە و نائارام و تا راددەیەکیش بەرەڵا کە خووی بە خواردنەوەی ئەلکهولەوە گرتبوو، بە بەردەوامی درەنگانێکی شەو دەگەڕایەوە ماڵەوە و هەندێ جاریش کوڕانی گەڕەکەکەی دەیانگووت موخەدەرات دەخوات و ئاگای لە دنیا نەماوە.

## بەرەو سنوورەکانی شێتبوون

لاوە چونکە کەسێتی خۆی لە مەعشوقەکەیدا ون کردبوو نەیدەتوانی و ئاسان نەبوو بۆی، بتوانێت جارێکی تر خۆی بدۆزێتەوە, دایکە پرچ سپییەکەی هەمیشە لەسەر بەرماڵ نزا و داوای هیدایەت و ئاساییبوونەوەی بۆ لاوە دەکرد, بەڵام نەک هەر هیچ سوودی نەبوو, بەڵکو بارودۆخی لاوە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت، لەگەڵ زیادبوونی تووڕەییەکانیشی، زیاتر مودمین دەبوو لەسەر خواردنەوە و حەب و شروب و هەندێ جۆری موخەدەرات. وردە وردە هاوڕێکانی جێیان دەهێشت و هەریەک بەلایەکدا, تەنیا ئەوە نەبێ چەند هاوڕێیەکی مابوو ئەوانیش بە مەستیی ناسیبوونی، باوەڕ ناکەم لە دۆخی ئاساییدا بیناسینایەتەوە, بەم جۆر و شێوازە بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی بەشێوەیەک لەڕ و لاواز ببوو, جلەکانی دڕابوون, بە لای هەر کەسدا دەڕۆیشت وەک شێت دەهاتە بەرچاویان, زۆرێکیش لە هاورێ کۆنەکانی بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیانگووت دنیا ئەوە ناهێنێ وەک ئەو برادەرە خۆتی بۆ شێت بکەیت, لەولاشەوە کچی دیان شوی کرد،

بێ ئەوەی لاوە ئاگای لەمە بێت، چونکە بە رادەیەک لە دەوروبەر بێ ئاگا ببوو کە نەیدەتوانی تەنانەت لینداش بناسێتەوە.

**سەفەری نادیار**

ئەو بەیانییە کەمێک لە بەیانییەکانی تر ئاساییتر بوو, لە بەردەم گازینۆکەدا لەگەڵ (شوانە) قسەی دەکرد و دەیووت منیش دێم, وەڵڵا دێم ئەگەر بشکوژرێم. ئیتر ئاشکرا بوو لاوە دەیەوێ سەفەر بکات، بەڵام تەنیا خۆی و شوانە دەزانن. کەسیش نازانێ لاوە پارەی ئەم سەفەرەی چۆن پەیدا کرد, بەڵام هەرچۆنێک بوو دوای سێ رۆژ لاوە بە رێ کەوت بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات, هیچ کەس نەیدەزانی جگە لە (مام باپیر)ی چایچی چونکە لای ئەو باسی کردبوو, لاوە سەفەرەکەی سەرکەوتوو بوو, تا مانگی یەکەم هەواڵی هەبوو, بەڵام لەو کاتەوەی لاوە گەیشتە وڵاتی یۆنان و زەنگێکی بۆ (ئیدریس)ی برای لێدا، دوای ئەوە ئیتر دەنگی نەما. ئەوە شەش ساڵە کەس نازانێ لە کوێیە؟ کەس نازانێت ئایا لە ژیاندایە یان لە بەرزەخ؟!, سۆراخێک نییە بۆی, هەروەک ئەوەی فڕی بێت. ئێستا هەندێ کەس دەڵێن خۆی بێدەنگ کردووە و لە ئۆکرانیا دەژی. برادەرێکی تر دەڵێ: عەقڵم هەبێت لەناو قەرەجەکانی ئیتالیایە، یەکێکی دەڵێ لەوانەیە مرد بێت، هەشە دەڵێ خەریکی کاری نایاسایی بووە و گیراوە, بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین هیچییان نییە، چونکە لاوە ویستی خۆی رەش کاتەوە لە لیستی کولتووری دواکەوتوودا, ویستی لە دۆزەخی ئەم وڵاتە خۆی بشارێتەوە جا گرنگ نییە لە ژیاندا بێ یان لە مردندا.

**سەرنج: ئەم چیرۆکە بنەمایەکی راستەقینەی هەیە و بە کەمێک دەستکاریی و گۆڕینی ناوی کارەکتەرەکانەوە لە کۆتایی دیسامبەری ساڵی ٢٠٠٠دا نووسراوە. بەڵام پێنج ساڵ دواتر بڵاوم کردووە.**

**تێبینی: ئەم چیرۆکە هەواڵە لە ژمارە «٢٠»ی رۆژنامەی «نێوەند» لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە و پاشتر لە رۆژی ١٤-١٠-٢٠٠٧ لە ماڵپەڕی «کوردستان نێت» دووبارە بڵاوکراوەتەوە.**

# دڵۆپێک خوێنی خۆشەویستی

کەسمان نازانین چۆن دێینە ئەم ژیانە جەنجاڵەوە و چۆنیش لێی دەردەچین، هەروەک ناشزانین تووشی چی دەبین و چارەنووسمان بە کوێ دەگات. مرۆڤ ئەوەی بە بیریدا نەیەت هەمیشە تووشی ئەوە دەبێت, ئەوەی خۆی دەیەوێ وەک خۆزگەیەکی بەدینەهاتوو دەمێنێتەوە، هەر دەبێ ژیانی خۆی بۆ هاتنەدی فیدا بکات, لەناو ئەم قەدەرانەشدا ترسناکترینیان قەدەری عیشقە کە هێندە تیژ تێپەڕ و خێرایە هەرگیز نازانین چۆن تێی دەکەوین هەروەک دەرچوونی تیر وایە لە کەوان. هەر یەکەم نیگا سەرتاپای ژیانت وێران دەکات, هەر لەو لەحزەیەی دەبیتە عاشق ئیتر دنیا بە رەنگی مەعشوقەکەت دەبینی و هیچی تر, دابڕان کە سەرئەنجامی هەموو عیشقەکانە زامەکان قووڵ و خەستتر دەکاتەوە. دەبا بۆ ساتێک لە تراژیدیای دابڕانی دوو عاشق وردبینەوە و بزانین قەدەر و گەردەلولی عیشق چی لەو دوو عاشق دەکات؟!.

**یەکەم نیگا**

دڵشادی خوێنگەرم کە هەرگیز رۆژێک بە بیردا نەهاتووە, دێتە ئەم شارە, ئێوارەیەک لەگەڵ (هەڤاڵ)ی برایدا دەچێتە ئاهەنگی هاوڕێیەکی, (دڵشاد) تەنیا خۆی بۆ هەڵپەڕکێ ئامادە کردووە کەچی کاتێک هەر چاوی بە (سۆز) دەکەوێت دڵی یەک پارچە دەبێتە کورەی ئاگر و هێزی لە ئەژنۆیدا نامێنێت. هەرچۆنێک بوو ئەو رۆژە دڵشاد خۆی لە (سۆز) نزیک خستەوە و یەکتریان ناسی و هەر لە یەکەم نیگاوە هەردووکیان خۆشەویستی لە دڵیاندا چرۆی کرد و هیچیشیان

توانای دەربڕینی ئەو عیشقەیان نەبوو. چەند ڕۆژێک دوای ئاهەنگەکە دڵشاد لە ڕێگەی (سیامەند)ی هاوڕێیەوە, توانی لەگەڵ (سۆز) یەکەم ژوان ڕێک بخات, ئیتر ئەم ژوانە دەرگا کڵۆمدراوەکانی کردەوە و ڕێگەی بۆ دەیان ژوانی تر خۆش کرد کە دواجار عیشقێکی دێوانەیی سەر شێتانەی لێ کەوتەوە.

## پیاسەی کەناری ڕووبار

دوای ئەو هەموو ژوانە پڕ لە هەست و پڕ لە بارانی بە خوڕی وشەی ڕەنگاڵەی عاشقانە, (دڵشاد) دەیەوێت لە ڕێگەی هاوسەرێتییەوە درێژە بەو عیشقە پیرۆزە بدات کە لای هەردووکیان بۆتە پیشە و خولیا. ئێوارەیەک (دڵشاد) دەچێتە لای سۆز و پێکەوە دەچنە باخچەیەکی شار. سۆز ڕووی دەمی دەکاتە دڵشاد و پێی دەڵێت: لەنێوان دەوڵەمەندیی و ناوبانگ و لێپرسراوییدا حەزت لە کامیانە؟!, دڵشاد دەڵێت: حەزم لە هیچکامیان نییە, هیوای من تەنیا دوو شتە, یەکەمیان گەیشتن بە تۆی نازدار کە جارجار دوور لە تۆز و غوباری ئەم وڵاتی مەرگە پیاسەیەکی کەنار ڕووبار بکەین, دووەمیان کۆرپەیەک لە تۆ، تا ناوی بنێم (ئازاد) واتە ناوی ئەو برایەم کە بەعسییەکان پێش چواردە ساڵ بردیان و نەگەڕایەوە، ئێستاش دایکە کڵۆڵەکەم دەرگایماڵەوە دەخاتە سەرپشت و لە چاوەڕوانیدایە ئازاد بە خۆی و (شنە)ی دەزگیرانییەوە بێتەوە. ئەو ئێوارەیە (دڵشاد) ژیانی (سۆز)ی مەعشوقی تەژی دەکات لە عیشق، بە جۆرێک قورسایی دەخاتە سەر دەروونی و مێشکی ناتوانێت بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سەردانی خوێندنگە بکات.

## کوڕی بێوەژن

دڵشاد هێشتا زۆر لەوە منداڵتر بوو کە باوکی خۆی بناسێتەوە, باوکی لەسێدارە درا بوو, دایکی ببووە باوکیان لە هەمان کاتیشدا ئەرکی دایکایەتیشی لەسەر شان بوو, دایکی ناچار بۆ پێگەیاندنی (ئازاد و دڵشاد و هەڤاڵ و سروە) قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو، ناچار بوو بچێت خزمەتی ماڵان بکات و نانکەریی بۆ خێزانە خوا پێداوەکان بکا. دایە (نەسرین) بە سەری بەرزەوە منداڵەکانی گەورە

کرد و خستنیە بەردەم خوێندن، هەموویان زۆر سەرکەوتووانە لە خوێندن بەردەوام بوون. دڵشاد خوێندکارێکی هێمن و ژیر و زیرەک بوو, لە ناو خەڵکدا گەلێک خۆشەویست بوو. (دایە نەسرین) هەر بەردەوام بوو لەسەر کارکردن تا منداڵەکانی گەیشتنە قۆناغی خوێندنی زانکۆ. دڵشاد دووەم ساڵی بوو لە خوێندنی زانکۆ، لەگەڵ خوێندنەکەی هاوکاریی دایکی دەکرد, بەم شێوەیە ئەو خێزانە بە هەژاریی بەڵام شادومانانە دەژیان، هەرچەند لە ساڵی ١٩٨٦دا رژێمی بەعس (ئازاد)ی تەمەن بیست و دوو ساڵیان شەهید کرد، بەڵام هێشتاش بەختەوەر و کامەران بوون تا ئەو کاتەی قەدەرێکی رەش کامەرانی و خەندەکانیان دەتۆرێنێت.

## رۆژی خوازبێنی

ئێوارەی سێ شەممە بوو, دڵشاد و سۆز لە پارکەکەدا پیاسەیان دەکرد، دڵشاد دەڵێ تەواو سبەینێ دێین بۆ خوازبێنی، ئیتر خەونەکانمان دێتە دی, بەڵام (سۆز) لە قووڵایی هەستێکی شاراوەوە لەناو نیگەرانیدا بوو, ئەو دەیزانی رێگریی و ئاستەنگەکان چین، بەڵام دڵی نەدەهات بە دڵشادی بڵێ, ئەویش لە خەوی غەفڵەت و فەنتازیای عیشقدا نغرۆ ببوو، نەیدەتوانی لە هیچ هێما و رەمزێک تێبگات. هەر ئێوارە کە دڵشاد بەدڵخۆشییەوە گەڕایەوە, دایکی ماتەم دایگرتبوو، چونکە دەیزانی ئەم عیشقە مەحاڵە، بەڵام هەر دەبێ لە پێناوی کوڕەکەیدا بڕوات بەرەو ئەو کارەی داوای دەکات، ئەویش خوازبێنیکردنی (سۆز)ە. بەیانی چوار شەممە دایکی دڵشاد و سروەی خوشکی چوونە ماڵی سۆز تا لەگەڵ دایکی قسە بکەن, دایکی کە هەڵوێستی بێلایەن بوو ئەو کارەی بە مەحاڵ دانا و وتی ئەم کچەمان بەناز و نیعمەت بەخێو کردووە، کوا ئێوە دەتوانن نیوەی ئەو ژیانەشی بۆ دابین بکەن ئێستا هەیەتی؟, هەر چۆنێک بوو دایکی سۆز مەسەلەکەی گەڕاندەوە بۆ راوبۆچوونی باوکی سۆز و هەواڵەی ئەوی کردن.

## یاریکردن لەگەڵ مەحاڵ

سێ ڕۆژ دوای چوونەکەی دایە نەسرین و سروە بۆ ماڵی سۆز، خاڵی دڵشاد و دوو هاوڕێی تری و هەڤاڵ چوونە ماڵی باوکی سۆز. سەرەتا وەستا (عومەر) خاڵی دڵشاد بەوە دەستی پێکرد: ژیان گۆڕاوە و پێویستە ئەزموونی خۆمان بەسەر گەنجی ئێستادا دووبارە نەکەینەوە بە تایبەت لە بواری خۆشەویستی و ژیانی هاوسەرێتیدا. بەڵام باوکی سۆز لێوانلێو بوو لە رق و تووڕەیی، وتی: کاکە جارێ بزانن ئێوە لە ماڵی کێن!! من بە چ هۆکارێک کچ بدەمە کوڕی ئێوە؟ کامەیە باوکی؟ کامەیە بنەماڵە و سەروەتەکەی؟ کامەیە پیشە و ناوبانگەکەی؟ هەرچەند وەستا عومەر، زۆر هەوڵیدا قەناعەتی پێ بکات، بەڵام باوکی سۆز وتی: ئەمە یاریکردنێکی بێ ئاکامە لەگەڵ مەحاڵ، پێویستە ئەو کوڕە کچێکی وەک خۆی بێنێت!. ئەو جارە و سێ جاری تریش بەم جۆرە، بنەماڵەی سۆز دڵی خاڵ و هاوڕێکانی دڵشادیان شکاند، دواتر ئەوان چونکە لەناو ناخی دڵشاددا نەژیابوون ویستیان قەناعەتی پێ بکەن واز لەو کچە بێنێت، بەڵام ئەویش ئەمەی بە مەحاڵ دەزانی.

## ڕۆژی زەماوەندەکە

پاش لە نزیکەی چوار مانگ (سەعدون)ی تەمەن سی و هەشت ساڵ، دوای زیاتر لە چواردە ساڵ لە ژیانی تاراوگە، گەڕایەوە بۆ وڵات و لە ڕێگەی (سەمیرە) ی خوشکییەوە هاتنە داوای (سۆز). دایکی و باوکی سۆز بە خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندییان بۆ ئەم هاوسەرگیرییە دەربڕی! (سۆز) دەیزانی ئەم پیاوە نە خۆشیدەوێ نە ئەمیش دەتوانێ خۆشیبوێ، کەچی هاشای لە خۆشەویستی خۆی کرد لەگەڵ (دڵشاد)!!. زەواجی لەگەڵ (سەعدون) کرد و نۆزدە ڕۆژ دوای ئەوەش زەماوەندیان گێڕا. ڕۆژی زەماوەند (دڵشاد) لەگەڵ (سۆران)ی هاوڕێیدا چوونە ناو زەماوەندەکەوە!! هەر کە باوک و براکانی سۆز بینیان دڵشاد لە ئاهەنگەکە حزوری هەیە، بە وردیی کەوتنە چاودێرییکردنی. دوایی باوکی سۆز قۆڵی دەگرێت و پێی دەڵێت دەبێت یانەکە جێبهێڵیت ئەگەر نا ڕەفتاری خراپی لەگەڵ دەکات، ئەویش وتی: من هیچی خراپم بە دەستەوە نییە، تەنیا دەچم

پیرۆزباییان لێ دەکەم. کاتێک دڵشاد دەچێتە بەردەم (سۆز) زۆر بە نەترسانە دەڵێ بەداخەوە بۆ تۆ, لەبری پارەش نامەیەکی کۆنی سۆز دەخاتە زەمبیلەکەی بەردەمی وەک پۆیلانە, سۆز بە تەواویی دەشڵەژێت لە ترسی سەعدون. هەرچۆنێک بوو ئەو رۆژانە رۆیشتن و رۆژانی داهاتوو هاتن کە رووداوەکانی تێدا روودەدەن.

### دوو سەفەر

چەند مانگێک دڵشاد بە ئازارەوە دەتلێتەوە, بە تایبەت دوای ئەوەی سۆز پێی وتبوو ئیتر من رۆیشتم بە رێی خۆمدا و تۆش برۆ بە رێی خۆتدا!. هێشتا دڵشاد لە ئازاری خۆیدا دەتلایەوە کە (سەعدون) جارێکی تر گەڕایەوە کە تەنیا بۆ بۆ دوو هەفتە مۆڵەتی سەفەری وڵاتی وەرگرتبوو، بەڵام ئەم جارە (سۆز)ی لەگەڵ خۆی برد. بەم جۆرە سۆز سەفەری کرد و چرای ئومێدی دڵشاد کوژایەوە, هەر بۆیە دڵشاد بڕیاری دا ئەویش سەفەر بکات! ئەو ئێوارەیەی دڵشاد سەردانی هاوڕێکانی خۆی کرد و داوای گەردن ئازادیی لێکردن, چونکە پێی وتن بڕیاری داوە سەفەر بکات، بەڵام روونی نەکردبووەوە, چۆن سەفەر دەکات و چ جۆرە سەفەرێک دەکات, تا ئەو بەیانییەی لە ماڵی دایە نەسرین قیژە و هاوار هەستا و خەڵک بە راکردن بۆ ماڵەکەیان دەڕۆیشتن و دەیانووت دڵشاد بە دەمانچە خۆی کوشت. من کە ئەم دێڕانە دەنووسم کاتێک گەیشتمە بەردەم ماڵی دڵشاد، جەستە خوێناوییەکەی گەیەنرابووە خەستەخانە, بەڵام ئەوەی من بینیم تەنیا یەک دڵۆپ خوێن بوو لەبەر دەرگای ماڵی دایە نەسرین.

### دوا پەردەی تراژیدیاکە

چلەی دڵشاد چوو, هێشتا سۆز لە تاراوگەکەیدا ئاگای لە هیچ نەبوو, ماڵی سۆز کە هەستیان بە تاوان کرد ئەم رووداوەیان باس نەکردبوو, تەنانەت ساڵێک بەسەر رووداوەکە تێپەڕ ببوو هێستا (سۆز) هەر لە غەفڵەتدا بوو تا ئەو کاتەی رۆژێک (سەعدون) بە هاوسەرێکی لوبنانییەوە خۆی دەکاتەوە بە ماڵدا!، دوای مانگێک بەسەر ئەم رووداوەدا، سەعدون (سۆز)ی تەڵاق دا، باوکی

سۆزیش کەسێکی محافزکار بوو، (سۆز)ی گەڕاندەوە بۆ وڵات, ئەوکات (سۆز) بە رووداوەکەی زانی و لە ناو هەستکردن بە تاواندا تووشی حاڵەتێکی دەروونی ترسناک بووەوە, ئێستاش (سۆز) بە هەستی خۆ بە تاوانبار زانینەوە بە رێگادا دەڕوات، هەموو شەوێکیش روحیانەتی دڵشاد خەوی لێ دەزڕێنێت, ئەمیش تەنیا بە جەستە زیندووە. بەم جۆرە پەردەی شانۆی ئەم تراژیدیایە دادرایەوە.

**سەرنج: ئەم رووداوە هێندە کاریگەر بوو، هەنووکە دوای بیست ساڵ هێشتا دیمەنەکە وەک شریتی سینەمایی بە زەینمدا دێت و دەچێت. هەر بۆیە ساڵێک دواتر و لە ئاداری ٢٠٠١دا بە گۆڕینی ناوی کارەکتەرەکان وەک چیرۆکێکی رۆژنامەوانی نووسیمەوە، بەڵام چەند ساڵ دواتر بڵاوم کردەوە.**

**تێبینی: ئەم چیرۆکە هەواڵە لە ژمارە «٧٢٩»ی رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە رۆژی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩بڵاوکراوەتەوە. پێشتریش لە رۆژی ١٣-١-٢٠٠٧ لە ماڵپەڕی «کوردستان نێت» بڵاوکراو بووەوە.**




# بەشی شەشەم

# ئینتەرڤیو

### ستیڤان شەمزینی:

# قۆناغی ئێستای رۆژنامەوانی کوردیی ناو دەنێم قۆناغی گەندەڵبوونی رۆژنامەوانی

ئامادەکردن: لیزا محەمەد

ئەم چاوپێکەوتنە لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٨دا ئەنجام دراوە و لە مانگی مایۆی ٢٠١٨دا لە رۆژنامەی «رووداو» بڵاوکراوەتەوە، هاوکات لە ماڵپەڕی رووداو نێت دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

**رووداو: وەک رۆژنامەنووسێک سەرەتا دەمەوێت بپرسم لە هەنووکەدا کێشە و رەوشی رۆژنامەوانی کوردیی دوای سەد و بیست ساڵ تەمەن چۆن دەبینیت؟. قسەت لەسەر شێوازی کاری میدیایی چییە لەم بارودۆخەدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: جیهانی رۆژنامەوانی کوردیی جیهانێکی پڕ ئیشکالییەت و ئاڵۆزییە، بۆ ئەوەشی بتوانین قسەی لەسەر بکەین، هەم پێویستمان بە رووبەرێکی فراوانترە لە دیمانەیەک، هەم بابەتەکە پێویستی بە وردبوونەوە و داتا و شرۆڤەی تیۆرییە. ئەوەی لێرەدا دەکرێت ئێمە لەسەر ئەم تێمایە قسە بکەین، ئەوەیە: رەوشی رۆژنامەوانی کوردیی بە بەراوورد بە تەمەنی خۆی «١٢٠ ساڵ» رۆژنامەوانییەکی پاشکەوتوو و بەجێماوە، شایانی بەراوورد نییە تەنانەت بە رۆژنامەوانی عەرەبیی!! کە من پێموایە رۆژنامەوانی عەرەبیش رۆژنامەوانییەکی دواکەوتووخوازە و تاکو ئەندازەیەکی زۆریش بە جێماوە لەو گەشەکردنە خێرایەی فۆرمی رۆژنامەوانی خۆرئاوایی بە تایبەت لە قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و خێرا بەستنەوەی جیهان بە یەکترەوە و بچووکبوونەوەی دنیا بۆ ئاستی گوندێک. لەم گوندە بچووکە جیهانییەدا رۆژنامەوانی کوردیی «بە تایبەت باشوور» پاشکۆی رۆژنامەوانی عەرەبییە لە رووی جیهانبینی و فۆرمەوە، رۆژنامەوانی عەرەبیش هەروەک

وتم ڕۆژنامەوانییەکی ئیفلیج و لەنگە بە پێی ستانداره ئەکادیمییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی.

له ستروکتۆرەوە کاری ڕۆژنامەوانی مامەڵەیە لەگەڵ ڕووداو یان هەواڵ، ئەو شەش ڕەگەزە سەرەکییەی هەواڵ «کێ و کەی و چۆن و بۆ و لە کوێ و چی» بنچینەی کاری ڕۆژنامەوانین، بەڵام ڕۆژنامەوانی کوردیی دوای سەد و بیست ساڵ کەمتر دەتوانێت هەواڵێکمان پێشکەش بکات بەو زمان و فۆرمە ڕۆژنامەنووسییە ستانداره، بە پێچەوانەوە پیشەییبوون و ئیتیک و مۆراڵی ڕۆژنامەوانی هەمیشە لە ڕاگەیاندنی کوردییدا ون بووە و ژێر پێ خراوە!!. ڕۆژنامەوانی کورد بە گوێرەی ئایدیای خۆی مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و هەواڵدا دەکات، نەک وەک ئەو وێنە مەلموسەی لە واقیعدا هەیە یان ڕوویداوە، بە دیوێکی تردا هەمیشە ئەو هەواڵ و ئەرتیکڵە ڕۆژنامەوانییانەی لەلایەن ڕۆژنامەوانی کوردەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت وێنایەکی ساختەی ڕووداو و هەواڵەکانن. ئەمەش زادەی ناپرۆفیشناڵی و بێلایەن نەبوون و هەمەلایەن نەبوونی تاکی ڕۆژنامەوان و دەزگاکانن!. من لێرەدا نامەوێت بڵێم ڕۆژنامەوان بۆی نییە لایەنگری ئایدۆلۆگییەکی دیاریکراو بکات، هێندەی مەبەست لە مامەڵەکردنی بێلایەنانە و هەمەلایەنانەیە لەگەڵ ڕووداو و ئامادەکردنی هەواڵدا.

من ئەم قۆناغەی ئێستای ڕۆژنامەوانی کوردیی ناو دەنێم قۆناغی گەندەڵبوونی ڕۆژنامەوانیی لە کوردستان، بەو پێیەی ڕۆژنامەوان و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان دەسەڵاتی خۆیان وەک دەسەڵاتی چوارەم، خراپ بەکاردەهێنن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکی ترە لە گەندەڵی، لەو سۆنگەیەی دیاردەی گەندەڵی تەنها ڕەهەندی ئابووری یان ئیداریی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە. ئەوەی لە ڕەوشی ڕۆژنامەوانی کوردییدا پراکتیزە دەکرێت، نموونەیەکی هێندە بێ کەڵک و مەسرەفگەرایە، مەگەر هەر لە کورد ئەمە ڕوویدا بێت، بەو پێیەی مەسرەفگەرایش هەروەک گەندەڵی تەنها لە ڕووە ئابوورییەکەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو فۆرمی جۆراوجۆری هەیە، لەم نێوەندەدا دەبینین، لە کوردستان تایپێک لە ڕۆژنامەوان دروستبوون مەسرەفگەرن، تەنانەت هێندە وشەیان بە فیڕۆداوە هیچ ئەرزشێک بۆ وشە نەماوەتەوە، بۆیە «ڕاستکردنەوەی زمان» بە مانا «کۆنفۆشیۆس»ییەکەی

کارێکی پێشنۆرە و بایەخداری ئەم قۆناغەی کاری میدیاییە لە کوردستاندا، وەک وتیشم ئەم قۆناغە ناو دەنێم زەمەنی گەندەڵبوونی ڕۆژنامەوانان. «هەڵبەتە مەبەستم بەدکەڵکی دارایی نییە، هێندەی مەبەستم بەدکەڵکی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە ڕەمزییەکەی ڕۆژنامەوانییە».

**ڕووداو: لە هەردوو کۆمەڵە شیعرەکەتدا کە بە چاپت گەیاندوون، بە ڕوونی ئەوە دیارە پەیڕەوی هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو ناکەیت.؟ ئەمە چۆن دەبینیت و ئایا کێشە نییە شاعیرێک سەر بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی نەبێت یان لە ڕوانگەی تۆوە پێناسەی شیعر چییە و چۆن دەڕوانیتە پاشەگەردانی شیعر نووسین؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرسیارێکی جیددییە، هەڵبەتە خۆم بە مەلێکی ئازاد دەبینم، ناچمە ناو قەفەزی هیچ ڕێڕەوێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە، ئەمەش هاوواتای ئەوە نییە سوودوەرگرتن لە کەلەپووری ڕۆشنبیریی و قوتابخانە ئەدەبییەکان بەهەند وەرناگرم. هەرچەند زیاتر سەرسامم بە ڕۆمانسیزمی نوێ، بەڵام هەوڵمداوە بە شێوازی خۆم شیعر بنووسم، ئاخر شیعر مامەڵەیە لەگەڵ هەست و خەیاڵ، تۆ ناتوانیت ئەم هەست و خەیاڵە بخەیتە چوارچێوەی جیهانبینی قوتابخانەیەکی دیاریکراوەوە، خۆیشم نازانم شیعرەکانم لە چ خانەیەکدا پۆلێن دەکرێن، تەنیا ئەوە دەزانم هەستی خۆم دەنووسمەوە، ئەو بورکانەی لە خەیاڵمدا دەتەقێتەوە لە بۆتەی شیعردا دەیاننووسمەوە. بانگەشەی ئەوە ناکەم کێش و مۆسیقا و فۆرمی شیعرییم بۆ گرنگ نییە، بەڵام لەسەر ستایلی هیچ کەس و قوتابخانەیەک شیعر نانووسم، کەسێکی بەرەڵام لە شیعردا، ئاوهاش ئازادترم وەک لەوەی خۆم لەناو بازنەی قوتابخانەیەکی دیاریکراودا گەمارۆ بدەم.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم شیعر پێناسە ناکرێت، تەنێ ئەوەندەیە شیعر جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ منداڵی، واتە گەڕانەوەیە بۆ ناو بەرائەت و جیهانی ساکاری منداڵی، لەم سۆنگەوە هەندێک لە توێژەرانی سۆسیۆلۆجی پێیانوایە کۆمەڵگەی شیعریی کۆمەڵگەیەکی منداڵە. لێ شیعر مێژووی نییە، ڕەنگە هێندەی هەموو تەمەنی مرۆڤ بە تەمەن بێت، بەڵام زمانی شیعر زمانێکە لەگەڵ ئاوابوونی فیوداڵیزم، کاریگەریی خۆی لە دەستدا، لە بری ئەوە «ڕۆمان» وەک ژانرێکی

زەمەنی مودێرنێتە جێگەی گرتەوە، بە مانایەکی تر شیعر بەرهەمی گوندە و «رۆمان»یش بەرهەمی شار. هەر لەم روانگەوە رووداوی ناو رۆمانەکان ئەگەر لە گوندێکیشدا رووبدەن نکۆڵی لەوە ناکرێت رۆمان کوڕی منداڵدانی شارە. ئەگەر دوور نەکەوینەوە لە کرۆکی بابەت، کورد کۆمەڵگەیەکی مناڵە «بەپێی پێناسەی کۆمەڵناسی» چونکە زمانی باڵادەست تیایدا شیعر بووە، بۆیەکا هیچ کار و فرمانێکی بێ ئامادەیی شیعر نەچووە بەڕێوە «نموونەی شیعرە کێش و سەرواداڕەکانی کاتی جووتکردن و تۆوکردن و دروێنە و شەتڵێدان و قۆغڵێ و هتد..». لەبەرئەمەش زۆرێک لەو رۆمان و وتارانەی بە زمانی شیعریی دەنووسرێن تا نووکەش پڕ خوێنەرترینن، چونکە تێگەیشتن لە زمانی ئەکادیمی و زانستی بۆ خوێنەری کورد گەلێ ئەستەمە.

لەگەڵ ئەوەی خەریکە ئەستێرەی بەختی شیعر ئاوا دەبێت، کۆمەڵێک شیعرنووس گۆڕەپانی شیعری کوردییان مۆنۆپۆل کردووە بە رۆژی رووناک شیعر ئەتک دەکەن. یەکێک بە ناوی ئیرۆسییەتەوە شیعر لە ئیستاتیکا دادەڕنێت و دەیکاتە بابەتی سەرجێیی. یەکێکی دی بە ناوی زمانی ساکارەوە شیعر دادەڕنێ لە هەموو فەنتازیا و تەکنیکێکی هونەریی. هەر یەکەو بە جۆرێک خەریکی ئەتککردنی شیعری کوردییە، ئێمە سەرەتای شیعریمان لە خانی و مەلای جەزیری و باباتاهیرەوە تا دەگاتە حاجی قادر و مەحوی و مەولەوی و نالی و سالم و حەمدی، پڕیەتی لە داهێنان و شۆکی بیرکردنەوە و گەمەی زمانەوانی و فەنتازیا و ئافراندن، کەچی دوای چەندین سەدە لە رێگەی فەیسبووکەوە چەند ئەرزوحاڵچییەک سەرقاڵی ریسواکردنی شیعری کوردین. ئەمە تاوانێکە وەک تاوانی تاڵانکردنی شوێنەوارە مێژووییەکان، وەک تاڵانکردنی سەروەتە سروشتییەکانی وڵات، وەک گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی گشتیی. زانیمان لە مێژوودا سیاسییەکان کاریان تەنیا بازرگانی بووە بە خوێن و هەستی مرۆڤەوە، ئەدی هەموو ئەو شیعرنووسانە هەمان کار ناکەن؟. بۆیە پەندێکی فەڕەنسیتان بیر دێنمەوە کە دەڵێ (ئەوانەی کاری بەد جوان دەکەن باشترن لەوانەی کاری جوان بەد دەکەن). هۆشمەند ئەوەیە لەم پەندە تێبگات.

**ڕووداو: شیعرەکانت دوو ئاڕاستەی سەرەکییان هەیە، یەکەم عەشق و دووەم ڕەشبینی و مردن. چۆن دەتوانیت ئەم دوو پێدراوە پێچەوانەیە لە یەک کاتدا لە بۆتەی شیعردا تەوزیف بکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: بێهێنە بەرچاوت هەرەتی لاوێتی من، یان دەسپێکی عەشقەکەم کەوتۆتە زەمەنێکەوە، کە ناوم ناوە زەمەنی «تێکشکان و کوژانەوە»! واتە ئەو قۆناغەی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە هیچ شتێک بەهای نەما لە شەڕی ناوخۆدا، هیچ گۆرانییەکی دڵخۆشکەر نەما بۆ وتن، هیچ ئاوازێکی ڕووناک نەما بۆ ژەنین، ئەوێ ڕۆژێ سەرباری جەنگ و گەمارۆی ئابووری و ڕووخانی تەلاری خەونی نەتەوەیەک، زەمینە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەش مرۆڤی توشی هەناسەسواریی و نامۆیی دەکرد، ئێمە ئەو نەوەیە بووین لەو هەلومەرجەدا مەحکوم کراین بە ڕەشبینی، ئاخر ڕەشبینی ئارەزوویەک نەبوو هەوڵی بۆ بدەین، بەڵکو مۆتەکەیەک بوو بەرۆکی دەگرتین، ئێمە لەو زەمانەدا گەنجیمان دەگوزەراند هەموو ئاسۆکان تاریک ببوون، لێ ئەم هێڵە دراماتیکییەی تراژیدیای کورد تاکو ئێستاش درێژەی هەیە، بەڵام بارە قورسەکەی لەسەر شانی ئەو نەوەیەی ئێمە بوو، نابێت ئەو سیاقە مێژووییە نادیدە بگریت نەوەیەکی سیخناخ کرد بە ڕەشبینی و نیهیلیزم، بۆ نەوەی ئێمە کە ژیان هەموو ڕەنگە پەلکەزێڕینەییەکانی خۆی حەشار دەدا، نائومێدیی ڕەوایی هەبوو!!، بەڵکو بۆ هەندێکی وەک ئێمە کە ئەوسا خوێنەری جیدی بووین و بیرمان لە دنیای خۆمان دەکردەوە کارەساتەکە دوو هێندە گەورەتر بوو.

لەوە بەولاوە وەک نزار قەبانی لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت «لە زەمەنێکدا بە دوای عەشقدا وێڵ بووین، کە نازانێت عەشق چییە». لەو زەمەنەی تەنیا بۆنی باروتی لێدەهات و دیمەنی هاتنەوەی تەرمی شەڕکەرەکانی جەنگی نێوخۆیی وەک تەمێک ئاسۆی ڕوونی گرتبوو، هاوزەمان لەو ژینگە داخراو و تۆقێنەرە کۆمەڵایەتییەدا عەشق و عاشقبوون بۆ خۆی شۆڕشێک بوو، شکاندنی سنوورە تابۆکراوەکانی کۆمەڵگە بوو، وەنەبێت لە کاتی شکاندنی ئەو سنوورانە کۆمەڵگە تەنها فرێی بدایتبایە دەرەوەی خۆی، بەڵکو لە ڕووی فیزیکیشەوە دەیسڕیتەوە. گەنجێکی وەک منیش هەم ڕەشبین هەم عاشق، ئاخۆ دەبێت شیعرەکانی

چۆن دەربچن؟. هەوڵم دەدا دوالیزمی ڕەشبینی و عەشق پێکەوە بخەمە ناو ڕستە شیعرییەکانمەوە، لە کۆتاییدا ڕەشبینی و عەشق بوونە بەشێکی گرنگی سایکۆلۆژیام، ئەمە هەر وەک بۆ زۆرێک لەو نەوەیەی من هەمان شتە.

لێ لە شانزە ساڵییەوە ڕووم لە بیرۆکەی کۆمۆنیزم کرد، «هەرچەند تا ئێستاش چەپم، بەڵام بە دیدێکی جیاتر لە ڕوانگەی چەند ساڵی پێشووترم». کۆمۆنیزمیش بۆ خۆی بەشێکە لە فەلسەفەی گەشبینی، بەو پێیەی هەمیشە هیوادارت دەکات بە سۆسیالیزم و گۆڕانی ڕیشەیی دنیا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هێشتا لە ژێر کاریگەریی ژینگەیی ئاینی و سۆفیستی کۆمەڵگەی کوردیی دەربازمان نەببوو، جۆرێک لە خۆشەویستیمان بۆ مەرگ هەبوو، بێ ئاگا کەوتبووینە ژێر ئەو دیدە «هیگل»ییەی پێیوایە «مەرگ خودی عەشقە، عەشقی ڕەها و پوخت لە مەرگدا خۆی ئاشکرا دەکات». هەموو دەمانویست «کلایست»ئاسا لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەمان یان بە یادی عەشقێکی ناکامەوە خۆمان بکوژین، تاکو بیسەلمێنین مەرگ خودی عەشقە. لەبەرئەوە ئێمە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین ببووینە عارفی تەریقەتی مەولانای ڕۆمی و شاگردی مۆسۆلینی و بێئاگایانە دەمانووت «بژی مەرگ»، بەڵام هەنووکە دوای ئەو هەموو ساڵە وەک دێڕە شیعرەکەی «ژان ژینێ» لە زیندانەوە «داوای ئاشتی لە مردن دەکەم».

**ڕووداو: لە زۆرێک لە کتێبە سیاسییەکانتدا یەک هێڵی ڕوون بەدی دەکرێت، ئەویش دوانە بە زمانی ڕەخنەیی لە ئەدای سیاسیی و حکومداریی؟ پێتوایە ئەزموونی حکومداریی لە کوردستان هەمیشە شایانی ڕەخنەگرتنە؟**

ستیڤان شەمزینی: لە ڕاستیدا وەزیفەی هەر تاکێکی بیرکەرەوە بریتییە لە ڕەخنە، بەو پێیەی ڕەخنە خۆی میتۆدێکە دژی داخران و چەقبەستن، لەگەڵیدا سترۆکتۆری هەر بیناکردنەوەیەکی نوێشە. جیا لەوەش بە دەربڕینی ئەدۆنیس «ڕەخنە دژ و پێچەوانەی میتۆدی داخراوە». ئیشی ڕەخنە ئەوەیە پرسیار جێبهێڵێت نەک وەڵام، ڕەخنە هەوڵێکی مەعریفی و زانستییە بۆ ئاشکراکردنی دیوی حەشاردراوی هەر شتێک، بۆیە هەمیشە پشت بە زانست دەبەستێت، هەر ڕەخنەیەک لەسەر زانست ڕۆ نەنرابێت بێ سێ و دوو ناچێتە چێوەی

رەخنەوە، ئیدی رەنگە بەشێک بێت لە داشۆرین یان نابووتکردن. تۆ دیقەت بدە رەخنەکانی نیتچە لەسەر زانستی رەچەڵەکناسی «جینۆلۆجیا» تەبەنیکراون یان رەخنەکانی مارکس بنەمایەکی زانستیی ماددیی و دیالێکتیکیان هەیە، هەروەک ئەوەی ئەلتۆسێر، مارکس بە دۆزەرەوەی مێژوو پێناسە دەکات. لەم سۆنگەوە دەتوانم بڵێم رەخنەی زانستی و سیاسیی پێویستییەکی گرنگە لە پرۆسەی سیاسیی و دەوڵەتداریدا، بێ رەخنە ماشێنی دەوڵەت و ئیدارە بەرەو ستەمکاریی و نادادپەروەریی گەورە دەڕوات.

رەخنەکانی من لەو چوارچێوەیەدان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی حکومداریی لە کوردستان، هیچ کات وەک نەیارێک بۆ شکاندنی شکۆی کوردبوون رەخنەکانم ئاڕاستە نەکردووە، بەڵکو دروست بە پێچەوانەوە کاری من ئەوە بووە حکومدارییەکی دیموکراتیک و مودێرن لە کوردستان بێتە ئارا و پەیڕەو بکرێت، شکۆی هاووڵاتیانی کوردستان بەرز رابگرێت، بەمەش شکۆی حکومدارییەکە خۆیشی بەرز رادەگیرێت. بۆ رەخنەی سیاسیی پێویستم بە زمان و میتۆدێکی سیاسیی رەخنەگرانە هەبووە، هەروەک «میلان کۆندێرا» لە «کافکالۆژیی»دا باس لەوە دەکات هەڵسەنگاندنی دەروونشیکاریی یان فەلسەفییانە و مارکسییانە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی «فرانتس کافکا» سەرلەبەر هەولگەلێکی شکستخواردوون، بەو پێیەی دەبێت ئەدەبیات بە ئەدەبیات هەڵبسەنگێنرێت. ئاوهاش من پێموایە هەڵسەنگاندنی سیاسیی پێویستە بە میتۆدی سیاسیی پراکتیزە بکرێت، ئەگەرنا کارەکە دەبێتە خولانەوەی ناو بازنە.

**رووداو: لە کتێبی «گووتاری پۆپۆلیستی و خەونی بچووکی رۆشنبیرانی کورد»دا، رەخنەی توند لە خودی رۆشنبیری کورد دەگریت. پێتوایە کەموکوڕیی رۆشنبیران چییە؟ پێتوایە رۆڵی رۆشنبیر چییە لە کۆمەڵگەدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: خۆی لە کتێبەکەدا بە روونی رەخنەکانی خۆمم ئاڕاستەی ئەو تایپە لە رۆشنبیری کورد کردووە توانیوویانە کاریگەریی جێبهێڵن، ئارکۆلۆژیستانە بە دوای لەنگیی و ناتەواوییەکانی تێفکرینی ئەو تەرزە رووناکبیرە کوردەدا رۆشتووم کە ناخوازن لە رێگەی تێزەکانیانەوە مرۆڤ فێری بیرکردنەوە بکەن، بەڵکو دەیانخەنە دۆخێکی دەروێشانە تاکو ببنە کۆیلەی چەمکەکانیان، بۆ من ئەم جۆرە لە رووناکبیری کورد وەک لە کتێبەکەشدا بە عەوامگەر ناوزەدم کردوون،

جێگەی رەخنە و تێبینی زۆر بوون، ئەو جیهانە ئیشکالاوییانەی ئەوانم داوەتە بەر نووکی رمی رەخنە تیژەکانم، لەوەدا رەچاوی قسەکەی «مارکس»م کردووە کە دەڵێت «دەبێت رەخنە بێ بەزەییانە بێت». هەر چەند لە نووسینی باسەکانی ئەو کتێبەدا بە قووڵی کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی روانگەکانی «د.عەلی حەرب» بەڵام لەوەدا خۆم جیا کردۆتەوە، کە ئەو پێیوایە «رۆشنبیرانی عەرەب پشکدارییان لە دروستکردنی رای گشتیی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی نەکردووە»، لەو سۆنگەیەی پێموایە رۆشنبیری کورد کاریگەریی هەبووە لەسەر رای گشتیی. کەواتە رەخنەکانی من لە کوێدان؟ رەخنەکانم لەوەدا چڕ دەبنەوە ئەم تایپە رۆشنبیرە کارتێکردنی نێگەتیڤیان هەبووە لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و رای گشتیی، بەو هۆیەی ویستوویانە جەماوەر لە مێگەلبوون بۆ سیاسییەکانەوە بکەنە مێگەلێک بۆ چەمکە سواوەکانیان.

لەوێدا بە روونی هێمام بۆ گروپی «رەهەند» کردووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی «لەتیف هەڵمەت» لەسەر بزووتنەوەی ئەدەبیی «روانگە» کە وتی «روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا»!، من پێموانییە «رەهەند» هێلکەیەکی پیس بووبێت، چونکە رەشبینی و پووچگەرایی بەرهەم هێنا، نەوەیەکی داڕووخاوی هیپیستی هەڵهێنا، نیهێلیزم و بێ ئینتمایی هەڵهێنا، رۆشنبیریی کوردیی کردە مەزادخانەی فیکر، هەر لەو مەزادخانەیەدا هەر رۆژەی تێز و ئەنتی تێزێکی سواوی تێدا هەڕاج دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتیی رووناکبیرانی کورد، هێشتا کۆمەڵە فەقێیەکی وشکهەڵاتووی چەمک و باوەڕە دۆگمەکانی خۆیانن، نەیانتوانیوە دەسەڵاتی رەمزیی خۆیان بۆ ژیاندنەوە و بیناکردنەوەی ژیان وەگەڕ بخەن، ئەوان هەمیشە وێرانکارن، دەڕوخێنن و دەستیان خاڵییە لە ئەڵتەرناتیڤ، دەرگاکان دادەخەن بێ ئەوەی پەنجەرەیەکیش بکەنەوە بۆ هەناسەدان، ئەوان نوێنەری مەرگدۆستین نەک ژیانویستیی، وەک گلگامێش بە نائومێدییەوە لە خۆیان دەڕوانن و دەڵێن «ئاە مەرگ بینەقاقای گرتووین».

**رووداو: خۆت وەک رۆشنبیرێکی چەپ پێناسە دەکەیت. پێتوانییە چەپ ئیتر لە پەڕاوێزی رووداوەکاندایە، یان پێتوانییە بە رووخانی دیواری بەرلین خەونی چەپەکانیش داڕوخا؟.**

ستیڤان شەمزینی: قسەکردن لەسەر کۆتایی هاتنی رۆڵی چەپ وەک قسەکردنە لەسەر کۆتایهاتنی ئۆکسژین لە گەردووندا!! چەپ ئەو ئۆکسژینەیە هەموو کۆمەڵگەکان وەک هێزیکی رەخنەگرانە نەک پێویستیان پێیەتی بەڵکو مومکین نییە بێ ئەو بتوانن بەردەوام بن. من وا بڕوا دەکەم هێشتاش چراکە خامۆش نەبووە، پەندێکی چینی هەیە دەڵێت «باشترین کار ئەوەیە مۆمێک داگیرسێنیت، نەک بانگەشەی تاریکی بکەیت». ئەم پەندە زادەی ئەو عەیامە کۆنەیە، مرۆڤ ئاشقی رووناکی بوو، بۆ تیشکی خۆری دەڕوانی. لە زەمەنێکدا پارە فەرمانڕەوا و سەرمایەداریی کولتووری مرۆڤایەتییە، جیهان کەوتۆتە دەست شەمشەمە کوێرەکان. پەندەکەش بەم جۆرە هەڵگێڕدراوەتەوە: چراکان خامۆش بکەن، نەکا شەمشەکوێرەی سەرمایەداریی بە شەوارە بکەوێت. جیهان لە سایەی بێ ویژدانی کاپیتالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان و بازاڕی ئازاددا، غەرقی تاریکی و تراژیدیایە. ئەوەی لەم شەوەزەنگەدا چراکەی بەدەستەوەیە خودی پیرە پیاوە بیر رووناکەکەی سەدەی نۆزدەیە «کارل مارکس».

لە راستیدا وەک لە وتاری «یۆتۆپیای مەرگی مارکس و رووخانی وۆڵ ستریت»یشدا ئاماژەم بۆ کردووە ئامادەگیی چەپ و خودی مارکس لە جیهانی نوێی تاک جەمسەرییدا ئامادەگییەکی سەرەکییە نەک کۆمبارسانە، لەوێدا وتوومە هێشتا جیهان پێویستی بە بیری رەخنەگرانەی مارکس هەیە, ئاخر کاتێک مارکس هات، نەک هەر ئەدگاری فەلسەفەی گۆڕی، بەڵکو کودەتای بەسەر تێرمی بیرکردنەوە و پرسیارە وجودییەکانیشدا کرد، بایەخی مارکس و چەپ زۆر لەوە زیاترە کورت بکرێتەوە بۆ ناو پەیڕەو و پرۆگرامی حزبێکی سیاسیی، چونکە چەپ و مارکس گومان لەم جیهانە دەکەن و ئەڵتەرناتیڤی رۆشنیشیان پێیە بۆ چێکردنی دنیایەکی تازە. پێموایە تا ئێستاش مارکس زیندووترین فەیلەسووفی جیهانە، ئەوەی لە دیواری بەرلیندا رووخا بەڵشەفیزم بوو، ئەوەی مرد لینینیزم بوو، ئەوانەی پێیانوایە هەرەسی سۆڤێت هەرەسی مارکس و چەپە دەبێت جارێکی تر بە ئاستی هۆشیاریی خۆیاندا بچنەوە. داستانی مارکس و چەپ لە رووخانی دیواری بەرلیندا تەواو نەبوو، بەڵکو دوای داڕووخانی وۆڵ ستریت دەست پێدەکات.

وا بیر دەکەمەوە کۆمۆنیزم رژێمێکی سیاسیی نییە، دەسەڵات و دامەزراوە دەوڵەتییەکان نییە، چوون خودی کۆمۆنیزم پێڤاژۆیەکە لە دەرەوەی دەوڵەت، لەستروکتۆرە کۆمۆنیزم قۆناغێکە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاریی مرۆڤایەتی، هەروەک چۆن کۆیلەداریی و فیودالیزم و کاپیتالیزم سێ قۆناغی گەشەکردنی دوای کۆمۆنەی سەرەتایین، ئاواش کۆمۆنیزم زەمەنی ئەو یەکسانییەیە مرۆڤایەتی وەک قۆناغێکی پێگەیشتووتر پێی دەگات، بەو پێیەی لە کۆتاییدا ئامانجی مرۆڤ ژیانێکی باشتر و دنیایەکی جوانترە، چونکە ناتوانێت تا سەر بەرگەی ئەو هەڵاواردنە چینایەتی و نایەکسانییە بگرێت لە هەموو رەهەندەکانی ژیانەوە. رۆژێک دێت مرۆڤ ناچار بێت بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی ماقوڵ بکاتەوە و هەنگاو هەڵبگرێت بەرەو هەڵبژاردنی باشترین بژاردە، ئەو ئەڵتەرناتیڤەش بێگومان رۆحی کۆمۆنیزمە، یان رەنگە قەیرانە ریشەییەکانی رژێمی سەرمایە و نابەرابەرییەکانی ئەو سیستمە وەها لە خودی ئابووریناسانی سەرمایەداریی بکات بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێت چارەسەر لە گەڕانەوە بۆ بیرۆکەی دێرینەکەی کارل مارکسدا بدۆزنەوە، ئەمە نە یۆتۆپیایە نە دۆگماتیزم و دیدی ئایدۆلۆگی رووت، بەڵکو ئەگەرێگە بۆ داهاتوو کە ئەگەرێکی زۆر بەهێزیشە.

**رووداو: لە کتێبی «تیروانینی سێهەم»دا لە ٢٥٢ لاپەڕەدا باسی کێشە جڤاتییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکەیت. ئایا دەکرێت بە پوختی پانۆرامایەکی کێشە جڤاتییەکانی هەنووکە بخەیتە روو؟**

ستیڤان شەمزینی: کێشە جڤاتییەکانی ئێمە وەک کورد کۆمەڵێک کێشەی فرە رەهەندن، هەمووشیان پێکەوە بەستراون، قووڵایی و ماکی مێژووییان هەیە، جیا لەمە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە، پێویستی بە کلێشەی تازەتر هەیە لە هەموو کایە و سێکتەرە جۆر بەجۆرەکانی ژیاندا. بۆ ئەم کارەش ئێمە پێویستمان بە گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی هەیە، بەو پێیەی میتۆدی پەروەردەیی ئێمە چ لەناو خێزان، چ لە قوتابخانەکاندا، میتۆدێکە لەسەر ریشە و کولتووری ئاینیی و خێڵەگەرایی بینا کراوە، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵگەیەکی دەستەمۆ بەرهەم بهێنێت نەک تاکی ئەکتیڤ و هۆشیار، هەر لەناو

ئەو رەگوریشاڵە پەروەردەییەدا گرێی خۆ بە کەمزانین و خۆ بە بچووک زانین هەیە، بەو پێیەی مرۆڤگەلێکی بەرهەمهێناوە بە چاوی گومان و هەستێکی نزمەوە لە خۆی و مێژووی خۆی دەڕوانێت، یەکێک لەو کێشە هەرە سەرەکییانەی وایکردووە کورد لە مێژوودا نەبێتە خاوەنی دەوڵەت، فاکتۆرەکەی هەر ئەم گرێ دەروونییەوە بووە، تەنانەت تۆ سەیر بکە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا زۆربەی ئەوانەشی دەنگی «بەڵێ»یان دا، دواتر توشی گرێی ئۆدیب بوون، بەو پێیەی فەرمانڕەوایی داگیرکەران بە دەسەڵاتداریێتی باوکە فرۆیدییەکە تێدەگەن.

ئەوەی لەو کتێبەدا، بە درێژایی بیست هەڤپەیڤین، ویستوومە بە دیدێکی رەخنەگرانە بیڵێم، ئەوەیە: سیاسەت و فەرمانڕەوایی و ئۆپۆزیسیۆن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و عەشق و خۆشەویستی و هاوسەرگیریی و روانینمان بۆ کۆی دیاردەکانی مودێرنێتە، سەرلەبەر پێچەوانەوەیە، راستکردنەوەی ئەمەش تەنیا لە رێگەی دەستکارییکردن و گۆڕینی میتۆدی پەروەردەییەوە زامن دەکرێت. بۆیە دەکرێت قسەکانم وەها پوخت بکەمەوە و بڵێم هەموو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی جڤاتیی ئێمە پێویستیان بە دووبارە فۆرمۆلەکردنەوە هەیە، لەم نێوەندەشدا رۆڵی رۆشنبیر رۆڵێکی کارا و ئێجگار گرنگە، لەو سۆنگەیەی رووناکبیر زانستی گۆڕین و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دنیا بەشێوەیەکی جیاوازتر لەوەی پێشتر بەرهەم دەهێنێت.

**رووداو: یاخیبوون و پەشیمانبوونەوە دوو خەسڵەتی سەرەکی ژیانی خۆت و هەندێ جاریش نووسینەکانتن!! دەکرێت بزانین بۆچی؟.**

ستیڤان شەمزینی: با لە پەشیمانبوونەوە دەست پێبکەین، تێزێکی سەرەکیی هەیە لە زانستدا بریتییە لە تێزی بەدرۆخستنەوە یان پەشیمانبوونەوە. زاناکان ئەمڕۆ شتێک لە بارەی بەکتریایەکەوە دەڵێن، سبەی پێشکەوتنی زیاتری زانست ئەو زانیارییە ئاوەژوو دەکاتەوە، ئەمەش پێی دەوترێت بەدرۆ خستنەوە یان پەشیمانبوونەوە لە زانیارییەکانی دوێنێ. هەموو پەشیمانییەکی فیکریی بەرەو پێشەوەچوونی تاک دەگەیەنێت، مەرجیش نییە ئەو پێشکەوتنە ئەرێنی بێت. پەشیمانبوونەوە خەسڵەتێکی ئەو مرۆڤە بزۆز و داهێنەرانەیە، لە قۆناغێکدا و لەسەر یەک شێوە روانین چەق نابەستن، ئەوەی ئەورووپای پێشخست هەموو

ئەو گومان و پەشیمانبوونەوانە بوو لە زانستەوە تاکو فەلسەفە روویان دا و روودەدەن، دیاردەی پەشیمانبوونەوە فینۆمینێکە رەورەوەی مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە دەچەرخێنێت، قاڵب و چوارچێوە کۆنکرێتییەکان تێکدەشکێنێت، ئێمە پێویستە جارێکی تر بە تێفکرینی خۆماندا بچینەوە لە هەمبەر چەمکی پەشیمانبوونەوە. هەر لە نێو پەشیمانبووەشدا رەگی یاخیبوون دەدۆزینەوە، بەو پێیەی یاخیبوون هەمیشە تێپەڕاندنی سنووره مینرێژکراو و قەدەغەکراوەکانە، گرنگترین فۆرمی یاخیبوونیش بەزاندنی هێڵی سووری فیکری باو و رۆشنبیریی زاڵە، لەگەڵ ئەمەشدا لە کۆمەڵگەی ئێمە دیسانەوە میتۆدێکی پێچەوانە پەیڕەو دەکات لە روانین بۆ یاخیبوون و یاخیگەریی لە سۆنگەی ئەوەی خولانەوە لە چوارچێوەی دنیابینی کۆن «بە ماکیاژێکی نوێوە» مانای یاخیبوونی بەدەستەوە داوە، بۆ نموونە لە سیاسەتدا ئەوانەی ٥٤ ساڵە بەناوی باڵی مودێرنی بزووتنەوەی کوردییەوە یەک ئاوازی دێرین دەژەنن و لە ساڵی ١٩٦٤ەوە و نەیانتوانیوە یەک دێڕ ئیزافە بکەنە سەر گووتاری سیاسیی خۆیان، هەمیشە وەک دەستەی یاخیگەر شوناس کراون.

جگە لەمەش دەمەوێت بڵێم هەموو یاخیبوونێک پۆزەتیڤ نییە و مامانی جیهانێکی جوانتر نییە. ئەمە بەدەر لەوەی لە دۆخی کوردییدا یاخیبوون چەمکێکی ساختەیە، ئاخر تۆ بڕوانە هەموو مێژوومان لە یەک دەچێت، هەموومان لە بیرکردنەوە و رەفتاردا وەک یەکین، ئەگەر جار جار رۆشنبیرێکی یاخیگەر هەڵکەوتبێت، دواجار بووەتەوە بە بەشێک لە فەزای باو و رۆشنبیریی سائید، تەنانەت کۆمەڵگەی ئێمە لە روانین بۆ رۆشنبیر هێشتا توانای جیاکردنەوەی دوو شتیان نییە، یەکەم رۆشنبیر وەک مرۆڤ، دووەم رۆشنبیر وەک خاوەن مەعریفە. بۆیە تەنها رۆشنبیرە تەقلیدییەکان بە مانای گرامیشییەکەی رۆڵیان هەیە و ئەوانیش هەمان گووتاری باو بەرهەم دەهێننەوە، تۆ بڕوانە نیتچە کۆتاییەکانی تەمەنی لە شێتخانە بردە سەر کەسیش نکۆلی لە بلیمەتییەکەی ناکات کە پڕ بوو لە شێتی، ژان ژینێ دز بوو زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکانی لە زینداندا نوسیوون کە بەهۆی دزییەوە رێی کەوتبووە حەپسخانە، کەچی لە ریزی شانۆنامەنووسە جیهانییەکان هەژمار دەکرێ. پاپلۆ نیرۆدا وەزیری

گەندەڵترین دەوڵەت بوو! کەس نییە شیعرێکی ئەوی خوێندبێتەوە سەرسام نەبێت پێی. هایدگەر فەیلەسووفێکی نازی بوو ئێستاش خودی خۆی و تێزە فەلسەفییەکانی هەوێنی وانەی فەلسەفەن لە سەرتاسەری جیهاندا. میشێل فوکۆ هاوڕەگەزباز بوو کەچی هێشتا سەرنجڕاکێشترین فەیلەسووفە. جان جاک رۆسۆ باس لەوە دەکات بە منداڵی دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر کەچی فیکری ئەو هەوێنی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەیە هەنووکە ئەوروپا تۆزێکی لێ پیادە کردووە! ئەرێ تۆ بڵێی ئەمانە کوڕی کۆمەڵگەی کوردیی بوونایە چی نەفرەتێکیان بەسەردا بباریبایە؟!.

## ستیڤان شەمزینی:

# گەندەڵی ئینتمای تاکی کوردی کاڵ کردووەتەوە

ئامادەکردن: ڕەهێڵ پۆست

دەقی دیمانەیەکی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «ڕەهێڵ پۆست» لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠١٢دا لەگەڵ ستیڤان شەمزینی لە بارەی پرسە گەرم و هەنووکەییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراق و پرسگەلێکی گرنگی تر.

**ڕەهێڵ پۆست: ماوەیەکە کێشەکانی هەرێم و بەغداد لە تەوەری دووهێز و دوو کەسایەتیدا قەتیس ماوە. هۆکار چییە؟**

ستیڤان شەمزینی: کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، کۆمەڵێک کێشەی زۆر گرنگ و کەڵەکەبووی چەند ساڵی پێشووترن. ئەگەرچی لە سەرەتاوە وا دەبینرا یان هەوڵدەدرا وەها بچەسپێنرێت، توندوبوونەوەی ململانێی نێوان بەغداد- هەولێر، پەیوەندیی بە ناکۆکیی سیاسیی نێوان دوو هێزەوە هەیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، ئەم جۆرە ڕوانگەیە کەوتە ژێر گومانێکی زۆرەوە. چونکە هەنووکە ئەوەی هەیە کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقە. بە تایبەت لە دوای پێکهێنان و پێشڕەوییەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی دیجلە، کۆی لایەنەکانی کوردستان باس لە هەبوونی مەترسییەکی گەورە و هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر هەرێم دەکەن، ئەمەش هەمان ئەو مەترسییە بوو کە سەرۆکی هەرێم پێش چەند مانگ بانگەشەی بۆ دەکرد.

لێ لە چەند مانگی سەرەتای قەیرانەکەدا، ناکۆکییەکە وەک ناکۆکیی پارتی و دەوڵەتی یاسا دەردەکەوت، ئێستا هاوکێشەکە هەڵگەڕاوەتەوە، بۆتە کێشەی هەموو کورد لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی لە بەغداد. لەم سۆنگەوە چیتر ناتوانین و

هیچ کەسی دیکەش ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات، کێشەی نێوان هەرێم و عێراق کێشەی دوو هێزە. ئەم تێزە ناکامبوونی خۆی لەسەر ئەرزی واقیع سەلماند. لە کۆتاییدا مەشهەدە راستەقینەکە دەرکەوت، کە دەوڵەتی یاسا دەیەوێت دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە عێراقدا بگرێت، بۆ ئەوەش پێویستی بە پاشەکشەکردن بە کورد هەیە. دیمەنەکە روونە، مالیکی دەیەوێت هەژموونی خۆی بسەپێنێت، دەیەوێت لە پێناو هێنانەدی خەونە فراوانخوازییەکانی خۆیدا، کورد بخاتە پەراوێزی عەمەلییەی سیاسیی لە عێراقدا.

**رەهێڵ پۆست: بارزانی و مالیکی هەریەکەیان ئەوی تر بە جۆرێک تاوانبار دەکات. گەر شیکاریت هەبێت لە کۆی تەبەلەی تاوانبارکردنەکە، خەڵکی زیانلێکەوتووی یەکەمن. بۆ خەڵکی نایەنە قسە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوەندەی من تێبینیم کردووە، بەڕێز بارزانی لە سەرەتاوە تا ئێستا وتوویەتی، مالیکی دەیەوێ عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت بباتەوە. با ئێمە بێین شیکاریی بۆ ئەم وتەیە بکەین کە بارزانی هەمیشە پێداگریی لەسەر دەکات. نوری مالیکی لە بەغداد دەستی گرتووە بەسەر هەموو پۆستە سیادیی و وەزارەتە گرنگەکاندا، تەنانەت بانکی ناوەندیی کە دەبوو بێلایەنترین دەزگای دەوڵەت بێت، بەدەر نەبوو لەو کامپینەی مالیکی. لەلایەکی تر دروستکردنی سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنی دیجلە لە دەرەوەی یاسا و بەشێوەیەکی نادەستووریی و کڕینی چەک و فڕۆکەی سەربازیی لە رووسیا کە ئەو وڵاتە بێ هیچ مەرجێک چەک دەفرۆشێت، بەپێچەوانەی وڵاتانی هاوپەیمانیی ناتۆوە بەمەرجی ئەوە چەک بە دەوڵەتان دەفرۆشن دژی هاووڵاتیانی خۆی بەکاری نەهێنێت. هەموو ئەم هەنگاوانەی مالیکی پێکەوە، لەگەڵ هۆشدارییەکی بارزانی یەکدەگرنەوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بەرەو دیکتاتۆریی شەقاوی هاویشتووە.

جیا لە هەموو ئەمانەش، حکومەتەکەی مالیکی رێگریی کردووە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کێشەی پێشمەرگە یەکێک بووە لەو فایلانەی زۆرترین دژایەتی کراوە و ئێستاش مووچەی پێشمەرگە لە ژێر هەڕەشە و گووڕەشەی حکومەتی

ناوەنددایە، پرسی دەرهێنان و هەناردەی نەوتی کوردستان دیسانەوە گێچەڵی زۆری پێکراوە. ئەمە و چەندان نموونەی تری هاوشێوە، ئەو فاکتە دەسەلمێنن، مالیکی ئەجێندایەکی ترسناکی هەیە بۆ عێراق و دژی کورد. سەرەتا لایەنە سیاسییەکانی کورد پێیانوابوو بە گفتوگۆ دەتوانن کێشەکان لەگەڵ سەرۆک وەزیر چارە بکەن، بەڵام بە بۆچوونی من ئێستا زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەن دەبێت میکانیزمی تر لە شێوەی گووشار دروستکردن دژی، بگیرێتەبەر.

**رەهێڵ پۆست: بەهۆی شەڕی ناوخۆ و هەڵئاوسانی گەندەڵییەوە تاکی کورد سستییەکی بەرچاویان پێوە دیارە لە هەستی نیشتمانی، بەشێکی باش لە هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارەکانی هەرێم لەسەر بوونی دابینی ژیان ماونەتەوە لەو ئەرکەدا، ئایا دەتوانرێت گومانمان نەبێت لەوەی پارێزگاریی سنوورەکانمان بسپێردرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: هاشا لەوە ناکرێت ئەو گەندەڵی و نادادپەروەرییەی لە کوردستاندا هەیە، ئینتمای تاکی کوردی کاڵ کردووەتەوە، بەڵام بەو مانایەش نییە، ئەو تاکەی رەخنەی لە گەندەڵی هەیە، ناڕەزایی هەیە لەسەر شێوەی دابەشکردنی ئیمتیازات بەسەر هاووڵاتیاندا، ئیدی رێگە بەوە دەدات مالیکی خاکی داگیر بکات، یان رێگە بەوە دەدات هێزی دیجلە بەعسئاسا پەلاماری کوردستان بدات. پێموایە فایلی گەندەڵی لە ناوخۆی کوردستان، جیاوازە لە فایلی کێشە نەتەوەییەکانمان لەگەڵ بەغداد، پێویستە ئێمە وەرەقەکان تێکەڵ نەکەین. سەبارەت بە پێشمەرگە، لەو بڕوایەدام، هەر ئەوان تا ئێستا پارێزەری کوردستان بوون، هەرگیز گوومان ناخەمە سەر ئەرک و ماندووبوونیان. ئەو بیرکردنەوەیەشی پێیوایە پێشمەرگە داکۆکیی لە کوردستان ناکات، بەهۆی ئەوەی لە ناوخۆی وڵات گەندەڵی هەیە، توشی وەهم بووە، یان بە هەڵەدا براوە. با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئەو هێزەی لە زومار پێشگیریی لە هێزەکانی عێراق کرد کێ بوو؟، ئەی ئەوە پێشمەرگە نەبوو؟. من دڵنیام لەوەی پێشمەرگەی کوردستان، جارێکی دیکە شەڕ بۆ حزب ناکات، بەڵام کە گەیشتە سەر مەسەلە

چارەنووسسازە نەتەوەییەکان، من چاوەڕوانم هەموو هاووڵاتییەک ببێتە پێشمەرگە و ژمارەی پێشمەرگە چەند قاتی ئێستا زیاد بکات، من هەرگیز ئەو ترسەم نییە ئێوە باستان کردووە.

**ڕەهێڵ پۆست: ئەوەی ئۆپۆزیسۆن لە دەسەڵاتی هەرێم داوا دەکات، هەمان تەبەڵەیە بارزانی لە مالیکی داوا دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی تر. ئایا ئەم دووڕووییە لە سیاسەت، تاچەند زیانی بەیەکڕیزیی ماڵی کورد داوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: هیچ لێکچوونێکی ئەوتۆ لە نێوان داوای ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی لە حکومەتی هەرێم و داوای کورد لە حکومەتی عێراق نابینمەوە. کێشەی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان، لەسەر خاک نییە، لەسەر چەوساندنەوەی نەتەوەیەک نییە لەلایەن نەتەوەیەکی تری سەردەستەوە. ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان کۆمەڵێک پڕۆژە و پاکێجی هەیە، خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو پاکێجانەش بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازیی و فراوانترکردنی پەراوێزەکانی ئازادیی. بە مانایەکی تر ئۆپۆزیسیۆنی هەرێم داوای بنەبڕکردنی گەندەڵی و ناعەدالەتی دەکات، داوا دەکات ئازادیی زیاتر بۆ تاکی کورد دەستەبەر بکرێت، ئەمەش داوایەکی زۆر ڕەوایە و بە خەباتی مەدەنیانە بەدەست دێت، بەڵام کێشەی کورد لەگەڵ بەغداد کێشەیەکی نەتەوەیی لە مێژینەیە. کێشەی ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانە، شەڕی چەسپاندنی مافەکانی خۆتە وەک نەتەوەیەک.

پاشان ئەم کێشەیە تەنیا کێشەی بارزانی نییە، کێشەی کوردە لەگەڵ بەغداد. چونکە کورد لە بن مەترسییە. هەر چوونی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بۆ کەرکوک، بۆ ئەوەبوو پشتیوانیی خۆی و بزووتنەوەکەی بۆ ئەو مەترسییە دەرببڕێت لەسەر کەرکوک هەیە، ئەم هەڵوێستە سەرباری ئەوەی هەڵوێستێکی بوێرانەی نەتەوەییە، لە هەمان کاتدا سەلمێنەری ئەوەیە کەرکوک وەک بەشێک لە کوردستان کەوتۆتە بەر هەڕەشەی عەرەب. ئەم هەڕەشەیە سەرەتا بارزانی باسی لێ دەکرد، بۆیە وا دەبینرا ئەمە کێشەی تایبەتی بارزانی و مالیکییە، بەڵام ئێستا بۆ هەموو لایەک ڕوونە، هیچ کێشەیەکی شەخسیی و حزبیی لە ئارادا

نییە، بەڵکو مەسەلەکە ڕەهەندی نەتەوەیی هەیە.

**ڕەهێڵ پۆست: داهاتووی ڕەوشی هەرێم بەم شێوەیە دەمێنێتەوە لە نێوان ئاشتی و ئەگەری شەڕدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: بڕوام بەوە نییە، دۆخەکە بگاتە شەڕ. چونکە پێش شەڕ کورد چەندین هەڵبژاردەی تری لە بەردەمدایە، بۆ نموونە هەنگاوی جیاکردنەوەی باشووری کوردستان یەکێکە لەو هەڵبژاردانە. مالیکی ئەگەر بزانێت بەر بەرگرییەکی بەهێزی کوردان دەکەوێت بە تایبەت لە رووی سیاسییەوە، ناچارە پاشەکشە بکات لەو هەنگاوانەی ناویەتی. ئەگەر ماڵی کورد بەو شێوەیەی چەند مانگی پێشوو لێکترازاو بێت، ئەوە پێویست بە شەڕ ناکات، چونکە بە چەند مانگێکی تر دیجلە دەگاتە هەولێر و سلێمانی. ئەوەی لای من گرنگە یەکخستنی گووتاری سیاسیی و نەتەوەیی کورد و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانە لە بەرامبەر ناوەند، چونکە زامنی سەرکەوتنی کورد دەکات، بەبێ چوونە هیچ شەڕێکی گەرمەوە.

**ڕەهێڵ پۆست: بۆچوونێک هەیە دەڵێت: ئەم باڵانسەی ئەمڕۆ هەیە لە هەرێمدا، کە داشکاوە بەبەرژەوەندی پارتی، بە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر باڵانسەکە بەلایەکی تردا دەشکێتەوە. گوایە پارتی هۆکاری سستی نواندنی ماددەی ١٤٠ چلە، تۆ بۆچوونت چییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: با بە روونی و بێ رتووش وەڵامت بدەمەوە. سەرەتا ئیزنم بدە بڵێم ئەو هێزانەی تر کامانەن، لە پارتی زیاتر داکۆکیی لە کەرکوک دەکەن؟. من داکۆکیی لە پارتی ناکەم، بەڵام نەمبینیوە یەکێتی یان گۆڕان، یاخۆ ئیسلامییەکان، لە پارتی زیاتر توندتربووبن لە پرسی جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل. بەپێچەوانەوە بارزانی لە هەموو کەس زیاتر مکوڕە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل. تەنانەت بەشێکی ئەو کێشانەی هەیە، بۆ جێبەجێ نەکردنی ماددەی سەد و چل دەگەڕێتەوە. لەلایەکی تر، بە گەڕانەوەی کەرکوک باڵانسی هێز ناگۆڕێت بە لای یەکێتی یان گۆڕاندا. پێشوەخت دەبێت بزانین، ماددەی سەد

و چل تایبەت نییە، بە کەرکوک، بەڵکو هەموو ئەو ناوچە دابڕاوانە دەگرێتەوە لە پرۆسێسی تەعریبدا لە کوردستان جیاکراونەتەوە.

ئەگەر ماددەی سەد و چل، هێزی ئەوەی هەبێت کەرکوک بگەڕێنێتەوە سەر کوردستان، بێگومان ئەو سنوورە فراوانەش دەگەڕێنێتەوە حاڵی حازر سەر بە پارێزگای موسڵی ئێستان. ئەمەش دیسانەوە باڵانسەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە، ئەگەر هێندەی زیاتر بەلای پارتیدا نەیشکێنێتەوە، ئەوە هێزی پارتی کەمتر ناکاتەوە. با بە بەڵگە و داتاوە قسە بکەین. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ پارتی لە موسڵ توانی ٩ کورسی بهێنێت بۆ پەرلەمانی عێراق، بەڵام یەکێتی توانی پێنج کورسی لە کەرکوک بەدەستبهێنێت. کۆی ژمارەی دەنگدەرانی پارتی لە موسڵ و کەرکوک، ٢٢٠ هەزار دەنگدەر بووە، بەڵام ژمارەی دەنگدەرانی یەکێتی لە موسڵ و کەرکوک گەیشتۆتە ١٩٥ هەزار دەنگ. کەواتە لەم حاڵەتەشدا پارتی ٢٥ هەزار دەنگ دەکەوێتە پێش یەکێتی، کە بۆ پەرلەمانی کوردستانیش کورسییەکی تری پێ زیاد دەبێت. من بۆیە ئەم بەراووردە بە یەکێتی کرد، چونکە گۆڕان و ئیسلامییەکان لە ناوچە دابڕێندراوەکان هیچ قووڵاییەکی وەهایان نییە شایەنی باس بێت.

**رەهێڵ پۆست: بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت: بەیانکردنی دەوڵەتی کوردیی لە باشوری کوردستان، واتە دەبێتە هۆکاری سنوور بۆ پەیوەندییە حزبییەکان و ماوەنەدان بە دەستتێوەردانی دەرەکی لە دەوڵەتە کوردییەکەدا، ئەمەش بە زیانی پارتییە، هۆکار چییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: نازانم ئەو فاکتۆرە چییە، پارتی لە حزبەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، تا دەوڵەتی کوردیی زیانی لێبدات.؟ پێموایە ئەگەر دەوڵەت زیانی لە پارتی بدایە، هێندە بانگەشەی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیی نەدەکرد. چونکە من دەبینم باسوخواسی دەوڵەتی کوردیی بووەتە باسێکی جیددی لای پارتی. تەنانەت زۆرجار کە داکۆکیی لە دەوڵەتی کوردیی دەکەیت و بانگەشەی بۆ دەکەیت، خەڵکانێک لە دەرەوە گومان دەکەن تۆ پارتی بیت!! یان بە داکۆکیکاری

ئەجیندا و پلاتفۆرمی پارتی تاوانبارت دەکەن.

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی لە قازانجی هەموومانە. لەمسەری راستەوە بۆ ئەو سەری چەپ لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی زیان ناکەن، ئەمە هاوکێشەیە پارتیش دەگرێتەوە. زۆرجار دەڵێم لەوانەیە پارتی لە رووی حزبییەوە بتوانێت لە قۆناغی یەکەمدا سوودێکی زۆر لە دامەزراندنی دەوڵەت وەربگرێت، چونکە پارتی دامەزراوترین حزبە لە ئێستادا، یەکێتی هێزی پێشووی لە دەستداوە و گۆڕانیش لە قۆناغی دەڵەمەیی تێنەپەڕیوە و رەنگە هیچ کاتیش نەتوانێت تێی بپەڕێنێت. وا دەهزرێم ئەو بۆچوونەی جەخت لەوە دەکاتەوە پارتی زیان لە دەوڵەتی کوردیی دەکات، خوێندنەوەیەکی سادەی بۆ هاوکێشە سیاسییەکان کردبێت، چونکە بۆچوونێکی قووڵ نییە و زێدەتر لە کاردانەوە دەچێت وەک لە ئەنالیزێکی واقیعی و پێشت ئەستوور بە بنەمایەکی زانستیی. کورت و کرمانجی پارتی هێزێکی دامەزراوە لە ئێستادا، ئەگەر دەوڵەتیش دروست بێت بەو دامەزراوییەی خۆیەوە دەچێتە ناوی، رەنگە ئەمە ببێتە فاکتۆری ئەوەشی سەرۆکایەتی یەکەم دەوڵەتی کوردیش بکات. ئەمە رای منە.

تێبینی: ئەم دیمانە لە رۆژی ١٢-١١-٢٠١٢دا لە سایتی «رەهێڵ پۆست» بڵاوبووتەوە.

## ستیڤان شەمزینی:

# دوای مام جەلال یەکێتی پەرش و بڵاو دەبێتەوە و لاواز دەبێت

ئا: نزار محەمەد

گفتوگۆی رۆژنامەی «هاوبیر» لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٦، لەگەڵ ستیڤان شەمزینی نووسەر و چاودێری سیاسیی لە بارەی ئەگەرەکانی قۆناغی دوای مام جەلال و پاشەڕۆژی سیاسیی یەکێتی لە هاوکێشەکانی داهاتوودا.

**هاوبیر: ئایا چارەنووسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە کوێ دەگات لە دوای مام جەلال؟**

ستیڤان شەمزینی: لە راستیدا وەڵامدانەوەی وەها پرسیارێک زەحمەتێکی زۆری دەوێت و لەوانەیە پێویستیت بە کاتێکی زۆر بێت بۆ رامان و قووڵبوونەوە لێی. بەڵام دەکرێ ئێمە لەوێوە بێینە ناو باسەکەوە کە خودی مام جەلال سەرکردەیەکی بە توانا و دیاری چەندین دەیەی بزووتنەوەی گەلی کوردستان بووە. دەرکەوتنی مام جەلال لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولدا وەک سەرکردەیەکی لاو و خاوەن روانگەی تایبەت، هێزی دایە ئەوەی دایە بتوانێت سەرکردەی قۆناغەکانی داهاتووش بێت، هەر بۆ نموونە ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٦) مام جەلال فاکتۆری کۆکردنەوە و یەکخستنی باڵە جیاواز و ئاراستە فیکرییەکانی یەکێتی ئەوسابوو. تەنیا ئەو بوو توانی هەر سێ باڵە جیاوازەکە لە ژێر چەتری یەکێتیدا کۆبکاتەوە، بۆیە بە بڕوای من گەر مام جەلال نەبوایە ئەوا هەرگیز ئەو سێ باڵە (کۆمەڵە- شۆڕشگێڕان- بزووتنەوەی سۆسیالیستی) نەک هەر نزیک نەدەبوونەوە و کۆ نەدەبوونەوە لە ژێر یەک سەرکردایەتی و چوارچێوەی یەک پارتی سیاسییدا بەڵکو بە جۆرێک لێکدی دوور دەکەوتنەوە کە رەنگە جەنگی

براکوژەشیان لەگەڵ یەکتر بکردبایە. «هەرچەند بزووتنەوە و یەکێتی شەڕی براکوژەیان کرد».

بە کورتی مام جەلال لە رابردوودا فاکتەری کۆکردنەوەی یەکێتیی بوو، هەروەک چۆن هەنووکەش ئەوە تاڵەبانییە باڵانسی یەکێتیی راگرتووە، پێموایە هەتا ئەو لە ژیاندا مابێت یەکێتیی بەو جۆرەی ئێستای دەمێنێتەوە ئەویش بە حوکمی کاریزما و ئەزموونی پەنجا ساڵەی هەڵسوڕانی لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا. وێڕای ئەوەی ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی نێو دەستەکانی یەکێتیی رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتر دەبنەوە، بەڵام چەند هۆکارێک لە ئارادان بۆ ئەوەی ریزەکانی یەکێتیی تا ئەندازەیەک بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەگەر یەکێک لە فاکتۆرەکانی بارودۆخی ئاڵۆزیی سیاسیی و بەرامبەرکێ بێت لەگەڵ پارتی، ئەوا بە دیوێکی تردا، ئەوە مام جەلال و باڵەکەیەتی ئەم باڵانسەیان راگرتووە، پێویستە بڵێم لەم قۆناغەدا بارودۆخی یەکێتیی هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە کە هەیە و مام جەلال تاکە کەسە کە رابەرایەتی دەکات، چونکە ئەو دەتوانێ لە کەمترین رووبەردا زۆرترین دەسەڵات بۆ خۆی پەیدا بکات.

ئەگەر بێینە سەر ئەوەی دوای مام جەلال یەکێتیی بەرەو کوێ مل دەنێت؟ وەڵامدانەوەی گەلێک قورسە و هەموو پێشبینی و شیکارییەکان، تەنیا لەنێو چوارچێوەی گریمانە و شێمانەدا دەبن، هەرچەندە ئەمە رێی ئەوەمان لێناگرێ گۆشەنیگای خۆمان مانیفێست بکەین. بە بۆچوونی من لە دوای مام جەلال ریزەکانی یەکێتیی بە یەکگرتوویی نامێنێتەوە و پەرش و بڵاو دەبێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا یەکێتیی دابەش نەبێت بەسەر سێ حزبدا ئەوە لانیکەم فەوزا هەناسە لەبەر یەکێتیی دەبڕێت. هیچ کەسیش لەناو یەکێتیدا بوونی نییە بتوانێ رۆڵی مام جەلال بگێڕێت، بە تایبەت مام جەلال بەدەر لەوەی سەرکردەیەکی سیاسییە، بەڵام لەگەڵیدا رابەرێکی کاریزماتیکی و تەنانەت کەمێک رۆحیشە. لەبەرئەوە ئیدی هیچ کاریزمایەک نامێنێت بتوانێت تەوازنی یەکێتیی رابگرێت، ئەوەش لە وەختێکدایە تەنیا سەرکردەیەکی کاریزماتیک دەتوانێ ئەو هەموو جیاوازییە قووڵەی نێو یەکێتیی کۆبکاتەوە.

لە راستیدا دەبێت ئاماژەش بەوە بدرێت کارەساتی یەکێتیی لەوەدایە دەستە و فراکسیۆنەکانی لەسەر ستروکتوری فیکریی و ئایدۆلۆژیی دانەمەزراون، بەڵکو لە ریفۆرمخوازەکەیانەوە تا کۆنزەرڤاتیڤەکەیان خودانی چەند بەرژەوەندییەکی ئابووری بەحتن و جیاوازییەکانیان لە باشترین حاڵەتدا جیاوازیی نێوان دوو کۆمپانیایە و شەڕکردن و بەگژاچوونەکانیشیان، تەنیا لە چوارچێوەی ئابووری و پشکی تایبەتە لە سەروەتی حزب و دەستکەوتی سیاسیی. بۆیە لاموایە بە زەحمەت ئەم جیاوازییە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئیتر دوای مام جەلال مەودا دەکرێتەوە باڵەکان دەستبەرداری یەکێتیی بن و هەریەکەیان خۆیان بن. لەلایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی مام جەلال وەک کاریزمایەکی زیندوو و سیمبولێکی سیاسیی و حزبیی و تەنانەت نەتەوەیی هەوڵێکی فاشیل و بێهودە دەبێت. ئەگەر لە سادەترین هۆ بگەڕێین ئەوەیە قۆناغی ئێستا ئەو قۆناغە نییە کاریزمای تێدا لە دایک بێت، زەمەنی ئێستا ساتەوەختێکە هیچ قارەمانێکی جاویدانی لە خۆ ناگرێت، هیچ کەس بە تەنیا ناتوانێ هێما و ئەفسانە بێت تەنانەت بۆ کۆمەڵێکی زۆر بچووکیش، بەڵگەش بۆ ئەمە دوو نموونەیە:

یەکەم: پارتی نەیتوانیووە تاوەکو ئێستا بارزانی بکاتە ئەو هێمایەی خۆی دەیەوێت، جگە لەوەش کۆتایی ئەو هەموو پارە بە فیڕۆدان و رەنجەی پارتی بۆ بە ئەفسانەکردنی بارزانی زۆر حەزین کەوتۆتەوە، تەنانەت نەسلی نوێ نازانن مستەفا بارزانی ساڵی چەند وەفاتی کردووە.

دووەم: یەکێتی هەوڵێکی چڕوپڕ و پلان بۆداڕێژراوی هەبوو بۆ دروستکردنی پێگەیەک بۆ بلە (ئیبراهیم ئەحمەد) لانیکەم هیچ نەبێ بلەش ئەوە بێت بۆ یەکێتیی کە مستەفا بارزانی هەیەتی بۆ پارتی، ئەم هەوڵەش کۆتاییەکەی زۆر کۆمیدیی دەرچوو، بە جۆرێک بلە لە بەرچاوی دەستەبژێرە رۆشنبیرەکەش کەوت.!

قەناعەتی من ئەوەیە یەکێتیی دوای مام جەلال ئەگەر لەبەریەکیش هەڵنەوەشێتەوە و دابەش نەبێت بەسەر سێ حزبدا، ئەوە بە تەواوەتی لاواز دەبێت، بەمەش سیمای سیاسەت لە تەواوی کوردستاندا دەگۆڕێت, رەنگە ئەمە پارتیش ناچار بکات بە گۆڕان و بەخۆداچوونەوە. لای خۆمەوە پێشبینی دەکەم ئەگەر ئەو ناکۆکییانەی ریفۆرم و باڵی مام جەلال بەردەوام بن، یەکەمین ئینشقاق

لە داهاتووی نزیکدا لەناو یەکێتیدا رووودەدات، پێش ئەوەی قۆناغەکە بگاتە قۆناغی دوای مام جەلال. بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، بارودۆخ و زەمینەی سیاسیی ئایندە رۆڵی کاریگەری دەبێت لە چارەنووسی یەکێتیدا. رەنگە بڵێم لەوانەیە بە بوونی مام جەلالیشەوە بارودۆخێک بێتە پێش بۆ یەکێتیی، تەنانەت بۆ پارتیش بە تەواویی گۆڕانیان بەسەردا بێت، لەوانەشە لە رەگوڕیشەوە بەو جۆرەی ئێستا نەمێننەوە.

تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە بەشێوەی تەوەر سازدراوە لەگەڵ (سەعدی ئەحمەد پیرە) و (بەرزان ئەحمەد کوردە) و (ستیڤان شەمزینی). تەوەرەکەش لە ژمارە (٢٥)ی رۆژنامەی (هاوبیر) لە سەرەتای ئەیلولی ٢٠٠٦دا بڵاوبۆتەوە.




# بەشی حەوتەم

# نوستالیژیا

# بە «با»کردنی «کا»ی کۆن

-١-

## کتێب بە عەرەق

ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، پڕبوو لە رووداو و کارەساتی سەیر. ئابڵووقەی ئابووری سەر عێراق، ژێرخانی کوردستانی بە تەواوەتی داتەپاند. ئەو چینە بۆرژوازییەی لە هەشتا و هەفتاکان وەک شا دەژیان، کەوتنە سەر ساجی عەلی. توێژە تەکنۆکراتەکانی وەک مامۆستا و فەرمانبەر و هاوشێوەکانیان بوون بە ژێرەوە، تەنانەت لەگەڵ رێزمدا ئەوسا لە قەسابخانەکانی سلێمانی، بە خەتێکی درشت دەنوسرا، ئێسقان هەیە بۆ مامۆستا، یان دەنوسرا روبعە کیلۆ گۆشت هەیە بۆ مامۆستا. ئیتر ئەو دەیەیە دەیەیەک بوو گلۆڵەی چینی ناوەند هاتە لێژی و چینی خوارتریش هەر بە تەواوەتی فلیقایەوە. ئەوسا بەشێکی زۆری چینی ناوەند، تەنانەت پێداویستییەکانی جوانکاریی ناو ماڵی خۆی دەفرۆشت، بەڵام قۆناغەکە درێژەی کێشا، وای لێهات هەموو شت دەفرۆشرا، بۆ ئارد و شەکر و رۆن. دۆخەکە خراپ بوو، ئەمە وایکرد شەپۆلی راکردن بەرەو هەندەران هەموو سنوورێک ببەزێنێت. ئەوسا خەڵکی شار زۆربەی لە ماڵەوە کتێبی هەبوو، کتێبخانە ببووە بەشێک لە پێداویستی ناو ماڵ، چونکە ئەوسا دۆنم و وەنەوشە و شتی وا ناوی لە کولەکەی تەڕیشدا نەبوو. لەو زەمەنە گرانییەدا هەموو کتێبی دونیا نەیدەکردە لەواشەیەکی گەرم، بۆیە هەڕاجکردنی کتێب ببووە دیاردەیەک لە نزیکەوە دەمانبینی. بڕوا دەکەن یان نا، من کتێبی «شەرەفنامە»م تەنیا بە سێ دیناری عێراقی کڕیوە.

ئەوسا من ئەوەندەی خوێنەرێکی جیددی بووم، خۆم پێ نووسەر و شتی وا نەبوو، هەر بە راستیش نازناوی نووسەر و رۆژنامەنووس وا ئاسان نەبوو وەک ئێستا، کە دوکاندارەکەی دراوسێمان پێیوایە ئەویش نووسەر و رۆژنامەنووسە، چونکە بەردەوام لە بەرنامە راستەوخۆکانی تیڤیدا موداخەلە دەکات. ئەوێ رۆژێ زۆر عەودالی کتێب بووم، تا رادەیەک ئەو گرانییە بەر خانەوادەی ئێمە نەکەوتبوو، ئێمە پێشتر دەوڵەمەندێکی قورس بووین، ئاسان نەبوو ئەو گرانییە بە خێرایی هەرەسمان پێبهێنێت. دەرفەتم لەو هەڕاجکردنی کتێبە وەرگرت و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کتێبی دانسقەم بە نرخێکی هەرزان کڕی، کە هەموو تەفسیری تەبەری کە زیاتر لە ٢٢ جزمە، بە ١٨٠ دینارێک کڕیم، پێموایە ئەو تەفسیری «تەبەری»یەم لە کاک «سیروان» ناوێک کڕی، کە لە بەردەم نەخۆشخانەی ددانی سلێمانی کتێبفرۆش بوو.

زەمەن رۆیشت و هات، منیش بێزاربووم لە کتێب کڕین، بڕیارمدا سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم، بەشێک لە کتێبە دانسقەکانم فرۆشت و کردمە پارە بۆ سەفەرەکەم، ئەلبوومی وێنەکانی خۆم سووتاند لە نهۆمی سێیەمی ماڵەکەمان لە گەڕەکی سەهۆڵەکە. بڕیارم دابوو واز لە وڵات بهێنم، نیهلیزم باڵی بەسەردا کێشابووم، لە سیاسەت نائومێد ببووم، لە هاوڕێکانم کە زۆربەیان راستگۆ دەرنەچوون نائومێد ببووم، لە عەشقی ناکام نائومێد ببووم، لە رووی دارایشەوە هەرەسم هێنابوو، رۆژانە ئەو پارەیەم خەرج دەکرد لە خوشکێکم وەرمدەگرت، لەم دەست پانکردنەوەیەش لە خوشکم نائومێد ببووم، نائومێدیی زیاتر لە هەر شتێک منی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆی. کاتێک سەفەرەکەشم، هەرەسی هێنا و خەریکبوو ببمە خۆراکی قرژەکانی دەریا، بە بێزاریی و پووچگەرایی زۆرەوە گەڕامەوە وڵات، هیچ شتێک نەبوو بتوانێت ئارامیم پێ ببەخشێت، جگە لەو عەرەقە زۆرەی هەموو رۆژ دوو سێ جار دەمخواردەوە. هەموو رۆژێک کاتژمێر ١٠ سەر لەبەیانی دەچوومە باڕی «دەریا» لە تەنیشت ماسی فرۆشەکانی ئەسحابەسپی، دەستم دەکرد بە خواردنەوە تا بە تەواوەتی خەیاڵ دەبووم، تا ئەو ئەندازەی «سالار» یان «کاک ئەکرەم» یان «ئاوات» کە سێ گارسۆنی ئەو باڕە بوون، دەیانووت بەسە، لەوە زیاتر بوارت نادەین،

دەستم لە خواردنەوە هەڵنەدەگرت، بەڵام دەمەو ئێوارەش وردە وردە بۆ یانەی فەرمانبەران دەڕۆیشتم لەوێش دوا کەس بووم لەو یانەیە هەستم. ئیتر ئەو زەمەنە لای هەموو کەس من کهولیست بووم، لە راستیشدا هەروابوو.

وردە وردە پارەم کەم دەبووەوە، هیچ کارێکم نەبوو، ماڵەوەش گەمارۆیان دەخستە سەرم بۆ ئەوەی بە ئاگا بێمەوە. منیش بە دووی رێگەیەکی ئاساندا دەگەڕام، پارەی خواردنەوەی پێ مسۆگەر بکەم. لە ناکاو ئەهریمەن هاتە بن کلێشەم و بیرۆکەی ئەوە بە مێشکمدا هات، دەستێک لە کتێبخانەی ماڵەوە بوەشێنم، لەسەر هەمان پرنسیپی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، منیش کتێب بەرانبەر بە عەرەق گەلاڵە بوو لەلام. ئیتر هەر کات پارەم پێ نەدەما، پڕ عەلاگەیەکی گەورەی نایلۆن کە پێیان دەوت عەلاگەی «ئەسپین» کتێبم دەبردە بەر دەرکی سەرا و بە «حسێن»م دەفرۆشت، کە هەموو کەس «حسێن» دەناسن، یەکێکە لەوانەی کاتێک خراپترین کتێبت پێ بفرۆشێت قەناعەتت پێ دەکات باشترین کتێبە و بە نرخێکی گران پێت دەفرۆشێت، بە پێچەوانەشەوە هەروابوو. من بۆ ئەو کتێبفرۆشە ببوومە نێچیر، ئیتر هەر کات پارەم پێ نەدەما کتێبم دەفرۆشت بۆ کڕینی عەرەق. هاوڕێکانم لە چەشنی «بەهەست حەمەساڵح»، «کەیوان سەعید»، «ئاریز سۆران»، «رێباز حەمەجەزا» لەو کەسانەن کە دەعوەتم کردوون بۆ ئێوارە خواردنەوە لەسەر حسابی کتێبەکانم، بەڵام ماڵیان ئاوا بێت ئەوەندە موناقەشەی فیکرییان دەکرد، هەموو جار داخم دەخوارد بۆ بەهەدەردانی کتێبەکانم، لەبەر خۆمەوە بڕیارم دەدا ئەمە دواجار بێت کتێبەکانم بۆ خواردنەوە بفرۆشم، بەڵام هەر وەخت پارەم لێ دەبڕایەوە عەینەن تاس و حەمام، حسێن خۆت بگرە و هاتم.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە رۆژی ٢-٨-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

## -٢-
## پاشتێلانە

دوای راپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١، کەشێکی نوێ لە کوردستان دروستبوو. هەموو کەس لە سێ شارە ئازاد و رزگارکراوەکەی کوردستان هەستی بە جۆرێک لە سەربەستی دەکرد، سەرەتایەکیش بوو لە کرانەوەی کوردستان بە رووی دونیادا. لەو نێوەندەدا هەندێک لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە نوێیەی کوردستان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. پێشتر ئاهەنگی ژنهێنان، لە ماڵان و دەشت و دەر دەکرا، زۆرجاریش تەقەی خۆشی شایی دەکردە شین. لە یادمە پێش راپەڕین خزمێکمان لە پێشمەرگایەتی گەڕابووەوە دوای ئەنفال. ژنیان بۆ هێنا، تا نەبێتەوە بە پێشمەرگە، حەوت شەو و حەوت رۆژ لە حەوشەی ماڵەکەیاندا کە هەر حەوشەکەیان ٣٠٠ مەتر دەبوو، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا دەهات، منیش هەر لە قوتابخانە دەگەڕامەوە وەک نەنکم دەیووت بۆ چڵێسییەکە خۆم دەکرد بە شاییەکەدا، ئیتر بخۆ لە ناز و نیعمەتی سێ چوار جۆر گۆشت. دوای راپەڕین، ئاهەنگی پاشتێلانە رووی کردە هۆڵەکان، بۆ خزم و کەسی ئێمە دوو هۆڵ زۆر نزیک بوو، هۆڵی چۆپی و هۆڵی پیشەسازیی، هەردووکیان دەکەونتە سەر شاڕێی سالم لە شاری سلێمانی. ئێمە ئەوسا کۆمەڵێک کوڕ و کچی گەنج بووین، هەموومان خاڵۆزا و پورزا و ئامۆزا و خزمی پلە یەک بووین، هەمیشە هەموو شاییەکمان گەرم دەکرد و جۆشێکی تایبەتمان پێدەدا، بە هەموو جۆرە هەڵپەڕکێیەک ئاهەنگەکەمان دەڕازاندەوە. شەڕمان دەکرد لەسەر سەرچۆپی گرتن، ئێمە باش بووین، لە شوێنانی تر لەسەر سەرچۆپی، شەڕی گەورە و خوێناوییان دروست دەکرد و هەندێک جار دەیانکردە ئەو رۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژرا.

من یەکێک بووم لە گەنجە بە جۆشەکان، زۆربەی خزمان پێش هەموو کەس کارتیان بۆ من دەنارد، تا بچمە ئاهەنگی بووک گواستنەوەیان، چونکە دەیانزانی هەر کە ئاهەنگ دەستیپێکرد، ئەو دەستگرتنەی دەست دەگرم، تا دەرگای هۆڵەکە دانەخەن، لە هەڵپەڕکێ ماندوو نابم. ئەوسا ئاهەنگەکانیش سادە بوون، دی جەی و شتی وا لە ئارادا نەبوو، ماڵە هەژارەکان تەسجیلێکی رایزنیان دەهێنا، بەڵام

زۆربەی جار تیپێکی میللی بۆ ئەو ئاهەنگانە بانگ دەکران. ناوی تیپەکانم بیر نەماوە، بەڵام ئەو گۆرانیبێژانەی دەهاتنە ئاهەنگەکان و لە ئێستادا بیرم ماون، بریتین لە «میدیا حسێن، عەتا چاوشین، کەریم گولانی، عەلی یارە، کەمال عەلی، قالە مۆریاسی، رەزا جولەکانی، جەزا قرگەیی، خالید سەقزی، شیروان عەبدوڵڵا، عەلائەدین حەسەن، ئەمیر حەسەن، یادگار ستار، کاروان نوری، سۆران نوری، مەحموود محەمەد، رەزا چاورەش، ئیسماعیلی تەپڵ، جاسمی ساز، زۆری تر». من لەگەڵ دەنگی هەر یەک لەو گۆرانیبێژانە هەڵپەڕیووم، بەڵام چۆن هەڵپەڕینێک؟ بڕوا بکەن زەوی لە ژێر پێمدا دەلەرییەوە.

ئەوسا دیاردەیەکی تر، لە ناو ئاهەنگەکاندا بوونی هەبوو. بە تایبەت لە سەرەتای راپەڕین و چەند ساڵی دوای راپەڕین. ئەویش شەڕە پەڕۆ بوو. هەر گروپە یان هەر کەسە پەڕۆیەکی لە رەنگی ئالآی حزبەکەی دەهێنا، دەیکردە سەرچۆپی، نەیارەکانیش توورە دەبوون، یان ریزی هەڵپەڕکێکەیان جیا دەکردەوە یان هەوڵیان دەدا ئالآی حزبەکەیان بکەنە دەسڕی سەر چۆپی. بێگومان من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم، چونکە من کەسێکی چەپ بووم، بەڵام ئەو گروپەی ئێمە، هەمیشە پێش چوونە ئاهەنگ، پرسیاریان لە یەکتر دەکرد، ئایا تەواو ئامادەن، هیچیان بیر نەچووە، مەبەستیان لەوە بوو کە پەڕۆ سەوزەکەیان بیر نەچێت، جار جار تەسبیحی دەنک سەوزیان دەهێنا، چونکە دەیانووت ئێستا فلآنە ناوچە وەک چالاکی دەسڕی زەردی داوەتە لایەنگرانی خۆی بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە زەرد بکەن، پێیان ناخۆش بوو، دەیانووت هەر دەبێت زۆرترین سەرچۆپی بە پەڕۆی سەوز بگیرێت.

جارێک لە ساڵی ١٩٩٢، چووینە ئاهەنگێک لە هۆڵی پیشەسازیی، (ئێستا شوێنەکەی کراوە بە تەلاری کوردستان مۆڵ). ماڵی زاوا کە تازە ببوونە خزممان، خۆیان چەند پارچە پەڕۆیەکی زەردیان هێنابوو، نەیاندەهێشت کەس بە پەڕۆی سەوز سەرچۆپی بگرێت، خەریکبوو شەڕ دروست ببێت، بەڵام لەو کاتانەدا باوکم، یادی بەخێر، هاتە ئاهەنگەکە، سێ پێشمەرگەی خۆیشی لەگەڵدا بوو، کەوتە ناو مقۆمقۆکەوە، گەنجەکان توورە ببوون لەسەر پارچە پەڕۆیەک، بەڵام باوکم وتی ئادەی پەڕۆیەکی سەوز و زەردم بدەنێ تا تێکەڵاویان بکەم

و سەرچۆپی پێ بگرم، ئەمەش بە لای هەموو گەنجەکانەوە سەیر بوو. باوکم بە تووڕەییەوە وتی: من فەرماندەیەکی سەربازییم و کەسیشتان نییە لە من زیاتری چەشتبێ بەدەستی پارتی و یەکێتی، بۆیە ئەو پەڕۆ تێکەڵاوە دەکەمە سەر چۆپی تا پێتانبڵێم پەڕۆی سەوز و زەرد هەر پەڕۆیە و نابێتە زیو. بەمەش شەڕەکە کۆتایی پێهات. منیش تەنیا سەیری وەزعەکەم دەکرد، پێم خۆشبوو، تەنیا ئاهەنگەکە بەردەوام بێت. بەڵام خۆشبەختانە ئاهەنگەکە بەردەوام بوو.

جگە لەمانە، ئەوسا ئێمە ئەو پاشتێلانە و جۆرە ئاهەنگانەمان دەکردە شوێنی مێبازیی، حەزمان دەکرد، خێرا رۆژی ئاهەنگ بێتە پێشەوە، بە دڵنیاییەوە دەرفەتێکی باشی بە ئێمە دەبەخشی بۆ ئەوەی راوی دڵی کچان بکەین. لەوەش خۆشتر ئەوەیە، من و یەک دوو هاوڕێی تر کە نامەوێ ناویان بهێنم چونکە پرسم پێنەکردوون تا ناویان ئاشکرا بکەم، ئەوەندە بە جۆش و زەوق بووین، خوا وەکیلانە خۆمان دەکرد بە ئاهەنگی خەڵکی تردا. زۆرجار دەچووینە ئاهەنگی کەسانی نەناسراو. بیرم دێتەوە زۆربەی جار، دەچووینە حانووتەکە و فەردە لەفەمان بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرد. جا ئەگەر بە بیرتان بێتەوە منداڵ وەک چۆن مێش و مەگەز لە شیرینی دەئاڵێن ئاوها لە فەردە بەدەست دەئاڵن و بە دوایدا رایاندەکرد بۆ ئەوەی لەفەیەک زیاتر وەربگرن.

جا زۆرجار کە دەچووینە، ئاهەنگی ئەو خەڵکە نەناسراوانە، لەگەڵ بووک و زاواش وێنەمان دەگرت، بۆ ئێمە هیچی تێ نەدەچوو، هەموو شت لەسەر حسابی ئەبوشوارب «زاوا» بوو. لەم ماوەیەشدا سەیری ئەلبومی تازە خزمێکم دەکرد، لە ناکاو چاوم بە وێنەیەکی خۆم و «ئا»ی برادەرم کەوت، لەگەڵ بوک و زاوایەکدا. منیش یەکسەر پرسیارم کرد، وتم ئەرێ ئەو بوک و زاوایە کێن؟ تازە خزمەکەمان کە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە بۆتە خزممان، وتی ئەوە «س» برامە، ئێستا لە هۆڵەندا دەژی!! منیش وتم ئەی ئەو دوو کەسەی تەنیشتی کێن، وتی بڕوا بکە، نازانم بەڵام لەوە دەچێت خزمی ماڵی براژنم بن. منیش وتم جوان دیقەت بدە، بزانە کەسێکیان لە من دەچێت، هەوڵیدا بڕوا بکات، کەسێکیان لە من دەچێت، بەڵام خۆی پێ رانەگیرا و دەستی خستە سەر برادەرەکەم و وتی، ئەوە کەمێک شێوەی تۆی تێدایە. منیش بێ هیچ پێشەکی و روونکردنەوەیەک

وتم نەخێر ئەوی دووەمیان منم، دەزانم ئەو ئاهەنگە لە کوێ بوو. ساڵی ١٩٩٦ بوو، لە فلانە هۆڵ و ئەمیر حەسەن لەوێ گۆرانی دەوت، لەگەڵ کاک ئەمیریش وێنەمان گرت هەر لەسەر حسابی براکەی تۆ.

پاش کەمێک بێنە و بەردە، توانی بڕوا بکات کە ئەو کەسەی لە وێنەکەدایە منم، منیش هەموو چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە و ساتێکی پڕ لە پێکەنینمان لەگەڵ ئەو یادەوەرییە بردە سەر، بەڵام لە ناکاو لاپتۆکەی هێنا و هەندێک لە وێنە نوێیەکانی براکەی نیشاندام لە هۆڵەندا و لە کوردستان و لە هەندێک وڵاتی تر. کاتێک بە تەواوەتی لە وێنەکە ورد بوومەوە، کاکی زاوا زێڕینەی جاران، سەری بووە بە تاسی موسڵ و تەواو ئەسڵەح بووە، بوکە خانیش بە قەدەر مامۆستایەکی رەزا گرانی پێشوومان قەڵەو بووە و بە مانای وشە بووە بە ژنێکی خان ومان، کە سەیری کچە نۆبەرەکەیم کرد، هێندە بەخۆ و گەورە بووە، لە سلێمانی بووایە دەمێک بوو ئەویشیان بە شوودا بوو. بۆیە لەبەر خۆمەوە وتم، تۆبڵێی منیش پیر بووبم؟.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە رۆژی ١-٩-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

## -٣-
## سەهۆڵەکە

سەهۆڵەکە، وەک بەشێکی بچووک لە شەقامی «سالم» لە شاری سلێمانی، تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. لای ئەو نەوەیەی ئێمە سەهۆڵەکە بە شەقامی «شانزێ ئەلیزێ»ی پاریس بەراوورد دەکرا. هەموومان ئەو پانتاییە کەمەی ئەو شەقامەمان خۆشدەویست، بە ماڵی دووەم، بە مەکۆی کۆبوونەوەی هاوڕێیان، بە سالۆنێکی ئەدەبی و رۆشنبیرییمان دەزانی، بۆیە هەمیشە پارێزگارییمان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنە دەکرد. ئەو ساتەوەختە، مۆبایل لە کوردستاندا بوونی نەبوو، ئەو هەموو کافێ و یانانەی هەنووکە هەن، ئەوسا بوونیان نەبوو، ئەو لێشاوە لە سەنتەر و رێکخراو کە ئێستا چالاکی دەکەن، ئەوسا بوونیان نەبوو. سەهۆڵەکە و ئەو دوو سێ چایخانەیە و گازینۆی «٢٠٠٠»

و پێشتریش گازینۆی «سـەروو» و «پشوو» و هۆڵی بلیاردی «سۆلین»، مەکۆی کۆبوونەوەی گەنجان بـوون، بە تایبەت ئەو گەنجانەی گرنگیان بە کایەی رۆشنبیریی و ئەدەبی دەدا. چونکە کایەی ئەدەبی بۆ ئەو نەوەیەی ئێمە دەروازەی یەکەمی هاتنە ناوەوە بوو بۆ نێو جیهانی رۆشنبیریی.

لە سەرەتای نەوەدەکان، سەهۆڵەکە فۆرمێکی زۆر جیاوازی وەرگرت. جگە لەوەی لەو پانتاییەی خوار «سۆپەر مارکێتی میهراکۆ»ی ئێستا، کە رووبەرێک بوو بۆ کۆبوونەوەی گەنجان. لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوورییەی رووی لە کوردستان کردبوو، چینی ناوەند هەرەسی هێنابوو، هاتوچۆکردن بە ئۆتۆمبیل کەم ببووەوە. نەک وەک ئێستا هەموو ماڵێک دوو سێ ئۆتۆمبیلی هەیە، بەڵکو هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکە نزیکانەی بازاڕ هەمیشە بە پیادە هاتوچۆی بازاڕیان دەکرد، بۆیە ئێواران کاروانی خەڵکت دەدی کە بـەرەو ماڵەکانیان دەڕۆیشتنەوە، دەتووت رێپێوانێکی گەورەی جەماوەرییە، ئەمەش تاموچێژێکی دیکەی بەو شەقامە بەخشیبوو. ئەو دەمە، ئێمە کۆمەڵە گەنجێک بووین، هەموو ئێوارەیـەک، لە سەهۆڵەکە بـووین، زۆرجـار وەک عـامودی سـەر جادەکان دەچەقین، دەنگمان بەرز دەکردەوە، موناقەشەی فیکرییمان دەکرد، داکۆکیمان لە بۆچوونە فیکریی و سیاسییەکانی خۆمان دەکرد، هەموومان هەر هاوڕێی گیانی بە گیانی بووین، لەسەر جیاوازیی فیکریی نەک جنێومان بە یەکتر نەدەدا، بەڵکو ئامادەبووین لە پێناوی یەکتر قوربانی بدەین، بڕوامان بەویتر هەبوو. هەموومان بە یەکەوە جوان بووین، بە یەکەوە ئەو شەقامەمان کردبوو بە بنکە و مەکۆیەکی گەورەی رۆشنبیریی.

لە یادمە، ئەو هاوڕێیانەی هەموو ئێوارەیەک میوانی سەهۆڵەکە بوون، زۆر خەڵکی جۆراو و جۆریان تێدا بوو. بۆ وێنە من گەنجێکی مارکسیی بووم، هەوڵم دەدا خۆم لە دۆگمابوون بپارێزم لە رێگەی خۆ ماندووکردنی زیاتر و شەونخونی زیاتر بە دیار کتێبەوە. هاوڕێیانی ترمان هەبوون، لایەنگرییان لە هیچ ئایدۆلۆجیایەک نەدەکرد، مناقەشەی گەرم لەنێوان ئێمە و ئەو گروپەدا هەمیشە گەرم بوو، چونکە ئەوان هەموو ئایدۆلۆجیا و فەلسەفەیەکیان رەت دەکردەوە، ئەوەش بۆ ئێمەی مارکسیی پارووی ئاسان بوو، قووتی بدەین

یان هەرسی بکەین. لە سەهۆڵەکە، چەندان سەعات، دەماینەوە، قسەمان دەکرد، جیددی بووین، خەونێکمان هەبوو، هەوڵمان دەدا. لێ شەڕی ناوخۆ لە گەرمەی خۆیدا بوو، بەڵام ئێمە دەمانویست بگەینە ئاسۆیەکی رووناک. هەرچەندە گیرفانی زۆربەمان خاڵی بوو لە پارە، کەچی رۆژ بە رۆژ مێشکان پڕ دەکرد لە مەعریفە. کتێبێک چەندان دەستی دەکرد. سەرەمان دەگرت، بۆ خوێندنەوەی کتێبێک. تووڕە دەبووین ئەگەر هاوڕێیەک لە کاتی خۆیدا کتێبەکەی نەهێنایەتەوە، چونکە هەقی هاوڕێیەکی تری دەخوارد. جگە لە من زۆربەی جار بە دوو سێ هاوڕێ کتێبێکیان دەکڕی و بە نۆرە دەیانخوێندەوە. هەوڵمان دەدا خۆمان پێ بگەیەنین، هەوڵمان دەدا لەوەی دەیخوێنینەوە بە تەواویی تێبگەین، بۆیە هەمیشە ئەو دایەلۆگانەمان دروست دەکرد تا ئەگەر هەڵە تێگەیشتنێک هەبێت، راستی بکەینەوە، تا ئەگەر کێشەیەک هەبێت لە تێگەیشتن، لە رێگەی ئەو دایەلۆگانەوە ئەو ئیشکالە چارەسەر بکرێت.

زۆربەی جار، بە دەم گفتوگۆوە، بە تیلەی چاو سەیری ئەو کچە شۆخ و شەنگانەشمان دەکرد بە شەقامەکەدا تێدەپەڕین. جار هەبوو هاوڕێیمان هەبووە، لە گەرمەی قسەکردندا بووە و دەمارەکانی ملی هەڵدەستان، کە شۆخێکی جوان، بە ناز و لەنجە و لار، بەلاماندا تێدەپەڕی، لە ناکاو قسەکانی دەبڕی و دەیووت «پاش ئەم ناوبڕە دەگەڕێمەوە لاتان». یان «سنعود بعد قلیل». ئەمەش پیشەی هەموومان بوو لەو کاتەی کچێکی جوان سەرنجی رادەکێشاین. ئەوەش ئەوەندەی تر مناقەشەکانی گەرم و خۆشتر دەکرد. لە سەهۆڵەکە، زۆر برادەرم ناسی، زۆر کرچە برادەرایەتیم کرد بە هاوڕێتی گیانی بە گیانی. لە زۆر کەسەوە فێر بووم، زۆر کەس لە منەوە فێربوون. بۆ یەکەمجار لە سەهۆڵەکەوە فێری «عەرەق» خواردنەوە بووم. چەندان ساڵ بە پاکەت جگەرەم هەڵگرت و بەتەواوەتی فێری جگەرەکێشان نەبووم، بۆ جگەرە ببوومە یەدەگی هەموو برادەران، چونکە بە راستی ئەو مناقەشانە بە بەلاش نەبوون، چا و جگەرەی زۆریان دەویست، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە مناقەشانە بە دەم چا خواردنەوە و جگەرەکێشانەوە نەبووایە، سەری نەدەگرت، قسەمان بۆ نەدەهات، فەزاکەمان بە وشک و بێزارکەر دەزانی، بۆیە زۆربەمان لای چایخانەکانی ئەو گوزەرە

قەرزدار بووین، هەر چایەکمان دەخوارد، کاکی چایچی خەتێکی لاری لە تەنیشت ناوەکەمان دەدا. من بۆ یەکەمجار لە سەهۆڵەکە ناوی «مارکیز»، «ژولیا کریستیڤا»، «سیمۆن دی بوڤوار»، «جاک دریدا»، «جاک لاکان»، «نیتشە» و زۆری تریشم بیست.

بۆ من سەهۆڵەکە، جیاواز بوو لە هاوڕێکانی ترم، ماڵمان چەند سەد مەترێک لەو شوێنەوە دوور بوو لێی کۆ دەبووینەوە، کە سەرەتا تەنیشت و ژێر ئەو پردە بوو، کە دواتر بۆ خاتری تەلاری «کاروخ» رووخاندیان، پاشتریش تەنیشت، چایخانەکەی «مامۆستا» بوو کە ئێستاشی لەسەر بێت، نەمزانی مامۆستا ناوی چییە. چونکە تەنیا بە مامۆستا بانگمان دەکرد. پاشان باوکم پێش ئەوەی شەڕی ناوخۆ دروست بێت، هەموو ئێوارانێک لە نووسینگەی هاوڕێیەکی خۆی لە سەرەتای دوکانەکانی سەهۆڵەکە دادەنیشت، بۆیە هەرگیز لە ماڵەوە رووبەڕووی رەخنە نەدەبوومەوە کە بۆچی هێندە لەو شوێنە دەمێنمەوە. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، زۆر هاوڕێم ناسی لە سەهۆڵەکە بێ ئەوەی هیچ هاوڕێیەک لە دەست بدەم. زۆرێک لە ئێوارەکان، من و بورهان ئەحمەد «برای کەژاڵ ئەحمەد» و زۆر هاوڕێی تر کۆڕی مناقەشەمان گەرم دەکرد. لە پاشان بووین بە گروپێکی گەورە کە ببووینە رەمزی سەهۆڵەکە،. وەک «ئاسۆ جەبار، ئەیوب رەزا، شازین هێرش، تەها ئەحمەد رەسوڵ، ئاسۆ عوسمان، گۆران عومەر، کەیوان سەعید، حەمەی ئەحمەدی رەسوڵ و ....هتد» کە ناتوانم لەم دەرفەتە ناوی هەموویان بنووسم و تەنانەت ناتوانم هەموویانم بە بیر بێتەوە.

سەهۆڵەکە، لە دەیەی نەوەدەکاندا وەک ساڵۆنێکی رۆشنبیریی لە درەوشانەوەدا بوو. وردە وردە، هاوڕێیان ئەو هاوڕێ ئازیزەی خۆیان جێهێشت، سەرەتا دەیان هاوڕێمان کۆچیان کرد بۆ هەندەران، دواتریش چوونە ناو دەزگاکان و سەرقاڵی کارکردن بوون، هەندێکی تریش بەدیلی تریان بۆ سەهۆڵەکە دۆزیوە. بۆیە ئەستێرەی بەختی سەهۆڵەکە رووی لە کزیی کرد. رووخاندنی پردی سەهۆڵەکەش لە ساڵی ٢٠٠١ گورزێکی تر بوو لەو شوێنە درا، چونکە سیمای سەهۆڵەکەی گۆڕی, من بە خۆم هەستم کرد ئەوە سەرەتای کودەتایەکە دژ بەو جێگەیە. ئێستا سەهۆڵەکە، تەنیا ناوی ماوە، ئەگەرنا لە هەموو ئەو مێژووەی

خۆی داڕنراوە، لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، دەبێتە مەیدانی شەڕەچەقۆ و شەڕە پەڕۆ و شەڕە تفەنگ، لە ڕۆژانی ئاسایی لە گەراجی عەرەبانە دەچێت، ئەمە جگە لەوەی بووە بە جێگەی بە یەککەیشتنی هەموو ماتۆڕسکیلەکانی شار. لەم چەند ڕۆژەشدا سەردانێکی سەهۆڵەکەم کردەوە، هەستمکرد، سەهۆڵەکە تەنیا لە بۆنەکاندا نەبێت، هیچ مۆرکێکی جارانی پێوە نەماوە، تەنانەت کە سەیری دەوروبەر و نیەتی سەرمایەدارەکانیش، دەکەم، هەست بەوە دەکەم، سەهۆڵەکە سەری لە لێواری قەبر دەلەرزێت.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە ڕۆژی ٩-٩-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

**-٤-**

## فیلمی هیندیی

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، سەیرکردنی فیلمی هیندیی لەلای هەموو خەڵکی باشووری کوردستان ببووە نەریت. هەموو کەس دەیزانی شەوانی سێشەممە لە تەلەفزیۆنی کوردیی کەرکوک لە دوای دەنگوباسی کاتژمێر «١٠»، دوا بابەتی شەو فیلمێکی هیندییە. دوا بەدوای ئەوەش بەرنامەکانی تیڤی کۆتایی دەهات و خشەخشەکە دەستی پێدەکرد. ئێمە ئەوسا منداڵ بووین، هەموو هیوامان ئەوە بوو شەو خەومان لێ نەکەوێت، یان ماڵەوە ناچارمان نەکەن بە سەعیکردن، بۆ ئەوەی بتوانین پڕ بە دڵ تەماشای ئەو فیلمە هیندییە ساکارانە بکەین، کە لەلای ئێمە زۆر قووڵ و کاریگەر بوون. ئێمە منداڵ بووین، واماندەزانی هیندستان خۆشترین وڵاتی سەرزەمینە، وەها تێدەگەیشتین هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە هەر سەرقاڵی فیلم و گۆرانی گووتنن. بیرمان دەکردەوە رەنگە هیندستان هێندە دوور بێت، هەرگیز نەتوانین بیگەینێ، نەک وەک ئێستا کە هەندێک کەس بۆ چارەسەری هەڵامەتیش سەردانی هیندستان دەکەن. بیرم دێتەوە جارێکیان «ڕێبوار»ی برام، لە ماڵەوە تووڕەبوو، پڕ جانتایەک جل و پێداویستی خۆی هەڵگرت، وتی دەڕۆم بۆ هیندستان و قەت نامبیننەوە، مەگەر لە تەلەفزیۆندا بمبیننەوە. ئاخر ئەو برایەم هیوایەتی پلە یەکی فیلمی هیندیی بوو،

ناوی هەموو ئەکتەر و فیلمەکانی وەک ئاو و دۆ لەبەربوو، ئەوەندەی گۆرانی هیندیی لەبەربوو، بە قەدەر ئەوە وانەکانی قوتابخانەی لەبەر بکردایە ئێستا دوو سێ دکتۆرای هەبوو.

من یەکێک بووم لە تەماشاکارە هەرە سەرسەختەکانی فیلمی هیندیی، بڕوا ناکەم شەوبژێرم لە بینینی هیچ فیلمێک کردبێت لە هەشتاکاندا. ئەو شەوەی بڕیاربوو فیلمی هیندیی بکات، سەر لە ئێوارەکەی زۆر باش بۆی دەخەوتم. بە خوشکە گەورەکەمم دەوت ۲۰ خولەک پێش فیلمەکە لە خەو هەڵمبستێنە. ئەویش هەروای دەکرد. کاتێک لە خەو هەڵدەستام، دەمبینی دیسان چا لێنراوەتەوە، نان و ماست، یان گوێز و هەنگوین، زۆر جاریش هێلکە و رۆن ئامادە کرابووەوە، چونکە ئەوە ببووە ژەمی چوارەم. لەگەڵ سەیری فیلمەکە نانیشمان دەخوارد، پاشان چەرەس، ئەمەش وای لێدەکردیت گەدەت پڕ بێت و بە ئاسانی خەوت لێنەکەوێت، بۆیە تا کۆتایی بەدیار تەماشاکردنی فیلمەکانەوە دەماینەوە. تێکڕای گەنجان خولیای لاساییکردنەوەی ئەکتەرە هیندەکانیان هەبوو، بەڵام بارودۆخی کۆمەڵایەتی رێگربوو لەوەی بتوانن لە شێوەی خۆگۆڕین لاساییان بکەنەوە. «رێبوار»ی برام وەک وتم زۆر سەرسام بوو، بە ئەکتەرە هیندەکان. ئێوارەیەک بە قاتێک چاکەت و پانتۆڵی سپی و قۆنەرەیەکی رەشی لەمەعەوە، عەینەکێکی رەشی گەورەشی لە چاودا بوو، خۆی کردەوە بە ماڵدا، بێ هیچ قسەیەک رووی کردە داپیرەم و گووتی لە «ئەمیتاب» دەچم؟، خوشکێکم زۆر لێی تووڕە بوو وتی، نەخێر جەنابت لە شێرە دەچیت، سەروپۆتەڵاکت هەروەک ئەوە. ئاخر شێرە «ئەمریش پوری»ی داماو لە هەموو فیلمێکدا رۆڵی ستەمکار و مافیا و جەلادی دەبینی، لە کۆتایی هەموو فیلمەکانیشدا دەکوژرا. ئەو شێرە داماوە زیاتر لە هەزار جار بە دەستی میسۆن و ئەمیتاب کوژراوە، وەک پشیلەی حەوت رۆح وابوو، هەر دەکوژرا و لە فیلمێکی نوێتردا زیندوو دەبووەوە.

ئەو ئەکتەرانەی لای من زۆر خۆشەویست بوون، بریتیبوون لە «ئەمیتاب، میسۆن، شاشی کاپور، دار مەندرا»، ئەو فیلمانەشی هەمیشە پێیان سەرسام بووم، بریتیبوون لە فیلمەکانی «شوعلە، سەنگام، لوها، دیکسۆ دانسا، شاهنشا، گرفتار، مەرد، تۆفان». زۆرتر ئەو فیلمانە رەواجیان هەبوو ئەمیتاب و میسۆن

و ماڵباتی کاپور ڕۆڵیان تێدا دەبینی. ئەو ئەکتەرانە هێندە خۆشەویست بوون، وێنەکانیان لە زۆرێک لە ماڵەکاندا هەبوون، یان دەنران بە بەرگی دەفتەرەکانەوە. لە بەرامبەر قوتابخانەی خوشکە بچووکەکەم «بەرانان»، دوکانێک هەبوو بە ناوی دوکانی «بۆتان» ئەم دوکانە تەنیا وێنەی ئەکتەرە هیندەکانی دەفرۆشت، تەنانەت خاوەنەکەشی «بۆتان» یەکێک بوو لە سەرسامەکان بە فیلمی هیندیی. دەیان جار ڕۆژانەکەی خۆم کە بۆ قوتابخانە وەرم دەگرت، دەمدا بە وێنەی ئەکتەرە هیندەکان لە ژن و پیاو. وا بزانم جارێک وێنەکانم ژمارد زیاتر لە ٦٠ وێنە بوو، کە هەر یەکێکیان هێندەی لاپەڕەیەکی ئەی فۆڕ قەبارەیان گەورە بوو.

وەک وتم تەلەفزیۆنی کەرکوک لە هەفتەیەکدا تەنیا یەک شەو، فیلمی هیندیی پەخش دەکرد، بەڵام بڕوا ناکەم من شەوبژێرم لێکردبێت. هەندێک جار بە ڕۆژ هێندەی هیلاک دەبووم بەهۆی فوتبۆڵ و قوتابخانە و سەعیکردنەوە، بە دیار سەیرکردنی فیلمەکەوە خەوم لێدەکەوت، بەڵام هێندە فیلمەکانم خۆشدەویست و تامەزرۆیان بووم، ئەو بەشەی فیلمەکە کە من نەمبینیبوو بە خەون تەواوم دەکرد، ڕووداوەکان لە خەونەکانمدا بە ڕیتمی ئەو بەشە دەڕۆیشتن بەواقیعی بینیبووم. جاریش هەبووە، خۆم چوومەتە ناو ڕووداوەکانی فیلمەکەوە، لە خەونمدا هەستم بەوپەڕی شادیی دەکرد، بوومەتە ئەکتەر و لە پەنا ئەمیتاب و میسۆن بەشداریی فیلم دەکەم. هەر کە سبەینێ لە خەو رادەبورام، زۆر خەفەتم دەخـوارد، خوشکەکانم ناچار دەکـرد، ڕووداوەکانی فیلمەکەم بۆ بگێڕنەوە، چونکە لە قوتابخانە باس هەر باسی فیلمەکەی شەو بوو، نەدەکرا بڵێم نەمبینیوە، بە تایبەت «شەڕی ئەخیر» چونکە ئەوسا زاراوەی «شەڕی ئەخیر» لە هەموو زاراوەیەکی تر زیاتر دەهاتە سەر زاران.

ئەوە نەبوو، بە بینینی یەک فیلمی هیندیی لە هەفتەیەکدا، تینوویێتیمان لەو فیلمانە بشکێت. ئێمە لە ماڵەوە ڤیدیۆمان هەبوو، دەچووین کاسێتی فیلمەکانمان دەهێنا و لێماندەدایەوە، بۆ ئەوانەشی لە ڕووی تەمەنەوە لە ئێمە گەورەتربوون دەچوونە سینەما بۆ بینینی فیلمە هیندییەکان. هەندێکجاریش بۆ فیلمەکانی «ترنتی». ئێمە یەکێک بووین لە ماڵە شانسدارەکان بەوەی لە ماڵەوە ڤیدیۆمان هەبوو، چونکە ئەو ئامێرە لە کەم ماڵدا هەبوو، بۆیە هەر کاتێک کاسێتێکمان

بهێنابایەتەوە بۆ ماڵەوە، ماڵەکەمان جمەی دەهات لە گەنج و پیر بۆ بینینی فیلمە هیندییەکان. چونکە ئەوسا خەڵک هەموو بێزارببوون لە وتارە دوور و درێژ و بێزارەکەرەکانی سەدام کە هەمووی قەوانێکی دووبارە بوو، ئەوەی کەمێک ئاسوودەیی دەدا بە خەڵک فیلمی هیندیی و بڕگە کۆمیدییەکانی «دی دی» و «ماوەی بیانی» بوو.

ئەوێ ڕۆژێ هێندە عاشقی فیلمی هیندیی بووین، هیچ دەرفەتێکمان بۆ بینینی فیلمە هیندییەکان بەفیڕۆ نەدا. لە هەشتاکان لە ڕۆژانی جەژندا لە هەر گەڕەکێدا، یەک دوو ڤیدیۆخانە دەکەوتنە کار، ئەم ڤیدیۆخانانە هەر یەک سەعات جارێک، فیلمێکیان پەخش دەکرد، بۆ نموونە فیلمی هیندیی و فیلمەکانی بروسلی و جاکیشان. هەر کاتێک دەگەیشتە سەر گرتەیەکی پۆڕۆنۆ یان ئیغرا، بە پەلەپەل کاکی ڤیدیۆچی، گرتەکەی پێشدەخست. ئێمەش وەک منداڵە چەقاوەسووەکان هاوارمان دەکرد «پەڕانی، پەڕانی». جگە لـەوەش کەم فیلم هەبوو بە یەک کاتژمێر تەواو بێت، بۆیە ناچاربوون زۆرێک لە گرتەکان پێشبخەن، ئێمەش بەلامانەوە ئاسایی بوو، هەر حەزمان لە کوشتنی «شێرە و جەبار» بوو. لە فیلمەکانی «بروسیلی»شدا، تەنیا چێژمان لە شەڕەدەستەکان دەبینی و شادومان دەبووین بە کوشتنی «حەکیمە درێژ». جا ئەو حەکیمە هەر خۆی ناوی حەکیم بوو یان ئێمە ئەو ناوەمان لێنابوو، ئەوەیان نازانم. ئێوارەیەک میوانمان هەبوو، خزمەکانمان لە بەغدادەوە هاتبوون. بڕیارماندا دوو کاسێتی فیلمی هیندیی بهێنینەوە تاکو وەک شەوچەرە، میوان و خزمەکانی پێ دڵخۆش بکەین. چووینە یەکێک لە دوکانەکانی بەکرێدانی کاسێتی ڤیدیۆ، داوای دوو فیلمی هیندیمان کرد، ئەویش دوو کاسێتی دا بە ئێمە و گووتی ئەوە ئەو دوو فیلمەیە کە داواتان کردووە. ئێمەش بردمانەوە بۆ ماڵەوە، هەموو دڵخۆش بوون و پەلەپەلی دونیایان لێکردین. ئەوەبوو فیلمی یەکەممان خستە سەر ڤیدیۆکە، هەر نەیخوێندەوە. ناچار کاسێتی دووەممان خستە سەری، ئەویش یەکێک بوو لە فیلمە ئیباحییەکانی ئەکتەری تورک «بانو ئەلکان»، بەمەش «ڕێبوار»ی برام زۆر تەریق بووەوە. بە تایبەت میوانەکانمان خەڵکی بەتەمەنیان تێدابوو.

براکەم تووڕە بوو، وتی مادام ئەو دوکاندارە بە منی رابواردووە، دەبێت

پێی رابوێرمەوە. بۆیە بۆ رۆژی دوایی چووبووەوە بۆ لای دوکاندارەکە و پێی وتبوو، دەستخۆش فیلمەکانی ئەمشەوم زۆر بەدڵ بوو، بەڵام پێویستم بە فیلمێکی هیندییە، گۆرانی و بارانبارینی تێدا نەبێت. کابرای دووکاندار دوو کاتژمێر گەڕابوو بە دوای فیلمێکی وەهادا بەڵام دەستی نەکەوتبوو. دوای ئەوە براکەم وتبووی تۆ دوێنێ بە منت رابـوارد، منیش ئەمڕۆ پێم رابواردیتەوە، ئاخر هەی مەغۆل فیلمی هیندیت بینیوە باران و گۆرانی تێدا نەبێت؟. بەمەش کابرا دەمی ببوو بە تەڵەی تەقیو و هیچی پێنەکرا. بەهەرحاڵ ئەمە حاڵی ئێمە بوو لە دەیەی هەشتاکاندا، کاتێک دەیەی نەوەدەکان هات، راپەڕین و ئازادیی کوردستان، بووە سەرەتایەکی نوێ و هەموو ئەو شتانەی پێشووی لەگەڵ خۆیدا راپێچا. من لەوساوە تائێستا سەیری فیلمی هیندیم نەکردووە، بەڵام لەم رۆژانەدا لە ماڵی ناسیاوێک بووم، بە هەمان شەوق و تامەزرۆیی هەشتاکانەوە، سەیری کەناڵی «زی ئەفلام»ی دەکرد کە چەناڵێکی عەرەبی- هیندییە و رۆژانە چەندان فیلمی بۆلیۆد پەخش دەکات. منیش کەمێک لە خۆم رامام، هەموو ئەو یادەوەرییانە بە خێرایی گەڕانەوە ناو مێشکم کە لێرەدا یادداشتم کردوون.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە رۆژی ١٧-٩-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

**-٥-**

## ئەو شەوەی قومارمان کرد

تا ئێستا جگە لە وتارێک هیچ شتێکی ترم لە بارەی قومارەوە نەخوێندووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قومار یەکێک لەو خوو و دیاردانەی پێویستە هەڵوەستەی پتری لەسەر بکرێت. چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمە قومار و جۆرەکانی ئەو گەمەیە لە زۆربووندایە. رەنگە زۆرێک لەوانەی لە تەمەنی ئێمەن، بەشێوەیەک لە شێوەکان قوماریان کردبێت، جا محەلەبی شکێنە بێت، زارزۆری و لگاو بێت، هەڵماتین و مووشێن بێت، یان رەسمێن و کڵاوێن بێت، یان دومبەڵە و کۆنکەن بێت، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. کە منداڵ بووین، باوکم و مامەکانم و خزمە پلە یەکەکانمان، شەوان کۆنکەن یان ئەزنیف و دۆمینەیان دەکرد، یارییەکە هەر شەوە لە ماڵی

یەکێک لە خزمان بوو. دۆڕاویش دەبوو، میوەی هەموو میوانەکان دابین بکات، ئەوە جگە لەوەی سینییە پاقلاوە و سندووقە ساردیی تێدەکەوت، بە تایبەت ئەو ساردییە خۆشانەی ئەو زەمەنەش کە ئەگەر هێندەی نووکە دەرزییەک شووشەکەی بشکایە، دەبوو بیبژێریت بۆ خاوەن دوکان، نرخی یەک شووشە لانیکەم یەکسان بوو بە نرخی چوار تا پێنج بیبسی «ئەوێ رۆژێ دەوترا بیبسی لە بری پیپسی». ئیتر ئەوە بابەتی شەوچەرە بوو لەو زەمەنە.

دێتەوە یادم، باوکم یاریزانێکی باش بوو، جگە لەوەی نەنکم لە سەرەتای یارییەوە تا کۆتاییەکەی دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە باوکم براوە بێت. جار جاریش هەر دۆڕانی تێدەکەوت، بەڵام وا بزانم دوعاکانی داپیرەم هێندە کاریگەر بوون، هەمیشە بردنەوەی بە باوکم دەبەخشی. ئەمەش خۆی جۆرێکی سووکتر بوو لە قومار. هەرچی ئێمەی منداڵانیشە بە تایبەت لە جەژنان قومارێکی سووکمان دەکرد. بۆ نموونە تەختەیەک هەبوو ١٠٠ میزەڵانی لەسەربوو، هەر میزەڵانەی ژمارەیەکی لەسەر بوو، جا میزەڵانی گەورە و بچووکی تێدابوو. خاوەن میزەڵانەکان، توورەکەیەکی بچووکیان لابوو، تۆ ٢٠ فلست دەدا و دەستت دەکرد بە توورەکەکەدا و کارتێکی بچووکت دەردەهێنا، جاری وا هەبوو کارتەکە دەسووتا و جاریش هەبووە ژمارەیەکی لەسەربوو، مەرجیش نەبوو کە ژمارەیەکت بۆ دەرچوو، تۆ براوە بوویت، چونکە جار هەبوو میزەڵانێک دەردەچوو، چارەگی ئەو قیمەتەی هەبوو تۆ دابووت.

وەختێک گەورەتر بووین، دەچووین بۆ سینەما. لە سلێمانی سێ سینەما هەبوو «سیروان، رەشید، دڵشاد». ئەو دووانـەی یەکەمیان لە نزیک سەرا بوون و ئەویتریشیان لە کۆتایی شەقامی «کاوە» نزیک بازاڕی «دۆلارەکە»ی ئێستا. ئێمە گروپێک بووین، زیاتر دەچووین بۆ سینەما سیروان. لە خوار سینەماکەشەوە، کابرایەکی رەشتاڵەی باڵابەرز هەبوو، مێزێکی گەورەی دانابوو. مێزەکە چەندەها شتی گرانبەها و هەرزانی لەسەربوو. بۆ نموونە تۆپی زیگزاگ کە ئەوسا زۆر بە نرخ بوو، ئێمە بە تۆپی باغە بووین بە رۆناڵدۆ. یان دەمانچەی تەرەقە و عەینەکی رەش و شتی تریش، تۆ چارەگە دینارێکت دەدایە دەستی کابرا. ئەویش باڵندەیەکی هەبوو لەناو قەفەزێکدا بوو، لەبەردەم قەفەزەکەش

ژمارەیەک زەرفی نامە هەبوو، هەر زەرفێک لە ناوەوە لەسەر پارچە کاغەزێک ناوی یەکێک لەو شتانەی لەسەر نووسرابوو لەسەر مێزەکەدا دانرابوون، بۆیە کاتێک باڵندەکە بە دەنووکی زەرفێکی دەهێنایە دەرەوە، ئیدی خۆت و شانست، یان قورعەکەت سەرکەوتوو دەبوو، تامت لە فلیمی بەتەڵ غازی دەبینی، یان دەسووتایت و هەنگوین لە دەمتدا دەبوو بە ژەهر.

لە منداڵیی هەرچەندە بێ شانس بووم، بەڵام هەموو ئەو یارییانەم تاقی دەکردەوە، ئێستا و ئەوساش، شتێکم بۆ دەرنەچوو، دڵم پێی خۆش بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر بـەردەوام دەبـووم لەسەری. جارێک لەگەڵ کوڕی مەلایەکی بەناوبانگ، کە هاوڕێی ئێستا و منداڵیشمە، چووینە کۆڵانەکانی پشتی پاسەکانی «تووی مەلیک» واتە کۆڵانی چەک فرۆشەکان. لەوێ دەستمان کرد، بە لگاو بە زار، ئەی خودا، ئەو زارە لە بەختی ئێمە لەسەر پێ دەوەستا. بیرم دێتەوە نزیکەی «٧٠» دینارمان بردەوە. وا بزانم ئەو ٧٠ دینارە بە یەک مانگ تەواو نەبوو. جارێکی تریش چووینەوە بۆ هەمان شوێن، براوە بووین، زۆرتر لە جاری پێشوومان بردبووەوە. دەمانویست دەست لە یارییەکە بەر بدەین، بەڵام نەیاندەهێشت، لەو کاتە بیرۆکەیەکم بۆ هات، بە هاوڕێکەم وت تۆ بەردەوام بە، من دەچم لەفەیەک دەخۆم، دوای سێ خولەک بە شڵەژاویی و راکردنەوە هاتمەوە شوێن یارییەکە و هاوارم کرد رابکەن خولە کاراتی هات «مەحموود کاراتی ئەوسا مفەوەزی پۆلیس بوو لە ناو شـار». ئیتر وەک چۆن بسمیلا لە جنۆکە دەکەیت، کەس دیار نەما، من و هاوڕێکەشم بە ١٣٧ دینار براوەی یارییەکە بووین و بە کۆڵانەکانی عەقاریدا هاتینەوە بەرەو ماڵ.

رۆژان هات و رۆیشت، من زیاتر بەرەو سیاسەت و خوێندنەوە و کایەی رۆشنبیریی رۆیشتم، بەڵام زۆرێک لە هاوڕێکانم وەکو خۆیان مانەوە. کوڕی مەلا هیچ نەگۆڕا، بەڵکو بووە قومارچییەکی بە بەخت کە تا ئێستاش ئیفلاس نەبووە. هاوڕێیەکی ترم هەبوو ناوی «دیاری» بوو، «لەسەر ئیزنی خۆی ناوی بڵاو دەکەمەوە» ئەویش هاوشانی کوڕی مەلا، بوونە یەکێک لە ناسراوترین قومارچییەکان. ئەوەی من و ئەوانی لەو قۆناغەدا بە یەکەوە دەبەستەوە، جگە لە هاوڕێیەتییەکی ریشەدار، ئێوارە خواردنەوەکانی بارەکانی شار بوو. زۆرتریش

دەمەو عەسران، لە چایخانەی شەعب یەکترمان دەبینی، ئیتر یەکێک لەو ژمارە زۆرەی بارەکانی نزیک ئەسحابەسپی و شەقامی «کاوە»مان هەڵدەبژارد بۆ خواردنەوە، بەڵام زۆربەشیان قومار و دومبەڵەیان تێدا دەکرا، من دوای خواردنەوە بەرەو ماڵ، ئەوانیش بەرەو قومارکردن دەڕۆیشتن.

ئەوێ رۆژێ «نەوەدەکان» گرانییەکی بێوێنە رووی لە وڵات کردبوو، دەوڵەمەندەکانی شار توانایان سنووردار بوو، بەڵام کوڕی مەلا و «دیاری» بوونە دەوڵەمەندێکی قورس، ئۆتۆمبیل و خانووی خۆیان کڕی. ئیتر بۆ زەمەنێکی کورت وازیان لەو خووە هێنا. هەریەکەیان رێگەیەکیان بۆ بژێویی ژیان دۆزییەوە، بەڵام زۆری نەبرد، هەردووکیان لەسەر مێزی قومار یەکیانگرتەوە. ئێوارەیەک سێ قۆڵی چووینە بارێکی رۆژانە، دەستمان کرد بە خواردنەوە، کە ئەوسا خواردنەوە گیرفانی هەڵتەدەکاند، بەڵام پاش چەند خولەکێک سێ کەسی پۆشتە و پەرداخ هاتنە ناو بارەکە و هەواڵی ئێمەیان پرسی، کوڕی مەلا چوو بە دەنگیانەوە، دوایی بۆ من ئاشکرا بوو، ئەو سێ کەسە لە هەولێرەوە هاتوون، بۆ ئەوەی قومارێک بکەن!. ئەو ئێوارەیە ١٣ هەزار دیناری سویسریان بردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی وەزعەکە ئەوەندە سەخت بوو، کەسێک بە ئێوارەیەکی درەنگ بەتایبەت ئەگەر سەرخۆش بووایە، ئەو پارەیەیان پێ شک ببردایە بە چەقۆ دەیانکوشت و پارەکەیان دەبرد.

ناچار ئەوان پارەکەیان کرد، بە سێ بەشەوە، سێ هەزار دیناریان دا بە من، تا بەسەر گیرفانەکانمدا دابەشی بکەم، ئەوانیش ١٠ هەزارەکەی تریان دابەشی گیرفانەکانی خۆیان کرد و رۆیشتین. من بە تەواویی خەیاڵ ببووم، ئەوانیش لە خۆشیی بردنەوەکە دووجار خەیاڵ ببوون، بۆیە بیریان چوو، ئەو سێ هەزارە لە من وەربگرنەوە. ناچار بۆ رۆژی دوایی بۆم بردنەوە، هەردووکیان سوێند و تەڵاقیان خوارد، هیچ پارەیەکیان لای من نییە. چی بکەم، پارەکەم تا ماوەیەکی زۆریش دانا، چونکە وتم هەر کە دۆڕان دێنەوە بۆی، بەڵام شانسی خۆم تا ئێستاش دەنگیان نەبووە، ئەگەر ئەم نووسینە قوڕ نەکات بەسەرمدا و بیریان بکەوێتەوە و لێمسەننەوە.

ئێوارەیەکی باراناویی نەوەدەکان بوو، لە باڕی «دەریا» لە شەقامی کاوە،

سێ قۆڵی خەریکی خواردنەوە بووین، هاوڕێیەکمان خۆی کرد بە باڕەکەدا. زۆر سەیر بوو، ئەو هەرگیز نەیخواردۆتەوە، تەنانەت رقی لە خواردنەوەیە. وتمان «س» ئەوە چییە، ئاخر زەمانە تۆ هاتوویت بۆ ئێرە؟. ئەویش بە دەنگێکی حەزینەوە وتی، باوکم کۆچی دوایی کردووە. منیش زۆر خەیاڵ بووم، وتم «کوڕی باش ناشێت ئێمە بە مردووشۆر بزانیت، ئێ خەڵک باوکی بمرێت چی دەکات لە باڕ؟». ئەویش بێ تووڕەبوون، وتی «وایە بەڵام قوڕ بەسەری من، پارەمان نییە بۆ پرسەکەی». هەر ئەمەی وت، هەرسێکمان لە یەک چرکەدا راچڵەکین. سەیری گیرفانی خۆمان کرد، نزیکەی یەک هەزار دینارمان پێبوو، وتمان کاکە ئەوە ٥٠٠ دینار بۆ تۆ، ٥٠٠ دیناریش بۆ خۆمان، ئیشی ئەمڕۆ راپەڕێنە، خەمی سبەیت نەبێت، ئەویش وتی کاکە ئاخر پرسە هیچ نەبێت ٥٠٠٠ دیناری دەوێت، وتمان تۆ بڕۆ خەمت نەبێ.

ئەو شەوە چووینە قومارخانەیەکی خۆش، جیاوازبوو لەو قومارخانانەی، پێش ٣-٤ ساڵ من بینیبووم. کوڕی مەلا و «دیاری» دەستیان کردە قومار، منیش هاوکارێکی باش بووم لەگەڵیاندا، بەو ٥٠٠ دینارەی پێمانبوو، ١١ هەزار دینارمان بردەوە، بۆ سبەی، چووینە پرسەکە، برادەرەکەمان کە باوکی مردبوو، هەر سەیری دەکرد، بەڵام لە دەرفەتێکدا خستمانە ئەولاوە، ٦٠٠٠ هەزار دینارمان پێدا، وتمان بڕۆ بە دڵی خۆت پرسەکە بەڕێوە ببە. وتی، ئاخر ئێوە لە کوێتان هێنا؟. دیاری وتی «تۆ کاڵەک خۆری، یان بێستانڕن؟»، هیچ قسەی نەکرد و پارەکەی وەرگرت. ئێستاش ئەو برادەرە نەیزانی پارەکە بە قومار پەیدا کرابوو، ئەوەتا من لێرە ئاشکرام کرد. بەڵام من ئەو قومارەم ناوناوە «قوماری پیرۆز»، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات، ئامادەم ئەو قومارە دووبارە بکەمەوە.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە رۆژی ٦-١٠-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

## -٦-

## محەمەد عەدنان و من

محەمەد عەدنان عوسمان، هاوڕێیەکی منداڵی و گەنجی و تائێستای منە، ئەگەرچی هەنووکە ئەو لە نیوزلەندا دەژی، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەتینەی پێشووی نێوانمان هێشتا وەک دوو هاوڕێ بەیەکییەوە بەستووینەتەوە. لێ من و محەمەد عەدنان، کوڕی یەک گەڕەک بووین، بەڵام سەرەتای هاوڕێیەتیمان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمی ناوەندیی خوێندن. هەردووکمان دوو مێردمنداڵ بووین، حەزمان لە خوێندنەوە بوو، جیددی بووین، تاکە دوو کەس لەو ماوەیەدا زۆرترین کتێبی لە کتێبخانەی «ناوەندی زانیاری کوڕان» خواستبێت، ئەم دووانەمان بووین. باوکی محەمەد «مامۆستا عەدنان» مامۆستای فیزیا و جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، بەو هۆیەوە دەمانتوانی زۆرترین کتێب لە کتێبخانەی قوتابخانە بخوازین. ئیتر ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ قۆناغێکی نوێ کە پێکەوە وەک دوو هاوڕێ کاری زۆرمان لە بواری سیاسیی و رۆشنبیرییدا کرد.

سەرەتای یەکترناسینمان بەو شێوەیە بوو: لە قۆناغی یەکەمی ناوەندیی بووین، لە گۆڕەپانی قوتابخانە ریز کرابووین، کاتێک قوتابییەکان بەسەر پۆلەکاندا دابەشکران، ئێمە هەردووکمان کەوتینە پۆلی یەکەمی «جیم». ئیدی لێرەوە یەکترمان بە تەواوەتی ناسی، تەنانەت هەردووکمان لەسەر یەک مێز دانەیشتین. ئەوسا نەریتی قوتابخانەکان وابوو هەموو هەفتەیەک قوتابییەکان لە گۆڕەپانی قوتابخانە ریزدەکران، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، وتەیەکی پڕ ئامۆژگارییان دەخوێندەوە، دواتریش بە سروود و گۆرانی و شیعر مەراسیمەکە کۆتایی دەهات. من لە یەکەم هەفتەی ریزکردندا بۆ یەکەم جار لە پێش چاوی زیاتر لە ٥٠٠ قوتابی و مامۆستا، «پەخشان»ێکی کورتی خۆم خوێندەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر دەترسام، بەڵام هەنگاوم نا و لە نێو چەپڵەی قوتابییەکاندا شاگەشکە بووم.

کە چووینەوە پۆلەوە، حەمە زۆر دەستخۆشیی لێکردم و باسی لەوە کرد، ئەویش زۆر گرنگی بە خوێندنەوە دەدات و هەوڵ دەدات چیرۆکی کورت

بنووسێت، ئەوەش بۆ من خۆشحاڵییەکی گەورە بوو، چونکە هەستم دەکرد مەنجەڵ سەرقاپی خۆی دۆزیوەتەوە. هەر ئەو رۆژە وانەی «کوردی»مان هەبوو، مامۆستا «حەمەسەعید» پێش وانەکە زۆر ستایشی منی کرد، کە پەخشانێکی زۆر جوانم خوێندووەتەوە و هانیدام کە بەردەوام بم لەسەر خولیاکەم، بۆیە هەمیشە کە بیر لە مامۆستا «حەمەسەعید» دەکەمەوە، هەردەم هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، چونکە هاندانی ئەو وەهای لە من کرد، لەسەر رەوتی نووسین بەردەوام تا ئێستا. لەم رێکەوتە بەدواوە، من و حەمە زیاتر لە یەکدی نزیک بووینەوە، زۆربەی کاتەکانمان بەیەکەوە دەگوزەراند، باس و خواسی نێوانمان، تەنیا لە چێوەی ئەدەب و سیاسەت و فیکر و خوێندنەوەدا دەسووڕایەوە. وردە وردەش هەردووکمان دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەتە کورتەکانمان. هەردووکمان زیاتر لە بواری ئەدەب چالاک بووین، حەمە زۆرتر چیرۆکی دەنووسی، هەندێک جار وتاری کورت کورتی بڵاودەکردەوە، منیش زیاتر خوێندنەوەی ئەدەبیم هەبوو، لە بواری رەخنەیی ئەدەبی بە تایبەت ریالیزمی سۆشیالیست زانیاریی باشم هەبوو، بەم بۆنەوە نووسینەکانی من، پتر خوێندنەوەی ئەدەبی بوون وەک لەوەی تێکستی ئەدەبی بن.

من و حەمە، هەر رۆژێک قوتابخانەمان نەبووایە یان لە پشووی هاوینان، بەیانیان تا نیوەڕۆ، کاتمان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەسەر دەبرد، پاشتریش «هۆڵی میدیا» کرایەوە، بەشێکی تری کاتەکەنمان لە کتێبخانەی میدیا دەبردە سەر. زۆر بە قووڵی دەمانخوێندەوە، لەسەر زۆر شت هەر لە مێژوو و سیاسەتەوە دەمانخوێندەوە تاکو ئەدەب و فەلسەفە و فیکری هاوچەرخ. بڕیارمان دابوو ببینە رۆشنبیرێک رۆڵ لە کایەی رووناکبیریی کوردییدا بگێڕین. رەوتی ئێمەش بەرەو ئەوە دەچوو، لە پاشەڕۆژدا ببینە رۆشنبیرێکی باش، بەڵام بە قەناعەتی خۆم سیاسەت دووری خستینەوە لەو ئامانجە، تەنیا وەک خوێنەرێکی جیددی ماینەوە. لەو زەمەنەدا من بەرەو کۆمۆنیزم هەنگاوم نا، حەمە نەیدەویست ببێتە کۆمۆنیست ئەگەرچی لەرووی ئایدۆلۆجییەوە تا هەنووکە خۆی بە چەپ دەزانێت. هەرچەند هەوڵی زۆرم لەگەڵ دەدا لە رێگەی جەدەل و

گفتوگۆوە، تا بڕوای پێبکەم بۆئەوەی ببێتە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە، سەرئەنجام کۆڵم لەوەدا ئەو پێشنیارە بخەمە بەردەمی، ئیدی زێدەتر وەک دوو هاوڕێ ماینەوە. هەمیشە بە یەکەوە دەبینراین، بە یەکەوە فێری جگەرەکێشان بووین، بە یەکەوە فێری نووسین بووین، بە یەکەوە عاشق بووین، چیرۆکی عەشقی ئەو زۆر ڕۆمانسییانەتر بوو لە چیرۆکی عەشقی من، بەیەکەوە زۆر کاری سەیر و جوانمان کرد، بە یەکەوە لە قوتابخانە خۆمان دەدزییەوە، بە یەکەوە بڕیارمان دا حزبێک دروست بکەین، بە یەکەوە بڕیارماندا واز لە ئەدەب بهێنین و وەکو ڕۆژنامەنووس کار بکەین، زۆرترین بڕیاری بەیەکەوەیمان هەیە.

محەمەد، جگە لە نووسین، بەپێچەوانەی منەوە، سەلیقەیەکی باشی لە ئەلیکترۆنیات و کارەبا و ئیشی تەکنیکیدا هەبوو. بیرم دێتەوە لە گەڕەکی رزگاری سلێمانی، دوکانێکی لەو شێوەیەی دانابوو. رۆژێک چوومە دوکانەکە بۆ لای، تا باسی سیاسەت و ئەدەب و رۆشنبیریی بکەین. پێش هەر شتێک مەوزوعێکی جیاوازیی کردووەتەوە، بەوەی رادیۆیەکی دروست کردووە!!، رەنگە ئەگەر بەکاریبهێنیت هەموو سلێمانی وەریبگرێت، هەروەها بەرنامەیەکی دروستکردبوو دەیتوانی بچێتە سەر پەخشیی تیڤییەکان، بەئاسانی دەتوانرا لەو رێگەیەوە لەسەر تەرەدودی زۆربەی کەناڵە ناوخۆییەکانی ئەوسای کوردستان، پەخش بکرێت و بەرنامەی خۆت پێشکەش بکەیت، بە داخەوە حەمە وازی لە پەرەدان بەم داهێنانە هێنا، بەڵکو هەمیشە سیاسەت و رۆشنبیریی پێش هەر کارێک دەخست. لە قۆناغی ئامادەییدا، حەمە چووە ئامادەیی رۆشنبیری کوڕان، ئەو ساڵە، بەهۆی غیاباتی زۆرەوە، من لە سێی ناوەندیی راسب بووم، بە تایبەت تازە لە ئاوارەیی گەڕابوومەوە و باوکیشم لە زیندان بوو، بۆیە هیچ مەزاجێکی خوێندنم نەمابوو. ئیتر ئەو ساڵێک کەوتە پێش منەوە. حەمە لە ئامادەیی رۆشنبیر بڵاوکراوەیەکی دەردەکرد بە ناوی «رۆشنبیریی» کە تایبەت بوو بە ئامادەیی رۆشنبیر، لە هەموو ژمارەکانی ئەو بڵاوکرایەوەدا بەشدارییو هەبوو بە نووسینی چەندین بابەتی جیاواز، هەرچەند هیچ ژمارەیەکم لەلا نەماوە لەو بڵاوکرایەوە، کەچی هێشتا ناوی وتارەکانی خۆمم لەو بیرم ماوە، یەکێکیان

دەربارەی چەوساندنەوەی ژنان و فێمینیزم بوو، ئەوێ ڕۆژێ بە دەگمەن خەڵک هەبوو لە مانای فێمینیزم تێبگات.

من و حەمە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، بیرمان لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئەهلی دەکردەوە، بیرۆکەی زۆرمان داڕشت، هەنگاوی باشمان دەنا، چونکە بارودۆخەکە پشتیوانمان نەبوو، شکستمان هێنا. ئێمە تەرزێک نووسین و بیرکردنەوەمان هەبوو، لەگەڵ هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیدا نەدەگونجا, بەم بۆنەوە زیاتر هەوڵماندەدا کۆڕ و سیمینار بگرین یان لە مێزگردەکاندا بەشدا ببین. کە دەڵێم پارادیمی ئیشکردنی ئێمە لەگەڵ بڵاوکراوەکانی کوردستان نەدەگونجا، بەو مانایە بوو ئێمە بە نۆرمێک کارمان دەکرد، کۆمەڵ و ماسمێدیای کوردیی، نەیدەتوانی بەرگەی بگرن. جارێکیان من لە سیمینارێکدا وتم، سێکس غەریزەیەکە وەک ڕەمەکی خواردن، جیاوازیی نابینم لەنێوان ئەو کەسەی نان دەخوات و ئەوی سێکس دەکات، هەر خەریکبوو هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانم بەسەردا بڕمێنن. هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو هەوڵماندەدا بڵاوکراوەیەک دەربکەین مێشکی مرۆڤی کورد بەتایبەت بەرامبەر تابووەکان بکاتەوە، ئێمە سەرنەکەوتین، بەداخەوە مۆدیلێکی تر لە میدیا بەناوی ئەهلییەوە سەرکەوت کە نەیتوانی بچووکترین ئیش لەم ڕووەوە بکات.

دواتر لەگەڵ حەمە، گەڵاڵەی بیرۆکەیەکمان کرد، بۆ دروستکردنی حزبێک، حزبەکە حزبێکی چەپ بێت، دژی ئەو واقیعە بوەستێت بەهۆی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەییەوە بەسەر کۆمەڵگەی کوردییدا سەپابوو. بۆ ئەو مەبەستە دەیان کەسمان کۆکردەوە، بەڵام نەدەتوانرا کۆبوونەوەیەکی گشتیی ڕێکبخرێت، لەبەر دوو هۆ، یەکەم: ئەفکاراتی جیاواز جیاواز هەبوو. دووەم: نەدەتوانرا لە ترسی چاوی دەزگا ئەمنییەکان ژمارەیەکی ئاوها خەڵک کۆ بکرێتەوە لە جێگەیەک، چونکە ئەوسا ئاسان نەبوو بۆ مەبەستێکی وەک ئەوەی ئێمە بە ئاشکرا خەڵک کۆبکەیتەوە. ئەم دواکەوتنە زۆری کێشا، تا ئەوەی ئێمەش لە بیرۆکەکە ساردبووینەوە، تاکوو چەند مانگێک. لە هاوینی ١٩٩٨ کەسێکمان ناسی بەناوی «کاڤار شوانی»، ئەویش وەک ئێمە بیری لە دروستکردنی حزبێک کردبووەوە، بەڵام کێشەی گەورەی نێوان ئێمە و ئەو، لەوەدا خۆی دەبینییەوە ئێمە چەپ و ئەو

نەتەوەیی بوو. هەر چۆنێک بوو، خاڵە هاوبەشەکانمان کردە بنەمای کارکردن، بۆیە ڕێککەوتین لەسەر دروستکردنی حزبێک بەناوی «پارتی سۆسیالیزمی نیشتمان». پەیڕەو و پرۆگرامامان بۆ نووسییەوە، ژمارەیەک کادری ئەساسیمان لە دەوری خۆمان کۆکردەوە، ئامادەکارییمان دەکرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەک، بەڵام پێش ئەوە چەندین چالاکیمان لە ڕووی ڕاگەیاندن و تەبلیغاتەوە ئەنجامدا. بۆ نموونە پۆستەر و لافیتەی زۆرمان بە شوێن گشتییەکاندا هەڵواسی، بە تایبەت دژی گەندەڵی و دوو ئیدارەیی و نەبوونی شەفافییەت کە ئەوێ ڕۆژێ ئەم دروشمانە تازە بوون و کەس نەیدەوێرا دروشمی وەها زل هەڵبگرێت و شەڕی دەسەڵاتی پێبکات.

پارتی سۆسیالیزمی نیشتمان. کێشەی ئەوەبوو، دەستی نەدەگەیشتە جەماوەر، ئەوسا نە مۆبایل هەبوو، نە ئینتەرنێت، نە میدیای کراوە. خەڵکیش حەماسی زۆری هەبوو بۆ پارتی و یەکێتی. ئەمانە بوونە بەربەستی ئەوەی پارتییەکە وەک مەحفەلێکی بچووک و نهێنی بمێنێتەوە. کێشەیەکی تری من و حەمە، لەگەڵ کاڤار شوانی، ئەوەبوو، ئەم پیاوە نەتەوەییەکی کلاسیکیی بوو، تەنانەت زۆربەی جار من و حەمە بە وتەکەی ئەومان ڕادەبوارد کە زۆرجار دەیووتەوە «پەرداخێک ئاوی بێگەرد نادەم بە دەریایەک لیتە». منیش هەموو جارێک دەمووت «پێکێک عەرەقی ئەبو نەخلە نادەم بە هەزار قاپی فەلەکە». ئێمە و کاڤار نەمانتوانی ماوەیەکی زۆر پێکەوە بین، ئەوەبوو کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ وازمان لەو بیرۆکەیە هێنا، دواتر کەس بە دەوری «کاڤار»ەوە نەما و ئەویش سەری خۆی بۆ کەنەدا هەڵگرت.

من و حەمە، کۆڵمان نەدا، ئەمجارە بیرمان لە دروستکردنی پارتێکی شۆڕشگێڕ کردەوە، بە قووڵی کەوتینە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی «لینین و ترۆتسکی و پلیخانۆڤ و گیڤارا» و بەرهەمەکانی تری شۆڕشگێڕیی چەپ. لە مانگی دیسامبەری ١٩٩٩ لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج لە ماڵی ئێمە دانیشتنێکمان کرد، کە حزبێکی نوێ بە ناوی «پارتی چەپی دیموکراتی کوردستان» دابمەزرێنین، منیش بڕیارمدا واز لە حزبی کۆمۆنیست بهێنم. لەگەڵ حەمە کەوتینە کۆکردنەوەی خەڵک. یەکەم کۆبوونەوەمان لەناو حامیەی سلێمانی کرد، «شوێنی پارکی

ئازادیی ئێستا» چونکە رووبەرێکی فراوانی چۆڵ بوو، لە کاتی هاتنی ئاسایشدا بواری هەڵهاتن و خۆ ونکردنی زۆر هەبوو. پاشان دەیان کەسمان وەک نەواتی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی ئەو حزبە کۆکردەوە، بەڵام بەهۆی خەتمایلێکەوە زانیاریی ئیشەکەمان گەیشتەوە بە یەکێتی، بە تایبەت ئێمە دەمانویست بە هاوکاریی هەندێ کۆنە کادری پەکەکە بچینە شاخ، «پێشتریش هەوڵێکی لەو جۆرەمان دابوو» چونکە چەند گەریلایەکی دابڕاو کەوتبوونە لای ئێمە، کە هەموویان کوردی باکوور بوون و لە ماڵی «خالید ئەژی» حەشاردرابوون.

پاش گەیشتنەوەی زانیارییەکە بە یەکێتی، چەند کەسێک دەستگیر کران، هەروەها چەند کەسێک هەڕەشەیان لێکرا. لە کۆتاییدا من و حەمە و خالید ئەژی و یوسف ئابڵاخی بە تەنیا ماینەوە، ئێمەش ناچار دەستبەرداری بیرۆکەکە بووین. من و یوسف کە هەردووکمان کادری حزبی کۆمۆنیست بووین، هەر بەردەوام بووین لە کاری خۆمان لە حزبی کۆمۆنیستدا، خالید کە مەترسیی زۆرتری لەسەربوو، چەند کەسێکی مەسیحیم پێ ناساند، لای کەنیسەی ئینجیلی سلێمانی پارێزرا بۆ ماوەیەک تا دۆخەکە ئاسایی بووەوە. «حەمە»ش زیاتر لەگەڵ ئێمە بوو، بۆیە هەمیشە لە دەرەوە وا دەزانرا ئەویش کادری حزبی کۆمۆنیستە. من و حەمە عەدنان، بەیەکەوە ماینەوە، هەروەک پێشوو. لێرە بەدواوە بیرمان لە گەیشتن بە هەندەران دەکردەوە. من خۆمم پێ رازی نەدەکرا، «محەمەد»ش پارەی نەبوو. بۆیە بیرۆکەی چوون بە هەندەرانیشمان هەر وەک بیرۆکەکانی تر شکستی هێنا. ئیدی ژیانی رۆژانەمان تەنیا بریتبوو لە خوێندنەوە و هاتوچۆی سەنتەری گەنجان و ئێوارانیش بۆ سەهۆڵەکە. هەر لە کۆتایی ١٩٩٩ لە سەنتەری گەنجان «گۆران عومەر»ی جوانەمەرگمان ناسی، ئەویش وەک ئێمە دەیویست بیرۆکەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە گروپەکەمان فراوانتر بوو بۆ چوار کەس «حەمە، گۆران، ئاسۆ، ستیڤان» رۆژانێکی ناخۆشی خۆشمان بردە سەر تا دەوروبەری هاوینی ساڵی ٢٠٠٠.

هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ یەکێتی پەلاماری حزبی کۆمۆنیستی دا، من وەک کادری ئەو حزبە کەوتمە خۆشاردنەوە. «محەمەد» بێکار دەسوڕایەوە، گۆران وردە وردە بەرەو تەلەفزیۆنی خاک و دوایش کوردسات رۆیشت. یەکێتی کون

بە کون بە دوای کۆمۆنیستەکاندا دەگەڕا، منیش جارێک گیرام و ئازادکرام. بەهۆی ئەو ترسەوە بینینی من لەگەڵ حەمە و گۆران زیاتر بە شەوانە بوو، سەهۆڵەکەش کە پڕ ببوو لە سیخوڕی ئاسایش بۆ من شوێنێکی پارێزراو نەبوو، بۆیە زۆربەی جار لە کۆڵانەکانی پشتی ماڵی حەمە لە گەڕەکی شێخ محێدین، دادەنیشتین، جاروباریش «یوسف ئابڵاخی» سەری لێدەداین بەتایبەت کە کۆڕی موناقەشەی فیکریی و رۆشنبیرییمان گەرم دەکرد. ساڵی ۲۰۰۰، سەفەری دەرەوەی وڵاتم کرد، من و ئاسۆ هاوسەفەر بووین، گۆران و حەمە عەدنان و ئەیوب رەزا و بابان حەمە و برادەرە ئازیزەکانم جێهێشت. کاتێک من لە سەفەر هاتمەوە حەمە، زەواجی کردبوو، ئەیوب و گۆران لە کەناڵی کوردسات یەکیان گرتبووەوە، من وەک سەگی پێ سووتاو بە شاردا دەسوڕامەوە، هیچ ئیشێکم نەبوو، فلس لە گیرفانمدا سەوزەڵە خانمی بوو. تەنیاش مابوومەوە، بەم حاڵەوە رامکێشا تا دووەم جار سەفەرم کردەوە. گۆران و ئەیوب و حەمە بەهۆی سەرقاڵییان کەمتر دەرفەتی بینینی منیان هەبوو. ئیدی ئەم جارە «رێباز حەمەجەزا» کە هێشتا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو نەکردبوو، جێگەی هەموویانی گرتەوە.

دوای پرۆسەی ئازادیی، من گەڕامەوە بۆ نووسین لە رۆژنامەکاندا، حەمە رووی کردە کاری تەلەفزیۆن، لە تەلەفزیۆنی پارێزگاران بەرنامەیەکی وەرگرت، لەو ماوەیەدا دوو چاوپێکەوتنی بۆ ئەو تەلەفزیۆنە لەگەڵ من ئەنجامدا. لەوێ خۆی نەگرت و رووی کردە تەلەفزیۆنی خاک. منیش لەو ساتانەدا رۆژنامەی «نێوەند»م دەردەکرد، دوای خاک، حەمە رووی کردە کوردسات وەک بێژەری هەواڵەکان. لەوێ ئەیوب و گۆران و حەمە بە یەک گەیشتنەوە. پاشان لە کوردسات تووڕەبوو، بووە بێژەر لە کەناڵی عەشتار، ئەوەندەم نەزانی بە تەواویی سەری خۆی هەڵگرت، زیاتر لە سێ ساڵ لێی بێ خەبەر بووم، تا زانیم گەیشتووەتە نیوزلەندا، بەڵام هێشتاش ئەو هاوڕێیەتییە کۆتایی نەهات، بەڵکو ماڵی فەیسبوک ئاوا بێت، جارێکی دیکە بە یەکتری شاد کردینەوە.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە رۆژی ۱٤-۱۰-۲۰۱۲ بڵاوکراوەتەوە.

## -٧-

## دوکانەکەی تاڵب خەیات

من بە درێژایی نەوەدەکان، کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بووم. لە حزبدا هەر کارێک پێم درابێت، بێ سێ و دوو، بە ئەنجامم گەیاندووە. هەرچەندە دەروێش نەبووم و بەردەوام رەخنە و بۆچوونی جیاوازم هەبووە، تەنانەت بە بۆڵە بۆڵکار ناوزەد دەکرام، بەڵام لەو بڕوایەدام زۆربەی هاوڕێیان گەواهیی ئەوەم بۆ دەدەن، زۆر دڵسۆزانە، ئەوەی لە توانامدا بووبێت درێغیم لە بردنە پێشەوەی ئەرکە حزبییەکاندا نەدەکرد. بەم بۆنەوە توانیبووم پێگەیەک بۆ خۆم دروست بکەم. لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٠ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ژێر فشاری ئێران، زنجیرەیەک گووشاری بۆ سەر حزبی کۆمۆنیست دروستکرد. یەکێک لەوانە هەوڵدان بوو بۆ دادگاییکردنی حزبی کۆمۆنیست، بە چەند پاساوێکی سەیر، لەوانە: داوای سەربەخۆیی کوردستان و ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستان. هەر لەو سەوبەندەدا بزووتنەوەی ریفراندۆم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات چالاکیی زۆری ئەنجامدابوو، دەتوانم بڵێم بە پلەی یەکەم، «ئاسۆ کەمال» ببووە سیمای بزووتنەوەکە.

حزبی کۆمۆنیست توانی لە رێگەی هاوپشتیوانی رێکخراوە چەپەکان و سەرنجڕاکێشانی رێکخراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان، دژە گووشارێک بۆ سەر یەکێتی دروست بکات. ئەمەش تارادەیەک پاشەکشەی بە ویستی یەکێتی کرد بۆ دادگاییکردنی حزب و سەرەنجام هەڵوەشاندنەوەی. لە کۆتایی مانگی حوزەیران گووشارەکانی یەکێتی فۆرمێکی تری بە خۆوە گرت، ئەویش لە ژێر بیانووی بردنە دەرەوەی بارەگای حزبەکاندا، گووشار خرایە سەر حزبی کۆمۆنیست، تەنانەت ئاو و کارەبای بارەگاکان بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا بڕدران. حزب زنجیرەیەک کاردانەوەی هەبوو، چەند خۆپیشاندان و پرۆتێستێکمان لە شاری سلێمانی ئەنجامدا، بەڵام یەکێتی بە تەقەکردن و لێدان و توندوتیژیی وەڵامی خۆپیشاندانی هێمنانەی ئێمەی دایەوە. من خۆم یەکێک بووم لە خۆپیشاندەران و شایەتم لەسەر کۆی رووداوەکان. لە چەند رۆژی یەکەمی مانگی تەمووزی ٢٠٠٠ بە روونی ئەوە دەبینرا، یەکێتی نیازێکی خراپی هەیە و رەنگە پەلاماری

بارەگاکان بدات بە هێزی سەربازیی، ئەم بۆچوونە راست دەرچوو، چونکە رۆژی چواردەی تەمووز هێزەکانی یەکێتی پەلاماری ئۆتۆمبیلێکی حزبی کۆمۆنیستیان دا و پێنج کادری تێکۆشەر لەو پەلامارەدا گیانیان بەختکرد. پاشان بە هێزی ئاسایش و میلیشیاکانی تری یەکێتی گەمارۆی کۆی بارەگاکان درا، کە لەو کاتەدا لە ناو بینای رادیۆی حزب بووم لە گردەکەی نێوان گەڕەکی بەختیاری و زەرگەتە «سلێمانی».

بەم شێوەیە و بە زەبری هێز یەکێتی بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری بەرگریی منداڵان و یەکێتی خوێندکار و لاوانی ئازادی لە شاری سلێمانی دەستبەسەردا گرت. ئیدی ئەو ماوەیە زیندانەکانی ئاسایش و بنکەکانی پۆلیس لە ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی جمەیان دەهات. ئێمەش کەوتینە خۆشاردنەوە. من لە شەوی ١٨ی تەمووز لە خواردنگەیەکی سەهۆڵەکە لەلایەن ئاسایشی رزگاری دەستگیرکرام بە فەرمانی ملازم «بەرزان». لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر بەردەوام بووین لەسەر کار و چالاکیی خۆمان بەشێوەی نهێنی. لە سەرەتای مانگی ئاب، شەوێک بە بۆیاخ سەر دیواری شوێنە گشتییەکانی شارمان نووسی، زۆربەشیان دروشم بوون لە دژی تیرۆرکردنی ئەو پێنج کادرە و قەدەغەکردنی حزبی کۆمۆنیست. جگە لەمەش بەردەوام بە نهێنی بەیاننامە و بڵاوکراوە و رۆژنامەکانی حزبمان بڵاودەکردەوە بە تایبەت لەناو ئەو کەسانەی جێگەی متمانە بوون. لەو سەروەختەدا، دوکانەکەی هاوڕێ «تاڵب» کە دوکانێکی بچووکی بەرگدروو بوو، لە پشتی بازاڕی گەورەی سلێمانی لەسەر شەقامی کاکە ئەحمەدی شێخ، ببووە مەکۆی سەرەکی بینینی هاوڕێیان و هەروەها زۆربەی بەیاننامە و بڵاوکراوە و رۆژنامەکان لە دوکانەکەی ئەودا دەشاردرانەوە و لە بەرەوە لێیان دەبرا و دابەش دەکران.

هاوڕێ تاڵب، مرۆڤێکی روح سووکە، لە رووی تەمەنەوە، لەم گرووپە گەنجەی وەک ئێمە بەتەمەنتر بوو، زۆر رێزی هەبوو لە قەیسەرییەکەدا، زۆرێک دوکاندارەکانی گوزەرەکە بەوەیان زانیبوو دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب، بووەتە مەکۆی یەکتر بینین و گەنجینەی بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی حزب،

تەنانەت بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیش، لە چەشنی «ئەنتەرناسیۆنال» لە دوکانەکەی ئەو دەستدەکەوتن، بەڵام ئەو دوکاندارانە هێندە ڕێز و خۆشەویستیان بۆ تاڵب خەیات هەبوو، نەک بێدەنگ ببوون، بەڵکو زۆربەی جار دەبوونە هاوکارمان و هەواڵیان دەدایێ لەسەر بوونی ئاسایش یان پۆلیس لە نزیک گوزەرەکە. من لەو بارودۆخەدا، هەمیشە پێیەکم لە ماڵەوە و پێیەکی ترم لە دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب بوو. ڕۆژانە دەچوومە ئەوێ، هەر بڵاوکراوەیەکی تازە هەبوایە وەرمدەگرت، هەروەها دەیان نوسخەی ترم بۆ دۆست و هاوڕێکانم وەردەگرت، کە دەیانویست ئاگایان لە سیاسەتی ئێمە بێت، چونکە ئاسایشی یەکێتی، ڕۆژنامەی بۆپێشەوە، دواتریش ئۆکتۆبەری لە ریزی تریاک و حەشیشە دانابوو، بەدەستی هەر کەسەوە بگیرابایە، بێ سێ و دوو، بەرەو فەلاقاخانەکەی ئاسایش دەبرا. بۆیە کەم کەس هەبوو ئازایەتی ئەوەی هەبێت تەنانەت بە نهێنیش بڵاوکراوە و بەیاننامەکانمان وەربگرێت، مەگەر ئەو کەسانەی زۆر لێمانەوە نزیک بوون.

ئێستا بیرم دێتەوە، هەمیشە ٥-٦ کەس لە هاوڕێیان لە دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب ئامادەبوون، زۆرجار قسە و دیالۆگ ئەوەندە درێژەی دەکێشا، ڕۆژ ئاوا دەبوو. بەهۆی ئەو قەرەباڵغییەشەوە هیچ کەس بە تایبەت ئافرەتان ڕوویان نەدەکردە دوکانەکەی. بەکورتییەکەی لە کار و کاسبیمان کردبوو. هەندێک جاریش تووڕە دەبووین و دەنگمان بەرز دەکردەوە و قسەمان بە دەسەڵات دەوت، کاک تاڵب بە لەسەرخۆییەکەوە دەیـووت، هاوڕێیانی ئازیز کەمێک دەنگتان نزم بکەنەوە، هەر ئەم کونەمان هەیە، با ئەویش لە دەست نەدەیت. قسەکەشی ڕاستبوو، چونکە دوکانەکەی ئەو ببووە بارەگایەکی نافەرمی حزبی کۆمۆنیست لە چەقی بازاڕدا. بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٠ ئەوە حاڵی دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب بوو، من دوای ئەوە سەفەرم کرد، ئاگام لەو ڕەوشە نەما، بەڵام دەمزانی دواتریش ڕەوشی دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب بە بەراوورد بە ئەوکاتەی لە ناوەوەی وڵات بووم، عەینەن تاس و حەمام بوو. پێموایە ئەوە ماوەی دوو ساڵێک زیاتر درێژەی کێشا. پاشان من لە ٢٠٠٤ بە تەواوەتی وازم لە حزبی کۆمۆنیست هێنا، ئیدی ئاگام لە چالاکی حزب و دوکانەکەی هاوڕێ تاڵبیش نەما،

بەڵام دوای دوو ساڵ لە وازهێنانم لە حزب «٢٠٠٦» کاتێک ویستم گوزەرێک بەناو ئەو قەیسەرییەدا بکەم کە دوکانەکەی هاوڕێ تاڵبی تێدابوو، زۆر شت گۆڕابوو، هەم قەیسەرییەکە گۆڕابوو، هەم دوکانەکەی هاوڕێ تاڵب نەمابوو، تەنانەت لەم ماوەیە جارێکی دیکە ڕێگەم کەوتەوە ئەو قەیسەرییە تەنانەت نەمتوانی دوکانەکەشی بدۆزمەوە، ئاخر هەموو شتێک لە گۆڕاندایە.

ئێستاش بیر لەو قۆناغە دەکەمەوە، کە ١٢ ساڵێک پێش هەنووکەیە، هەستێکی سەیرم لا دروست دەبێت، جگە لەوەش درک بە ماندووبوونی خۆم دەکەم. هەم بێزارییەکی گەورە سەرتاپا دامدەپۆشێت کە هەمیشە مەحکوم بووم بە یارییەکی سیزیفی و هێشتاش لەو بڕوایەدام هیچم نەبووە بە هیچ. هەم بیر لە مرۆڤێکی وەک هاوڕێ تاڵب دەکەمەوە، هەوایەکی فێنک بە دڵمدا گووزەر دەکات. ئەگەرچی ئەو زەمەنە بۆ ئێمە زۆر تاڵ بوو، کەچی وەختێک دێتەوە ناو یادەوەرییم، هەست بە شادییەکی سەرسوڕهێنەر دەکەم.

تێبینی: ئەم «کا»یە لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی «کوردستان نێت» لە ڕۆژی ٢٩-١٠-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

-٨-

## هەوڵەکانمان بۆ دامەزراندنی حزبێکی چەپی شۆڕشگێڕ

کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان هەروەک دەستپێکەکەی، کوردستان لە بارودۆخێکی سیاسیی هەڵواسراو و پڕ قەیراندا بوو، ئەگەرچی دوو ساڵی کۆتایی ئەو دەیەیە شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام دوو پارتە فەرمانڕەواکەی کوردستان هیچ پلاتفۆرمێکی ڕۆشنیان نەبوو بۆ پرسە جۆراوجۆرەکانی ژیانی هاووڵاتیان، لەلایەک گرانی و بێکاریی هەبوو، لەلایەکی تر کۆچڕەوێکی بە کۆمەڵ دروست ببوو بۆ هەندەران، لەولاشەوە دەسەڵات بێباکانە سەیری دیمەنە تراجیدییەکانی کۆمەڵگەی دەکرد، هەموو کاریان ببووە دۆشینی داهاتی کوردستان و ڕاکێشانی هێزی وڵاتانی هەرێمی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان، هەر لەم نێوەندەدا چەندان جار سوپای پاسداران کەوتنە ناو پرۆسەی شەڕەکەوە، ساڵی ١٩٩٤ تۆپخانەکانی سوپای پاسداران لە هەردوو میحوەری هەڵەبجە و قەڵادزێ

بۆ پاڵپشتی پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بارەگا و سەنگەرەکانی یەکێتیان بۆردومان کرد کە یەکێتی ناچار کرد، ڕێکەوتن لەگەڵ پارتی و بزووتنەوە بکات تاکو بگەڕێنەوە سلێمانی و گەرمیان و ناوچەکانی ژێر هەیمەنەی یەکێتی.

لە ساڵی ١٩٩٥ هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەردا هات پاش ئەوەی یەکێتی توانی دەست بەسەر هەولێردا بگرێت، ئەم جارە یەکێتی توانی دوو شتی گرنگ بکات، یەکەم توانی پاڵپشتی ئێران بەدەستبهێنێت لە دژی پارتی. دووەم: توانی ڕێکەوتنێک یان هاوپەیمانییەکی فراوانی حزبە کوردییەکان دژی پارتی دروستبکات. بۆ نموونە لە ڕێکەوتننامەی تاران دەڤەری هەڵەبجە و هەورامان تاکو سەیدسادق بە واژۆی تاڵەبانی و مەلا عەلی عەبدولعەزیز خرایە ژێر قەڵەمڕەوی بزووتنەوەی ئیسلامی بەو مەرجەی هاوپەیمانێتی سەربازیی لەگەڵ پارتی کۆتایی پێبهێنن، لە قۆڵێکی تریشەوە ڕێکەوتن لەگەڵ پەکەکە کرا کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە قەندیلەوە تاکو حەوزی بیتوێن بخرێتە ژێر قەڵەمڕەوییان بە مەرجی بەردەوامیدان بە شەڕ دژی پارتی. پاشتریش هاوپەیمانییەکی ئاشکرا بە ناوی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا کە یەکێتی و سۆسیالیست و زەحمەتکێشان و پارێزگاران و دیموکراسیخوازان و پەکەکەش لەودیو پەردەوە بوونە هاوپەیمانی یەکتر بۆ شەڕ دژی پارتی.

ساڵی ١٩٩٦ یەکێتی ویستی پارتی بخاتە ئەودیو زێی بادینانەوە، هێزێکی چەند سەد کەسی لە ئێرانەوە برد بۆ پشتگرتن لە پارتی کە یەکێک لەو فەرماندانە هاوڕێیەکی باوکم بوو بە ناوی ملازم محەمەد قەرەچەتانی «هەڵبەت ملازمی کۆنی سوپای عێراق بوو، هەر لەو کارەساتەدا شوێن بزربوو». لە سلێمانیشەوە سوپای پاسداران تا کۆیە و سەر بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەشکرکێشی کرد، پارتی لەوە بێ تواناتر بوو بتوانێت شەڕی یەکێتی و هاوپەیمانەکانی بکات، لە بەرانبەردا لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەستی سوپای عێراقی گرت بۆ ناو هەولێر و بە دەبابەی بەعس یەکێتی لە هەولێر هەڵقەند، پاشتر زۆرێک لە ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێراق بە دیل گیران و برانەوە بەغداد و لەناو بران. دواتر پارتی سوودی لەو شکستەی یەکێتی وەرگرت تاکو مەرزی ئێران یەکێتی هەڵقەند، بۆ ماوەیەکی کاتی سلێمانی کەوتە دەست پارتی، بەڵام پارتی هەروەک ئەوەی

ئێستا حەشد دەیکات لە کەرکوک کەوتە رەشبگیریی گەنجان و بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوەی گەنجان لە گازینۆ و گەڕەکەکاندا بە زەبری هێز.

دوای چل رۆژ یەکێتی بە پاڵشتی ئێران سلێمانی گرتەوە و پارتیش بە پاڵشتی تورکیا هێرشەکانی یەکێتی بۆ گرتنەوەی هەولێر تێکشکاند. تاکو ئەمجارە هێزێکی تورکی «PMF» بە سەرکردایەتی جەنراڵ کاپڵان بوونە دیواری دیگەڵە بۆ جیاکردنەوەی قەڵەمڕەوی هەر یەک لە پارتی و یەکێتی. ئەمە رووماڵێکی گشتیی بوو لە باری سیاسییەوە. لە باری ئابوورییەوە هەژارییەکی زۆر، بێکارییەکی کوشندە، هەرەسهێنانی چینی ناوەند و بۆرجوا زۆر بە خێرایی تاوی دەسەند، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی گشتیی خەڵک روویان کردە مەزهەب و ئاینگەرایی بەمەش پێگەی حزبە ئیسلامییەکان بەهێزتر بوو، هەر لەم دۆخەدا بوو یەکگرتووی ئیسلامی توانی لەماوەی چوار پێنج ساڵدا لەچەند سەد کەسێکەوە ببێتە چەند سەد هەزارێک. جیا لەمەش ژنکوژیی و سەرکوتی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و مافە تاکەکەسی و سەرەتاییەکانی تاک، دیمەنێکی هەمەڕۆژی شانۆی کۆمەڵایەتی بوو. دەتوانم بڵێم هەموو ئاوازەکان ببوونە ئاوازی شەڕ و هاواری برسێتی، هێزە بۆرژوازییەکان هەروەک ئێستا هەریەک بە ئەندازە و قەبارەی خۆی چاوی لە کێکی دەسەڵات و ئیمتیازاتی وڵاتەکە بوو. لەم نێوەندەدا ئەوەی هەبوو جیاوازتر لەوان تەنیا چەپەکان بوون، حزبی شیوعی بێلایەن وەستابوو بەڵکو لە سلێمانی یەکێتی و لە هەولێر پارتی بوون، ئەوەی دەمایەوە تەنیا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە نزیکی هەزار ئەندامێکەوە، بەڵام ئەم حزبە دووجار تا ئەو سەروەختە «١٩٩٩» دووچاری ئینشقاق ببوو، لەوە سامناکتر حزبی کۆمۆنیستیش هێزێکی کاریگەر نەبوو بە زۆر هۆ کە لە کتێبی «تێزەکان دەربارەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی» لە دوو سەد لاپەڕەدا هەموو رەهەندەکانیم شی کردۆتەوە.

ئێمە لەو سەروەختەدا «شوباتی ساڵی ١٩٩٩» کۆمەڵێک گەنج بووین کە بیرمان لە پارادیمێکی تری کارکردن و حزبێکی شۆڕشگێڕی چەپ دەکردەوە، چونکە پێمانوابوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حزبێکە لۆمپنیزمی سیاسیی دایپۆشیوە و دەست و پێ سپیترە لەوەی ئەرکی گەورە لە ئەستۆ بگرێت، زیاتر

حزبی راگەیاندن بوو، نەک کار و کردەوەی مەیدانی، هەروەک ئەمە سروشتی هەمان ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بۆرجوازییەیە هەنووکە لافی بەرهەڵستکاریی دەسەڵات لێ دەدات. ئێمە وەک ئەو کۆمەڵە گەنجە بەشێوەی تاک تاک و کۆ کەوتینە گفتوگۆی ئەو پرسیارەی کاتی خۆی لینین کردی «چی بکرێت؟». ئێمەیەک تەمەنی هیچکاممان نەگەیشتبووە سی ساڵ لەو کاتەدا، ئەرکێکی قورسمان لەسەر شانی خۆمان دانا. هەڵبەتە پێکهاتەی گروپەکە دوو فۆرمی جیاواز بووین، هەندێک خوێنەوار و کەسی سیکۆلاستیکی «مەکتەبی» لەگەڵ هەندێک کادری مەیدانی و تەنانەت سەربازییش.

کۆبوونەوەی یەکەممان لە شەوێکی بەهاردا لە مانگی ئازاری ١٩٩٩ لە ناو حامیە کرد «پارکی ئازادی ئێستا» ئەوانەی لەوێ ئامادەبووین یانزە کەس بووین، هەموو ناوەکانم لە یادە کە بریتیبوو لە هاورێیان «ئاراس عەلی، محەمەد عەدنان، یوسف ئابڵاخی، نەوشیروان محەمەد، خالید ئەژی، بەهادینە سوور، مامۆستا حەسەن، کوردۆ فایەق، دانای عێزەت، عەباس حەسەن، ستیڤان ئەحمەد». زیاتر لە چوار کاتژمێر جەدەل و گفتوگۆمان کرد، دوو رای پێچەوانە هاتنە ئارا، یەکەمیان کە زۆرینە بوون پێداگرییان دەکرد لە ماوەیەکی پێوانەییدا چەند سەد کەسێک چەکدار بکەین و بانگەوازی شۆڕش بکەین، بەوەش هێزی ناڕازی بێ ئومێد دێنە پشتمان، رای دووەم کە بۆچوونی محەمەد عەدنان و من بوو، پێمانوابوو خەباتی چەکداریی مۆدیل گیڤاراییی بۆ ئەم دۆخە ئەستەمە، بەڵکو پێویستیمان بە دروستکردنی کادری چەپ و کۆمۆنیستی بەرچاو رۆشنە کە بتوانێت وەک ئەکتیڤیستی کۆمەڵایەتی لە شارەکانەوە کار بۆ خرۆشانی جەماوەریی بکات نەک لە چیاکانەوە جاڕی شۆڕش بدات، بیرمە من وتەیەکی لینینم بیر هێنایەوە «هیچ پراکتیکێکی شۆڕشگێڕانە هەبوونی نییە، بەبێ هەبوونی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە». ئەوانەشی زیاتر لەگەڵ میکانیزمی سەربازیی بوون زیاتر یوسف ئابڵاخی و بەهادین و خالید ئەژی و نەوشیروان بوون.

چەند رۆژێک پاشتر کە هاتە سەرەتای مانگی چواری ١٩٩٩، لەگەڵ خالید و یوسف دانیشتین لەناو بارەگای کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیست «ئێمە هەرسێکمان کادری حزب بووین» بۆچوونەکانمان لە یەکتر نزیکتر بووەوە،

بڕیاری کۆبوونەوەیەکی ترمان دا، دوو شەو دواتر هەر لە حامیە کۆبووینەوە و ئەمجارە ژمارەمان کەمتر بوو، بەڵام کاتێکی ئێجگار زۆر سەرقاڵی گفتوگۆ بووین کە گەیشتبووە نزیکی کاتژمێر یەکی نیوەشەو، بۆیە چاودێریی کرابووین و مەفرەزەیەکی ئاسایش هاتنە سەرمان، ئێمەش ئەوانمان بینی خێرا خۆمان کۆکردەوە بەرەو خوار بە ئاڕاستەی ئەمنە سوورەکە هاتین، چونکە ماڵی زۆرینەمان لەو ئاڕاستەیەوە نزیکتر بوو، ئاسایشەکان هاواریان کرد بەسەرماندا نەوەستاین، چوون ئەگەر کاغەز و بەڵگەنامەکان بکەوتبایە دەستیان بێ شک هەر لەوێدا گوللەبارانیان دەکردین، بۆیە دەستمان کرد بە راکردن بێ ئەوەی یەکتر بزر بکەین و ئەوانیش تەقەیان دەکرد، خالید ئەژی کە شارەزای شەڕ و تەقەکردن بوو، وتی بەردەوام رابکەن با نەگیرێین تەقەکانیان بۆ ئاسمانە، ئیدی بە هەر شێوەیەک بوو، بێ ئەوەی کەسمان بگیرێت یان بناسرێتەوە خۆمان دەرباز کرد.

ئەوە بوو لە رۆژی ١٠-٤-١٩٩٩دا ئەمە محەمەد عەدنان و خالید ئەژی و بەهادینە سوور و من لە باخی گشتیی کۆبووینەوە، ناوێکمان هەڵبژارد بۆ جوڵانەوە نوێیەکە «پارتی چەپی شۆڕشگێڕی کوردستان». هەر لەوێ کلێشە سەرەتاییەکانی پەیڕەو و پرۆگراممان بەدەستوخەت نوسییەوە و کاتمان دیاری کرد بۆ مناقەشەکردنی فراوان لەسەری. پاش هەفتەیەک بە ئامادەبوونی نزیکەی پەنجا کەس لە باخچەی پشتەوەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کۆبووینەوە، لە سەرەتاوە هەستمان دەکرد چاودێریی ورد دەکرێین، بەڵام ئێمە گوێمان پێنەدا چونکە ژمارەی تەشکیلاتمان گەیشتبووە چەند سەد کەسێک و سنووری سلێمانیشی تێپەڕاندبوو، بەڵام چەقی کارەکە لەناو سلێمانی بوو. کۆبوونەوەکە تێروتەسەل بوو، بڕیاردرا خەباتی چەکداریی دەستپێبکەین و تەنانەت شوێنیان هەڵبژارد بۆ دەستپێکردن ئەویش لە چەمی رەزانەوە بوو، تاکو ئەوەی یوسف کردی بە جوک و گووتی ئێمەش لە چەمی رەزانەوە دەست دەکەین بە لەناوبردنیان چۆن ئەوانیش لە سەرەتاوە لەو چەمەوە دەستیان پێکرد «مەبەستی دروستبوونی پێشمەرگە بوو لە ساڵی ١٩٦١ لە چەمی رەزان کە زۆرجاریش دەوترێ چەمی رێزان».

یەکێتی و دەزگای زانیاریی بەتەواوەتی کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەرمان، بەڵام هیچ خەتمایلێکیان نەبوو لەناوماندا بۆیە نەیانتوانی هیچ بکەن. هەتا بیرمە جارێک پۆلیسێکی کەرتی رزگاری بەناوی «ئا» خۆی نزیک کردەوە لە من و دەیوت بکەمە بە کۆمۆنیست، لە ئەرکەکەی تێگەیشتبووم و چوومە ماڵەوە چەند کتێبێکی زۆر وشکی مارکس و ئەنگلزم بۆ هێنا، وتم فەرموو لە رێی ئەم کتێبانەوە ببە بە کۆمۆنیست، یان بچۆ کارگەریەک کار بکە و زەحمەت بکێشە تاکو بزانیت ئەم تیۆرییانە باس لە چی واقیعێک دەکەن. کابراش چەند هەوڵیدا هیچی لێ سەوز نەکرد بەڵکو هەڵەیان کردبوو کە منیان هەڵبژاردبوو، چونکە هەموو هاوڕێیانی ترم لەو سیخوڕە ئاگادار کردبووەوە، لە راستیدا ئیسلامییەکان و یەکێتی بە خوێنی سەرم تینوو بوون، چونکە توانیم چەندان گەنجی سەلەفی و ئیخوانیی بکەمە کۆمۆنیستی رادیکاڵ، تەنانەت دواتر کە جارێک «فەلاح ئەحمەد» دەستگیرکرابوو لە ئاسایشی یەکێتی و وتبوویان کێ بەرپرسی سلێمانی خوێندکارانە «یەکێتی خوێندکاران و لاوانی ئازاد، رێکخراوی لاوان و خوێندکارانی حزبی کۆمۆنیست بوو» ئەویش لە وەڵامدا ناوی منی گوتبوو. ئەفسەرەکەش سەری بادابوو، وتبووی ستیڤان، ئای ستیڤان. دواتریش ئیسلامییەکان بە چەقۆ هێرشیان کردە سەرم و یەکێتیش ئەشکەنجەی زۆری کردم لەم شوێنانە: ئاسایشی سلێمانی، بنکەی ئاسایشی رزگاری، بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی فریاکەوتن.

دواجاریش ئەوەبوو شەوێک لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران، دوو ئۆتۆمبیلی پڕ چەکداری ئاسایشی یەکێتی هەڵیانکوتایە سەر ماڵی خالید ئەژی لە گەڕەکی کارەباکەی سلێمانی. لەو کاتەدا منیش لە ماڵیان بووم لەگەڵ شەش گەریلای دابڕاو لە پەکەکە کە سەرجەمیان کورد باکوور بوون جگە لە یەکێکیان کە ناوی «سەربەست» بوو کوردی رۆژئاوا بوو، بڕیاربوو ئەمانیش لەگەڵ ئێمە بن و مەشقی سەربازیی و شێوازی شەڕی پارتیزانی فێری هەڤاڵانمان بکەن، بەهەرحاڵ دایکی خالید هاواری کرد ئاسایش هاتە سەرمان، ئێمەش لە نهۆمی دووەمی ماڵەکە بووین و خێرا هەر کەسە پەلاماری چەکی خۆی دا، بەڵام کاک «خەلیل» برا گەورەی خالید پێش هەمووومان کلاشینکۆفێکی ئاڕبیکەی چەقاند

لەسەر ستارەیماڵەکە و هاواری کرد وەرن ئەگەر مەرد و ئازان، بە قەبری مارکس «کاک خەلیل کۆمۆنیست نەبوو. بەڵام دۆستمان بوو» ناهێڵم کەس بە زیندوویی پێ بخاتە حەوشەکەوە، لە قاتی خوارەوەش کاک «جەمال»ی رەوانشادی باوکی خالید بە بیکەسی وەستابوو، هێزەکەی ئاسایش کە زانییان چەکی باشمان لایە و ژمارەشمان زۆرە، وتیان تەنیا «خالید»مان ئەوێ، کاک جەمال وتی ئێوە برۆن بەڵێن بێت خۆم دەیهێنم بۆ لای ئێوە پاش یەک سەعات، ئاسایشەکان دەیانزانی کاک جەمال خاوەنی قسەی خۆیەتی و خۆیشی هەر یەکێتی بوو، بۆیە گەڕانەوە، لەو کاتەدا هەڤاڵە گەریلاکانم لەگەڵ خۆم برد بۆ گەڕەکی ئابلاخ و بۆ ماڵی یوسف لەوێ خۆیان شاردەوە تاکو بزانین چی روودەدات؟، پاشتر چوومە ماڵەوە. ئەوسا خەڵک لەسەربان دەنوستن چوومە نهۆمی سێهەمی ماڵی خۆمان نوستم بەڵام چەکەکەم کە دەمانچەیەکی تارق بوو هەر لە ناو دەستما بوو، تەنانەت فیشەکیشی لەبەر بوو، هەر سەیر بوو لەکاتی خەودا نەمتەقاندبوو بە خۆمدا.

خالید و باوکی هەر ئەو شەوە چووبوونە ئاسایش، لەوێ خالیدیان رەوانەی دەزگای زانیاریی کردبوو لە قەلاچوالان و ئەشکەنجەیان کردبوو، بەڵام کاک جەمال کە پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو، توانی بە پەیوەندیی خۆی لە زیندان دەریبهێنێت، کە ئازاد کرا من چوومە سەردانی، کاک جەمال وتی: کوڕم ئێوە بەردێکی گەورەتان هەڵگرتووە، خۆ من تا دوا قەترە خوێنم دیفاعم لێ دەکردن، بەڵام ئەم کارەتان سەرئێشەی بەدواوەیە. دواتر ژوورێکی ماڵەکەی خۆیانی نیشاندام دەتووت جبەخانەیە، چیم بینی؟ هاوەن و دەیان گوولله، ئاڕبیچی و دەیان گوولله، بیکەسی، چەندان کەپس فیشەکی بیکەسی، زیاتر لە پانزە کلاشینکۆف، جگە لەو چەکانەی بە هەڤاڵە گەریلاکان بوو. ئەمان بنەماڵەیەکی چەکدار و عەشائیر بوون، بۆیە بۆ دەسەڵاتیش ئاسایی بوو چەکی قورستریش لە ماڵیاندا بێت. دواتر یەکێک لە هاوڕێکانی ترمان دەستگیرکرا و لە ژێر ئەشکەنجەدا هەموو شتێکی درکاندبوو. بۆیە تاکو ماوەیەک چووینە قۆناغی خۆ شاردنەوە، بەڵام شێوازێکی رێکخستنمان دروستکردبوو، کە هەر کەسێک لە پێنج کەس زیاتر نەناسێ بۆ کاتێکی لەو چەشنەی دەستگیرکردن دێتە پێشەوە،

بەڵام ئێمە خاوەنانی بیرۆکەکە نزیکەی پانزە کەس بووین هەموومان ئاگامان لە خوارەوە هەبوو، بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئێمە بگیرابایە و ئیعترافی بکردبا بێگومان بە ئاسانیی تێنەدەپەڕی.

دوای ئەمە هەندێک لە هاوڕێیان ساردبوونەوە لە شێوازی کاری شەڕی پارتیزانی، ئەمەش دڵخوازی ئێمە بوو، یەکێک لەو کەسانەی زۆر سوور بوو لەسەر شۆڕشی چەکداریی بەهادینە سوور بوو، ئەویش دڵسارد ببوو. بەهادین لە ئێمە بەتەمەنتر بوو، وا بزانم یەکێک لەو هاوڕێ دەگمەنانەی ناو ئێمە بوو، هاوسەری هەبوو، بەڵام بیرمە لە پیاسەیەکی شەوان لە گەڕەکی رزگاری نزیک عیمارە عەتار، بەرەو لای مەڵبەندی یەکێتی سەردەکەوتین وتی کاکە من هەر ئەمشەو چەک هەڵدەگرم و دوانزە مەخزەن لە خۆم دەبەستم و پێنج رومانەشم هەیە لەسەر چی وەستاون ئێوە؟ وتم هاوڕێ قۆناغەکە ئەوە دەخوازێت لەناو شارەکاندا کار بکەین، ئەو شیعرێکی قانعی کرد بەسەر بابەتەکەدا و حەماسەتی فڕی بوو، بەو هۆیەشی هەموو دیوانی «قانع»ی لەبەربوو ناوە نهێنییەکەیمان کردبوو بە مامۆستا قانع. هەر ئەم بەهادینە زۆر ساردبووەوە، بەڵام ساردبوونەوەکەی بەشێوەیەک بوو بڕوای بە کاری رۆشنگەریی و فیکریی نەبوو، بۆیەکا لە هەنگاوەکانی دواتر لەگەڵمان نەبوو، دەستی کردەوە بە کرێکاریی خۆی.

بە حوکمی ئەوەی زۆربەمان گەنج و کەم ئەزموون بووین، بەشێکیش کەوتنە ژێر باری ترس و تۆقاندنی دەسەڵات شیرازی رێکخراوەکە تێکچوو، هەندێک بە کەمتر لە شۆڕش رازی نەبوون، هەندێکی تر وازیان هێنا و سەری خۆیان هەڵگرت بۆ ئەوروپا، بەڵام دەستەی یەکەمی کارەکە بە جیاوازیی بیروبۆچوونیشەوە لە دەوری یەکترماینەوە، تاکەکەسێکی زۆر ئەکتیڤ سڵی لە وشەی کۆمۆنیستبوون دەکردەوە «محەمەد عەدنان» بوو ئەو زیاتر چەپێکی نەتەوەیی و لە سەرەتاشەوە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی ئیشەکە بوو، هەموو ئەمانە بوونە هۆکارێک کە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆ و جەدەلی زیاتر، بێ دەستبەرداربوون لەو بیرۆکەیەی دەبێت ئەو بۆشاییە هێزێکی چەپ پڕی بکاتەوە، هەوڵەکانمان چڕ کردەوە بۆ هەندێک بابەتی تیۆریی و توێژینەوە،

ئەوەی پێشنیار کرا ئەمجارە گۆڕینی ناوەکە بوو بۆ «پارتی چەپی دیموکرات» ئەمەش ئەو هەڤاڵانەی پێشووی پەکەکەی نیگەران کرد بوو بەو پێیەی ناوی هەمان پارتی فەرمانڕەوای ئەوسای تورکیا بوو، من یەکێک بووم دژی ئەو ناوە بووم. هەریەک لە نەوشیروان و یوسف بڕیاریان دا بڕۆنە ئەورووپا و هەرواشیان کرد لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠دا، م.حەسەن گەڕایەوە لای هاوڕێی گیانبەختکردوو فەرهاد فەرەج کە رێکخراوێکی کۆمۆنیستی بچووکیان هەبوو لەگەڵ رۆژنامەیەک بەناوی «پەیڕەو»، لە ئاکامیشدا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٩ هاوڕێ فەرهاد لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا، دواتریش کەسێکی نێو تەشکیلاتی ئێمە بە ناوی «ئەردەڵان» بە دەمانچەی بێدەنگ تیرۆرکرا لە شارەزوور. منیش بە چەقۆ لێمدرا لەلایەن گروپێکی سەر بە مەلا کرێکار کە ئەوسا پێیاندەوترا «ئیسلاح» بە سەرپەرشتی فەرهەنگ نامۆ.

من و کوردۆ و محەمەد عەدنان و چەند هاوڕێیەکی تر بەردەوام بووین لەسەر پارتی چەپی دیموکرات تاکو خەتمایلێک هەموو شتێکی ئاشکرا کردین، کوردۆ هەڵات و لە رۆما بن ئۆتۆمبیل کەوت و گیانی سپارد. ئەمە بە تایبەت دوای دەرهێنانی شانۆگەریی «بازاڕی گوڵفرۆشی» کە لە رۆژی کۆتایی نمایشدا ئاسایش چوونە سەر هۆڵەکە و شانۆگەرییەکەیان راگرت، کوردۆ و چەند ئەکتەرێکی تریشیان برد بۆ زیندان تاکو سێ رۆژ، بەدوای منیشدا گەڕابوون وەک نووسەری دەقی شانۆگەرییەکە. بەهەرحاڵ محەمەد عەدنان هەر خۆی تاک مایەوە لە حزبەکەدا، ئەویش ناچاربوو دەست هەڵبگرێت و کۆتایی حزبەکە بەمشێوەیە بوو کە نەیتوانی هیچ بکات بەڵکو توشی نائومێدییەکی گەورەشی کردین، بەو هۆیەی تەنانەت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش دژایەتی دەکردین، کە من تا ئەو ساتەوەختە و چەند ساڵ دواتریش هەر وەک کادری ئەو حزبە بەردەوام بووم، کەم ئەزموونی و نەخەملێنی بارودۆخەکە وایانکرد پرۆژەکە جێی خۆی نەکاتەوە لە واقیعی حاڵدا، هەرچەند دواتر من و حەمە لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ لە هەوڵێکی تردا یەکمانگرتەوە ئەویش هەوڵی دامەزراندنی «پارتی چەپی نەتەوەیی» بوو، هەرچەند ئەم پارتە تەنیا وەک بیرۆکە مایەوە، بەڵام ئەمیش چیرۆکێکی خۆشی خۆی هەیە و لە داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەری.

لێرەدا پێم خۆشە پێش ئەوەی ستراتیجی پارتی چەپی شۆڕشگێڕ روون بکەمەوە، ناوی ئەو ئەکتەرە سەرەکیانە بیر بهێنمەوە کە بوونە هەوێنی ئیشەکە. ١-محەمەد عەدنان ناوی نهێنی حەمە بوو ئێستا لە نیوزلەندا دەژی. ٢-ئاراس عەلی ئێستا هەر لە سلێمانی دەژی. ٣- بەهادین قادر ناوی نهێنی مامۆستا قانع بوو لە سلێمانی دەژی. ٤- نەوشیروان محەمەد ناوی نهێنی هاوڕێ نەوە بوو.. ٥- یوسف رەزا ناوی نهێنی کوڕە ئابڵاخی بوو. ٦- کوردۆ فایەق ناوی نهێنی فەتاح بوو ساڵی ٢٠٠٠ لە رۆما گیانی سپارد. ٧-ئاسۆ کانێسکانی ناوی نهێنی جوتیار بوو. ٨-ستیڤان ئەحمەد ناوی نهێنی کاروان فوئاد بوو «خۆم». ٩- خالید جەمال ناوی نهێنی ئەژی بوو لە سلێمانی دەژی ئێستا. ١٠-حەسەن شێخ کەریم ناوی نهێنی هاوڕێ کاوە بوو.

ئامانجەکان یان ستراتیژی سەرەکیی پارتی چەپی شۆڕشگێڕ دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە:

١- رووخاندنی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە رێگەی شورای گەڕەک و شوێنکارەوە.

٢- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی کوردستان بەهەر میکانیزم و رێگەیەکی گونجاو بێت بەتایبەت لە رێی ریفراندۆمەوە.

٣- گۆڕینی سەرجەم یاساکانی وڵات کە یاساکانی زەمانی سەدام بوون بە یاسای نوێ و مرۆڤدۆستانە.

٤- هەڵمەتێکی خێرا بۆ خوێندەوارکردن و بوژانەوەی ژیانی ئابووری و گۆڕینی سیستمی پەروەردە.

٥- ئامادەسازیی بۆ بیناکردنی دەوڵەتێکی محەلی سۆسیالیستی و پراکتیزەی ئابووری سۆسیالیستی تیایدا.

٦-بە گشتیکردنی کەرتەکانی خوێندن و کارگەگان و پڕۆژە گەورەکان لە هەنگاوی یەکەمدا.

٧-جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و پارێزبەندیی بۆ پەیڕەوانی هەر ئاین و ئاینزایەک بێ جیاوازیی.

٨-چەسپاندنی یەکسانی ژن و پیاو بە پێی یاسایەکی روون و کۆنکرێت.

٩-ئامادەسازیی بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی سکۆلار و پێشکەوتوو بۆ هەرێمی کوردستان.

١٠-هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پرۆژانەی حزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ کۆتکردنی کۆمەڵانی خەڵک دروستیان کردبوو. لەوانە گۆڕینی ملیشیای حزبی بۆ هێزێکی یاسایی پارێزەری قەوارەی کوردستان.

پاش دە ساڵ لەم حزبە دروست نەبووەی ئێمە، گۆڕان هەستا بە جووینەوەی ئەم پلاتفۆرمە سیاسییەی کۆمۆنیستەکان کە پێشتریش شوراکان و رەوتی کۆمۆنیست و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش تەرحیان کردبوو بە شێوە و ئاستی جیا، بەڵام چەپەکان خرانە ئەودیوی گەمەکە، خەڵک گرەویان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان دەکرد و هێلکەکانی خۆیان خستە سەبەتەی نەوشیروانەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانە، بەڵام دوای هەشت ساڵ لە تەمەنی گۆڕان روونی بۆ هەموو لایەک دەرکەوت گۆڕان هەر ئەوەبوو ئێمەی کۆمۆنیستەکان لە سەرەتاوە پێمانوابوو هێلکەیەکی پیسە و درێژەپێدەری هەمان ئەو سیستمە باڵادەستە بۆرجوازییەیە کە حزبەکانی دەسەڵاتی لەسەر دامەزراوە.

ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان گەڕاوەتەوە چوارگۆشەی یەکەم و هەمان بارودۆخی سیاسیی و ئابووری ساڵانی نەوەدەکان، تاکە شانس بۆ چەپەکان و بۆ خەڵکیش هاتنە ئارای هێزێکی چەپی نوێی رادیکاڵە بێ ئەمە نە هیچ گۆڕانێک روودەدات کە شیاوی باس بێت نە ئیتر چەپ دەتوانێت دەور و نەخشێکی هەبێت لە کۆمەڵگەدا تا دەورانێکی دوورتر کە دیار نییە کەنگێیە. ئەمڕۆ رۆژی چەپێکی نوێیە «مەبەست تەنیا ئەو رەوتە نییە لە ژێر ناوی چەپی نوێ خۆیان مانیفێست کردووە». ئەگەر چەپ و کۆمۆنیستەکان کەڵک لەم دەرفەتە وەرنەگرن دەبێت فاتیحا لەسەر گۆڕی خۆیان بخوێنن، ئەگەریش کۆمەڵگە لە کاتی هەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزی چەپدا خۆشخەیاڵ بێت بە گۆڕان و ئیسلامییەکان، نەک لە دۆخی ناهەمواری ئێستادا دەمێنێتەوە بەڵکو بژاردەکە خۆی سەپاندوویەتی بەسەر خۆیدا. حیکمەتی گێڕانەوەی ئەم هەقایەتە تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێم کات بۆ چەپەکان ماوە، بەڵام چۆن و کێ؟ هیچ نابینرێ لە ئاسۆدا.

*ئەم «کا»یە لە رۆژی ١١-١٢-٢٠١٧ لە سایتە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

-٩-

## مام جەلال و باوکم و بەشیر موشیر

چەند جارێک وا رێکەوتووە لە نزیکەوە «مام جەلال» ببینم، بە حوکمی کارەکەم وەک رۆژنامەوانێک لە زۆرێک لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکانی جەنابی مام جەلال ئامادە بووم، بەڵام جیا لەمەش دووجار شانسی ئەوەم هەبووە لە نزیکەوە لەگەڵی دابنیشم دوو بە دوو، لە یەکێک لەو دانیشتنانەدا زیاتر لە کاتژمێرێک قسەوباسمان کرد. مام یەکێک بوو لەو پیاوە زرنگانەی خاوەنی زاکیرەکەی زۆر تیژ بوو، هەر رووداوێک یان کەسایەتییەک بۆ ماوەیەکی کەمیش بەریەککەوتنی هەبووبێ لەگەڵیدا مومکین نییە بیری بچێت، نەخاسمە باوکم کە پێنج ساڵی رەبەق لە یەک بارەگادا پێکەوە ژیاون و هەموو رۆژێک هاتووەتە بەرچاوی. لە جیابوونەوەی باڵی «مەکتەبی سیاسیی» یان «جەلالی» لە ساڵی ١٩٦٤ لە باڵی مەلایی یان مەلا مستەفا، باوکم و براکانی و خاڵ و پورزا و خزمەکانی هەموو پێکەوە بایاندا بە لای مام جەلال و باڵی جەلالیدا. هەر لە ١٩٦٤ تاکو هەڵوەشاندنەوەی ئەو باڵە لە ١٩٧٠، بەڵام باوکم ساڵی پێشتر ریزی جەلالی جێهێشت واتە باوکم لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٩ جەلالی بووە. جگە لەمەش خزمەکانی باوکم ئەرکی پاراستنی بارەگای سەرەکی مام جەلال و خودی مام جەلالیشیان پێ سپێردرابوو، ئەمانە بە لقی «کەریمی حاجی رەشید» ناسرابوون کە پەنجا پێشمەرگەیەکی هەڵبژاردەی شەهید کەریم بوون و لە خزمە نزیکەکانی باوکم بوون «شەهید کەریم ساڵی ١٩٨٨ لە قەندیل شەهید بوو».

یەکێک لەو بەسەرهاتانەی بیری «مام جەلال»م خستەوە ئەو چیرۆکە بوو لە باوکمم بیستبوو وەک باوکم بەم جۆرە دەیگێڕایەوە: هاوینی ساڵی ١٩٦٨ بوو، بارەگای سەرەکیمان لە «ئەلبانەکە»ی گەڕەکی «بەکرەجۆ» بوو مام جەلال لە دەرەوەی بارەگا بوو، منیش برسیم بوو، زانیم مام جەلال لەوێ نییە، خێرا تاوم دایە یەخچاڵ «سەلاجە»کەی مام جەلال و چی چێشت و گۆشتی لێنراوی تیا بوو تا تێرم نەخوارد دەستم لێ هەڵنەگرت. سکرتێرەکەی مام جەلال «ناوی عەبدوڵا رەسوڵ بوو ئێمە پێماندەوت عەوڵا مەسینە»، کردی بە

قاوە قاو و هاوار هاوار چۆن وا دەکەی؟ نازانی ئەوە خواردنی تایبەتی مام جەلالە؟. منیش وتم مام جەلال کێیە هەر نایناسم. وتیشی: دواتر چوومە دەرەوە لەناو حەوزێکی بچووک چەند دانە شووتییەک دانرابوو بۆ ئەوەی سارد بین، دانەیەکم هەڵبژارد و لەگەڵ «مام یاسین»ی ئاوەڵزاوام کەوتینە خواردنی. لەو کاتەدا مام جەلال هاتەوە بە جێبێکی بچووک و جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو «ئەوسا مام جەلال جگەرەی ئەکێشا»، خێرا عەولا مەسینە رایکرد بۆ لای مام و کارەکەی منی تێگەیاند و زیاتریش ترش و خوێی کرد. باوکم وتی ئەوە گوێم لە مام جەلالە ئەڵێ بە گۆچانان پشتی ئەشکێنم. منیش چوومە لای مام و وتم مامە گیان بوار بدە بۆت روون بکەمە؟ ئەویش وتی دەی. وتم زیاتر لە سەد پێشمەرگە لەوێ وەستابوون کە خواردنەکەم دەرهێنا، ئەویش بە دەنگی بەرز هاواری ئەکرد ئەمە خواردنی مام جەلالە. منیش وتم نەخێر ئەمە خواردنی مام جەلال نییە بەڵکو خواردنی کەریمی حاجی رەشیدە، مام جەلال نانە رەق ئەخوات ئێستا تۆ ئەڵێی ئەم خواردنانە هی ئەون، هەر بۆ دڵنیایش هەموویم خوارد لە پێش پێشمەرگەکان. مام جەلالیش تۆزێ بێدەنگ بوو وتی ئافەرین ئافەرین. ئێستا برۆ.

کاتێ من ئەمە چیرۆکەم بۆ مام جەلال گێڕایەوە و وتی زۆر راستە، بیرمە وتیشم خۆشم ئەوێی ئەگینا نەمدەهێشت قسە بکەی بەڵکو وەک شاخ بەسەرتا ئەڕووخام. ئینجا مام جەلال خۆی باسی شەهید ئەحە رەشی کرد «شەهید ئەحەرەش، دەکاتە خاڵی باوکم و شۆفێری تایبەتی مام جەلال بوو لە زەمەنی جەلالییەتدا، شەهید ئەحمەد ١٩٤٩-١٩٨٥ یەکێک بوو لە کادرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە لە شار و چەند جار ئەمبولانسی پڕ دەرمانی بە فێڵ رادەستی پێشمەرگە دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەغداد دەستگیرکرا و لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو. مەحمودی مەلا عیززەت لە کتێبەکەیدا شەهید ئەحە رەشی بە یەکێک لەو چل ئەستێرەیە داناوە کە خەباتی شاریان دەستپێکردەوە». مام جەلال دەربارەی شەهید ئەحە رەشی خاڵی باوکم وتی: کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ بوو، جێبێکی بچووکمان هەبوو، ئەڕۆیشتین بەرەو سورداش، لە کەڵەوانان تایەی جێبەکە پەنچەر بوو؟ منیش پەلەم بوو، ئەحە ڕەشیش شۆفێریی دەکرد، بەڵام

بۆ گۆڕینی تایەکە «جەگ»ی بیر چوو بوو، لە ترسی تووڕەبوونی من، بەردێکی گەورەی تل دا و بە هەموو هێزی جێبەکەی بەرز کردەوە و بە دوو پێشمەرگەش تاوێرە بەردیان خستە ژێر ئۆتۆمبیلەکە و لە چەند دەقیقەیەکدا تایەیەکی گۆڕی. شەهید عەلی عەسکەریش وتی بە راستی قارەمان بوویت؟ مام جەلال وتی منیش وتم ئەم مام پیاوە، کادرە، پێشمەرگەیە، شۆفێرە، تەنانەت جەگیشە.

هەر لەو دیدارەدا بە مام جەلالم وت، لە مامۆستا کامیل ژیرم بیستووە تۆش یەکێک بوویت لە شوێنکەوتوانی ئوستاد «بەشیر موشیر» ئەگەرچی زۆرم لە «بەشیریات» بیستووە بە تایبەت لە رێی مامۆستا کامیل ژیرەوە بۆ نموونە بوونی شیعەی نهێنی لە شەش هەزار ساڵ بەر لە زایینەوە. پێم خۆشە شتێکمان بۆ باس بکەیت کە بیرەوەریی خۆت بێ لەگەڵ بەشیر موشیر. مام جەلال دەستی کرد بە پێکەنین و وتی زۆرجار ئەچوومە دوکانی بەرگدرووەکەی ئوستاد لە بەغداد، وتی جارێک بەشیر موشیر وتی کورد ٢٢ ملیۆنە «ئەمە پەنجاکان» منیش وتم رێژەکە زۆرە رەنگە کەمتر بێ؟ وتی نەخێر ٢٢ ملیۆنین. منیش وتم ئەی کەواتە چۆن دابەشبووین؟ وتی: کوردی تورکیا ١١ ملیۆنە، کوردی سوریا یەک ملیۆن، کوردستانی سوور یەک ملیۆن، کوردی ئێران ٥ پێنج ملیۆن، کوردی عێراقیش ٣ ملیۆن. وتم ئوستاد ئەمە دەکاتە ٢١ ملیۆن، هێشتا ملیۆنێک کورد ونە. بێ ئەوەی خۆی تێکبدا، وتی رەحمەتت لێبێت، یەک ملیۆن کوردیش لە چین هەیە. مام جەلال وتی: وتمان کورد چی دەکات لە چین؟ ئوستاد وتی کەرەکەر مەکەن تورک هەمووی چل ملیۆنن ١١ ملیۆن کوردیان بەرکەوتووە، تۆ بڵێی لەو یەک ملیارەی چین یەک ملیۆن کوردی تیا نەبێت. وتی ئێمەش سەری رەزامەندیمان نواند.

٢٠١٧-٢-٢٣

*ئەم وتارە بیرەوەرییە لە هەشت مانگ بەر لە کۆچی دوایی مام جەلال نوسراوە، هەر ئەوکات لە چەند سایتێکی کوردیی و ئەکاونتی تایبەتی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوم کردەوە.

سەرجەم ئەم بەرهەمانەی نوسەر،
لەسەر ئەرکی دارایی تایبەتیی نووسەر چاپکراون